# عێراق

# لە مس بێڵەوە بۆ مسز جەنین پلاسخارت




نەوزادی موهەندیس

چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠٢٤

**مافی لەبەر گرتنەوەی ئەم کتێبە بەتەنها پارێزراوە**

**بۆ نووسەر**

**<u>پێناسی کتێب:</u>**

- **ناوی کتێب:** عێراق لە مس بێڵەوە بۆ مسز جەنین پلاسخارت
- **نووسینی :** نەوزادی موهەندیس
- **تایپ :** نەوزادی موهەندیس
- **هەڵەچن :** نەوزادی موهەندیس
- **نەخشەسازی بەرگ:** ڕێبین حەمە غەریب
- **شوێنی چاپ:** چاپخانەی زانا / سلێمانی
- **نۆبەتی چاپ:** چاپی یەکەم/ ٢٠٢٤
- **تیراژ:** ٥٠٠ دانە

**لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی ( ١٣٦٠ ) ساڵی ٢٠٢٤ ی پێدراوە**

# ناوەڕۆك Content

=================

**بابەت** ====== **لاپەڕە** ======


پێشکەشە ٨

پێشەکی ٩

## بەشی یەکەم ١٢
## سیاسی

دیاردەی کۆچکردن و لێکەوتە ئەرێنی و نەرێنیەکانی لەسەر کۆمەڵگای کوردەواری ١٣

دۆخی سیاسی عێراق بەرەو کوێ ؟ ١٧

موقتەدا صەدر دیاردەیەکی نامۆ لە دونیای سیاسی عێراقدا ! ٢٠

جۆبایدن سەرۆکی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چی دەوێت؟چی دەدات؟ ٢٤

چۆن بیربکەینەوە ؟ئەنارشیستی یان حیزبی یانیش کوردانە؟ ٢٦

لێپرسراوان لە تەرازوی هەڵسەنگاندندا؟ ٢٩

عێراق لە مس بێڵەوە بۆ مسز جەنین پلاسخارت ! ٣٣

بەرازیل لەنێوان چەپ و ڕاستڕەوە پۆپۆلیستیەکاندا کامیان ؟ ٣٧

عفرینی کوردان لە ژێر بەزەیی شەڕی نێوان میلیشیا چەکدارەکاندا بەرەو کوێ ؟ ٤٠

جیهان بۆتە جەنگەڵستان و بەهێزەکان کەوتونەتە گیانی لاوازەکان ! ٤٣

کۆنگرەی بیستەمی حیزبی شیوعی چین ودنیابینی بۆ ئایندە ٤٥

شەڕ باشترین چارەسەر بۆ چەسپاندنی ئاشتی ! ٤٩

دۆخی سیاسی و ئابوری لوبنان بەرەو کوێ ؟ ٥٢

دوای کشانەوەی ڕوسیا لە شاری خێرسۆن جەنگی ڕوسیا-ئۆکراینا بەرەو کوێ؟ ٥٥

چارەنووسی ئەردۆگان و حیزبەکەی لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢٣دا چی دەبێت ؟ ٥٨
پەیامە شاراوەکانی پشت سەردانەکەی سەرۆکی چین بۆ سعودیە ! ٦٣
تەنها کورد بۆتە قوربانی ململانێی نێوان ماکرۆن و ئەردۆگان ٦٦
جەنگی دەروونی و کاریگەرییەکانی ٦٩
دوای ساڵێك لە جەنگی ڕووسیا-ئۆکراینا ئەو جەنگە بەرەو کوێ؟ ٨٢
جیهان لەبەردەم ململانێیەکی توندی ئەمریکا و چیندایە ٨٦
یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق سەرئێشەیەکی تر بۆ ئایندە ! ٨٩
ڕێکەوتنی ئێران و سعودیە و کاریگەرییەکانی لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان ! ٩٢
چەمك و ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی وگرنگی بۆ کورد وکوردستان ٩٧
چۆن ئیدارەیەکی باش وسەرکەوتوو پیشانی جیهان بدەین ؟ ١١١
چۆن ئەم دۆخە قەتیسەی هەرێم تێبپەڕێنین ؟ ١١٤
ئەم هەڵبژاردنەی تورکیا بۆچی سەرنوشت سازە ؟ ١١٨
جەنگی ناوخۆیی سودان هەنگاوێك بەرەو ئاڵۆزیەکی گەورەتر لەناوچەکەدا ! ١٢٢
تورکیای دوای قۆناغی پۆست ئەردۆگانیزم بەرەو کوێ ؟ ١٢٥
هەڵبژاردنەکانی هەرێم لەنێوان ئەگەر و ئاڵنگاری و مەترسیەکاندا ! ١٢٩
سووتاندنی کتێبە پیرۆزەکان بەمەرامی چی و بۆچی ؟ ١٣٤
هەڵبژاردن یان لەکارخستن ! ١٣٧
دوای ١٠٠ساڵ کورد چ پەندێکی لە ڕێکەوتنامەی لۆزان وەرگرتووە ؟ ١٣٩
تایوان ولاتێکی بچووك بەلام مەترسیەکی گەورە لەسەر جیهان! ١٤٣
نەیجەر ولاتێکی دەوڵەمەند و گەلێکی هەژار ! ١٤٧
ململانێی فەلەستین – ئیسرائیل تاکەی ؟ بەرەو کوێ؟ ١٥٠
ئاشتی مرۆڤایەتی کۆدەکاتەوە و جەنگیش پەرتیان دەکات ! ١٥٣
السلام یوحد الإنسانیه والحرب تفرقهم ! ١٥٦
ئایندەی هۆڵەندا لەسایەی سەرکەوتنی توندڕەوە ڕاستڕەوەکانەوە بەرەو کوێ ؟ ١٥٨
سیستەمی کۆتای پەرلەمانی چەمك،مێژوو،ڕەوایەتی ١٦١
ساڵی ٢٠٢٣ساڵە شووم و خوێناویی پڕ ململانێکان ١٦٩

## بەشی دووەم ١٧٢
## ئابوری

لەپەراوێزی کردنەوەی پێشانگای نێودەوڵەتی سلێمانیدا.. ڕەخنە و
پێشنیازەکان بۆ ئاینده ١٧٣
کشانەوەی فەرەنسا لە ڕێکەوتنامەی وزە پاڵنەر و ئاسەوارەکانی بۆ ئاینده ١٧٦
ڕێکخراوی هاریکاری شانگهای کاریگەری و مەترسیەکانی بۆسەر ڕۆژئاوا ١٧٩
دەوڵەت و ئابوری ڕەیعی زیان و کاریگەریە خراپەکانیان ١٨٣
ڕۆڵ و کاریگەری ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی لەسەر ئابوری وڵاتان ١٨٧
ڕەنگەکانی ئابوری وکاریگەری هەریەکەیان لەسەر گەشەی کۆمەڵگە ١٩١
پرۆسەی شەفافیەت چۆن دەستپێبکرێت و بەمەبەستی چی ؟ ١٩٨
چەمکی گەشەی ئابوری چیە و کاریگەرییەکانی چین لەسەر
خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە ؟ ٢٠١
نەخۆشی هۆڵەندی لە ئابوریدا کاریگەریە خراپەکانی و چارەسەرکردنی ٢٠٤
ئاییندەی دراوی دۆلاری ئەمریکی لەسایەی گەمارۆدانیدا بەرەو کوێ ؟ ٢١٠
کۆتا سەنگەری بەرگریکردنی کورد لە یاسای نەوت و غازی داهاتوودا! ٢١٨
لە پەراوێزی کردنەوەی پێشانگا بازرگانیەکان لەشاری سلێمانی ..پێشانگا
بازرگانیەکان وێسگەیەك بۆ ناساندن وئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکەبازرگانیەکان ٢٢١
پرۆژەی ڕێڕەوی ئابوری نوێ (IMEC ) کاریگەری ولێکەوتەکانی ٢٢٤

## بەشی سێیەم ٢٢٧
## وزە ( نەوت و غازی سروشتی )

لەسایەی ناکۆکی و گرژیەکانی جیهانەوە نرخەکانی نەوت بەرەو کوێ؟ ٢٢٨
غازی سروشتی هەرێمی کوردستان لەنێوان هەناردەکردن و نەکردندا ٢٣٢
باهێندەش شاگەشکە نەبین بە کشانەوەی کۆمپانیا نەوتیەکان لە کوردستان! ٢٣٧

چ جۆره بەنزینێك بەكاربێنین بۆ ئۆتۆمبێلەكانمان ؟ ٢٤١
بڕیاری ئۆپیك+ بەكەمكردنەوەی بەرهەمی نەوت وكاریگەریەكانی لەسەر
ئابوری جیهان ٢٤٧
دینگە گرنگەكانی ژێرخانی كەرتی وزە لە عێراق و هەرێمی كوردستاندا ٢٥٠
چەمكی ئاسایشی وزە و گرنگی ڕەهەندەكانی بۆ هەرێمی كوردستان ٢٦٦
غازی سروشتی جۆرەكانی ،سوودەكانی ، مەترسیەكانی ٢٧٤
جۆر و كوالێتی نەوت و غازی سروشتی هەرێمی كوردستان لە چ ئاستێكدان ؟ ٢٨٤
مەترسیەكانی سەر قەوارەی هەرێمی كوردستان بەهۆی هەناردەكردنی
غازی سروشتیەوە چین ؟ ٢٩٥
لەپەراوێزی كارەساتە دڵتەزێنەكانی ئەم ماوەیەدا..پابەندنەبوون بە مەرجەكانی
سەلامەتی پیشەییەوە هۆكاری ڕوودانی كارەساتەكانن ٢٩٩
لە پەراوێزی كەمبونەوە و چۆڕبڕبوونی هەندێ لەبیرە نەوتیەكانی هەرێم...
هۆكار ولێكەوتە نەرێنیەكانی و چارەسەرەكان چین؟ ٣٠٢

## بەشی چوارەم ٣٠٩
## ئەدەبی

خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی (زایەڵەی تەمەن//بیرەوەری) ٣١٠
خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی... ( بیرەوەریەكانم لە غوربەتدا ) ی د.محمد صابر
گەنجێكی كوردپەروەر و دیبلۆماسێكی هێمن و ویژدان ئاسوودە ٣١٨
خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی...(بەرەی نیشتیمانیی یەكگرتوو)زەرووڕەتەكەی،
سروشتەكەی،ئامانج وپێداویستییەكانی نوسینی مام جەلال ٣٢٣
خوێندنەوەیەك بۆ ڕۆمانی مێژوویی (پاشای گەورە)...
پاشای گەورە دوای ٢٠٠ساڵ بەشكۆی جارانیەوە گەڕایەوە كوردستان! ٣٢٨
خوێندنەوەی كتێبی بیرەوەریەكانم بۆ كاك فاروقی مەلا مستەفا ...
كاك فاروق شیوعیەكی عەیارە ٢٤ و سەرمایەدارێكی سوور ٣٣٧

لەیادی ٤٥ ساڵەی لە سێدارەدانی شەهید احمد حەمە کەریم ئابلاخی ناسراو
به ئەحمەدی موهەندیس دا.. ٣٤٢
خوێندنەوەی کتێبی ... ٣١ی ئاب هەڵگەڕانەوە یان درێژەپێدانی مێژوو ؟ ٣٤٨
خوێندنەوەیەك بۆ ڕۆمانی خانزاد ...خانزادە خاتوون شایستەی شاژنی کوردستان
بوو نەك تەنها میرێکی سۆران ! ٣٥٢
خوێندنەوەیەك بۆ کتێبی مەولەوی... مەولەوی شاعیر و زاناوخواناسێکی
داهێنەری کوردکە هاوشێوەی دووبارە نابێتەوە ٣٥٥

## بەشی پێنجەم ٣٥٦

## یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

پێشنیاز و بیروڕا بۆ دیداری یەکێتی ...گوتاری سیاسی و فکری جیاوازی
یەکێتی بۆ ئایندەیەکی جیاوازتر ٣٦٦
پێشنیاز و بیروڕا بۆ دیداری یەکێتی ...دەستور و سیستەمێکی سیاسی
نوێگەرایی بۆ هەرێمی کوردستان کە لەگەڵ ڕۆحی سەردەمدا بگونجێت ٣٧٢
پێشنیاز و بیروڕا بۆ دیداری یەکێتی ...سیستەمێکی ئابوری و دارایی و
بەڕێوەبردنێکی بەهێزبۆ یەکێتیەکی بەهێزتر.. ٣٧٦
پێشنیاز و بیروڕا بۆ دیداری یەکێتی ...بۆ ئایندە یەکێتی بەچ میکانیزمێك
کاری ڕێکخراوەیی و جەماوەری خۆی گەشەپێبدات؟ ٣٧٩
پێشنیاز و بیروڕا بۆ دیداری یەکێتی ...پەروەردەی حیزبی ناوخۆی
یەکێتی چۆن ڕێکبخرێتەوە؟ ٣٨٢
بوێری لە بڕیاردان لە بەستنی پێنجەمین کۆنگرەدا ٣٨٧

**پێشکەشە بە :**

- **هەموو گەلانی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە کە بەداخەوە لەماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابووردوودا هیچ کام لە پێکهاتە نەتەوەییەکان لە (عەرەب و کورد و تورکومان و ...هتد.) و پێکهاتە ئاینی و مەزهەبیەکان لە( ئیسلام و مەسیحی و جولەکە و صابیئەی مەندائی و ئێزیدی و شەبەك و کاکەیی و عەلەویی و شیعە و سونە و کاسۆلیك و ئەرسۆدەکس و ئەرمەن و ئاشوور وکلدان و...هتد.). نە خۆشییان بینیوە و نە لەخێروبێری زۆر و زەوەندی ئەو عێراقەش دەسکەوتیان پێبڕاوە..لەلایەك بەهۆی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی ناوخۆیان و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی سیاسەتی (فرق تسوود)ی داگیرکارانی عێراق و کوردستانەوە هەر لەساڵی ١٩١٨ وە تاکو ساڵی ٢٠٢٤ و دواتریش.**

# پێشەکی

- خوێنەری ئازیز و هێژا...

ئەو کتێبەی لەبەردەستدایە بریتیە لە کۆ نووسراو و بابەت و وتارەکانی بەندە لەماوەی نێوان ٢٠٢٢/١/١٣ تا ٢٠٢٣/١٢/٢٤ کە دەکاتە ١ساڵ و ١١ مانگ و ١٠ ڕۆژ. کە ٧٩ وتار بە زمانی کوردی و عەرەبی لەخۆدەگرێت و بەکۆی وتارەکان بابەتە سیاسی و ئابوری و ئەدەبی و وزە و حیزبییەکان لەخۆدەگرێت و دابەشبۆتە سەر پێنج بەشی سەرەکی.

بەندە لەماوەی کاری نووسینی بەردەوامدا کە نزیکە لە ٣٠ ساڵی ڕێك ،چ وەك نووسەرێك یان کادرێکی سیاسی و حیزبی یان وەك ئەندازیارێکی بە ئەزموون و شارەزای کیمیاوی و پسپۆڕ لە نەوت و پترۆکیمیاویاتدا و چ وەك چاودێرێکی سیاسی و ئابوری یانیش وەکو خوێنەرێکی بابەتە ئەدەبیەکانی ڕۆمان و چیرۆك و هۆنراوە،هەمیشە خوێندنەوە و تێڕوانینی خۆمم هەبووە بۆ ئەو بوارانە و قسەم تیاداکردوون و لەسەر کردوون. هەریەکەیان بەپێی لێزانین و ئاستی ئاگاداری و هوشیاری وزانینم لە بابەتەکان.

ڕەنگە زۆر کەس ئەو گلەییەمان ئاڕاستە بکەن کە تۆیەکی ئەندازیاری کیمیاوی ، پسپۆڕ لە وزە و نەوت و پترۆکیمیاویاتدا کە بابەتێکی زانستی و ئەندازیارییە و دوور لە لەبابەتە سیاسی و ئابوریی و ئەدەبیەکانەوە ،چیت داوە لەو بابەتانە و بۆخۆت و کاتی خۆت سەرقاڵکردوە پێیانەوە یان بۆچی بوار نادەیت بەکەسانی پسپۆڕی ئەو بابەتانە یان بۆ لێناگەڕێیت بۆ خاوەنی ڕاستەقینەی خۆیان ؟ و دەیانی پرسیار و بۆی تریش...

بەبڕوای بەندە ڕاستە پسپۆڕ و کاری سەرەکی خۆم ئەندازیارییە و هەق وایە لەم سەردەمی وردکردنەوەی پسپۆڕییەکاندا خۆم زیاتر تەرخان بکەم بۆ بواری پسپۆڕییەکەم، بەڵاّم دوور لە زانستی ئەندازیاری و ئەندازە منیش وەك هەرکەسێکی تر لە کۆمەڵگادا بەرکەوتنم هەیە بۆ کایە سیاسی و ڕووداو و قەیران و گۆڕانکاریە ئابوریەکان و حەزیی خوێندنەوەشم بۆ بابەتە ئەدەبیەکان واملێدەکەن کە کەسێکی دابڕاو نەبم لەهەموو بوارەکان و بشتوانم وەکو تاکێکی بەتوانا و بەخشندە و خاوەن بیروباوەڕی سیاسی خۆم تێڕاوانین و خوێندنەوە و تێگەیشتنم هەبێت بۆ هەموو ئەو بابەتانە کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ژیانی خۆم و ماڵ و منداڵ و خێزان و کۆمەڵگاکەمەوە هەیە، و ئەرکیشمە وەك ڕۆشنبیرێك کە هەرچی لەتوانا و تێگەیشتنمدا هەبێت ڕاو و پێشنیار پێشکەشبکەم بۆ دەسەڵاتداران وناوەندە سیاسی وئابوری وزانستیی وئەدەبیەکان

بۆچاککردن و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان ودەوڵەمەندکردنی ئەزموونەکانی پێش خۆیان.بۆیە لەو ڕوانگەیەوە وەکو کادرێکی حیزبی وسیاسی قسەم لەسیاسەتدا کردوە و وەکو ئەندازیارێکی کیمیاوی و پسپۆڕ لە نەوت و وزە و پترۆکیمیاویاتیشدا قسەم لە ئابوری و زانستی و مەعریفەی وزەدا کردوە و وەکو خوێنەرێکی بەردەوامیش قسە و خوێندنەوەم بۆ بابەتە ئەدەبیەکانیش هەبووە.بەشێوەیەك هیچ کام لەوبوارانە زیانیان بەویتریان نەگەیاندوە وبگرە بەتوانا وماندووبوون وتێکۆشانی خۆم ڕەنگە سوودیشم گەیاندبێت بەهوشیارکردنەوە و بەرچاو ڕوونکردنەوەی زۆرێك لەلایەن و ناوەندەکان و تاکەکانیش.

لەلایەکی تریشەوە وەکو تاکێکی ڕۆشنبیری ناو کۆمەڵگەش حەزمکردوە چی لە هەگبەمدا بێت بە دڵفراوانیەوە بیبەخشمە کۆمەڵگەکەم بەبێ جیاوازی و بەبێ کەمتەرخەمیکردن لەهەر بوارێکدا. بەهەمان شێوە وایدەبینم کە تاك ناکرێت لە قالب بدرێت تەنها لە چوارچێوەی بابەتێك یان بوارێکدا، بەڵکو زۆرێك لەسەرکردە سیاسیەکان بە حوکمی کار و پۆست و پلەکانیان زانیاری و هوشیاری ئابوری و دارایی و زانستی و هونەری و کۆمەلآیەتی و ئەمنی و ...هتدیان هەبوە و لە زۆربەشیاندا سەرکەوتووبون و جێگە دەستیشیان دیارە و بگرە خەلآت و ڕێزلێنانیشیان پێبەخشراوە.

هەربۆیە بەندە وایدەبینم هیچ کارێك قەتیس نیە لەسەر چەند کەس و لایەن و پسپۆڕان بەڵکو کێ دەتوانێت ئەسپی خۆی تاوبدا لەهەموو بوارەکاندا باتاوی بدات و خزمەتێك بکات بەخۆی و کۆمەڵگەکەی.لەبەرئەوەی کۆمەڵگە فرە توێژ و چینە و هەموانیشیان پێکەوە دەتوانن کاریگەربن و ئێستا و ئایندەی خۆیان دیاریبکەن و پێشیبخەن و گەشەشی پێبدەن.

ئەم بابەتە سیاسی و ئابوری و وزە و ئەندازیاری و ئەدەبی و حیزبیانەی لەم کتێبەدا کۆمکردونەتەوە هەریەکەیان هۆکار و زەمان وزەمینی خۆیان هەبووە بۆ نوسینیان لەو کاتە و ساتانەی تیایدا نوسراون و ئاوێنە و ڕەنگدانەوەی سات و کاتی نوسینیانە.کە ڕەنگە بۆ ئێستاش و بۆ ئایندەش بشێن و ڕاستیان پێکابێت و هەشیانە بەتەنها بۆ کات و ساتی خوێندنەوە و نوسینی ڕووداوەکە گونجاون.بەلآم هەموانیان پێکەوە بۆ قۆناغ و مێژووی ڕابووردووی ئەوماوە زەمەنیەی کە بابەتەکانی تیادا نووسراون گرنگی مێژوویی و زانستی خۆیان هەیە و هەقیقەتی زەمەنی خۆیان پیشان دەدەن.

جێگەی خۆیەتی کە سوپاسی بێپایانی خۆم ئاڕاستەی کاکە ( ڕێبین حەمە غەریب) بکەم کە هەستاوە بە دیزاینکردنی بەرگی کتێبەکەم، وەك هەمیشە بە خۆبەخشانە و هاوڕێیانە. هیوادارم کە نمونەی زۆر بێت و تەندروست باش بێت.

لەکۆتایدا بەهیوای ئەوەی کە ئەم هەوڵە بچووکەی بەندەش لە بواری نوسیندا ببێتە مەلۆیەکی بچووك لە شارا و خەرمانی پڕ بەرەکەتی نوسین و کتێبخانە و فەرهەنگی کوردی و سوودێکیشی هەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە پەیوەندیدارن بەبابەتەکانەوە.

لەخوای گەورە دواکارم کە تەمەن و تەندروستی باش و ساغلەمان پێببەخشێت بۆ زیاتر خزمەتکردن و فێرکردن وهوشیارکردنەوە وبلاوکردنەوەی زانست و زانیاری بەسوود بۆ نەوەکانی ئێستاو ئایندەمان.

**خوای گەورە پشتیوانی هەمووان بێت...**

**لەگەڵ ڕێزدا...**

**نەوزادی موهەندیس**

٢٠٢٤/٣/٣

Nawzad_mohandis@yahoo.com

# بەشی یەکەم

# سیاسی

# دیاردەی کۆچکردن و
# لێکەوتە ئەرێنی و نەرێنیەکانی لەسەر کۆمەڵگای کوردەواری *

دیاردەی کۆچکردنی مرۆڤەکان مێژوویەکی دێرینی هەیە و زۆرجاران هۆکارەکان مرۆڤخۆی بوون و هەندێکجاریش هۆکارە سروشتیەکان پاڵنەربوون.

کۆچکردن بریتیە لە گواستنەوەی کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك لە وڵاتی خۆیەوە بۆ وڵاتێکی تر یان ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی هەمان وڵات،بەمەبەستی مانەوەی کاتی یان هەمیشەیی و وەرگرتنی ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتە.

گەلێك هۆکار هەن کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی کۆچکردن لەوانە:

١. سیاسی: بەهۆی ململانێ سیاسیەکانەوە و ناجێگیری سیاسی لەوڵاتدا و هەڵاتن لە کوشتن و بڕین و قاتوقڕکردن و جینۆسایدکردن.

٢. ئابوری: بەهۆی هەژاری و برسێتی و نەبوونی کار و خۆشگوزەرانی و بێکاریەوە .

٣. ئەمنی: بەهۆی جەنگ و کاولکاری و بوونی پشێوی لە وڵاتدا.

٤. کۆمەڵایەتی:بەهۆی کێشە و ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکان لەنێوان هۆز و ناوچە جیاوازەکان و گەڕان بەدوای خۆشگوزەرانی و ئارامی لەڕووی خوێندن و پەروەردە و تەندروستی و خزمەتگوزاریەکانەوە.

٥. ئاینی: بەهۆی ململانێ ئاینی و مەزهەبە جیاوازەکانەوە.

٦. ژینگەیی: بەهۆی کارەساتە سروشتیەکانەوە وەك گڕکانەکان و بومەلەرزە و سووتانی دارستان و لافاو و...هتد.

جا دیاردەی کۆچکردن دوو جۆرهۆکاری سەرەکی هەیە کە بریتین لە:

١. کۆچ بەهۆکاری ناچاری و دەرکردن :بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاری و نەبونی ئەمن و ئاسایش و بوونی هەژاری و جەنگ و کاولکاریەکان و برسێتی و ...هتد.

٢. کۆچ بەهۆکاری ڕاکێشان: بەهۆی ڕاکێشانی هاوڵاتیان بۆ وڵاتێکی تر لەبەر بوونی ئیشوکار و دامەزراندن و بەرزی ئاستی ژیان و بوونی خزمەتگوزاریەکان و سەقامگیری ئەمن و ئاسایش و جێگیری سیاسی و ..هتد.

جا کۆچکردنیش زۆر جۆری هەیە وەك:

١. کۆچی کیشوەر بڕ: لە کیشوەرێك بۆ کیشوەرێکی تر وەك لە ئاسیاو ئەفریقاوە بۆ ئەوروپا و ئەمریکا و ...هتد.

٢. کۆچی ناوخۆیی: لەچوارچێوەی یەك وڵاتدا وەك ئەوەی لە عێراقدا ڕوویدا لە قۆناغی شەڕی ناوخۆیی شیعە و سونە و دواتریش داعش کە ژمارەیەکی زۆری عەرەب کۆچیان کردە هەرێمی کوردستان.

٣. کۆچ لە گوندەوە بۆ ناو شارو شارۆچکە و شارە گەورەکان:بەهۆکاری نەبوونی ئیشوکار و هەژاری و نەبوونی خزمەتگوزاریەکان لەناوخۆی یەك وڵاتدا وەك ئەوەی لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١وە ڕوویدا لە هەرێمی کوردستان و گەلێك وڵاتی تریش.

٤. کۆچی زۆرەملیێ: کە دەسەڵات پیادەی دەکات بە بیانوی سیاسی و ئەمنی و ئابوری وەك ئەوەی لەلایەن ڕژێمی بەعسی صدامیەوە پیادەی دەکرد لەژێر ناوی ئەنفال و کیمیاوییباران و تەعریب و تەبعیس و تەهجیر و لە ئێستاشدا دەسەڵاتدارە شیعە مەزهەبەکان بەهۆکاری ئاینی و مەزهەبی شیعەوە پیادەی دەکات لەناوچە سونی و کوردەکاندا.

٥. کۆچی پێویست یان ناچاری: بەهۆی برسێتی و هەژاری و نەخۆشی و پەتا و جەنگەوە.

٦. کۆچی گەڕانەوە: گەڕانەوە بۆ وڵات و نشینگەی خۆ.

٧. کۆچی وەرزانە: بەهۆی بوونی ئیشوکاری بیناسازی یان کشتوکاڵی یان گەشتوگوزاری لەوەرزە جیاوازەکاندا.

بەم شێوەیە دیاردەی کۆچ تایبەت نیە بە کیشوەرێك یان ناوچەیەك یان وڵات و کۆمەڵگایەکی دیاریکراو و لە ئێستادا بۆتە دیاردەیەکی جیهانی و مەترسی و هەڕەشەشی دروستکردوە بۆ سەر کۆمەڵگا پێشکەوتوو و خۆشگوزەرانەکانی وەکو ئەوروپا و ئەمریکا و وڵاتانی پێشکەوتوو.بەهەمان شێوەش بۆتە کارتێکی فشار بۆ هەڕەشەکردن و نەرمی نواندن و دەسکەوتنی دەسکەوت و پاراستنی بەرژەوەندیەکان وەکو ئەوەی کە تورکیا دژ بە وڵاتانی ئەوروپا پیادەی دەکات لە کردنەوەی سنورەکانی و ڕۆیشتنی ژمارەیەکی بێشوماری کۆچبەران بەرەو ئەوروپا کە دەبنە فشارێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بۆسەر ئەو کۆمەڵگایانە.ئەوەتا تەنها لە ساڵی ٢٠١٧دا ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی ٢٨٥ ملیۆن کۆچبەری تۆمار کردوە و ساڵانەش زیاتر دەکات.

کۆچ هەر لایەنی ڕەش و خراپ و نەرێنی نیە بەڵکو لەبەرامبەریشدا سوود و قازانجیشی هەیە لە ڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوریەوە چونکە دەبێتە هۆکاری:

- دەسکەوتنی هێزی کاری هەرزان.
- تێکەڵاوبونی کەلتور و دابونەریتە جیاوازەکان و شارستانێتیەکانی گەلان.
- بەهەمان شێوە کۆچ ئاسەوار و کاریگەری باش و خراپی هەیە بۆ سەر ئەو کۆمەڵگایانەی بۆی دەچن و لەهەمان کاتیشدا بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی کە لێوەشی کۆچ دەکەن وەك:

ئاسەوارە باشەکان لەسەر ئەو وڵاتەی کۆچی بۆدەکرێت:

١. هەمەجۆربوونی کەلتور و دەوڵەمەندبوونی.
٢. نەهێشتنی یان کەمکردنەوەی بۆشایی لە بوونی هێزی کاردا.
٣. کەمبونەوەی کرێی کار کەمتر لە کرێی کرێکاری خۆماڵی.

ئاسەوارە خراپەکانی:

١. بەرزبونەوەی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی و خوێندن و پەروەردەییەکان.
٢. قەرەباڵغی دانیشتوان دروستدەبێت.
٣. جیاوازی کەلتور و ڕۆشنبیری لەنێو کۆمەڵگادا.

کاریگەریە باش وخراپەکان لەسەر ئەو کۆمەڵگایانەی کە کۆچی لێوەدەکرێت:

- کاریگەریە باشەکان:

١. گەڕانەوەی پارە و داهات بۆ ناو وڵات.
٢. کەمبونەوەی فشار لەسەر سەروەت و سامانی وڵات و ئیشوکار.
٣. گەڕانەوەی کۆچبەران بەتوانا و شارەزایی زیاتر و فێربوونی زمانی بیانی تر.

- کاریگەرییە خراپەکانی:

١. کەمبونەوەی دەستی کار.
٢. بەجێهێشتنی خێزان و منداڵ و لێکهەڵوەشاندنی خێزانەکان.
٣. کۆچی تواناکان و مێشکە داهێنەر و زیرەکەکانی وڵات.

بەم شێوەیە دیاردەی کۆچ لێکەوتەی باش و خراپی هەیە و کۆمەڵگای کوردەواریش لەهەموان زیاتر گیرۆدەی ئەم دیاردەیە بووە، هەر لەکۆنەوە تا ئێستاش بەهۆی ئەوەی کە کورد و کوردستان بۆ سەد ساڵ زیاترە دابەش و داگیرکراوە و بەسەر ٤ وڵاتی سەردەستی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریادا و هەمیشە لە جەنگێکی بەردەوامی ڕەوا و مقاوەمەتکردندا بوە لە بوون و مان و نەمانی شوناس و مێژوو و جوگرافیاکەی و دابونەریت و ڕەسەنایەتیەکەی.بۆیە هەمیشە کەوتۆتە بەر هەڕەشەی کوشتن و بڕین و بەزۆرەملێ کۆچپێکردن لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر و هەموو کارەساتەکانی ئەنفال و کیمیاوییباران و

ڕاگواستنەکان و جینۆسایدەکان و سووتماککردنی خاك و سووتاندنی ڕەز و باخ و دارستان و لەوەڕگا و وشکردنی سەرچاوەکانی ئاو و وێران و کاولکردنی گوند و شارۆچکەکان و ..هتد. هەموانیان پاڵنەری سیاسی و ئەمنی و کۆمەلآیەتی و ئابوریان لە پشتەوە بوە.

ئەوەی لە ئێستاشدا و لەسەردەمی دەسەلآتی حکومەتی هەرێمی خۆماڵیشدا ڕوودەدات هەمان هۆکارە سیاسی و ئابوری و ئەمنی و کۆمەلآیەتیەکانی لە پشتەوەیە و ئەو گەنج و توانا و خێزانانەی کە خۆیان دەکەنە خۆراکی ماسی و دەریاکان و دارستان و مەترسیەکان هەموانیان بەشی هەرە زۆریان ڕاکردن و هەلآتنە لەو دۆخە سیاسی و ئابوری و ئەمنیە ناجێگیرەی کە زۆرجاران بەدەستکردی دەسەلآتداران دروستبوون و بونەتە مایەی بێزاری و توڕەبون و زویربوون و سەرهەلگرتن و بەجێهێشتنی خاکی ولآت و خێزان و زایەنگاکانی خۆیان.

بۆیە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە سەرەڕای هەموو ئاستەنگ و ئالنگاریەکان هەولی جدی بدات بۆ نەهێشتنی هۆکارەکانی کۆچی گەنجان بۆ دەرەوەی ولآت لەڕێگەی جێگیری سیاسی و ئابوری و ئەمنی و ڕەخساندنی هەلی کار و نەهێشتنی برسێتی و هەژاری و بێکاری و چەوساندنەوە و بێڕێزیکردن و نەهێشتنی نایەکسانی و گەندەلی و ...هتد.بۆیە گەر ئەم هەنگاوانە هەلنەنرێن ئەوا ئایندەی کۆمەلگای کوردەواریمان لەم هەرێمەدا دەکەوێتە بەر هەڕەشەیەکی جدیەوە لەلایەك بەهۆی کۆچی گەنجانی کورد بۆ هەندەران و لەلایەکی تریشەوە کۆچی هاولآتیانی عەرەبی باشوور و ناوەڕاستی عێراق بۆ هەرێم و نیشتەجێبوون و بوون بەخاوەنی مولك و مال و مانەوەی هەمیشەییان، کە ئەمەش بۆخۆی ئەنفال و تەعریب و تەهجیرکردنێکی هێواش و لەسەرخۆ و دەستکردی حکومەتی هەرێم خۆیەتی کە سەد سالە خەباتی کوردایەتی لەدژی ئەم سیاسەتە دوژمنکارانەی داگیرکارانی کورد و کوردستان دەکرێت.دەریایەك خوێن و فرمێسکی لە پێناودا ڕژاوە.

==========================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و سایتەکانی وتاری کورد و ئاوێنەدا لە ڕێکەوتی ١٣ و ١٩/١/٢٠٢٢دا بلآوکراوەتەوە.

# دۆخی سیاسی عێراق بەرەو کوێ ؟ *

عێراق بۆ ماوەی ١٩ ساڵی ڕێکە دوای بەناو ئازادکردنی، لەجیاتی ئەوەی هەنگاو بۆ پێشەوە بنێت لەسەر هەموو ئاستە سیاسی و ئابوری و ئەمنی و کۆمەلاًیەتی و فەرهەنگی و ئاوەدانیەکان و ...هتد..بەداخەوە ڕۆژ بەڕۆژ و ساڵ بەساڵ بۆ دواوە پاشەکشەدەکات،هەمووشی بەهۆی لەلایەك ململانێ نارەواکانی نێوان حیزب و سەرکردە سیاسیەکان لەناوخۆ و دواتریش ململانێ ئاینی و مەزهەبیەکانی نێوان یەك ئاین و یەك مەزهەبیش و دواتر لەنێوان نەتەوە و پێکهاتە جیاوازەکان و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی دەستێوەردانە دەرەکیە بەردەوامەکانی ولاًتانی ناوچەکە و دونیاشەوە هێندەی تر دۆخی سیاسی عێراق بە ناجێگیری و نارۆشنی ماوەتەوە و لەئێستاشدا ودوای١٩ ساڵ هێشتا لە بازنەیەکی بۆشدا دەسوڕێتەوە و چەقیوەتە ناو تونێڵێکی تاریك و تونی واوە کە تروسکایەکی لاوازیش نابینرێت بۆ قوتاربوون لەو چەقبەستووییە.

لەئێستادا و دوای نزیکەی نۆ مانگ لەهەڵبژاردنی پێشوەختەی ٢٠٢١/١٠/١٠وە هێشتا لەبەر ئەو هۆکارانەی سەرەوە نەتوانراوە کە ئۆرگانە سەرەکیەکانی حوکمڕانی لە عێراقدا هەڵببژێردرێن و عێراقیش ببێتە خاوەنی حکومەتێکی بەهێز و دەستەبەکار بۆ ئەوەی عێراق لەو چەقبەستوە سیاسی و ئابوری و ئەمنیەی رزگاربکات.هەموو ئەم ململانێیانەش لەئێستادا کورتکراونەتەوە لە ململانێ کەسیە(کۆن و نوێ) کانی نێوان موقتەدا صەدری ڕابەری ڕەوتی صەدر و نوری مالکی سەرۆکی دەوڵەتی یاسا،کە هیچ کامیان بە ڕابەرایەتی و دەسەلاًتی ئەویدی ڕازی نیە و تەنانەت نەیانتوانیوە چاویشیان بەیەك بکەوێت و لانی کەم تەوقەیەکی سیاسیش بکەن لەنێو ماڵی شیعیدا و بەم کارەشیان لەلایەك نێوماڵی شیعیان کەرت و پەرت کردوە و تەواوی عێراقیشیان گیرۆدەی دۆخێکی سیاسی نارۆشنکردوە.سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی ٩ مانگی ڕابووردوو تائێستا نەتوانراوە ئەو تەوق وچەقبەستوە سیاسیە تێکبشکێنرێت.هەرچەندە لەهەردوولاوە پەنایان بردە بەر دەستشکانەوە و ملبادانی یەکتری بە پێکەوەنانی بەرە و چوارچێوەی دژ بەیەك بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان بسەپێننە سەر یەکتری بەناوی دروستکردنی زۆرینەی پەرلەمانیەوە ،بەلاًم خۆشبەختانە هیچ کامیان نەیانتوانیوە ئەو کارە بکەن.

لەئێستادا و دوای بێهیوابوونی صەدر لەدەرچوون و سەرکەوتن لەگەیشتن بەبەرنامە و خواستەکانی لە پێکەوەنانی حکومەتێکی نیشتیمانی سەربەخۆی نەرۆژهەلاًتی (ئێرانی) و نە

ڕۆژئاوایی (ئەوروپا و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیان لە ناوچەکەدا)، بەناچاری وەکو سیاسیەکی بێ ئەزموون و نەفەس کورتی سیاسیانە بڕیاری دەستلەکارکێشانەوەی ٧٣ ئەندام پەرلەمانەکەیدا و لەئێستاشدا بڕیاری کشانەوەی لە تەواوی جومگە و پلە و پۆستە حکومیەکانیشدا داوە لەسەرتاسەری عێراقدا.

لەلایەك ئەم هەڵوێستەی صەدر بۆتە هۆی شڵەژانی زیاتری دۆخی سیاسی و سەرهەڵدانی گریمانەی نوێ بۆ ئایندە،لەوانە :گریمانەی کودەتای سەربازی و شەڕی میلیشیایی ناوخۆیی و ئاژاوە و بێسەروبەری و هەڵبژاردنێکی نوێی پەرلەمانی ودوایش نەمانی ئەوەی پێی دەوترێت نەزم و یاسا و دەستور و دەوڵەت وفەوزا،کە هەموو ئەمانەش لەبەرژەوەندی عێراق و عێراقیەکاندا نیە، دووریشە وڵاتانی ناوچەکە و دونیاش لێبگەڕێن کە بەو ئاڕاستەیە عێراق هەنگاو بنێت.لەلایەکی تریشەوە بوە هۆی هەڵوەشانەوەی بەرەی ڕزگاری نیشتیمانی ٣ قۆڵی و هەردوو هاوپەیمانەکەی خستە دۆخێکی ئیحراجیەوە کە لە نیوەی ڕێگادا بەجێی هێشتن و سەرگەردانی کردن.بەڵام لەلایەکی تریشەوە وەك دەڵێن دەستی چوارچێوەی هەمئاهەنگی کردەوە و دەروازە گەلێکی فراوانی خستە بەردەمیان بۆ ئەوەی بتوانن کە حکومەتی نوێ پێکبێنن.بەمەرجێك شوێنگرەوەکانی ئەندام پەرلەمانەکانی صەدر لەخەڵکانی سەربەخۆ و چوارچێوەی هەمئاهەنگی بن بۆ ئەوەی بتوانن زۆررینەی ناو پەرلەمان پێکبێنن.ئەگەر نا ئەوا کارەکە هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە. لەئێستادا چوارچێوەی هەمئاهەنگی کەوتونەتە خۆ بۆ دانوسان لەگەڵ هەمواندا بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە سیاسیە نادیار و لێڵ و نوێیە،و ڕایانگەیاندوە لەدوا جەژنی قوربانەوە هەوڵەکانیان گەرموگوڕتر دەکەن بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئایندە.

بەڵام لێرەدا پرسیارێك دروست دەبێت،کە ئایا ئەو حکومەتەی بەبێ صەدریەکان پێکبێت دەتوانێت لەبەردەم گوشار و فشارە جەماوەریەکانی صەدریەکاندا تاسەر خۆڕابگرێت؟ئایا لەگەڵ ئەو هەموو دەسکەوت و داهاتە زۆروزەوەندەی نەوتی ئەم چەند مانگەدا کە حکومەتی عێراقی دەستیکەوتوە،دەتوانێت خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان بۆ هاوڵاتیان دابینبکات، کە مەرجی هێوربونەوەی جەماوەری توڕە و سەرکەوتنی حکومەتەکەشە؟ و دەیان پرسیاری تر.

بۆیە گرنگە هێز و سەرکردە سیاسیەکانی چوارچێوەی هەمئاهەنگی زۆر بەووردی و دیقەت و وریاییەوە لە هەنگاوە چاوەڕواننەکراوەکانی صەدر بڕوانن و بەکەمی نەزانن و ڕەنگە تەپکەیەکی سیاسی بێت بۆ تێکەوتنی ئەو حکومەتەی ئایندە! چونکە صەدریەکان بەئاسانی توانای جوڵاندنی شەقامی توڕەی عێراقیان هەیە لەکاتێکدا بۆخۆی کەشوهەوا سیاسیەکە پاڵنەر و یارمەتیدەرە بۆ

تەقینەوە و لێکهەڵوەشان و قڵپبونەوەی یەکجارەکی.بەتایبەتیش گەر چوارچێوەی هەمئاهەنگی بیر لەوەبکەنەوە جارێکی تر نوری مالکی بکەنەوە سەرۆك وەزیرانی عێراق.چونکە هێندەی تر بەنزین بەسەر ئاگری تورە و رق و قینی کۆن و نوێی موقتەدا دەکات و چی لەدەست بێت بۆ شکاندن و هەیبەت و شکستپێهێنانی مالکی ئەنجامی دەدات.

لەبیرمان نەچێت نە صەدر و نەمالکی فریشتە نین و هەردووکیان تاقیکراونەتەوە لەهەڵوێست و گوتار و کردارياندا لە کاتی ئۆپۆزسیۆن و دەسەلاٌتیشیانداو بەتایبەتیش مالکی لە گەری دووەمی دەسەلاٌتیدا و بەدیاریکراویش لە ٦ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٢دا کە ئەوکاتیش ببەوە تاکرەو و حسابی بۆ کورد و مافەکانی نەدەکرد و کارگەیشتە ئەوەی کە بارزانی و نوجەیفی و عەلاوی و ...هتد. متمانەی لێوەربگرنەوە.ئەوە موقتەداشە کە هیچ کات ناتوانرێت پشتی پێببەسرێت بەهۆی راڕایی و ناجێگیری هەڵوێست و بڕیارەکانی و دواتریش نیەتەکانی بۆ وەلانانی پشکپشکێنەی نەتەوەیی و تایەفی و ئاینی لە دهاتوودا و هەڵوەشانەوەی هێزی پێشمەرگە و جێبەجێنەکردنی مادەی ١٤٠ی دەستوور و هەمواركردنەوەی دەستور وپشتگیرکردنیشی لە بڕیارەکانی دادگای دەستوری و...هتد.کە هەموانیان دژ بە بەرژەوەندیەکانی کورد و کوردستانن.

بۆیە سەرەتا وەکو کورد گەرەکە نێومالّی خۆی رێکبخاتەوە و یەك دەنگ و یەك هەڵوێست بێت و نەچێتە ناو هاوپەیمانی و بەرەی نەشیعەکان و نە سونەکانەوە و تەنهاوتەنها پێکەوە و بە یەك ویەکگرتوویی نێومالّی کورد پتەو و بەهێز بکەنەوە وپێدابگرن لەسەر ماف و ئیستیحقاقە دەستوری و نەتەوەیەکانی کورد و لێگەرێن بۆ ئەوەی شیعە و سونە کێشە و ململانێکانی نێوخۆیان دوور لەکورد چارەسەر بکەن ئەگەر توانیان.بە پێچەوانەوە هێندەی تر نێومالّی کورد پەرتەوازە و لێکدوور دەکەوێتەوە.هەربەمەش دەتوانرێت عێراق لەم دۆخە قەتیس و ناجێگیر و ناڕوونە سیاسیەی دەربازبکرێت و کوردیش ئەوەی دەیەوێت بەدەستی بێنێت.ئەگەر نا ئایندەی عێراق وەکو دەوڵەت لەئێستادا لەهەموو کات لەبەر مەترسی لێکهەڵوەشان و نەماندایە و ئەمەش بۆخۆی لە بەرژەوەندی کورد تەواو دەبێت.

==========================================================

* ئەم بابەتە لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ و سایتەکانی وتاری کورد و ئاوێنە و درەو میدیا و سپی میدیادا لە رێکەوتی ٢٠ و٢٦/١/٢٠٢٢دا بلاٌوکراوەتەوە.

## موقتەدا صەدر
## دیاردەیەکی نامۆ لە دونیای سیاسی عێراقدا ؛ *

لەدوای ساڵی ٢٠٠٣و ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی صدامیەوە لە دونیای سیاسی عێراقدا کۆمەڵێك کەسایەتی و کاراکتەر و دەموچاوی نوێمان پێ ئاشنا بوون کە پێشتر زۆریان نەناسراوبون و هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لەگۆڕەپانی سیاسی عێراقدا نەبوە.کە بەداخەوە هەموانیان لە ئێستادا و دوای ١٩ ساڵ حوکمڕانی زۆرینەی شیعە مەزهەبی عەرەبی،نموونەیەکی زۆر ناشیرین و شکستخواردوویان پێشکەش بەگەلانی عێراق بەسەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبیەکانەوە کرد و هەرئەم دزێوی و قێزەونی سیاسەت و بەرنامەیەیان بوو کە لە ئێستادا زۆرینەی جەماوەری گەلانی عێراق خۆزگە بە سەردەمی ڕژێمی لەناوچووی بەعس و سەرکردەکەی صدام حسێنی گۆڕبەگۆڕ دەخوازن.

لەناو ئەو سەرکردە نەدیو و نەناسراوانەشدا موقتەدا صەدرە،کە لە ئێستادا یەکێکە لە سەرکردە سیاسیەکانی ڕەوتێکی سیاسی بەناوی ڕەوتی صەدرەوە و هەوڵیش دەدات هەم لەلایەنی سیاسیەوە و هەمیش لە ڕووی دینیەوە ببێتە سەرکردەیەکی سیاسی و مەرجەعێکی ئاینیش،و گەرەکێتیشی هاوشێوەی حەسەن نصرواللە لە لوبنان و تەنانەت ئایەتوڵا خامنەئیش لە ئێران هەموو دەسەڵاتی سیاسی و ئاینی لای خۆی کۆبکاتەوە و حەز و ویستی کەسیشی بریتیە لە خۆ سەپاندن و بونە تاکە سەرکردە و مەرجعیەتی باڵا، بەشێوەیەك هیچ بڕیارێکی ڕەتنەکرێتەوە و ئەوەی ئەویش ویستی و دەیڵێ وەك دەڵێن بە یەك وشە جێبەجێبکرێت.(جۆرێك لە تاکڕەوی ئاینی و سیاسی).لەکاتێکدا گەرەکێتی کە شیعەی عێراق دووربخاتەوە لە پاشکەوتەی ئێرانی فارسی و بیگێڕێتەوە بۆ فەلەکی عەرەبی و نەتەوەییەکەی و ئەوەتا دروشمی (حکومەتی زۆرینەی نیشتیمانی نە ڕۆژهەڵاتی و نە ڕۆژئاوایی)بەرزکردۆتەوە.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ،ئەرێ موقتەدا صەدر ئەو کەسایەتیەیە کە بتوانێت ئاوها شێوازێك لە حوکمڕانی عێراقدا پیادە بکات و سەرکەوتوش بێت؟ئایا عێراق بەوێنەی ئێران و لوبنانە کە موقتەدا گەرەکێتی نموونەکەی ئەوان پیادە بکات؟ئایا موقتەدا سیاسیەکی موحەنەك و بیرتیژ و سەنگین و پشوودرێژە و لەولاشەوە مەرجعیەتێکی گەورە و بەئارام و دووربینە کە بتوانێت هەموان بخاتە ژێر کاریگەری و دەسەڵاتی سیاسی و ڕۆحی خۆیەوە؟ و دەیان پرسیاری تریش...

پێش وەلأمدانەوەی ئەو پرسیارانە گەرەکە کەمێك لە پاشخانی سیاسی و ئاینی و بنەماڵەیی و قۆناغەکانی ژیانی موقتەدا صەدر بڕوانین ئەوسا بڕیار بدەین کە ئەو هەڵسوکەوت و بڕیارە نامۆیانە و سەرپێیانەی کە لەماوەیەکی کورتدا دەیدات و دەینوێنێت لەچ ئاڕاستە و سەرچاوەیەکەوە سەریان گرتوە.بەشێوەیەك وەك دەوترێت شەو خەون بە کارێکەوە دەبینێت بۆ بەیانی دەیەوێت جێبەجێی بکات بەبێ گوێدانە ئاسەوارە خراپەکانی.

موقتەدا بۆخۆی لە ١٩٧٤/٨/٤ لە نەجەف(حەنانە) لە بنەماڵەیەکی ئاینی بەناو و ناوبانگی شیعە مەزهەبی ١٢ ئیمامی لەدایکبوە کە بە ئالی صەدر ناسراون و لە ئێستادا تەمەنی تەنها٤٨ساڵە و پێگەو و ناوبانگی گەورەیان هەیە لەناو شیعەکانی عێراقدا و درەختی بنەماڵەشیان دەچێتەوە سەر ئیمام حوسەینی کوڕی ئیمام عەلی و پەیامبەر و بنەماڵەی هاشمی قورەشی.کەئەم پێگە و ناوبانگەیان وایکردوە جێگەی ڕێز و تەقدیر بن و بۆخۆشیان کەمیان نەکردوە لە پاراستن و گەشەپێدانی مەزهەبی شیعە لە عێراقدا، باوکی محمد محمد صادق الصدر بەئاشکراو و بەنهێنی دژی صدام حسێن و ڕژێمی بەعس هەڵوێستی هەبوە و هەر ئەمەش وایکرد کە ڕێژێمی بەعس باوکی و ٢ برای شەهید بکات لە ١٩/٢/ ١٩٩٩دا لەتەمەنی ٥٥ساڵیدا بەتیرۆر و گولەبارانکردنیان لەشاری نەجەف.ئەمەش بوە هۆی هەلأیسانی ڕاپەڕینی جەماوەری لە مەدینە الصدر و پارێزگاکانی تری عێراقی ئەو کاتەدا، وباپیریشی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە محمد باقر الصدر لە ١٩٨٠/٤/٩دا لەتەمەنی ٤٥ساڵیدا لەسێدارەدراوە. بۆخۆشی لەگەڵ باوکی و براکانیدا لەدوای ڕاپەڕینی شەعبانی ساڵی ١٩٩١دا لە بەندیخانەی ڕەزوانیە بەندکراوە.موقتەدا کوڕی چوارهەمی باوکێتی و ژنی هێناوە کە کچی مامێتی(اسماء) محمد باقر صەدر و منداڵیان نیە تاکو ئێستا.لەساڵی ١٩٨٨دا چۆتە حەوزەی عیلمی نەجەف و زانکۆی نەجەفی ئاینی خوێندوە. باپیرە گەورەشی محمد حسن صەدر لەساڵی ١٩٤٨دا سەرۆك وەزیرانی عێراق بوە.

هەربۆیە موقتەدا لە بنەماڵە و ناوەندێکی حەوزەیی و ئاینی و سیاسیشدا گەورەبوە و بناغەی فکر و سیاسەت و ئایدۆلۆژیای داڕشتوە و لەتەمەنێکی لاوێتیەوە لەلایەك سەرپەرشتی نوسینگەی باوکی کردوە و کتێب و چاپکراوەکانی سەرپەرشتیکردوە و سەرنوسەری گۆڤاری (الهدی) بوە و لەلایەکی تریشەوە سەرپەرشتی باڵێکی چەکداری شیعە مەزهەبی کردوە و هێرش و پەلاماری کردۆتە سەر بنکە و بارەگاکانی ڕژێمی بەعس.بەم شێوەیە یەکێکە لەو سەرکردە شیعیانەی کە عێراقی بەجێنەهێشتوە لەسەردەمی بەعسدا و بە نهێنی کاری سیاسی و دینی ئەنجامداوە بە پێچەوانەی زۆرێك لە سەرکردەکانی تری ئێستا وەك مالکی و حەکیم و جەعفەری و عادل

عبدالمهدی و عەبادی وعامری و خەزعەلی و ...هتد.کە هەموانیان زۆرترین ماوەی ژیانیان لەدەرەوەی عێراق بردۆتە سەر.

لەدوای ساڵی ٢٠٠٣شەوە موقتەدا زیاتر دەرکەوت و کەوتەخۆ و هەر لەسەرەتاوە دژی لەلایەك هەموو هێزە بیانیەکان وبەتایبەتیش ئەمریکابوە و لەلایەکی تریشەوە دژی دەسەلاٚتی ئەنجومەنی حوکمیش بوە. لەرێگەی بەکارهێنانی هێز و پێکەوەنانی گروپ و میلیشیای چەکداریەوە.ئەوەتا لەساڵی ٢٠٠٣دا میلیشیایەکی چەکداری بەناوی (جەیشی مەهدیە)وە پێکەوەناو کەوتە چالاکی چەکدارانە دژی سوپای ئەمریکا و هەرئەمەش وایکرد کە بخرێتە لیستی داواکراوەکانی ئەمریکاوە و جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاند کە صەدر دوژمنی ئەمریکایە و داوای گرتن یان کوشتنی کرد.موقتەدا صەدر لەساڵی ٢٠٠٤وە بەئاشکرا دەیویست خۆی و هێزەکەی بەزۆر بسەپێنێتە سەر هەموان و لەگەڵ حکومەتی مالکی یەکەمدا کەوتە جەنگەوە و شەڕی گەورەی نەجەفی ئەنجامدا کە بۆماوەیەك دەستی گرتە سەر حەوزەی نەجەف و مەرقەدی ئیمام عەلی و تەنانەت تۆمەتباریش کرا بە کوشتنی کوڕی مەرجەعیەتی گەورەی شیعە ئایەتولاٚ خوئی (عبدالمجید الخوئی) لە ١٠/٤/٢٠٠٣دا لەناو مەرقەدی ئیمام عەلیدا و ئەم کارانەی بەدرێژایی سالاٚنی ٢٠٠٤ تا ٢٢/٢/٢٠٠٨ بەردەوام بوو.تا ئەوکاتەی تۆمەتبار کرا بەهەلاٚیسانی شەڕی تایەفی.

دواتر جەیشی مەهدی هەڵوەشاندەوە ولەجێگەیدا میلیشیایەکی تری بەناوی(لیوای یوم الموعود)ی دامەزراند لە ٢٠٠٩-٢٠١١ و جارێکی تر بەشێوەی چەکدارانە کەوتەوە دژایەتی هێزەکانی ئەمریکا و حکومەتی دووەمی مالکیەوە و بەهەمان شێوەی جاری یەکەم شکستی هێنا بەتایبەتی دوای شەڕی گەورەی لە بەسرەدا.ئیدی لەوکاتەوە تاکو ئێستا موقتەدا و مالکی ناکۆك و دژبەیەکن و هەر ئەم ململانێ کەسیە بوە هۆکاری ئەوەی کە تاکو ئێستا و بۆماوەی ٩ مانگە نەتوانراوە کە حکومەتی نوێی عێراقی پێکبهێنرێت و عێراق بکەوێتە گێژاوێکی سیاسی قوڵەوە و بەشێوەیەك مالکی و صەدر ناتوانن لەنێومالی گەورەی شیعیشدا هاوکارو پێکەوەکاربکەن.

هەر لەساڵی ٢٠٠٩وە پەیوەندی کردە حوسیەکانی یەمەنەوە دژی حکومەتی یەمەن و دواتریش دژی سعودیە و ئەوانی تر.لە ساڵی ٢٠١٤شەوە (سەرایەی سەلام)ی دامەزراند کە میلیشیایەکی چەکداریە لەدوای داگیرکردنی موصڵ و شارەکانی تر لەلایەن داعشەوە.

لەلایەنە ئاینیەکەشیەوە و دوای تۆمەتبارکردنی بەکوشتنی خوئی کوڕ . لەلایەن ئێرانیەکانەوە بردیانە ئێران و چوە حەوزەی قوم و خوێندنی تەواو کرد و لە ئێستادا پلەی **(حجة الاسلام)**ی هەیە و دەخوێنێت بۆئەوەی پلەی (موجتەهید) وەربگرێت و ئەوکات دەتوانێت ببێتە مەرجەعێکی بالاٚی هاوشانی علی سیستانی و ئەوانی تر و فتوا بدات.

بەم شێوەیە موقتەدا صەدر حەوزەی عیلمی نەجەفی کردە دوو بەشەوە ،بەشەکەی خۆی بە (حەوزەی ناتیقە//قسەکەر یان باڵی شۆڕشگێڕی وهەڵۆکانی شیعەکان) و بەرامبەرەکەشی بە(حەوزەی ساکتە//بێدەنگ یان باڵی کۆترەکانی شیعەکان) ناودەبران لەبەر هەڵوێستە دژ و ئاشکراکانی دژی حکومەتی عێراق و ئەمریکیەکان.

بەم شێوەیە موقتەدا صەدر باکگراوندێکی تێکەڵ و پێکەڵی سیاسی و ئاینی و توندوتیژی هەیە و ڕەنگە شەهیدکردنی باوکی و براکانی و هەڵگرتنی لێپرسراوێتی ئیشوکارەکانی بنەماڵەی خۆی لە زەمەنی بەعس و دواتریشدا و لەتەمەنێکی کەمەوە هەموو ئەمانە جۆرە فشارێکی دەروونی قوڵیان کردبێتە سەر گوتار و کردار و هەڵسوکەوتەکانی،هەربۆیە کەسایەتیەکی نادیار و ڕاڕاو و نەفەس کورت و تورە و توندوتیژی لێدەخوێنرێتەوە.کە لە دونیای سیاسەتدا ئەم جۆرە کەسایەتیانە کەسێکی سەرکەوتوو نابن و دەکەونە هەڵەی گەورەی سیاسی و ئاینی و ئابوری و سەربازیەوە کە کاریگەری خراپ دەکەنە سەر جۆری حوکمڕانی و کۆمەڵگاش.بۆیە موقتەدا صەدر لەماوەی ئەم ١٩ ساڵەی ڕابووردوودا هێندەی وەك سەرکردەیەکی سیاسی و سەربازی و جەماوەری توندڕەو و بێ ئارام و ڕاڕا دەرکەوتوە نیوهێندە وەکو کەسایەتیەکی هێمن و سیاسیەکی موحەنەك و لەسەرخۆ و جێگە باوەڕی سەرکردە و حیزبە سیاسەکان و تەنانەت هاوپەیمانەکانیشی و دواجاریش دواکەوتە و جەماوەرەکەشی دەرنەکەوتوە.هەربۆیە سەرکردەیەکە کە جێگەی بڕوا و متمانەی تا سەر نیە بۆ هیچ کەس و لایەنێك.ئەوەتا هەر لەساڵی ٢٠٢٢دا و دوای هەڵبژاردنە پێشوەختەکەی ٢٠٢١ چەندین هەڵوێست و گوتاری جیاجیاو دوورلەیەکی نواندوە کە تەنانەت هاوپەیمانەکانیشی ئیحراج کردوە لە کورد و سونەکان.

بۆیە بەهەق دیاردەی موقەتدا صەدر لەدونیای سیاسی عێراقیدا نمونەیەکی زۆر جیاواز و دوورە لەهەموو نەزم و ئەتەکێت و شارەزایی و ئەزموونی سیاسی لەگەڵ ئەوەی کەلە بنەماڵەیەکی ئاینی و سیاسی دێرینیشەوە هەڵکەوتوە.بەبڕوای ئێمە تاکە چەکی بەهێزی دەستی موقتەدا صەدر تەنها ناوبانگە گەورەکەی بنەماڵەکەیەتی لەڕووی ئاینی و سیاسی و ئیداریەوە و هەڵوێستە شۆڕشگێڕانەکانیانە دژی ڕژێمی بەعس و ژمارەی شەهیدەکانیان و دواتریش ئەمریکیەکان  و هەر ئەمەش کردویەتیە خاوەنی شەقام و جەماوەرێکی پانوپۆڕی گوێڕایەڵ وگەورەی شیعەکان بەتەنها و لەبەرامبەر دەیان هێز و حیزب و سەرکردەی سیاسی تری شیعەکاندا.ئەگینا لەڕوی کەسایەتی وکاریزمایەتی سیاسی و دووربینی و پشوودرێژی و ئەزمونەوە موقتەدا صەدر نمونەیەکی شکستخواردووی سیاسەت و سیاسیەکی نامولتەزیم و ناهاوسەنگی شیعە مەزهەبی عێراقیە و هیچی تر.

===========================================================

* ئەم بابەتە لە سایتی وتاری کورد دا لە ڕێکەوتی ٢/٧/٢٠٢٢دا بلاۆکراوەتەوە.

# جۆبایدن سەرۆکی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چی دەوێت؟چی دەدات؟ *

ئاشکرایە سیاسەتی ئەمریکا لەسەرەتای دامەزراندنیەوە و تائەوکاتەی لەسەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانیشەوە وەك زلهێزێکی دونیا دەرکەوت،هەمیشە سیاسەتەکانی دەرەوەی لەسەر پاراستن و دەسکەوتنی بەرژەوەندیەکانی خۆی داڕشتوە و زۆرجارانیش وەك بازرگانێکی سیاسی مامەڵەی کردوە و هەمیشە مامەڵە سیاسیەکان و ڕێکەوتن و گفتوگۆکانیشی لەنێوان خۆی یان بەرامبەردا و تەنانەت وەکو ناوبژیوانێکیش هەمیشە بنەمای بەچەند ڕێکدەکەویت یان چەندەت پارە پێویستە؟ و...هتد.پیادەکردو..

ئیدی لای ئەمریکا نە بیروباوەڕ پیرۆزە و نە ناو وناوبانگ و نەجێگە و پێگە و نە ئاین و نەتەوە و تایەفە و ...هتد.

ئەوەتا هەربۆخۆی سەردانی سعودیەی کرد و دەستی خستە ناو دەستی محمد بن سەلمان کە کەمتر لەساڵێك ناویدەهێنرا بە بکوژی ڕۆژنامەنوس عدنان خاشقوجی .بەهەمان شێوە ئەردۆگانیش هەرهەمان کاری کرد.هەموو ئەم شەڕ و پێکەوەنانی بەرەیەش سەنگەری یەکەمی عێراقە بە خاك و گەلەکەیەوە و لەناویشیاندا کوردیش هەیە و پرپشکی باش یان خراپی بەردەکەوێت.

ئاشکرایە بۆخۆی ئەمریکا لە ئیستتادا لە لوتکەی قۆناغی سەرمایەداریدایە بەهەموو پۆخڵەوات و نەرێنیەکانی ئەو سیستەمە دژە مرۆڤایەتیەوە.بوشەتە تاکە زلهێزی بەهێزی دونیاش و گەرەکێتیشی هەموو ویستەکانی بۆبێتەدی جا بەخۆشی بێت یان بە جەنگ و داگیرکاری و کاولکاری بێت.

هەموو ئەم قسانەمان تا سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠کان ڕاستبوون،بەڵام لەسەرەتای هەزارەی سێهەمەوە ئەمریکا تاکە باڵادەست و زلهێزی بێڕکابەر نەما لە جیهاندا،لەپاڵ کێبڕکێکەرە تەقلیدیەکەی کە ڕوسیا بوو چینی ورچە نوستوەکەشی هاتۆتە پاڵ و لە ئێستادا بەجدی چین بۆتە مەترسی گەورەی شاراوە و ئاشکرا بۆ سەر ئەمریکا و بەرژەوەندیەکانی.

بایدنی پیرە سەرۆکی ئەمریکاش لەم سەردانەی بۆ ئیسرائیل و فەلەستین و دواتریش سعودیە چەند شتێکی دەوێت لەهەموان وەك:

١.ئاسایکردنەوەی پەیوەندی نێوان ئیسرائیل و سعودیە بەپلەی یەکەم.چونکە تائێستا بەناویش بێت

سعودیه وەکو دەمڕاستی جیهانی ئیسلامی ناڕازیه و نایەوێت ئەو کاره بکات.بەڵام بایدن بەگێڕانەوەی دوو دورگەی بچوك لەدەریای سور لەلایەن ئیسرائیلەوه بۆ سعودیه ، سعودیه بۆ یەکەم جار ڕازی بووه بواری ئاسمانی وڵاتەکەی لەگەڵ ئیسرائیلدا بکاتەوه و هەر بایدنیش یەکەم گەشتی ئاسمانی ئەنجامدا.

٢.بایدن دەیەوێت ئیسرائیل بکاتە وڵاتێکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکو هەموو وڵاتانی تری ناوچەکە لەڕێگەی بەشدارییپێکردنی لە هاوپەیمانی و بەرەی دژ بە ئێران و ڕوسیا و چیندا.

٣.لەفەلەستینیەکانی دەوێت چیدی واز لە توندوتیژی بێنن و ڕووبکەنە کاری پێکەوەی و پێکەوەژیان لەگەڵ ئیسرائیلدا لەناو دوو وڵاتی جیاواز و سەربەخۆدا.ئەمریکاش بەپێدانی هاوکاری مادی و تەکنەلۆژیا هاوکاریان دەبێت.

٤.ئەمریکا لەلوتکەی وڵاتانی ئەنجومەنی کەنداوی ٦ وڵاتەکە +میسر و تورکیا وئوردون و عێراقیش.گەرەکێتی هاوپەیمانی و بەرەکە فراوانتر و توندوتۆڵتر بکات.دژ بە ئێران و ڕوسیا و چین.

٥.ئەمریکا بەکورتی دەیەوێت بەرژەوەندیەکانی خۆی لەم ناوچەیەدا بپارێزێت لە دابینکردنی نەوتی عەرەبەکان و ڕاوەستانیان لەیەکبەرەی دژ بە ئێران و ڕوسیا و چیندا کە بونەتە مەترسی سەرەکی بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی و هاوپەیمانەکانیشی.

*لەبەرامبەریشدا ئەمریکاش هاوکاری مادی و سەربازی و تەکنەلۆجی بۆ هەموان دابین دەکات ولەسەر حسابی گەلان و سەروەت و سامانی میلەتانی ناوچەکە. چونکە ئاشکرایە تاکو ئێستا لەسەر خاکی خۆی هیچ شەڕێکی نەبوه و تەنها لەدەرەوەی سنورەکانی هانی شەڕ و پشتیوانی لەجەنگ و داگیرکاریەکان دەکات.

*کۆمەڵێك کێشەی تری ناوچەکەش هەر لە کێشەی لیبیاوه تا سوریا و عێراق و یەمەن و چەکی ئەتۆمی ئێران و...هتد. لەبەرنامەی کارەکانیدایە.گەرەکێتی ئەم وڵاتانە بکاتە قەڵغانێکی پتەو لەبەرامبەر هەڕەشە و هەژمونەکانی ڕوسیا و چین و ئێراندا.

بۆیە ئەم گەشتەی بایدنیش گەر ڕۆژان و مێژوو بەسەریدا تێپەڕبکەن هەموان ئەنجامەکانی دەبینین بەشکست یان سەرکەوتن.چونکە وەك دەوترێت ئەوەی لای عەبد خەیاڵە لای خودا بەتاڵە.ڕەنگە ئەوەی لای ئەمریکاش پلانبێت بۆ ئاینده لای ڕوسیا و چین بەتاڵببێتەوه.هەموو جارێکیش ڕەشەبا بە ویستی کەشتیەکان هەڵناکات!!!

=====================================================

- ئەم بابەتە لەسایتەکانی وتاری کورد وئاڕاستەدا لە ڕێکەوتی ١٦/٧/٢٠٢٢دا بلاۆکراوەتەوه.

# چۆن بیربکەینەوە ؟
# ئەنارشیستی یان حیزبی یانیش کوردانە؟ *

فەیلەسوفی بەناوبانگی سویسری جان جاك ڕۆسۆ دەڵێت : ( ئازادی تاك بریتی نیە لەوەی هەرچی ویستی ئەنجامی بدات،بەڵکو بریتیە لەوەی کە پێویستە لەسەری ئەوە نەکات کە نایەوێت).

بۆیە بونی ئازادی مرۆڤ مەرجێکی گرنگی مرۆڤبون و مانەوەیەتی بە مرۆڤێتی و هیچ تاك و مرۆڤێك بەبێ بوونی ئازادیە تاکە کەسیەکانی مانایەکی نامێنێتەوە.بۆیە ئازادی و مرۆڤ وەکو ماسی و دەریا وان و بێ یەکتری ناژین و نامێنن.

مرۆڤی کورد لەم قۆناغەدا چۆن بیربکاتەوە؟وەك کەسێکی ئەنارشیزمی یان فەلسەفەی تاکگەرایی (Individualism) ، کە بۆخۆی بریتیە لە هەڵوێستێکی ئەخلاقی،وفەلسەفەیەکی سیاسی و ئایدۆلۆژی یان تێڕوانینێکی کۆمەڵایەتی،کە جەختدەکاتەوە لەسەر بەهای مەعنەوی تاك. کە داوا دەکات کە تاك هەستێت بە ئەنجامدانی ئامانج و خواستەکانی خۆی بۆ ئەوەی ببێتە بەها و پنتێکی سەربەخۆوپشتبەستوو بەتواناکانی خۆی.ئەم فەلسەفەی تاکگەراییە ڕایدەگەیەنێت کە پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندیەکانی تاك مەسەلەیەکی ڕەگداکوتراو و بنچینەییە و پێویستە بێتەدی لەسەروو هەموو ئیعتیبارە دەوڵەتی و کۆمەڵگاییەکانەوە.بەهەمان شێوە تاکگەرایی تاك دەکاتە چەق و پنتی سەرەکی گرنگیپێدانی لەسەر ئەو گریمانەیەی کە دەڵێت ( تاکی مرۆیی کارەکتەری بنچینەییە و یەکەمە و گرنگترینیشە لە خەبات لە پێناو ئازادی و سەربەخۆبوندا ) و بزوتنەوە لیبڕاڵی و وجودی و نادەسەلاتیەکان، نمونەی ئەو بزوتنەوانەن کە تاکیان بەلاوە بریتیە لەیەکەیەکی دابەشنەکراو،هەروەها تاکگەرایی بریتیە لە ( مافی تاك لە ئازادی و وەدیهێنانی خود ).

هەروەها مانای قبوڵکردنی فەلسەفەی تاکگەرایی بریتیە لەوەی کە هەموو پلان و بەرنامە و خواستەکانی بونیاتبنێت لەسەر کەسێتی تاك و بەهرە و تواناکانی و خواست و ویستە یاساییەکانی بەدوور لە سەرگەردانی و فەوزا و بێسەروبەرەیی و دوور لە بەها پیرۆزەکانی کۆمەڵگا.

یانیش وەکو کەسێکی حیزبی بیر تەسکی دۆگما و قەتیس بوو بیر بکاتەوە و تەنها تانوپۆی بیروڕاکانی لەچوارچێوەی بەرنامە و سیاسەتی حیزبەکەیدا بێت یان مەودا فراوان و سنورە

دیاریکراوەکان و تابۆ حیزبییەکانی ببەزێنێت و هێندەی بۆ بەرژەوەندی و لە پێناو بەرژەوەندی گەورە و فروانی گەل و نیشتیمانەکەیدا بیربکاتەوە نیوهێندە بە قازانجی حیزبەکەی بیر نەکاتەوە.ئاخر مایەی دڵتەنگی و خەمە لەم کوردستانە بەتایبەتی و ڕۆژهەلاتیش بەگشتی حیزبایەتی هێندە پیرۆزکراوە و سەرکردە سیاسیەکان هێندە موقەدەس کراون کە لەسەروو هەموو وەلائو وەفا وپشتیوانی و پشتگیریەکەوەن بۆ گەل و نیشتیمان.ئاخر حیزبایەتی هێندە بچوك و قەتیس و تەسککراوەتەوە کە ڕێگە نادات کادر و ئەندام و لایەنگرەکانی خۆشی تەنانەت لەناوخۆی حیزبەکەشدا بیروڕا ئازادەکانی دەرببڕێت و گەر بۆ هەندێك مەبەستیش چاویان لێپۆشی و بێدەنگ بوون ئەوا لەلایەکی ترەوە بەدەیان شێواز سزای دەدەن.تەنها بۆ ئەوەی عەقڵ و بیرکردنەوە و ئازادیەکانی لەمەنگەنە بدەن و تەنها لەچوارچێوەی حیزبیدا بیر بکاتەوە. بەلاّم ناپرسن کەوا حیزب و سەرکردە هەیە لەم ولاّتەدا دەیان جار خیانەتی زەق و شەرمەزاریان تۆمارکردوە لەگەل و نیشتیمان و بونەتە پێشقەوڵی دوژمنان و داگیرکاران.ئیدی چۆن دەبێت کادر و لایەنگرەکانیان هەر ئەشهەدوبیلای ناڕاستیان بۆبکەن.

بەڕای من هەر کادرێك یان ئەندام و لایەنگرێك ئازادانە بیر نەکاتەوە بۆ خزمەتی گەل و نیشتیمانەکەی نەك حیزبەکەی و وەکو تاکێکی سەربەخۆ پێش ئەوەی حیزبی بێت هەرگیز نە بەخشندە دەبێت بۆ خۆی و نە بەخشندەش دەبێت بۆ حیزبەکەشی. چونکە ئاشکرایە گەل و نیشتیمان گەورەتر و فراوانتر و خۆشەویستترن بەلای تاك و هاولاّتیانەوە لە حیزب و سەرکردە سیاسیەکان چونکە حیزب و سەرکردە سیاسیەکان دەسەلاّتەکانیان تەنها و تەنها لە گەلەوە وەرگرتوە.حیزبی سیاسی دەبێت کادری وشیار و بەئاگا و ئازاد پێبگەیەنێت نەك کادری ترسنۆك و دەستەمۆ تەنها لەبەرئەوەی مووچەکەی یان ئۆتۆمبیلەکەی یان ئیمتیازاتەکانی تری لێنەبڕن.بۆیە تا لەکوردستاندا تاك بەگشتی و کادری حیزبیش بەتایبەتی ئازاد و ئازادانە بیرنەکاتەوە ئەوا هەر لە بازنەیەکی بۆشی بێناوەڕۆك و بێ ئامانجدا دەسوڕێینەوە.بەداخەوە کە زۆربەی سەرکردە و حیزبە سیاسیەکانیش ئەم جۆرەیان گەرەکە لەتاك و لەکادرەکانی خۆیان (بێ دەنگ ، بێ هەست ، بێ بیرکردنەوە ، بێ ئیرادە).

لەسەروو ئەمانەشەوە بەڕای بەندە ئەوەی کە هەموان کۆدەکاتە لەم نیشتیمانەدا بەتاکی سادە و ئاسایی کۆمەڵگاوە لەگەڵ کادر و ئەندام و لایەنگری حیزبە سیاسیەکانەوە،بیرۆکە و فەلسەفەی کوردایەتیەکی ڕاست و دروستە وەك بزوتنەوەیەکی سیاسی و دیموکراتی و پێشکەوتوخوازی سەردەمیانە و وەك بەشێك لە بزوتنەوە مرۆڤایەتیە ناوچەیی و جیهانیەکانیش. بۆیە گەرەکە کە هەموان تەنها بەبیرێکی

کوردانەی ڕاستگۆیانە بیربکەینەوە نەك وەك تاکێکی بێ ئامانجی دوور لە ئازادیەکان و نەك وەك کادرێکی حیزبی عەقڵ دۆگما و قەتیسکراو.چونکە بیری کوردایەتی مەودایەکی فراوانی مرۆڤدۆستانەی ئازادیخوازە کە هەموان بەدوایدا وێڵین و سەدان ساڵە خەباتی بۆ دەکەین و خوێن و فرمێسکی بۆ دەڕێژین و هەر ئەو بیر و هەستە کوردایەتیە بوە کە بۆتە مایەی مانەوە و هێشتنەوەی مرۆڤ و مێژووی کوردان بە زیندویەتی و بەگەشاوەیی نەك حیزب و سەرکردە سیاسیەکان،ئەوەتا مێژوو چەندین سەرکردە و حیزبی سیاسی خستۆتە لاپەڕەکانی مێژوو و بونەتە کارەکتەرێکی ڕابووردوو، بەلاّم هێشتاش و بۆ ئایندەش کورد و کوردایەتی و کوردستانیش وەك نەتەوە و بیر و نیشتیمان هەر بە زیندویەتی ماونەتەوە.دوور لە نمونە قێزەون و ناشیرینەکان کە بەدەستی سەرکردە لاواز و خائین و خۆفرۆش و ولاّتفرۆشەکان دروستکراون لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان و بنەماڵەکانیاندا.هەربۆیە بیری کوردایەتی دەبێت ببێتە سەرمەشقی بیرکردنەوەی هەموان چونکە هەموان ئەو مافەیان هەیە وەکو تاکێکی کورد و کوردایەتیش قەتیس و تاپۆی هیچ حیزب و سەرکردەیەکی سیاسی نیە و چەندە تاکێکی ئاسایی مافی کوردایەتی هەیە هەر ئەوەندەش سەرکردەکان ئەو مافەیان هەیە ،لەبەرئەوە کوردایەتی مەودا و تانوپۆیەکی فروان لەخۆدەگرێت و جێگەی هەموانی تیادا دەبێتەوە.

جا تا ئەوکاتەی هەموان بەو بیرە کوردایەتیە ڕەسەنە بیرنەکەینەوە مەحاڵە بگەینە دوا ئامانجی سەرکەوتن و بنیاتنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردانەی دیموکراتی.کەواتە هێشتا درەنگ نیە و کاتیش زۆر ماوە بۆ ئەوەی هەڵەکانی ڕابووردوومان بە تاك و کادری حیزبی و سەرکردەی سیاسیەوە ڕاستبکەینەوە و هەموان بگەڕێینەوە سەر شارێگەی کوردایەتیە ڕەسەن و ڕاستەقینەکە ،کە موتوربە کرابێت بە ئازادیەکی ساغڵەم و دروست لەچوارچێوەی یاسادا.هەربۆیە ئازادی تاك و مرۆڤەکان وەك ڕۆسۆ دەڵێت بریتی نیە لەوەی کە تاك هەرچیەکی ویست ئەنجامی بدات،بەڵکو بریتیە لەوەی کە ئەوەی نایەوێت نەیکات.بۆیە باهەموان ئەوەندە بوێر بین کە ئەوەی لەگەڵ بیروڕا و قەناعەتەکانی خۆماندا نەگونجا ئەنجامی نەدەین و هەموو پرۆسە و کردار و فەرمانێکی سەپاوی ناڕاست و دروست ڕەتکەینەوە گەر لەسەر لەدەستدانی ئیمتیازات و پۆست و پلەکانیشمان بێت.ئەمەیە مانای ئازادی تاك و مرۆڤەکان نەك ئەوەی کە ملکەچی ڕاست و ناڕاستی سەرکردە و حیزبە سیاسیەکان بیت، چونکە بێدەنگی و بێهەولۆێستی تاکڕەوی و قۆرخکاری و خۆسەپێنی دروست دەکات، بەداخەوە ئاشکراشە کە هەموانیان چۆن داشۆراون لە هەموو بیرکردنەوە و بەهایەکی جوانی کوردانەی ڕاستەقینە.و کوردایەتیان بەو گەورەیی و شکۆمەندیە کورتکردۆتەوە لە تەنها چەند پۆست و پلە و ئیمتیازاتێکی کاتی دونیای و هێندەی هەوڵی خۆدەوڵەمەندکردن و کۆکردنەوەی سەرمایەی حەرام دەدەن نیوهێندە کوردایەتیەکی ڕاستەقینە ناکەن.

=====================================================

* ئەم بابەتە لەسایتەکانی وتاری کوردوئاوێنە و سپی میدیادا لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/٣٠دا بلاّوکراوەتەوە.

# لێپرسراوان
# لە تەرازوی هەڵسەنگاندندا؟ *

شارڵ لوی دی سیکۆندا ناسراو بە (مۆنتسیکۆ) ١٨/١/١٦٨٩-٢/١٧٥٥ ز،کە دادوەر وپیاوی ئەدەب و فەیلەسوف و سیاسی فەرەنسی بوو.کە خاوەنی تیۆری (جیاکردنەوەی دەسەلاتەکانە) کە لەئێستادا زۆرێك لەدەستورەکانی جیهان پشتی پێدەبەستن دەڵێت :

( ئەگەر ویستت ڕەوشتی کەسێك بزانیت،ئەوا دەسەلاتی بدەرێ و دواتر سەیریبکە چۆن هەڵسوکەوت دەکات).

ئاشکرایە ئیدارە و بەڕێوەبردنی هەر یەکەیەکی ئیداری بچوك بێت یان گەورە بەنمونەی فەرمانگەیەکی بچووك تا لوتکەی دەسەلاتی ولات یان حیزب و ڕێکخراوی سیاسی یان مەدەنی و پیشەیی و...هتد.بۆخۆی هەم هونەرە هەم زانستە هەم لێپرسراوێتی و هەم ڕەوشتە.بۆیە لێپرسراوێتی ئیداری یان حیزبی ئەرك و فەرمانە و خزمەتکردنە پێش ئەوەی ئیمتیازات و کەشخەیی و خۆدەوڵەمەندکردن بێت.بەهەمان شێوە لێپرسراوێتی دەبێت وەك وەزیفەیەکی خزمەتگوزاری لێبڕوانرێت بۆ ماوەیەکی کاتی دیاریکراو نەك وەك میراتیەکی بەجێماوی باو و باپیران کە ئازادانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و بەویست و خواستی خۆت هەڵیبسوڕێنێت و تەخشان و پەخشانی بکەیت.بەشێوەیەکی گشتی کەسی لێپرسراوی سەرکەوتوو دەبێت خاوەن دیدوتێڕوانین بێت بۆ ئایندە لەمیانەی دیاریکردنی ئامانجە گشتیە دیاریکراوەکان و میکانیزمە گونجاوەکان بۆ جێبەجێکردنیان ودانانی پلانی زانستی و واقعی و دواتر چاودێریکردن و بەدواچوونیان.

جا بەشێوەیەکی گشتی کەسی لێپرسراو گەرەکە کە هەندێك سیفاتی تیادا بێت بۆ ئەوەی ببێتە لێپرسراوێکی سەرکەوتوو لەوانە:

١. کەسی لێپرسراو پێویستە،وشیارتر و تێگەیشتووتر و کامڵتر بێت لە وتە و کردار و مامەڵەکردنیدا لەگەڵ پۆست و ئیدارە و دەوروبەریدا: چونکە ئیدارە و لێپرسراوێتی بریتیە لە سەرکردایەتی و ڕابەرایەتیکردنی کۆمەڵێك کەس جا گەورەبن یان بچووك لەڕووی ژمارە و فراوانی جوگرافیای دەسەلاتەکانەوە،بۆیە هەر هەڵە و کەموکوڕی و کەمتەرخەمی و گەندەڵیەکی کەسی لێپرسراو بەسەر هەمواندا بەخراپی دەشکێتەوە و لانی کەم دەبێتە هۆکاری ناوزڕاندن و

ناشیرینکردنی هەموان،هەروەها کەسی لێپرسراو لانی کەم دەبێت لەزۆربەی بەردەستەکانی بەتوانا تر بێت.بۆیە کەسی بێتوانا و ئاست نزمی هوشیاری و زانستی و ئیداری هەرگیز کەسێکی سەرکەوتووی لێدەرناچێت.

٢. کەسی لێپرسراو دەبێت هەمیشە خاوەنی دەستپێشخەری بێت: بەمەبەستی گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوون و گەشە و پێشکەوتنی ئەو دامودەزگا و یەکە ئیداری و حیزبیەی کە لەبەر دەستیدایە.نەك پاشکەوتەی بیر و فەرمانی سەروو خۆی بێت و دەستەوستان دابنیشێت و پاڵی لێبداتەوە و هیچ زیادە و داهێنانێکی خۆیی نەبێت.

٣. کەسی لێپرسراوی سەرکەوتوو دەبێت عەقڵکراوە و خاکی و سادە و بەڕەوشت و نەرمونیان بێت لەگەڵ هەموان و دەوروبەردا:چونکە ئیدارە و زانستی ئیدارەی نوێ کاری پێکەوەیی و هەمئاهەنگی و بنەمای بەتیم کارکردنی بە سەرکەوتووترین شێواز داناوە لەبەرامبەر ئیدارەیەکی کلاسیکی توند و توڕە و تاکڕەو و خۆسەپێندا.

٤. کەسی لێپرسراوی سەرکەوتوو دەبێت دەرگای ئاوالاً بێت بۆ هەموان و هەمیشەش ئامادەبێت بۆ بینین و گوێگرتن لەهەموان لەکێشە و گرفت و داواکاری و پێشنیاز و زۆرجارانیش بۆخۆی داوایان بکات بۆ ڕاوێژپێکردنیان: نەك وەك زۆربەی ئێستای لێپرساوە حکومی و حیزبیەکان کاتێك دەگەنە پلەیەکی تایبەتی لە بەڕێوەبەری گشتی و سەرووتر یان لە حیزبدا دەبنە سەرکردایەتی و مەکتەب سیاسی و...هتد.ئیتر نەخۆیان دەناسنەوە نە کەسان و هاوڕێ و هاوکارەکانی ڕابووردوشیان دەناسنەوە و بەهەزار تەلەفۆن و واسیتە و داواکاری ئینجا نابینرێن، سەرەڕای بوونی ژمارەیەکی زۆری نوسینگە و سکرتاریەت کە هەموانیان خەرجیەکی زۆریان هەیە.هەرئەمەشە بەداخەوە کەلەم هەرێمەدا بە حکومەت و حیزبە سیاسیەکانیشەوە ڕۆژ بەڕۆژ لە پاشەکشە و دوورکەوتنەوەدان لە جەماوەر وشەقام و تەنانەت لەکادر و لایەنگران و دڵسۆزانی حیزبەکانی خۆشیان.جاهەر کات لێپرسراوێك ڕۆژانە لەکاتی ڕەسمیدا دەوامی نەکرد و دەرگای والاً نەبوو بۆ هەموان و گوێشی لێنەگرتن،ئەوا بەلای بەندەوە چەند هۆکارێك هەن بۆ ئەو خۆدزینەوەیە،وەك ئەوەی کە ئەو لێپرسراوە یەکەم جار کەسێکی ترسنۆکە و بوێری بینین و ڕووبەڕووبونەوەی نیە لەگەڵ کەسانی تردا گەر لەخوار خۆشیەوە بن،بەهەمان شێوە کەسێکی ئاست نزمی ئیداری و هوشیاری سیاسی و نەخوێندەوار و خاڵی خاڵی لەتوانا و لێهاتوویی و لێوەشاوەییە. هەروەها کەسێکە هەست بە نەخۆشی و ئاست نزمی و کەموکوڕی دەکات و بوێری ڕووبەڕوو بونەوەی نیە.

٥. کەسی لێپرسراو گەرەکە چواردەورەکەی و بەتایبەت سکرتێر و بەڕێوەبەری نوسینگەکەی کەسانێکی پێگەیشتووی خاوەن عەقڵ و کردار و خاوەن ئەتەکێتی ڕێز و ناسینی کەس و کەسایەتیەکان بن و خاوەن مامەڵەی باش و ڕووخۆش بن: کەسانێك بن کە بتوانن ڕووی لێپرسراوەکانیان جوانتر بکەن نەك ناشیرین و قێزەونتر لەوەی کە هەیانە.چونکە ئەو کەسانە ڕووی یەکەم و سەنگەری یەکەمی بینینی لێپرسراوەکانیانن گەر ئەوان ناشیرین ڕەفتار و گوتار و مامەڵە بکەن ئەوا ڕاستەوخۆ ڕەنگدەداتەوە بە خراپی بۆسەر لێپرسراوەکانیان.

٦. کەسی لێپرسراوی سەرکەوتوو گەرەکە بۆخۆشی ڕووخۆش و بە ڕێز و کەس ناس بێت، نەك ڕووگرژ و مۆن و توڕە و تڕن بێت : هەمیشە بترسێت لەوەی کە خەڵکی داوای پارە و یارمەتی و پڕۆژە و پۆست و پلەی لێدەکەن،ڕەنگە زۆر کەس تەنها بەمامەڵەیەکی جوان و بە وتە و کردارێکی بەڕێزانە داواکاریەکەشی بۆ جێبەجێنەکرێت ڕازی دەبێت.بەداخەوە لێپرسراوانی ئێستای حکومی و حیزبی لەم هەرێمەدا وادەبینن چەندە توڕە و گرژ و مۆنبن و کەمترین کەسان ببینن ئەوا لێپرسراوی سەرکەوتوون نازانن کە ئەوان بەدبەخترین لێپرسراون و ناشیرین و قێزەونترینیشیانن.

بۆیە گەر بمانەوێت ئاڕاستەی ئیدارە و بەڕێوەبردن لە حیزب و حکومەت و هەموو ئۆرگانەکانی ژیان لەم هەرێمەدا ڕاستبکەینەوە و لانی کەم چاوێك بە وڵاتانی دەوروبەر و ڕۆژئاواییەکاندا بخشێنین گەرەکە بەسەر هەموو کار و کردار و گوتار و سلوکی ئیداریماندا بچینەوە و موراجەعەیەکی جدی خۆمان بکەینەوە و بەڕوویەکی گەش و کراوەوە ڕووبەڕووی هاوڵاتیان و شەقام و لایەنگرانی خۆمان ببینەوە و ئاشتیان بکەینەوە تەنها بەبزەیەکی ڕاستگۆیانە نەك بە بەخشینەوەی پارە و ماڵی دزراوی بێئارەقی حەرامی گەل و میلەت.

بەپێچەوانەشەوە گەر ئەو لێپرسراوە حکومی و حیزبیانە بەردەوام بن لەسەر ئەو ڕەفتارو مامەڵە نامرۆڤانە و ناشایستانەی کە هەیانە ئەوا بەدڵنیایی لای جەماوەر و لایەنگر و هاوڵاتیان ناشیرینتر و بێزراوتر دەبن و ئایندەی دەسەڵاتەکانیشیان پوکانەوە و بچووکبونەوە و تەریکبوونی زیاتر دەبێت.

ئاشکراشە لە ئێستادا گۆڕانکاریەکانیش لەهەرێم و عێراق و ناوچەکەش بەڕێوەیە.جا وەك دەڵێن : تا کەوڵیان نەکردوون فریا ڕزگارکردنی ئەوەی دەتوانرێت ڕزگاربکرێت بیکەن.ئەگینا چارەنوس و قەدەرتان لە لێپرسراو و دەسەڵاتە بێزراو و ڕووخێنراو وناشیرینەکانی ناوچەکە باشتر نابێت.ئەو ڕاستیەش لەبیر نەکەن کە ئەو ڕێزە درۆینەی لێتان دەگیرێت لەکۆڕ و کۆبونەوەکاندا و دەچنە ڕیزی پێشەوەی کورسیەکان ،تەنها لەبەر پۆستەکەتانە نەك کەسایەتی خۆتان،چونکە

زۆربەتان نە لە خانەوادەیەکی خانەدان و نە پاشخانێکی دیار و بەناوبانگی سیاسی و ئابوری و زەنگین و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریەوە نەهاتوون،بەڵکو لەگەڵ رێزدا زۆربەتان تەنانەت لەناو خێزان و خزم و ناوچە و عەشرەتەکانی خۆشتاندا ئەگەر هەتان بێت ناسراو نین و رێزلێگیراو نین،و تەنانەت ئەو پۆست و پلانەشتان کە پێیانداون بەتوانا و لێوەشاوەیی خۆتان وەدەستان نەهێناوە بەڵکو بە دیاردە قێزەونەکانی گوێلەمشتی وئەشەدوبیلای ناهەق وتەکەتول و خزمخزمێنە و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و عەشرەت و ناوچەگەرێتی پێیانداون.

هەربۆیەش نەدەتوانن دەستپێشخەربن نەدەشتوانن داهێنەر و بەبەخشیش بن، بەڵکو تەنها وەکو بتێکی بێگیان و بێ زمان (کەڕ و کوێر و لاڵ)سەری مانگانە چاوەڕوانی مووچە و نەسریە و بەنزینی ئۆتۆمبێلەکانتان دەکەن.کەواتە لێپرسراوە ناشیرین و ترسنۆکەکان (ئەوانە نا کە دوورن لەهەموو ئەو رەفتارە ناشیرین و قێزەونانەوە کە خۆشبەختانە ژمارەیەکی کەم نین) لەپاڵ کورسی و پشتی پۆستەکانیانەوە سێبەرەکانی خۆیان لێ گەورە بوە.باش بزانن کە نەپۆست و نەدەسەڵات تاسەر بۆ هیچ کەس نامێنێت بەڵکو ئەوە تەنها ناو و ناوبانگی باشە کە دەمێنێتەوە،و ئەوە جەماوەرە لەبەرامبەرتاندا شاخ و کێوە سەرکەش و لەبن نەهاتوەکانی کوردستانن و ئەوان سەرچاوەن و بۆ هەتاهەتایە دەمێننەوە و لەناوناچن.سەد رەحمەت لە گەورە شاعیری کورد حاجی قادری کۆیی بێت کە لە دوو جێگەدا وەك ئەوەی بۆ ئەم سەردەمەی وتبێت دەفەرموێت:

ژیان و مەرگ میسلی سێبەر و تاوە

ئەوەی باقی دەمێنێت هەر ناوە

بەهەمان شێوە دەربارەی خەڵکی ناکەس بەچە و نەناسراو و خاوەن بڕوانامە و عیلم و زانستیش دەفەرموێت:

ڕۆژێ دادێ شەهادە و تەحسیلی عیلمی نەفعێکی نامێنێ

مەکتەب و دانشگا چۆڵدەبن پەپو لەناویا دەخوێنێ

ماڵ وێران دەبن عالەم بەدەست جاهیلی بێ سەواد

نەزان دەبێتە کاربەدەست زاناش دەدرێتە بەر باد

=====================================================

- ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد و ئاوێنە و سپی میدیادا لە رێکەوتی ٢٠٢٢/٨/٥دا بلاوکراوەتەوە.

# عێراق
## لە مس بێڵەوە بۆ مسز جەنین پلاسخارت ! *

ئەم عێراقەی ئێستا کاتێك لەساڵی ١٩٢١وە دامەزرا لەلایەن دەوڵەتی ئینگلیزی داگیرکەری ئەوکاتە و دەسترۆیشتوی ئێستاشەوە وەك بڵێیت بەهەڵە دەستپێکرد و هەر ئەم هەڵەیەشە کە تاکو ئێستا بەردەوامە و ئەم ولاتەی کەناویلێنرا عێراق لە دەوامە و بازنەیەکی بۆشی مێژوویدا دەسورێتەوە و ناتوانێت هەنگاوێك بەرەو پێشەوە بنێت،بەهۆی لەلایەك دەستتێوەردانی دەرەکی ناوچەیی و دونیایی و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ململانێ نەبڕاوە و ناڕەوا ناوخۆییەکانی نێوان نەتەوە و ئاین و مەزهەبەکانیەوە بەدرێژایی ئەم ١٠٠ساڵەی ڕابووردوو.بۆیە تائێستاش هیچ دەیە ساڵێك نەبوە کە جەنگێکی خوێناوی ماڵوێرانیکەر یان کودەتای سەربازی بەناوی شۆڕشەوە یەخەی گەلانی عێراق نەگرێت و بە خوێناویترین شێوازیش حومکڕانی نەکەن.

ئەوەتا عێراق سەرەڕای دەوڵەمەندی لە سەروەت و سامانە سروشتی و مرۆییەکانی کەچی هێشتا لەڕیزی ولاتانی هەژار و تازەگەشەکردوودایە کە لانی کەم دەبوایە ئێستا یەکێك بوایە لەولاتانی پیشەسازی ناوچەیی و جیهانی وەکو تورکیا و ئێران ،بەهۆی زەنگینی لەنەوت و غازی سروشتی وەکو دوو سەرچاوەی گرنگی وزە و خاك و ئاوی بەپیتیەوە.بەلام بەهۆی سیاسەت و سەرکردە سیاسیەکانیەوە و جۆری حومکڕانیە تاکڕەو و خۆسەپێنە ئاینی و مەزهەبیەکانەوە بۆتە یەکێك لە هەژارترین و بێکارترین و گەندەڵترین ولاتی ئەم سەردەمە.

لەماوەی ئەم ١٠٠ ساڵەی ڕابووردوودا و هەر لەسەرەتاوە عێراق بەو هەموو نەتەوە و ئاین و مەزهەبە جیاوازانەوە نەیانتوانیوە کە حوکمڕانی خۆیان بکەن،ئەوەتا نە پادشاکانی خەڵکی ئەم ولاتە بوون و نە کاربەدەستە دەسترۆیشتوەکانیشی خەڵکی عێراق بوون، بەڵکو هەموانیان لەدەرەوەی سنورەکانی عێراقەوە هاتوون و هەژموون و دەسەلاتی خۆیان بەکارهێناوە بەباش و خراپ حوکمڕانی ئەم گەل و ولاتەیان کردوە . ئەوەتا هەر لەسەرەتاوە عێراق لەلایەن خاتونێکەوە براوە بەڕێوە یان نەخشەدانەر و هەڵسوڕێنەری کاروبارەکانی بوە و ڕۆڵی گەورەی هەبوە لەدامەزراندنی ئەم دەوڵەتە و دواتریش دروستکردنی دامودەزگا دەستوری و یاسایی و حوکڕانیەکانی دروستکردون کە تائێستاش باسو خواسی زۆری دەربارە دەکرێت و مشتومڕی گەرمی لەسەرە.ئەویش خاتوو (گێر ترود بێڵ)ی بەریتانیە ١٨٦٨-١٩٢٦ وەك لێکۆڵەر و گەڕیدە و زانای شوێنەوارناسی و شاخەوان

هاتۆتە عێراق لەساڵی ١٩١٤وە لەگەڵ دەستپێکی جەنگی جیهانی یەکەمەوە و دواتر وەك ڕاوێژکاری مەندوبی سامی بەریتانی سێر بێرسی کوکس کاری کردوە لەساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستدا و ڕۆڵی بەرچاوی هەبوە لەدوای جەنگەکەوە لە عێراقدا و بەڕادەیەك لای عێراقیەکان بە (خاتوون) ناوی براوە و زۆرێکیش وەك جاسوسێکی بەریتانی لێیان ڕوانیوە.ئەو خاتوونە ڕۆڵ و کاریگەری گەورەی هەبوە لەسەر سیاسەت و پلان و بڕیارەکانی بەریتانیای عوزمای ئەوکاتە و لەسەر دارشتنی سیاسەت  بۆ ئایندەی عێراق لەناوچەکەدا.ئەم خاتونە پێشنیازی دامەزراندنی مەجلیسی تەئسیسی دەوڵەتی عێراقی کردوە(پەرلەمان) بۆئەوەی شا فەیسەڵ بێنن و بیکەنە مەلیکی عێراق.بۆخۆشی وەك زانایەکی شوێنەوار ناس ڕۆڵی گەورەی هەبوە لە دامەزراندنی (مۆزەخانەی عێراقی)  کەتاکو ئێستاش هەرماوە.ئەم خاتونە هەرچەندە ڕۆڵی نێگەتیفی هەبوە بەرامبەر کورد و دەسەلاَت و حوکمڕانی مەلیك مەحمود و ڕێگریش بوە لە دامەزراندنی حوکمڕانیەکی کوردی لەم هەرێمی کوردستانەدا و گەلێك کێشەی بۆ دەسەلاَت و حوکمڕانیەکەی مەلیك مەحمود دروستکردوە.بەلاَم لە مێژووی عێراقدا ناو و ناونیشانێکی گەورە و دیارە و کەس ناتوانێت پشتگوێی بخات.ئەم خاتونە هەر لەعێراقدا کۆچی دوایی کردوە و لە گۆڕستانی **باب المعظم** لەناوەڕاستی شاری بەغداد نێژراوە و ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن و ناشتن و پرسەکەی زۆر شکۆمەندانە بوە و تەنانەت مەلیك فەیسەڵ بۆخۆی بەشداری تیادا کردوە.

وەك بڵێی مێژوو خۆی دووپات دەکاتەوە،ئەوەتا دوای ١٠٠ساڵی ڕێك خاتونێکی بیانی تر هاتۆتە عێراق و بەچالاکی و کار و کردەوەکانی و جموجۆڵ و چالاکیەکانی سەرنجی هەموانی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە  و وەك مسز بێڵ بۆتە ناوێك و کارەکتەرێکی سەرەکی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا و هەموان بەسەرکردە سیاسی و حوکمڕانیەکانەوە لە بەغداد و هەرێمی کوردستانیش گوێی بۆدەگرن و ئامادەی کۆبونەوەکانی دەبن و پرس و ڕاوێژیشی پێدەکەن.ئەو خاتونەش مسز(جەنین هێنیس بلاسخارت)ی تەمەن ٤٩ ساڵی هۆڵەندەیە کە لەدایکبووی ١٩٧٣/٤/٧ و خێزاندارە لەساڵی ٢٠٠٣وە و لەژیانی سیاسی خۆیدا گەلێك پلە و پۆستی بالاَی وەرگرتوە لەهۆڵەندا وەك ئەندامی پەرلەمانی هۆڵەندا لە ساڵانی ٢٠١٠-٢٠١٢ و٢٠١٧-٢٠١٨ و وەزیری بەرگریش بوە لە ٢٠١٢-٢٠١٧ کەسەر بەحیزبی گەل لەپێناو ئازادی و دیموکراسیدایە و پێشتریش بۆتە ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا لەساڵانی ٢٠٠٤-٢٠٠٩ و ٢٠٠٩-٢٠١٠ و لەساڵی ٢٠١٨شەوە لەلایەن ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە  ئەنتۆنیۆ گوانتێرێسەوە دیاریکراوە بەنوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان لە عێراق.

له ئێستادا ئەم خاتونه ڕۆڵی گەورەو بەرچاو دەگێڕێت لەپێناو چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی کێشه و گرفته سیاسیەکان و ململانێ ناوخۆییەکانی عێراق و ڕۆژ نیه سەردانی سەرکردە و لایەنێك نەکات و وەك دەڵێن قاچێکی لەهەرێمی کوردستانه و قاچەکەی تری له بەغداده و لەنێوان هەردوولادا هاتوچۆی گەرموگوڕ دەکات بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی ناکۆکی و گرفت و کێشه قورسەکانی نێوانیان و تاڕادەکیەکی باشیش سەرکەوتوو بوە.

لەناو عێراق خۆشیدا هاتوچۆی مەکوکی دەکات له نێوان هەمووواندا هەر له مەرجەعه باڵاکانی شیعەوە لەنەجەف و سەرکردە سیاسەیەکان له حەنانه و بەغداد و وەك دەڵێن بۆته داشه هارەی یاری و گەمه سیاسیه نەبڕاوەکانی عێراق.

لەنێوان عێراق و وڵاتانی ناوچەکەشدا که کاریگەری و دەستێوەردانیان هەیه له عێراقدا له ئێران و تورکیا و کەنداویەکاندا بەبەردەوام سەردانی مەکوکی دەکات بۆ کەمکردنەوەی هەژموون و کاریگەریان لەسەر عێراق و عێراقیەکان.

ئاشکرایه ئەوەی لەسەر کاری نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان یان تەواوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان زانراوە که هیچ کێشه و گرفتێکی دونیایی چارەسەرنەکردوە و هەمیشه لەپێناو پاراستن و چەسپاندنی ئاشتیدا کاتی زۆری خایاندوە و لەبەرئەوەی بڕیارەکانیشی مولزەم نین زۆرجاران بەگوێشیان نەکردوە.بەڵام بەهەق ئەم خاتونه هۆڵەندیه لەماوەی ٢٠١٨وە تاکو ئێستا به کار و چالاکیه بەردەوام و بەرچاوەکانی، خۆی کردۆته کاراکتەرێکی دیاری سەر شانۆی سیاسی عێراق و لەکاتی تەنگژە و گرفتەکاندا سەردانی هەموان دەکات و دۆخەکان هێوردەکاتەوە و پێشنیاز و ڕای گونجاویش پێشکەش دەکات و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بوێرانەش هەموان بەزمانی دایك (کوردی و عەرەبی) ئاگاداردەکاتەوە لەمەترسیەکان و ئاڵنگاریەکانی ئێستا و ئاینده بۆسەر عێراق و هەرێمی کوردستان لەسایەی گۆڕانکاری و ململانێ سیاسیەکانی ناوچەکه و دونیاشەوە.

بەم شێوەیه عێراق به کوردستانیشەوە،لەئێستادا و دوای ١٠٠ساڵ خاتونێکی بیانی هاوشێوەی مسز بێڵی بەریتانی کاروبارەکانی بەڕێوەدەبرێت و ڕۆڵی گەورە دەگێڕێت. خۆشبەختانەش ئەم خاتونه بەپێچەوانەی مسز بێڵەوە نێوان و پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ کورد زۆر باشه و حەزدەکات ئەم ئەزمون و حوکمڕانیه درێژە و بەردەوامی هەبێت بەوەی که حوکمڕانیەکی ساغڵەم و تەندروستی دیموکراسی و پڕاوپڕ له ئازادیەکان و دادپەروەری بێت دوور لەگەندەڵی و ململانێی ناڕەوا و هەمیشه ئامۆژگاری هەموان دەکات بۆکەمکردنەوەی کێشەکان و چارەسەرکردنیان

لەنێوخۆیاندا و پاراستنی هەموو ئەو دەسکەوتانە وەدەستهاتوون و دووربکەونەوە لەململانێ ناوخۆییەکان .

بۆیە بەهەق ئەم خاتونە بۆتە کاراکتەرێکی دیاری ئەم قۆناغە هەرچەندە وەك مسز بێلْ نمایندەی گەورەترین ولاّتی سەردەمیش ناکات و پالّپشت و پشتیوانی بەهێزیشی نیە وەکو ئەو.بەلاّم بەکاروکردەوەکانی خۆی کردۆتە خاتونێکی دیار و گەشاوەی عێراق.بەهیوای ئەوەی دوای ۱۰۰سالّ لەسەر دەستی ئەم خاتونەدا عێراقێکی نویّ و کۆمارێکی نوێی ئازادی و دیموکراتی و هاولاّتیبوون بچەسپێنرێت و عێراق بەهەرێمی کوردستانیشەوە گەشە و ئاوەدانی بەخۆوە ببینێت و چیتر ڕووباری خوێن و فرمێسکی ۱۰۰ساڵەی ڕابووردوو بەردەوام نەبێت.و هەموان لەو گێژاوە نەبڕاوەیە و لەو هەڵە سیاسیەی سەرەتا ڕزگاریان ببێت.

==========================================================

* ئەم بابەتە لەسایتەکانی وتاری کورد وئاوێنە ودرەو میدیا و خەندان دا لە ڕێکەوتی۲۰۲۲/۸/۱۹ دا بلاّوکراوەتەوە.

# بەڕازیل
# لەنێوان چەپ و ڕاستڕەوە پۆپۆلیستیەکاندا کامیان ؟ *

لەڕێکەوتی ٢/١٠/٢٠٢٢دا لە ولاتی بەڕازیل هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەنجامدرا کە ماوەی سەرۆکایەتی ٤ ساڵە، لەنێوان ١١ کاندیدا و ١٥٦ملیۆن دەنگدەر مافی بەشداریکردیان هەبوە لەکۆی ٢١٤ ملیۆن دانیشتوان و لە بەڕازیلدا دەنگدان بە زۆرە.و لە ڕێگەی سیستەمێکی ئەلکترۆنی دەنگدانەوە پرۆسەکە بەڕێوەچوو و توانرا دوای چەند کاتژمێرێك ئەنجامەکان ڕابگەیەنرێت کە هیچ کام لەکاندیدەکان نەیانتوانیبوو ڕێژەی ٥٠٪ دەنگەکان بەدەستبێن بۆ دەرچوون ، کە تەنها لەماوەی ٢٤ ساڵی ڕابووردوودا لەساڵی ١٩٩٨دا سەرۆك فردیناند کوردۆسۆ لە گەڕی یەکەمدا دەرچوە.هەربۆیە وابڕیارە گەڕی دووەمی هەڵبژاردنی دووبارە لە ٣٠/١٠/٢٠٢٢دا ئەنجامبدرێتەوە لەنێوان تەنها دوو کاندیدا کە بریتین لە:

لویس ئیناسیۆ لۆلادا سیلڤا سەرۆکی پارتی کرێکاران و نوێنەری باڵی چەپ و تەمەن ٧٦ ساڵ کە پێشتر کرێکار بوە لەکارگەیەکی بەرهەمهێنانی ئاسندا و لەسالانی ٢٠٠٣-٢٠١٠دا بۆ دووخول سەرۆکی بەڕازیل بوە،بەلام دواتر لەساڵی ٢٠١٨دا بەتۆمەتی گەندەڵی ماوەی ٥٨٠ ڕۆژ بەندکرا تا لەلایەن داگای بالاوە تۆمەتەکانی لەسەر لابران. و لەگەڕی یەکەمدا توانی ڕێژەی ٤٨٪ دەنگەکان وەدەستبێنێت.بەهۆی ئەوەی کە لە سەردەمی ئەم سەرۆکەی ئێستادا ڕێژەی هەژاری زۆر بەرزبۆتەوە کە ٣٣ملیۆن کەس کاریگەری هەژاریان لەسەرە. لەبەرئەوە هەژارانی بەڕازیل دەنگدەدەنەوە بە لۆلادا سیلڤا بەهیوای نەهێشتن و کەمکردنەوەی هەژاری و باشترکردنی گوزەرانیان کەلەسەردەمی ئەودا گوزەرانی ملیۆنان کەسی باشکردبوو بەهۆی بەرنامە سۆسیالیستیەکەیەوە لەڕێگەی یارمەتی و هاوکاریە کۆمەلایەتیەکان بۆ چینە هەژارەکان.

کاندیدی دووەم بریتیە لە سەرۆکی ئێستا جاییر بۆلسۆنارۆیە کە نوێنەری باڵی ڕاستڕەوە توندڕەوەکانە و تەمەنی ٦٧ ساڵە و پێشتر ئەفسەری سوپا بوە وبە کەسێکی پۆپۆلیستی ناسراوە و توانی کە ڕێژەی ٤٣٪ دەنگەکان وەدەستبێنێت.

بەم شێوەیە لەکۆی ١١ کاندیدەکە تەنها ئەم دوو کاندیدە بەشداری گەڕی دووەمی دەنگدان دەکەنەوە.پێشبینی و چاوەڕوانیەکان زۆر نزیك و تێکەڵن بەهۆی نزیکی ڕێژەی دەنگی هەردوو کاندیدکەوە و هەردووکیان تاڕادەیەك بەهێزن هەرچەندە لۆلادا سیلڤای چەپ لە پێشەوەیە.

چەپەکان لایەنگری یەکسانی و نەهێشتنی هەژاری و برسێتین و لایەنگری خوێندن و چالاکیە وەرزشیەکان و کەلتوری رۆشنبیرین و لۆلادا سیلڤا لەسەردەمی سەرۆکایەتی خۆیدا توانیبووی کە لەڕێگەی یارمەتی کۆمەڵایەتیەوە بۆ چینە هەژارەکان لایەنگری و دەنگی زۆرینەیان وەدەستبێنێت و لە ئێستاشدا هەر ئەوانن کە لایەنگری و پشتیوانی دەکەنەوە بۆ بونەوە بەسەرۆك بەهیوای باشترکردنی ژیان و گوزەرانیان و ڕزگارکردنیان لەهەژاری.بەهەمان شێوە لایەنگری ژینگە و پاراستنی دارستانەکانی ئەمازۆنە کە بەسیەکانی گۆی زەوی ناسراوە و گرنگیەکی گەورەیان هەیە بۆ بەرازیل و هەموو دونیاش هەربۆیە لایەنگرانی ژینگەپارێزەکانیش پشتیوانی لێدەکەن.

لەبەرامبەردا سەرۆك بۆلسۆنارۆی ڕاستڕەو و پۆپۆلیستی لایەنگری دەوڵەمەندەکانە و دژی دەستکاری نەکردنی ژینگە و دارستانەکانی ئامازۆنە و پێیوایە کە دەبێت بەشێکی بخرێتە خزمەتی ئابوری ولاتەوە بۆیە ژینگە پارێزەکان دژایەتی دەکەن. گومانی زۆریشی هەیە لە سیستەمی ئەلکترۆنی دەنگدان و دەترسێت لە ساختەکاری تیایدا بەقازانجی لۆلادا سیلڤا و زۆر بەتوندی دژایەتی دەکات و لە کۆتا ڕووبەڕووبونەوەی تەلەڤزیۆنیدا لۆلای بە ( سەرۆکی دەستەیەکی تاوانکاران ) ناساند و وتی کە(دەوڵەتی بەدزەکان بەڕێوە بردوە) وتۆمەتی (گەندەڵ)ی داوەتە پاڵ و وتوشیەتی کە (بەندکراوی پێشتووترە).

لەبەرامبەریشدا لۆلا سەرۆکە پۆپۆلیستیەکەی بە شاردنەوەی دەستخستنی سەروەت و سامانی نارەوا تۆمەتبار کرد لەکاتی پەتای کۆرۆنادا کە ٦٨٠ هەزار بەرازیلی مردن بەوەی کە لەکاتی کڕینی دەرزی کۆرۆنادا گەندەڵی زۆر کراوە و هەروەها بە (درۆزن)یش وەصفیکرد.

بەم شێوەیە ململانێیەکی توند هەیە لەنێوان لایەنگرانی هەردوو کاندیدەکەدا و لە ئێستاوە تا ٣٠/١٠ بەرازیلیەکان دەبنە دووبەشەوە و هەرلایەك لایەنگری و پشتیوانی کاندیدە دڵخوازەکەی خۆی دەکات و لەو نێوەندەشدا بەدڵنیایی کەسانێکی زۆر هەن کە تائێستا ڕای خۆیان یەکلانەکردۆتەوە بۆ هیچکامیان.

ئەم هەڵبژادنەی بەرازیل لەم قۆناغ و کات و ساتەی دونیای پێداتێدەپەڕێت زۆر گرنگە بەهۆی جەنگی نێوان ڕوسیا و ئۆکراینا و دابەشبوونی ئەوروپا و ئەمریکا و دۆستەکانیان لەبەرامبەر ڕوسیا و لایەنگرانیدا و بەرزبونەوەی نرخەکانی نەوت و کاڵاو والاکان لەجیهاندا کە کاریگەری لەسەر تەواوی جیهان داناوە.بۆیە هیوای هەژارەکان بەسەرۆکی داهاتوو بۆ ئەوەیانە کە بتوانێت ژیان و گوزەرانیان باش بکات.

لەکاتێکدا بەڕازیل گەورەترین وڵاتی کیشوەری ئەمریکای لاتینیە و یەکێکە لە ٧ وڵاتە پیشەسازیە گەورەکەی دونیا و لە ڕێکخراوێکدا لەگەڵ هند و چین و ڕوسیادا پێکەوەن و لە کۆتا دانیشتنی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگکرتوەکانیشدا بەڕازیل و چین و هند و گابۆن دەنگیان نەدا بەپرۆژە یاسایەك کە لەلایەن ئەمریکاوە پێشکەش کرابوو بۆ دانپیادانەنانی داگیرکاری و خستنە سەر خاکی ڕوسیا بۆ ٤ هەرێمی ئۆکراینا.هەموو ئەمانە ئەمریکا بەدژایەتی سیاستەکانی خۆی دادەنێت لەلایەن بەڕازیلەوە هەربۆیە ڕەنگە ئەمریکا پێی خۆش بێت کە لۆلادا سیلڤا ببێتەوە بە سەرۆك لەجیاتی ئەم سەرۆکەی کەماوەکەی تەواو بوە ،وەك تۆڵەسەندنەوەیەك لێی و گەڕانەوەی بەڕازیل بۆ فەلەکی ئەمریکا ،چونکە هەمیشە ئەمریکا کیشوەری ئەمریکای لاتین بە باخچەی دواوەی ماڵی خۆی دەزانێت و ڕێگە نادات کە ڕوسیا و چین و ...هتد.دەسەلاَت و نفوزیان فراوان بکەن لەو کیشوەرەدا.

هەموان چاوڕوانی ١٠/٣٠ین بۆ یەکلاییکردنەوە و دیاریکردنی چارەنوسی بەڕازیل و بەڕازیلیەکان لانی کەم بۆ ٤ ساڵی ئایندە.

==========================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ ٢٠٢٢/١٠/١٧دا بلاٚوکراوەتەوە.

# عفرینی کوردان
# لە ژێر بەزەیی شەڕی نێوان میلیشیا چەکدارەکاندا بەرەو کوێ ؟ *

ئاشکرایە کە سوپای تورکیا لە ١٨/٣/٢٠١٨دا بەهێزێکی زۆرەوە شاری عفرینی کوردانی خۆڕاگری داگیرکرد لە بەرچاوی هەموو جیهان بە زلهێزە دونیاییەکان و ناوچەکەوە و هەمووان بێدەنگیان هەڵبژارد و بۆ دەیان جاری تر کوردانیان کردە قۆچی قوربانی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوری و ئەمنیەکانیان و بۆ جارێکی تریش کوردیان کردە کارتێکی سووتاو لەمامەڵە و ڕێکەوتنە ژێربەژێر و نهێنیەکانیاندا،ئەوەتا ماوەی ٤ ساڵ و زیاترە عفرینی خۆڕاگر دەناڵێنێت لەژێر دەسەلاتی داگیرکاری و سیاسەتە شۆڤێنی و نامرۆڤانەییەکانی ئەردۆگان و تورکیاوە و سەرەڕای ئەوەش لە ئێستادا عفرین و دەوروبەری و چارەنوسەکەی ڕادەستی جۆرەها میلیشیای توندڕەوی ئیسلامی کردوە کە لەناوخۆیاندا و لە پێناو بەرژەوەندی تورکیا و فراوانکردنی ڕووبەری نفوز و دەسەلاتی خۆیان کەوتونەتە شەڕێکی ناوخۆیی ماڵوێرانکەر کە تەنها و تەنها کورد و کوردستانی ڕۆژئاوا زەرەرمەندی یەکەم دەبن. ئیدی لەوکاتەوەی کە عفرین داگیرکراوە بە جۆرەها شێوازی نامرۆڤانە و لەڕێگەی میلیشیا چەکدارەکانی سەربەخۆیەوە تورکیا کەوتۆتە ڕاوەدوونان و کوشتن و بڕینی کوردان و زەوتکردنی ماڵ و موڵك و ڕەز و باخەکانیان و تەنانەت بڕینەوەی دار زەیتونەکانیان و وەرگرتنی باج و سەرانە بەزۆر و چەندین کاری نامرۆڤانەی تر.ئەمەشی تەنها بۆ چاوترساندنی کوردان و ملکەچپێکردنیانە.بەلاَم لەلایەك ڕۆحیەتی بەرخۆدان و مقاوەمەتی کوردان بە ئاشکرا و نهێنی بەردەوامە و لەلایەکی تریشەوە شەڕی نێوان ملیشیاکانی سەر بەتورکیا بەردەوامە و ئەمەش وایکردوە کە ناوچەکە نائارام بێت و تورکیاش خەرجیەکی زۆری بکەوێتە ئەستۆ.

ئاشکرایە تورکیا لەئێستادا لەناوخۆی خۆیدا بەدەست دەیان کێشە و ململانێی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و جەماوەریەوە دەناڵێنێت و ئەردۆگان و ئاکاپە لەبەرامبەر هێزە ئۆپۆزسیۆنەکاندا لە پاشەکشەی جەماوەری و دەنگدایە و بەڕادەیەك بۆتە پارتێکی تەریك و نامۆ و هەر لە ئێستاوە ترسی دەرنەچوون و سەرنەکەوتنی هەیە لەهەڵبژاردنی ساڵی ئایندەی ٢٠٢٣دا.تورکیا لەڕووی سیاسیەوە کێشەی گەورەی لە گەڵ هاوبەشە ئەوروپییەکان و ئەندامانی ناتۆدا هەیە،لەناوچەکەش لەگەڵ هەموو دراوسێکانیدا پەیوەندیەکانی خراپە و هەوڵی زۆری داوە کە پەیوەندیەکانی لەگەڵ هەریەکە لە سعودیە و میسر و ئیسرائیل و ...هتد.ئاسایی بکاتەوە.بەهۆی جەنگی ڕوسیا

ئۆکرایناشەوە دۆخێکی نەخوازراوی بۆ هاتۆتە پێش و ڕەنگە لە ئایندەشدا بە فشاری ناتۆ ببێتە بەشێکی ڕاستەوخۆ لەو شەڕەدا و ناتۆ و ئەمریکا، تورکیا بکەنە سەنگەری یەکەمی ڕووبەڕونەوەیان لەگەڵ ڕوسیادا.لەڕووی ئابوریشەوە لە پاشەکشەی گەورە و بەردەوامدایە.هەربۆیە تورکیا بەنانەوەی ئەم جۆرە گێچەڵ و شەڕانەی لەدەرەوەی سنورەکانی گەرەکێتی پشتیوانی ناوخۆیی بۆ سیاسەتەکانی وەدەستبێنێتەوە بەناوی پاراستنی سنور و ئەمنیەتی وڵات و وەستانەوە دژی تیرۆریستان کە مەبەست تەنها کورد و هێزە شۆڕشگێڕەکانیتی لە ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان.بەلاٚم وەك دەوترێت گلۆڵەی ئەردۆگان و ئاکاپە کەوتۆتە لێژی و مەحاڵە هێز و توانای پێشووتری مابێت و بتوانێت زیاتر بەرگەی ئەو هەموو فشارە ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانیانە بگرێت.

ئەوەتا ماوەی سێ ڕۆژی بەردەوام شەڕی ناوخۆ لەنێوان دوولایەنی چەکدار کە هەردووکیان سەر بەتورکیان شەڕی خوێناوی ڕوویداوە و تائێستاش بەردەوامە،تەنها و تەنها بۆ فراوانکردنی ناوچەی نفوز و دەسەلاٚتیانە لە دەوروبەری شاری عفرین و جەرابولس و عەزاز.ئەوەتا چەکدارانی (**الجیش الوطنی السوری**) کە لە چەند گروپێك پێکهاتوە وەکو( فیرقەی هەمزە و سلێمان شا وئەحرار الشام) پاڵپشتی لە (هەیئەی تحریر الشام ) دەکەن کە پێشتر بەناوی( جەبهەی نوسرە) وە چالاکیان ئەنجام دەدا کە باڵێکی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی تیرۆریستی بوون لە سوریا. هەموو ئەم گروپانە شەڕ دژی هاوپەیمانی (قەیلەقی سێ )دەکەن کە ئەمیش لە چەندین گروپی چەکداری تۆوەندڕەو پێکهاتوە وەك ( جەبهەی شام و جەیشی ئیسلام).

لەم شەڕانەدا هەیئەی تحریری شام توانیان سەرکەوتن بەدەستبێنن ،دوای ئەوەی کە چەکدارانی هاوپەیمانی فەیلەقی سێ کشاونەتەوە بەرەو عەزاز و چەندین جێگەی دەوروبەری عفرین و ناوشاری عفرینیش کۆنترۆڵ بکەن.ژمارەیەك کوژراو بریندارى زۆریش هەیە .

ئەم شەڕی گروپە چەکدارانە لەسایەی سیاسەتی دووفاقی تورکیای فاشیزمەوە بۆتە کارێکی ڕۆژانە و تەنها و تەنها ماڵوێرانی زیاتر دەخەنەوە بۆ ناوچەکە و دانیشتوانەکەی.هەموو ئەمانەش لە سایە و چاودێری و بە فیتی تورکیا دەکەن لەوکاتەوەی لە ساڵانی ٢٠١٦-٢٠١٨ سوپای تورکیا لەدوو کردەوەی سەربازی بەناوی (درع الفرات و غصن الزیتون)ئەو ناوچانەی داگیرکرد.

تورکیا بەم کارانەی کە بێدەنگی هەڵبژاردوە لەم شەڕە ناوخۆییانەی میلیشیاکان، گەرەکێتی دەسەلاٚتی خۆی تابێت بەردەوام بسەپێنێت و بەمەش شاری عفرین زیاتر دابڕێت لە ڕۆژهەلاٚتی کوردستانی سوریا.بەداخیشەوە دونیاش لەم سیاسەتە شۆڤێنیانەی تورکیا بێدەنگە و سوریا و دەوڵەتەکەشی لاواز و

بێهێزە وناتوانێت بەر بەو سیاسەتەی تورکیا بگرێت و ڕەنگیشە سوریا و حکومەتەکەی بەشار ئەسەدیش ئەم شەڕانەی پێ باش بێت بۆئەوەی لە کۆتایدا تەنها لایەنێکی بەهێز بمێنێتەوە بۆ گفتوگۆ و ڕێکەوتن لەگەڵیدا نەك دەیان گروپی چەکداری کەهەریەکەیان ئەجێندای تایبەتی خۆی هەیە و دانوسان لەگەڵیاندا سەخت و دژوار دەبێت.لەولاشەوە هیچ نەرمیەك نانوێنێت بەرامبەر دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری کوردانی کوردستانی سوریا بۆئەوەی بتوانن پێکەوە ڕووبەڕووی مەترسی و ئاڵنگاری و سیاسەتە پاوانخوازی و فراوانخوازیەکانی تورکیا ببنەوە.

بەم شێوەیە تورکیا سوورە لەسەر سیاسەتەکانی دژ بەکوردان لەهەر جێگەیەکی دونیا بێت.و لەو پێناوەشدا لەماوەی چەند مانگی ڕابووردوودا گەرەکی بوە کە لەگەڵ بەشار ئەسەد دابنیشێت و ڕێکبکەون بەمەبەستی ئەوەی بە پشتیوانی هەردوولا و لەڕێگەی ئەم میلیشیا چەکدارانەوە جارێکی تر شەڕی دژی کوردان دەستپێبکەنەوە و لانی کەم دەوڵەتی سوریا و سوپاکەی بگەڕێنەوە کوردستانی ڕۆژئاوا و ئەو ئەزمونی دەسەڵاتە کوردیە لەناوببنەن بەمەش هەردووکیان تورکیا و سوریا قازانج و دەسکەوتیان دەبێت و لەکۆتایشدا بەهەردووکیان ئەو گروپانە لەناودەبەن و دەگەنە ئامانجی خۆیان بەلەناوبردنی کورد و دەسەڵاتەکەی و بەناوی یەکویەکگرتوویی خاك و گەلانی سوریاشەوە ،سوریاش تاڕادەیەك توانا و هێزی بۆ دەگەڕێتەوە، هەموو ئەم سیناریۆیانە سەردەکەون گەر ئەمریکا و هاوپەیمانان ڕێگەیان پێبدەن و بۆ دەیان جاری تر پشت بکەنە کورد و قوربانیەکانی ١٢ ساڵی ڕابووردووی دژی داعش و تەواوی گروپە تیرۆریستیەکان.بەداخەوە لە دونیای سیاسەتی ئەم سەردەمەدا هیچ بەها و ئەخلاق و ماف و ڕەوایی نەماوە و تەنها و تەنها بەرژەوەندی و دەسکەوتە مادیەکان ڕۆڵ دەبینن.بەهیوای ئەوەی دونیای دیموکراسی ئەمریکا و ئەوروپا نەکەونە ژێر فشارەکانی تورکیا و ڕوسیا و داواکاریەکانی ئێرانەوە کە بەداخەوە هەرسێکیان دوژمنی مەسەلەی کوردن لەناوچەکە و دونیاشدا.

==================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا لە ڕێکەوتی ١٩/١٠/٢٠٢٢دا بلاۆکراوەتەوە.

# جیهان بۆتە جەنگەڵستان
# و بەهێزەکان کەوتونەتە گیانی لاوازەکان ! *

ئاشکرایە هێرش و پەلاماری ڕوسیا بۆ سەر ئۆکراینا لە بەرەبەیانی ٢٠٢٢/٢/٢٤دا دەستیپێکرد و تائێستا ٧ مانگ زیاترە بەردەوامە.و ڕوسیا توانیویەتی کە مەرامە سەرەکیەکانی خۆی وەدەبیبێنێت لە داگیرکردنەوەی ٤ هەرێمی سەرسنوری خۆی و گەڕانەوەیان بۆ سەر خاکی ڕوسیا ،ئەمە و سەرەڕای ئەوەی کە هەرێمی قرم-کریمای پێشتر داگیرکردبۆوە.ئەم ناوچانە زۆر گرنگن لەڕووی ئابوری و سیاسی و ئەمنی و پیشەسازی و خۆراکیەوە بۆ ئۆکراینا.چونکە سەرچاوەی گرنگی خۆراك و دانەوێڵە و پیشەسازی و بە کانزاکردنن بۆ ناوخۆ و بۆ جیهانیش.

هێشتا شەڕ بەردەوامە و ڕەنگە بەردەوامیش بێت تا ڕوسیا تەواوی کۆماری دۆنتسیکی میللی بەتەواوەتی دەگێڕێتەوە سەر خاکی ڕوسیا.

ڕوسیا بەم داگیرکردن//گێڕانەوەی خاکەکەی توانیویەتی ٢١٪ ڕووبەری خاکەکەی زیاد بکات بەزیادکردنی ٢١٪ ژمارەی دانیشتوان و پیشەسازی و خۆراکیشەوە.لەگەڵ زیادبوونی کێشە و گرفتەکانیشیان و دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ئەو هەرێمانەش کە دەخەملێنرێت بۆ هەریەکێکیان بە بڕی٣٥ملیار دۆلار.

ڕوسیا لە ڕۆژانی ٢٣-٢٠٢٢/٩/٢٧ ڕاپرسیەکی لەو ٤ هەرێمەدا سازدا بۆ گێڕانەوەیان بۆ سەر خاکی ڕوسیا:ئەنجامەکان بەم شێوەیە بوون:

دۆنتسیك ٩٩,٢٪ بە بەڵێ

لۆگانسیك ٩٨,٤٪ بە بەڵێ

خێرسون ٨٧,٥٪ بە بەڵێ

زابارجۆجیا ٩٣,١٪ بە بەڵێ

بەم شێوەیە زۆرینەی ڕەها دەنگیان بە گەڕانەوە بۆ سەر خاکی ڕوسیا داوە.بۆخۆی ئەم دەنگدانە لەژێر سایەی ترس و تۆقاندنی ڕوسیادا بوە و زۆرینەی دانیشتوانەکانیشیان چوونەتە دەرەوەی ناوچەکە ئەوانەی دژی ڕوسیا بوون.هەربۆیە بەلای زۆرینەی وڵاتانی جیهانەوە بە ناشەرعی لە قەڵەم دەدرێت.

ئۆکراینا ،٢١٪ خاك و خەڵك و ئابوری لەدەستدا و زۆر گرنگ بوون بۆ ئۆکراینا لەڕووی ئابوریەوە.وەك سەرچاوەی دانەوێڵە و کارگەی گەورەی پیشەسازی کیمیاویات و بەکانزاکردن.

لەبەرامبەردا ڕووسیا:

١. گێڕانەوەی خاکە مێژووییەکانی خۆی کە لەساڵی ١٩٩١وە دوای ڕووخاندنی یەکێتی سۆڤیەت لەدەستیدابوون.

٢. ئەم ناوچانە زۆرینەی خەڵکەکەی ڕوسن.

٣. ٨ملیۆن کەس ژمارەی دانیشتوانی ڕوسیا زیاد دەکات.کە ٢١٪ دانیشتوانی ئۆکراینان.

٤. ڕووبەری ڕوسیا بەڕێژەی ٦,٠٪ زیادە دەکات کە دەکاتە ١٠٨٨٤٠ کم٢.کۆی ڕووبەری ئەو ٤ هەرێمە یەکسانە بەڕووبەری ڕۆمانیا.

ڕوسیا لە ٢٠٢٢/٩/٣٠دا بەڕەسمی ئەنجامی ڕاپرسیەکەی پەسەندکرد و هەر ٤ هەرێمەکەی بە واژۆکردنی پۆتین لەگەڵ ٤ سەرۆکی هەرێمەکەدا بەڕەسمی گەڕاندەوە سەر خاکی ڕوسیا.

هەر دوێنی شەو ئەمریکا و ئەلبانیا پڕۆژە بڕیارێکیان پێشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی نەتەوە یەکگرتوەکان پێشکەشکرد بۆ ڕەتکردنەوە و دانپیادانەنانی ئەو هەنگاوەی ڕوسیا.بەڵام تەنها ١٠ وڵات بەبەڵێ دەنگیاندا و ٤ وڵاتی چین و هند و بەڕازیل و گابۆن دەنگیان نەدا و ڕوسیاش خۆی مافی ڤیتۆی بەکارهێنا وبەمەش پڕۆژە بڕیارەکە ڕەتکرایەوە.

بەم شێوەیە ڕوسیا تائێستا لەسەر زەمین و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی سەرکەوتووبوە لەبەرامبەر هەموو هەوڵە سیاسی و ئابوری و ئەمنی و سەربازیەکانی ئۆکراینا و ئەمریکا و ئەوروپا و ناتۆدا.

بەڵام پێناچێت ڕوسیا تاسەر بتوانێت هەم خۆڕابگرێت و هەمیش هەنگاوی زیاتر بنێت بە ئاڕاستەی بەردەوامبوونی جەنگەگە.ڕەنگە جەنگەکە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ بەردەوام بێت.

گەر ئەمریکا و ناتۆ لەماوەیەکی نزیکدا بەتوندی وەڵامی ڕووسیا نەدەنەوە ئەوا ئەم هەنگاوانەی ڕوسیا دەبنە هەنگاوی دیفاکتۆ و تاسەر بەردەوام دەبن.لەکاتێکدا ئەمریکا لەسایەی سەرۆکێکی خڵەفاو و پارتی دیموکراتەکانەوە بەڕێوەدەبرێت ئومێدی وەڵامی توند ناکرێت، وەك ئەوەی لەگەڵ عێراق و صدام حسێندا کرا لەپای داگیرکردنی کوێت لەسەردەمی جۆرج بۆشی باوك و پارتی کۆماریەکاندا.

لەکۆتایشدا تەنها ئۆکراینا و گەل و خاکەکەی دەبنە پێخۆری بەرژەوەندیەکانی زلهێزەکان و تا قۆناغ و سەردەمێکی تری گۆڕاوی جیهان.کە بۆخۆی بۆتە جەنگەڵستانێکی گەورە و تیایدا بەهێزەکان لاواز و بێهێزەکان قوتدەدەن و هیچ مانایەك بۆ سەروەری وڵاتان و مافەکانی مرۆڤ و گەلان و ئازادی و دیموکراتی نامێنێتەوە.ئۆکراینا بە بێهێزی و داگیرکراوی دەمێنێتەوە.

=====================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/٢٠دا بلاۆکراوەتەوە.

# کۆنگرەی بیستەمی حیزبی شیوعی چین و دنیابینی بۆ ئاینده *

لەولاتی چین و ماچین(گەورەترین ولات لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە ١٤١٢٦ ملیار کەس) ڕووداوی هەرە گرنگ و گەورە لە ڕۆژی ١شەممە و ١٦/١٠/٢٠٢٢ دا ڕوویدا کە بریتی بوو لەبەستنی کۆنگرەی بیستەمی حیزبی شیوعی چینی لە ژێر دروشمی(گەورەیی // نەمری بۆ چەکوش و داس) لە هۆڵی گەورەی گەل لە شاری پەکینی پایتەخت و لە خۆرئاوای گۆڕەپانی بەناوبانگی تیانامین. لەسایەی ڕێوشوێنێکی ئەمنی توندا، بەبەشداری ٢٣٠٠ئەندام کۆنگرە بەنوێنەرایەتی ٩٥١٤٨٠٠٠ ئەندام کە تیایدا ژنان و نوێنەرانی کەمە نەتەوەکان لەهەموو لایەك و ناوچەیەکی ولاتەوە بەشداریان تیادا کردبوو لەپاڵ کەسایەتیە پسپۆڕەکان لەهەموو بوارەکاندا.ئەم کۆنگرەیە ماوەی ١ هەفتەش دەخایەنێت.ئەندامانی کۆنگرە مەرجە کە لایەنگری سیاسەتەکانی سەرۆك شی بن و پەیوەستبن بە پەیڕەوی ناوخۆی حیزبەوە کەوەك دەستورێکی ڕێکخراوەیی وایە.

کۆنگرەکە بە وتاری سەرۆك شی دەستپێکرد کە بۆ ماوەی ١:٣٠ خولەك قسەی کرد تایبەت بە ئیشوکار و دەسکەوت و کێشە و قەیرانەکان و ...هتد. لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابووردوو.کە ئەم جارە بەبەراووردا بە وتاری ساڵی ٢٠١٧ زۆر کورتبوو کە ئەوکات ماوەی سێ کاتژمێر وتاری دا.

ئاشکرایە حیزبی شیوعی چین لەساڵی ١٩٢١وە دامەزراوە لەلایەن لی تاتشاو یەکەم سەرۆك حیزب ودەوڵەت.زۆربەی چاودێران پێیانوایە کە بۆ جاری سێیەم سەرۆك شی جینبینگ هەڵدەبژێردرێتەوە کە ئەمە یەکەم جارە کاری وابکرێت لەدوای سەرۆك ماوتسی تۆنگەوە.

کارەکانی ئەم کۆنگرەیە بریتی دەبێت لە:

١. هەڵبژاردنی لیژنەی مەرکەزی نوێی حیزبی شیوعی چینی .

٢. گۆڕانکاری لەسەر ئاستی کادرەکانی مەکتەبی سیاسی کە وەك چێشتخانەی دروستکردنی بڕیارە تایبەتەکان بە سیاسەتی چین دادەنرێت.

هەرچەندە دەویسرێت واپیشان بدرێت کە حیزب لەناوخۆدا یەك و یەکگرتوو پتەوە بەڵام چاودێران باس لە بوونی ململانێ دەکەن لەنێوان باڵە جیاوازەکانی حیزبدا بۆ گەیشتن بەدەسەلات.

لەبەرامبەردا سەرۆك شی توانیویەتی کۆنترۆڵی تەواوی حیزب و جومگە گرنگەکانی دەوڵەتیش

بکات له هەرسێ جومگەکەدا : کە بریتین لە( سوپا و دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندە و دامودەزگا ئەمنیەکان).دوای ئەوەی کە توانی هەموو دژ و ڕەخنەگرەکانی دووربخاتەوە.

سەرۆك شی تەمەن ٦٩ ساڵ ،لەدوای ماوتسی تۆنگەوە کە پێگەیەکی گەورە و بەهێز هەبوو وە ببوە سیمبول و کاریزمای حیزب و دەوڵەتی چین بۆتە دووەم سەرۆکی حیزب و دەوڵەت کە هالەیەکی گەورەی بۆ دروستکراوە و تەنانەت لە خوێندنگاکاندا (فکری شی)دەخوێنرێت.

ئەم کۆنگرەیە لەکات و ساتێکدا دەبەسرێت کە چین ڕووبەڕووی کۆمەڵ گەلێك کێشە و گرفتی گەورە دەبێتەوە لەوانە:

١. دروستبوونی کێشە و گرفت لەبەردەم ئابوری چیندا.
٢. خراپبوونی پەیوەندیەکانی چین و ئەمریکا.
٣. سیاسەتی (سفر توشبوی کۆڤید)کە بەتەواوەتی چینی لە جیهان دابڕیوە.
٤. کێشەی ئازادیەکان و پەیوەندیەکان لەگەڵ هۆنگ کۆنگدا.
٥. کێشەکانی چین و تایوان.

سەرۆك شی کە ماوەی ١٠ ساڵە ڕابەرایەتی هەڵمەتێکی پاکسازی و دژە گەندەڵی دەکات لە حیزب و حکومەتدا و بەڵێنی داوە کە (پڵنگەکان و مێشەکان)لەناودەبات وەك ئاماژەیەك بۆ سەرکردە گەورە و فەرمانبەرە بچوکە گەندەڵەکان. و لەسایەی ئەم هەڵمەتەدا گەلێك لە نەیارەکانی پاکتاوکردوە بۆئەوەی بەتەواوەتی کۆنتڕۆڵی تەواوی حیزب و حکومەت بکات،بەپێی ئاماری ڕەسمی ١,٥ ملیۆن کەس سزادراون و لەسەرەتای ساڵی ٢٠٢٢وە فەرمانی سزادان بۆ ١١١٠ کەس دەرکراوە کە لەنێویاندا وەزیری دادی پێشوو و جێگری وەزیری ئەمنی گشتی تیادابوە.بەمەش لەلایەن ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتیەوە چین هەنگاوی باشی بڕیوە بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی.

ئەو کارانەی کە ڕەخنەی پێدەگیرێت لە سەرۆك شی بریتین لە:

١. بەرتەسککردنەوەی ئازادیەکان.
٢. سەپاندنی بەزۆری سیاسەت و بڕیارەکان بەسەر نیمچەدورگەی هۆنگ کۆنگدا کەلەساڵی ١٩٩٧وە گەڕاوەتەوە سەر خاکی چین و سەرۆك شی بنەمای (یەك وڵات و دوو سیستەم)پیادەکات و دەڵێت پێویست بەگۆڕانکاری ناکات.
٣. گرژکردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ تایواندا.

٤. ئەو کارەساتە مرۆییەی کە لە مانگی ٨/٢٠٢٢دا لەناوچەی شینجیانگ ڕوویدا بۆ کەمینە مسوڵمانەکانی ئیگۆر کە نەتەوە یەکگرتوەکان دەڵێت (ڕەنگە تاوانی جەنگ ڕوویدابێت).

لەبەرامبەردا کار و دەسکەوتی سەرۆك شی بۆتە هۆی ئەوەی کە زۆرینە دەنگی پێبدەنەوە و پشتگیریشی بکەن کە بریتین لە:

١. بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و وەدیهێنانی خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن و گەشەی زیاتر بۆ چین.

٢. دامەزراندنی گەورەترین ئستوڵی دەریایی لەسەر ئاستی جیهان.

٣. ڕێکخستنەوەی هەیکەلی گەورەترین سوپای پرۆفیشناڵ.

٤. پێشخستنی جبەخانەی ئەتۆمی و بالیستی کە نەیارەکانی تۆقاندوە.

٥. لەڕووی ئابوریشەوە چینی کردۆتە دووەم گەورە هێزی ئابوری لەجیهاندا لەدوای ئەمریکاوە.

٦. دەستەبەردارنەبوون لە دروشمی (یەك وڵات و دوو سیستەم)تایبەت بە هۆنگ کۆنگ و تایوان و ئەمەش ڕای گشتی پشتگیری لێدەکات. هەرچەندە تایوان ئەمە ڕەتدەکاتەوە.

٧. داواکاری گەڕانەوەی تایوان بۆ سەر خاکی چین دوور لە بەکارهێنانی هێز ،لەکاتێکدا ئەو مافەی بۆ چین پاراستوە.

دنیابینی سەرۆك شی و چین بۆ ئایندە:

١ .سەرۆك شی بەهەموو شێوەیەك عەقڵیەتی قۆناغی جەنگی سارد ڕەتدەکاتەوە.

٢ . بنەمای دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتان و داگیرکاری ڕەتدەکاتەوە.

٣ . بنەمای پێوانەکردن بە دوو پێوانەی جیاواز ڕەتدەکاتەوە.

٤ . چین بەهیچ جۆرێك نیازی فراوانخوازی نیە.

بەم شێوەیە چین لانی کەم بۆ ماوەی ٥ ساڵی ئایندە لەسەر بڕیار و ڕاسپاردەکانی ئەم کۆنگرەیە پلان و بەنامەو و دیدگا و دونیابینی خۆی لە ناوخۆی حیزب و چین و ناوچەکە وجیهاندا پیادە دەکات، هەوڵی گەیشتنی بە بەرزترین ئاستی ئابوری و هێزی چەکداری و ئەتۆمیش دەدات و بە سیاسەتێکی هێمن و لەسەرخۆ و دوور لەهەلاّی ڕاگەیاندن و هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە و پیلانگێڕی نهێنی هەروەك ڕابووردوو کار بۆ بەهێزکردنی زیاتری چین دەکات .کە بەهەق بۆتە مەترسی گەورە بۆسەر زۆرینەی وڵاتانی ناوچەکە و دونیا و بەتایبەتیش ئەمریکای گەورە ڕکابەری

و ڕەنگە چین لەدەیە ساڵی داهاتوودا کێبڕکێ بکات لەسەر ئاستی پلەی یەکەمی لەجیهاندا و پاشەکشە بە ئەمریکاش بکات.

بۆیە ئەم کۆنگرەیە گەلێك گرنگ و هەستیارە بەتایبەتیش لەم قۆناغەی جەنگی ئۆکراینا ڕوسیادا و مەترسی بلاوبونەوەشی بۆ ناوچەکە و دونیاش و تێوەگلانی چین و ولاتانی تریش،هەربۆیە هەموان بەچاوی ترس و دلەڕاوکێوە دەڕواننە بڕیار و ڕاسپاردەکانی ئەم کۆنگرەیە.

============================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نویٰ دا لە ڕێکەوتی ٢٣/١٠/٢٠٢٢دا بلاوکراوەتەوە.

# شەڕ باشترین چارەسەر بۆ چەسپاندنی ئاشتی ! *

ئاشکرایە لەکوردەواریدا لە مێژە وتراوە ( شەڕ لە بەتاڵی باشترە) !الەلایەك لە بێ ئیشی ڕزگارت دەبێت و لەلایەکی تریشەوە کۆتایی بە قۆناغێکی درێژخایەنی نائارامی دەروونی و جەستەیی دەهێنێت، بەهەمان شێوە وتەیەکی عەرەبی هەیە کە دەڵێت (**بعد العدواة حلاوة**)، هەردووك ئەم دوو وتەیە مانای شاراوە و گرنگیان هەیە و ئاماژە دەدەن بۆ ئەوەی کە هەمیشە شەڕ و هەلآیسانی لە ململانێیەکی گەرمی ئاشکراو ونهێنی باشترە وەك لەوەی هەمیشە لە حاڵەتی جەنگێکی دەروونی تاقەت پڕوکێنەردا بیت و نەزانیت کەی دەستپێدەکات و لەکوێوە دەستپێدەکات و لە چ کاتێکیشدا کۆتایی دێت. ئاشکرایە مرۆڤ بە سروشتی خۆی هەمیشە لەو هێزانە ترساوە کە نادیارن و نایانناسێت یان هێشتا تاقینەکردونەتەوە و نازانێت کاریگەری و ئاسەواری خراپ و باشەکانیان چییە؟ هەربۆیە هەمیشە لە حاڵەتێکی ترس و دڵەڕاوکێدا دەژێت.جا کاتێك شەڕ و ڕووبەڕووبونەوە ڕوودەدات و ماهیەتی ئەو هێزە شاراوەیەی بۆ دەردەکەوێت ئەوکات دەتوانێت پلان و ئامادەسازی بکات بۆ ڕووبەڕووبونەوەی و زۆرجارانیش بەسەریدا سەرکەوتوە. کەواتە هەلآیسانی شەڕ لەزۆر حاڵەتدا باشترە لە ململانێیەکی دوورودرێژ و نەبڕاوە لەنێوان کەسەکان و ولآتان و پارت و سەرکردە سیاسیەکانیشدا،چونکە لەکاتی جەنگەکەدا هەردوولا هێز و توانای یەکتریان بۆ دەردەکەوێت و کاتێك زانیان کە ناتوانن بەشەڕ کۆتایی بەناکۆکیەکانیان بێنن ئەوکات دەگەنە بڕوایەکی تەواو بەوەی کە دەبێت ئەو شەڕە سەپێنراو و نەگریسە کۆتایی پێبهێنن،ئەم کارەش ئاشکرایە لەڕێگەی دیبلۆماسیەت و گفتوگۆ و دانوسانەوە دەبێت و ئەنجامیش ئاشتیەکی پتەوتر و چەسپاوتر دەسەپێنرێت و هەردوولای شەڕەکەش پابەندەبن پێوەی گەر بە شێوەیەکی دادپەروەرانە کۆتاییان پێهێنابێت و هیچ لایەکیان هەست بە مەغدوریەت نەکەن.ئیدی لەدوای ئەم جەنگەوە دەبنە دوو دراوسێ یان هاوڕێ و دۆستی لەیەکتر نزیك و ئاشتیەکی ڕاستەقینە لەنێوانیاندا بەرپا دەبێت. هەربۆیەش زۆرجاران تا جەنگ هەڵنەیسێت ئاشتی ڕاستەقینە بەرپانابێت.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە ،ئایا ئەم ململانێ توندەی زلهێزەکانی دونیا بەتایبەتی ئەمریکا و ڕوسیا کەی تەواو دەبێت ؟ئایا ململانێکانی ئەمریکا و چین بەم شێوەیە تا چەند ساڵی تر بەردەوام دەبێت ؟ئایا جەنگی ڕوسیا –ئۆکراینا و لەپشتیشیەوە ئەوروپا و ناتۆ تاکەی درێژەی دەبێت؟ئایا ململانێ توندەکانی هەموان لەسەر زاڵبوون و دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوەکانی وزەی دونیا بەتایبەتی لەم ناوچەی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاستەدا کەی تەواو دەبێت؟ ئایا ململانێ ناوچەییەکانی نێوان ولآتەکانی

کەنداو بەرابەرایەتی سعودیە دژ بە ئێران تاکەی بردەکات؟ئەی دژایەتیکردنەکانی تورکیا بۆ کوردان و دەسەلاّتە خۆماڵیەکانی تاکەی درێژەیان دەبێت؟ ئەی دەسەلاّتە ملهوڕ و خۆسەپێن و تاکرەوەکانی ناوچەکە و دژایەتیکردنیان لەلایەن گەلەکانیانەوە تاکەی بەشاراوەیی دەمێننەوە ؟ دەیان پرسیاری و ئایای تریش...

وەلاّمی کورت و پڕ مانا هەر ئەوەیە کە دەبێت جەنگێکی گەرمی سەربازی ڕوبدات لەلایەن ئەم هەموو لایەنە دژبەیەکانەدا و زەرەروزیانی گەورەی ڕۆحی و ماڵی لەیەکتر بدەن و ولاّت و ئاوەدانیەکان وێران بکەن و بەها و مافەکانی مرۆڤەکان پێشێلبکەن و خوێنی ملیۆنان بێتاوان بڕێژن و جوڵە و وزە و داهێنانەکان بۆ دواوە بگێڕنەوە و تائەوکاتەی کە بۆیان دەرکەوت کە هیچ لایەکیان ناتوانن کە لاکەی تریان شکستپێبهێنن و بەتەواوەتی لەناوییبەرن،ئەوکات بەناچاری پەنا دەبەنە بەر گفتوگۆی عەقلاّنی و لەسەر مێزی گفتوگۆ و دانوسانەکان خواست و ویست و ئیرادەی یەکتری بەئاشتیانە دەسێنن یان دەسەپێنن و هەردوولاش لەبەرئەوەی تالاّوی شەڕ و کوشتن و ماڵوێرانی و کاولبوونی ولاّت و لێکترازانی کۆمەڵگانیان چەشتوە ئیدی زۆر بە گەرموگوڕیەوە بەرەو پیری داواو و خواستی ئاشتی و ئاشتبونەوە دەچن و ڕێکیش دەکەون و ئاشتەواییەکی ڕاستەقینەش لەنێوانیاندا دەچەسپێت و بۆ دەیان ساڵ و زیاتریش تابۆیان بکرێت ئاسەوار و مەترسیەکانی شەڕ لەخۆیان و ناوچەکە و دونیاش دووردەخەنەوە.

بەم شێوەیە زۆرجاران شەڕ کلیلی چارەسەرەکانە و دەروازەی ئاشتی و ئاشتبونەوەکانە و دەستپێکی قۆناغێك و کۆتاپێێنانی قۆناغێکی تریشە.نموونە زیندوەکانی ئەو ڕاستیە ،هەردوو جەنگە گەورە جیهانیەکەی یەکەم و دووەمە کە هەردووکیان بە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس لەساڵی ١٩٢٠ دوای ٤ ساڵی ١٩١٤-١٩١٨شەڕی کاولکاری دونیا کۆتایان پێهێنا و هەموان ئاشتبونەوە و تا ماوەی ٢١ ساڵ جەنگی گەرم ڕووینەدایەوە. تا ئەوکاتەی جارێکی تر جەنگی جیهانی دووەم لە ساڵی ١٩٣٩-١٩٤٥ هەلاّیسا وبەهەمان شێوە لە ئەنجامی پرۆسەیەکی ئاشتبونەوە و ئاوەدانکردنەوە ئەوەی جەنگەکە خستبوەیەوە کۆتایی پێهات و نزیکەی ٧٧ساڵ کە تائێستا جەنگێکی گەرمی سەرتاسەری جیهانی ڕووینەداوەتەوە.ئەمە سەرەڕای جەنگی ساردی نێوان دووبلۆکی سۆسیالیستی و سەرمایەداری ١٩٤٥-١٩٩١و جەنگەکانی نێوان ولاّتانی ناوچە جیاوازەکانی جیهان لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە تاکو ئێستا کە جەنگی ڕوسیا-ئۆکراینایە.

بەهەمان شێوە شەڕە ناوچەییەکان و شەڕە ناوخۆییەکانی نێوان حیزب و سەرکردە و هێزە ناوخۆییەکانی ناو یەك ولاّت و کۆمەڵگاش هەموانیان دوای بەردەوامبوونی جەنگەکان و تێگەیشتن لە مەترسی و ئاڵنگاریەکان و دەرکەوتنی هێزی یەکتری و دواجار گەڕانەوەی لایەنە شەڕکەرەکان بۆ لۆژیکی عەقڵ و

بەرژەوەندی گەل و نیشتیمان گەیشتونەتە ئەو ڕاستیەی کە دەبێت ئاشتببنەوە و کۆتایی بەو جەنگانە بهێنن.لەکوردستانیشدا نموونەی (شەڕە ناوخۆییەکانی قۆناغی شاخ و شۆڕش ١٩٧٨-١٩٨٦و ودواتر لە قۆناغی شار و دەسەلآتی مەدەنیدا ١٩٩٤-١٩٩٨). زۆرجاران لێپرسراوانی هەردوو پارتی و یەکێتی وەك بیانویەك ڕایاندەگەیاند کە شەڕدەکەین لە پێناو چەسپاندنی ئاشتیدا ، دواجاریش هەموو شەڕەکان هەر بە ئاشتی و ئاشتبونەوە کۆتاییان هاتوە.

لەئێستاشدا هەموو لێکدانەوە و بۆچوونەکان،دوای ئەوەی کە ململانێ نێودەوڵەتیەکان زۆر توندبونەتەوە و بە ئاشکرا هەستیان پێدەکرێت و هەریەکەش هۆکار و بیانوو بۆ هەلآیسانی ئەو جەنگە دەهێنێتەوە و تەنانەت ئامادەسازیشیان بۆ کردوە و بە ئاشکرا و نهێنی کەوتونەتە خۆ بۆ پێکەوەنانی هاوپەیمانی و دانانی پلان و تاقیکردنەوەی هێز و توانا سەربازی وتەکنولۆجیە نوێکانیان. هەموو جیهان تووشی قۆناغێکی مەترسیداری بەیەکدادانداا بۆتەوە و هیچ لایەکیشیان کۆڵنادەن و بە ڕاستگۆیانە ناچنە پێشەوە بۆ چارەسەری کێشەکان و ناکۆکیەکان،هەربۆیە بەهەق تاکە ڕێگاچارەسەر ماوەتەوە سەر هەلآیسانی جەنگێکی گەورەتر لەوەی ئێستا هەیە لەنێوان ڕوسیا و ئۆکرایندادا و ڕەنگە جەنگەکە تەواوی ئەوروپا و ئەمریکا و ناتۆ و هاوپەیمانەکانیان بگرێتەوە دژ بە ڕووسیا و چین و کۆریای باکور و ئێران و لایەنگرەکانیان و بەمەش وەك باسدەکرێت جەنگی جیهانی سێیەم ڕووبدات.

کە ئاشکرایە جەنگێکی زۆر مەترسیدار و ماڵوێرانیکەرتر دەبێت لەهەردوو جەنگە جیهانیەکەی پێش خۆی،بەهۆی پێشکەوتن و داهێنان و هۆکارەکانی پەیوەندی و ئاسانپەیوەندیکردن و تەکنەلۆجیا مەدەنی و سەربازیەکان و مووشەك و چەکە پێشکەوتوە بالیستی و ئەتۆمیەکان و ژێر دەریایی و فرۆکە و ...هتد.کە هەموانین توانای لەناوبردنی هەموو جیهانیان هەیە لە کاتێکی کەم و بەتەواوەتیش نەك یەك جار بەڵکو دەیان جاریش.

هەربۆیە گەر ئیرادەی عەقڵ و لۆژیك و بەرژەوەندی مرۆڤایەتی لەبەرچاونەگرن زۆر نزیکە کە ئەو جەنگە بەرۆکی هەموو جیهان بگرێتەوە و دوای ئەوەی کە هەردوولا ناتوانن یەکتری لەناوبەرن وەك سونەتی دوای هەموو جەنگێك پرۆسەی ئاشتی و ئاشتبونەوە لەسەر مێزی گفتوگۆ دەستپێدەکات و بەمەش کۆتایی بەقۆناغێکی تری ناکۆکی و ململانێی شاراوە دێت و لانی کەم بۆ دەیە ساڵێکی تر و تا نەوەیەکی نوێی تر بیر لە جەنگ و کاولکاری ناکرێتەوە.بۆیە بەپێی ئەم لۆژیکە شەڕ باشترین چارەسەرە بۆ چەسپاندنی ئاشتی و کۆتایهێنانی ململانێ و ناکۆکیە درێژخایەنەکان ! بەو هیوایەی کە ئەو جەنگە نەبینین و جیهان و مرۆڤایەتیش تووشی کارەسات نەبێتەوە.

==========================================================

* ئەم بابەتە لە سایتی وتاری کوردا لە ڕێکەوتی ٣٠/١٠/٢٠٢٢دا بلآوکراوەتەوە.

# دۆخی سیاسی و ئابوری لوبنان بەرەو کوێ ؟ *

وتەیەکی بەناوبانگ وبلاۆ هەیە کە دەوترێت (لوبنانیەکان ناتوانن خۆیان بەڕێوەبەرن).. بەداخەوە ئەم وتەیە بۆ زۆرێك لەو گەل و دەسەلاٌتانەی ناوچەکە دەگونجێن کە تەژین لە ململانێی سیاسی توند لە نێوان سەرکردە و پارت و پێکهاتەکانی کۆمەڵگاکاندا وەکو لوبنان و عێراق و سوریا و یەمەن و سۆمال و سودان و لیبیا و ...هتد.کە هەموانیان بەهۆکاری گەندەڵی و دەستێوەردانی ناوچەیی و دەرەکی و سەربەخۆنەبونیان لەبڕیارە سیاسیە نیشتیمانیەکانیاندا هەموانیان بونەتە بوکەڵەیەکی سووك و لاواز و ناشیرینی دەستی هێزە دەرەکیەکان و ئەمەش بۆتەهۆکاری قوڵبونەوەی ناکۆکیەکان و نزیکبونەوەیان لە نەکردەبوون بۆ چارەسەرکردنیان.

لوبنان ولاٌتێکی بچووك لەقەوارە و ژمارەی دانیشتوان ٦٨٠٩٠٣٧کەس و ڕووبەری زەوی ١٠٤٥٢کیلۆمەتر چوارگۆشە و بوونی سەروەت و سامانی سروشتی،بەلاٌم ولاٌتێکی بەسروشت جوانی سەر دەریا و دانیشتوانێکی ڕۆشنبیر و خاوەن کەلتورێکی دەوڵەمەندی خوێندنەوە و لەچاپدان و میوان دۆست و ولاٌتێکی خاوەن گەشتیاری هەموو جیهان و وەك دەڵێن بوکی ناوچەی ڕۆژهەلاٌتی ناوەڕاست و عەرەبەکانە بەپێگەوهەڵکەوتە جیۆسیاسیە نایابەکەشیەوە.بەلاٌم هەموو ئەم پاڵپشتیە بەهێزانەی نەبونەتە ڕێگر لەبەردەم ململانێ نارەواکانی تایەفی و سیاسیەکان لەنێوان سەرکردە و پارت و پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبییە جیاوازەکانەوە کە هەموو پۆستە بالاٌکان لەسەر بنەمای پشکپشکێنەی تایەفی دابەشدەکەن کە لوبنانی گەیاندۆتە لێواری دارمانی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و کۆمەلاٌیەتی.

ئەوەتا لە ١٥/٥/٢٠٢٢ وە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێ لەو ولاٌتەدا کە سێ هێز بونەتە ڕێگر لەبەردەم هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ بۆ ولاٌت،کەئەوانیش هەریەکە لە هاوپەیمانەکانی حیزبولاٌی لوبنانی و هێزەکانی ڕەوتی ئازاد و سەربەخۆکانن و ڕێگانادەن کە هیچ کاندیدێکی لایەنێکی تریان ببێتە سەرۆك کۆمار،هەرئەمەش بوە هۆی ئەوەی کە میشێل عۆن لە ٣١/١٠/٢٠٢٢دا و ڕۆژێك پێش تەواوبوونی ماوەکەی کۆشکی سەرۆکایەتی بەعەبدا بەچۆڵی بەجێبهێڵێت بەبێ دەستبەکاربونی سەرۆکێکی نوێ.لوبنان و نەبونی یان چۆڵبوونی پۆستە سیادیەکانی بونەتە دیاردەیەکی باوی ناشیرین کە کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر سەقامگیرنەبونی سیاسی و ئابوری و ئەمنی ئەو ولاٌتە.

هۆکارەکانی لاوازی حکومەتەکانی لوبنان:

١. ململانێی توندی نێوان سەرکردە و پارت و پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگای لوبنانی.

٢. سیاسەتی دابەشکردنی پۆستە باڵاکان لەسەر بنەمای پشکپشکێنەی تایەفی.ئەم سیاسەتەش بۆتە هۆی زیاتر سەپاندنی دەسەڵاتەکانی سەرکردە سیاسی و پیاوە ئاینیەکان بەسەر هەموو ئۆرگانەکانی دەوڵەتدا.بەشێوەیەك لوبنان لەدوای تیرۆرکردنی ڕەفیق حەریریەوە لەساڵی ٢٠٠٥وە سەقامگیری بەخۆیەوە نەبینیوە هەروەك چۆن لەدوای ڕێکەوتنی تایفیشەوە هەروابوە.

لوبنان بەدەست کۆمەڵێك کێشەوە دەناڵێنێت لەوانە:

١. دارمانی ئابوری بەشێوەیەکی ترسناك بۆماوەی ٣ساڵە.

٢. نەبوونی حکومەتێکی هەمیشەیی بەتوانا و دەسەڵاتی تەواوە.لەئێستادا حکومەتی کاربەڕێکەر هەیە.

٣. نەبوونی پەرلەمانێکی بەهێزی یەکگرتوو کە بتوانێت سەرۆك کۆمار هەڵبژێرێت.

٤. هەژاری و بێکاری توند.

٥. توڕەبوونی شەقام و جەماوەر لەهەموو سەرکردە و پارتە سیاسیەکان.

٦. گەورەبوونی ڕۆڵی حیزبولای لوبنانی سەر بەئێران و پاشەکشەی ڕۆڵی وڵاتانی عەرەبی کەنداو.

٧. گەندەڵیەکی زۆر و زەوەندی تاقەت پڕوکێن.

بەم شێوەیە لوبنان گیرۆدەی کێشە و دۆخێکی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و کۆمەڵایەتی نادیار و ناسەقامگیر بۆتەوە کە ناتوانێت لێی دەربازبێت بە ئاسانی.بەشێوەیەك مانەوەی ئەم پۆستە باڵایانە بەچۆڵی وەك سەرۆك کۆمار هەرچەندە لەدەسەڵاتی جێبەجێکردندا ڕۆڵی گەورەی نیە و سەرۆکی حکومەت دەبنە هۆی تێکدان و دارمانی تەواوەتی حکومەتی لوبنان و دەوڵەتەکەی.

چارەسەری کێشەکانی لوبنان هەرچەندە ئاسان نین بەڵام دەکرێت لەڕێگەی کۆمەڵە هەنگاوێکەوە بتوانرێت دەرگای چارەسەریان بۆ بدۆزرێنەوە و چارەسەریەکان نزیکتر بکەنەوە لەوانە:

١. ڕێکەوتنی سەرکردە و پارتەسیاسیەکان و مەرجەعە ئاینی و تایەفیەکانی پێکهاتە جیاوازەکانی ئیسلام بەسونە و شیعە و دورزیەوە و مەسیحیەکان بەمارۆنی و کاسۆلیکی و ..هتد.لەسەر کاندیدێکی تەوافوقی بۆ سەرۆك کۆماری نوێ.بەتایبەتیش لەنێوان هەردوو هێزی گەورەی هاوپەیمانی حیزبولا و نەیارەکانی.

٢. ڕێکەوتن لەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتەکان وەك لەساڵی ٢٠١٦دا ڕوویدا.

بەلاّم ئەوەی لە دۆخی سیاسی و ئابوری و ئەمنی لوبنان دەخوێنرێتەوە هێشتاش ئەو چارەسەری و ڕێکەوتنانە زۆر دوورن و ناتوانرێت بهێنرێنە دی،هەربۆیە چارەسەریەکان واسانا نین بەهۆی:

١. نەبونی کەسایەتیەکی بەهێزی سونی وەك سەعد حەریری کە لەئێستادا لەدەرەوەی گۆڕەپانە سیاسیەکەدایە کە توانی لەساڵی ٢٠١٦دا ڕۆڵی گەورە ببینێت لە چارەسەری دۆخەکە و دەرچوونی لوبنان لە کێشەکان.

٢. نەبوونی کەسایەتیەکی میانڕەوی وەکو میشێل عۆن لەئێستادا بۆ ئەوەی ببێتە جێگەی ڕەزامەندی هەموان وەك لەساڵی ٢٠١٤دا ڕوویدا.

٣. ساردبونەوە و دوورکەوتنەوەی وڵاتانی عەرەبی کەنداو لە کێشەکانی لوبنان و بەجێهێشتنیان بە تەنها لەبەرئەوەی جارێکی تر کەسایەتیەکی نزیکی حیزبولاّ و ئێران نەبێتەوە سەرۆك کۆمار وەك میشێل عۆن.

بەم شێوەیە دۆخی سیاسی و ئابوری لوبنان تادێت ئاڵۆزکاو تێکچڕژاو دەبێت و لەچارەسەر دووردەکەوێتەوە و بەتایبەتیش کاتێك هەردوو وڵاتانی خاوەن نفوز و هێزی وەکو ئەمریکا و فەرەنساش دوای چەندین هەوڵی ڕێکەوتن و چارەسەرکردن نەیانتوانی هەموو لایەنە نەیارەکان لەیەکتر نزیك بکەنەوە،بۆیە لە ئێستادا دوورەپەرێزیان هەڵبژاردوە و لەهەمان کاتیشدا مەرج و کۆت و بەندەکانی صندوقی دراوی نێودەوڵەتیش هێندە سەختن لەبەرامبەر یارمەتیدانی لوبناندا کە بەجارێك چارەسەریەکانی دوورخستۆتەوە. هەربۆیە لەئێستادا و ڕەنگە تاماوەیەکی تریش لوبنان بەدەست ململانێ و نەبونی سەرۆك کۆمار و حکومەتێکی بەهێزەوە بناڵێنێت وبەداخیشەوە دۆخی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و کۆمەلاّیەتیەکانیشی تابێت بەرەو خراپتر هەنگاو دەنێن.

==========================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا لە ڕێکەوتی ٨/١١/٢٠٢٢دا بلاّوکراوەتەوە.

# دوای کشانەوەی ڕوسیا لە شاری خێرسۆن
# جەنگی ڕوسیا-ئۆکراینا بەرەو کوێ ؟ *

ڕێك لە شەو و بەرەبەیانی ٢٤/٢/٢٠٢٢دا هەموو جیهان بەگشتی و ئۆکراینیەکان بەتایبەتی لە دەنگی تۆپ و هاوەن و ڕۆکێت و فڕۆکە و تانکە ڕوسیەکان وەخەبەرهاتن و و تائێستا کەماوەی ٩مانگە بەردەوامە،ئەو دوو ولاّتە و گەلەکانیان ڕووبەڕووی مەترسی و جەنگ و کوشت و بڕ و کاولکاری زۆرر بونەتەوە.کە بەڕاستی لەم قۆناغەی کە تەواوی جیهانی پیادا تێپەڕدەبێت ئەم جەنگە هەژموون و مەترسیەکانی لەسەر تەواوی جیهان داناوە و بۆتە هۆکاری بەرزبونەوەی نرخەکانی نەوت و گازی سروشتی بەتایبەتی لە ئەوروپادا و گرانبوونی نرخی زێڕ و خۆراك و دانەوێڵە و ...هتد.بە ئاشکرا تەواوی جیهان ڕووبەڕووی مەترسیەکی گەورە دەبێتەوە لەم وەرزی زستانەی لە پێشدایە گەر جەنگەکە بەردەوام بێت بۆ ماوەی ٦ مانگی داهاتوو.

ئەم جەنگە بۆخۆی لە ئەنجامی ترس و دڵەڕاوکێی ڕوسیاوە هاتەکایەوە لە بەرانبەر نیاز و مەرامی ئۆکرایناى دراوسێی لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە لە نیەت و مەرامی شاراوەی ئەمریکا و هاوپەیمانی ناتۆوە کە بەنیازبوون ئۆکراینا بکەنە ئەندامی ناتۆ و ئیدی بەمەش سنوری ناتۆ لەگەڵ ڕوسیادا پێکەوە دەنوسان و بەمەش ناتۆ و ئەمریکا لە ڕۆژئاوا و باشووروە گەمارۆی ڕوسیای دەدا لەڕووی ئەمنی و سەربازیەوە و دواتریش گەمارۆی سیاسی و ئابوریشی دەخستە سەر و بەنیازی دابەشکردن و لێکهەڵوەشاندنی تەواوی خاك و گەلانی ڕوسیا بوو بۆئەوەی تەواوی جیهان بخاتە ژێر هەژموونی ویست و سیاستەکانی خۆیەوە و بەمەش ترسێکی گەورەتریشی دەخستە ناو دڵی چینی زلهێزی دووەم گەورە هێزی ئابوری و سەربازی لەدوای ئەمریکاوە کە هەڕەشەی جدیە بۆ سەر پێگە و ناو و ناوبانگی ئەمریکا لە ئایندەدا.جا هەرکات ئەمریکا و ڕۆژوئاوا توانیان ناوچەی ئۆراسیا کۆنتڕۆڵ بکەن ئەوا بەمانای کۆنتڕۆڵکردنی دڵە زیندوەکەی جیهان و هەموو جیهانیش دێت لەبەر گرنگی جیۆپۆلەتێکی ناوچەکە و پێگە و دەوڵەمەندبوونی بەسەرچاوە زۆر و زەوەندەکانی وزە لە نەوت و گازی سروشتی و دابینکردنی ئەمن و ئاسایشی خۆراك و وزە و ..هتد بۆ ئەوروپا و ڕۆژئاوا بەگشتی.

ئەم جەنگە تائێستا بۆتە ماڵوێرانیەکی زۆر بۆ هەردولا لە ڕوسیا و ئۆکراینا و پاشەکشەی بەرچاویشی لێکەوتۆتەوە لە ڕووی ئابوری و ئەمنی و چەك و تەقەمەنی و ئاوارەبوونی ژمارەیەك

زۆری هاولاّتیان.ئەوەتا بەپێی زانیاریە هەواڵگریە سەربازیەکان هەردوولا ڕوسیا و ئۆکراینا هەریەکەیان ١٠٠هەزار کوژراو و برینداریان هەیە و ئۆکراینا زیاد لە ٤٠ هەزار کوژراوی مەدەنیشی هەیە و زیاد لە ٧ ملیۆن ئاوارە لەدەرەوەن (ئەوروپا) و لەناوخۆش هەمان ژمارە ئاوارەی لێکەوتۆتەوە.بەوپێیەی هێرش و پەلامارەکانی ڕوسیا هەموانیان لەسەر خاك و لەناو شار و گوند و شارۆچکەکانی ئۆکراینا و دانیشتوانەکەیدا بوە ئەوا ڕێژەی زیان و کاولکاریەکانی ئۆکراینا زیاترن.

ئەمڕۆش ١٠/١١/٢٠٢٢ و لە بڕیارێکی چاوەڕواننەکراوی ڕوسیدا سوپای ڕوسیا لە شاری خێرسۆنی ستراتیژی کە یەکەم پایتەختی هەرێمی بوو لە باشووری ئۆکراینا کشایەوە و سوپای ئۆکرایناش توانیویەتی ٧کم بچێتە پێشەوە و ١٢ گوند ڕزگار بکات.ئەم بڕیاری پاشەکشەیەی ڕوسیا گەلێك هۆکاری لە پشتەوەیە لەوانە:

- ڕوسیا لەڕووی دارایی و ئابوریەوە زیانی گەورەی پێکەوتوە لەبەردەم فشار و گەمارۆکانی ئەوروپا و ئەمریکاوە.
- دۆخی سوپاکەشی سەقامگیر و پتەو نیە لەناوخۆیدا و کێشە و گرفتی گەورەی هەیە.
- داهاتی ڕوسیا لەنەوت و گازی سروشتی و دانەویڵە و خۆراك زۆر کەمی کردوە هەرچەندە ڕانەوەستاوە.
- ژمارەیەکی گەورەی نزیکەی ١٠٠هەزار کوژراو و برینداری بەرکەوتوە.
- هاوپەیمانە نزیکەکانیشی لە چین و هند و ئێرانیش بەهەندێك بڕیاری ڕوسیا ڕازی نین و تەنانەت بەدەستپێکردنی جەنگەکەش هاوڕای ڕوسیا نەبوون و نایانەوێت پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ئەمریکا و ئەوروپادا تێکبدەن.
- بەهەمان شێوە لەماوەی ئەم ٩ مانگەی جەنگەکەدا ڕووسیا هەندێك هەنگاوی ناوە کە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە توانا سەربازیەکانی ئەوە نەبوون کە هەموان چاوەڕوانیان دەکرد و واتێگەیشتبوون کە لەماوەیەکی کورتدا هەموو ئۆکراینا داگیردەکات و ئۆکراینیەکانیش خۆڕاناگرن و تەسلیم دەبن بەلاّم وادەرنەچوون ئەوەتا :
- ڕوسیا پەنای بۆ بەکارهێنانی چەکدارانی چیچان و جێگەکانی تر دەبرد لەگەڵ ئەوەی کە خاوەنی سوپایەکی گەورە و بەهێزیشە کە زیاد لە ٢ ملیۆن سەربازە.
- بەکارهێنانی درۆنی ئێرانی دژ بە ئۆکراینا هەرچەندە خاوەنی چەکی ئەتۆمی و موشەکی بالیستی و فڕۆکەی پێشکەوتوو و ژێر ئاوی زەبەلاحی سەربازیشە.
- وەلاّمنەدانەوەی هێرشە سەربازیەکەی ئۆکراینا بۆ سەر گەورەترین ژێر ئاوی دەریایی ڕوسیا.

- تەقاندنەوەی گەورەترین و ستراتیژترین پردی گەورەی نێوان ڕوسیا و دورگەی کریما.
- لەئێستاشدا پاشەکشەی لە شاری خێرسۆن

هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ بێهێزی و لاوازی هێزی سەربازی ڕوسیا ئەگەر وەك تاکتیکێکی سەربازی ئەم کارەی نەکردبێت.ئەم پاشەکشەیە سەرەتای ڕاوەستاندنی جەنگەکەیە و دەستکردنە بە گفتوگۆ بۆ ڕاوەستان و کۆتایهاتنی جەنگەکە و ڕێکەوتنی هەردوولا.ئەم جەنگە بەلای زۆرێك لە چاودێرانەوە واپێشبینی کرابوو کە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ بەردەوام بێت بەوەی کە ڕووسیا مەرام و ئامانجەکانی خۆی وەدیهێناوە بە گێڕانەوەی ٢١٪ خاك و گەلانی ئۆکراینا بۆ سەر ڕوسیا لە ٤ هەرێمەکەی (دۆنتسیك و لۆگانسیك وخێرسۆن وزاباڕۆژیا) دوای ڕاپرسیکردن لەو هەرێمانەدا.کە تائێستا جگە لەڕوسیا نە نەتەوەیەکگرتوەکان و نە هیچ ولاتێکی تریش دانی بەو کارەی ڕوسیادا نەناوە.

بۆیە ئەم پاشەکشەیەی ڕوسیا ڕەنگە ببێتە سەرەتایەك بۆ بەرقەرابوونی ئاشتی و کۆتایهاتنی جەنگەکە و بەمەش جیهان لە مەترسیەکی گەورەی چاوەڕواننکراو کە بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی بوو کە زۆرجاران هەڕەشەیان پێ لەیەکتر دەکرد دووركەتەوە و پێدەچێت جیهانی دوای ئەم جەنگەش تا ماوەیەك ئارامی بەخۆوە ببینێت بەلاٌم تاسەر نابێت.هەربۆیە ئەم جەنگە خۆی لەخۆشیدا هۆکارێك بوو بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی چونکە هەردوولا بۆیان دەرکەوت کە بەجەنگ ناتوانن ململانێ و ناکۆکیەکانیان یەکلا بکەنەوە هەربۆیە بەناچاری دەبێت گوێڕایەڵی فشاری ناوخۆیی و ناوچەیی و دەرەکیەکان بن و خۆشیان و جیهانیش بەرە و ئاشتی و ئارامی بگێڕنەوە کە لە سوود و قازانجی هەمواندایە.

==========================================================

* ئەم بابەتە لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا لەڕێکەوتی١٤/١١/٢٠٢٢دا بلاّوکراوەتەوە.

# چارەنووسی ئەردۆگان و حیزبەکەی لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢٣دا چی دەبێت ؟ *

وابڕیارە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٣دا هەڵبژاردنی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی لە تورکیادا ئەنجامبدرێت،بۆیە هەر لە ئێستاوە کە نزیکەی ٦ مانگی ماوە هەمووان بە سەرکردە و پارتە سیاسیە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆنەکانەوە کەوتونەتە خۆ بۆ خۆ ئامادەکردن و پێکەوەنانی هاوپەیمانی بۆئەوەی بتوانن زۆرینەی دەنگی دەنگەدەران بۆخۆیان و حیزبەکانیان مسۆگەر بکەن.

لەپێش هەموانیشەوە تەیب ڕەجەب ئەردۆگان و پارتەکەی پارتی (داد و گەشەپێدان // ئاکاپە) کەوتونەتە خۆ و بەهەموو لایەکدا لەناوخۆی تورکیا و لە وڵاتانی ناوچەکە و دونیاشدا بۆ ئەوەی کارێك یان دەسکەوتێك وەدەستبێنن و ڕای گشتی و شەقام و جەماوەری تورکیا بۆخۆیان مسۆگەر بکەن و بۆ پێنجەم جار بتوانن زۆرینەی پەرلەمان و پۆستی سەرۆك کۆماریش بۆخۆیان ببەنەوە.ئەوەتا ئەردۆگان کەوتۆتە خۆی بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندیە ناوچەییەکانی لەگەڵ هەریەکە لە سعودیە و میسر و ئیسرائیل و ئێراندا و گەرەکێتی لەگەڵ حکومەتی سوریای بەشار ئەسەدیشدا گرژییەکان خاوبکاتەوە و لەگەڵ عێراقیشدا تاڕادەیەك پەیوەندیەکانی باشکردوە و کێشەی ئاو و بۆردومانکردنەکانی خستۆتە ئەستۆی پەکەکە و لەگەڵ زلهێزەکانی ڕوسیا و ئەمریکا و ئەوروپییەکانیشدا بەسیاسەتێکی دووفاقانە مامەڵە دەکات و تەنانەت وەك سیاسەتێکی ماکیاڤیللانەش لەگەڵ کوردیشدا و بەتایبەتیش لەگەڵ پەکەکەدا دەیەوێت گرژیەکان خاوبکاتەوە ودیداری ئۆجەلان سازبکات یان صلاح الدین دەمیرتاش ئازاد بکات تەنها بۆئەوەی ڕای زۆرینەی کوردەکانیش بۆخۆی ڕابکێشێت.و گەرەکێتی لە ماوەی ٦شەش مانگی داهاتوودا هیچ کێشە و گرفتێکی بۆ دروست نەبێت کە کاربکاتە سەر ئاستی جەماوەری خۆی و پارتەکەی.

**هاوپەیمانێتیە سیاسیەکان بۆ هەڵبژاردنەکان:**

بەهەمان شێوە لەپێناو مسۆگەرکردنی بردنەوەدا هەموان کەوتونەتە خۆ بۆ پێکەوەنانی هاوپەیمانێتی و ئەوەتا سێ هاوپەیمانی جیاواز پێکهاتوە لەنێوان سەرکردە و پارتە سیاسیەکانی تورکیادا:

١. هاوپەیمانی (گەل) لەنێوان ئاکاپە و پارتی نەتەوەیی تورکیادایە و لەساڵی ٢٠١٦وە

بەردەوامە ،بەڵام ڕەنگە کەمبونەوەی دەنگەکانی پارتی نەتەوەیی نەتوانێت ئەمجارە زۆرینەی پەڕلەمانی بۆ ئاکاپە مسۆگەر بکات و بتوانێت بەتەنها حکومەت پێکبێنێت.

٢. هاوپەیمانی (نەتەوە) لەنێوان ٦ پارتە ئۆپۆزسیۆنەکەدایە ( پارتی گەلی کۆماری+پارتی باش+ پارتی سەعادەت+پارتی دیموکراتی + پارتی دیموکراتی و پێشکەوتن +پارتی ئاینده).

٣. هاوپەیمانی ( کار و ئازادی) لەنێوان هەدەپە و پێنج پارتی چەپی تورکیا پێکهاتوە (پارتی هەدەپە و پارتی گەلانی دیموکراسی و پارتی کرێکارانی تورکیا و پارتی کار و پارتی ئازادی کۆمەلایەتی و بزوتنەوەی کرێکاری و پارتی یەکێتی ئەنجومەنە سۆسیالیستەکان).کە هیچ کامیان جگە لە هەدەپە دەنگی زۆرینە و شەقامیان لەگەڵدا نیە.

لێرەدا پرسیارگەلێك دێنە پێش ،کە ئایا لەم هەڵبژاردنەی ئاییندەدا ئەردۆگان و پارتەکەی وەکو پێشتر متمانەی زۆرینەی گەلی تورکیا وەدەستدێننەوە؟ ئایا سیاستەکانی ئەردۆگان و پارتەکەی لەماوەی ڕابووردوودا جێگەی ڕەزامەندی زۆرینەی گەلانی تورکیا بوە؟ ئەی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن دەتوانن لەم هەڵبژاردنەدا گرەوی بردنەوە و سەرکەوتن بەدەستبێنن؟ ئەی دۆخی کورد و پارتی هەدەپە چی و بە چ ئاڕاستەیەکدا دەڕوات ؟ و دەیان پرسیاری تریش...

سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین کە ئەم هەڵبژاردنە بەلای هەموانەوە گرنگ و چارەنووسسازە چونکە لە یادی١٠٠ساڵەی دامەزراندنی کۆماری تورکیای نوێیە لەساڵی ١٩٢٣دا لەلایەن کمال ئەتاتورکەوە.بۆیە هەموان گەرەکیانە کە ئەو یادە بکەنە سەرکەوتنی خۆیان.

ئەردۆگان کۆتا جاری دەبێت بەپێی دەستوور کە بتوانێت خۆی کاندید بکاتەوە بۆ سەرۆك کۆماری بۆیە هەرچی هەوڵێتی بۆ بردنەوەی خۆی و پارتەکەیەتی و شکستی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانە. ئەردۆگان و پارتەکەی تاڕادەیەك دۆخیان باشە لەبەرامبەر هێزە ئۆپۆزسیۆنەکاندا و لیژنەی هەڵبژاردنیان دیاریکردوە و دروشمەکەیان(سەدەی تورکیا)یە بەو مەبەستەی لەیادی ١٠٠ساڵەی کۆماردا جارێکی تر تورکیا گەشە و هەستانەوەیەکی ئابوری و جیۆسیاسی نوێ بەخۆیەوە ببینێت و سەدەی بیست و یەکەم ببێتەوە بەسەدەی تورکیا.چونکە تائێستا ئەردۆگان تاکە کاندیدی دیار و بەهێزە بۆ سەرۆك کۆمار چونکە ٦ هێزە ئۆپۆزسیۆنەکە تائێستا و دوای چەندین کۆبونەوە نەیانتوانیوە لەسەر یەك بەرنامەی هەڵبژاردن و هاوپەیمانێتیەکی پتەو و یەك کاندیدیش بۆ سەرۆك کۆمار ڕێکبکەون کە ئەمە لە چانسی ئەردۆگاندایە.بەهەمان شێوە ئەردۆگان توانیویەتی کە :

- لە جەنگی ڕوسیا و ئۆکرایینادا هاوسەنگی ڕابگرێت و ڕۆڵی دادوەریش ببینێت لەنێوانیاندا.
- دەسکەوتی گەورەی دیپلۆماسی بەهۆی ئەوەی توانیویەتی کە دانیشتن و گفتوگۆ لەنێوان ڕوسیا و ئۆکرایینادا ئەنجام بدات و بتوانێت دانەوێڵەی ئۆکراینا هەناردەی جیهان بکرێت وئاڵوگۆڕی دیلەکانیش بکرێت.
- توانیویەتی کە لە کۆنگرەی شانگهای لە چین چالاکانە بەشدار بێت و هەوڵی بوون بە ئەندامبونیش دەدات کە ئەم ڕێکخراوە ڕێکخراوێکی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و تەکنەلۆجیای گەورەیە لە جیهاندا و گەلێك ولاَت لەخۆدەگرێت.کێبڕکێ لەگەڵ هاوپەیمانی ناتۆ دەکات بەرابەرایەتی ئەمریکا.

بەلاَم ئەردۆگان و پارتەکەی هەم لەناوخۆی تورکیا و لەناوچەکە و دونیاشدا بێ کێشە و سەریەشە نیە ،هەربۆیە چانسی سەرکەوتنی گەورە و بەدەستهێنانی زۆرینەی کورسی پەرلەمانی نزیکە لەخەو و خەیاڵەوە بەهۆی:

- خراپی دۆخی ئابوری و دارایی تورکیا و دابەزینی لەڕادەبەدەری نرخی لیرەی تورکی بەڕێژەی ٤٠٪.
- بەرزبونەوەی ڕێژەی هەلاَوسان بۆ ڕێژەی ٨٣٪.
- گرانی نرخی هەموو کالاَ و پێداویستیە زەرورەکانی ژیانی هاولاَتیان.
- مامەڵەی توند و گرتن و ڕاوەدوونانی زۆرێك لەهاولاَتیان لەدوای کودەتا سەرنەکەوتوەکەی ساڵی ٢٠١٦وە.
- سەرنەکەوتن و بەدەستنەهێنانی سەرکەوتنی گەورە لەلایەك بەسەر لایەنگرانی بزوتنەوەی فەتوحولاَ گویلەن و لەلایەکی تریشەوە دژ بە پەکەکە و پەیەدە لە هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستاندا.
- کێشەی ناوخۆیی حیزبەکەشی لەوەدایە کە دوای ئەردۆگان کەسێکی بەهێزی جێگرەوە نیە و ئایندەی ئاکاپەش دیار نیە و سەرەڕای ڕازینەبوونی زۆرینەی هاولاَتیان و شەقامی تورکیاش لە سیاسەتی حکومەتەکەی ئاکپارتی.

بۆیە ئەم خاڵە لاوازانەی ئەردۆگان و ئاکپارتی بونەتە دێوەزمەیەکی ترسناك و ڕەنگە بە ئاسانی زۆرینەی پەرلەمان و سەرۆکایەتیش وەدەستنەهێنێتەوە.

- تایبەت بەهێزە ئۆپۆزسیۆنەکانیش کە خۆیان لە ٦ پارتی گەورە و بچووك و دێرین و نوێدا دەبینێتەوە ،هێندەی خاڵی لاوازیان زیاترە خاڵی بەهێزی و یەکگرتوویان کەمترە.ئەوەتا:
- بەهۆی جیاوازی بنەما فکری و ئایدۆلۆژیەکانیانەوە هیچ نزیکبونەوە و توندوتۆڵیەك نیە لەنێوانیان لە ئێستادا و بۆ ئایندەش.لەبوارەکانی ئابوری و ئەمنی و کۆمەلایەتی و سیاسیدا.
- هەریەکەیان مەرجی تایبەتی خۆی هەیە بۆ بەشداربوون لەهەڵبژاردنەکاندا بەشێوەی یەکگرتوو.

تائێستا هیچ کاندیدێکی بەهێزیان نیە بۆ سەرۆکی کۆمار لەبەرامبەر ئەردۆگاندا. جگە لە کمال کلیچدارئۆغلۆی سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری کە گەورەترین پارتی ئۆپۆزسیۆنە و دێرینترینیشیانە، بەلام ئەمیش لەلایەك بەهۆی عەلەوی بونی و کوردبونیەوە ناتوانێت ببێتە سەرۆك کۆمار چونکە لەلایەن سەرکردایەتی تورکەکانی ئەنادۆڵەوە جگە لە مسوڵمانێکی سونی کەسێکی تر بۆی نیە ببێتە سەرۆك کۆمار.

- بەم شێوەیە ئەم هەڵبژاردنانەی ئاینده هەم سەخت و دژوارن و هەمیش ئەنجامەکانیان بۆ هیچ لایەك مسۆگەر نیە.بەلام هەندێك ڕاپرسی کراوە کە دەکرێت بنە پێشبینی نەك هەقیقەت چونکە هێشتا شەش مانگ لەبەردەمدایە و هیچ کەس نازانێت چی ڕوودەدات و سوپرایزی نوێ و ناوەختەکان چین،بەلام پێشبینیەکان وای بۆدەچن کە:

١.پاشەکشەیەك هەیە لە ڕێژەی دەنگەکانی ئاکاپەدا و ڕەنگە ڕێژەی ٣٠-٣٤٪ بێنن. و ڕێژەی دەنگی پارتی نەتەوەیی تورکیاش تەنها ٧٪ دەبێت.

٢. دەنگەکانی پارتی گەلی کۆماری وەکو خۆی دەمێنێتەوە بەڕێژەی ٢٤-٢٥٪.

٣. بەلام دەنگەکانی پارتی باش ڕەنگە بەرزببنەوە بۆ ١٥٪.

٤.ڕێژەی دەنگەکانی هەدەپەش وەکو خۆیان ١١٪ دەمێنێتەوە.

* بۆ سەرۆك کۆماریش پێشبینی دەکرێت کە دەنگەکانی ئەردۆگانیش وەکو پارتەکەی بێت و لە ٣٤٪ دا بێت.ڕەنگە لەکاتی بوونی کاندیدی تردا ئەو ڕێژەیش کەمتر بکات.

بەم شێوەیە ئەم هەڵبژاردنانەی تورکیا زۆر چارەنوسساز و مەترسیدارە بۆ تورکیا،چونکە گەر ئاکەپە و ئەردۆگان سەرکەوتوبن ئەوا تا ٥ ساڵی تر تورکیا بەهەمان سیاسەت و بەرنامەی ئێستای بەردەوام دەبێت و یادی ١٠٠ی ساڵی کۆماریشیان بەسەرکەوتوویی دەکەنەوە.خۆئەگەر ئاکاپە و ئەردۆگانیش سەرکەوتوو نەبوون و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان بردیانەوە بەو دۆخە ناجێگر و ناتەباییەیان ئەوا تورکیا بەرەو هەڵدێر و دۆخی خراپی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و کۆمەلایەتی

دەبێتەوە و ئەو سەقامگیریە سیاسیەی کە لەساڵی ٢٠٠٢وە هەیەتی نامێنێت و دەکەوێتە دەستی پارت و سەرکردە سیاسیە ناتەباکان و بێ ئەزمونەکان و حکومەتیش دەبێتە حکومەتێکی ئیئتیلافی لاواز و لەرزۆك.

بۆیە گەر حاڵەتی دووەم ڕووبدات کە زۆر دوور نیە،چونکە تورکیا لەناوخۆی خۆی و ناوچەکە و دونیاشدا هێندەی نەیاری سەرسەختی هەیە نیوهێندە دۆستی نزیك و دڵسۆزی نیە. هەربۆیە مانەوەی تورکیایەکی وەك ئێستای ئاکاپە و ئەردۆگان لە قازانجی نە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ناوخۆیە و نەکوردە و نە وڵاتانی ناوچەکە و نە ئەوروپا و نە ڕووسەکانیشە و ئەمریکاش پێیخۆش نیە کە ئەردۆگان و ئاکاپە زیاتر لە دەسەڵاتدا بمێننەوە.بۆیە هەموان گەرەکیانە گۆڕانکاری گەورە ڕووبدات لە جۆری حوکمڕانی و سیستەمی دەسەڵاتداری تورکیادا.بۆیە تا شەش مانگی داهاتوو لە چاوەڕوانی سوپرایز و موعجیزە وڕووداوی چاوەڕواننەکراودا دەبین.

=====================================================

* ئەم بابەتە لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا لەڕێکەوتی ١٥ /١٢/٢٠٢٢دا بڵاوکراوەتەوە.

# پەیامە شاراوەکانی پشت سەردانەکەی
# سەرۆکی چین بۆ سعودیە ؟ *

سەرۆکی چین شی جین بینگ لە ٧دیسەمبەری ٢٠٢٢دا سەردانێکی ڕەسمی بۆ شانشینی سعودیە ئەنجامدا لەسەر داوەتنامەی پاشای سعودیە سەلمانی کوڕی عبدالعزیز.ئەم سەردانە و لەم کات و ساتەدا گەلێك ئاماژەی جیاوازی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و کەلتوری لێدەخوێنرێتەوە کە چین بەنیازی بلاوکردنەوە و سەپاندنی هەژموونی خۆیەتی لە جیهان بەگشتی و لەم ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و کەنداوی عەرەبییەدا بەتایبەتی چونکە گرنگیەکی ئێجگار گەورەی هەیە لە جیهاندا بەهۆی هەلکەوتەی پێگە جیۆسیاسیەکەی و دەوڵەمەندیەکەی بە هەردوو سەرچاوە گرنگەکەی وزە لە نەوت و غازی سروشتیدا.

سەردانەکە سێ ڕۆژ دەخایەنێت (٧-٩ دیسەمبەری ٢٠٢٢) و سێ لوتکەی گرنگیش لەخۆدەگرێت،کە هەریەکەیان گرنگی و ئاماژەی شاراوەی گەورەیان لەپشتەوەیە.

لوتکەی یەکەم: لە نێوان (سەرۆکی چین و پاشا و وەلی عەهدی سعودیە) دایە و تایبەتە بە پەیوەنییە دوو قۆڵیەکانی هەردوو ولاتەوە ( ڕێکەوتنی هاوکاری ستراتیژی) لە بوارەکانی سیاسی و ئەمنی و سەربازی و ئابوری وتەکنەلۆجیدا وابڕیارە بەبڕی ٣٠ ملیار دۆلار ڕێکەوتن واژۆ بکەن و تەنانەت لەدەرەوەی بواری نەوت و وزەدا چین وەبەرهێنان بکات لە شاری نیۆمی ئایندەدا کە بڕی ٥٠٠ملیار دۆلاری تێدەچێت کە یەکێکە لە شاکارەکانی وەلی عەهدی سعودیە و بەنیازە تا سالی ٢٠٣٠ تەواوی بکات.

لوتکەی دووهەم: لوتکەی هاوکاری و گەشەپێدان لەنێوان (سەرۆکی چین + ولاتانی هاوکاری کەنداودایە) کە ئەم لوتکەیەش تەنها ٦ ولاتەکەی کەنداو( کە کۆبونەوەی لوتکەی ٤٣هەمینی ئاسایی )خۆیان هەیە و چین تیایدا بەشدارن و بەهەمان شێوە چەندین ڕێکەوتننامەی گرنگی ئابوری و ئەمنی و تەکنەلۆجی تیادا واژۆدەکرێت.

لوتکەی سێهەمیش: لوتکەی هاوکاری و گەشەپێدان لە نێوان ( سەرۆکی چین + کۆمکاری عەرەبی( هەموو ولاتانی عەرەبی)دایە. لێرەشەوە جارێکی تر چین گەرەکێتی هەموو ولاتانی عەرەبی ببەستێتەوە بە پلان و دیدگا ئابوری و کەلتوریەکەی خۆیەوە بەناوی( پشتێنە+ڕێگا)وە کە بریتیە لەسەر لەنوێ داڕشتنەوە و نوێکردنەوەی پلانی کلاسیکی ڕێگای ئاوریشمی چینی.

کە هەردوو لوتکەکە لە ڕۆژی هەینی لە پایتەختی شانشینی سعودیە (ڕیازی پایتەخت) ئەنجامدەدرێت. بەهەمان شێوە چین گەرەکێتی لەڕێگەی ئەم لوتکانەوە بەتەواوەتی بەشداری و هاوبەشی لە گەشەپێدانی پەیوەندیە کەنداوی و عەرەبیەکانی خۆیدا بکات و بەتەواوەتی نفوزی خۆی قایم بکات

لەناوچەکەدا.چین بۆخۆی پلانێکی زۆر گەورە و بەهیوا و مژدەبەخشی هەیە لەم ناوچەیەدا و گەرەکێتی پرۆژە وەبەرهێنانەکانی لەم ناوچەیەدا گەشە پێبدات تا ئاستی کێبڕکێکردن لەگەڵ ئەمریکادا کە بە هاوپەیمانی ستراتیژی سعودیە و وڵاتانی کەنداو دادەنرێت.

ئەم سەردانەی سەرۆکی چین لەساڵی ٢٠١٦وە یەکەم سەردانێتی بەو گەورەیی و گرنگیەوە کە لەلایەن سعودیەکانەوە وەك دەوترێت( پێشوازیەکی شاهانە و بێ وێنەیان) لێکردوە لە کۆشك و تەلارە ناوازە و گەورە و فراوانەکانیدا.ئەم سەردانە بەم گەورەی و گەرمیەوە تەنها دوای ٥ مانگ لەسەردانەکەی سەرۆکی ئەمریکا جۆبایدن دێت بۆ سعودیە کە ساردوسڕی پێوە دیاربوو بەهۆی ئەوەی کە ئەمریکا مەسەلەی مافی مرۆڤی لە سعودیە کردبوە بابەتێکی سەرەکی لەگەڵ هاوکاری سعودیە بۆ سیاسەتی نەوتی ڕوسیا بەوەی لێکدایەوە کە سعودیە چۆتە ڕیزی ڕوسیاوە لە جەنگی دژ بە ئۆکرایینادا.

چین بۆخۆی ئەم سەردانەی بە (گەورەترین چالاکی دیبلۆماسی)دادەنێت لە ڕێکەوتی دامەزراندنی کۆماری چینی میللیەوە لەساڵی ١٩٤٩وە.

سعودیە بە سەردانێکی گەورە و گرنگی وەصفکردوە بۆ قوڵبونەوەی پەیوەندیە هەمەجۆرەکانی لەگەڵ چیندا لەکاتێکدا چین گەورەترین کڕیاری نەوتی سعودییە و بەڕێژەی ٢٠٪ بەشدارە لە پرۆژە وەبەرهێنەکانیدا لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبیدا.

ئەمریکا بە وریایی و دوودڵیەوە دەڕوانێتە ئەم سەردانە و ڕایگەیاندوە کە سەردانێکی چاوەڕوانکراوە و نابێتە جێگرەوەی پەیوەندیە ستراتیژیەکانی ئەمریکا و سعودیە و وڵاتانی ناوچەکە. دەشڵێت کە چین گەرەکێتی نفوزی خۆی لەناوچەکەدا قایم بکات بەڵام سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر ناوچەکە ناگۆڕێت و ئەمریکا بەتوندی پابەندە بە پاراستنی ئاسایشی ناوچەکەوە.

بەم شێوەیە هەر جوڵەیەکی چینی لەجیهان و بەتایبەتی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێگەی نائارامی ئەمریکایە و هەمیشە ترس دەخاتە دڵی ئەمریکاوە بەوەی کە چین گەرەکێتی کێبڕکێ لەگەڵ ئەمریکادا بکات لەڕووی ئابوری و ئەمنی و سەربازی و تەکنەلۆجیەوە،لەکاتێکدا سەرۆکی چین ڕایگەیاند کە ئەم سەردانە (سەرەتای قۆناغێکی نوێ یە) و سعودیەش پشتیوانی لە سیاسەتی (یەك چین) دەکات کە ئەمریکا بەنیازە پشتیوانی جیابونەوە و سەربەخۆیی تایوان بکات لە چین. کە ئەمە یەکێك بوە لەخاڵە ناکۆکەکانی سعودیە و ئەمریکا لەپاڵ مەسەلەی مافی مرۆڤ و سیاسەتی پشتیوانی نەوتی بۆ ڕوسیا لە ڕێگەی کەمکردنەوەی بەرهەمی نەوت لەگەڵ ڕووسیادا کە زیان بە ئەمریکا دەگەیەنێت.بۆیە لە ئێستادا پەیوەندیەکانی سعودیە و ئەمریکا ساردیەکی تێکەوتوە و بەم هاتنە پێشەوەی چینیش هێندەی تر ساردی و دڕدۆنگیشی تێدەکەوێت.

وڵاتانی کەنداو و وڵاتانی تری عەرەبیش هەموانیان بەتەنها و بەکۆ لەگەڵ سەرۆکی چین کۆبونەتەوە و هەریەکەشیان ڕێکەوتنامەی سیاسی و ئابوری و ئەمنیان لەگەڵدا واژۆکردوە.

چین بەم جوڵە و گوشار و فشارانەی لەلایەك لەگەڵ ئەم ولاَتانەی ناوچەی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاستی دەوڵەمەند بە وزە و دواتریش لە میانەی هاوپەیمانی بریکس BRICS(بەڕازیل+ ڕووسیا+ هندستان +چین +باشووری ئەفریقا) کە پێنج ولاَتی گەشەکردووی ئابوری خێران و ڕێژەی ٤٠٪ دانیشتوانی گۆی زەوی پێکدێنن و لەهەوڵدان کە ولاَتانی تریش بێنە ڕیزەکانیانەوە لەوانەش میسر و سعودیە وەکو دوو ولاَتی عەرەبی و ئیسلامی و گەورە لە ڕووی دانیشتوان و دەوڵەمەندیەوە.بەمەش دەتوانن ڕکابەری (ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە یەکێتی ئەوروپا و ئوستورالیا و کەنەدا) بکەن و ڕێگە نەدەن ئایندەی جیهان تەنها لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەوە ببرێت بەڕێوە و بەمەش دونیا لەتاك جەمسەری ڕزگاردەکەن و فرە جەمسەری لە جێگەیدا دادەمەزرێنن.هەرئەمەشە کە ترسی گەورەی خستۆتە دڵی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەوە. بەشێوەیەکی سروشتیش هەموو ئەم ولاَتانە و کەڵچەرەکانیان وەکو ولاَتانی ئیسلامی و عەرەبی و ڕۆژهەلاَتی نزیکترن لەیەکەوە و تەنانەت ڕژێمە دەسەلاَتدارەکانیشیان هەموانیان حەزیان بە تاکڕەوی و خۆسەپاندن و داخراوی وتوتالیتاری هەیە نەك دیموکراتی و لیبراڵی ڕۆژئاوایی و ئەوروپی.بۆیە نزیکبونەوە و لێکتێگەیشتن لەنێوانیاندا ئاسانترە وەك لەگەڵ ئەمریکا و ئەوروپییەکاندا.

بەم شێوەیە ئەم سەردانەی سەرۆکی چین بۆ ناوچەکە و سعودیە گەلێك ئاماژە و پەیامی شاراوەی لە پشتەوەیە بەتایبەتی بۆ ئەمریکا و ئەوروپا و لەبەرامبەریشدا ئەمریکا بەتایبەتی زۆر نارەحەت بوە بەم سەردانانەی چین و سەپاندن و فراوانکردنی هەژموون و نفوزی خۆی لە جێگە و ناوچەیەکدا کە ماوەی ١٠٠ ساڵە ئەمریکا بالاَدەستە و بۆخۆی قۆرخی کردوە و نایەوێت بە ئاسانی لەدەستی دەربچێت،بەلاَم پێشکەوتن و بەهێزبونی چین بۆتە ئەمری واقیع(دیفاکتۆ) لەسەر تەواوی گۆڕەپانی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و تەکنەلۆجی دونیادا و چیدی لێناگەڕێت ئەمریکا تاکە جەمسەر و تاکە بالاَدەست بێت لەم ناوچەیەدا و لەتەواوی جیهانیشدا.هەربۆیە ئەمریکا لەهەر جوڵە و هاتنەپێشەوەیەکی چین ترس و گومانی لادروستدەبێت وەك دەڵێن(ماران گاز لە خشەی مارومێرووش دەترسێت) و زۆرباش لە نیەت و تواناکانی چین ئاگادارە،بۆیە کارێکی گەمژانەیە کە ئەمریکا حسابی گەورەی بۆ نەکات.لەبەر ڕۆشنایی ئەم ململانێ و ترس و گومانانەی ئەمریکا و چین بەرامبەر یەکتری پێشبینی دەکرێت کە جیهان بەگشتی و ئەم ناوچەیە بەتایبەتی لەئایندەدا ببنە کوانووی ململانێیەکی توندی ئەم دوو زلهێزەی دونیا کە بەهەمان شێوەی سەدەی ڕابووردوو لەسەر حساب و بەرژەوەندی گەلان و خاك و خێروبێری ولاَتانی ناوچەکە تەواو دەبێت.

==========================================================

* ئەم بابەتە لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا لەڕێکەوتی ١٨/١٢/٢٠٢٢دا بلاَوکراوەتەوە.

## تەنها کورد
## بۆتە قوربانی ململانێی نێوان ماکرۆن و ئەردۆگان *

ڕۆژی هەینی و ڕێکەوتی ٢٣-١٢-٢٠٢٢ لەناو جەرگەی شاری پاریسی پایتەختی فەڕەنسادا ،پیاوکوژێك بەناوی ولیامی کۆنە شۆفێری شەمەندۆفێری ٦٩ساڵەی بەناو(تێکچووی دەروونی) وخاوەن پێشینەی تاوانکاری تر بەناوی ڕەگەزپەرستیەوە.لەناوچەی ١٠ لە شەقامی دانغین کە ناوچەیەکی بازرگانی و قەرەباڵغە وجالییەکی گەورەی بیانی و لەناویشیاندا کورد هەیە .دەستیکردە دەستڕێژکردنی گولە لە چێشتخانە وسەرتاشخانە و سەنتەری کەلتوری ئەحمەد کایای کوردەکان.بوە هۆی شەهیدکردنی ٣ کەس(دوو پیاو و ژنێك) و برینداركردنی ٣ کەسی تریش.

ئیدی لە هەینیەوە تائەمڕۆ کوردەکان دەستیانداوەتە خۆپیشاندانی توندوتیژی و ئاگرتێبەردانی دوکان و شەقام و ئۆتۆمبێل و چەندین کەسیان لێ دەستگیرکراوە و تاوانباریش فەرمانی گرتنەکەی هەڵوەشاوەتەوە و ڕەوانەی (نەخۆشخانەی دەروونی کراوە)تا چاکدەبێتەوە.

تائێرە ڕەنگە کەسانێك هەبن ڕووداوەکە وەکو ڕووداوێکی لابەلا و بێ پیلانی پێشوەختە لێی بڕوانن وەکو زۆر ڕووداوی تری لەوشێوەیە.

بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەم پیاوە کەوەك دەڵێن زۆر ڕقی لە بێگانەکانە بۆ بەتەنها کوردەکانی کردۆتە ئامانج لەناوەڕاستی دەیان دووکان و مۆڵ و قاوەخانە و چێشتخانەی تر کە تەژی بوون لە بێگانەکانی تر؟ ئایا ئەم تاوانکاریە بێ پیلانی پێشوەختە بوە و هیچ کەس و لایەن ولاتێکی لە پشتەوە نیە؟ ئەی کێ دوژمنی سەرسەختی کوردە لەکوردستان و ناوچەکە و دونیاش و چاوی بەسەرکەوتنی کوردان هەڵنایەت؟

وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە کورت و کرمانجی ،بریتیە لەوەی کە هیچ تاوانێکی لەوشێوەیە و بە ئاشکرا بەبێ پیلانی پێشوەختە و ئامادەکاری ناکرێت و کارێکی لۆژیکیش نیە کە شەلم کوێرم ناپارێزم ئامانجێك دیاریبکرێت.دواتر گەر بە پیلانگێڕی نەبوە و کورد نەکراوەتە ئامانج ئەی خێرە یەك کەسی تری بێگانەکان لەهەموو نەتەوە و ڕەگەزەکان نەکراونەتە ئامانج !هەمووشمان وەکو کورد دەزانین کە کێ و چ لایەن و ولاتێکی ناوچەکەی خۆمان دوژمنی سەرسەختی کورد و کوردستانە لەهەر جێگەیەکی دونیا بێت.ئەویش بەدڵنیایی بە پلەی یەکەم (ئەردۆگان و تورکیای

فاشیزمە)! بەتایبەتیش سەنتەری ئەحمەد کایای هونەرمەندی کوردی تورکیا ، قوربانی دەستی تیرۆری تورکان بوە.دواتریش ڕەفتاری هەموو داگیرکارەکانی تری کوردستانیشە.

بەلاَم بۆ لە فەرەنسا و بۆ لەم کاتەدا؟

گەلێك هۆکار و پاڵنەر هەیە لەوانە:

١. بۆ بەستنەوەی ئەم ڕووداوە بە ڕووداوێکی هاوشێوەی پێش ١٠ ساڵ و ڕێك لەمانگی ١٢/ ٢٠١٣دا.کەجارێکی تر و بەدەستی پیاوانی میتی تورکی ٣ چالاکوانی ژنانی سەر بەپەکەکە شەهیدکران بەناوەکانی (فیدان دۆغان وسەکینە چانسیز ولیلی سویلیمیز) کە تائێستاش ئەنجامی ئەو ڕووداوە تیرۆریستیە ئاشکرا نەکراوە.

٢. ڕەنگە شاری پاریس بەتایبەتی و فەرەنساش بەگشتی ،یان ئەوەتا کوردان زۆر چالاکن دژ بە سیاسەتەکانی تورکیا ،یا دامودەزگا ئەمنیەکانی فەرەنسا شلوشێواو و کەمتەرخەم و (فەلەتی ئەمنیان)تیادایە کە ئەم هەموو کارە تیرۆریستانەی تیادا ڕوودەدات بەجیا لەوڵاتانی تری ئەوروپا.

٣. هۆکارێکی تر بریتیە لە ململانێی کۆن و نوێی فەرەنسا و تورکیای خەلافەت و ئێستای ئەردۆگان لەسەر زۆر مەسەلەی ناوچەی ڕژهەلاتی ناوەڕاست و یەکێتی ئەوروپاش.چونکە ماکرۆن وایدەبینێت کە ئەردۆگان گەرەکێتی سەر لەنوێ خەلافەتی عوسمانی ببوژێنێتەوە و دژی هەموو ئەوروپا جوڵە بکات لەناوچەکە و دونیاشدا. فەرەنساش بەو پێیەی کە داگیرکاری کۆن وزلهێزی کۆن وئێستایە و جەمسەرێکی گرنگی یەکێتی ئەوروپایە بەتایبەتیش لەدوای دەرچوونی بەریتانیاوە لەو یەکێتیەدا و لەناوچەکەش خاوەن کۆڵنیالی بوە لە سوریا و لوبنان و ولایەتی موصڵیش لە عێراق، کە بەفێڵی بەریتانیا لەکاتی خۆیدا لەدەستی دەرهێنرا.گەرەکێتی بەر بە خەوبینین و پێ ڕاکێشانە زیاد لە ستوورەکانی ئەردۆگان و تورکیا بگرێت لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و باشووری قەوقازدا و گەرەکێتی بە بەهێزی بگەڕێتەوە ناوچەکە و تۆڵەی ١٠٠ساڵی ڕابووردوو بکاتەوە لەوەرگرتنەوەی ولایەتی موصڵ و ئەوەتا نۆژەنکردنەوەی فرۆکەخانەی موصڵی بۆدەرچوە بە دەیان ملیۆن دۆلار لە ڕکابەریەکدا لەگەڵ دوو کۆمپانیای تورکیدا(کورك -الیون).

بەهەمان شێوە بەدەستپێشخەری ماکرۆن و فەرەنسا لەگەڵ عێراقدا ، تاکە وڵات و سەرۆکی وڵاتێکی ئەوروپییە کە بانگهێشت دەکرێت بۆ ئامادەبوون و بەشداریکردن لە کۆنگرەی بەغداد و دراوسێکانیدا کە تائێستا (کۆنگرەی بەغداد-١ لە بەغداد لەمانگی ٨/٢٠٢١ و کۆنگرەی بەغداد-٢ لە ١٩/١٢/٢٠٢٢ لە ئوردون) سازکراوە.

ئاشکرایە چ لەناوچەکە و چ لە ئەورووپاش هەر کورد دەبێتە قوربانی ململانێ نارەواکان و بەرژەوەندییەکانی تورکیا و ئەورووپییەکان و بەداخیشەوە تائێستا ئەورووپییەکان نەرمن بەرامبەر تورکیا و ئەوەتا سویدی لانکەی دیموکراتی هەفتەی پێشوو ٣ چالاکوانی کوردی ڕادەستی تورکیا کردەوە تەنها بۆئەوەی تورکیا ڕازیبێت بە بوونە ئەندامی سوید لە هاوپەیمانی ناتۆدا.

بەداخەوە ئەوە ڕاستی ودروستی و بێ بنەمابوونی دروشمەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراتی و ئازادی و دادپەروەری و سۆلیدارێتی ئەوروپا و سۆشیال دیموکراتەکان و ڕۆژئاوایە و ئەوان تەنها و تەنها بەرژەوەندیەکانی خۆیان مەبەستە.کوردیش بە ئافەرین و لێدوان و سەردانێکی نمایش ئاسای سەرۆك و وەزیرەکانیان فریودەخوات.سەرەڕای هەندێك وێسگەی ڕۆشن لەهەڵوێستی هەندێك سەرکردە و وڵاتی ئەوروپادا لەبەرامبەر مەسەلەی کورددا کە جێگەی دەستخۆشی و پێزانینە.بەڵام گرنگە ئیدی کوردیش بەبەرنامە و لەسەر ئاستی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و کەلتوری پەیوەندییەکانی ڕێکبخاتەوە و هەوڵی پتەوکردن و بەهێزکردنی ئەو پەیوەندیانە بداتەوە و بەهێزتریش بەڕووی پیلانەکانی ئەردۆگان و تورکیادا بچێتەوە و نە لەکوردستان و ناوچەکە و نە لەئەورووپاش نەچێتە ژێر باری فەرمان و بەرژەوەندیەکانیەوە و گوێڕایەڵیشی نەبێت.

---

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد و ئاوێنە و خەندان دا لەڕێکەوتی ٢٧/١٢/٢٠٢٢دا بڵاوکراوەتەوە.

# جەنگی دەروونی و کاریگەرییەکانی *

- پێشەکی:

جەنگی دەروونی( جەنگی سایکۆلۆژی): یان لایەنە بنچینەییەکانی پرۆسە دەرونیە نوێکان،یان پرۆسە پاڵپشتیە زانیاریە سەربازیەکانە.یان جەنگی سیاسیە،یان(جەنگی دڵ و مێشکەکان) یان پرۆپاگەندەیە.

کە هەموو ئەم زاراوانە ئاماژەن بۆ کارێك کە ئەنجامدەدرێت بەپێی دەروونی.بۆ وروژاندنی پەرچەکرداری دەروونی کە دانراوە بۆ کەسانی تر،کە شێواز و میکانیزمی هەمەجۆری تیادا بەکاردێت، و ئامانجیشی کاریگەری خستنە سەر ڕێکخستنە ئەخلاقی و بیروباوەڕی یان سۆز یان پاڵنەرەکان یان لۆژیك و هەڵسوکەوتەکانە.

بەکاردەهێنرێت بۆ وەرگرتن و دەستخستنی دانپیادانان یان جێگیرکردنی هەڵوێست و شێوازی گونجاو کە بگونجێت بۆ ئەو مەبەستانەی ئەو کەسەی ئەنجامی دەدات. هەندێك جار لەنێوان ئەم جۆرە جەنگە و پرۆسە ڕەشەکاندا یان ئالاّ درۆینەکاندا کۆدەکرێتەوە.

یان بەکاردەهێنرێت بۆ شکستپێهێنان و ورە ڕووخاندنی دوژمنان،بە جۆرە تاکتیکێك کە مەبەست لێی ورە ڕووخاندنی هێزەکانیانە.

- ڕەنگە لایەنی بە ئامانجگیراو:

١. حکومەتەکان یان ڕێکخراوەکان یان گروپ و تاکەکانیش بێت.نەك تەنها سەربازەکان.

٢. هەروەها دەکرێت کە کەسانی مەدەنیش بکرێنە ئامانج لە جێگە بیانیەکاندا بە تەکنیك و هۆکاری ڕاگەیاندن،بۆ کارتێکردنی حکومەتەکانیان.

- لەکتێبی پرۆپاگەندەدا کە لەلایەن جاك ئیلۆلەوە دانراوە ئاوها باس لە جەنگی دەروونی دەکات و تیایدا هاتوە :

  - جەنگی دەروونی: بریتیە لە پیادەکردنی شێوازێك لە شێوازە باوەکانی ئاشتی .
  - هەروەك چۆن بریتیشە لە وێنەیەك لە وێنەکانی جەنگی ناڕاستەوخۆ.

جا پرۆپاگەندە دەبێتە هۆکاری دوودڵکردنی ڕای گشتی لەهەر ڕژێمێکی ئۆپۆزسیۆندا بە داماڵینی لە کۆنترۆڵکردنی ڕای گشتی لە بنچینەدا.

زۆر سەختە کە هێرشی دەروونی بەرپەرچبدرێتەوە. بەشێوەیەك کە هیچ دادگایەکی نێودەوڵەتی نیە بۆ ڕێگەلێگرتنی.لەبەرئەوەی هیچ ڕێگەیەکی یاسایی نیە بۆ باسکردنی.( کە تیایدا خاوەنی پڕوپاگەندە مامەڵە لەگەڵ لایەنێکی دژی بێگانەدا دەکات کە دەیەوێت ورەی بڕوخێنێت بەهۆکارە دەرونیەکان،بۆئەوەی گومان دروستبکات لەسەر ڕاست و دروستی بیروباوەڕەکان و کردارەکانیشی).

لەمێژووی کۆندا گەلێك بەڵگە هەن لەسەر هەلأیسانی جەنگی دەروونی،و لە ئێستاشدا بەشێوەیەکی بەربلاو بەکاردەهێنرێت. بەهۆی پەیوەندی ڕاستەوخۆی جەماوەرەوە بە جەماوەری دوژمنەوە،و لەزۆرێك لە جەنگەکاندا بەکارهاتوە.لەم سەردەمەشدا لەڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە زۆر بەئاسانی لەهەموو جیهاندا هەڵمەتی زانیاری درۆ و ساختە وسەرلێشێواندن ئەنجام دەدرێت.

**مێژووی جەنگی دەروونی**

ئەم جۆرە جەنگە مێژوویەکی دێرینی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پێنجەمی پێش زایین کەلەلایەن هەریەکە لە فیرعەونەکانی میسر و یۆنانیە کۆنەکان و چینیەکانیشەوە ناسراوە و پیادەشیان کردوە. و چەندین کتێبیش دەربارەی جەنگی دەروونی نوسراوە کە باس لە جۆرەکانی و شێوازەکانی و هۆکارەکانی ئەو جەنگە دەکەن.

هەر لەدێر زەمانەوە سەرکردە و سەرۆك و دەسەلأتدارە جەنگیەکان پێش مێژوو گرنگی ئەم جەنگە دەرونیەیان زانیوە بۆ لاوازکردنی ورەی بەرامبەرەکانیان.ئەوەتا لە جەنگی فرما لەساڵی ٥٢٥ پێش زاین لەنێوان ئیمپراتۆریەتی فارسی و میسری کۆندا.فارسەکان پشیلە و ئاژەڵی تریان بەکاردەهێنا وەك تەکنیکێکی دەرونی دژی میسریەکان.کە میسریەکان بەهۆی بیروباوەڕەکانیانەوە ئازاری پشیلەیان نەدەدا.

- وەك کتێبی سەرکردەی سەربازی چینی (صەن تزوو)بەناونیشانی (جەنگەکە) و تیایدا گرنگی شێوازە دەرونیەکان و هێزی مەعنەوی لە جەنگدا وەك کتوپڕی و ژاوەژاو و تەپڵ لێدان و بوقکێشان و ڕاگەیاندن و ...هتد.
- لەکاتێکدا یۆنانیەکان هونەری وتاردانیان پیادە کردوە بەرامبەر گەلانی تر .
- میسریەکانیش ڕۆژنامەیان بەکارهێناوە پێش ٧٣ سەدە و ڕۆژنامەی کۆشکیان هەبوە وەکو هۆکارێکی جەنگی دەروونی.
- بەهەمان شێوە ڕۆمانەکانیش هەروایان کردوە.سەرەڕای قسە و جنێودان و ناوزڕاندن کە هەموانیان کاریگەری دەخەنە سەر ڕۆحیەتی مەعنەوی لایەنی بەرامبەر .

- بەلاّم مەغۆلەكان جاسوسناردنیان بەكارهێناوە وەك هۆكارێكی جەنگی دەروونی. هەروەها بلاّوكردنەوەی پڕوپاگەندە و واتەوات بۆ گەورەكردنی ڕووداوەكان و هێزی سوپاكەیان لەبەرامبەر دوژمنەكانی.
- بەلاّم لەسەدەی بیستەمدا ،و لەسەرەتای دەستپێكی جەنگی جیهانی یەكەمەوە، هەموو هۆكارە ڕاسەوخۆ و ناڕاستەوخۆكانیان بەكارهێناوە .
- ئەوەتا ئەڵمانەكان لەڕێگەی فڕێدانە خوارەوەی بلاّوكراوەوە لە پشتی بەرەكانی جەنگی دوژمنەوە و بەدیاریكراویش لە ناوەڕاستی شاری لەندەندا .
- بەهەمان شێوەش بەریتانیاش گرنگی زۆری دا بە جەنگی دەروونی و هەستا بەدامەزراندنی بەشی پڕوپاگەندەی دژ لەساڵی ١٩١٨دا .
- لەكاتێكدا ئەمریكا بەشی پڕوپاگەندەی دامەزراند لە ساڵی ١٩١٧دا كە ئاڕاستەكراو بوو بۆ ئەمریكیەكان و دونیای دەرەوەش.كە جەختیاندەكردەوە لەسەر بلاّوكراوەكان و ڕۆژنامەكان و كتێب و گۆڤار بەمەبەستی ڕووخاندنی ورەی دوژمنان.و ڕەوایەتی پێدان بە هەڵوێست و گوتاری هاوپەیمانان و گرنگیدان بەگیانی پێكەوەیی لەنێوان گەلانی جیهاندا لەلایەن ڕای گشتیەوە.
- بەلاّم لە جەنگی جیهانی دووەمدا ،جەنگی دەروونی پێشكەوت و گۆڕانی گەورەی بەسەردا هات،ئەوەش لە ئەنجامی پێشكەوتن و داهێنانە نوێیەكان لە هۆكارەكانی پەیوەندیەكاندا و لەوكاتەشدا چەندین قوتابخانەی جەنگی دەروونی دروستبوون وەك قوتابخانەی جەنگی دەروونی ئەمریكی و ئەڵمانی و ڕوسی.

**نموونە مێژووییەكان:**

لەبەناوبانگترینیان بریتیە لە :

١. ئەسكەندەری گەورە ،كە سەركەوتووبوو لە داگیركردنی بەشێكی گەورەی ئەوروپا و ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست.

٢. جەنگەكانی جەنگیزخان

جەنگیز خان، سەركردەی ئیمپراتۆریەتی مەگۆلی،لە سەدەی ١٣ی دوای زاین.هۆكار و شێوازی جۆراوجۆری جەنگی دەروونی بەكارهێناوە بەرامبەر دوژمنەكانی.بەوەی كە خۆتەسلیم بكەن نەك شەڕی لەگەڵدا بكەن بۆئەوەی بەر خەشم و قینی نەكەون.

بەشێوەیەك كە پێش ئەوەی هەر شوێنێك داگیر بكات،لەڕێگەی جاسوس و لایەنگرەكانیەوە بانگەشەی ئەوەی دەكرد كە مەغۆلەكان ژمارەیان زۆرە و زۆر ئازا و دڵڕەقن و پیاوكوژن و

مامەڵەیان توندوتیژە،بۆئەوەی ورەی بەرامبەرەکانی بڕوخێنێت.ئەگینا لەڕاستیدا ژمارەیان ئەوەندە زۆر نەبوە لەسەرەتادا.بەم شێوەیە ورەی دوژمنەکانی دەڕوخاند و لەجەنگەکانیدا سەردەکەوت.

٣. ناپلیۆن پۆناپارت

لەڕێگەی نامەناردن و خۆدەرخستن بەبەهێزی و ژمارەی سەرباز و جۆری چەکەکانی و پڕۆپاگەندەکردن لەناو خەڵکدا بەتایبەتی لە جەنگەکەی بۆ سەر میسر بەتایبەتی و ڕۆژهەڵات بەگشتی و زۆر جاری تریش لەڕێگەی وشە و زاراوای توند و جنێو و سووك سەیرکردنی بەرامبەرەکەی و بوختان هەڵبەستن و هەڕەشە و گوڕەشە ناردن و ترساندن و باسکردنی جەنگەکان و سەرکەوتنەکانی....هتد.

**لەماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا**

وڵاتانی میحوەر لە ئەڵمانیا و یابان و ئیتالیا،یەکەم جار گەلانی خۆیان ڕازیکرد بە هێرشبردنە سەر وڵاتانی تر و دواتر هەڵوەشاندنی بەرامبەرەکانیان و وەدەستهێنانی سەرکەوتن بەمەش دوژمنە ڕاستەوخۆکانیان دەترساند وئەوانی تریشیان هێور دەکردەوە.

جا پێش هەر جەنگ و پەلاماردانێك پڕوپاگەندەی ڕەش بەکاردەهات و بەمەش ئەڵمانیەکان لە بواری پڕوپاگەندەدا سێ سەرکەوتنیان وەدەستهێنا:

١. لە بواری سیاسیدا: وای لەڕای گشتی جیهانی کردبوو کە لەنێوان شیوعیەت و فاشیەتدا یەکێکیان هەڵببژێرێت.

٢. لەبواری ستراتیژیدا: وای لە قوربانیەکان کردبوو کە خۆی دانێت کە قوربانی کۆتاییە و بەمەش ئەڵمانیەکان وورده وورده پێشدەکەوتن.

٣. لەبواری دەرونیشدا: بەبەکارهێنانی ترسی تەواو وای لە گەلی ئەڵمانی کردبوو کە هەمیشە ترسی لەناوبردنی هەبوو لەلایەن شیوعیەکانەوە.هەروەها فلیمەکانی شەڕە لەناکاوەکانی بەکاردەهێنان بۆ ترساندنی دەسەڵاتدارانی وڵاتانی تر و ڕووخاندنی ورەیان کە بەمەش دەوترێت ڕووخاندنی ئەعصابی نەتەوەکان کە هەمیشە لەدۆخی گومان و ناڕۆشنیدا بێت کە بەیانی چی بەسەردێت.

لەلایەکی ترەوە هەریەکە لە ئەڵمانەکان و ئینگلیزەکان لەڕێگەی ڕادیۆکانیانەوە هەوڵی بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی دژ بەیەکیان دەدا و تەشویشیان دەخستە سەر ڕادیۆکانی یەکتری بۆ ئەوەی کاریگەری دابنێن لەسەر زۆرترین خەڵك و گوێگر و کاریگەری لەسەر بیروباوەڕ و ورەیان دابنێن. لەم بوارەشدا ئەڵمانەکان پلانی جۆراوجۆریان بەکاردەهێنان و ناودەبرا بە (جەنگی ڕادیۆ).

بەلاّم ئەمریکیەکان لەسەردەمی سەرۆك ڕۆزفڵتدا هەوڵی دامەزراندنی هەمئاهەنگیکەرێکیدا بۆ زانیاریەکان و لەساڵی ١٩١٤دا ئیدارەی زانیاری جەنگی دامەزراند بۆ کۆنتڕۆڵکردنی هەموو پڕۆپاگەندەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە نیوە گۆی زەویدا و مەبەستەکانیشی بریتی بوون لە:

١. بەردەوامبوون لەسەر کۆکردنەوەی زانیاری.
٢. هەستان بە بلاّوکردنەوەی پڕوپاگەندەی ڕەش.
٣. هەستان بەکاری پیلانگێڕی و بچووکردنەوە بەهاوکاری لەگەڵ دەسەلاّتە سەربازیەکاندا.

## چەمك و زاراوە بەکارهاتوەکان

تا ئێستا نەتوانراوە کە پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ جەنگی دەروونی دیاریبکرێت، یان بوارەکانی ئاشکرا بکرێت،هەرچەندە کتێبی زۆریش نوسراوە لەبارەیەوە.لەلای خەڵکی جەنگی دەروونی گەلێك مانا و بۆچوون دەگرێتەوە.تەنانەت ئەو کەسانەی کە لەو بوارەشدا شارەزاییان هەیە نەیانتوانیوە چەمك و مانایەکی دیاریکراوی بۆ دەستنیشان بکەن.ئەم جیاوازیەش لەوەوە هاتوە کە نەتوانراوە پێناسەیەکی ئاشکرا دیاریبکرێت،چونکە نەتوانراوە سنوری بوارەکانیشی بە ئاشکرا دەستنیشان بکرێت.تەنانەت لەناو یەك دەوڵەتیشدا چەمکی جەنگی دەروونی جیاوازی زۆری لەسەرە.

### چەمکی جەنگی دەروونی

- جەنگی دەروونی چیە؟

جەنگی دەروونی:بریتیە لەو جەنگەی کە تیایدا هۆکارەکانی پڕوپاگەندە و دەروونی و مەعنەوی تر بەکاردێت بۆکاریگەری خستنە سەر ورەی دوژمن وئاڕاستە فکری و بیروباوەڕەکانی،بۆ دروستکردنی دۆخێکی جیابونەوە و بێزاربوون لەنێو ڕیزەکانیدا.مەبەستیش لێی بریتیە لە سەرکەوتن لە جەنگە سەربازیەکاندا و شکستپێهێنانی دوژمن.

- لە فەرهەنگی جەنگی ئەمریکی کە لە ساڵی ١٩٤٨دا دەرچوە،بەم شێوەیە زاراوەی جەنگی دەروونی باسکردوە :

( بریتیە لە ڕێوشوێنی پڕوپاگەندەی دیاریکراو بۆ کاریگەری خستنە سەر هەست و سۆز و مامەڵە و هەڵوێستی گروپە دژە بیانیەکان یان بێلایەن و هاوڕێکانیش،لەچوارچێوەی سیاسەت و ئامانجە نیشتیمانیەکاندا ).

لەساڵی ١٩٥٠دا ئەم چەمکە گۆڕدرا و بەم شێوەیەی لێهات :

( بریتیە لە هەستانی وڵاتێك یان کۆمەڵە وڵاتێك بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە، یان هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دژ بە ناوچەیەکی دوژمن یان بێلایەن یان هاوڕێ،بەمەبەستی کاریگەری خستنە سەر بیروڕا و هەست و سۆز و دید و تێڕوانین و هەڵوێستەکانی بەشێوەیەك کە لە خزمەت و پشتیوانی ئامانجی وڵاتی هێرشبەر و هاوپەیمانەکانیدا بێت).

لەم جەنگەدا پەنا دەبرێتە بەر هەموو هۆکارێك بۆ کاریگەری خستنە سەر ورە و هەست و سۆز ودەروون ومێشك و بیروڕای تاك و گروپ و کۆمەڵگاکان بەهۆکاری جیاوازەوە هەمووشی بەمەبەستی ڕووخاندنی ورەو گۆڕینی هەڵوێست و ئاڕاستەی کار و بیروباوەڕیان،بەمەبەستی جێگرتنەوەیان بە هەڵوێستێکی جیاواز کە پاڵپشت و گونجاو بێت بۆ بەرژەوەندی و ئامانجەکانی ئەو لایەنەی کە هێرش دەبات.

**زاراوە بەکارهاتوەکان**

- لەو زاراوانەی کە بۆ جەنگی دەروونی بەکارهاتوە بریتین لە:

١. جەنگی سارد
٢. جەنگی بیرو ئەندێشە
٣. جەنگی ئایدۆلۆژی و بیروباوەڕ
٤. جەنگی مێشك و ئەعصاب
٥. جەنگی سیاسی
٦. زانیاری نێودەوڵەتی
٧. ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی
٨. دوژمنکاری ناڕاستەوخۆ
٩. هەڵمەتی ڕاستەقینە

**ئامانجەکانی جەنگی دەروونی**

هەمیشە هەر لایەك لەلایەنەکانی ناکۆکیەك پێش جەنگەکە یان لەمیانەیدا هەوڵدەدات بۆ لاوازکردنی هەڵوێستی لاکەی بەرامبەر لە ڕێگەی پەلاماردانی توند بۆ سەر ڕۆحیەت و دەروونی بەرامبەرەکەی. لەهەمان کاتیشدا هەوڵی بەهێزکردنی هەڵوێستی خۆی دەدات.

- لەو ئامانجانەی کە جەنگی دەروونی هەوڵی بەدیهێنانیان دەدات بریتیە لە :

**١.** دەرخستنی بێ توانایی سیستەمە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی لایەنی نەیار لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان بۆ خزمەتی جەماوەر.

**٢.** هەروا دابەشبوونی کۆمەڵگا لە ڕێگەی وروژاندنی هەست و سۆزە تایەفیەکانەوە.

**٣.** بەکارهێنانی کەمایەتیەکان لەناوخۆدا و دروستکردنی جیاوازی و ناکۆکی لەنێوان پێکهاتەکان و دروستکردنی جیاوازی لە نێوان حیزبە سیاسیەکان و سەربازیەکاندا و تەواوی کەرت و بوارەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا.

**٤.** هەروەها دەستبەسەراگرتنی تەواوی کۆمەڵگا و ئایندەکەی و نەهێشتنی متمانە بەخۆی،و ئامانجەکانیشی،شەلەلکردنی عەقڵی دوژمن و بیرکردنەوە و دەرونیشی و ڕووخاندنی ورە و بلاۆکردنەوەی بێئومێدی و هاندانی گیانی خۆبەدەستەوەدان و دەستگرتن بەسەر هەموو جۆرە شێوازێکی بەرگریکاری تیایدا و تەنانەت بە بەکارهێنانی سزا ئابوریەکانیشەوە بێت.

**٥.** هەروەها جولاندن و دروستکردنی گیانی بێئومێدی لە سەرکەوتن لەلای بەرامبەر و دابەزاندنی گیان و ورەی مەعنەوی و گومانکردن لە تواناکانی بۆ سەرکەوتن.

**٦.** ئامادەکردنی جەماوەریش دژی جەنگ و بلاۆکردنەوەی گیانی بێزاریش لەناو هێزە سەربازیەکان و سوپادا.

**٧.** شۆککردن و سەرلێتێکدانی خاوەن بڕیارەکان لە سیاسی و سەربازیەکان و هاندانی هەندێك لایەن تیایاندا بۆ دەرچوون لەو ئاڕاستەیەی کە زۆرینە لەسەری ڕێکەوتوون .

**٨.** هەروەها وروژاندنی ترس و دڵەڕاوکێ لەنێوان بەش و ناوچەکانی ولاَت و کۆمەڵگادا دژ بە یەکتری.

**چۆن خۆت دەپارێزیت لە جەنگی دەروونی؟**

لەڕێگەی:

١. بڕوا بە پڕوپاگەندە مەکە و یارمەتی بلاۆبونەوەشی مەدە.
٢. ئاگاداری ترس بە و دووربکەوەرەوە لەبێسەروبەری.
٣. بیروباوەڕت بە هەق پشت ئەستوور بکە.
٤. مەبە بە هۆکاری وروژاندنی کێشە و گرفت و حەزت بۆ پیلانگێڕی.
٥. یەکگرتووبە و جیا مەبەرەوە.
٦. متمانە بەتواناکانی خۆت و ولاَتەکەت بکە.
٧. شکست مەخۆ.

٨. ورەت بەرزبکەرەوە .

٩. هەستە بەکاری باشە ،بەهوشیارکردنەوەی نەتەوەیی و ڕەتکردنەوەی پڕوپاگەندەی دوژمنان بەبەڵگە و ڕاستیەکان بۆ بەرزکردنەوەی ورەی گەل دژی دوژمنەکان.

١٠. هەستی متمانە بەخۆکردن بەرز ڕابگرە و بێ ئومێد مەبە.

**ئامرازەکانی جەنگی دەروونی چین؟**

جەنگی دەروونی هۆکاری پڕۆپاگەندە بەکاردێنێت بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی بیرۆکە و ڕاوبۆچون و بیروباوەڕ،و گۆڕینی ئاڕاستەی خەڵکی و کاریگەرخستنە سەر هەست و سۆز و لایەنگیری و بیر و هۆش و ڕاوبۆچون و باوەڕەکانیان.ئاڕاستەی تاك و کۆمەڵیش دەکرێت وەکو یەك.

بەشی زۆری جەنگی دەروونی لەلایەن پڕۆپاگەندەوە دەبرێت بەڕێوە بەشێوەیەك کە دەکرێت زانیاری دیاریکراو یان بیرۆکە و ڕاوبۆچوون و تەنانەت درۆش بگوازرێتەوە بۆ کارتێکردنی دوژمن و تێکدان و شێواندنی پلان و پڕۆژەکانی.

هەربۆیە پێویستە هۆکاری نوێ و گونجاو بەکاربهێنرێت بۆ گواستنەوەی پڕوپاگەندە ئەوەش بۆ دڵنیابوون لە سەرکەوتنی و هێزی کاریگەرێتی بەمەرجێك ئەو هۆکارە لەژێر چاودێری بەردەوامدا بمێنێتەوە بۆ دڵنیابوون لەکاریگەرێتی بۆ ماوەی دووردرێژ.

پڕۆپاگەندە: بەهەموو شێوازەکانیەوە کە ئاڕاستەی گروپی دیاریکراو دەکرێت کە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە بواری جەنگی دەروونیدا.

هەواڵی چەواشەکاری: ڕۆڵێکی مەترسیدار دەبینێت لەو بوارەدا بۆ ڕووخاندنی ورەی بەرامبەر.لەبەر ئەوە پڕوپاگەندە هۆکارێکی مەترسیدارە لە هۆکارەکانی جەنگی دەروونی سەردەم.

**ڕۆڵی پڕوپاگەندە لە جەنگی دەروونیدا :**

وشەی پڕوپاگەندە، لە وشەیەکی کۆنی لاتینیەوە وەرگیراوە کە بەمانای ( فراوانبوون، بڵاوکردنەوە،بانگەواز،چاندن یان بڵاوکردنەوەی تۆو )دێت.

پڕوپاگەندە لە زۆر بواردا بەکاردێت وەك لە بواری ڕاگەیاندن و سیاسەت و ئابوری و بازرگانیدا بەمەبەستی فرۆشتنی زیاتر و قازانج و داهاتی زیاتر دەسکەوتن.

بەلام پڕوپاگەندە وەك هۆکارێك لە هۆکارەکانی جەنگی دەروونی هاوشانی ناوی جەنگی دەروونی دێت.

پڕوپاگەندە لە سەدەی پانزهەمدا دەرکەوت و بەدیاریکراویش لە ساڵی ١٦٢٢دا.کاتێك پاپا گریگۆری پانزەهەم دەستەیەکی پڕۆپاگەندەی ئاینی دامەزراند بۆ بەرپەرچدانەوەی هەموو تازەگەریەك و ڕیفۆرمێك کە لە مەزهەبی پڕۆتستانیدا دەکرێت و هەموو مەبەستەکەشی پڕوپاگەندەکردن بوو بۆ بلاّوکردنەوەی مەزهەبی کاسۆلیکی لەڕێگەی ئاشتیەوە نەك جەنگەوە.

بەلاّم ئاشکرایە ناپلیۆن ڕۆژنامەی بەکارهێناوە بە ئامانجی پڕوپاگەندە و گەلێك ڕۆژنامەی بەکارهێناوە بۆ دژایەتی حکومەتی بەریتانیا و دەوترێت کە ناپلیۆن دەزگایەکی ئالۆزی دامەزراندوە بۆ پڕوپاگەندە کە بۆخۆی سەرپەرشتی کردوە.

بەلاّم لەجەنگی جیهانی دووەمدا گرنگی زیاتر دراوە بە پڕوپاگەندە بەهەموو شێوازێك و هۆکارێکەوە و لە بەریتانیا وەزارەتی ڕاگەیاندن دامەزرا لەگەلّ لیژنەیەك بۆ جەنگی دەروونی.

**چەمکی پڕوپاگەندە:**

بریتیە لەهەولّدانێکی پێشوەختە و پلان بۆداڕێژراو و بەمەبەست بۆ بڕواپێهێنانی خەڵکی کە بەشێوەیەکی ویستراو بیربکەنەوە و مامەڵە بکەن.

پڕۆپاگەندە هۆکارێکە بۆ ئامانجێك.وشێوازەکانیشی دەگۆڕێت بەپێی هۆکار و تەکنەلۆژیا بەردەستەکان.

یان بریتیە: لە پلانێك بۆ دەزگایەکی دیاریکراوی ڕاگەیاندن بەمەبەستی کارتێکردنی مێشك و سۆزی گروپێکی دیاریکراوی دوژمن یان بێلایەن یان گروپێکی دۆستی بیانی بەمەبەستێکی ستراتیژی و تەکتیکی دیاریکراو.

پڕوپاگەندە کاریگەری هەیە لەسەر خەڵکانی مەدەنی و سەربازی،پڕوپاگەندەی نوێ لەسەر بنەمای زانستی دەروونی و کۆمەلاّیەتی و دەرونی کۆمەلاّیەتی دادەڕێژرێت.

**هۆکارەکانی پڕوپاگەندە:**

تایبەت بە هۆکارەکانی پڕوپاگەندە ئەوا هەموو دەزگا ڕاگەیاندنەکان لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سینەما و بەهەمان شێوە ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب و بلاّوکراوە و ولافیتە و بلّندگۆ و کۆبونەوەی تاك و کۆمەڵەکان و میهرەجان و ڤیستیڤاڵەکان و پێشانگاکان و پیشاندانە سەربازیەکان و کۆنگرە نیشتیمانیەکان و ...هتد.بەکاردێن.

هەروەها دەکرێت میوانەکانیش بەکاربێن وەك پڕوپاگەندە لەڕێگەی مامەڵەی جوان و باشەوە لەگەڵیاندا.

هەروەها لەڕێگەی بەکارهێنانی دەبابەوە لەلایەن هەندێك سوپاوە بەوەی لە جیاتی تەقاندنی گولەوە بڵندگۆیان بەکارهێناوە یان فڕۆکە بۆ فڕێدانە خوارەوەی بلاۆکراوەکان لەجیاتی قونبولەکانەوە.

لەسەردەمی ئێستاشدا مارکە بازرگانیەکان بۆ پڕوپاگەندە بەکاردێن،یان جلوبەرگ و ئاماژە وپەیکەرە شێوەکاریەکان وهەروەها لەڕێگەی دامودەزگا کەلتوری و وەرزشیەکانەوە.

**جۆرەکانی پڕوپاگەندە**

پڕوپاگەندە لەڕووی ڕەنگ و سەرچاوەکان وئەرکەکانی ومەرج و هۆکارەکانیەوە،دابەشدەکرێتە سەر چەند کۆمەڵە گروپێکەوە لەوانە:

**پڕوپاگەندە لە ڕووی چالاکیەوە:**

١. پڕوپاگەندەی سیاسی political propagandas :

ئەم جۆرە لە پڕوپاگەندە لەلایەن حکومەت یان دەوڵەت یان حیزبی سیاسی یان گروپێکەوە ئەنجامدەدرێت بەمەبەستی گۆڕینی هەڵوێستی سیاسی لایەنی بەرامبەر . ڕەنگە پڕوپاگەندەش (ستراتیژی یان تەکتیك)یش بێت.

سێ شێوەی سەرەکی پڕۆپاگەندەش هەن:

١. پڕۆپاگەندەی سپی: یان پڕوپاگەندەی ڕاستەوخۆ یان پڕوپاگەندەی ئاشکرا.لەسەر بنەمای ڕاستی و بەڵگەی واقعی بلاۆدەکرێتەوە.

پڕوپاگەندەی سپی : هەڵدەستێت بە جوانکردنی ڕووی کەسێك یان گروپ و دەوڵەتێك وەك سپیکردنەوەی ڕووی کەناڵە ئاسمانیەکان و دەرخستنی ڕۆڵی کۆمەلاَیەتی و چاکەخوازی لە کۆمەڵگادا.

٢. پڕوپاگەندەی خۆڵەمێشی : بەشێوەیەکی شاراوە بلاۆدەکرێتەوە و زۆر ڕوون نیە لە ئامانجەکانیدا و کێ و چ لایەنێکیشی لە پشتەوەیە،کاتێك دەردەکەوێت کە بەووردی لێی بکۆڵرێتەوە و بەدواداچوونی بۆ بکرێت.ئەم جۆرەش شێوەیەکی بڕواپێهێنەری هەیە.

پڕوپاگەندەی خۆڵەمێشی : کاردەکات لەسەر هەندێك ڕاستی بەلاَم هەندێك لێکدانەوە و ڕاڤکردنی هەڵەی بۆ دەکات لەگەڵ تێکەلاَوکردنی لەگەڵ درۆدا،وەك پڕۆپاگەندەکردن دژی ولاَتێك لەکەناڵە ئاسمانیە پڕوپاگەندەییەکانەوە کە دژایەتی سیاسەتەکانی ولاَتەکەی خۆی دەکات، وەك ئەوەی لە گەڵ کەناڵی ئاسمانی جزیرە دەکرا بەوەی کەناڵی جزیرە نەرمی و تەنازولی دەکرد بۆ ئەو کەنالاَنە بۆ ئەوەی ئەو فشارە پڕوپاگەندیانە کەم کەنەوە لە بەرامبەر تەنازولاتی سیاسی.

٣. پڕوپاگەندەی ڕەش : ئەم جۆرە شاراوەیە و لەلایەن دەزگا جاسوسی و نهێنیەکانەوە بلاۆدەکرێتەوە،وپێشی دەوترێت پڕوپاگەندەی شاراوە یان ناڕاستەوخۆ،و بەزۆری لەکاتی جەنگەکاندا بلاۆدەکرێتەوە.

پڕوپاگەندەی ڕەش: ئاڕاستەی کەسێك یان گروپێك دەکرێت بۆ شێواندنی وەك بەکارهێنانی بۆ ناشیرینکردنی ڕووی کەسایەتی عەرەبی و وێناکردنی بەشێوەی کەسێکی دڕندە و دواکەوتوو و وێنەکێشانی شێوەیەکی ناشیرین لەلای گەلانی دونیا.

٢. پڕوپاگەندەی کۆمەلاٚیەتی : مەبەست لێی تێکەلاٚوکردنی زۆرترین ژمارەی هاولاٚتیانە لەگەڵ کۆمەڵگایەکدا،بە نمونەی کۆمەڵگای ئەمریکی.

٣. پڕوپاگەندەی ئاینی **religions propaganda** :

بەمەبەستی بلاٚوکردنەوەی ئاینێکی دیاریکراوە و گۆڕینی بیروباوەڕی تاك و کۆمەڵگاکانە لە ئاینێکەوە بۆ ئاینێکی تر،لەئیسلامدا ناودەبرێت بە (بانگەواز) و لە مەسیحیەتدا ناودەبرێت بە (مژدەدان / تبشیریە).

٤. جەنگی دەروونی psychological warfare :ئەم جۆرەش لەکاتی جەنگەکاندا ئەنجام دەدرێت بەمەبەستی ڕووخاندنی ورەی دوژمن و خۆ بەدەستەوەدان.

٥. پڕوپاگەندەی بازرگانی commercials propaganda :بەمەبەستی برەودان بە کالاٚیەك یان مارکەیەکی بازرگانی دێت.

**پڕوپاگەندە لە ڕووی سەرچاوەوە:**

ئەمەش چەند جۆرێکی هەیە وەك:

١. پڕوپاگەندەی ستوونی Vertical Propaganda: لەم جۆرەدا کە کلاسیکیە پڕوپاگەندە لەسەرەوە بۆ خوارەوە بلاٚودەکرێتەوە،وەك لەلایەن سەرکردەیەك یان سیاسیەك یان مەرجەعێکی ئاینی کە گەرەکێتی کاریگەری بخاتە سەر جەماوەر.

٢. پڕوپاگەندەی ئاسۆیی Horizontal Propaganda: لەم جۆرەدا سەرکردەیەك یان ڕابەرێکی سیاسی یان ئاینی نیە،بەڵکو ئەم جۆرە لە پڕوپاگەندە لەناو کۆمەڵدا بلاٚودەکرێتەوە نەك لەسەرەوە بۆ خوارەوە و ڕەنگە پڕوپاگەندەیەکی سیاسی یان کۆمەلاٚیەتی یان هەردووکیشیان بێت.

جا دوو مەرج هەیە بۆ سەرکەوتنی پڕوپاگەندەی ئاسۆیی کە بریتین لە:

١. بوونی کەمترین پەیوەندی لەنێوان گروپەکاندا.

٢. بینینی ڕۆڵی پەروەردە و پڕوپاگەندە لەیەك کاتدا.

**پڕۆپاگەندە لەسەر بنەمای ئەرکەکەی:**

ئەم جۆرەش دەکرێتە ٣ جۆرەوە وەك :

١. پڕوپاگەندەی هاندان **propaganda agitation:**

لەناوەکەیەوە ئاشکرایە بە مانای هاندان دێت دژی حکومەت یان دەسەڵات یان وڵات یان گروپ و تەنانەت تاکێکیش بەمەبەستی ڕووخاندنی یان گۆڕینی ئامانج و مامەڵەی و ...هتد.

٢. پڕوپاگەندەی تێکەڵاوکردن **integration propaganda :**

لێرەدا مەبەست تێکەڵاوکردن و هاوبەشیکردنی کۆمەڵگایە بەمەبەستی پتەوکردنی.

٣. پڕوپاگەندەی بە بازاڕکردن: بەزۆرری دەچێتە چوارچێوەی بازرگانیەوە.

**مەرجەکانی بوونی پڕوپاگەندە:**

- جاك ئیلول پێیوایە کە دوو مەرجی پێویست هەن بۆ بوونی پڕوپاگەندە کە بریتین لە:

١. مەرجی کۆمەڵایەتی: کە مانای بوونی ئەم مەرجانە دەگەیەنێت:

- بونی کۆمەڵگایەکی تاکەکەسی و کۆمەڵگایەکی جەماوەری.
- بوونی ڕای گشتی.
- بوونی هۆکاری پەیوەندی جەماوەری.

٢. مەرجە بابەتیەکان بۆ پڕۆپاگەندەی سەرتاپاگیری: کە ئەم مەرجانە دەگرێتەوە:

- پێویستبوون بە ئاستی مامناوەنجی ئاستی گوزەران:
- ئاستێك لە ڕۆشنبیری:
- زانیاری
- ئایدۆلۆژی

**بنەماکانی پڕوپاگەندەی سەرکەوتوو**

- هەندێك بنەما هەن کە دەبنە هۆی سەرکەوتن و بە ئامانج گەیشتنی پڕۆپاگەندە وەك:

١. پڕوپاگەندەی سەرکەوتوو ئەوەیە کە ئاڕاستەی کەسەکان دەکرێت نەك بابەتەکان.

٢. پێویستە پڕوپاگەندە بشارێتەوە و ئاشکرا نەبێت.

٣. پێویستە پڕوپاگەندە پشت ئەستوور بێت بە زانیاری مانادار و زانیاری زۆر وورد وپەیوەست بە چۆنێتی بەڕێوەچوونی ئیشوکارەکانەوە.

٤. پڕوپاگەندەی سەرکەوتوو ئاڕاستەی مەسەلە زانراوەکان دەکرێت لەلایەن گەلەوە و باسکردنیان بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە و بابەتیانە.

٥. پڕوپاگەندەچیەکان پێویستە سەربەست بن لە جوڵە و جێبەجێکردندا: و پێویستە هەستن بە.

- زانینی دەروونی ئەو کۆمەڵەی کە پڕوپاگەندەکەی ئاڕاستە دەکرێت.
- کاری داهێنەرانە بکات.
- دووبارەکردنەوە.
- هۆکاری ئاینی.
- لادان و گۆڕین.
- هۆکاری لابردن و لەبیربردنەوە.
- یاریکردن بە ڕاست و درۆکانەوە.
- پیاهەڵدان و گەورەکردن و فووتێکردن.
- کورتکردنەوە/ بەمانای کەم قسەکردن و زۆر دووبارەکردنەوە.
- بلاّوکردنەوەی پڕوپاگەندە و دروستکردنی پشێوی.
- بەرپاکردنی جەنگی دەروونی و تێکشکاندنی وورەی بەرامبەر.

**سەرچاوەکان:**

========

١. https://ar.wikipedia.org
٢. https://www.aljazeera.net
٣. http://www.averroesuniversity.org

================================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا لەڕێکەوتی ٢٨/١٢/٢٠٢٢دا بلاّوکراوەتەوە.

# دوای ساڵێك لە جەنگی ڕووسیا-ئۆكراینا
# ئەو جەنگە بەرەو كوێ؟ *

ڕێك لە بەرەبەیانی ٢٠٢٢/٢/٢٤دا ڕووسیا بە مووشەك و تانك و تۆپ و فڕۆكە و هێزی سەربازی سوپا هێرشیان كردە سەر سنورەكانی ئۆكراینا و بەمەش جیهان لە خەوێكی ناخۆش وەخەبەرهات و ئیدی لەو ڕۆژەوە تاكو ئێستا هەموو جیهان و لەهەموو بوارەكانی سیاسی و ئابوری و سەربازی و ئەمنی و كۆمەڵایەتیەوە پێی ناوەتە قۆناغێكی نوێ كە زۆر جیاوازە لە قۆناغی پێش هەڵایسانی جەنگەكە. قۆناغی نوێ كاریگەری داناوە لەسەر تەواوی جیهان بەشێوەیەك ژیان و گوزەران و پێشكەوتن و گەشەكردنە ئابوری و بازرگانیەكانی تێكوپێكداوە و هەمووانی تووشی ڕۆژگارێك كردوە كە جێگەی مەترسی و سەرسوڕمان و تاسانە.

ئەوەتا ئەو جەنگە كە بەئاشكرا لەنێوان ئۆكراینا و ڕووسیادایە وەك دوولایەنی سەرەكی جەنگەكە،بەڵام لە هەقیقەت و واقیعدا لەنێوان ڕووسیا و هەموو كیشوەری ئەورووپا و ئەمریكادایە، چونكە گەر هاوكاری و یارمەتی و پشتیوانیە زۆر وزەوەندەكانی ئەورووپا و ئەمریكا نەبوایە لەڕووی سەربازی و ئابوری و سیاسی و دابینكردنی پێداویستیە جەنگیەكان لە چەك و تەقەمەنی و لۆجستی سەربازیەوە ڕەنگبوایە ئێستا ئۆكراینا وەكو وڵاتێكی خاوەن سیادە و سەروەری لەسەر نەخشەی جیهان بوونی نەمایە و ببوایەتە بەشێك لە خاكی ڕووسیا و ببوایەتە بەشێك لە مێژووی ڕابووردوو.چونكە لەهیچ ڕوویەكەوە ئۆكراینا هاوشانی توانا وهێزی سیاسی و ئابوری و سەربازی ڕووسیای نەبوە ونەیدەتوانی خۆڕابگرێت.بەڵام بەهۆی ئەم پشتیوانیە بەردەوامەی ئەوروپا و ئەمریكاوە ئۆكراینا تاڕادەیەكی باش توانی خۆڕابگرێت و مقاوەمەتبكات و ڕێگەنەدات هێزەكانی ڕووسیا زۆر پێشڕەوی بكەن و خاكی وڵاتەكەی داگیربكەن،نەك هەرئەوە بەڵكو توانیویشێتی كە پاشەكشە بە هێزەكانی ڕووسیا بكات و لە ئێستادا ڕووسیا لەڕووی سیاسی و ئابوری و سەربازیەوە كەوتۆتە دۆخێكی سەختەوە و تاڕادەیەك لەجیهان دابڕاوە بەهۆی ئەو گەمارۆ سیاسی و ئابوری و بازرگانی و ئەمنیەی كە خراوەتە سەری.بەشێوەیەك نەوتەكەی بەنیوە نرخی بازاڕەكانی جیهان دەفرۆشێت و هێشتا كڕیاریشی زۆر نیە،دابڕێنراوە لە سیستەمی SWIFT بازرگانی و سیستەمی دارایی و بانكی جیهانی كە كاریگەری گەورەی هەیە لەسەر مامەڵە بازرگانی و ئابوریەكانی ڕووسیا لەگەڵ جیهاندا.نرخی دراوی ڕووسی ڕۆبڵ زۆر دابەزیوە.تەنانەت

هاوپەیمانەکانیشی لە چین و ئێران و کۆریای باکور و ...هتد.ناتوانن هاوکاری و دەستگیرۆیی بکەن و بەرژەوەندیەکانی خۆیان لەگەڵ ئەوروپا و ئەمریکادا ناگۆڕنەوە بە ڕووسیا.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ،ئایا تاسەر ڕووسیا خۆڕادەگرێت لەبەرامبەر ئەم هەموو گوشارەی ڕۆژئاوادا و دەتوانێت نەچەمێت لەبەردەمیاندا؟ئەی ئایندەی ئەم جەنگە بەرەو و کوێ و بە چ ئاڕاستەیەکدا هەنگاو دەنێت؟

ئەوەی لەم جەنگە دەخوێنرێتەوە و لە بەردەوامبوونی بۆماوەی نزیکەی یەك ساڵی تەواو،ئەوەیە کە ڕۆژئاواییەکان لەپاڵ پشتیوانیە سەربازیەکانیان بۆ ئۆکراینا،پەناشیان بردۆتە بەر گەمارۆ ئابوری و بازرگانی و بانکی و داراییەکانی سەر ڕووسیا و لەم ماوەیەدا توانیویانە کە گوشاری گەورە بخەنە سەر جوڵە و مامەڵەکانی ڕووسیا لە جیهاندا و زیان و کاریگەری خراپی گەورەی بکەنە سەر و داهاتەکانی زۆر کەمبکەنەوە و گەشەی ئابوری و پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاری زۆر بچووکبکنەوە ولەبەرامبەریشدا خەرجیەکانی جەنگی زۆر لەسەر زیادبکەن.ئەوروپیەکان بەتایبەتی لەسەرەتای جەنگەکەوە ترسێکی گەورەیان لێنیشت لە نیەت و هێز و پلان وگەورەیی ناو و ناوبانگی ڕووسیا لەهەموو ڕووەکانەوە وبەتایبەتیش کە ئەوروپیەکان بەشێوەیەکی سەرەکی پشتیان بەستۆتە سەر غازی سروشتی ڕووسیا بۆ گەشە و پێشکەوتن پیشەسازی و کۆمەڵایەتی و پێداویستیەکانی ڕۆژانەیان.بەڵام بە تێپەڕبوونی کات توانیان خۆیان لەگەڵ دۆخەکەدا ڕابهێنن و لە ئێستادا کەوتونەتەخۆ بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی جێگرەوەی غازی ڕووسیا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەریای سپیدا و بۆ دابینکردنی خۆراکیش و بەتایبەتیش گەنمی ئۆکراینا توانیان کە ڕێکەوتنێك بە ڕووسیا واژۆبکەن بە نێوەندگیری تورکیا کە ڕێگەی هەناردەکردنی گەنم بدات بۆ ئەوروپیەکان و هەموو دونیاش.بەم شێوەیە ڕووسیا نەیتوانی کە پلانەکەی خۆی بۆ داگیرکردنی کێڤی پایتەخت و تەواوی ئۆکراینا وەدیبێنێت و تەنانەت ئەو سێ هەرێمەشی کە ڕیفراندۆمی تیاداکرد بە ساختەکاری بۆئەوەی بیانخاتە سەر خاکی ڕووسیا لە ژێر گوشاری جەنگەکەدا پاشەکشەی لێیان کرد و ئۆکراینیەکان توانیان بیگێڕنەوە سەر خاکی خۆیان.

بۆیە بەشێوەیەکی گشتی بەردەوامبوونی جەنگەکە لەبەرژەوەندی هیچ لایەکیاندا نیە لە ڕووسیا و ئۆکراینا چونکە ماڵوێرانی و کاولکاری و پاشەکشەکردنێکی گەورەی بەدواوەیە لەسەر هەموو ئاستەکان.بەڵام بۆ ڕووسیا زۆر کاریگەرترە چونکە بەتەنهایە و ئۆکرایناش پاڵپشتی هەموو ئەوروپا و ئەمریکای لەگەڵدایە.بۆیە درێژەپێدانی جەنگەکە بەزیانی گەورەتری ڕووسیا تەواو

دەبێت و ڕەنگە لەکۆتایدا لەبەرامبەر ئەمریکا و ئەوروپیەکاندا بچەمێت و تاسەرخۆڕانەگرێت و داوای شەڕ ڕاوەستاندنیان لێبکات.

هەربۆیە ئایندەی جەنگەکەش وەستاوەتە سەر ئەو هەڵوێستەی ڕووسیا کە ئایا دەچەمێت و دان بە شکستی خۆیدا دەنێت و داوای شەڕ ڕاگرتن و گفتوگۆ دەکات یانیش بەردەوام دەبێت و بۆ دواجار ڕەنگە پەنا بباتە بەر بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمیش کە گەلێك جار ڕایگەیاندووە.بەلاّم ئەم ئەگەرەیان زۆر دووره هەرچەندە دەبێت لەبەرچاوبگیرێت.

بۆیە ئایندەی شەڕەکە هەر ڕاوەستانە بەهۆی لێڕۆیشتنی بێشوماری توانای سەربازی و ئابوریەکانی هەردوولاوە ،ئەوەتا وەك بلاّوکراوەتەوە کە ڕووسیا تاکو ئێستا ١٨٠-٢٠٠هەزار سەربازی بریندار و کوژراوی هەیە و ئۆکرایناش ڕەنگە بەهەمان هێندە کوژراو و برینداری هەبێت وهەر لەسەرەتای جەنگەکەشەوە زیاد لە ٣ملیۆن و نیو هاولاّتی ئاوارەی ئەوروپا و ناوخۆی ولاّتەکە بوون و وێرانکاریەکی گەورەشی تیادا ڕوویداوە کە بە زیاد لە ١٠٠ ملیار دۆلار مەزنەدە دەکرێت ، ئیدی لە قۆناغێکدا ناتوانن بەردەوامی بە جەنگەکە بدەن.جا کاتێك بەگریمانەی ئەوەی کە ڕووسیا داوای گفتوگۆبکات،ئەوا لەبەرامبەردا ئۆکراینا و هەموو ڕۆژئاوا قورسترین مەرجەکانی بەسەردا دەسەپێنن و لەکۆتایشدا گەر ڕووسیا تەنانەت لەسنورەکانی خۆشیدا بمێنێتەوە،ئەوا لەسەر ئاستی دونیا و تەواوی گەلانیشدا ئەو قورسایی و نرخ و ناوبانگە گەورەیەی نامێنێت و دواتریش ڕۆژئاواییەکان کە لەمێژە و زیاد لە ٧٠ساڵە هەوڵی لەناوبردن و بچووککردنەوە ولاوازکردنی بۆدەدەن بەسەرکەوتوویی و بە ئاشکرا دەچنە سەر سنورەکانی ڕووسیا و دەتوانن نەك بە مانگە دەستکردەکان و سیخورەکان ،بەڵکو بە چاوی سەر هەموو نهێنی و خاکی ڕووسیا ببینن و هێواش هێواش پیلانەکانی خۆیانی تیادا جێبەجێبکەن و ئیدی ڕووسیایەك نامێنێت کە بەهێز و خۆڕاگربێت و خۆی بە میراتگری قەیسەرەکان و تەنانەت یەکێتی سۆڤیێتی جارانیش بزانێت و بتوانێت ڕکابەری ئەوروپا و ئەمریکا بکات لەسەر هیچ ئاستێکی سیاسی و ئابوری و بازرگانی و کۆمەلاّیەتی و ئەمنیەوە.

بۆیە ئەوکاتیش دونیا دەبێتە گۆڕەپانێکی پان و بەرین بۆ ئەمریکای ڕابەری جیهان و هەموو ئەوروپا و سیستەمی سەرمایەداریش نەك هەر مەرگی حەتمی خۆی نابینێت وەك مارکسیەکان لەمێژە خەونیان پێوەدەبینی و لە ئەدەبیاتی حیزبە شیوعیەکاندا هەلاّیان لەسەردەکرد ،بەڵکو هەنگاوی گەورەتریش دەنێت بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو جیهان و کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان .

دواتریش جەنگە سارد و گەرمەکانی ئەمریکا و ئەوروپا دژی هەریەکە لە چین و کۆریای باکور و ئێرانیش پێدەنێتە قۆناغ و سەردەمێکی نوێوە کە هیچ کەس و لایەنێك ناتوانێت لە ئێستادا پێشبینی بۆ ئایندەی ئەو ململانێ توندە بکات لەکاتێکدا چین بۆتە ڕکابەری سەرەکی و بەهێزی ئەمریکا لەڕووی

سیاسی و ئابوری و ئەمنی و تەکنەلۆجیاییەوە و هەوڵی ڕفاندنی پارووی دەمی ئەمریکا دەدات لە هەموو جیهاندا لەڕێگەی پلان و بەرنامەی ستراتیژی (پشتێنە و ڕێگاوە).

بۆیە جیهان و ئایندەی مرۆڤایەتی ڕەنگە بەرەو قۆناغێکی مەترسیدارتر هەنگاو بنێت کە ئەوسەری تونێلەکە  بۆ هیچ کەس ڕوون نیە و تاریکترە لەوەی پێشبینی دەکرێت.

==========================================================

* ئەم بابەتە لەڕۆژنامەی کوردستانی نویٰ دا لەڕێکەوتی ٨/٢/٢٠٢٣دا  بلاۆکراوەتەوە.

# جیهان له‌به‌رده‌م
# ململانێیه‌كی توندی ئه‌مریكا و چیندایه *

پێده‌چێت به‌رژه‌وه‌ندیخوازی و چاوچنۆكی و غه‌ریزه‌ی بوون به‌خاوه‌نی هه‌موو شتێك له‌لای مرۆڤه‌كان و سه‌ركرده‌كان و وڵاته‌كان بوبێته خولیایه‌كی هه‌میشه‌یی و دانه‌بڕاوی حه‌زه سه‌ركێشه‌كانی مرۆڤ و له‌پێناو هێنانه‌دی خواسته‌كانیشیاندا جا چ ڕه‌وا بێت یان ناڕه‌وا په‌ناده‌به‌نه به‌ر هه‌موو كارێك ته‌نانه‌ت نامرۆڤانه‌كانیش.هه‌ر به‌هۆی ئه‌م حه‌ز و خواسته له‌بن نه‌هاتوانه‌ی مرۆڤه‌كانه‌وه جیهان هه‌میشه له‌ململانێی توندی سیاسیه‌كان و سه‌ركرده‌كاندایه و پێده‌چێت له‌سه‌ره‌تای دروستبوونی شارستانێتیه مرۆڤایه‌تیه‌كانه‌وه و تاكو ئێستا هیچ ده‌یه ساڵێك نه‌بوبێت كه جیهان به‌ئارامی و دوور له‌جه‌نگ و كاولكاری و هێرش و په‌لامار گوزه‌رانبێتی.به‌ڵكو هه‌میشه له قوژبنێك یان ناوچه‌یه‌كی ئه‌م جیهانه نه‌ك هه‌ر یه‌ك كێشه و ململانێ به‌ڵكو ده‌یان كێشه و ململانێی گه‌رم و سارد بوونیان هه‌بوه و دروستكراون و هه‌موو جیهانیان پێوه سه‌رقاڵكردووه. نموونه‌ی زیندووی ئه‌و ململانێ نێوده‌وڵه‌تیانه‌ش به‌تایبه‌تیش زلهێزه‌كان هه‌ر له‌سه‌رده‌می ئیمپراتۆریه‌ته گه‌وره و دێرینه‌كانه‌وه تاسه‌ر دامه‌زراندنی ده‌وڵه‌ته شاره‌كان و دواتریش ده‌وڵه‌ته پاشا ڕه‌هاكان و له‌نوێترینیشیاندا مۆدێلی ده‌وڵه‌ته كۆماریه‌كان بوو له‌دوای شۆڕشی پیشه‌سازی و ڕۆشنگه‌ری و پێشكه‌وتن و داهێنانه‌كان و به‌رزكردنه‌وه‌ی بنه‌ماكانی ئازادی و دادپه‌روه‌ری و یه‌كسانی و برایه‌تی و سیسته‌مه حوكمڕانیه‌دیموكراسیه‌كان و چه‌مكه‌كانی مافه‌كانی مرۆڤ و سه‌روه‌ری یاسا و ده‌وڵه‌ته‌كان و ...هتد.ئیدی به‌ده‌یان جه‌نگی ماڵوێرانیكه‌ر ڕوویانداوه له‌نموونه‌ی جه‌نگی یه‌كه‌م و دووه‌می جیهانی و جه‌نگی سارد و جه‌نگی ڤێتنام و كوبا و فۆكلاند و عێراق-ئێران و عه‌ره‌ب – ئیسرائیل و كۆریاكان و عێراق-كوێت و یۆگوسلاڤیا و ده‌یانی تریش.

هه‌موو ئه‌م ململانێیانه‌ش ته‌نها و ته‌نها بۆ كۆنترۆڵكردن و ده‌ستبه‌سه‌راگرتنی سه‌رچاوه‌كانی ئابورییه له وزه‌ی نه‌وت و غازی سروشتی و كانزا گران به‌هاكان و سه‌رچاوه سروشتیه‌كانی تر و ئاوی شیرین و دانه‌وێڵه و خۆراكه بۆ به‌رژه‌وه‌ندی خۆیان و گه‌شه و پێشكه‌وتنه پیشه‌سازیه‌كانیان و دواتریش ساغكردنه‌وه‌یانه له وڵاتانی هه‌ژار و تازه‌گه‌شه‌كردوه‌كاندا.

جا هه‌تا یه‌كێتی سۆڤێتی جاران مابوو وه‌ك ڕابه‌ری بلۆكی سۆسیالیستی و هاوپه‌یمانی سه‌ربازی وارشۆ له‌به‌رامبه‌ر ئه‌مریكای ڕابه‌ری بلۆكی سه‌رمایه‌داری و ڕۆژئاوا و په‌یمانی سه‌ربازی

ناتۆدا،بەئێستاشەوە هێشتا ململانێکان توندن و لەگۆڕەپانی فراوانی جیهاندا سەرقاڵی پیلاندارشتنن دژ بەیەکتری و لەهەوڵی نەمان و بچووککردنەوەی یەکتریدان و نمونەی زیندووش هەلاّیسانی جەنگی ئۆکراینا ڕووسیایە کە ئەمریکا و ڕۆژئاوا مەبەستیان قەتیسکردن و لەقاڵبدانی ڕووسیایە وەك ڕکابەری دێرین و سەرسەختی خۆیان.هەرچەندە ڕووسیا ڕەنگە توانا و پێز و هێزی بەرگەگرتن و بەردەوامیدانی ململانێکانی نەمابێت بەهۆی سەختی و گرانی خەرجی ململانێکانەوە و ئابوریەکەشی لە پاشەکشەدایە.و ڕەنگە ڕۆڵ و پێگەی ڕابەرایەتی ڕۆژهەلاّتی جیهان بداتە دەست چین لەبەرامبەر ئەمریکا و ڕۆژئاوادا.

بۆیە لە ئێستادا ئەمریکا و ڕۆژئاوا سەرقاڵی پیلانی ئەهریمەنانەیە دژ بە ولاّتە زلهێز و بەهێز و گەورەکەی چین کەبەهەمان شێوە هەڵگری بیروباوەڕی شیوعیەت و ڕۆژهەلاّتییە و نایەوێت بەهیچ شێوەیەك کەلتور و چەمکە فکریە ڕۆژئاواییەکان لەکۆمەڵگای چینیدا بچەسپێنن و ببنە هۆکاری گۆڕانکاری لە سیستەمی حوکمڕانیدا.هەربۆیە چین بەسیاسەتێکی نەرم و هێواش و بێدەنگ دوور لەبەکارهێنانی چەك و هەلاّیسانی جەنگی گەرم پەنای بردۆتە بەر سیاسەتێکی نەرمی ئابوری و بازرگانی و وەبەرهێنان و هەواڵگری و تەکنەلۆجی و لەو ڕێگەیەوە بۆتە مەترسی گەورە بۆسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەهەموو ناوچەکانی جیهاندا و بەتایبەتیش لەناوچەی گەرم و دەوڵەمەندی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا کە ئەمریکا بە پەناگە و بەشێك لە ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دایدەنێت و ماوەی زیاتر لە ١٠٠ ساڵە ڕێگەی نەداوە کە هیچ ولاّتێکی زلهێز ببێتە تاکەدەمڕاستی بەهێز لەناوچەکەدا و بەتەنها بۆخۆی قۆرخی کردوە.

بەلاّم چین لە میانەی سیاسەت و پلانە ئابوریەکەیەوە بەناوی (پشتێنە و ئاوریشم)هەوڵدەدات کە کەلتور و بازرگانی و وەبەرهێنان لە ٧٠ ولاّتی کیشوەری ئاسیا و ئەفریقادا بکات کە هەموانیان بۆ ئەمریکا زۆر گرنگن و سەرچاوەی وەدەستهێنانی سەرچاوەکانی وزە و هێزی پیشەسازی خۆیەتی.بۆیە لەدوای ڕووسیاوە لە ئێستادا چین بۆتە ڕکابەری یەکەمی ئەمریکا لەهەموو ڕووەکانی سیاسەت و ئابوری و سەربازی و تەکنەلۆجیا و هەواڵگریەوە و هەوڵی ڕفاندنی پارووی دەمی ئەمریکا دەدات لەهەموو جیهاندا. لەلایەك بە هەژموونە گەورە وەبەرهێنانەکەی و لەلایەکی تریش هەوڵدانی بۆ قۆرخکردنی بازاڕەکانی ئەو ولاّتانەیە.بۆیە ئەمریکاش گەرەکێتی دوای لەقاڵبدان و لاوازکردنی ڕووسیا سەری تیری خۆی ئاڕاستەی سنگ و دڵی چین بکات و لەهەمولایەکەوە گەمارۆی داوە و دەست وەردەداتە کاروباری ناوخۆییەوە لەڕێگەی کێشەی تایوان و کۆریای باکوور و یابان و فلیپین و ئێران و ...هتد. بەلاّم چینیش بێ دەسەلاّت و بێ جوڵە

نەماوەتەوە.بەڵکو کەوتۆتە خۆی بۆ نزیکبونەوە لەوڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتیش سعودیە و ئیمارات و تەواوی وڵاتانی کەنداو و میسر و عێراق و دواتریش وڵاتانی کیشوەری ئەفریقایە و بەنیازە وەبەرهێنانی گەورە بەبڕی ملیارات دۆلار ئەنجامبدات.کە ئەمریکا ئەم هەوڵانەی چین بە دوژمنایەتی ڕاستەقینە بۆخۆی و مەترسی سەر بەرژەوەندیەکانی دەزانێت.

بەم شێوەیە و لەسایەی ئەم ململانێ کۆن و نوێیەی نێوان ئەمریکا و چینەوە،جیهان ڕووبەڕووی ململانێیەکی توندی چینی ئەمریکی دەبێتەوە و ڕەنگە دەیان ساڵ بخایەنێت بە ساردی و گەرمی و هەمووشیان لەسەر حسابی خاك وگەلانی ناوچەکانی جیهان دەبێت وئەوەی زیانی گەورە دەکات ئەو وڵاتانە و گەلەکانیانن، نەك چینی و ئەمریکاییەکان،بۆیە جیهان لەڕووی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و کۆمەڵایەتیشەوە بە بەردەوامی ڕووبەڕووی ئاڵنگاری و مەترسی گەورەتر دەبێتەوە و دیاردە سروشتیی و مرۆڤ کردەکانیش لە گۆڕانکاری کەشوهەوا و ژینگە و بەبیابانبوون و بوومەلەرزە و لافاو و گڕکان و ئاگرگرتنی دارستانەکان و دەرچوونی گازە ژەهراویەکان و دواتریش بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی و برسێتی و نەخوێندەواری و دواکەوتوویی و بێکاری بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی گۆی زەویەوە.هەموانیان جیهانێکی تاریك وتەمومژاوی و پڕ مەترسی دەخولقێنن کە جێگەی ئاشتی و ئارامی و پێکەوەژیانی تیادا نابێتەوە.گەر عەقڵ و ژیری کۆنترۆڵی چاوچنۆکی و غەریزەی کۆنترۆڵکردنی هەموو جیهان لای سەرکردە سیاسیەکان جڵەوگیر نەکات.

==================================================

* ئەم بابەتە لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا لەڕێکەوتی ١٦/٢/٢٠٢٣دا بڵاوکراوەتەوە.

# یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق
# سەرئێشەیەکی تر بۆ ئاینده ! *

پەرلەمانی عێراق لەبەرەبەیانی ڕۆژی ٢ شەممە ٢٠٢٣/٣/٢٠دا لەکەشوهەوایەکی بارگاوی و نارەزایەتی هێزە بچووك و مەدەنی و عیلمانیەکاندا و لە کاتژمێر ٣ی بەرەبەیانیدا و بە ئامادەبوونی ١٧١ ئەندام پەرلەمان دانیشتنی خۆی سازدا و دەستیکرد بە خوێندنەوە و دەنگدان لەسەر چەند مادەیەکی یاسای هەڵبژاردنەکان بۆ (پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان)لە عێراقدا.لەسەر بنەمای هەمواركردنەوەی سێهەمی یاسای هەڵبژاردنەکان بەپێی یاسای سانت لیگۆی هەڵبژاردنەکان. وابڕیاریشە ڕۆژی شەممە ٣/٢٥ دەنگدان لەسەر مادەکانی تری یاساکە کە ١٥ مادەن بەردەوام بێت و کۆتاییشی پێبێت.لەو مادانەی کە پەسەندکراون گرنگترینیان بریتیە لەوەی کە:

- جیاکردنەوەی دەنگەکان بەدەستی و ئەلکترۆنی دەبێت لەکاتی بوونی جیاوازیدا.
- پێویستە لەماوەی ٢٤ کاتژمێردا ئەنجامەکان ڕابگەیەنرێت.
- ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمان ٣٢٩ کورسی دەبێت و ٩ کورسیان بۆ کۆتاکانی مەسیحی و ئێزیدی و شەبەك و کوردی فەیلی و صابیئەکان دەبێت.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١/٦ دیاریکراوە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان.
- عێراق کراوتە ١٥ بازنەی هەڵبژاردن بۆ هەر ١٥ پارێزگاکە بە کەرکوکیشەوە.جگە لە هەرێمی کوردستان.
- فرەبازنەیی نەماوە لە یەك پارێزگادا بە پێچەوانەی هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمانی عێراق.
- ڕەنگە قاسم الانتخابی لە ١,٩ بگۆڕێت بۆ ١,٤.
- هەڵبژاردنەکانی دەرەوەی وڵات ئەنجام نادرێت چونکە جێگەی گومان و ساختەکاری زۆربووە.
- ئەم یاسایە ،هەن دەڵێن دەبێت بۆ هەردوو هەڵبژاردنەکانی (پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان)بێت و هەشن کە دەڵێن دەبێت بۆ هەر یەکە لەو دوو هەڵبژاردنە یاسای تایبەت دەربچێت.

ئەم یاسایە لەکاتێکدایە کە لە ئێستادا بەرەی ئیدارەی دەوڵەت کە لە چەند پارتێکی سیاسی شیعە و سونە و کورد پێکهاتووە کە گەورەترین و باڵادەستترین پارتەکانن و ماوەی ٢٠ساڵیشە لەدەسەلاٚتدان.کە ئاشکراشە رەخنەی زۆری جەماوەر و شەقامی عێراقیان رووبەڕوودەبێتەوە بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاریەکان و ئاوەدانی و گەشەی وڵات و کۆمەڵگا و بوونی گەندەڵی و بێکاری و ململانێ سیاسیەکان و بێدەسەلاٚتی و لاوازیان لەبەرامبەر وڵاتانی ناوچەکە و جیهاندا و...هتد.

جا یاساکە لەلایەن ئەم پارتە سیاسیە گەورە و بەدەسەلاٚتانەوە لەسەر بنەمای یاسای سانت لیگۆ دارێژراوە و گەرەکیشە پەسەندبکرێت. بەبیانووی ئەوەی کە یاسای پێشووتر و لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێستادا لەساڵی ٢٠٢١دا بۆتە هۆی دروستنەبوونی کوتلەی گەورە و بەهێز لە پەرلەماندا و پەرتوبلاٚوی دەنگەکان لەنێوان حیزبەکان و هەرئەمەش وایکرد کە نەتوانرێت گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی پێکەوەبنرێت و زیاد لە ١ساڵ هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆمار و حکومەت دوابکەوێت بەهۆی پەرتوبلاٚوی کورسیەکان لەنێوان هێزە تازە دروستبوو و بچووکەکان و بەناو سەربەخۆکانەوە.هەربۆیە گەرەکیانە ئەمجارە بەم یاسایە هەڵبژاردنەکان ئەنجامبدرێت بۆئەوەی ئەو قۆناغەی رابووردوو دووبارەنەبێتەوە و عێراق دووربکەوێتەوە لە گێژاوێکی سیاسی لە ئایندەدا. گەرەکیشیانە بە زووترین کات یاساکە تێبپەڕێنن چونکە زۆرینەیەکی بەرچاویان هەیە و ترسیان هەیە کە صەدریەکان وەکو هێزێکی خاوەن جەماوەر و شەقام بکەوێتە نارەزایەتی یاساکە.

بەلاٚم هەموو هێزە تازە دامەزراو و گەنجەکان و تشرینیەکان و مەدەنی و عەلمانیەکان و شیوعی وصەدریەکانیش و هەندێکیش دەڵێن مەرجەعە ئاینیەکانیش دژی یاسای سانت لیگۆن ،چونکە دووبارە دەبێتە هۆکاری سەرکەوتن و مانەوەی ئەو سەرکردە و پارتە سیاسیانەی کە ماوەی ٢٠ساڵە لەدەسەلاٚتدان و تەنها بێکاری و برسێتی و گەندەڵیان پێشکەشکردوە بەگەلانی عێراق. ئەم یاسایە رێگرە لەهاتنە پێشەوەی هێز و توانای نوێی عێراقیەکان .هەربۆیە دژایەتی توندی دەکەن لەرێگەی بایکۆتکردنی دانیشتنەکان و خۆپیشاندان لەشارەکانداو دەڵێن ئەم یاسایە لە قازانجی لیست و پارتە گەورەکاندایە چونکە (ماوەی دەنگەکان ) دەگەرێتەوە بۆ لیستە گەورەکان و لیستە بچووکەکانی لێ بێبەش دەبێت.بەمەش دەڵێن نوێنەری راستەقینەی هەڵبژێردراوی گەل ناچنە ناو پەرلەمانەوە. و یاسایەکی نادیموکراتیە.

ئاشکرایە یاسای سانت لیگۆ بۆ هەڵبژاردنەکان لەساڵی ١٩١٢وە لەلایەن زانای بیرکاری فەرەنسیەوە ( ئەندریە سانت لیگۆ)وە دانراوە.کە پوختەکەی بریتیە لە ( دابەشکردنی دەنگە بەدەستهاتوەکان لەلایەن لیستەکانەوە بەسەر کورسی هەڵبژاردندا، لە سیستەمی فرە کورسیدا و

کەمکردنەوەی کەموکڕیەکانە کە دروستدەبێت لە ئەنجامی نێوان وەکیەکنەبوونی دەنگەکان و ژمارەی کورسیە بەدەستهاتوەکاندا ).ئەم یاسایە لەو وڵاتانەدا بەکاردێت کە سیستەمی فرە لیستی و لیستی ڕێژەیی پەرلەمانی پیادە دەکەن.

بەم شێوەیە ئەم یاسایە ڕەنگە ببێتە مشتومڕترین یاسای هەڵبژاردن لە عێراقدا و گەر بەزۆرینەش تێبپەڕێندرێت،ئەوا بۆ ئاینده و لەکاتی هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردنەکان عێراق بخاتەوە گێژاوی نارەزاییەکان و خۆپیشاندانەکان و حکومەت دوابکەوێت و ئەنجومەنەکان دەستبەکارنەبن و دیاردەکانی نەبوونی خزمەتگوزاری و بەردەوامبوونی گەندەڵی و بەهەدەردانی سەروەت و سامانی گەلانی عێراق بەردەوام بێت و جارێکی تر عێراق بگەڕێتەوە بازنەیەکی بۆشی پڕ ململانێ و سەرئێشەیەکی زیاتری بۆ دروست ببێت.لەم دۆخەشەدا ئەگەری ڕوودانی هەموو ئەگەرێك کراوە دەبێت لە خۆپیشاندانی توندی دژ بە یاساکە و ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و تەنانەت کودەتای سەربازی و هێنانە پێشەوەی حیزبی بەعسی لەگۆڕنراویش کە ماوەیەکە دەهۆڵی بۆ دەکوترێت، لە سایەی ڕێکەوتنی سعودیە و ئێرانیشدا ڕەنگە دڵڕازیکردنی هەردووولاشی تێبکەوێت و زلهێزەکانیش گەرەکیانە گۆڕانکاری لەم پارت و دەسەڵاتدار و دەموچاوە کۆنانەی ٢٠ساڵی ڕابووردوو ئەنجام بدرێت.

ماوەتەوە کورد ، کە گەرەکە لەناوخۆی خۆیدا یەك و یەکگرتوو بێت و تابکرێت بە لیستی یەکگرتووەوە بەشدارییکات بەتایبەتی لەناوچەکانی مادەی ١٤٠ و نەکەونە ململانێی نارەوا کە ببێتە لەدەستدانی دەنگ و کورسیەکانی کورد لەو ناوچانەدا.بۆیە ئەرکی سەرکردایەتی کوردە لەدوای پەسەندکردنی یاساکەوە بەهەر شێوەیەك بێت بکەونە خۆ بۆ هاندان و کارئاسانیکردن و ئاشتبونەوە لە ناوچەکانی مادەی ١٤٠ و بەتایبەتی لەکەرکوك و خانەقین و دەشتی موصڵ کە لە ئێستادا عەرەب و تورکومان لەکەرکوك نارەزایی دەردەبڕن بەرامبەر ئەم یاسایە کە بەلای ئەوانە لە قازانجی کوردە.بۆیە گەر وابێت دەبێت کورد زیاتر توندوتۆڵتر و یەکگرتووتر کاربکات بۆ سەرکەوتنی لیست و کاندیەکانی خۆی.و پارێزگاری لە بوون و بەهێزی کورد بکات و ڕێگەنەدات کورسیەکانی لە ئەنجومەنی پارێزگاکاندا کەم بکات بەتایبەتی شاری کەرکوك.کە ماوەی ٦ساڵە لەدەست زۆرینەی کورد دەرهێنراوە و عەرەب و تورکومان بەڕێوەی دەبەن و هەموو پیلان و بەرنامە دژ بەکوردەکانیان جێبەجێدەکەن.گەر لەناو هەرێمی کوردستاندا ململانێ و ناکۆکیمان هەیە،با لەناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستاندا لەبەر خاتری خوێنی شەهیدان و مێژوو و ئایندەی کوردوکوردستان هاوڕا و تەبا و یەك و یەکگرتووبین.

==========================================

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد و ئاوێنەدا لەرێکەوتی ٢٠٢٣/٣/٣٠دا بڵاوکراوەتەوە.

# ڕێکەوتنی ئێران و سعودیە و
# کاریگەرییەکانی لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان ؟*

بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو و لەماوەی کورتی نێوان ٦-١٠/٣/٢٠٢٣دا و لە ئەنجامی گفتوگۆو و کۆبونەوەی چڕوپڕی نهێنی نێوان ئێران و سعودیەدا لە شاری پەکینی پایتەختی کۆماری چینی میللیدا، لە ١٠ ئازاردا ڕێکەوتنی نێوان ئێران و سعودیە ڕاگەیەنرا کە لەیەك کاتدا هەبوو پێی دڵخۆش و پشتگیریان لێکرد و هەشبوو دژی وەستانەوە و بەمەترسیان لەقەڵەمدا.

ئاشکرایە ئەم ڕێکەوتنە هەرلەخۆڕا و بێ پێشەکی و ڕێگەخۆشکردن نەهاتۆتە دی و لەئەنجامی هەوڵی بێووچانی وڵاتانێك بوە و بەتایبەتیش هەردووك وڵاتانی عومان و عێراق کە زیاد لە ٥ گەڕی گفتوگۆی نێوان سعودیە و ئێرانیان میوانداری کردوە و ڕێکیانخستبوو.بەڵام نەتوانرا بگەنە ڕێکەوتن ئەویش هۆکاری زۆری هەبوو.

ئاشکرایە کێشەکانی نێوان سعودیە و ئێران وەکو دوو وڵاتی تازەی ئەم قۆناغە مێژوویەکی دوورودرێژ و ڕەگ و ریشەی قوڵی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ پێش هاتنی ئاینی ئیسلام کاتێك ئیمپراتۆریەتی فارسی زۆرێك لەناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی داگیرکردبوو و وە سەرکاری خۆی تیادا دانابوون و سەر بە تاجی ئیمپراتۆریەتی فارسی بوون.دواتر کاتێك ئاینی ئیسلام هات و ڕێك لەسەردەمی خەلیفەی دووەمی ئیسلامدا عومەری کوڕی خەتاب و لەساڵی ٦٣٦ زاینیدا و لە جەنگێکی گەورە و مێژووی بەناوی قادسیەوە توانرا ئیمپراتۆریەتی ساسانی فارسی بڕوخێنرێت کە لەوکاتەدا پاشا یەزدجرد لەسەر تەختی شاهانشای فارسدا بوو. ئیدی لەوکاتەوە تاکو ئێستا کە زیاد لە ١٤٠٠ساڵە ململانێی نێوان عەرەب لەلایەك و فارس لەلایەکی ترەوە و لەهەردوو بەری ئاوی کەنداوی (فارسی-عەرەبی)بەردەوامە و لەگەڵ قۆناغە جیاوازەکاندا توندوتیژی زۆری بەخۆیەوە بینیوە ،لەکاتێکیشدا و لەساڵی ١٥٠١دا دەوڵەتی سەفەوییەکان مەزهەبی شیعەیان کردە مەزهەبی ڕەسمی و زۆرینەی خەڵکی لە ئێراندا و شیعەی دوازدە ئیمامیان سەرخست بەسەر شیعەی زەیدی و ئیسماعیلیدا.ئیدی هێندەی تر ململانێ و کێشەکانی نێوان وڵاتانی سونە مەزهەبی ئەوکاتە و ئێران پەرەیان سەند بەتایبەتیش لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی سونە مەزهەبدا.

بەم شێوەیە ئەم ململانێ ئاینی و مەزهەبیە بونە سەرباری ململانێ سیاسی و ئابوری و ئەمنیەکانی نێوانیان و چەندین جەنگی گەورە و مێژوویی ڕوویانداوە. هەمیشە بەبێ جیاوازی دەسەلأتدارانی ئێرانی فارسی هەوڵی گێڕانەوەی شکۆ و دەسەلأتی خۆیان داوە لەناوچەکەدا و لەمبەری ئاوەکانی کەنداوەوە.کە زۆرینەی عەرەب و سونە مەزهەب بوون‌و هەرکات و ساتێك بەهێزبوبن وتوانیبێتیان دورگەیەك یان پارچەیەکیان لەخاکی عەرەبەکان پچڕیوە و خستویانەتەوە سەر دەسەلأت و قەڵەم ڕەوەکانی خۆیان .ئەوەتا لەساڵی ١٩٧١ وە سێ دورگەی تونبی گەورە و و تونبی بچووك و ئەبوموسای ئیماراتی داگیر کردوە و لە ڕێکەوتنی ٦ئازاری ١٩٧٥ی جەزائیریشدا شای ئێران بەرێکەوتن نیوەی شەتولعەرەبی لە عێراق وەرگرتەوە.

ئیدی بەم شێوەیە هیچ دەیە ساڵێك تێنەپەڕیوە کە ململانێکانی ئێران و عەرەبەکان بەگشتی و دواتریش بەتایبەتی سعودیە گەرمنەبووبن و هەڕەشەی جەنگ و داگیرکاریان لەیەکتر کردوە و نمونەی زیندووش جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران بوو لەدوای هاتنە سەر حوکمی ئێران لەلایەن ئیمام خومەینی و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێرانیەوە و هەڵگرتنی دروشمی مەرگ بەر ئەمریکا و ئیسرائیل و ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی بۆ ناوچەکە و دونیاش.

سعودیە وەك گەورەترین وڵاتی ئیسلامی سونە مەزهەب و سەرچاوەی ئاینی ئیسلام لەجیهان و ئێرانیش وەکو وڵاتێکی گەورەی ئیسلامی شیعە مەزهەب،کەوتنە ململانێیەکی توندی نەبڕاوە و تا لە ساڵی ٢٠١٦دا بەتەواوەتی پەیوەندی دیپلۆماسیەکانیان پچڕاند لەئەنجامی لەسێدارەدانی سعودیە بۆ پیاوی دیاری شیعە مەزهەبی سعودیە نەمر باقر نەمر و لەبەرامبەریشدا ئێرانیەکان سەفارەت و کونسوڵخانەی سعودییەیان گڕتێبەردا و ئیدی حوسیەکانی یەمەنیش بە پاڵپشتی ئێران بونە هەڕەشەی جدی بۆ سەر ئەمن و ئاسایش و ئابوری سعودیە.

بەهۆی ئەم کێشە و ململانێیانەوە ناوچەی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاست هەمیشە وەکو کوانویەکی پڕ ژیلەمۆ وابوە و هەمیشە چاوەڕوانی کڵپەکردنی لێکراوە. ئیدی هەردووولاش کەوتونەتە خۆ بۆ پڕچەککردنی خۆیان و هەرلایە پشتی بە زلهێزێکی جیهانی بەستوە.ئاشکرایە لەساڵی ١٩٤٥وە بەپێی ڕێکەوتنێکی ئەمنی نێوان ئەمریکا و سعودیە، ئەمریکا و ڕۆژئاوا بەگشتی سعودیە و کەنداوی عەرەبییان بەبەشێك لە ئەمن و ئاسایشی خۆیان داناوە و بەهەموو شێوەیەك پشتگیری و پشتیوانیان لێکردوە لەبەرامبەر ئێران ویەکێتی سۆڤێت وچین و...هتد. لەولاشەوە ئێران بە پاڵپشتی ڕوسیا و چین و کۆریای باکور و ...هتد.توانیویەتی پشتیوانیەکی بەهێز بۆخۆی پەیدا بکات و بتوانێت درێژە بە مان و هێزی خۆی بدات.

کێشەی سەرەکی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کە مەسەلەی فەلەستین و ئیسرائیل بوو،پاشەکشەی کردووە لە بەرامبەر ئەم ململانێ نەبڕاوەیەی نێوان ئێران و سعودیەدا و هەر بەم هۆیەشەوە ئارامی و ئاسایشی ئەم ناوچەیە هەمیشە لەبەردەم مەترسی گەورەدا بووە.

ئاشکراشە ململانێکانی سعودیە و ئێران سەرجەم بوارەکانی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و کۆمەلایەتی و ئاینی و مەزهەبی دەگرێتەوە و بەتەنهاش نەوەستاونەتە سەر سنووری هەردوو ولاتەکەیان،بەڵکو گۆڕەپانی ململانێکانیان تەواوی ناوچەکەی گرتۆتەوە هەر لە عێراق و سوریا و لوبنان و فەلەستین و میسر و عومان و یەمەن و ولاتانی تری کەنداو و ...هتد.هەربۆیە ئەم ململانێیە ببوە خاڵی سەرەکی تەواوی کێشە و ململانێکانی ناوچەکە و بەتەواوەتی ناوچەکە و زلهێزەکانیشی دابەشکردبوە سەر دووبەرەوە.

هەروەها بەهۆی ململانێکانی ئێران لەگەڵ ئەمریکادا نەدەتوانرا کە ئەمریکا ڕۆڵی ناوبژیوانی ببینێت چونکە بێ لایەن نەبوو،بەهەمان شێوە بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری و ئەمنی ئەمریکاش لەوەدا بوو کە ئەم ململانێیانە درێژەیان هەبێت لەلایەك بۆ مانەوەی زیاتری لەناوچەکەدا و دەستگرتنی بەسەر ئاوە گەرمەکاندا و سەرچاوەکانی وزەی نەوت و غازی سروشتی زۆر و زەوەندی ولاتانی کەنداو و دواتریش فرۆشتنی چەك و چۆڵی زۆر و زەوەند بە عەرەبەکان.

بەلام ئەم هەوڵ و ناوبژیوانیەی چین و لەم کات و قۆناغەدا،بەڕاستی جێگەی تێڕامان و هەلۆێستەکردنە بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل و دەکرێت وەکو تەحەدایەکی هەژموون و دەسەلاتی ئەمریکا لێیبڕوانرێت.چونکە چین لە ئێستادا بۆتە ڕکابەری سیاسی و ئابوری و ئەمنی پلە یەك بۆ ئەمریکا و بە جدی بۆتە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر هەژموون و ڕابەرایەتی ئەمریکا لە جیهاندا،بەهۆی پێشکەوتنە سیاسی و ئابوری و ئەمنی و سەربازی و کەلتوریەکانیەوە لەبەرامبەر ئەمریکادا.ئەم هەوڵەی چین ڕێك مانای کانسڵکردنەوە و سڕینەوەی ڕۆڵی تۆخی ئەمریکایە لەناوچەکەدا و بەتایبەتیش لای هاوپەیمانە مێژووییەکانی لەناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و کەنداویە عەرەبەکاندا و دەبێتە هەنگاوی یەکەم بۆ جێپێ لێژکردنی ئەمریکا لەناوچەکەدا و ئاشکراکردنی ململانێکانی و ڕاوەستانی ڕاستەوخۆیەتی بەرامبەر ئەمریکا.بەم هەنگاوەی چین بە ئەمریکا دەڵێت چیدی بەتەنها جیهان و ناوچەکە بۆتۆ بەجێناهێڵم و ئیدی منیش هەم وگەرەکمە ڕۆڵی زیاتری نێودەوڵەتی ببینم و سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی خۆم پەرە پێبدەم.

خاڵی ئەرێنی بۆ سەرکەوتنی چین لەم نێوەندگیریەدا ئەوەیە کە لەیەك کاتدا دۆستی ئێران و سعودیەشە و لەگەڵ هەردوولایاندا پەیوەندی دیبلۆماسی و ئابوری و ئەمنی و کەلتوری گەورەی هەیە و لەهەردوو ولاتەوە بەیەك ماوە و وەکو یەك ڕاوەستاوە و بێ لایەنە و وەکو ئەمریکا نیە.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کە ئایا ئەمریکا لێدەگەڕێت ڕێکەوتنەکە وەکو ئەوەی ڕێکەوتنی لەسەرکراوە بەئەنجام بگات؟ ئایا تەگەرە و بەربەستی بۆ دروست ناکات؟ ئایا بێدەنگی هەڵدەبژێرێت لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستەی سعودیە بە ڕووکردنە چین و پشتکردنە ئەمریکا؟ یان ئایا ڕێگە دەدات بە چین کە بەهێواشی و نەرمی ببێتە جێگرەوەی ئەمریکا لەناوچەکەدا؟ ئایا هیچ پیلانێکی لێدانی ئێرانی لەبەردەمدایە؟ ئەی هەڵوێستی ئیسرائیل چیە و چی دەبێت لە ئایندەدا؟ و ئەی ئەم ڕێکەوتنە چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان؟

کورت و پوخت ئەمریکا ڕەنگە هەڵوێستی توندی سیاسی و ئابوری و ئەمنی هەبێت بەرامبەر سعودیە و بکەوێتە جولاندنی کارتەکانی مافی مرۆڤ و هەڵدانەوەی کوشتنی ڕۆژنامەنوسەکەی سعودیە لەلایەن محمد بن سەلمان و لێگەڕانی لە حوسیەکانی یەمەن بۆ فشار خستنە سەر سعودیە وتەنانەت گەمارۆی ئابوری و فرۆشتنی چەك و چۆڵ و ...هتد.یان فشار و گوشاری هەمەجۆر بەکاردێنێت بۆ سەر سعودیە بۆ پاشگەزبونەوە یان دروستکردنی ڕێگری زۆر بۆ ڕێکەوتنەکە و مراندنی. بەهەمانشێوە لێناگەڕێت چین ئاوها تاکلایەنە ببێتە پاڵەوانی گۆڕەپانەکە و دەیان کێشەی لە جیهاندا بۆ دروستدەکات و لە پێش هەموانیشیانەوە مەسەلەی تایوانی گرێ کوێرەکەی سەر دڵی چینە ودەیان کێشەی سیاسی و ئەمنی و ئابوری تر لە جیهاندا. ئاشکراشە لەگەڵ ئێراندا ئەمریکا ناڕێکە لە مەسەلەی چەکە ئەتۆمیەکەی و دەکرێت مێزەکە بەیەکجار قلێپبکاتەوە بەسەر هەمواندا بەکەمێك نەرمی نواندنی بەرامبەر ئێران و بادانەوەی ئێران بەلای ئەمریکا و ڕۆژئاوادا کە زۆر پێویستی پێیانە بەهۆی گەمارۆی ٤٠ساڵەی سەری و یان خاوکردنەوەی ململانێکانی لەگەڵیدا لە عێراق و سوریا و لوبنان و یەمەن و ..هتد. یاخود ڕەنگە ڕاستەوخۆ و بەهاوبەشی لەگەڵ ئیسرائیلدا کردەیەکی سەربازی لێدانی دامودەزگا ئەتۆمیەکانی ئێران ئەنجام بدات و بەمەش پەل و پۆی ئێران بشکێنێت و بەم کارەشی لەلایەك سعودیە پەشیماندەکاتەوە لە ڕێکەوتنەکە و لەولاشەوە مەترسیە گەورەکەی سەر ئیسرائیلیش ناهێڵێت و ئاشکراشە بۆ خۆئامادەکردن بۆ هەموو ئەو ئەگەرانە وەزیری بەرگری ئەمریکا لەم هەفتەیەدا سەردانی ناوچەکە وعێراق و هەرێمی کوردستانیشی کرد .

ڕەنگە ئەوەی دەبینرێت و ئاشکرابێت زۆر کەمتر و بچووکتر بێت لەو هەولآنەی کە بەنهێنی ئەنجام دەدرێن.

ئەوەی پەیوەستیشە بە هەرێمی کوردستانەوە،ئەوەی هەستیپێدەکرێت لەدوای ئەم ڕێکەوتنەی سعودیە و ئێران،سعودیە و ئیمارات و قەتەر کە پێشتر پەیوەندی توندوتۆڵیان هەبوو لەگەڵ هەرێمدا ئێستا بەو ئاستە نیە و ئەوان تەنها پشتگیری سونەی عەرەب زیاتر دەکەن.بەهەمان شێوەش ئێران ئێستا جەخت لە ڕێکەوتنی سونە و شیعەی عەرەب دەکات لە عێراقدا.لەلایەکی ترەوە پەیوەندیەکانی سعودیە و قەتەر و ئیمارات لەگەڵ ڕژێمی بەشار ئەسەد لەسوریا گەرموگورتربۆتەوە بە پێچەوانەی ۱۰ساڵی ڕابووردوو.پەیوەندیەکانی تورکیاش لەگەڵ سوریادا ڕوو لە ئاساییبونەوەیە.ئێران ڕێکەوتنی ئەمنی ستراتیژی لەگەڵ عێراقدا واژۆکردووە.دوای بڕیارەکەی دادگای ناوبژیوانی نێودەوڵەتی پاریسیش بۆ ڕاگرتنی فرۆشتنی نەوتی سەربەخۆی هەرێم ،هەموو ئەم هەنگاوانە بەمەبەستی قەتیسکردن و بچووکردنەوەی ڕۆڵی هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستانە کە هەموانیان لە تورکیا و سوریا و عێراق و ئێران و عەرەبەکانی کەنداویش مەبەستیانە بچوکیان بکەنەوە و نەیانهێڵن.و گەلەکۆمەکیەکی هاوبەشیان کردوە و بە ڕاستەوخۆ مەترسیان دروستکردوە لە سەر مانەوە و بوونی هەردوو دەسەڵاتە کوردیەکە لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان.

لەکۆتایدا لەم گەڕەدا، چین بە سیاسەتە نەرمەکەی خاڵێکی سەرکەوتنی تۆمار کرد بە ئەنجامدانی ئەم ڕێکەوتنە لەنێوان سعودیە و ئێران و بوە هۆی بەهێزکردنی هەڵوێست و گوتاری خۆشی لەناوچەکە و جیهاندا.هەربۆیە دەبێت چاوەڕوانی پەرچەکرداری ئەمریکاش بین و ئەوکات بڕیار بدەین ئاڕاستەی ڕووداوەکان و ململانێکانی نێوان ئێران و سعودیە بەکام ئاڕاستەدا هەنگاو دەنێن،ئایا دەستدەکەنەوە بەململانێیەکی توندتر و درێژخایەنتر یان ڕێگەی عەقڵ و لۆژیك و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان هەڵدەبژێرن بەدەستگرتنیانەوە بە ڕێکەوتن و چەسپاندنی ئاشتی و ئاشتەوایی لەناوچەکەدا و لەجیاتی دوژمنایەتی و ململانێ دۆستایەتی هەڵدەبژێرن کە لە پێش هەمواندا بە قازانجی تەواوی گەلان و ولآتانی ناوچەکەیە.ئەمەش کات و زەمەن بۆمان دەردەخەن لە ئایندەدا.بەڵام کوردیش گەرەکە زۆر بە وریایانە و ئاگاداریەوە لەهەموو هەنگاوێکی سعودیە و ئێران و تورکیا و تەنانەت عێراقیش بڕوانێت بۆ زامنکردنی مانەوە و بوونی بەم قەوارە و دەسەلآتەی ئێستایەوە و نەگەرانەوەی بۆ ناو قۆزاخەکەی پێش ساڵی ۱۹۹۱.

==========================================================

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد و ئاوێنەدا لەڕێکەوتی ۲/٤/۲۰۲۳دا بلآوکراوەتەوە.

# چەمك و ڕەهەندەكانی ئاسایشی نەتەوەیی و گرنگی بۆ كورد و كوردستان *

ئاسایشی نەتەوەیی هەر ولاَت و گەلێك بۆتە یەكێك لە دێوەزمە و مەترسی و كاری هەرە لە پێشینەی هەر دەسەلاَت و حكومەتێك جا چ بچووك بێت یان گەورە، پێشكەوتوو بێت یان دواكەوتوو، لەبەرئەوەی ئەم بابەتە پەیوەندی ژیاری هەیە بە ڕابووردوو و ئێستا و ئایندەی ولاَت و كۆمەڵگاكانەوە و هیچ ولاَتێك و نەتەوەیەك هەست بە ئارامی و ئاسایش ناكات بەبێ دابینكردنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی ،چونكە بەبێ بوونی ئەم ئاسایش و ئارامیە هەموو كات گەل و ولاَت لەبەردەم مەترسی و هەڕەشەی دەرودراوسێ و گەورە زلهێزەكاندا دەبێت و هەمیشە لە دۆخێكی ناجێگیری و نائارامیدا گوزەران دەكات.هەربۆیە بە ولاَتە بچووك و گەورەكانی خاوەن سەروەری و سەربەخۆیی و سنور و قەوارەی نەتەوەیی خۆیان لەهەوڵی بێووچاندان بۆ دابینكردنی ڕەگەز و توخمە سەرەكیەكانی ئەم ئاسایشە بۆئەوەی لە پەراوێزی ترس و تۆقاندندا نەمێننەوە و هەست بە ئاشتی و ئارامی بكەن.چونكە بەبێ بوون و دابینكردنی ئەم ئاسایشە هیچ بوارێكی ژیان لە سیاسەت و ئابوری و كۆمەلاَیەتی و فەرهەنگی ناتوانرێت پێشبخرێت و بخرێنە خزمەت گەشە و پێشكەوتن وخۆشگوزەرانی گەل و ولاَتانەوە.هەربۆیە بوونی ئەم ئاسایشی نەتەوەییە ڕەنگیداوەتەوە لەسەر هەموو بوارەكانی ژیان و بەكۆڵەكەی مانەوە و بەردەوام بوونی هەر دەسەلاَتێك دادەنرێت،جا بۆ زیاتر تێگەیشتن لە چەمك و پێناسەی ئەم ئاسایشە و بنەماو و ڕەگەزەكانی و دواتریش هۆكارەكانی هەڕەشەكردن لەسەری تێبگەین،لەخوارەوە باسی هەریەكێك لەو بابەتانە دەكەین.

## چەمكی ئاسایشی نەتەوەیی

ئەم چەمكە بەتایبەتی لەدوای كۆتایی جەنگی جیهانی دووەمەوە هاتە گۆڕەپانی زاراوە سیاسیی و ئەمنیەكانەوە بەهۆی دۆخی جیهانی ئەوكاتە لە ڕووی سیاسی و سەربازیەوە و هاوسەنگی و بلۆكبەندیی و هاوپەیمانێتیەكانەوە كە لە ئەنجامی جەنگەكەوە هاتونەتە بوون.بەهەمان شێوە بەهۆی بلاَوبونەوەی چڕی چەك و گەشەی جۆری تیایاندا كە بووە هۆی ڕێكخستنەوەی سیستەمی بەرگری جیهانی و گۆڕانكاری لە بنەما نەگۆڕ و كلاسیكیەكانیدا توانرا كە دیدوتێڕوانینی ئاسایشی نوێ بێتە كایەوە.

ئیدی چەندین ناوەندی توێژینەوە و ئەکادیمی تایبەت بەم بابەت و چەمکە دامەزران و کەوتنە خۆ بۆ باسکردن و ڕاڤەکردنی سەرچاوەکانی و بنەماکانی و خاڵە بەهێزەکانی و هۆکارەکانی پاراستنی و لە پەیمانگا و زانکۆکان و دامەزراوە زانستی و ڕاگەیاندنەکان و گۆڤارە پسپۆڕەکان کەوتنە کارکردن بەهاوکاری دەزگا فەرمیی و ناوەندەکانی بڕیارەوە لە دەوڵەتەکاندا.هەر لەم بوارەشدا ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا یەکەمین نموونەی ئەو داموزدەزگایانەیە.وەك والتر لیبمان پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی کردوە و دەڵێت (بریتیە لەتوانای دەوڵەت بۆ وەدیهێنانی ئاسایشەکەی بەشێوەیەك کەناچارنەبێت قوربانی بدات بە بەرژەوەندییە ڕەواکانی بۆ دوورخستنەوەی جەنگ. بەهەمان شێوە بریتیە لە توانای پاراستنی ئەو بەرژەوەندیانە گەر ناچاربوو لە ڕێگەی جەنگەوە).

بۆ یەکەم جاریش لەلایەن کۆنگرێسی ئەمریکیەوە لەساڵی ١٩٤٧دا یاسای ئاسایشی نەتەوەیی دەرچوو.لە وڵاتانی تریشدا لەژێر ناونیشانی جیاوازدا بەڵام بۆ هەمان مەبەست بنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان دابیندەکەن وەك (توێژینەوەی ستراتیژی).هەربۆیە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی ناتوانرێت لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا باسبکرێت بەڵکو بەهۆی گۆڕانی هەمیشەیی لە مانا و تێگەیشتن و بوارەکانی لەگەڵ گۆڕانکاریەکان و هۆکارەکانی کارتێکردنی لەجیهاندا ماناو چەمکەکانی دەگۆڕێت و لەگەڵ بارودۆخە نوێکاندا تێگەیشتنی نوێی بۆ پەیدا دەبێت. هەربۆیەش لە ئێستادا بۆتە لقێك لە زانستە سیاسیەکان و بۆتە مەنهەجی خوێندن و پردی پەیوەندیش لەنێوان زانستە کۆمەڵایەتی و ئابوری و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و سیستەمەکانی حوکمڕانیەکان و...هتد. بەم شێوەیە دوای گرنگیپێدانی ڕۆژئاوا بەم بابەتە لە ئێستادا ئەم گرنگیپێدانە وڵاتانی باشووری گۆی زەویشی گرتۆتەوەو کاری لەسەر دەکەن.

### گرنگترین پێناسەکانی ئاسایشی نەتەوەیی :

لەکۆندا پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی بەوە کراوە کە بریتیە لە پاراستن لە هێرشی دەرەکی. لەبەرئەوە وەها سەیرکراوە کە مانای بەرەنگاری سەربازی دەگەیەنێت لە بەرامبەر گوشارە سەربازیەکاندا.بەڵام دەرکەوت ئەم تێڕوانینە زۆر تەسکە ،بەڵکو ئاسایشی نەتەوەیی زۆر لەوە زیاتر لەخۆدەگرێت لە پۆشتە وپەرداخکردنی هێزی سەربازی و بەکارهێنانی. جا لەم تێگەیشتنەوە وادەردەکەوێت کە لەڕێگای زیادکردنی هێزی سەربازیەوە ئاسایشی نەتەوەیی دابیندەکرێت.لەگەڵ ئەوەی هێزی سەربازی پێکهاتەیەکی زۆر گرنگی ئاسایشی نەتەوەییە، بەڵام تەنها بە لایەنێك لە

لایەنەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دادەنرێت،زۆر نموونەی مێژوویش هەن کە خۆپڕچەککردن و پێشبڕکێی چەکدارکردن هۆکاری لاوازبوونی ئاسایش بوون نەك بەهێزکردنی.

بەشێوەیەك کاتێك ولاَتێك دەستدەکاتە خۆپڕچەککردن ئەوا ولاَتانی دەوروجیرانی هەست بە نائارامی دەکەن و ئەوانیش دەستدەدەنە خۆ پڕچەککردن و ئیدی ولاَتی یەکەم زیاتر هەست بە نائارامی دەکات و بەو شێوەیە پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن بەردەوام دەبێت.

هەربۆیە ئەمە وایکرد کە پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی دابڕێژرێتەوە بەشێوەیەك کە ڕەهەندە ئابوری و دبلۆماسی و کۆمەلاَیەتیەکان بگرێتەوە سەرەڕای ڕەهەندە سەربازیەکەی.

(ئارنۆلّد ولفرز) ئاوها پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی دەکات : ( ئاسایش بەمانا بابەتیەکەی بریتیە لە پێوانی ماوەی نەبوونی گوشارە ئاڕاستەکراوەکان بۆ سەر دەسکەوتەکان ، و بەمانا خودیەکەشی بریتیە لە نەبوونی ترس لەوەی کە ئەو بەهایانە بکەونە بەر هێرش).

ئاسایشی نەتەوەیش هەلّوێستێکی چەقبەستوو نیە و لە بۆشاییەوە نەهاتووە،بەلّکو دیاریدەکرێت لە بەر ڕۆشنایی هەریەکە لە هەردوو ژینگە و دەوروبەرە ناوچەیی و نێودەولّەتیەکانەوە کە هەریەکەشیان بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە گۆڕاندان.

لەلایەکی ترەوە (ترگەر کرننبێرگ ) ئاوها پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی دەکات : ( بریتیە لەو بەشەی سیاسەتی حکومەت کە کاردەکات بۆ وەدیهێنانی دۆخێك کە گونجاو بێت بۆ پاراستنی بەها زیندووەکان).

(هێنری کیسنجەریش) ئاوها پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی دەکات کە:( بریتیە لەهەر هەلّسوکەوتێك کە کۆمەلّگا ئەنجامیدەدات بۆ پاراستنی مافەکەی لە مانەوەدا).

(ڕۆبەرت ماکنماراش ) دەلّێت : ( ئاسایش بریتیە لە گەشەکردن،بەبێ گەشەکردن هیچ ئاسایشێك وەدینایەت،جا هەر ولاَتێك لە ڕاستیدا گەشەنەکات،زۆر بەسادەیی ناتوانێت ئاسایشەکەی دابین بکات).

بەشێوەیەکی گشتی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی بریتیە لە ( وەدیهێنانی دۆخێکی ئارام کە هەست بە ترس نەکرێت، و لەڕووی دەروونی و لاشەییەوە لەجیاتی ترس هەست بە ئاسایش بکەیت،ئاسایشیش بەهایەکی مرۆڤانەیە و پەیوەندی بە هەژاری و دەولّەمەندیەوە نیە،جا لەبەرئەوەی ناتوانرێت ئاسایشی ڕەها دابینبکرێت ئەوا دەتوانرێت بەڕێژەیی وەدیبێت و ئەوەش وەستاوەتە سەر هەولّی گەرموگوڕ و بەردەوام بۆ دابینکردنی زیاترین ڕێژە لە ئاسایش).

ئاشکراشە کە باسی ئاسایشی نەتەوەیی دەکرێت مەبەست لێی دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵە کەسانێکە کە خاکێکی هاوبەش و مێژوویەکی هاوبەش و کەلتورێکی هاوبەش و بەرژەوەندی هاوبەشیان پێکەوە هەبێت و کۆیان بکاتەوە کە پێی دەوترێت نەتەوە.

**مێژووی سەرهەڵدانی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی**

سەرەڕای ئەوەی کە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بڵاوبۆوە،بەڵام ڕەگوڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم.بەتایبەتیش دوای ڕێکەوتننامەی وستفالیا لەساڵی ١٦٤٨ کە دانرا بۆ لەدایکبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی Nation – State ،جا قۆناغی جەنگی سارد چوارچێوە و کەشێکی گونجاوی دروستکرد بۆ داڕشتنەوەی چەمکێکی نزیکراوە بۆ تیۆریەکان و چوارچێوە دامودەزگاییەکان بۆ گەیشتن بە بەکارهێنانی دەربڕینی (ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی)،و لە سەردەمی جەنگی ساردا زاراوەکانی وەکو لەخۆگرتن و بەرپەرچدانەوە و هاوسەنگی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە هاتنەکایەوە وەکو ناونیشانگەلێك بۆ نزیکبونەوە بە ئامانجی ئاسایش و ئاشتی و دوورکەوتنەوە لە جەنگە کاولکارییەکان کە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست بەخۆیەوە بینی.

**هۆکارەکانی سەرهەڵدانی گرنگیپێدان بە ئاسایشی نەتەوەیی**

گەلێك هۆکار بونەتە هۆی ئەوەی کە گرنگی زیاتر بدرێتە ئاسایشی نەتەوەیی لە وڵاتە جیاوازەکانی جیهاندا ،کە وەك دیاردەیەکی لێهاتووە ،لەو هۆکارانەش :

١. بەرفراوانبوونی چەمکی بەرژەوەندی نەتەوەیی بۆئەوەی مەسەلەی دابینکردنی خۆشگوزەرانی بگرێتەوە لەوانەش دابینکردنی سەرچاوەکانی داهات.لەڕێگەی دابینکردنی سەرچاوە دەرەکیەکانی و دواتریش پاراستنی ڕێوشوێنەکانی لەناوخۆدا.

٢. زیادبوونی تێکڕای توندوتیژی و بەرزبونەوەی ئاستی ململانێ ڕاستەوخۆکان کە گەشەدەکەن بۆ هەڵایسانی جەنگەکان.

٣. زیادبوونی هەستکردن لەلای وڵاتانی باشووری گۆی زەوی بۆ هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەییان بەدوو جۆر، لەلایەك بەهۆی قەرزە دەرەکیەکانی سەریان لەڕووی ئاسایشی سیاسی و ئابووریانەوە. و لەلایەکی تریشەوە لەڕێگەی بەکارهێنانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی وەکو نەتەوە یەکگرتوەکان نەك تەنها بۆ پاراستنی بەرژەوەندی زلهێزەکان بەڵکو بۆ بەکارهێنانیان دژ بە بەرژەوەندیی ئاسایشی نەتەوەیی ئەم وڵاتانەی باشووری گۆی زەوی.

٤. زیادبوونی هەستکردن بە دوودڵی و ڕاڕایی ناوخۆیی کە بونەتە هۆی نائارامی و ناجێگیری ناوخۆیی وڵاتە بچوکەکان کە تائێستاش دەناڵێنن بەدەست نەبوونی پرۆسەی بەرهەمهێنان و دابەشکردنەوە.

٥. گرنگیدان بە دیاردەی ئاسایشی نەتەوەیی دەوروژێنرێت لەکاتی پەڕینەوە لە سیستەمی دەوڵەتی نەتەوەییەوە بۆ سیستەمێکی فراوانتر و زیاتر گشتگیرتر وەك سیستەمی فیدراڵی یان بلۆکبەندیە ئابوریە نێودەوڵەتیەکان.

٦. ئاسایشی نەتەوەیی دەوروژێنرێت لەکاتی هەڵوەشانەوەی وڵاتانی گەورە بەتایبەتیش وڵاتانی فیدراڵی و پەڕینەوە بۆ وڵاتانی نەتەوەیی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری.

**توخم و ڕەگەزە سەرەکیەکانی ئاسایشی نەتەوەیی**

ئاشکرایە ئاسایشی نەتەوەیی پشتدەبەستێتە سەر بوون و بەهێزی ژمارەگەلێك لە توخم و ڕەگەزی پێکهێنەر کە پێکەوە دەبنە هۆکاری دیاریکردنی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت و دەبنە پایەی کارکردن لەسەریان کە ئەوانیش بریتین لە ڕەگەزەکانی :

ڕەگەزی جیۆپۆلەتیکی : کە گرنگیەکی گەورەی هەیە وەك هۆکارێکی بەهێزی ئاسایشی نەتەوەیی.کە گەلێك تیۆری دانراون دەربارەی گرنگی هەڵکەوتە و پێگەی جوگرافی و سیاسی هەر وڵاتێك وەك تیۆریەکانی:

- تیۆری دڵی زەویThe Heartland Theory
- تیۆری هێزی دەریایی ماهان .
- تیۆری ناوچەی پەراوێزخراو بۆ سبیکمان.
- ڕەگەزی دیموگرافی: ئەم خاڵەش زۆر گرنگە بۆ دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەیی هەر وڵاتێك.چونکە ژمارەی دانیشتوان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەیی و هەستکردن بە ئارامی.هەرچەندە زۆرجاران زۆری دانیشتوانیش دەبێتە خاڵی لاوازی لەڕووی ژیان و گوزەران و دابینکردنی پێداویستیەکانی کە خەرجیەکی زۆر دەخاتە ئەستۆی وڵاتەوە.بەلاٌم هەمیشە خاڵی بەهێزە لە ئاسایشی نەتەوەییدا.

ڕەگەزی سیاسی: ئەم خاڵەش زۆر گرنگە کە لەڕێگەی بوون و دامەزراندنی حکومەت و دەوڵەتی سەربەخۆوە وەدیدێت،و هەریەکە لە سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی و دامودەزگا سیاسیەکان دەگرێتەوە.گەرەکە لەناوخۆدا دەسەلاتی سیاسی و جەماوەر یەك و یەکگرتووبن و بتوانن پێکەوە بەشداریبکەن لە بڕیاردانی سیاسیدا و توانای پێشخستن و گەشەی بەردەوامی ژیانی سیاسی

ناوخۆییان هەبێت کە خاڵێکی گرنگە لە ئاسایشی نەتەوەییدا.لەڕووی سیاسەتی دەرەکیشەوە کە هەریەکە لە توانای وڵات دەگرێتەوە لەڕووی بەکارهێنانی هێز و توانای سیاسی و دبلۆماسی خۆی بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندیە باڵاکانی وڵات و بەکارهێنانی کارتەکانی گوشار و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بۆ ئەو مەبەستە و بەرپەرچدانەوەی هەر هەڕەشەیەك بۆ سەر سەروەری و ئاسایشی ناوخۆیی وڵاتەکەی و توانای پیشاندانی ڕاستیەکان بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و فراوانبوونی نفوز و پێگەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا.لەسەر ئاستی دامودەزگا سیاسیەکانیش پیشاندانی توانا و شارەزایی بڕیاربەدەستانی سیاسەتە لە وڵاتدا ودەبێت دەوڵەت کاربکات لەڕێگەی هوشیارکردنەوە و ڕاگەیاندن و هەموو ئۆرگانەکانیەوە بۆ تێگەیاندنی جەماوەر لە بەرنامە و ئامانجەکانی بۆ دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەیی.

ڕەگەزی ئابوری: دادەنرێت بە یەکێك لە گرنگترین توخمەکانی هێزی ئاسایشی نەتەوەیی و سێ جۆر لە سەرچاوەی ئابوری هەن کە کاریگەرییان دەبێت لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کە بریتین لە :

١. سەرچاوە خۆراکیەکان: کە لەجیهاندا هیچ وڵاتێك نیە کە بەتەواوەتی ئاسایشی خۆراکی خۆی دابینبکات و پێویستی بە هیچ وڵاتێکی تر نەبێت بۆ دەستخستنی پێداویستیە خۆراکیەکانی کە ئەمەش خاڵێکی گرنگە لە ئاسایشی نەتەوەییدا.

٢. سەرچاوە کانزاییەکان : بەهەمان شێوە هیچ وڵاتێك نیە لە دونیادا کە بتوانێت پێداویستیەکانی خۆی دابینبکات لەڕووی سەرچاوە سروشتی و کانزاییەکانەوە و بەتایبەتیش وزە کە گرنگیەکی گەورەی هەیە لە ئاسایشی نەتەوەییدا و دواتریش سەرچاوە ستراتیژیەکان دێت بەتایبەتیش لەکاتی جەنگەکاندا.

٣. سەرچاوە پیشەسازییەکان: پێشکەوتنی پیشەسازی لەهەر وڵاتێکدا دادەنرێت بە خاڵی بەهێزی ئەو وڵاتە،جا هەر سیاسەتێکی بەرگری یان هێرشکردن بێت ناتوانێت کاریگەری هەبێت بەبێ بوونی هێزێکی گەورەی دروستکردنی ئامێرە جەنگییەکان.

جا زۆر ڕێگە و شێواز هەیە بۆ بەگەڕخستنی توانا ئابوریەکانی وڵات بۆ بەرپەرچدانەوەی وڵاتانی دەرەکی لەوانە:

١. شێوازی پێشکەشکردنی هاندان و پێدانی هەرزانی ئابوری وەك پرۆژە و وەبەرهێنان وئیمتیازات و ...هتد. بۆ وڵاتانی دەرەکی.

٢. واژۆکردنی سزادان و گەمارۆی ئابوری دژی وڵاتانی دەرەکی.

ڕەگەزی سەربازی: هەندێك پێوەر هەن لە ڕووی سەربازیەوە كە ئاماژە دەدەن بۆ دیاریكردنی هێزی ئاسایشی نەتەوەیی لەوانەش:

- قەوارە و دروستكردنی هێزەكان.
- ڕێكخستنی هێزەكان و پڕچەككردنیان.
- ئاسان جولاندنیان.
- شارەزایی شەڕكردن.
- ئامادەسازی.
- بەرهەمهێنانی جەنگی.
- هاوپەیمانە سەربازیەكان.

بەلام لە ڕووی چۆنێتی بەكارهێنانی دەوڵەت بۆ هێزە سەربازیەكانی وەك هۆكارێكی وەدیهێنانی ئامانجەكانی ئاسایشی نەتەوەیی،ئەوا ئەو بەكارهێنانە دەكرێت لەم شێوانەدا خۆیان ببیننەوە:

١. بەكارهێنانی هێرشی بۆ هێزی سەربازی.
٢. بەكارهێنانی بەرگری بۆ هێزی سەربازی.
٣. بەكارهێنانی هێزی چەكدار وەك هۆكارێكی بەرپەرچدانەوە.

**ئەو هۆكارانەی دەبنە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی**

لەكاتێكدا هۆكارەكانی هەڕەشەكردن لە ئاسایشی نەتەوەیی بریتین لە:

هەر كارێك كە ببێتە هۆی هەڕەشە بۆ سەر بەها و دەسكەوتە ناوخۆییەكانی دەوڵەت و قەوارەكەی بەهۆكاری ناوخۆیی بێت یان دەرەكی،جا ئەو هۆكارانەش بریتین لە خاڵی لاوازی قەوارەی دەوڵەت.كە دەكرێت لەلایەن هێزە نەیارەكانەوە بەكاربهێنرێن بۆ هەڕەشەكردن لە ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتەكە.جا ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت لە بنەڕەتدا سەرچاوە دەگرێت لە زانینی سەرچاوەكانی هێزەكەی و خاڵە لاوازەكانی و كاركردن بۆ بەهێزكردنی سەرچاوەكانی هێزەكەی و زاڵبوون بەسەرهۆكار و خاڵە لاوازەكانیدا. لەخوارەوە بەكورتی باسی ئەو هۆكاری هەڕەشە جیاوازانە دەكەین لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەكی:

لەسەر ئاستی ناوخۆیی:

هەموو ئەو هەڕەشانە دەگرێتەوە كە ڕەنگە لەناو كۆمەڵگاوە ڕووبەڕووی دەسەلات ببنەوە.وەك :

١. هۆكارە سیاسیەكان : وەك ناجێگیری سیاسی و لاوازی ڕەوایەتی دەسەلات و ڕووكردنە پەیوەندیە كۆمەلایەتیەكان بۆ توندوتیژی لەنێوان پێكهاتەكاندا و زۆری هێزی بەشدار لە بڕیاری

سیاسیدا و دواكەوتوویی سیاسی و بەشدارینەكردنی هاولاَتیان له سیستەمی سیاسیدا و كاڵبونەوەی وەفاو لایەنگری سیاسی و بوونی گروپی بالاَدەستی خاوەن نفوز كه بڕیاری سیاسی بەدەسته و لاوازی هێزی دەسەلاَتی جێبەجێكردن و نەمانی شكۆ و كەرامەتی دادگا و ناڕوونی ئامانج و بەریەكەوتنەكانیان.

٢.هۆكاره سەربازیەكان: له گرنگترینیان بریتیه له لاوازی هێزی سەربازی دەوڵەت،پشتبەستن بەتەنها یەك ولاَت بۆ كڕین و دابینكردنی چەك و تەقەمەنی گرنگترین مەترسیه.پێكهاتەی كۆمەلاَیەتی لەناو سوپاشدا هۆكارێكه بۆ بوون و سەرهەڵدانی لایەنگری جیاواز و پەرتوبلاَوبوون و جەنگی ئەهلی.بوونی میلیشیا چەكدارەكان كه له ژێر دەسەلاَتی دەوڵەتدا نین،جا ئەو ئاماژانەی كه هۆكاری هەڕەشه سەربازیەكان پیشاندەدەن بریتین له : دەستێوەردانی سوپا له سیاسەت،بوونی هێزی چەكدار لەدەرەوەی سوپا،نەبوونی بەرهەمی جەنگی بۆ دابینكردنی پێداویستیه سەربازیەكان،نزمی ئاستی زانستی و تەندروستیه سەربازیەكان،دواكەوتوویی ئاستی پێشكەوتنی چەك و تەقەمەنیەكان،بوونی بنكەی سەربازی دەوڵەتانی تر لەسەر خاكی ولاَتەكه و نەبوونی چاودێری بەسەریانەوه،نەبوونی توانای دەوڵەت بۆ خۆئامادەكردنی خێرا و جولاَندنی هێزەكان.

٣. هۆكاره ئابوریەكان: دواكەوتوویی ئابوری ودۆخی داڕووخاوی ئابوری له گرنگترین ئەو هەڕەشانەن بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی.ئەو هەڕەشانەش بەم پێوەرانه دیاریدەكرێن: هەژاری و دابەزینی ئاستی گوزەران،بوونی جیاوازی زۆر لەنێوان چینەكاندا و بوونی بێكاری و نەبوونی هێز و وزەی پێویست بۆپیشەسازی وكەمی بەرهەمی پیشەسازی وكشتوكاڵی وئاژەڵی كەبەشی پێداویستی ناوخۆ ناكات.نەبوونی توانای خۆبژێوی له كەرەسەی خۆراكی و ستراتیژی،لاوازی ئاستی خزمەتگوزاریەكان و ژێرخانی بنچینەیی دەوڵەت،پشتبەستن به كۆمپانیا فره نەتەوەییەكان و بنكه بیانیەكان و بەرزبونەوەی ئاستی بەكاربردن له بەرامبەر وەبەرهێناندا ونەبوونی بەرهەمهێنان.

٤. هۆكاره كۆمەلاَیەتیەكان: ئاشكرایه بەرەی ناوخۆیی یەكێكه له هۆكاره گرنگەكان بۆ وەلاَمدانەوەی هەڕەشه دەرەكیەكان،بەشێوەیەك جەماوەر هەر كاریگەری نیه لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی بەڵكو كاریگەریشی لەسەر سیاسەتی دەرەكیش هەیه بەشێوەیەك ڕاگەیاندن و جەنگی دەروونی كاریگەری گەوره و مەترسیدار دەكەنه سەر جەماوەر و جا پێكهاته جیاوازەكان و كەمینەكانی كۆمەڵگا دەبنه هۆكاری جیاوازی و هۆكاری لاوازی بەرەی ناوخۆیی كه هێزه دەرەكیەكان بەكاریان دێنن.ئەم هۆكارانەش دەبنه هۆكاری سەرهەڵدانی نیەت و خواستی تایەفی و عەشایەری و ئاینی و ناوچەگەری و جا هەرچەنده ئاستی خوێندن و تەندروستی و ئیداره و نیزامی

کۆمەڵگا لاواز و نزم بێت ئەوا کێشە لەنێوان دانیشتواندا دروستدەکات و گەشەی ئابوریش پەکدەخات.

لەسەر ئاستی دەرەکی: لێرەدا دەکرێتە دوو بەشەوە:

١. ئاستی هەرێمایەتی و ناوچەیی: کە تایبەتە بە پەیوەندیەکانی هەر ولاٌتێکەوە بە ولاٌتانی دەوروجیرانی لەناوچەکەی خۆیدا و پێی دەوترێت (سیستەمی ناوچەیی) و ئیدی هەموو پەیوەندیەکان لە هەڕەشە و پێکەوەژیان و هاوکاری و ...هتد.دەگرێتەوە.

٢. ئاستی جیهانی : لێرەدا پەیوەندییەکانی ولاٌتان لەگەڵ ولاٌتانی جیهان و بەتایبەتیش زلهێزەکان دەگرێتەوە لەچوارچێوەی پەیوەندییەکانی دواکەوتەیی و سەربەخۆبوون و هاوپەیمانێتیەکان و ئەنجام و دۆخەکانی نێوانیان.

گەلێك ئاماژەی هەڕەشە هەن لەسەر ئاستی دەرەکی وەك:

١. هەڕەشە سیاسیەکان: لەگرنگترین هۆکارەکانی هەڕەشە دەرەکیەکان بریتیە لە جیاکردنەوە یان سڕکردنی دەوڵەت لە ڕێکخراوە سیاسیە نێودەوڵەتیەکان و بڕینی پەیوەندییە دبلۆماسیەکان لەگەڵ ئەو ولاٌتانەی کە گرنگی نێودەوڵەتیان هەیە و سەپاندنی سزای بەرپەرچدانەوە بۆ سەر ولاٌتەکە و بوونی هاوپەیمانی و بلۆکبەندی دژ بە بەرژەوەندیەکانی ولاٌت.جا لە مەترسیدارترین هەڕەشەکان جاسوسیکردنە بەسەر ولاٌتەکەوە کە بریتیە لەهەوڵدانی بەدەستخستنی زانیاری بەئاشکرا و نهێنی بۆ بەرژەوەندی ولاٌتێکی تر.بۆ زانینی هێز و توانا و پلانی پێشوەختەی ولاٌتەکە.جا کاری جاسوسیکردنیش هەریەکە لە بواری سیاسی و سەربازی و ئابوری و زانستیش دەگرێتەوە.

٢. هەڕەشە سەربازییەکان : کە خۆیان دەبیننەوە لە هێرشی چەکداری یان کۆکردنەوەی هێزی سەربازی لەسەر سنوورەکان یان ئەنجامدانی مانۆڕی سەربازی لەسەر سنوورەکان و لەکاتی گرژی و ئالۆزیەکاندا یان بوونی هێزێکی سەربازی بەهێزتر لەلایەن ولاٌتێکی دراوسێوە،یان بەشداریکردنی ولاٌتێکی دراوسێ لە هاوپەیمانێتیەکدا کە دژ بە بەرژەوەندی ولاٌتەکە بوو،یان بوونی بنکە و بارەگا و هێزی سەربازی زلهێزێك لەسەر خاکی ولاٌتێکی دراوسێ یان گەمارۆ سەپاندنە سەر ناردنی چەك و تەقەمەنی.کە لەهەموانیشیان مەترسیدارتر بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی بریتیە لە هێرشی چەکداری و هەڵایسانی جەنگی گەرم بۆ سەپاندنی سیاسەتی دەرەوەی ولاٌتێك بەسەر ولاٌتێکی تردا.

٣. هەڕەشە ئابورییەکان : کە بریتین لەسەپاندنی گەمارۆی ئابوری و بڕینی پەیوەندیەکان، بلکۆبەندییە ئابورییەکان کە دژ بە بەرژەوەندیەکانی ولاٌتەکە بێت،بڕینی یارمەتییە ئابورییەکانە.

٤. هەڕەشە کۆمەڵایەتییەکان: بریتین لە هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیاکان کە ناگونجێت لەگەڵ بەها و نەریتە باوەکانی کۆمەڵگاکان و بنەماکانی و بەکارهێنانی جەنگی دەروونیە لە ڕێگەی ڕادیۆ و هۆکار و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بەرامبەرەوە.

**سیفاتەکانی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی :**

١. ئاسایشی نەتەوەیی بریتیە لە پوختەی کارلێککردنی نێوان هۆکاری ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان.

٢. ئاسایشی نەتەوەیی پێکدێت لە دوو بەش :

- لایەنی بابەتی: دەکرێت پێکهاتە و ڕەگەزەکانی دیارییکرێت و بە شێوەی بڕی دەربڕدرێت.
- لایەنی مەعنەوی:پەیوەستە بە گیانی مەعنەویەوە و ئاستی پەیوەستبوونی گەل بە سیستەمی سیاسیەوە،

٣. ئاسایشی نەتەوەیی دیاردەیەکی جولاوی بزۆك و لەگۆڕانی بەردەوامدایە.

٤. ئاسایشی نەتەوەیی ڕاستیەکی ڕێژەییە و ڕەها نیە.

تیۆریە بنچینەییەکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا تایبەت بە ئاسایشی نەتەوەیی : هەریەکە لەم تیۆریانەش بنەماو ڕێسا و بیروباوەڕی تایبەت بەخۆیان هەیە تایبەت بە ئاسایشی نەتەوەیی هەر گەل و وڵاتێك. و ئاشکراشە هەریەکێك لەو تیۆریانە تەواو ڕاست و گونجاو نین بەڵکو بەهۆی بوونی کەموکوڕییەکانیانەوە ڕەخنەی جۆراوجۆریان ئاڕاستەدەکرێت کەبریتین لە تیۆریەکانی:

١. تیۆری واقعی:

٢. تیۆری شۆڕشگێڕی:

٣. تیۆری لیبڕاڵی :

**ئاسایشی نەتەوەیی کورد و کوردستان لەکوێی ئەم ڕاستیانەدان :**

دوای زانینی هەموو ئەو زانیاری و ڕاستیانەی سەرەوە دەربارەی ئاسایشی نەتەوەیی،پرسیارە هەرە گرنگەکە لێرەدا ئەوەیە ،ئەرێ ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان و ئەم قەوارە و دەسەڵاتەی کورد لەم بەشەی باشووری کوردستاندا و تەواوی کوردستانی گەورەش لەکوێدایە و لە چ ئاستێکدایە؟ ئاسایشێکی سەلامەت و بەهێزی هەیە؟ یانیش ئاسایشێکی لاواز و پڕ مەترسی هەیە؟ئایا هیچ هەڕەشەیەکی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی لەسەرە؟ئەی چی بکرێت بۆ لانی

کەمی دابینکردنی ئاسایشێکی نەتەوەیی کورد لەم بەشە و لەبەشەکانی تریشدا بۆ ئێستا و ئاینده؟ و دەیان پرسیاری تریش...

لەو ڕاستیانەی سەرەوە بۆماندەردەکەوێت کە ئاسایشی نەتەوەیی چەتری کۆکەرەوەی هەموو ئاسایشەکانی سیاسی و سەربازی و ئابوری و خۆراکی و کۆمەڵایەتی و ...هتد.بەمانای ئەوەی چەندە وڵات بتوانێت کە هەموو ئەو ئاسایشانە دابینبکات و بەهێزیان بکات و لەهەموویاندا پشت بەتوانا و هێز و پلانەکانی خۆی ببەستێت ئەوەندەش دەتوانێت کە ئاسایشی نەتەوەیی دابینبکات و ئێستا و ئایندەی کۆمەڵگا و گەل و وڵاتەکەی زامنبکات و لەهەڕەشە و گوڕەشە و گوشارە سیاسی و ئابوری و سەربازی و کۆمەڵایەتییە دەرەکیەکان بیپارێزێت.بەهەمان شێوە ئاسایشی نەتەوەیی وەکو تەلارێکی بڵند و بەرز وایە و لەسەر چەند پایەیەکی پتەو و بەهێز دامەزراوە کە بریتین لە ئاسایشەکانی سیاسی و ئابوری و سەربازی و خۆراکی و وزە و ..هتد. بەواتای چەندە پایەکان بەهێزبن هێندەش بینا و تەلارەکە بەهێز دەبێت و هیچ هێز و بوومەلەرزە و تسونامیەکی بەهێزی هەڕەشەئامێز ناتوانێت بیهەژێنێت و بیڕوخێنێت.هەربۆیە ئاسایشی نەتەوەیی دەرئەنجام و بەرئەنجامی هەموو ئاسایشەکانی ترەو و بەبێ بوون و بەهێزی ئەوان ناتوانرێت لانی کەمیشی لێوەدیبێت.بۆیە پەیوەندی ئاسایشی نەتەوەیی بە ئاسایشەکانی ترەوە پەیوەندیەکی دووجەمسەریە و هەریەکەیان ئەویتریان تەواو دەکات ،بەواتای کاتێك ئاسایشێکی نەتەوەیی بەهێز وەدیبێت ئەوا ڕاستەوخۆ ئاسایشەکانی تر دابینکراوە و بە پێچەوانەشەوە هەرکاتێك توانرا ئاسایشەکانی تر بەهێز و خۆڕاگر دابمەزرێت بەمانای پێکەوەنانی ئاسایشێکی نەتەوەیی بەهێز دەگەیەنێت.

جا گەر سەیرکی بەدیقەتی دۆخی ئاسایشی نەتەوەیی کورد لەم بەشەی هەرێمی کوردستان و تەواوی کوردستانی گەورەشدا بکەین،ئەوا بەدڵنیاییەوە ئاسایشی نەتەوەیمان لاواز و بێدەسەڵات و لەرزۆکە،چونکە هیچ کام لە ئاسایشەکانی سیاسی و ئابوری و سەربازی و کۆمەڵایەتی و خۆراکی و وزەمان دابین نەکردوە و تەنانەت نەمانتوانیوە یەدەگی چەند مانگێکیش لە پێداویستیە زەرورەکانی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگاکەشمان دابینبکەین لە خۆراك و وزە و پێداویستیە سەربازیەکان.

ئاشکراشە هۆکارەکان زۆرن لەوانە:

١. لە ڕووی سیاسیەوە: لەناوخۆ و لە سەر ئاستی ناوچەیی و جیهانیشدا،نەمانتوانیوە ڕیزەکانی ناوخۆی حیزب و پارتە سیاسیەکان یەکبخەین و جەماوەری میلەتەکەشمان لە

دەسەلاَتەکەمان کۆبکەینەوە و بیکەینە قەڵغانی پارێزەری دەسکەوتەکانمان بەهۆی نەبوونی ئازادیەکان و یەکسانی و دادپەروەری و بوونی گەندەڵی و دروستنەکردنی دامەزراوەی سیاسی و ئیداری گرنگ و بەهێز و نەبوونی دیبلۆماسیەتێکی بەهێز لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهانیش و بەمەش نەمانتوانیوە ببینە خاوەن بڕیاری سیاسی خۆمان .کە ئەمەش یەکێکە لە هەرە مەترسیەکان بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییمان.

٢. لە ڕووی سەربازیەوە: نەمانتوانیوە کە هێزێکی پێشمەرگە و سەربازی یەکویەکگرتووی بەهێز و پۆشتەو پەرداخی وەها پێکەوەبنێین کە بتوانێت ولاَت و سنوورەکانمان بپارێزێت و بیکەینە خاوەنی چەك و تەقەمەنی و ڕاهێنان و بتوانین پێداویستیە سەربازیە مادی و مەعنەویەکانی بۆ دابینبکەین و بەرهەمی سەربازی و جەنگیمان نیە و گەلێك کەموکوڕی ئیداری و خۆراکی و مووچە و تەندروستی و لەسەروو هەمووشیانەوە وەفا و هوشیاری نیستیمانی و نەتەوەیشیمان تیایاندا جۆش و خرۆش نەداوە. و ئەوەتا ولاَتانی دراوسێ لەسەر زەمین و لە ئاسماندا ڕۆژانە دەستدرێژی و زیادەڕەوی دەکەنە سەر سنورەکان و خاکمان و هێرش و پەلامار و تیرۆری تاك و سەرکردە و ناوچەکانمان دەکەن.

٣. لەڕووی ئابوریەوە: ئاشکرایە هەر سێ کۆڵەکە سەرەکیەکەی ئابوری بریتیە لە پیشەسازی و کشتوکاڵ و وزە ،کە هیچ کام لەو فاکتەرانەشمان گەشە پێنەداوە و ناتوانین هیچ بەرهەم و بەروبومێك نەك هەناردەی بکەین بەڵکو بەشی پێداویستیەکانی ناوخۆشمان وەدینەهێناوە.هەربۆیە لەگەڵ ئەوەی هۆکارە گرنگەکانی گەشەی پیشەسازی لە کەرەسەی خاوی بەرهەمهێنان و عەقڵ و توانای کوردی و پلان و تەنانەت داهاتی باشیشمان هەیە نەمانتوانیوە دەیان و سەدان کارگەی پیشەسازی دابمەزرێنین و بێکاری و هەژاری لەناو کۆمەڵگادا نەهێڵین و بتوانین گەشە بە پیشەسازیە مەدەنی و جەنگیەکانمان بدەین.لەڕووی کشتوکاڵیشەوە هێندەی بەروبومە دەرەکیەکان و ولاَتانی ناوچەکە و جیهان لەبازاڕەکانمادا هەن نیوهێندە بەرووبوومی خۆماڵیمان نیە و بەمەش نەمانتوانیوە ئاسایشی خۆراکی خۆشمان دابینبکەین.لەڕووی زانست و تەکنەلۆجیشەوە هیچ پێشکەوتن و داهێنانێکمان نیە و ناتوانین بچووکترین ئامراز و ئامێری پێشکەوتوو بەرهەمبهێنین.لەڕووی وزەشەوە کە هەردوو سەرچاوە گرنگەی وزە لە نەوتی خاو و غازی سروشتی زۆر و زەوەندمان هەیە و ئاوی شیرین و وزەی کارەباشمان هەیە کە چی لەم بوارەشدا نەمانتوانیوە بیکەینە خاڵی بەهێزی ئاسایشی وزە و دواتریش ئاسایشی نەتەوەییمان و بەڵکو بۆتە نەهامەتی و کەڵەکبوونی قەرزی دەرەکی و بەتالاَنبردنی ئەو سەروەت و سامانە گرنگە.

٤.      لەڕووی کۆمەلأیەتیەوە: ئاشکرایە هەر کۆمەڵگا و وڵاتێك لەڕووی سیاسی و ئابوری و سەربازی یەوە ئاسایشەکەی لەبەر هەڕەشە و مەترسی ناوچەیی و دەرەکیدا بوو،ئەوا بەدڵنیایی ئاسایشی کۆمەلأیەتیشی لاواز و لەرزۆك دەبێت و بەتایبەتیش کە کۆمەڵگاکە لە ڕووی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی و کەلتوریەوە فرە ڕەنگ و دەنگی جیاواز بوو.چونکە هەمیشە نەیاران کارلەسەر جیاوازیەکان و نارەزاییەکانی ئەو پێکهاتانە دەکەن و دەیکەنە دەلاقەیەك بۆ چوونە ناوەوەی کۆمەڵگاکە و سیاسەتی (پەرتکە و زاڵبە)جێبەجێدەکەن و ئیدی ئاسایشی کۆمەلأیەتی دەخەنە بەر مەترسی گەورەوە.بلأوبونەوەی دیاردەکانی تاوان و گەندەڵی و ناوچەگەری و عەشرەتگەرایی و ئاین و مەزهەبی توندڕەو و جیاکەرەوەی نەتەوەیی و دواتریش سەردەکێشێت بۆ تێکدانی کەرتەکانی تەندروستی و پەروەردە و زانست و خوێندن و هەڵتەکاندنی شیرزارەی یەك ویەکگرتوویی ڕیزەکانی کۆمەڵگا.

بۆیە بەداخەوە لە ئێستادا ئاسایشی نەتەوەیمان لەوپەڕی لاوازی و بێهێزیدایە و هیچ کام لە پایەگرنگەکانیمان دابیننەکردوە ،لەلایەك دەسەلأتی خۆماڵی خۆمان هێندەی سەرقاڵی ململانێ ناوخۆییە حیزبیی و کەسیەکان و ناوچەییەکانە نیوهێندە سەرقاڵی یەك و یەکگرتوویی و یەکڕیزی و پەرۆشی یەکخستنی هێز و تواناکان نیە.لەسەر ئاستی عێراقیش لەبەرئەوەی تائێستا هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی دەستوری عێراقی بەشێکە لەدەوڵەتی عێراقی خاوەن سیادە و سەروەری نێودەوڵەتی دانپیادانراو و ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکاندا.وبەهۆی لاوازی و لەرزۆکی ئاسایشی نەتەوەیی عێراقیشەوە ئاسایشی نەتەوەیی کوردستانیش بەهەمان شێوە کەوتۆتە ژێر ئەو کاریگەرییە نەرێنیەی عێراقەوە.جا تا ئاسایشی نەتەوەیی عێراق بەهێز نەبێت ناتوانرێت بوترێت ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان بەهێزدەبێت.

ئەمە سەرەڕای هەڵکەوتە و پێگەی جیۆسیاسی و جیۆئابوری هەرێمی کوردستان بەتایبەتی و کوردستانی گەورەش لەناوچەی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستی گرنگ و دەوڵەمەند و لەناو سێ کوچکەی نێوان کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقادا و بەهەمان شێوە کەمی ژمارەی دانیشتوانی ٦ملیۆن کەسی و ڕووبەرێکی ٥١-٩٠ هەزار کیلۆمەتر دووجایی و نەبوونی سنوری ئاوی و داخراوی لەنێوان وڵاتانی داگیرکار و سەردەستی کوردستانی گەورەدا لە تورکیا و ئێران و سوریا و عێراقدا و دواتریش پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبیە جیاوازەکانیش لە هەرێمی کوردستان و کوردستانی گەورەشدا.

هەموو ئەم هۆکارانە بونەتە هۆی ئەوەی کە ئاسایشی نەتەوەییمان بێهێز و لەرزۆك و فشەڵ بێت و هەمیشە لەژێر بەزەیی و هەڕەشە و گوشاری دەوڵەتانی دراوسێ و زلهێزەکانیشدا بێت. جاهەرکاتیش ئاسایشی نەتەوەیی لەبەر مەترسی و هەڕەشەدا بوو ئەوا بەدڵنیاییی هەمیشە ترس و ناجێگیری و نائارامی باڵ دەکێشێت بەسەر دڵ و دەروون و فکر و پلانی ولاّتدا و ناتوانێت هەنگاوی ڕزگارکەر و خۆڕاپسکێنەر بۆ دەربازبوون لەو تەوقە مەترسیدارە هەڵبنرێت و گەشە و پێشکەوتن لەسەر هەموو ئاڕاستە و ئاستەکان وەدیبێت.

جا بۆ دابینکردنی ئەم ئاسایشە نەتەوەییە پێویستمان بە دامەزراندن و دروستکردنی دەوڵەتێك و حکومەتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری و سنووری فەرمی نێودەوڵەتی و دانپیادانراوی نێودەوڵەتی دەبێت وەك یەکەم ڕەگەز لە ڕەگەزە گرنگەکانی ئاسایشی نەتەوەیی کە بریتیە لە حکومەت و دەوڵەت لەسەر پانتایی و ڕووبەرێکی سنووردار کە بریتیە لە ڕەگەزی دووەمی ئاسایشی نەتەوەیی کە ئەویش خاکێکی یەکگرتووە کە سەرکردەیەکی بەهێز و نەترس و پشتئەستوور بە ڕەگەزی سێیەم لە بەهێزکردنی ئاسایشی نەتەوەییدا کە بریتیە لە گەل و جەماوەرێکی یەکویەکگرتووی بەهێز و یەك دەست و یەك دڵ و خەمخۆر و دڵسۆز بۆ گەل و نیشتیمانەکەی خۆی و کاربکات بۆ دەربازبوون لە تەوقی داگیرکاری و کاربکات بۆ یەك و یەکگرتوویی ناوخۆیی کوردان و بیناکردن و دامەزراندنی پایە گرنگەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لەهەموو ڕووەکانەوە.بەبێ ئەم هەوڵ و خەمخۆریە ناوخۆییە مەحاڵە بتوانین ئاسایشێکی نەتەوەیی بەهێز بینابکەین بۆ ئێستا و نەوەکانی ئایندەشمان.

**سەرچاوەکان:**

١.https://eipss-eg.org

١. **د. محمد نصر مهنا، الجغرافيا السياسية والسياسة الجغرافية**

٢. **د.إسماعيل صبري مقلد، أصول العلاقات الدولية إطارعام**

٣. **فيكتور مارشيل ماركس، الجاسوسية تتحكم بمصائر الشعوب**

٤. **حامد ربيع، نظرية الأمن القومي العربي والتطور المعاصر للتعامل الدولي في منطقة الشرق الأوسط**

٥. **د.علي الدين هلال، الأمن القومي العربي دراسة في الأصول**

٦. **لواء/ عدلي سعيد، الأمن القومي العربي وإستراتيجية تحقيقه**

================================================================

* ئەم بابەتە لەرۆژنامەی کوردستانی نوێ دا لەڕێکەوتی ١١/٤/٢٠٢٣دا بلاّوکراوەتەوە.

# چۆن ئیدارەیەکی باش وسەرکەوتوو پیشانی جیهان بدەین ؟ *

لە بڕگەیەکی وتارەکەی نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکاندا خاتوو جنین بلاسخارت لە ٢٠٢٣/٢/٢دا لە کۆبونەوەیەکی خولی نەتەوە یەکگرتوەکاندا ڕاپۆرتی خۆی دەربارەی بارودۆخی عێراق بەگشتی پێشکەشکرد و لە بڕگەیەکدا باسی لە (هەرێمی کوردستان) کرد کە بەداخەوە دانینا بەو ڕاستیەدا کە لەهەرێمی کوردستاندا (ئیدارەیەکی باش و سەرکەوتوو نیە و پیادە ناکرێت لە حوکمڕانی و دەسەلاّتدا و بەڕێوەبردنێکی باش بوونی نیە).

بەڕاستی ئەمە دووەم جاری ئاشکرایە کە ئەو خاتوونە بە بوێری و ئاشکرا و ڕاشکاوانە لەبەردەمی نەتەوە یەکگرتوەکاندا و دواتریش ڕووبەڕوو بە سەرجەم سەرۆك حیزبە سیاسیەکان و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی ڕاگەیاندووە کە دۆخی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و کۆمەلاّیەتی لە هەرێمی کوردستاندا بە ئاقارێکی هەڵە و پێچەوانە لەگەڵ سیاسەتی زلهێزەکان و نەتەوە یەکگرتوەکاندا دەگوزەرێت کە بەڕاستەوخۆش دژبەرە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەم هەرێمە و دەسەلاّتەکەی و کۆمەڵگاکەشیدا و بەزیانی گەورەتریش دەشکێتەوە گەر فریانەکەون و هەوڵی ڕاستکردنەوە و خۆگونجاندن و ئاشتەوایی و پێکەوەکارکردن نەدەن چ لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمدا و چ لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەغداد و چ لەگەڵ دۆستە هاوپەیمانەکانی گەلی کوردا.بەلاّم بەداخەوە پێش ساڵێك و زیاتریش ئەم ئاگادارییەی داوەتە هەمووان بە عێراقیەکانیشەوە بەلاّم وەك دەوترێت هەمووان یەك هەنگاویشیان نەناوە بەرەو ڕاستکردنەوە و چاکسازی ڕاستەقینە لەبەرنامە و فکر و تێڕوانین و مامەڵەکردنیاندا بۆ ئاسایکردنەوەی هەموو بارودۆخەکان و بگرە دۆخەکان خراپتر بوون باشتر نەبوون.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ،ئایا سەرکردە سیاسیەکانی کوردستان هێندە بەهێز و بێباکن لەگوشار و مەترسی و ئاڵنگاریە ناوچەیی و جیهانیەکان وا گوێ بەهیچ ئامۆژگاریەك نادەن لەدۆستەکانەوە؟ئایا گەرەکیانە بەردەوامی بدەنە ئەم ئەزموون و دەسەلاّت و حوکمڕانیە یان ئەوەتا گەرەکیانە بەسەرهەمواندا بڕوخێت و لەناوبچێت؟ئەی هۆکار چییە بۆ ئەم هەموو خەمساردییەیان کە بەگەرموگوڕی دانانیشن و گفتوگۆی جدی و ڕاشکاوانە لەگەڵ یەکدا ناکەن؟ و گەلێك پرس و بۆی تریش...

ئاشکرایە لای هەمووان کە جیهان و ناوچەکە و عێراق و هەرێمی کوردستان بە قۆناغێکی پڕ مەترسی و ئاڵنگاری گەورەدا تێپەڕدەبن لەسایەی جەنگی ڕووسیا-ئۆکراینا و بەرزونزمی نرخەکانی نەوت و گرانبوونی نرخی هەموو پێداویستیەکان و ململانێ شاراوە و ئاشکراکانی نێوان ئەمریکا و چین و ئێران و مەترسیەکانی تیرۆریستان و...هتد.لە ڕووی سیاسی و ئابوری و کۆمەلأیەتی و تەندروستی و ئەمنیەوە کە هەموانیان نەك هەر بۆ هەرێمی کوردستان بۆ تەواوی جیهان مەترسی گەورەن.هەربۆیە هەریەکە لە جێگە و پێگە و بەرژەوەندی خۆیەوە لەهەوڵدایە کە کەمترین زیانی بەربکەوێت و خۆی و ولأت و کۆمەڵگاکەی سەلامەت لێی دەربچن هەر لە زلهێزەکانی دونیاوە تا زلهێزەکانی ناوچەکە کە هەموانیان خاوەنی دەوڵەت و سنور و سەروەری نێودەوڵەتین.ئەی بۆچی ئێمە لەهەرێمی کوردستان کە خاوەن تەنها هەرێمێکی بچووکی ناو دەوڵەتێکی فیدراڵی عێراقین هێندە خەمساردو بێباکین بۆ خۆپاراستن و مانەوە و بەردەوامی ئەم دەسەلأتەمان.

ئاشکراشە نەهێزێکی سوپای یەکگرتووی بەهێز و تۆکمەمان هەیە بۆ پاراستنی سنورەکانمان و ئەوەتا ڕۆژانە هێرش و پەلامار و بۆردومانی ئێران و تورکیای دراوسێمان بەردەوامەو ئێمەش جگە لەناڕازەیی و بەیاننامەی بێئومێدی هیچیترمان لەدەست نایەت.بەهەمان شێوە لەڕووی سیاسی و ئابوری و ئەمنیەوە هێندە لاوازین کە بەرگەی بچووکترین فشار و گوشار و گەمارۆ ناگرین و ملکەچ دەبین بۆیان.ئەی کەواتە بەم حاڵە زۆرخراپەی سیاسی و ئابوری و ئەمنیەمانەوە باشتر نیە کە بکەوینە خۆ بۆڕێکخستنەوەی ڕیزەکانمان وئاشتکردنەوەی هەموان لەگەڵ یەکتردا و دانیشتنمان لەسەر یەك مێزی گفتوگۆی برایانە و خەمخۆرانە و کارکردنی پێکەوەیی وەك شەریکی ڕاستەقینە و خاوەن ماڵ بۆ ئێستا و ئایندەی دەسەلأتەکەمان.

کورتترین ڕێگای ڕاست و ڕۆشن بۆ چارەسەرکردن لای هەمووان ئاشکرایە و پێویست بە ڕێبەر وڕێنموونی و ئامۆژگاریکەری دەرەکی ناکات کە ڕێگەکەمان پیشان بدات،بەڵکو پێویستە و ئەرکی نەتەوەیی و مێژوویی دەیسەپێنێتە سەرهەمووان کە وەکویەك و بەیەکسانی و دوور لە غرورو و فۆرخکاری و خۆسەپاندن و خۆ بەگەورەزانین مامەڵە لەگەڵ یەکتر و دۆخەکەدا بکرێت و جەخت لەسەر خاڵە ناوکۆییەکان بکرێتەوە و خاڵە جیاوازیەکانیش کاڵتر و کاڵتر بکرێنەوە.چونکە ئاینده و بەرژەوەندی گەلەکەمان و ئەزمونەکەمان و مێژوو و خوێنی هەزاران شەهید و کەمئەندام و شەونوخوونی هەزاران پێشمەرگە و خانەوادە سەربەرزەکانیان ئەوە دەسەپێننە سەر هەمووان کە بەتەنگ

مانەوه و پاراستنی قەوارەی ئەم هەرێمەمانەوە بین.چونکە گەر خوانەخواستە لەدەستدەرچوو ئەوا بە دەیان ساڵی تر ئەزموون و چانسێکی ترمان بۆ دووبارە نابێتەوە.

هەق وایە کە هەموان بە دڵ ودەرونێکی ساف و بێگەرد و دوور لە رِق و کینی کۆن و دوور لە میزاجی کەسی و حیزبی و دوور لە خۆسەپاندن و تاکرِەوی و غرور و عینادی سیاسی مامەڵە لەگەڵ یەکدا بکەین و سیما و گیانێکی حوکمرِانیەکی رِاشد و عاقڵ و ساغڵەم پیشکەش بە گەلەکەمان و ناوچەکە و دونیاش بکەین و ببینە نموونەیەکی جوانی حوکمرِانی لەعێراق و ناوچەکەشدا بۆئەوەی ببینە جێگەی متمانەی زیاتری دۆستەکانمان و دوژمنانی گەلەکەشمان دڵ بتەقێنین،ئەوەش بە ئەنجامدانی کاری پێکەوەیی وەك یەك تیم لەحکومەتی هەرێمدا و کەوتنە خۆ بۆ چێکردنی پرِۆسەی چاکسازیەکی رِاستەقینە و هەوڵدانی گەرموگورِ بۆ نەهێشتن و بەرگەگرتن لە گەندەڵی و نادادپەروەری و نەشاردنەوە و ئاشکراکردنی تەواوی داهات و خەرجیەکانە و کۆکردنەوە و دابەشکردنەوەیانە بەیەکسانی و وەك یەکی بەسەرهەموو ناوچەکاندا بێ جیاوازی.

جگە لەم مامەڵە رِاستودروست و حەکیمانەیە هیچ رِێگەیەکی تر نیە بۆ نیشاندانی سیماو و رِوویەکی جوانی دەسەلاَتەکەمان.جا تا کار لەکار نەترازاوە هەق وایە هەموان لە لای خۆیانەوە هەنگاوی دەستپێك هەڵبنێن نەك زیاتر لەیەکتر دوور بکەونەوە،چونکە لەکۆتادا مێژوو بەزەیی بەهیچ کەسدا نایەتەوە و بەهەموو باش وخراپییەکانەوە تۆماردەکرێت بۆ نەوەکانی ئایندەمان.جاگرەوی بردنەوە ونەمری و دڵسۆزی و خەمخۆری بۆ ئەو سەرکردە و لایەنە سیاسیەیە کە هەمیشە دەرگا و دەستی ئاواڵە و درێژە بۆ ئاشتی و برایەتی و کاری پێکەوەیی و دانیشتن و گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنەکان و چاکسازی و پاراستنی ئەزموون و دەسەلاَتەکەمان بەپێچەوانەشەوە زەلیلی و رِوورِەشی مێژوو و بۆ ئەو سەرکردە و لایەنە سیاسیانەیە کە هەمیشە دژبەرن لەگەڵ بەرژەوەندیە بالاَکانی گەل و نیشتماندا و تەنها و تەنها لەخەمی بەرژەوەندیە تاکە کەسی و حیزبی و ناوچەکەی خۆیاندان.

==================================================

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد و خەندان دا لەرِێکەوتی ٢٥/٤/٢٠٢٣دا بلاَوکراوەتەوە.

# چۆن
# ئەم دۆخە قەتیسەی هەرێم تێبپەڕێنین ؟ *

ماوەی زیاد لە ساڵێکە دۆخی هەرێمی کوردستان کەوتۆتە قۆناغی چەقبەستوویی زۆر مەترسیدار و ترسناکەوە بەهۆی ململانێ سیاسیەکانی نێوان بەگشتی پارت و سەرکردە سیاسیەکان و بەتایبەتیش هەردوو پارتی گەورە و کاریگەر وهاوبەش لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا یەکێتی و پارتی. کە ئەم دۆخە قەتیسەش خۆی دەبینێتەوە لە دوورەپەرێزی هەردوو سەرکردەکانی یەکێتی و پارتی لەیەکتری و ململانێی شاراوە و ئاشکرا و ڕەوا و ناڕەوا لە نێوانیاندا، بەهەمان شێوەش دوورەپەرێزی و بێدەنگی و نەبوونی هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوەش لەلایەن سەرکردە و پارتە سیاسیەکانی تریش و کۆمەڵە و ڕێکخراوە مەدەنی و جەماوەریشەوە هەریەکە و بەبیانوویەکەوە.

ئەم دۆخە قەتیسەش بۆتە هۆی ناجێگیری سیاسی و ئابوری و ئەمنی و کۆمەلأیەتی لە تەواوی هەرێمی کوردستاندا.دروستکردنی مەترسیش بۆ سەر بەهێزی و مانەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستانیش.

جا ئاشکراشە هەرکاتێك دۆخی سیاسی ولأت ناجێگیر و بارگاوی بوو بە ململانێ سیاسیەکان ئەوا کاریگەری خراپی دەبێت بەسەر هەموو بوارەکانی ژیان و گوزەرانی تاك و خێزان و تەواوی کۆمەڵگاشەوە و هەمووانیان دەخاتە ژێر کاریگەری و هەژموونە خراپەکانی ئەو ململانێیانەوە و ئیدی دۆخێکی نەخوازراوی چەقبەستوو چێدەکات و هەموو کەرتەکانی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و کۆمەلأیەتی و ئاوەدانی نێوکۆمەڵگا دەگرێتەوە.ئەوەش بەمانای پاشەکشە دێت لەڕووی سیاسی و دەسکەوتی گەورە بۆ گەلەکەمان لەناوخۆ و ناوچەکە و دونیاشدا.

جاهەرکاتیش دۆخی ئابوری ولأت قەتیس و ڕاوەستاو بوو ئەوا بەمانای پاشەکشەی داهات و هەلأوسان و بێکاری دێت و ئەوکاتیش ولأت تووشی قەیرانی دارایی دەبێتەوە وداهاتەکان کەم دەکەن وبەشی پێداویستیەکانی ڕۆژانەی کۆمەڵگا ناکەن و بەمەش هەموو پڕۆژە ئاوەدانی و ئەندازیاریەکان ڕادەوەستن یان کەم و سست دەبن.

لەڕووی ئەمنیشەوە بەمانای بوون و دروستبوونی درز و بۆشایی ئەمنی دێت لەلایەك لەنێو دامودەزگا ئەمنیەکانی هەرێم و لەلایەکی تریشەوە لەنێوان هەرێم و ناوچە دابڕێنراوەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە کەوتۆتە نێوان هەرێم و حکومەتی عێراقیەوە و لەبەرئەمەش چەندین جار

لەلایەن هێزە تیرۆریستەکانی داعشەوە لێدانی کوشندە بەر هێزی پێشمەرگە و خەڵکی سیڤیلی ئەو ناوچە کوردیانە کەوتووە.

بەهەمان شێوەی ئەم قۆناغ و سەردەمە، لە پێشتر و لە قۆناغە ڕەش و تاریك و نەخوازراوە جیاوازەکانی شەڕی ناوخۆ و قۆناغی نەشەڕ نە ئاشتی نێوان یەکێتی و پارتی چەندین جاری تر دۆخی مەترسیدار و چەقبەستوویی و قەتیسی ئاوها دروستبوونە و هاتونەتە پێشەوە و بونەتە مەترسی جدی بۆسەر قەوارە و هەموو دەسکەوتە وەدەستهاتووەکانی گەلەکەمان.بەلاّم خۆشبەختانە لەو قۆناغانەدا هەم سەرکردە سیاسیەکان زیاتر خەمخۆرتر و ژیرانەتر و حەکیمانەتر بیریان دەکردەوە و بەجدیش لەمەترسی و ئاڵنگاریەکان تێدەگەیشتن، هەربۆیە چەندین جار تاك لایەنە دەستپێشخەری گەورە و مەترسیدار و تەنانەت نەرمی زیاد لە پێویستیان نواندوە و گەلێك کەس بە تەنازولکردنیش ناویان بردووە،بەلاّم سەرکردەی ئازا و بوێر و کاریزما و حەکیم هەر ئەو هەنگاوانە و دەستپێشخەریانەی لێدەوەشێتەوە و هیچ کات تەمەنی سیاسی و کەسیی ڕێگر نابێت و شەرم و پەشم ونەنگیش نابێت کە تاکلایەنە هەنگاوی بوێرانەی خەمخۆرانە هەڵبنێت بۆ دانیشتن لەگەڵ یەکتری و لەنزیکەوە و بەڕاشکاوانە و بوێرانە باسی هەموو خاڵە ناکۆکەکان بکەن بۆئەوەی بتوانن بگەنە لێکتێگەیشتن و ڕێکەوتن و ئیدی گرێ کوێرەی قۆناغەکە بکەنەوە و ڕێگەیان نەداوە کە زیاتر دۆخەکە بەقەتیسی و چەقبەستوویی و مەترسیداری بمێنێتەوە .

لە ئێستاشدا گەرەکە کە هەڵوێست و جوامێری و ئازایەتی ئاوها پیشانی دۆست و نەیارەکان بدرێتەوە و ئەم قۆناغە مەترسیدارەش دووربخرێتەوە و هەوری ناکۆکی و ململانێکان و هەڕەشە و گوشارە ناوچەیی و دەرەکیەکان لەسەر هەرێمەکەمان و دەسەلاّت و قەوارە سیاسی ودەستوریەکەی هەرێمەکەمان بڕەوێنینەوە ودڵی دۆستەکانمان خۆش بکەین و نەیارەکانیشمان بێئومێد بکەین.چونکە ئەم قۆناغەی ئێستا نەك بەتەنها عێراق و هەرێمی کوردستان لەمەترسیی و لەبەردەم گوشاری گەورەدان بەڵکو تەواوی ناوچەکە و دونیاش هەمووان پێکەوە لە گێژاوێکی سیاسی و ئابوری و ئەمنیدا دەسوڕێنەوە و هەریەکە لەهەوڵدایە کە خۆی و ولاّت و کۆمەڵگاکەی بەکەمترین زیان لێیدەربچێت،بۆیە هەرێمەکەمان لەهەموان دۆخی خراپتر و مەترسیدارترە و ئەم قۆناغە لە هیچ کام لە قۆناغەکانی پێشتر ناچێت.

هەربۆیە گەرەکە کە هەردوولا یەکێتی و پارتی بە گیانێکی برایانە و تەبایانە و لەسەر بنەمای پێکەوەیی و شەراکەتی ڕاستەقینە و تێپەڕاندنی قۆناغەکە پێکەوە دابنیشن وکاربکەن و خاڵە ناوکۆییەکان بگەشێننەوە و خاڵە ناکۆکەکانیش هەڵگرن بۆ کاتێکی گونجاو تر و دووربکەونەوە لە

گیانی ڕق و کینەی کۆن و تۆڵەکردنەوە و دەست وملـ بادانی یەکتری و هەوڵی شکاندن وبچووککردنەوەی یەکتریش نەدەن.چونکە مێژووی ٣٠ ساڵی ڕابووردوو سەلماندویانە کە نێوان یەکێتی و پارتی بە شەڕ و جەنگ و ململانێی ناڕەوا یەکلانابێتەوە بەڵکو تەنها بەئاشتی و لێکتێگەیشتن دەتوانرێت هەردوولا و هەموو دەسکەوتەکان بپارێزرێت و گەشەیان پێبدرێت. نمونەی چوار ساڵی شەڕی ناوخۆی ١٩٩٤-١٩٩٨ و کارەساتە دڵتەزێن و خوێن و فرمێسکەکان گەواهیدەری ئەو ڕاستیەن.

بۆیە قۆناغەکە و ئەرکە مێژوویی و خەمخۆرانە کوردانەکە و چارەنووس و قەدەری گەلەکەمان دەیسەپێنێتە سەر هەردوولا کە پەڕەیەکی نوێ هەڵبدەننەوە و بەنیەتێکی ڕاستەقینە و ڕاستگۆیانە پێکەوە کاربکەن و دەستنەگرن بە چەند خاڵێکەوە کە دەبنە مایەی لێکترازان و زویر و لێکدوورکەوتنەوەی زیاتریان.زۆر جاران و لە پێشتردا تەنانەت بۆ بابەتە دادوەریەکانیش و زۆر مەسەلەی گەورەتر و هەستیارتریش کە لەنێوان هەردوولادا بووە بەبڕیارێکی هاوبەشی سیاسیانە گەیشتونەتە ڕێکەوتن و هەنگاویان بەسەر ناکۆکیەکاندا هەڵناوە و قۆناغەکەیان تێپەڕاندوە.بۆیە لە ئێستاشدا پێویست بە حیکمەت و پشوودرێژی و هەنگاو و بڕیار و دەستپێشخەری ئازایانە و بوێرانەیە هەروەك نەریتە زیندووەکانی سەرکردە کاریزماکان.

لەکۆتاییدا دەبێت هەردوولا باش بزانن کە ئێستا و ئاینده و ئەم حوکمڕانیە ئەمانەتە لەگەردنی هەردوولاتاندا وەك دوو هێزی گەورە و کاریگەر و خاوەن مێژوو و نفوز و هێزی جەماوەری و سیاسی و ئابوری و سەربازی گەورە و بۆیە تێکچوون و نەمان و بچکوبونەوە و لەباربردنی بەهەق دەبێتە تاوانێکی گەورە و مێژوویی و لێخۆشبوونی مەحاڵ دەبێت.جا هەرنەبێت لەبەر ئەو ڕابووردوو و مێژوو و قوربانیدانانەی کە داوتانە لەپێناو پێکەوەنانی ئەم قەوارەیەدا و شانازیشی پێوەدەکەن بەزووترین کات دەستبکەنەوە بە کۆبونەوە هاوبەشەکانتان و هێواش هێواش لێکنزیکببنەوە و دواتریش ڕێکبکەون،چونکە تەنها ئەم دە مانگەتان لەبەردەمدایە بۆ ڕزگارکردنی تەواوی قەوارە و دەسەڵاتەکان لە نەمان و پوچەڵبوونەوە، گەرنەتوانن هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆیدا ئەنجامبدەن ئەوا ئەوەی هەمانە و نیمانە نە یاسایی و نەدەستووری نامێننەوە و هەموانیان سفر دەبنەوە و ئەوکاتیش ململانێ دادی کەستان نادات و دوژمنان و نەیارە سەرسەختەکانی کوردایەتیش هەر ئەمە مەرامیانە و ئیدی ئێوەش بەم ڕێکنەکەوتن و ململانێیانەتان ئاوات و خواستە نەگریسەکانیان لەسەر سینیەکی زێڕین پێشکەش دەکەن و ئەوەی خۆیان بە شەڕ و پیلانگێڕی نەیاتوانیوە بیگەنێ ئێوە لە جیاتی ئەوان بە هەرزانی پێشکەشیان دەکەن.جا تا کار نەگەیشتۆتە

ئەو قۆناغە تکایە ڕێکبکەون و لێکتێبگەن و ئەم قۆناغە قەتیس و مەترسیدارەی ئەمجارەش تێبپەڕێنن.

بۆیە ئەرکی سەرەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرجەم سەرکردە و لایەنە سیاسیەکانە کە هەوڵی جدی بدەن بۆ خاوکردنەوەی گرژی و ململانێکانیان و هەنگاوی دڵنیاکەرەوە هەڵنێن بۆ ئاسایکردنەوەی دۆخەکان و هەمووان لەم دۆخە چەقبەستوەو مەترسیدارە ڕزگار بکەن. لەکاتێکدا ناوچەکە و جیهان بۆخۆیان بە عێراق و هەرێمی کوردستانیشەوە بە قۆناغێکی مەترسیدار و پڕ ئاریشەدا گوزەردەکەن کە بەهەموانیان مەترسیی گەورەیان لەسەر ئێستا و ئایندەی تەواوی مرۆڤایەتی دروستکردوە.

==========================================================

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد و ئاوێنەدا دا لەڕێکەوتی ٢٩/٤/٢٠٢٣دا بلاّوکراوەتەوە.

## ئەم هەڵبژاردنەی توركیا بۆچی سەرنوشت سازە ؟ *

ڕێك دوای ١٠ ڕۆژی تر وەك دەوترێت ڕۆژی یەكشەممە ٢٠٢٣/٥/١٤ ڕۆژی حەشر و حسابە بۆ هەریەكە لە هاوپەیمانی كۆماری (ئاكاپە و مەهەپە بەسەركردایەتی ئەردۆگانی ٦٩ ساڵ و دەوڵەت باخچەلی) لەلایەك و لەولاتریشەوە بۆ هاوپەیمانی میللەت ( ٦ پارتەكەی چواردەوری مێزە خڕە ٦ كەسیەكە و كاندیدەكەیان كمال كلیچدار ئۆغلۆ ٧٤ ساڵ )،چونكە لەم هەڵبژاردنەدا هەر لایەكیان سەركەوتوو بێت ئەوا بۆ ماوەی ٥ساڵی ئایندە باڵادەستی تەواو دەبێت و دەتوانێت بەرنامە و بیروباوەڕەكانی خۆی لە سیاسەت و ئابوری و ئەمنی و كۆمەڵایەتی و هەموو بوارەكانی تردا جێبەجێبكات.

گەر هاوپەیمانی كۆمار سەركەوتوو بێت واتە درێژەدان بەهەمان بەرنامەی ٥ ساڵی ڕابووردوو كە بەهاوبەشی ئاكاپە و مەهەپەی نەتەوەیی و بە ڕابەرایەتی ئەردۆگان پیادەیان كردووە.ئاشكرایە ئەردۆگان و حیزبەكەی ئاكاپە بۆماوەی زیاد لە ٢٠ساڵ تەواوە بەتەنها لەدەسەڵاتدان .

توانیویانە تاڕادەیەك لەم ٢٠ ساڵەدا لەڕووی سیاسی و پێكهێنانی چوار كابینەی حكومەتێكی یەكگرتوو وبەهێزی ناوخۆییەوە دابمەزرێنن دوور لە حكومەتە ئیئتیلافیە لاواز و لەرزۆكەكانی ڕابووردووتر لەنێوان حیزبە سیاسیە عەلمانیەكاندا.ئەمە بۆ ئەردۆگان و ئاكاپە خاڵێكی ئەرێنیە.بەڵام لە ڕووی سیاسەتی دەرەكی و پەیوەندیە سیاسیەكانی توركیا بە دەوروجیران و گەلانی ناوچەكە و وڵاتانی زلهێزیش و یەكێتی ئەوروپاوە توركیا زۆرینەی سیاسەتەكانی تاكتیكی و هەڵبەز و دابەز و شڵەژاوی پێوەدیاربوە و لەماوەی ٥ ساڵی ڕابووردوودا توركیا پەیوەندیەكانی لەگەڵ عێراق و سوریا و ئێران و سعودیە و ئیمارات و میسر و ئیسرائیل و ...هتد.زۆر خراپ بوە لەناوچەكەدا و لەگەڵ هەریەكە لە ئەمریكا و یەكێتی ئەوروپا و تەنانەت ڕوسیاشدا زۆر باش نەبووە و گەیشتۆتە ئاستی دابڕان و گەمارۆ سەپاندنە سەر توركیاش ،هەربۆیە ئەردۆگان خۆشی و توركیاشی ڕووبەڕووی قەتیسبوون و گۆشەگیری و كەنارخستن كردبۆوە,بەڵام بەسیاسەتە دووفاقی و دووڕوویی و ڕاراییەكانی توانیبووی لەگەڵ هەموانیشدا پەیوەندیەكانیان بەناچاری ئاسایی بكاتەوە گەرچی بە تەنازولكردنیش بێت.

لەڕووی ئابوریشەوە ئابوری توركیا ڕووی لە هەڵاوسان وچوونەوەیەك و خاوبونەوە و سستبوون چوە و نرخی دراوەكەی لیرەی توركیا بۆ نزمترین ئاست دابەزیوە و خەرجیەكانی ئەو جەنگ و

ململانێییانەی زۆر لەسەر تورکیا کەوتوە و ئاستی داهات و ژیان و گوزەرانی هاولاتیانی تورکیا زۆر خراپ بووە.

لەڕووی ئەمنی و سەربازیشەوە،بەهۆی سیاسەتە هەڵە و دەستێوەردان و سنووربەزاندنەکانی سوریا و عێراق و هەرێمی کوردستان و یۆنان و قوبرس و ...هتد.تورکیا هەمیشە لەدۆخێکی نا ئەمین و نائارامدا بوە و ڕووبەڕووی ڕەخنە و گازندەی دۆست و نەیارانی بۆتەوە لە زلهێزەکانی ئەمریکا و ڕووسیا و یەکێتی ئەوروپا و ناتۆ کە بەنیازن تەنانەت بڕیاری دەرکردنی تورکیا بدەن لە ڕیزەکانیشی بەهۆی لایەنگیری و نزیکبونەوەی لە ڕووسیا و پۆتینی سەرۆکی.

لەڕووی کۆمەلایەتی و بوارەکانی تریشەوە تورکیا لە پاشەکشەدایە و بەتایبەتیش لە بوارەکانی دیموکراتی و ئازادیەکان و ڕاگەیاندن و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤەوە.

لەڕووی گەندەڵی و بەهەدەردانی سەروەت و سامانی ولاتیشەوە ئاکاپە و ئەردۆگان ڕووبەڕووی توندترین ڕەخنەی ناوخۆیی و دەرەکی بونەتەوە.

لەڕووی تاکڕەوی و حوکمڕانی بنەماڵە لەحیزب وحکومەتدا وبەتایبەتی دوای هەموارکردنەوەی سیستەمی حوکمڕانی لە پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی بەهەمان شێوە ئەردۆگان ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند بۆتەوە.

بەم شێوەیە ئەردۆگان و ئاکاپە لەبەردەم دوو ڕیانێکی چارەنووساز و سەرنوشتسازدان و گەر سەرکەوتووبن ئەوا گرەنتی مانەوەیان دەکەن بۆ ٥سالی ئایندە و دۆخەکانی ناوخۆ و دەرەکی باشتر نابن و ڕوولە خراپی و پیاداکێشان دەبنەوە لەناوچەکە و دونیاشدا.بۆیە لەناوخۆ و دەوروجیران و دونیاشدا ئاواتەخوازی نەمانی ئاکاپە و ئەردۆگانن لەدەسەلاتدا وکاریش دەکەن بۆ شکستپێهێنانی.

لەبەرامبەریشدا،گەر هاوپەیمانی میللەت سەرکەوتووبن،ئەوا کۆتایی قۆناغی ئەردۆگانیزم و ئاکاپە دەبێت و قۆناغێکی نوێی جیاواز لە ٢٠ سالی ڕابووردوو دێتەوە کایە و تورکیا خۆی لە تەوقی ئەردۆگانیزم ڕزگار دەکات و ئەوەی ئاکاپە و ئەردۆگان بەتاکڕەوانە و ملهوڕانە کردویانە هەڵیاندەوەشێنەوە و ڕەنگە دەرگای جەهەنەمیشی بەڕوودا بکەنەوە لە ڕێگەی کردنەوەی دەیان و سەدان دۆسیەی گەندەڵی و مافەکانی مرۆڤ و کوشتن و گرتن و دوورخستنەوە و سزادانی چالاکوانان لەهەموو نەتەوەکان و ...هتد.بەمەش ڕەنگە ئاکاپە وەکو حیزبیش ڕووبەڕووی داخستن و هەڵوەشان و بچووکبونەوە ببێتەوە.

بەلاَم لەلایەکی ترەوە ڕەنگە ئەم هاوپەیمانێتیە تاسەر بڕنەکات و حکومەتێك و پەرلەمانێکی لاواز و لەرزۆکی ئیئتیلافی لێ بەرهەمبێت و جارێکی تریش قۆناغ و سەردەمی نەوەدەکانی سەدەی ڕابووردوو وەبیری تورکەکان بخەنەوە.کە لەهەموو ڕووەکانەوە لە ڕووی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و کۆمەلاَیەتی و ...هتد.کە هیچ تورکێك ئاواتی بۆ ناخوازێت و دووریش نیە لە ئەنجامی حکومەتێکی ئاوها لاوازدا پەنا نەبرێتەوە بەر کودەتای سەربازی چونکەی سەربازەکان ماوەی ٢٠ ساڵە بێ دەست و چەنجە کراون و نینۆك و پەڕوباڵیان کراوە لەلایەن ئاکاپە و ئەردۆگانەوە.

بۆیە بەهەق ئەم هەڵبژاردنە چارەنووسسازە بۆ هەردوولا و بۆ تەواوی گەلانی تورکیا و تورکیاش وەکو ولاَت.بۆیە هەمووان ئەو پەڕی توانا و هێز بەکاردێنن و هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیان لەوپەڕی گەرموگوڕیدایە و وەك دەڵێن شەڕی مان و نەمان دەکەن.

بەلای کوردیشەوە ئەوە گرنگە لە ئێستادا کە دەسەلاَتی ئەردۆگان و ئاکاپە کۆتایی پێبهێنرێت چونکە لەو ماوەی ٢٠ساڵەدا ئەردۆگان ئەوەی بەکوردی کردوە لە هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا هیچ حکومەتێکی تورکیا پێینەکردوە.لانی کەم ئەو دەسەلاَتانە تەنها دژ بەکوردی تورکیا و لەم دواییانەشدا بەرامبەر هەرێمی کوردستان دژایەتیان دەکرد.بەلاَم ئەردۆگان و ئاکاپە لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان بەوپەڕی توندوتیژی و نامرۆڤانەوە مامەڵەی دەکرد و هەموو هێز و هەڕەشە و هۆکارەکانی بەکاردەهێنا بەتایبەتی لە باکور و ڕۆژئاوا و لەهەرێمی کوردستاندا بەناوی دژایەتیکردنی تیرۆر و تیرۆریستانەوە کە تەنها مەبەست لێی پەکەکە و پەیەدە و هەموو کورد بووە و بەلای ئاکاپە و ئەردۆگان و مەهەپەشەوە هەموو کورد تیرۆریستن و لەهەرکوێی دونیابن دوژمنایەتیان دەکەن.

هەربۆیە هەدەپە و هێزە چەپەکانی تری تورکیا و کوردەکان دەنگی خۆیان یەکلاکردۆتەوە بۆ کمال کلیچدار ئۆغلۆی ڕکابەری ئەردۆگان (هەرچەندە لەڕابووردوودا هەموو پارت و سەرکردە عەلمانیەکانیش هەڵوێست و کردار و گوتاری دوژمنکارانەیان بەرامبەر کورد و مەسەلەکەی تاقیکراونەتەوە) ،بەوهیوایە کە کرانەوەیەکی زیاتر لەهەموو بوارەکان و بەتایبەتیش بەرامبەر مەسەلەی کورد لە تورکیا و ناوچەکەدا چێ ببێت.کوردیش بتوانێت بە نەفەس و نیەت و بەرنامە و تێڕوانینێکی نوێوە بۆ ئایندە کاربکات و هاوبەشیش بکات لەدەسەلاَتی تورکیادا و مافەکانی بە ئاشتی و لەڕێگەی یاسا و دەستور و پەرلەمانەوە وەدەستبێنێت و تەنانەت بەڵێنیش دراوە کە کار بکرێت بۆ کۆتاییهاتنی شۆڕشی چەکداری پەکەکەش.

بەم شێوەیە ئەم هەڵبژاردنە بۆ کوردیش سەرنوشتسازە و گرنگی و کاریگەری یەکجار گەورەی هەیە.بەوهیوایەی کە کوردیش لەوبەشەی تورکیادا ببنە خاوەنی جۆرە دەسەڵاتێکی فیدراڵی هاوشێوەی ڕۆژئاوا و باشوور و بەمەش کورد و مەسەلەکەی پێدەنێننە قۆناغ و سەردەمێکی گەشەکردوو و باڵاترەوە و نزیکدەبنەوە لەخەونە مێژینەکەیان لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی.

مایەی دڵخۆشیشە کە زۆرێك لە ئامار و ڕاپرسیە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیە سەربەخۆکان ئەوە پیشاندەدەن کە ڕێژەی دەنگ و لایەنگیری بۆ ئاکاپە و ئەردۆگان لەبەرامبەر نەیارەکانیدا ڕوو لەدابەزینە کەئەمەش هێندەی تر خواست و خۆزگەکانی زۆرینەی تورکیا پشتئەستووردەکەن بەسەرکەوتن و یەکلاکردنەوەی ئەم گەڕەی گەمە سیاسیەکە بەلای زۆرینەدا دەیشکێننەوە و ئیدی قۆناغی پۆست ئەردۆگانیزم دەستپێدەکات و بۆ هەتاهەتاییە بەرەو زبڵدانی مێژوو توڕی هەڵدەدەن و هەربۆیە پێویستە پارتەکانی ڕکابەری ئەردۆگان پەند و عیبرەت لەم ٢٠ساڵەی تاکڕەوی و فاشیزمی و ملهوڕی ئەرۆدگان وەربگرن و هەڵە و سەرکێشی و غرور و لوتبەرزیەکەی ئەردۆگان بەرامبەر پێکهاتەکانی تورکیا و بەتایبەتیش کورد دووبارەنەکەنەوە.

هەموان تا ١٤ ئایار لەچاوەڕوانیەکی تاقەتپڕۆکێن و دەماخ سوتاندندا و لەسەر ئاگرێکی هێواش پشوودرێژ دەبین بەهیوای ئەوەی خواست و خۆزگەکان بەنەمان و شکستی ئەردۆگان و ئاکاپە بێننەدی و چاوەڕوانیە بێزارکەرەکە بگۆڕیت بە ئاهەنگی سەرکەوتن و شادی و خۆشی و جەژنی سەرتاسەری بۆ هەموان لەناوخۆی تورکیا و ناوچەکە و دونیاشدا بەنەمانی دیکتاتۆرێکی تر لەبەرگێکی ئیسلامی توندڕەودا.

===========================================================

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ئاوێنە و خەندان و وتاری کورد دا لەڕێکەوتی ١٠/٥/٢٠٢٣دا بلاۆکراوەتەوە.

# جەنگی ناوخۆیی سودان
# هەنگاوێك بەرەو ئاڵۆزیەكی گەورەتر لەناوچەكەدا ؟*

ئاشكرایە سودان وڵاتێكی هەژارە و ڕێژەی بێكاری ١٥٪ یە و كەمدەرامەت و بە ژمارەی دانیشتوان زۆرە ٤٨ ملیۆن كەس و بە ڕووبەری زەویش پانوبەرینە ١,٨٦١,٤٨٤كم٢ كە سێیەم گەورەترین وڵاتانی ئەفریقا و عەرەبەكانە و لەپێش جیابونەوەی باشووری سودان گەورەترین وڵاتی ئەفریقا و وڵاتانی عەرەب بوو.هەڵكەوتەی جیۆپۆلەتیكیشی گرنگ و هەستیارە لە نێوان باكوری وڵاتانی كیشوەری ئەفریقا و ناوەڕاستی ئەو كیشوەرە وبەبوونی ڕووباری نیلی بەناوبانگ تیایدا و كۆتا وڵاتی عەرەبیشە كە زۆرینەی دانیشتوانەكەی عەرەب و ئیسلامن.

ئەم وڵاتە لەو كاتەوەی كە سەربەخۆیی بەدەستهێناوە لە ساڵی ١٩٥٦وە هیچ دەیە ساڵێكی بە ئارامی تێنەپەڕاندوە و هەر لەوكاتەوە سێ كێشەی سەرەكی بەرۆكی بەو وڵاتە گرتوە كە بریتی بوون لە (سیستەمی حوكمڕانی و نەبوونی دەستوور و كێشەی باشووری سودان). هەمیشە لە ئاگری شەڕی ناوخۆیی و دووبەرەكی هێزە چەكدارەكان و سەرۆكی هۆز و باندە قاچاخچیەكان و سەركردە سیاسی و سەربازیەكاندا ناڵاندویەتی و هەرئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی كە ئەو وڵاتە بە هەژاری و دواكەوتوویی بمێنێتەوە سەرەڕای بوونی سەرچاوەی گرنگی كشتوكاڵی تیایدا كە لەكاتێكدا سوودان بە سەبەتەی خۆراكی وڵاتانی عەرەبی ناودەبرا.بەڵام جەنگ و ململانێ نەبڕاوە و نارەواكانی ناوچەكان و ناوەند لەلایەك و هێزە چەكدارە هۆزگەراییەكان وحوكمڕانیەكی سەربازی و تاكڕەوی دواكەوتوو هۆكاری سەرەكی هەموو نەهامەتیەكانی گەلانی سودانن.

لەو ساتەوەی كە سودان سەربەخۆی بەدەستهێناوە تەنها ٢ سەرۆك كۆماری بەخۆوە بینیوە (جەعفەر نومەیری ١٩٦٩-١٩٨٩ و عومەر حەسەن بەشیر ١٩٨٩-٢٠١٩) كە هەردووكیان سەركردەی سەربازی بوون كە یان نەوەی شۆڕشی سەربەخۆیی بوون یانیش لەڕێگەی كودەتای سەربازیەوە حوكمیان گرتۆتە دەست.ئیدی گەلانی سودان و سودان بۆخۆشی هەمیشە لە گێژاو و قەیرانی متمانە و حوكمڕانیدا ژیاوە و نەیتوانیوە ئەو تەوقە نەفرەتیە لە ئەستۆی بكاتەوە و هەنگاو بنێت بەرەو سیستەمێكی حوكمڕانی دیموكراتی و ئازادی و ڕێزگرتنی مافەكانی مرۆڤ و سەروەری یاسا ودادپەروەری ویەكسانی لەنێوان تاك وخێزان وتەواوی كۆمەڵگا و ناوچەكاندا. هەرئەمەش ڕێگربوە لە پێشكەوتن و خۆشگوزەرانی و ئاوەدانكردنەوەی ئەو وڵاتە.

ئەوەتا لە ئێستادا و دوای ئەوەی لە ١١/٤/٢٠١٩ کودەتایەکی سەربازی سەرکەوتوو بەسەر دەسەلاتی حەسەن بەشیری ٣٠ ساڵەدا کرا و ئەنجومەنێکی سەربازی کاتی دامەزراوە بۆماوەی دووساڵ و بەهۆی ململانێ ناوخۆییەکانی میلیشیاکانەوە،جەنگێکی ناوخۆیی خوێناوی و توند هەلایساوە لە ١٥/٤/٢٠٢٣وە و ماوەی ١ مانگ زیاترە بەردەوامە ،لەنێوان هێزی سوپای دەوڵەت بەسەرکردایەتی عبدالفتاح بورهان سەرۆکی دەسەلاتی سەربازی کاتی و میلیشیا چەکدارەکانی محمد حەمدان دەقلو (حەمیدیتی) بەناوی (هێزەی پشتیوانی خێرا) کە پێشتر قاچاخچیەکی ناو بیابان بوە و دواتر بۆتە سەرمایەدار وسەرکردەی میلیشیا چەکدارەکانی جەنجەوید و لە جەنگی دارفۆردا پشتیوانی لەحکومەتەکەی بەشیر دەکرد کە لەساڵی ٢٠٠٣دا هەڵایسا و ٣٠٠-٤٠٠هەزار سودانی بونە قوربانی ،کە تادوێنێ دۆست و هاوپەیمانی یەکتری بوون.بەلام چونکە هیچ لایەکیان بڕوای تەواویان بە بنەماکانی حوکمڕانیەکی ساغڵەم و تەندروست نیە لە دیموکراتیەت و حوکمڕانیەکی شارستانی و سەروەربوونی یاسا و جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان و دوورخستنەوەی سوپا لە ململانێ سیاسیەکان و دواتریش دژایەتیکردنی گەندەڵی و خۆسەپاندن و قۆرخکاری و تاکڕەوی.

هەربۆیە هەمیشە ئەم جۆرە جەنگە ناوخۆییانە ئامادەگیان هەیە لە سوداندا.و ئەوەتا جەنگی ناوخۆیی سودانی باکور و باشوور بۆماوەی دەیان ساڵ بەردەوام بوو ولەکۆتایشدا لەساڵی ٢٠١١دا بە جیابونەوەی باشوری سودان کۆتایی هات و بوە وڵاتێکی سەربەخۆ و بەمەش سودان هێندەی تر لەهەموو ڕوەکانی سیاسی و ئابوری و دانیشتوان و ئەمنیەوە بێهێز و لاواز و بوەوە. تەنها لەماوەی ٤ هەفتەدا تائێستا زیاد لە ٧٠٠کەس کوژراون و زیاد لە یەك ملیۆن کەسیش ئاوارە و سەرگەردان بوون و وڵات ڕووبەڕووی نەبوونی ئاو و کارەبا و خزمەتگوزاریەکان بۆتەوە و ئەمنیەت و ئاسایش لە مەترسیدایە و وڵاتان بە زلهێز و بچوکەوە کەوتونەتە بەجێهێشتنی ئەو وڵاتە و داخستنی سەفارەتەکانیان و ڕزگارکردنی هاوولاتیەکانیان.کە هەموو ئەمانە هێندەی تر پێگە و ناو و ناوبانگی ناوچەیی و نێودەوڵەتی سودان دەخەنە بەر پرسیارەوە و وڵات هێندەی تر هەنگاو ڕوەو لە کاولکاری و وێرانی و هەژاری و دواکەوتوویی زیاتر دەنێت.

تائێستا چەندین وڵات هەوڵی ناوبژیوانی هەردوولای جەنگەکەیان داوە بەلام تەنها توانراوە هودنەی کاتی شەڕ ڕاگرتن بۆ ماوەی کورت ئەنجامبدەن و هەردوولاش سوورن لەسەر داواکاری و سەپاندنی دەسەلاتی خۆیان بەسەر وڵاتدا.

ئەم کێشەیەی سودان دەگەڕێتەوە بۆ باکگراوندی خێڵەکی سەرکردایەتی ئەو وڵاتە و جۆری حوکمڕانیەکەی و نەبوونی متمانە بەیەکتری لەناوخۆدا و بوونی میلیشیای چەکداری خێڵەکی کە هەمیشە

نەبوونی سوپایەکی یەکگرتووی بەهێز و بوونی میلشیای چەکداری لەهەر وڵاتێکدا دەبێتە مایەی سەرئێشە و کێشە و ململانێ و جەنگی ناوخۆیی نەبڕاوە. لەلایەکی تریشەوە دەستێوەردانی دەرەکیش ڕۆڵی زۆر خراپ دەبینێت لەو ململانێیانەدا و ئەوەتا تاکو ئێستا وڵاتە عەرەبیەکان بەشێوەیەکی گەرموگوڕ نەهاتونەتە پێشەوە بۆ ناوبژیوانی و ئاشتەوایی لەنێوان هەردوولادا و کۆمکاری عەرەبی کۆبونەوەی نەکردوە و بەرۆڵی خۆی هەڵنەستاوە، وەك بڵێی کێشەی سودان و سودانیەکان پەیوەندی بەمەسەلەی ئەمنی عەرەبیەوە نەبێت و سودانیان بە تەنها بەجێهێشتوە. لەبەرامبەردا ئیسرائیل هەوڵی ناوبژیوانی دەدات لەجیاتی وڵاتە عەرەبیەکان.بۆخۆی ئەمە کارەساتەکەیە کە ئاشکراشە ئیسرائیل دەمێکە خەون بەوەوە دەبینێت کە لەکاتی تەنگژە و ململانێکانی ناوخۆی عەرەبەکاندا دەستێوەردان بکات و پیلانەکانی خۆی جێبەجێبکات و بەدڵنیاییشەوە بەپشتیوانی ئەمریکاش سەرکەوتوو دەبێت و بەمەش سودان دەبێتە پێگە و پاروویەکی هەرزانفرۆش و سانا هەزمکراو بۆ بەهێزبوون و فراوانبوون و کرانەوەی زیاتری ئیسرائیل لەناوچەکە و لەناو عەرەبەکانیشدا بە بەخشینی چەند سەد ملیۆن دۆلارێك و ئەنجامدانی هەندێك پرۆژەی بچووکی بێبایەخ.بەدڵنیاییشەوە هەرکات ئەم جەنگە ناوخۆییەی سودان درێژەی کێشا ئەوا ئاگری جەنگەکە وڵاتانی تری ناوچەکە و دراوسێکانیش دەگرێتەوە و ئیدی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك هەمیشە دەبێتەوە کوانووی جەنگ و ململانێ ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان و نائارامی و دەستێوەردانی دەرەکیش بەردەوام دەبێت لەپێناو سەپاندنی هەژموون و پاراستنی بەرژەوەندیەکان و مان و بوونیان لەناوچەکەدا وەکو سەد ساڵی ڕابووردوو.

بۆیە تا سودان و سوودانیەکان نەگەنە ئەو بڕوایەی کە چارەسەری کێشەکانیان تەنها لەناوخۆی سوداندایە و هەموانیان واز لە باوەڕی تاکڕەوی و قۆرخکاری و خۆسەپاندنی نارەوا و ناوچەگەرێتی بچووك نەهێنن و لەسەر یەك مێزی گفتوگۆی نیشتیمانی سودانی ڕووبەڕوو دانەنیشن و زمانی گفتوگۆ و زمانی عەقڵ و خەمخۆری و حیکمەت زاڵ نەکەن ،ناتوانن هیچ کێشەیەکیان چارەسەر بکەن لەسەر دەستی وڵاتان و هێزی دەرەکی تردا و هەرکاتیش ئەوکارەیان کرد و کەوتنە ژێر هەیمەنە و بەرژەوەندی وڵاتانی ترەوە ئەوا ئایندەی چەندین دەیە ساڵی ئەو وڵاتە دەکەوێتە بەر بەزەیی و چاوچنۆکی بەرژەوەندی ئەو وڵاتانەوە و ئیدی سودان و سودانیەکان خێر لە خاك و ئاو و ئاسمانی خۆیان نابینن و هەمیشە بەبوونی میلیشیای چەکداری بێ باوەڕ و بەکرێگیراو ئایندەی ئەو وڵاتە لەمەترسی لێکهەڵوەشان و داڕووخان و هەژاری درێژخایەندا دەبێت و تەنها و تەنهاش گەلانی سودان زەرەرمەندی یەکەم و کۆتا دەبن نەك سەرکردەی میلیشیا چەکدارەکان کە بونەتە بازرگانانی جەنگ بەسەر خوێن و فرمێسك و لاشەی سودانیەکانەوە.

==========================================

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد و ئاوێنەدا لەڕێکەوتی ١٧/٥/٢٠٢٣دا بڵاوکراوەتەوە.

# توركیای دوای قۆناغی پۆست ئەردۆگانیزم بەرەو كوێ ؟ *

دوای ئەوەی كە دەستەی باڵای هەڵبژاردنەكانی توركیا لە ١٩/٥دا ئەنجامی كۆتایی هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی توركیای ڕاگەیاند كە تیایدا ، ئەردۆگان ڕیژەی ٤٩,٥٢٪ كە ٢٧٠٨٨٠٠٠ دەنگی هێناوە و كمال كلیچدار ئۆغلۆش ڕێژەی ٤٤,٨٨٪ و ٢٤٥٦٨١٩٦ دەنگی بەدەستهێناوە و سینان ئۆغان ڕیژەی ٥,١٧٪ و ٢٨٢٩٦٣٤ دەنگی بەدەستهێناوە.كە ڕێژەی دەنگدان ٨٧,٠٤٪ بووە.بەم شێوەیە هیچ كام لە كاندیدەكان نەیانتوانیوە ڕیژەی ٥٠+١ بەدەستبێنن .هەربۆیە ئەردۆگان و كمال كلیچدار دەچنە گەڕی دووەمی هەڵبژاردنەكەوە لە ٢٨/٥ دا.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆ ئەم ئەنجامانە ؟ ئەی لە كاتی دەرنەچوونی ئەردۆگان یان دەرچوونەوەیدا چی ڕوودەدات لە توركیادا ؟

سەرەتا گەر بەراووردێك بكەین لەنێوان هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی توركیا و ئەردۆگان لە٢٤/٦/٢٠١٨دا ،ئەو كات ئەردۆگان ڕێژەی ٥٢,٥٩٪ و ٢٦٣٣٠٠٠٠ ملیۆن دەنگی بەدەستهێناوە لەبەرامبەر ٥ كاندیدی ئۆپۆزسیۆندا.

لێرەدا دەردەكەوێت كە ئەردۆگان وەك ڕێژە لەم هەڵبژاردنەی ٢٠٢٣دا كەمی كردوە بۆ خوار ٥٠٪ بەلاّم وەك دەنگدەر نزیكەی ٧٠٠ هەزار دەنگێكی زیاد كردوە.سەرەڕای زیادبوونی نزیكەی٤٩٠٤٦٧٢ دەنگدەر.كە ژمارەیەكی كەم نیە.بۆیە دەردەكەوێت كە ئەردۆگان نەك سەركەوتوو نەبوە بەڵكو شكستیشی هێناوە.بەلاّم ئەم شكست و دەنگ كەمبونەوەوەی لەبەرامبەر بوونی كۆمەڵگەلێك كێشەی توند كە ڕووبەڕووی ئەردۆگان و حكومەتەكەی ببوەوە لەماوەی ٥ ساڵی ڕابووردوودا ئەوا دەبێت مرۆڤ دان بەو هەقیقەتەدا بنێت كە ئەردۆگان هێشتا پێگەی جەماوەری بەهێزە و متمانەی زۆرینەی لەلایە و ناكرێت بە شكستخواردووی تەواو ناوببرێت.چونكە كێشە سیاسیەكان و ئابوری و داراییەكان و مافەكانی مرۆڤ و ئازادیەكان و برسێتی و هەژاری و بێكاری و پەتای كرۆنا و دواتریش جەنگی ئۆكراینا و ڕوسیا و تازەترینیشیان بوومەلەرزەكەی پێش سێ مانگ لەمەوپێش.كە هەموانیان پێكەوە كاریگەرییەكی خراپیان لەسەر دۆخی ئەردۆگان و ئاكاپە هەبوە.چونكە ئاساییە دوای بیست ساڵ لە حوكمڕانی ،جەماوەر بێزاربن و بڕیاری

گۆڕانکاری بدەن.بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هێشتا ئەردۆگان و ئاکاپە جێگەی متمانەی زۆرینەن،ئەوەش بۆ ئەو پتەوی و یەکڕیزیەی حکومەتەکەی دەگەڕێتەوە و بۆ ئەو زۆرینە پەڕلەمانیەش دەگەڕێتەوە کە هەیبوە و بۆ ئەو خزمەتگوزاریانەش دەگەڕێتەوە کە پێشکەشی هەموانی کردوە.

بۆیە گەر ئەردۆگان و هاوپەیمانەکانی و بەتایبەتیش دەنگدەرانی سینان ئۆغان کە بۆخۆی توندڕەوێکی تورکە و پێشتر لە بزوتنەوەی توندڕەوی نەتەوەیی تورك(مەهەپە) جیابۆتەوە دەنگەکانی بداتە ئەردۆگان ئەوا بە ئاسانی ئەردۆگان لە گەڕی دووەمدا دەبێتەوە سەرۆك کۆماری تورکیا بۆ ماوەی ٥ساڵی ئایندە. جا لەکاتی دەرچوونەوەیدا پێشبینی ناکرێت کە گۆڕانکاری زۆر لە ڕەوتی کار و بەرنامەی حکومەت و سەرۆکایەتیەکەیدا ڕووبدات چونکە ئەوە دوا دەرفەتی ئەردۆگانە و ڕەنگە بیەوێت بێ کێشە و سەرئێشە لێی دەربچێت.بەڵام بۆخۆی تورکیای ئایندەش وەکو تورکیای پێش هەڵبژاردنەکان نامێنێتەوە چونکە بەتەواوەتی دابەشبۆتە سەر دووبەرەی تاڕادەیەك یەکسان لەهێز و جەماوەردا بۆیە دەکرێت ئۆپۆزسیۆن خۆیان توندوتۆڵبکەنەوە و بتوانن لانی کەم سەرئێشەی زۆر بۆ ئەردۆگان دروستبکەن.

بەڵام لەکاتی دەرنەچوونەوەی ئەردۆگان و سەرکەوتنی کمال کلچیدار ئۆغڵودا و هاوبەشیکردنی حیزب و سەرکردە هاوپەیمانەکانی کە هەموانیان دژایەتی توندی ئاکاپە و ئەردۆگان دەکەن.ئەوا بەدڵنیاییی دەرگای جەهەنەم بەسەر ئەردۆگاندا دەکرێتەوە و بە ئاسانی لێناگەڕێن کە هەموو ئەو کار و کردەوانەی کردویەتی بێ لێپرسینەوە لێی دەربچێت.ئەردۆگان و ئاکاپە لەماوەی بیست ساڵ ڕابووردوودا گەلێك کێشەی گەورەیان ناوەتەوە و دژی هەموان وەستابونەوە و زۆر لەخۆڕازی و ملهوڕ و تاکڕەوانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکردن.

- ئەو مەلەف و کێشانەی کە ڕەنگە ئەردۆگان ڕووبەڕوویان ببێتەوە بریتین لە:
- دارمان و پاشەکشەی ئابوری و دۆخی دارایی و نزمبونەوەی نرخی لیرەی تورکی.
- ناجێگیری پەیوەندییە سیاسیەکان لەناوخۆ و دەرەوەی تورکیادا لەناوچەکە و جیهان و ئەوروپاشدا.
- هەڵمەت و هێرشە بەردەوامەکانی بۆسەر ڕۆژئاوای کوردستان و هەرێمی کوردستان و بەمەش بۆتەهۆی کوشتنی گەنجانی تورکیا و بەهەدەردانی سەروەت و سامانی تورکیا.
- مەلەفی گەندەڵی لە نەوت و وەبەرهێنان و بوومەلەرزەکەی تورکیا.
- بلاوبونەوەی برسێتی و هەژاری و بێکاری لە تورکیادا.

- وەرگرتن و مانەوەی ژمارەیەکی زۆری ئاوارەی سوریا و ...هتد.
- هاوکاری و یارمەتی گروپە تیرۆریستەکانی داعش و بەرەی نوسرە و ئەوانی تر لە سوریا.
- کێشەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و نەبوونی ئازادیەکان و گرتن و ڕاوەدوونانی هەموو پێکهاتە و نەتەوەکان.
- مەسەلەی کورد و گرتنی صلاح الدین دەمیرتاش و لابردنی سەرۆك شارەوانیەکان و لایەنگرانیان کە نزیکەی ١٠ هەزار کەس دەبن.
- دەرکردن و نانبڕینی سەدان هەزار هاوڵاتی تورك لەدوای کودەتاکەی ساڵی ٢٠١٦وە.

بۆیە بەم شێوەیە ڕەنگە وەك چۆن ئەردۆگان هەمیشە پەنای دەبردە بەر دادگاکان بۆ سزادانی نەیارەکانی ،هەرواش خۆی ڕووبەڕووی سزا و دادگاییکردن ببێتەوە.کە بەم شێوەیە قۆناغی پۆست ئەردۆگانیزم دێتە کایەوە.

- جا کاتێك کمال کلیچدار ئۆغلۆش سەردەکەوێت و دەبێتە سەرۆکی تورکیا،کە هەرچەندە سەرکەوتنەکەی زۆر مسۆگەر نیە بەهۆی بوونی کۆمەڵ گەلێك کێشەوە لەوانە:
- لەکەمینەی مەزهەبی عەلەویە و بنەچەشی کوردە.
- کاندیدێکی تەوافوقی بوە نەك کاندیدێکی کۆنکرێتی حیزبە هاوپەیمانەکانی.
- سەرەڕای عەلمانی بوون و میراتگری ئەتاتورك بەلاّم توندڕەوە تورکەکانی ناو حیزبەکەی و ئەوانی تریش دەنگیان پێنەداوە و دەنگەکانیان داوە بە سینان ئۆغانی توندڕەوی کۆنە مەهەپە.
- بنکەی جەماوەری حیزبەکانی تر یان دەنگیان نەداوە بە کمال بای یان هەرنەچوون بۆ دەنگدان.

دەنگدانی کوردەکان و هەدەپەش بۆخۆی هۆکارێکی تر بوە کە زۆرێك لە توندڕەوە تورکەکان دەنگ نەدەنە کمال بای چونکە ئەوان کورد و هەدەپە بە تیرۆریست دەزانن. کوردیش لەنێوان هەردووکیاندا زەرەرمەندی یەکەم بوە و تەنها ٦٦ کورسی پەرلەمانی بەدەستهێناوە.

هەربۆیە گەر ئەمجارەش بەهەمان شێوە هەڵوێستیان هەبێت ئەوا سەرکەوتنی کمال بای زۆر زەحمەت دەبێت .بەتایبەتیش کە دەنگدەرانی سینان ئۆغان ڕووبکەنە ئەردۆگان و دەنگەکانیانی پێبدەن.

بۆیە گەڕی دووەمی هەڵبژاردنەکە زۆر توند و سەرنووشتساز دەبێت بۆ هەردوولایان و ئەنجامەکەشی بۆهەرلایەکیان بێت ڕەنگە گۆڕانکاری گەورە ڕووبدات لەناو تورکیا و سیستەمە سیاسیەکەیدا و بە دەرچوونەوەی ئەردۆگان بەتایبەتی دەرگای جەهەنەم لەلایەن ئەورووپا و

ئەمریکاوه بەسەر تورکیادا دەکرێتەوه ورەنگە بکەوێتە بەر سزا و گەمارۆی ئابوری و تەنانەت دەرکردنیشی لە هاوپەیمانی ناتۆ چونکە زۆر لێی تورە و بێزارن لەسەر هەڵوێستەکانی لەگەڵ ئێران و روسیا و ...هتد.

بۆیە تا ٥/٢٨ و راگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی و رەسمی ئەو هەڵبژاردنە کە کەمتر لە ده رۆژی ماوه هەموان دەبێت لە چاوەروانیەکی تاقەتپروکێندا بمێنینەوه و دواتریش سەیری ئایندەیەکی نادیاری تورکیا و ناوچەکەش بکەین.

===========================================================

* ئەم بابەتە لەرۆژنامەی کوردستانی نوێ وسایتی ئاوێنەدا لەرێکەوتی ٢٠و٢٠٢٣/٥/٢٥دا بلاّوکراوەتەوه.

# هەڵبژاردنەکانی هەرێم لەنێوان ئەگەر و ئاڵنگاری و مەترسیەکاندا ؟ *

لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/٩ بەدەنگی ٨٠ پەرلەمانتار و لە پێش ٢٠٢٢/١١/٦دا کە پێش وادەی تەواوبوونی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستانە، دوور لە یاسایی بوونی پرۆسەکە بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان تەمەنی پەرلەمانیان بۆ ماوەی ١ساڵ یان تا کۆتایی هاتنی ساڵی ٢٠٢٣ درێژکردەوە.لەبنچینەدا هیچ جۆرە درێژکردنەوەیەکی ماوەی خولی پەرلەمانی یاسایی نیە و زۆرینەی حیزب و فراکسیۆنی پەرلەمانیش وەك دەڵێن لەگەڵیدا نەبوون،بەڵام بەناچاری و بۆ دەربازبوون لە دروستبوونی بۆشایی یاسایی دامودەزگاکانی حوکمڕانی لەهەرێمدا ئەو کارەیان کردوە.

بەڵام ئەوە ماوەی حەوت مانگە ئەو بڕیارە دراوە و یەکەم جار سەرۆکی هەرێم ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/١٠ی دیاریکرد بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دواتر بەهۆی دڕدۆنگی و ناتەبایی هەردوو حیزبە سەرەکیەکەی یەکێتی و پارتی نەتوانرا نە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی ماوە بەسەرچوو نوێبکرێتەوە یان کۆمسیۆنێکی نوێ هەڵبژێرێت و نەیاسای هەڵبژاردنەکانیش کە تێبینی زۆری لەسەر بوو هەمواربکرێتەوە.هەربۆیە جارێکی تر سەرۆکایەتی هەرێم ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١/١٨ی دیاریکردەوە بۆ وادەی هەڵبژاردنەکە و تائێستا ئەو وادەیە دیاریکراوە.

بەڵام سەرەڕای ئاشتبونەوە و گەڕانەوەی تیمی یەکێتی لە حکومەتدا بۆ کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران و ڕێکەوتن لەسەر داواکاریەکانیان و ئەنجامدانی چەندین کۆبونەوەی هەردوو دەزگای هەڵبژاردنەکان و مەکتەب سیاسیەکانیش و کۆبونەوە وسەردانی لایەنە سیاسیەکانی تریش هێشتا نەگەیشتونەتە ڕێکەوتن لەسەر بابەتە گرنگ و هەستیارەکان کە بریتین لە :

- کاراکردنەوە یان هەڵبژاردنی کۆمسیۆنێکی نوێ.
- هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکان. بەتایبەتی دەربارەی( گۆڕینی یەك بازنەیی بۆ ٤ بازنەی هەڵبژاردن و ژمارەی کورسی کۆتاکان).
- پاکوخاوێنکردنەوەی لیستی ناوی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان.
- کارکردن بە لیستی دەنگدەرانی کۆتا هەڵبژاردنی عێراق.

که ئەم خاڵانە بەلای زۆرینەی حیزبە سیاسیەکانەوە ببونە داواکاری زۆر پێویست،چونکە ئەزمونی هەڵبژاردنەکانی ساڵانی ڕابووردوو دەریخستبوو کە جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان لیستی دەنگدەران و بوونی ناوی دووباره و ناعەدالەتی لەدابەشبوونی ژمارەی کورسی پارێزگاکان و دواتریش ژمارەی کورسی کۆتاکان لەهەرێمی کوردستاندا زۆر زیاده بە بەراوورد بەکورسی کۆتاکانی پەرلەمانی عێراق. ئەوەتا لە پەرلەمانی عێراقدا و لەکۆی ٣٢٩ ئەندام پەرلەمان تەنها ٩ کورسی کۆتا هەن کە دەکاتە ڕێژەی ٢,٧٪،لەکاتێکدا لە کۆی ١١١ ئەندام پەرلەمانی کوردستان ١١ کورسی کۆتا هەیە کە دەکاتە ڕێژەی ٩,٩٪ کە کارێکی نالۆژیکی و نایاساییشە. کە خۆشبەختانە تاڕادەیەك کۆدەنگیەکی گشتی هەبوو لەسەر هەموو خاڵەکان،بەلاّم بەتەنها پارتی دیموکراتی کوردستان پێداگیری دەکرد لەسەر مانەوەی هەمان یاسای هەڵبژاردنەکان و کاراکردنەوەی هەمان کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان و بۆ کورسی کۆتاکانیش هیچکات هەنگاوی جدی نەنا بۆ چارەسەرکردن و پێشنیازەکان.

ئەوەبوو لە ڕۆژی ٢ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٥/٢٢ بە بەرنامەیەکی پێشوەختە لەلایەن جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێری پەرلەمانەوە (وەك دەوترێت بە فەرمانی سەرۆکی پارتی ) بەرنامەی کاری کۆبونەوەی ٥/٢٢یان دیاریکردوە بەبێ واژۆی سەرۆکی پەرلەمان و بڕگەی کاراکردنەوەی کۆمسیۆنیشیان بۆ زیادکردبوو. بەبێ ئامادەکاری و هاوئاهەنگیکردنی نێوان فراکسیۆنەکان بەتایبەتیش فراکسیۆنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە هەر هەمان ڕۆژ هەردوو مەکتەبی سیاسی هەردوولا لە پیرمام لە کۆبونەوەدا بوون و جێگری سەرۆکی پەرلەمان بۆخۆشی ئەندامی کۆبونەوەکە بوە.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ؟ ئایا هەڵبژاردنەکان لەوادەی دیاریکراودا کە ٢٠٢٣/١١/١٨ ئەنجام دەدرێت یان نا ؟ ئەگەر ئەنجام نەدرێن چی ڕوودەدات ؟ قەوارەی هەرێم و شەرعیەتی دامودەزگاکانی چیان بەسەر دێت؟ ئەگەریش بکرێت چۆن و بە چ میکانیزم و لەسەر بنەمای چ یاسا و ڕێکەوتن و سازانێك ئەنجام بدرێت؟

بەداخەوە دوای ئەو هەڵوێستە دوور لە یاسا و ڕێسا بەرکارەکان و پەیڕەوی ناوخۆیی پەرلەمانی کوردستان و بەو شێوە دوور لە گیانی بەرپرسیارێتی و شارستانێتیە کوردانەیە کە لەناو هۆڵی پەرلەماندا بینیمان،هیچ ڕێگەی تێناچێت بەئاسانی هەردوولا جارێکی تر کۆببنەوە و ڕێکبکەون لەسەر خاڵە ناکۆکەکانی نێوانیان کە (کەم نین)،بەتایبەتی کە پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر باش دەزانێت کە ئەو داواکاریانەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و حیزبەکانی تریش لە قازانجی

ئەو ژمارە زۆرەی کورسیەکانی نیە و باسکردنی کۆتاکانیش ئەوە هەر زۆر زیانی پێدەگات چونکە تائێستا بەداخەوە نوێنەرانی ئەو پێکهاتانە هەموو کار و کردەوە وهەڵوێستێکیان دەچوە قازانج و بەرژەوەندی پارتیەوە.بۆیە مەحاڵە بە ئاسانی پارتی بێتە ژێر باری کەمکردنەوە یان دابەشکردنی ئەو یانزە کورسی کۆتایانەوە بەسەر هەر چوار بازنەکەدا.هەربۆیە کاتێکیش کۆبونەوەی پەرلەمان نەکرێت و کۆمسیۆنەکەش بەو شێوە نایاساییە بەناو کاراکراوەتەوە ئەوا هیچ هەنگاوێکی نوێ ناتوانرێت هەڵبنرێت چونکە گەر نوێنەرانی یەکێتی و گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ لەکۆمسیۆن کە ژمارەیان شەش ئەندامە پابەند نەبن بە کار و دەستبەکاربونیانەوە خۆ بە چوار نوێنەری پارتی و تورکمان کارەکان بەڕێناکرێن.کەواتە بەو ئاراستە و بەو خۆسەپاندن و تاکڕەویە وبەزۆرەملێی پارتی بێت ئەوا هەڵبژاردنەکان لەوادەی خۆیدا ئەنجام نادرێن و لەوکاتەشدا تەنها پارتی و سەرکردایەتیەکەی بەرپرسیارێتی مێژوویی هەڵدەگرن.هەموو بیانویەکی پارتیش بۆ پەلەکردن لە هەنگاوەکاندا بریتیە لە دروستنەبوونی بۆشایی یاسایی و هەڵنەوەشانەوەی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان.بەڵام پرسیار ئەوەیە داخۆ بۆ لەماوەی حەوت مانگی ڕابووردوودا ئەو پەرۆشیەی نەنواندوە؟ تا حوکمڕانی هەرێم نەکەوێتە بەر مەنگەنەی کاتەوە وەك دەوترێت (لەماڵەوە دەرەنگ وەدەرکەوتوە و لە کاروان پەلەیەتی).

**ئاڵەنگاری و مەترسیەکان چین ؟**

جا کاتێکیش هەڵبژاردنەکان ئەنجامنەدران،ئەوا لەلایەك ناتوانرێت بۆ دووەم جار ماوەی کاری پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم درێژبکرێتەوە،چونکە لەبنچینەدا درێژکردنەوەی یەکەم جاریش نایاسایی بووە.لەلایەکی تریشەوە شەرعیەتی هەرسێ سەرۆکایەتیەکە نامێنێت.

ئەوەتا لە ڕێکەوتی ٣٠/٥/٢٠٢٣دا و دوای دواخستنی چەندین جار ،دادگای باڵای فیدڕاڵی لە عێراقدا بڕیاری یەکلاکەرەوەی خۆیدا دەربارەی نادەستووری درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان. بەمەش تەواوی ئۆرگانەکانی حکومڕانی وەك ئەوەی چاوەڕواندەکرا هەڵوەشاونەتەوە و هەموو یاساکانیش کە لەوماوەیەدا ٦/١١/٢٠٢٢ تا ٣٠/٥/٢٠٢٣ دەرکراون پوچەڵدەبنەوە و کاریان پێناکرێت و لەهەمان کاتیشدا حکومەتیش بۆتە حکومەتی کاربەڕێکەر و ناتوانێت هیچ بڕیارێکی گرنگ و چارەنووسسازی نیشتیمانی بدات و تەنها کاری ڕۆژانەی ئاسایی دامودەزگاکان بەڕێدەکات.بەم بڕیارەش هەرێم گەڕاوەتەوە بۆ قۆناغی پێش دەرکردنی یاسای ژمارەی ١ی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢کە هیچ دامودەزگایەکی ڕەسمی نەبوو (قۆناغی بەرەی کوردستانی).

جا لەم کاتەدا حکومەتی ناوەند لە بەغداد وەکو حکومەتی ناوەندی و میراتگری هەر حکومەتێکی هەرێمەکان و پارێزگاکان دەتوانێت بەپێی یاسایەك کەلە پەرلەمانی عێراقەوە دەربکرێت یان بەبڕیارێکی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق ، حکومەتی عێراق هەموو ئەرك و لێپرسراوێتیەکان لەهەرێم بگرێتە ئەستۆ وڕاستەوخۆ هەموو کاروبارەکان بەڕێوەببات و کاریش بکات بۆ ئامادەسازی بۆ هەڵبژاردنەکانی هەرێم لەڕێگەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە.کە بە کردارەکیش داوا لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان کراوە کە ئامادەسازی بکات بۆ هەڵبژاردنەکانی هەرێم.

هەربۆیە لە ئێستادا ئیدی هیچ حیزب و سەرکردەیەکی هەرێمی کوردستان ناتوانێت لاملی بکات و ناڕەزایی دەرببڕێت و حکومەتی عێراقی دەبێتە بڕیاربەدەست و دەسەڵاتداری ڕەسمی و ڕەنگە سوپا و پۆلیسی فیدراڵیش بێنێتە ناو هەرێم و بۆدواجار بزمار لەتابوتی بەناو حکومەتی هەرێمیش بدات و چیدی ناوی هەرێم نەمێنێت و هەر لەناو پەرلەمانی عێراقیشەوە ڕەنگە دەسەلاتەکانی هەرێم وەك هەرێمێکی فیدراڵی هەڵبپەسێردرێت و دواتریش کاربکرێت بۆ هەمووارکردنەوەی دەستور کە زۆر لەمێژە عەرەبی سونە و شیعە بەنیازن ئەنجامیبدەن.ئیدی ئەمە ئەو ئاڵنگاری و مەترسیانەیە لە ئەنجامنەدانی ئەوهەڵبژاردنانە بەهۆی ملهوڕیکردن و خۆسەپاندن و تاکڕەویکردنی پارتی لەبڕیار وکار ومەسەلە چارەنووساز ونیشتیمانیەکاندا لەهەرێمی کوردستاندا کە پێویستیان بەکۆدەنگی نیشتیمانی هەیە.

**ئەی چارەسەری نیشتیمانی و خەخۆرانە چییە؟**

هەربۆیە بۆ پاراستن و هێشتنەوەی قەوارەی یاسایی و دەستوری هەرێم و دامودەزگاکانی گەرەکە کە سازانێکی نیشتیمانی ڕاستەقینە لەنێوان هەموو حیزب و سەرکردە سیاسیەکاندا چێبکرێت و بەمتمانە و بڕوابونەوە ڕێکبکەون و کاری جدی بکەن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە و هەموو ئەو خاڵە ناکۆکیانەی نێوانیان چارەسەربکەن و بەرژەوەندی باڵای گەلەکەمان و هەرێمەکەمان بخەنە سەروو هەموو بەرژەوەندیی بچووك و تەسکەکانی حیزبایەتی وبنەماڵەییەوە بۆ ئەوەی ئەو مەترسی و ئاڵنگاریانە بڕەوێنێتەوە و پارێزگاری لە بوون و مان و بەردەوامبوونی هەرێمی کوردستانیش بکەن.ئەوەش بەگەڕانەوەی یەکێتی و پارتی دەبێت بۆ سەر مێزی گفتوگۆ و ڕێکەوتن لەسەر تەواوی خاڵەکان کە داواکاری زۆرینەی حیزب و سەرکردە و جەماوەریشە.بەئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەردی دوور لە تەزویر و ساختەکاری و بەشێوەیەك مافی هەموو پێکهاتە و کەمینەکانیش پارێزراوبێت.

ئەگەر نا ئەوا دۆستەکانی گەلەکەمان لە ئەورووپا و ئەمریکا و وڵاتانی تریش کە زیاد لە ساڵێکە فشار و گوشار و ئامۆژگاری هەموان دەکەن کە هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆیاندا ئەنجام بدەن،بەڵام بەداخەوە گوێمان بۆ کەسیان نەگرت،تا کارگەیشتە ئەوەی دادگای فیدراڵی هەموو ڕیسی سی ساڵەی ئەزموونەکەمانی کردەوە خوری و هەڵپەسارد و پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە و لە ئێستادا پەرلەمان و حکومەتی عێراقی بۆتە مەرجەعی بڕیار و یاساکان.هەربۆیە مافی خۆیانە لێمان  دووربکەونەوە و بەتەنها جێمانبهێڵن،لەکاتێکدا کە ناوچەکە و دونیاش لەگۆڕانکاری گەورەدان کە ئاماژەکان بۆئەوە دەچن کە هیچ کامیان لەبەرژەوەندی کورددا نین لەهەر چوار پارچەکەی کوردستاندا.جا گەر کورد و نێوماڵەکەشی ئاوها پەرتەوازەو دڕدۆنگ و تێکچڕژاو و شێواو بێت ئەوا زۆر بەسانایی هەموو دەسکەوت و ئەزمونی سی دوو ساڵەی حوکمڕانی کوردیمان لەدەستدەچێت و دەگەڕێینەوە بۆ خاڵی سفر و سەرەتا لە ژێردەستەیی و داگیرکراوی.

ئەوکاتیش دوژمنان بەزەییان بەهیچ سەرکردە و تەنانەت هیچ تاکێکی کوردیشدا نایەتەوە و هەموان نغرۆدەبین لەناو دەریای زوڵم و چەوساندنەوە وداگیرکاری دوژمنانماندا.جارێکی تر دەکەوینەوە خەوبینین بە ئازادیەوە و ئیدی پێشی ناگەین و تەنها لە بازنەیەکی بۆشی مێژوویی دووبارەدا دەسوڕێینەوە.

==========================================================

* ئەم بابەتە لەسایتەکانی ئاوێنە و وتاری کورد و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا لەڕێکەوتی ٥/٢٧ و ٢٠٢٣/٦/٧دا بڵاوکراوەتەوە.

# سووتـاندنی کتێبە پیرۆزەکان
# بەمەرامی چی و بۆچی ؟ *

لەماوەی یەك مانگدا دوو ڕووداوی قێزەون و ناشیرن و دوور لە ڕێزگرتنی مافە تاکەکەسی و کۆمەڵگاییەکانی جیهان ڕوویانداوە کە سووتاندن و بێڕێزکردن بووە بە قورئانی پیرۆز یەکێکیان لەلایەن گەنجێکی سریانی مەسیحی عێراقی ٣٧ساڵەوە(سەلوان مۆمیکا) و لەناو جەرگەی ئەورووپای ئازادی و بەناو ڕێزگرتن لەهەموو مافە مرۆڤی و کەسیەکان کە سویدی لانکەی دیموکراتیەتە. ڕەنگە هاندەری دەزگا و ڕێکخراوی دەوڵەتی و مەسیحیە توندڕەوەکانی لە پشتەوە بێت، دووەمیشیان لە ولاّتی ڕووسیا و لە شاری فۆڵگۆگراد و لەڕێگەی گەنجێکی ئەرسۆدەکسی مەسیحیەوە( نیکیتا گورافیل)وە بوە،ئەمیان وەك ڕاگەیەنرا بە دەست و هاندنی دەزگای جاسوسی ئۆکراین و ڕۆژئاوابوە بەرامبەر بە ١٠ هەزار ڕۆبڵی ڕووسی.مەرامیش نانەوەی ئاژاوە بووە لە نێوان مسوڵمان و مەسیحیەکانی ڕووسیا و تێکدانی ئاشتی کۆمەلاّیەتی ئەو ولاّتە بووە.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کە ئەم ڕووداوانە کە ناوبەناو دووبارەدەبنەوە هەرلەخۆڕایە ؟یان بەدەست و هاندانی دەزگا جاسوسی و دەوڵەتەکانە؟ئەی بەمەرامی چی ئەم کارانە دەکەن؟

هەردوو ڕووداوەکە لەلایەن کەسانێکی گەنجی بێ بیروباوەڕەوە بەخودا کراون کە لەتەمەنی پێگەیشتودان و لەولاّتێکدا بوون کە هیچ سانسۆرێکیش نیە لە سەر ئازادیەکان.ئەی بۆچی ئەمە دەکەن؟ڕەنگە ئەو گەنجانە هەست بەکەمی بکەن یان زۆر دەمارگیر و توندڕەون بۆ ئاین و مەزهەبەکانیان یان ئەوەتا نەخۆشی دەروونیان هەیە و گەرەکیانە بەم کارانە ناویان بچێتە ناو ناوان و خۆیان لێببێتە پاڵەوانی کارتۆنی!

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەم کارانە بەزۆری تەنها بەرامبەر قورئانی پیرۆز دەکرێت،جیا لە کتێبە پیرۆزەکانی ئینجیل عەهدی کۆن و نوێ(کە هەردووکیان دەستکاری کراون) ،ئەمە بۆچی؟

بەکورتی ئاشکرایە ئاینی پیرۆزی ئیسلام کە دەستورەکەی قورئانە و کۆکەرەوەی هەموانە دوو هۆکاری سەرەکین بۆ یەکویەکگرتووی و بەهێزی ئاینەکە لەسەر ئاستی جیهان و ساڵ بەساڵ گەشە و گەورە و فراوانتریش دەبێت.هەرئەمەیە کەترسی خستۆتە نێو دڵ و دەروونی ولاّتانی نائیسلامیەوە بە حکومەت و دامودەزگا و کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان و تاکەکانیانەوە و لەهەوڵی بچووکردنەوە و ڕێگری و بەرتەسککردنەوەیدان بە جۆرەها مەرام و شێواز.

بەدڵنیای ئەم جۆرە کارانە ئامانجی خۆیان ناپێکن لە بچووککردنەوە و ناشیرنکردنی ڕووی ڕاستەقینەی نەرمونیانی و سنگفراوانی و مرۆڤ دۆستی ئیسلام و ڕچە و ڕێبازەکەی و یەك مسوڵمانیش پاشگەزنابێتەوە لەبیروباوەڕ وبڕوای بەخودا وئاینی ئیسلام وقورئان و پەیامبەرەکەشی.

بەلاّم ئامانج لەم کردارانە :

- نانەوەی پشێوی و ئاژاوەیە لەنێو کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان و تاکەکاندا.
- چاندنی تۆوی ڕق و قینی سەردەمی جاهلیەتی خاچپەرستەکان و ئیسلامەکانە.
- قوڵکردنەوەی گیانی دژایەتی و دەمارگیری و توندڕەویە لە جیهاندا.
- تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگا و خێزان و تاکەکانە بەنەمانی ئەم پیرۆزیانە.
- کردنەوەی دەرگای سیاسی و مەرامە چەپەڵەکانی ڕۆژئاوای سەرمایەداریە بە بەسەر هاوڕەگەزبازی و نەهێشتنی هەموو پیرۆزییەکان و جێبەجێکردنی بەرنامە نامرۆڤانەکانیانە لە ڕووی سیاسی و ئابوری و کۆمەلاّیەتیەوە.بۆ دەستبەسەراگرتنی تەواوی ئەم کۆمەڵگا ڕۆژهەلاّتیانەدا.

بۆیە هەق وایە هەموان بەتایبەتیش ئیسلامەکان وریاتر و وشیارتربن و بە عەقلاّنیەت وەلاّمی ئەو کردارانە بدەنەوە و بزانن کە پیلانەکان زۆر لەو دووگەنجە گەورەترن و ئامانجی پیس و قێزەونیان لە پشتەوەیەو گەرەکە کاربکەن بۆ:

- نەهێشتن و ڕێگەگرتن لە توندوتیژی زیاتر.
- وشیارکردنەوە و چاندنی تۆوی برایەتی و تەبایی و کاری پێکەوەیی.
- دوورکەوتنەوە لە جیاوازی و دڕدۆنگی و ململانێی ناڕەوای حیزبایەتی و ئاینی و مەزهەبی کە ئیسلامیان لەبەردەم هەمواندا بە تیرۆیست و تیرۆر لەقەڵەمداوەو هەڵەی حیزب و سەرکردە عەلمانیەکانی دووبارەنەکەنەوە.
- دەستگرتنی توند بە قورئانی پیرۆزەوە دوور لەهەموو ووردەکاریەکانی تری فقهی و حەدیس وژیاننامەی هەندێك هاوەلاّن و پیاوچاکانی تر.

هەربەم هەنگاوانە دەتوانرێت کە بەر بەو لێشاو وپیلانە جاسوسی و تاکەکەسی و نێودەوڵەتیانە بگیرێت بۆ تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگا ئیسلامیەکان وهەقیش وایە لە کوردستاندا بەهیچ جۆرێك درزنەکەوێتە نێوان هیچ لایەنێکی ئیسلامی و یەك ئەویتر تۆمەتبار بکات بەتوندڕەوی و داعشیسزم و تەکفیرکردنی ئەویتر و جۆرەها ڕچە و ڕێبازی تر زیندووبکەنەوە کە مێژوو و ڕابووردوو

هەموانی وەلاناوە،چونکە تەنها یەك خودا و یەك پەیامبەر و یەك قورئان هەیە کە هەموان لەسەری کۆکن،ئیدی بۆچی لێك جیاوازن.

بۆیە گەرەکە هەموان ئیسلامێکی کوردانەی دڵسۆزانەی نیشتیمانپەروەرانەی میانڕەوانە پیادەبکەن و لەسەری کۆك و تەبا بن نەك وەکو ئیسلامیەکان دەڵێن عەلمانیەکان بەپیلانی دوژمنان و داگیرکارانی کوردستان دەسەلأتداری دەکەن و لەدەرەوەی کوردستانەوە بیروباوەڕەکانیان دەهێنن و پیادەی دەکەن.دەی ئێوەش وازبێنن لەدواکەوتنی ئەو بەناو بیرمەند و فەقیهـ و زانای عەرەب و فارس و تورکانەی کە تەنها بەرژەوەندی گەل و میلەتەکانی خۆیان مەبەستە نەك ئیسلامی پاك و بێگەرد.کۆمەڵگای کوردەواری بۆخۆی کێشەی کەمی نیە تا کێشەی ئاینی و مەزهەبی ورچەو ڕێبازە کۆنەکانی ئیسلامیشی بێتە سەر و هێندەی تر کۆمەڵگاکەمان لێکهەڵوەشێت و پەرتەوازە ببێت.باهەمووان دەستبەو ئایەتە پیرۆزەوە بگرین کە دەفەرموێت :

( وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا وَاذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا وَكُنتُمْ عَلَى شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ النَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ).

========================================================

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ئاوێنە و وتاری کورددا لەڕێکەوتی ٢٠٢٣/٦/٣٠دا بلاْوکراوەتەوە.

# هەڵبژاردن یان لەکارخستن ! *

دوای ئەوەی لەلایەن دادگای باڵای فیدراڵی عێراقەوە لە ڕێکەوتی ٣٠/٥/٢٠٢٣دا بڕیاردرا بە نادەستووری بڕیاری درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەی ١ ساڵ لە ٩/١٠/٢٠٢٢دا و پوچەڵکردنەوەی هەموو ئەو یاسایانەی کە دەرچوون لەوماوەیەدا.

ئیدی ئەم بڕیارە کۆتایی بە پاشاگەردانی یاسایی لە کوردستان و مەجازی کەسی و حیزبی و سەرکردەکان هێنا و بۆئەوەی چیدی ئەم نەریتە نادیموکراسی و خۆسەپێنی و قۆرخکاریە نەبێتە نەریتێکی باو بۆ ئاییندە لە عێراقیشدا و ڕێگە لە سەرکردە و حیزب و پاوانخوازیەکانی دەسەڵاتداران بگیرێت.بەداخەوە نەریتی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان هەر لەساڵی نەوەدەکانەوە سەریهەڵدا لەکاتی شەڕی ناوخۆدا و چەندین جار بۆ مانگ و سێ مانگ و ساڵ و دواتریش بۆ چەندین ساڵ درێژکرایەوە تا هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٥دا و دوای ١٣ ساڵ ئەنجامدرا کە خۆی تەنها بۆ چوارساڵ بوو،سەیر لەوەدابوو ئەوان شەڕیان لەسەر گرد و شاخ و دۆڵێکی بچووك دەکرد و بەهەزاران ڕۆڵەی ئەم گەلە بەناڕەوا بوونە قوربانی، بەلاّم بۆ مانەوەی خۆیان پەنایان بۆ یاساییکردنی پەرلەمان دەبرد بەناو بۆئەوەی شەرعیەتی قەوارەکەی هەرێم بهێنێت لەکاتێکدا دەستی هەرسێ داگیرکەرەکەی کوردستانیان دەگرت بۆ سەر قەوارەی هەرێمەکە لە تورکیا و ئێران و ڕژێمی بەعسیش.

ئەم بڕیارەی دادگای باڵای فیدراڵی توانی کە بەرزترین دامودەزگای شەرعی و هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان سڕبکات و بەناچاری و بەنابەدڵیش دوای یەك مانگ ئەوکات هەمووان بەسەرۆکایەتی و ئەندامانی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان دەستیان لەکارهەڵگرت و چوونەوەماڵەوە.

بەڕاستی گەر ئەم بڕیارە نەبوایە ئەوا وەك ساڵی نەوەدەکان درێژەیان بە تەمەنی خۆیان بۆ چەندین ساڵی تر دەداو زەمەنیان بۆ ٢٠ساڵی پێشووتر دەگێڕایەوە بۆ دواوە لە پێناو مانەوە و دەسکەوت و بەناو پارێزگاریکردن لە شەرعیەتی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان.

خۆشبەختانە ئەم بڕیارە مولزەمە و پێویستە لەسەر هەمووان جێبەجێیبکەن،جا گەر بڕیارێکی ئەو دادگایە دامودەزگایەکی هەڵبژێردراو و یەکێك لە سێکوچکەی دەسەڵاتەکانی (یاسادانان)ی هەڵوەشاندبێتەوە لەهەرێمدا،کەواتە مانای وایە هەموو بڕیارێك بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی هەر دامودەزگایەك یان ڕێکخراوێکی تر جا حیزبی بێت یان دیموکراتی و پیشەیی بێت یاسایی و دەستوری نابن و پێویستە هەموان یان بەزووترین کات هەڵبژاردن بکەن یان دەبێت لەکاربخرێن و دووربخرێنەوە و تاهەڵبژاردنێکی پاکوخاوێن و دوور لە ساختەکاری و فڕوفێڵ ئەنجام دەدرێت.

بۆیە پێویستە لەهەرێمی کوردستاندا هەر لەسەرکردە سیاسی و حیزبە سیاسیەکان و هەموو ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتی و یانە و تیپ و...هتد.چیدی ملهوڕی نەکەن و لەپێناو مانەوە و دەسکەوتی ناڕەوا و بەبیانووی خەموخۆری و دڵسۆزییەوە لە پۆستەکانیدا درێژە بەتەمەنی خۆیان نەدەن و پابەندی یاسا و ڕێساکان بن و هەمووان لەکاتی خۆیاندا هەڵبژاردن بکەن لە پێناو گەشانەوە و نوێبوونەوە و خۆگونجاندن لەگەڵ تەوژمە نوێکانی ژیان و قۆناغەکان و هێنانە پێشەوەی توانا و وزەی نوێی گەنجان و نەوەکانی ئێستا و ئیدی خۆدووربگرن لە قۆرخکاری و پاوانخوازی،چونکە هەموو مانەوەیەکی ناڕەوا دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی ناڕەزایی وتوڕەبوون و زویربون و ڕەخنەگرتن و دواتریش سەردەکێشێت بۆ پەنابردنە بەر دادگاکان  و ئەنجامیش لەکارخستن و دورخستنەوەیانە لەکار بە شێوەیەکی ناشیرین.

لەکۆتایدا لەسایەی ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵیدا بەپێی یاساکان بۆ هیچ حیزب و دامودەزگایەك بەتایبەتی کە بەهەڵبژاردن هاتبن و نوێنەرایەتی گەل  یان چینوتوێژێکی دیاریکراوی ناو کۆمەڵگە بکەن بۆیان نیە و لەدەسەلاتی خۆیاندا نیە کە تەمەنی خۆیان درێژبکەنەوە و هەر درێژکردنەوە و هەموو بڕیارەکانیشیان لەو ماوەیەدا بە بێ بنەماو نایاسایی ئەژماردەکرێت چونکە وەك دەوترێت ( **ما بنى على باطل فهو باطل**).

هەربۆیە هەق وایە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە خۆشی بۆتە کاربەڕێکەر و دەسەلاتەکانی کەم و بچووك و دیارکراو ماونەتەوە ڕێگەنەدات چیدی بەناوی حیزبایەتی و لایەنگریی حیزبییەوە هیچ دامودەزگایەکی ئەم هەرێمە بەنایاسایی و نادەستوری درێژە بەتەمەنی بەسەرچووی خۆیان بدەن،لە پێناو ئەوەی کە تەواوی قەوارە سیاسیەکەی هەرێم کە هەمووان بەناو پشتیوانی لێدەکەن نەبێتە قەوارەیەکی نادەستووری و نایاسایی لەهەموو ڕووەکانەوە و بەدەستی خۆمان چاڵ هەڵنەکەنین بۆ قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان کە بەداخەوە لە ئێستادا لە خراپترین دۆخی خۆیدایە لە ڕووی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و دارایی و ...هتد.بەهۆی ململانێ سیاسیە ناڕەواکانەوە و تەنهاو تەنها لەپێناو مانەوە و سەپاندنی هەژموونی حیزبی و کەسی و بنەماڵەییدا.وەك دەڵێن( العبرە لمن يعتبر) و هەق وایە هەمووان پەند لە هەڵوەشاندنەوە و ڕاگرتن و لەکارخستنی پەرلەمانی کوردستان وەربگرن و خۆیان نوێبکەنەوە بەچێکردنی پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی بێگەرد و بوژاندنەوەی گیان و ژیانی دیموکراسیەکی ڕاستەقینە لە هەرێمەکەماندا.هەربەمەش متمانەی گەل و چینوتوێژەکان و تەواوی کۆمەڵگەی کوردی بەدەستدێنرێتەوە وقەوارەی هەرێمەکەشمان لەناوچوون و بچووکبونەوە و نادەستوری دەپارێزین دوور لەموزایەدەی سیاسی کاڵوکرچی سواوی بێ ئەرزش.

==========================================================

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی وتاری کورد و خەندان دا لەڕێکەوتی ١١/٧/٢٠٢٣دا  بلاوکراوەتەوە.

# دوای ١٠٠ساڵ
# کورد چ پەندێکی لە ڕێکەوتنامەی لۆزان وەرگرتووە ؟ *

ئاشکرایە پێش ١٠٠ساڵ و لە ڕێکەوتی ٢٤ تەمووزی ١٩٢٣ دا ڕێکەوتنامەی لۆزانی شووم بۆ کورد و کوردستان لە نێوان هەریەکە لە ( ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا و فەرەنسا وئیتالیا و یابان و یۆنان ورۆمانیا و یۆگۆسلافیای هاوپەیمان و سەرکەوتووی جەنگی جیهانی یەکەم و تورکیای دۆڕاوی جەنگەکەدا) واژۆکرا لە دوای ڕێکەوتنامەی سێڤرە کە لەبەرژەوەندی کوردو کوردستاندا بوو لە ڕێکەوتی ١٠ی ئابی ١٩٢٠ واژۆکراو.ئەم ڕێکەوتننامەیە هەموو خەون و خەیاڵەکانی کوردی ئەو سەردەمە وبە ئێستاشەوە زیندەبەچاڵکرد و خراپترین و شوومترین ڕێکەوتننامەیە بۆ کوردو کوردستان لەدوای ڕێکەوتننامە هەرە شوومەکەی سایکس-بیکۆ لە ١٩١٦/٥/١٦دا کە بۆ دووەم جار کوردستانی گەورەی کردە نەك دوو پارچە بەڵکو چوار پارچە و دواتر ئەم ڕێکەوتنە بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتننامەی سێڤرە کە یەکەم ڕێکەتننامەی نێودەوڵەتی بوو بە قازانجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی،دواتریش ڕێکەوتننامە شوومەکانی سەعدئاباد لە ١٩٣٧/٧/٨ و هاوپەیمانی سەنتۆ /بەغداد لە ١٩٥٥/٢/٢٤ لەهەمووانیان شوومتر و بەزەبرتر بوو بۆ کورد و کوردستان.

ئەوەتا دوای ١٠٠ساڵی ڕێك هێشتا کورد نەك نەیتوانیوە ئەو ڕێکەوتنە ئاوەژووبکاتەوە بە قازانجی خۆی بەڵکو لەو ڕێکەوتنامەیەش خراپتری بەسەر خۆیدا هێناوە و نەك هەر ململانێی توند دەکات لەگەڵ داگیرکارانی کوردستاندا بەڵکو بونەتە دۆستی نزیك و بەرژەوەندخوازی یەکتری و هاوپەیمان و خاوەن بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و ...هتد.پێکەوە.جا ئیدی ئەم ١٠٠ساڵە وەکو ئەوە وایە کە کورد لە بازنەیەکی بۆشادا بسوڕێتەوە و لەجێگەی خۆی بجوڵێت بەبێ ئەوەی هەنگاوێك بچێتە پێشەوە.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئایا کورد لە یادی ١٠٠ساڵەی ئەو ڕێکەوتنە شوومەدا چی کردوە و بەنیازی چییە و ئەرکی قۆناغی داهاتووی چییە؟

بەداخەوە کورد لەماوەی ١٠٠ساڵی ڕابووردوودا چەندین شۆڕشی چەکداری و خوێناوی و ڕاپەڕینی مەزنی کردوە و توانیویەتی کۆمارێکی ساوای کوردستان لەساڵی ١٩٤٦ دابمەزرێنێت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەردەوامیش بدات بە شۆڕشە چەکدارییەکانی کەتائێستاش بەردەوامە

بەلاَم بە لاوازی، لە باکووریش بەشە هەرەگەورەکەی کوردستان و لەناوجەرگەی دەوڵەتی فاشی عوسمانی و تورکی ئەتاتورکیدا شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی ئاگریداخ و دەرسیم و دواتریش شۆڕشی چەکداری نوێی بەرابەرایەتی پەکەکە لە باشووری کوردستانیشدا شۆڕی ١٤سالەی ئەیلول و دواتریش شۆڕشی نویٰ لە سالێ ١٩٧٥ و لە ئێستاشدا پەرلەمان وحکومەتێکی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی ٣١ ساڵەی دامەزراندووە. لە ڕۆژئاوای کوردستانیش لەسالێ ٢٠١١وە دەسەلاَتێکی خۆسەری و بەڕێوەبردنی دامەزراندوە وبە هەزاران شەهید و قوربانی داوە لەهەرچوار پارچەکەی کوردستاندا،بەلاَم هەر لەو ١٠٠ساڵەشدا کۆماری سووری سۆڤیەتی لەسەردەمی ئەتاتورك و ستالیندا هەڵوەشایەوە و کرایە قوربانی بەرژەوەندی و پەیوەندیەکانی ڕووسەکان و تورکەکان و کوردان ڕووبەڕووی پڕۆسە بەدناوەکانی ئەنفال و کیمیاباران و قاتوقڕکردن و جینۆساید بونەتەوە لەهەر چوار پارچەکەدا.بەرخۆدانی کوردان نموونەیەکی بالاَی قوربانیدانە لە مێژووی شۆڕشەکانی گەلان ومرۆڤایەتیدا لەسەر خاك و ئاوی خۆی و نهێنی مانەوەشی ڕەسەنایەتی وهەر ئەو بەرخۆدان و ملکەچنەبوون و چۆکدانەدانێتی.

بەلاَم ئەی پاداشت و دەسکەوتی ئەو هەموو قوربانیدانە چیبوون؟بەکویٰ گەیشتوون؟ کورد لە کوێی هاوکێشە سیاسی و ئەمنی و ئابورییەکانی جیهانی سەردەم و شڵەژاو و پڕ بەرژەوەندیە ئابورییەکانە لە ئێستادا؟

کورد وەك ئەرکی خۆپاراستن و خۆپارێزی بەوپەڕی تواناوە هەوڵی خۆیداوە،بەلاَم لەلایەك هۆکارە ناوەکی و دەرەکی و ناوچەییەکان یارمەتیدەری نەبوون و بەرژەوەندیە گەورەکانی زلهێزە ناوچەیی و دونیاییەکان لە مەسەلەی کورد گەورەتربوون و هەمیشە کوردیان کردۆتە قوربانی لەنێوان خۆیاندا و کورد و سەرکردایەتیەکەشی نەیتوانیوە بەباشی و زیرەکانە خوێندنەوەی بۆ ڕووداوەکان هەبێت و هەلەکان بقۆزێتەوە لەلایەك لەبەر ململانێی ناڕەوای بچووك لەسەر دەسکەوت و پلەو پۆست و دەسەلاَتە بیٰ ئەرزشەکان و لەلایەکی تریشەوە خۆفرۆشی و خاکفرۆشی و دەستتێکەڵکردن لەگەڵ داگیرکارانی کوردستاندا.هەربۆیە هەموو هەوڵەکانی کورد بابادا چووە و ئەنجامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتۆتەوە.

کورد لە ئێستادا و دوای ٣٠ ساڵ لە جۆرێك لە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەسەلاَتێکی کوردی بیٰ وێنە لەمێژووی خەباتی کوردایەتیدا کە خاوەنی پەرلەمان و حکومەت و دەسەلاَتی خۆیەتی،خەریکە هەڵە مێژووییەکانی ڕابووردوو بە خوێناویترین شێوە دووبارە و دەبارە دەکاتەوە و بەدەستی خۆی ئەوەی هەیە و نیە لەناویدەبات و بەدەستی خۆی پیلانی دوژمنان و داگیرکاران و

داڕێژەرانی ڕێکەوتننامەی لۆزان و جێبەجێدەکات و خەریکە نەك لۆزانی ڕابووردوو زیندوودەکاتەوە و گیانی بەبەردا دەکاتەوە بەڵکو بەکردارەکی لۆزانێکی نوێ نەك هەر لەبەشی باکوور بەڵکو لە باشوور و ڕۆژئاوادا جێبەجێدەکات بە دانان و دامەزراندنی بنکە و بارەگای سەربازی تورکیا و لەدەستدانی کەرکوك و زیندووکردنەوەی خەونی ولایەتی موصڵ و لەناوبردن و دوژمنایەتیکردنی کوردانی ڕۆژئاوا و دروستکردنی خەندەقی جیاکردنەوە و داخستنی دەروازەی سمێڵکا بە ڕوویاندا و هەراسانکردنی کوردانی ڕۆژهەلاٚتیش.بۆیە گەر ئەوکاتەی لۆزان واژۆکرا کورد بێهێز و بێ دەسەلاٚت و خاوەن قەوارەیەکی سیاسی و ئیداری سەربەخۆی خۆی نەبوبێت خۆ ئێستا لە دوو پارچەی کوردستاندا خاوەن قەوارەیەکی کوردانەیە،ئەی بۆچی هێشتوومانە و کەوتوینەتە ناو تەڵە و تەپکەی بەرژەوەندخوازی و بەتالاٚنبردنی سەروەت و سامانی ولاٚت و میلەتەکەمان و ملکەچکردن بۆ دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان و خۆخۆری و ملبادان و شکاندنی یەکتری.

کورد بەنیازی چییە؟

بەداخەوە لە ئێستادا کورد هێندەی سەرقاڵی ململانێی نارەوای ناوخۆییە لەهەربەشێکدا لە نێوان سەرکردە و حیزبە سیاسیەکان و ئەوەتا دوو حیزب و سەرکردە نیە کە بتوانن ببنە هاوپەیمان و ڕێکبکەون و کاری هاوبەش و پێکەوەیی ئەنجامبدەن و هەرپارچەیەکیش لەگەڵ ئەویتردا لە ململانێ و دژایەتی و پیلاندانانە بۆ یەکتری.ئیدی ئەم سەرقاڵیە بێهودە و نەبڕاوە ناوخۆییەی کورد بواری نەهێشتۆتەوە بۆ بیرکردنەوە و پلاندانان بۆ یەك ویەکگرتوویی و کاری پێکەوەیی و برایەتی و تەبایی و ڕێکخستنەوەی نێو ماڵە گەورە نەتەوەییەکەی کوردان.

هەربۆیە لە یادی ١٠٠ساڵەی ڕێکەوتنی لۆزانی شوومدا کورد نەك هەرهیچی نەکردووە بەڵکو بۆدواوەش گەڕاوەتەوە و وەك دەڵێن گەر هەنگاوێکی هاویشتبێت بۆ پێشەوە دەیان هەنگاو پاشەکشەی کردووە بۆ دواوە.لەگەڵ ئەوەی بەراوورد بە ١٠٠ساڵی ڕابووردوو کورد خوێندەوارتر و ناسراوتر و مەسەلەکەی گەورەتر و گەرموگوڕتر بوە لەسەر ئاستی ناوچەکە و دونیادا و پەیوەندی و بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوری و ئەمنیەکانی فراوانتر و دەوڵەمەندتریشە لەڕووی سەروەت و سامان و داهات و ئابوریەوە و بوونی دۆست و یارەکانیەوە. کەچی هێشتاش لە بازنەیەکی بۆشی مێژوودا دەسوڕێتەوە و هێشتاش هیچ پەندێکی لە ڕێکەوتنامەی لۆزان وەرنەگرتوە و نەیتوانیوە ئەو ڕێکەوتنە کاڵ بکاتەوە و کانسڵیشی بکاتەوە و ڕێکەوتنێکی نوێ بەبەرژەوەندی خۆی و ئایندەی نەتەوەکەمان و نیشتیمانەکەمان بنوسێتەوە و بیچەسپێنێت.

بۆیە ڕەنگە بۆ ئایندەش کورد هەروابمێنێتەوە گەر بەم عەقڵیەت و گیان و بیرکردنەوەیەوە کار و خەبات بکات و درێژە بە میراتە ڕەشو وتوون و تاریکەکەی خۆخۆری و براکوژی و ململانێی ناڕەوا و خەسڵەتە دزێوەکانی خۆفرۆشی و خاکفرۆشی و خیانەتکردن بەردەوامی پێبدات.لەکاتێکدا دەوڵەتی تورکیای دوژمنە سەرسەختەکەی کوردوکوردستان وەك دەڵێن لەسەر ئاگر چاوەڕوانی کۆتایی هاتنی ماوەی ١٠٠ساڵەکەی ڕێکەوتنامەکەیە و بۆ ئەوەی هەموو کۆت وبەندە سەپێنراوەکانی سەری هەڵبوەشێتەوە و ئیدی دەستکراوە بێت بۆ پەلکێشان و فراوانخوازی وەکو ئەردۆگان دەیەوێت و خەوی پێوەدەبینێت کە ببێتە یەکێك لە ١٠ وڵاتە پێشکەوتوەکەی جیهان و هەموو سەروەریەکانی ڕابووردووی سەڵتەنەتی عوسمانی بگێڕێتەوە.جا ئەمەیە مەترسیەکە بۆ سەر کورد و کوردستان ،بەڵام ئایا جیهانی ئەمڕۆ ڕێگە بەو کار و کردەوە و خەونانەی تورکیا و ئەردۆگان دەدات وەك ١٠٠ساڵ لەمەوپێش ڕێگەیانپێدابوو؟ .

==========================================================

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ئاوێنە و وتاری کورد و خەندان دا لەڕێکەوتی ٢٠/٧/٢٠٢٣دا بلاۆکراوەتەوە.

# تـايوان وڵاتێكی بچووك
# بەڵام مەترسیەكی گەورە لەسەر جیهان! *

تایوان چ لەڕووی قەباره و ڕووبەری خاكەكەی ٣٦١٩٣كم٢ و چ لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەكەی لەساڵی ٢٠١٩دا ٢٣٥٩٣٧٩٤ كەس و چ لەڕووی هێزی ئابوری و سەربازییەوه تاساڵی ٢٠١٩ تەنها ١٦٥٠٠٠ چەكداری هەبووه كه ٢٢هەمینه لەسەر ئاستی جیهان ،بەهەموو پێودانەكان وڵاتێكی بچووك و لاوازه وتەنانەت لەڕووی جیۆپۆلەتیكیشەوه هەرچەنده پێگەكەی گرنگه بەڵام هەمیشه له بەر مەترسی گەورەدا بووه لەبەرامبەر نیەت و پیلان و نیازەكانی دراوسێ گەورەو وزەبەلاحەكەی كه كۆماری چینی میللیه.ئەی بۆچی ئەم وڵاته بچووكه بۆته مۆتەكەیەكی مەترسیدار بۆسەر تەواوی جیهان؟

تایوان كه له چەندین دوورگەی بچووك پێكدێت بەڵام ٩٠٪ خاكەكەی دورگەی تایوانه كه كەوتۆته باشووری ڕۆژهەلاتی چینی زەبەلاحەوه و لەساڵی ١٩٤٩ەوه لەسایەی هەڵهاتنی دەسەڵاتدارانی شكستخواردووی كۆماری چینەوه بەڕابەرایەتی شیانگ كای شیكەوه لەبەرامبەر هێزه شۆڕشگێڕه شیوعیەكان بەڕابەرایەتی ماوتسی تۆنگ و ڕاگەیاندنی كۆماری چینی میللی له ١/١٠/١٩٤٩دا ئەم دوورگەیه بوه جێگه و پێگەیەكی نەیار بەم دەوڵەته تازه دامەزراوەی شیوعیەكان. تائێستاش بەنەیاری ماوەتەوه هەرچەنده لەساڵی ١٩٩١ەوه حاڵەتی جەنگ لەگەڵ چیندا كۆتایی پێهاتووه، و توانیویەتی خۆڕابگرێت لەبەردەم هەڕەشەكانیدا ،تایوان به ئێستاشەوه هەر به كۆماری چین دەناسرێت و تاساڵی ١٩٧١ كورسی هەمیشەیی وڵاتی چینی له ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوه یەكگرتوەكان گرتبوو و دانپیادانراو بوو لەسەر ئاستی دونیا و وڵاتاندا.بەڵام له ئێستادا و دوای پێدانی ئەو كورسیه هەمیشەییه به كۆماری چینی میللی لەساڵی ١٩٧١ەوه بەهۆی سیاسەتی خاوكردنەوەی ئەمریكا لەبەرامبەر چین دژی یەكێتی سۆڤێتی جاران ئیدی تایوان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی نه به ئەندامی نەتەوەیەكگرتوەكان مایەوه و تەنها ١٥ وڵاتیش بەڕەسمی دانیانپیاداناوه.بەڵام به نارەسمی زۆرینەی وڵاتانی دونیا پەیوەندی سیاسی و ئابوری و بازرگانی و سەربازیان لەگەڵیدا هەیه به ئەمریكای زلهێز و وڵاتانی تری ئەوروپا و ڕۆژئاواشەوه.

تایوان هەرچەنده توانای سەربازی و قەواره و دانیشتوانی كەم و بچووكن،بەڵام توانیویەتەی لەڕووی ئابورییەوه گەشەو پێشكەوتنی بەرچاو ئەنجامبدات و سەرمایەدار و كۆمپانیای ئابوری و

بازرگانی گەورە پێکبهێنێت و تەنانەت لە ناو چینی میللیشدا نزیکەی ٦٠ملیار دۆلار وەبەرهێنان بکات و نزیکەی یەك ملیۆن تایوانی لە چیندا کاردەکەن و لەناو بازاڕ و کارگە پیشەسازیەکان وئابوری چیندا چالاك و جێگە دەستیان دیارە.

تایوان لەئێستادا بەپێچەوانەی کۆماری چینی میللیەوە سیستەمێکی نیمچە کۆماری و دیموکراسی و کۆماری دەستووری پیادە دەکات و خاوەن دەستوور و ئاڵا وداموودەزگا هەڵبژێردراواکانێتی و هەر ٤ ساڵ جارێك پەرلەمان و سەرۆکی وڵات هەڵدەبژێرێت و لەساڵی ٢٠٠٠دا و دوای ٥٠ساڵ لە سیستەمی دیکتاتۆریەت بۆ یەکەم جار سەرۆکی تایوان هەڵبژێردرا (شین شوی) کە لایەنگری سەربەخۆبوونی تایوان بوو خۆی بە وڵاتێکی سەربەخۆ دەزانێت دوور لە سیادە و سەروەری کۆماری چینی میللی و دەڵێت ئێمە نەتەوەیەکی جیاوازین لە چین و هەوڵی ئەوە دەدات لەسەر ئاستی جیهانیش ئەم بۆچوونەی بسەلمێنێت و ببێتە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکان. لەساڵی ٢٠١٦وە تاکو ئێستاش و دوای هەڵبژاردنی دووجاری سەرۆکی ئێستای تایوان خاتوو (تسای ئینگ ون) سەرۆکی پارتی دیموکراتی پێشکەوتوو DPP،کە لایەنگرێکی سەرسەختی سەربەخۆیی تایوانە و لە کۆتا هەڵبژاردندا ٨٢٠٠٠٠٠ دەنگی بەدەستهێنا بەهۆی هەڵگرتنی دروشمی سەربەخۆیی تایوان و دژایەتی چین و ئەم پشتگیرییەش مانای وایە زۆرینەی تایوانیەکان دژی چینن و لایەنگری سەربەخۆیی تایوانن.بەم هۆیەشەوە لەماوەی ئەم ٨ساڵەدا پەیوەندییەکانی چین و تایوان زۆر گرژو مەترسیدار بوون.

بەڵام لەبەرامبەردا کۆماری چینی میللی تاك حیزب و تاك سەرکردەی خاوەن سیستەمێکی شیوعی مارکسی –لینینی ناوەندی پیادە دەکات ، وڵاتێکی پانوپۆڕ و گەورەی ٩٥٩٧٠٠٠کم٢ و ژمارەی دانیشتوانی ١٤١١٧٧٨٧٢٤ کەسی ونزیکەی ٥ملیۆن چەکداری سەرەکی و یەدەگی هەیە و ٣هەمینە لەسەر ئاستی جیهان ویەکەم لەسەر ئاستی جیهان لە ڕووی ڕووبەری خاك و ژمارەی دانیشتوانەوە کە بەدەیان و سەدان جار لە تایوان گەورەتر و قەرەباڵغترە ،تایوان بەبەشێکی دانەبڕاو لەخاکەکەی دەزانێت و لێی جیابۆتەوە و مافی چینە کە بیگێڕێتەوە سەر خاکەکەی و لەساڵی ٢٠٠٤دا (یاسای دژە جیابونەوە) ی دەرکرد کە ڕێگە بەبەکارهێنانی هۆکارە نا ئاشتییەکان دەدات دژی تایوان ئەگەر هەوڵی جیابونەوە بدات،و دەڵێت حکومەتی تایپێ ناشەرعییە و دروشمی (یەك چینی) بەرزکردۆتەوە و لەقۆناغی ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکانیشدا دروشمی (یەك وڵات و دوو سیستەمی)بەرزکردبۆوە وەك ئاماژەیەك بۆئەوەی کە تایوانیش وەکو دوورگەی هۆنگ کۆنگ دەتوانێت سیستەمێکی حوکمڕانی جیاوازی هەبێت لە پەکین بەڵام هەر

سەر بەخاك و ولاَتی چینی یەكگرتوو بێت كە لەساڵی ١٩٩٧وە لەژێر دەسەلاَتی بەریتانیا گەڕایەوە سەر خاكی كۆماری چینی میللی.بۆیە ئەم بۆچوون و تەحەدا و درووشمانەی هەردوولا بۆتە هۆی سەرهەڵدانی گرژی و ململانێی توند لە نێوانیاندا و لە هەندێك قۆناغدا كارگەیشتۆتە هەڕەشەكردن و مانۆڕی سەربازی و گەمارۆدان و...هتد.

بۆیە تایوان خۆی وەكو ولاَتێكی بچووك هەرگیز ناتوانێت ببێتە مەترسی بۆ سەر چینی مەزن،بەلاَم كێشەكە لەوەدایە كە ئەمریكای زلهێزی جیهانی كە لە ساڵی ١٩٧٩وە پەیوەندییەكانی لەگەڵ تایواندا پچڕاندووە بەلاَم لە ئێستادا و لە چوارچێوەی ململانێ سیاسی و بازرگانی و ئابوری و سەربازیەكانیدا لەگەڵ بلۆكی ڕۆژهەلاَتی بەگشتی و بەتایبەتیش ڕووسیا و چینی دوو زلهێزدا هەمیشە سەرەڕای نەبوونی پەیوەندی سیاسی فەرمی لەنێوانیاندا بەلاَم پشتیوانی سیاسی و سەربازی و ئابووری گەورە لەهەڵوێست و كار و پلان و دروشمەكانی تایوان دەكات لە سەربەخۆبوونی تایوان لە چین و ( پاراستنی سەروەری نیشتیمانی) وەك دژایەتیكردنی چین لەم ناوچە گرنگ و گەرمەی جیهاندا كە بەدەریای چین دەناسرێت و ولاَتانی ناوچەكەش دابەشبونەتە سەر هەردوو بەرەی ئەمریكا( یابان و كۆریای باشوور و تایوان و ...هتد.) و چین و ڕوسیا (كۆریای باكوور ). سەرۆك بایدن ڕایگەیاندووە كە پابەندیەكانیان بەرامبەر تایوان زۆرتوندوتۆڵە و لەسەر ئاستی سیاسی گەورە لێپرسراوانی ئەمریكا سەردانی ئەو دورگەیەیان كردوە و گرنگی بەرچاویان پێداوە.هەموو ئەم یارمەتی و پشتیوانیانەی ئەمریكا بۆ تایوان دەگەڕێتەوە بۆ مەترسی ئەمریكا لە نفوز و فراوانبوون و بەهێزبوونی كۆماری چینی میللی لەسەر ئاستی ناوچەكە و تەواوی جیهانیش و بەهەق بۆتە مەترسییەكی گەورە بۆ سەر بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا لەهەموو جیهاندا و لە ئێستادا پێش ڕووسیای داوەتەوە و كاردەكات بۆئەوەی پێگەی یەكەمیش لە ئەمریكا بسێنێت و ببێتە تاكە زلهێزی جیهانی كەئەمەش مانای پاشەكشە و بچووكبونەوەی ئەمریكایە،هەربۆیەش ئەمریكا لەهەر جێگەیەكی دونیا هەوڵی بەربەست و ڕێگری و نانەوەی كێشە و گرفتی گەورە دەدات لەبەردەم چیندا.

بۆیە لە ئێستادا تایوان بەم پەیوەندی و پشتگیریەی ئەمریكا بۆتە مەترسیەكی گەورە بۆ سەر تەواوی ناوچەكە و جیهان و لەهەموو كات جیهان نزیكترە لە ڕوودانی كارەساتی جەنگی گەورەی جیهانی لەنێوان ئەمریكا و ئەوروپا لە بەرامبەر ڕووسیا لە جەنگی ئۆكرایینادا و گرژیەكانی تایوان لەگەڵ چینیشدا بۆتە هۆكارێكی تر بۆ خێراتركردنی ڕوودانی جەنگ و ململانێكان جا هەركات ئەوە ڕووبدات و چین و ئەمریكا لەسەر تایوان بەیەكدا بدەن و ڕووبەڕووی یەكتر ببنەوە

ئەوا تەواوی جیهان دەبێتە گۆڕەپانی جەنگێکی گەورەی جیهانی ماڵوێرانیکەر،هەربۆیە تایوان ڕۆڵێکی مەترسیدار دەبینێت لە خۆشکردنی ئەم ململانێ مەترسیدارەدا.بۆیە گەرچی وڵاتێکی بچووکە بەڵام پڕ مەترسیە بۆ سەر جیهان.

بۆیە گەر بویسرێت ئەم ململانێیانە خاوبکرێنەوە گەرەکە کە چین و ئەمریکا تێگەیشتنی زیاتریان هەبێت بۆ هەموو مەسەلە ناکۆکەکان و خۆشیان و ناوچەکە و جیهانیش نەکەنە قوربانی و سوتەمەنی ململانێکانیان.لەولاشەوە چینیش وەك زلهێزێکی جیهانی و ناوچەیی کە بەرەو ئایندەیەکی گەشەکردوو هەنگاو دەنێت هەق نیە هێندە گرژیەکانی لەگەڵ تایواندا تۆخبکاتەوە و بیکاتە ئەو درزەی کە نەیارەکانی لێوەی بچنە ژوورەوە و لەناوخۆی چینەوە بنکۆڵی سیستەم و دەسەڵاتی چین بکەن بەهۆی تۆخکردنەوەی مەسەلەی نەبوونی ئازادییەکان و دیموکراسی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و چەوساندنەوەی کەمینەی ئیگۆری ئیسلامەکان و مەسەلەی کۆپیکردنی داهێنانە زیرەکەکان و مافی داهێنان و ...هتد.کە چینی پێ تۆمەتبار دەکرێت. بۆیە هەق وایە چین بەبەردەوامی سیاسیەتێکی نەرم و ژیرانە پیادە بکات و ڕێگەنەدات کە تایوان ببێتە پوازێك لەکەمەر و جەستەی خۆیداو خاڵی لاوازی خۆی بداتە دەستەوە.

بەداخەوە جیهان لەم قۆناغەدا لەهەموو کاتێك زیاتر لە دۆخێکی سیاسی و ئابوری و ئەمنی شڵەژاو و ناجێگیریدا دەژی بۆیە ئەرکی هەموانە کە پشوودرێژی و دانایی بنوێنن بۆ کەمکردنەوەی ئەو ململانێیانە و خۆشیان و بەرژەوەندیەکانیان و تەواوی جیهان و مرۆڤایەتیش دووربخەنەوە لە ئایندەیەکی پڕ مەترسی و کاولکاری.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا لەڕێکەوتی ٣/٨/٢٠٢٣دا بڵاوکراوەتەوە.

# نە یجەر وڵاتێکی دەوڵەمەند و گەلێکی هەژار ! *

نەیجەر یەکێکە لە ٥٤ وڵاتەکەی کیشوەری ئەفریقیای ڕەش پێستی هەژار و دواکەوتوو سەرەڕای دەوڵەمەندیی زۆربەی وڵاتان و تەواوی کیشوەرەکەش بە گەلێك سەرچاوەی سروشتی گرانبەهای نەوت و غازی سروستی و زێڕ و یۆرانیۆم ومس و ئاسن و تەختە و قاوە و ...هتد.ئەمە سەرەڕای زەوی پانوبەرین و ئاو و ڕووباری شیرینی زۆر و زەوی بۆ کشتوکاڵ و ئاودێری و بەنداو و گەشتوگوزار و ...هتد.کە هەموانیان پایەی گرنگی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانین و هۆکارن بۆ دەرچوون لە هەژاری و دواکەوتوویی و نەخوێندەواری و نەخۆشیەکان کە تەواوی کیشوەرەکە و کۆمەڵگاکانیانی پێوە دەناڵێنن.

ئاشکرایە هەموو ئەم نەهامەتیانە هەندێکیان سروشتین و مرۆڤ دەستی تیایاندا نیە وەکو دیاردەکانی کەمبارانی و وشکە ساڵی و بەبیابانبوون و نەخۆشی و پەتا گوازراوەکان و ...هتد.بەلاّم هەندێکی تریشیان لە ئەنجامی داگیرکاری زلهێزەکان و داگیرکارانی کۆنی ئەو وڵاتانەوەن و سیاسەتە نامرۆڤانەکانیان بۆ دادۆشین و چۆڕبڕکردنی سەروەت و سامانەکانی ئەو وڵاتانەیە بەدەستی ئەنقەست لەبەرامبەر یارمەتی وکۆمەکی کەمی بێ ئەزرش کە ناتوانێت ئەو کۆمەڵگایانە لەو نەهامەتیانە ڕزگار بکات و لەلایەکی تریشەوە بوونی سەرکردە و پارتی سیاسی گوێلەمشت و بەکرێگیراو ودەستچێنەکانی داگیرکارانن وبەشێوەیەك بەرژەوەندی وڵات و کۆمەڵگاکانیان کردۆتە خزمەتی بەرژەوەندی کەسی و حیزبی و بنەماڵەکانیان لەڕێگەی گەندەڵی و بەهەدەردانی سەروەت و سامانی وڵاتەکانیان بۆ بەرژەوەندی وڵاتە کۆلۆنیالیەکان و نادادپەروەرییەوە.هەموو ئەم هۆکارانە بونەتە هۆی ئەوەی کە گەلانی ئەو کیشوەرە هەژارترین کۆمەڵگاکانی جیهانبن و تەواوی کیشوەرەکەش دواکەوتووترین بێت.

نەیجەر یەکێکە لە و وڵاتانەی کە گەورەترین ڕووبەری زەوی هەیە لە ڕۆژئاوای کیشوەرەکە و وڵاتێکی داخراوە و دەورەدراوە بە زیاد لە ٦ وڵاتی تر و زۆرینەی خاکەکەی بیابان و چۆڵە و ژمارەی دانیشتوانەکەشی نزیکەی ٢٤ ملیۆن کەسە و یەکێکە لە هەژارترین وڵاتانی ئەفریقیا و لە کۆتایی سەدەی نۆوەدەهەمەوە لەلایەن فەڕەنساوە داگیرکراوە و بەڕەسمیش لەساڵی ١٩٢٢وە بۆتە کۆلۆنیالیەکی فەڕەنسا و ساڵی ١٩٦٠ سەربەخۆیی خۆی بەدەستهێناوە. ئیدی لەوکاتەوە فەڕەنسا چەندین ڕێکەوتنی سەربازی بۆ بەرژەوەندی خۆی سەپاندۆتە سەر و بەو پێیەش بنکەیەکی سەربازی

هەمیشەیی بە ١٥٠٠ سەربازەوە بونیان هەیە لەو وڵاتەدا. تا ساڵی ٢٠٢١ لەسایەی حوکمڕانی دیکتاتۆریی و سەربازیدا بەڕێوەبراوە و لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢١ بۆ یەکەم جار لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە محمد بازوم لە کەمینەی عەرەبی و وەك کەسایەتیەکی مەدەنی هەڵبژێردرا بە سەرۆك ،بەڵام هاوپەیمانی فەڕەنسا بوو بۆ بەگژداچوونەوەی بزوتنەوە توندڕەوەکان و شەریکێکی ئابوری بەهێزی فەڕەنسا و کۆتا سەرکردەی نزیکی فەڕەنساش بوو لەناوچەکەدا.

نەیجەر بۆخۆی وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە سەرچاوەکانی وزە و گەورەترین یەدەگی یۆرانیۆمی تیادایە و حەوتەم وڵاتی بەرهەمهێنە لە جیهاندا و یەدەگێکی گەورەی ئاڵتونیشی هەیە لەگەڵ نەوت و خەڵوزی زۆر باشدا.بەشێوەیەك ٣٥٪ یۆرانیۆمی فەڕەنسا دابیندەکات کە ٧٠٪ کارەبای فەڕەنسای پێبەرهەمدەهێنرێت و خاوەنی ١٠هەزار سەربازە،بەڵام نەتوانراوە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و خۆشگوزەرانی تیادا پێکەوەبنرێت.

لەڕێکەوتی ٢٠٢٣/٧/٢٧دا کودەتایەکی سەربازی بەسەرکردایەتی جەنەڕاڵ عبدالرحمن چیانی سەرۆك محمد بازومیان لە دەسەلآت وەلانا.ئەم کودەتایە سێیەم کودەتایە لە ساڵی ٢٠١٢ وە کە لەمالی دراوسێ و ٢٠١٧ لە بۆریکینافاسۆ و سودان ٢٠١٩،... هتد.لە ئێستادا ئەنجومەنی سەربازی کاروباری وڵات بەڕێوەدەبەن و کۆمەڵێك بڕیاریان لەدژی فەڕەنسای کۆلۆنیالی دەرکردوە وەك: هەڵوەشاندنەوەی هەموو ڕێکەوتنە سەربازیەکانی نێوانیان و دەرکردنی ١٥٠٠ سەرباز و پچڕاندنی پەیوەندی دبلۆماسی لەگەڵ هەریەکە لە وڵاتانی نەیجیریا وتۆگۆ و ئەمریکا و فەڕەنسادا. و برینی ناردنی یۆرانیۆم و ئاڵتون بۆ فەڕەنسا.کە هەموو ئەم بڕیارانە کاریگەری زۆر خراپیان دەبێت لەسەر ئابوری فەڕەنسا چونکە فەڕەنسا بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا پشتدەبەستێتە سەر یۆرانیۆمی نەیجەر و بۆ پیشەسازی ئۆتۆمبێل پشتدەبەستێتە سەر ئاسنی مالی و بۆ پیشەسازی شوکولاتە پشتدەبەستێتە سەر قاوەی ساحل العاج و بۆ تەختە پشتدەبەستێتەر سەر دارستانەکانی بەنین و...هتد. هەربۆیەش فەڕەنسا وەلآمی توندیدایەوەو هەموو هاوکاریە مرۆیی و داراییەکانی لە نەیجەر بڕی و داوای گەڕانەوەی سەرۆك بازومی هەڵبژێردراو دەکات و لەلایەکی تریشەوە ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتوەکانیش دژی کودەتا سەربازیەکەن بەڵام وڵاتانی کۆمەڵەی ئابوری وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەفریقیا ناسراو بە (ئیکواس) هەڕەشەی دەستێوەردانی سەربازی دەکەن بەهەمان شێوەی گامبیا لەساڵی ٢٠١٧دا.بەڵام تائێستا وڵاتانی مالی و بۆرکینافاسۆ ناڕازین و هەڕەشە دەکەن و دەڵێن ئەوە ڕاگەیاندنی جەنگە و ڕێگا نادەین و هاوکاری هاوڕێکانیان دەکەن جەزائیر و چین و

ڕوسیاش داوای پشوودرێژی و دانبۆخۆدا گرتن دەکەن لە هەمووان و ولأتانی ساحل العاج و بەنین و سینیگال و نەیجیریا ئامادەن سوپا بنێرن .

بەم شێوەیە لە ئێستادا نەیجەر و کودەتا سەربازیەکەی ولأتانی ناوچەکە و زلهێزەکانیشی کردۆتە دووبەرەی دژبەیەك و هەرلایەکیش لە بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوە دەڕواننە کێشەکە ، بەرەی ئەمریکا و فەڕەنسا و ولأتانی تری ئەفریقیا(ئیکواس) گەرەکیانە بە زۆریش بێت سەرۆك بازوم بگێڕنەوە بۆ سەر دەسەلأت و تەنانەت دەستێوردانی سوپا لە نەیجەر و بەکارهێنانی هێزیش،لەولاشەوە ولأتانی مالی و بۆریکینافاسۆ و جەزائیر و چین و ڕوسیا دژی ئەو هەنگاوانەن.بۆخۆشی چوونە ناوەوەی سوپا بۆ ئەو ولأتە ئاسان نیە چونکە ولأتێکی پانوبەرینە و زۆرینەی دانیشتونەکەشی دژی داگیرکاری و چەوسانەوە و زولم وزۆری فەڕەنسان و پشتیوانی لە سەرکردە سەربازیەکانیان دەکەن و هەلأیسانی ئەو جەنگە بەزوویی کۆتایی نایەت و تەواوی کیشوەرەکەش و جیهانیش دەخاتە حالەتێکی نەخوازراوی جەنگێکی درێژخایەنی ترەوە هاوشێوەی جەنگی ڕووسیا و ئۆکراینا.

فەڕەنسا و ئەمریکا ئەم کودەتایانە لەم کیشوەرەدا بەدەستی ڕوسیا و پالپشتی چین دەزانن کە تەماعیان لەسەروەت و سامانی کیشوەرەکەدا هەیە و گەرەکیانە وەکو ڕۆژئاواییەکان سوودی لیبببینن و زۆرینەی گەلانی ناوچەکەش ئەوەیان پیێی خۆشە چونکە بەدرێژایی سالأنی دوای جەنگی جیهانی دووەم کە نزیکەی ٧٠ سالە هیچ خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن و ئازادیەکیان لە ڕۆژئاواییەکانەوە دەستنەکەوتوە جگە لە هەژاری و نەخۆشی و برسێتی و دواکەوتویی.بۆیە چیدی قبولیان نیە کە بۆ ئایندەش هەروابمێننەوەو ڕەنگە تەواوی کیشوەرەکەش بگرێتەوە لەسایەی دەسەلأت گرتنە دەستی کۆمەلێك ئەفسەری سەربازی لاو و خوێنگەرمی لە نموونەی سەرۆکی بۆرکینافاسۆ جەنەراڵ ابراهیم تراوری و ئەسیمی غۆیتا. و بە ئاشکراش ڕایانگەیاندوە کە ئیدی ڕوودەکەنە ڕۆژهەلأت(ڕووسیا و چین) و پشتدکەنە ڕۆژئاوا، و ئەمەش لە کۆنگرەی لوتکەی ڕووسیا و کیشوەری ئەفریقادا لە ٢٧و٢٨/٧/٢٠٢٣ لە سانبترۆسبۆرگ ڕاگەیەنرا و ڕووسیاش بەلێنی هاوکاری تەواوی کیشوەرەکەی دا لە ڕووی دابینکردنی خۆراك و ئاسایش و تەکنەلۆجیاوە.

بۆیە ئایندەیەکی تاڕادەیەك ناڕوون چاوەڕوانی کیشوەرە گەورە و هەژار و برسی و دواکەوتوەکەی جیهان دەکات لە سایەی ململانێ توندەکانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەلأتەوە و لە سایەی سەرهەلدانی بزوتنەوەیەکی نیشتیمانی بۆئازادی و خۆڕزگارکردن لەتەوقی داگیرکارانی ئەو کیشوەرە.

==========================================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا لەڕێکەوتی ١٤/٨/٢٠٢٣دا بلأوکراوەتەوە.

# ململانێی فەلەستین – ئیسرائیل
# تاکەی ؟ بەرەو کوێ؟ *

ئاشکرایە ململانێی عەرەب بەگشتی و فەلەستینیەکان بەتایبەتی دژی ئیسرائیل و جولەکە مێژوویەکی دێرینی هەیە و هەر لەدوای هاتنی ئاینی ئیسلامەوە دەستیپێکردوە و دواتریش دوای دامەزراندنی بزوتنەوەی سەهیۆنیەتی جیهانی بە ڕابەرایەتی تیودۆر هێرتزل لەساڵی ١٨٩٧ و ئیدی کنەکردنی جولەکەی پەرتەوازەی جیهان بۆ دۆزینەوەی زەویەك و خاکێك بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی تیادا دابمەزرێنن دەستیپێکرد و ئەوەبوو دوای هەوڵێکی زۆر بەڵێنی بەلفۆریان لەساڵی ١٩١٧دا بۆ دەرچوو لەلایەن بەریتانیای زلهێزی ئەو سەردەمەوەو دوای ٣١ ساڵیش ئەو بەڵێنەیان بۆ جێبەجێکردن و ئیدی ململانێ و جەنگی دووروودرێژی عەرەب –ئیسرائیل دەستیپیکرد و تائێستاش کە ٧٥ ساڵە بەردەوامە بە خوێناویترین شێواز.

ئەم جەنگە کێشەی فەلەستینیەکانی کردە کێشەی پلە یەکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تا ساڵی ١٩٩٤ کە دوا ڕێکەوتنی ئاشتی نێوان فەلەستین –ئیسرائیل بوو کە بەڕێکەوتنی زەوی بەرامبەر ئاشتی ناوزەدکرا.جۆرێك لە هێمنی و ئارامی باڵی کێشا بەسەر ململانێکەدا ،بەڵام خامۆشنەبوو چونکە تەنها بزوتنەوەی فەتحی عەرەفات ئەو ڕێکەوتننامەیەیان واژۆکردبوو دوور لە بزوتنەوەی حەماس و جیهادی ئیسلامی و ئەوانی تریش.هەربۆیە ڕێکەوتنامەکە ئەوەندەی نەخایاند و عەرەفاتیشی بەسەردا ڕۆیی و جارێکی تر ململانێکە گەرمبۆوە.بەڵام وەك پێشان نەما و ئەو گەرموگوڕیەی ساڵانی هەشتاکانی نەما لە سەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیشدا ،بەهۆی سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبیەوە و گۆڕانکاریە گەورەکانی ڕژێمە عەرەبیە سەپێنراو و تاکڕەوەکانی تونس و لیبیا و میسر و عێراق و سوریا و یەمەن و ...هتد.هەروەها بەهۆی هاتنە پێشەوەی مەسەلەی کوردیش لەهەریەکە لە عێراق و تورکیا و سوریا و ئێرانیش و بەهۆی جەنگی دژە تیرۆرەوە کە کورد ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لەگەڵ هاوپەیمانانی ڕۆژئاوادا.

بەم شێوەیە ململانێکانی عەرەب ئیسرائیل قۆناغی هەڵکشان و داکشانی زۆری بەخۆوە بینیوە و لە ئێستاشدا ئەم کێشەیە بەرۆکی ئیسرائیلی گرتۆتەوە لە حەوتی ئۆکتۆبەرەوە و لەماوەی سێ ڕۆژی ڕابوردوودا بە شێوەیەکی زۆر توندوتیژ و خوێناوی و بوێرانەی فەلەستینیەکان سەریهەڵداوەتەوە بەنای (تۆفانی ئەقسا) و بۆیەکەم جار لە دوای ٧٥ ساڵ فەلەستینیەکان بە

ڕابەرایەتی بزوتنەوەی حەماس و جیهادی ئیسلامی دوور لە فەتحییەکان توانیان شکۆ و ناو وناوبانگی گەورەی ئیسرائیل بە سوپا و مۆساد و دەزگای هەواڵگریەکەیەوە بشکێنن و بیڕوشێنن و چالاکیەکەیان هێندە گەورە و شۆکهێنەربوو بۆ ئیسرائیلیەکان و وڵاتانی زلهێزیش کە هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەیان نەدەکرد کە زیاد لە ٥هەزار موشەك و درۆن و پەڕەشووت و بەلەم لە زەوی و دەریا و ئاسمانەوە هێرش بکەنە سەر شکۆو سەروەری و هێڵە تابۆکانی ئیسرائیل و تا ئێستا زیاد لە ٧٠٠کوژراو و ٢هەزار بریندار و ١٠٠٠ونبوو و ١٠٠دیلییان لێبگیرێت.

ئاشکرایە ئەم توانا سەربازیەی حەماس و جیهادی ئیسلامی تواناو وزەی دوو حیزبی چەکدار نین، بەڵکو پشتیوانی حیزبولاّی لوبنانی و سوریا و ئێران و تاڕادەیەکیش شیعەکانی عێراقیشی لە پشتەوەیە و هەموو ئەم هەوڵانەش دەچنە چوارچێوەی بەرەگەورەکەی جەنگ و ململانێکانی ئێران -سعودیە و ڕووسیا- ئەمریکا و ئەوروپیەکانەوە لەبەرامبەر هەڵایسان و درێژەدانی جەنگی ڕوسیا- ئۆکراین بۆ ماوەی نزیکەی ٢ساڵ.

جا نە ئیسرائیل بەم هێرش و پەلامارانەی فەلەستینیەکان دەڕووخێت و لەناو دەچێت نە فەلەستینیەکانیش دەتوانن سەرکەوتنی گەورە بەدەستبێنن.ڕەنگە ئەم جەنگەی ئێستا درێژەبکێشێت و سەرقاڵی و بێزارکەریش بێت بۆ ئیسرائیلیەکان بەلاّم ماڵوێرانی و سەرگەردانی و ئاوارەبوونی زیاتریشی پێوەیە بۆ فەلەستینیەکان.

ئەم جەنگ و ململانێیانە تا پشتبەستووبوو بە هێز و توانای ڕاستەقینەی فەلەستینیەکان خۆیان ناو وناوبانگێکی باش و پشتیوانیەکی جەماوەری و ڕەسمی عەرەبی و ئیسلامیشی لە پشتەوە بوو،بەلاّم لە ئێستادا کە بونەتە داردەست و جێبەجێکەری پیلانەکانی ئێران و شیعە مەزهەبەکان ئەوا چ لەلای عەرەبە سونەکان و ئیسلامیش بەگشتی ئەو پشتیوانیە مادی و مەعنەوییەیان نامێنێت و بەرەیەکی فراوانی جیهانی لەسەر ئاستی ئەوروپا و ئەمریکا و ڕۆژئاوا دژیان دەوەستنەوە،چونکە جەنگێکە لە جیاتی ئێران و ڕووسیا دەیکەن و بۆخۆیان نیە و لەسەر حسابی وێرانبوون و ئاوارەبوونی خاك و گەلی فەلەستینە.

هەربۆیە جەنگەکە درێژە دەکێشێت و ڕەنگە بۆ ئایندەش ئاسەواری خراپتریش بەجێبهێڵێت و ڕەنگدانەوەی گەورە و نەگەتیڤیشی هەبێت بۆ تەواوی ناوچەی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست و ئاگری جەنگەکە دەستوپێی زۆرێك لە گەلان و وڵاتانی ناوچەکەش بسوتێنێت و ئەمەش وادەکات کە هەژموون و کۆنترۆڵی زلهێزەکان لەناوچەکەدا زیاتر بچەسپێنێت و ئەوانیش بەناوی پاراستنی ئەمن و ئاسایشی ناوچەکە و دونیاشەوە وەك سەرچاوەیەکی گرنگی نەوت و غازی سروشتی کە

٦٠٪ وزەی جیهان  دابیندەکات هێز و توانای سەربازی زیاتر بێننە ناوچەکە و بەرژەوەندیەکانی ئایندەی خۆشیان بپارێزن و ئەوەی بە ئاشتی دەستیان نەکەوتووە بۆ جارێکی تر و بەهەمان شێوەی دوای جەنگی جیهانی یەکەم بوون و دەسەلأتی خۆیان بسەپێنن و دووریش نیە گۆڕانکاری لەنەخشە و جوگرافیای ناوچەکەشدا بکەن و بۆ سەد ساڵی ئایندەش بەرژەوەندیەکانیان بپارێزن و مسۆگەریشی بکەن.هەموو ئەم ئەگەر و پێشبینیانەش ڕۆژان و سالأنی ئاینده زەمانەتی ڕاستودروستی و وەدینەهاتنیان دەکەن.

بەدڵنیاییی کوردیش و مەسەلەکەشی گۆڕانکاریان بەسەردا دێت و هەربۆیە گەرەکیشە کە کورد لەهەر چوار پارچەکەی کوردستان پلانی پێشوەختەی هەبێت بۆ ئەو ئاینده نارۆشنە و هەولێبدات وەکو دوای هەردوو جەنگە جیهانیەکە و جەنگی ساردیش بتوانێت قەوارە و دەسکەوتی گەورە بۆخۆی مسۆگەر بکات ئەویش تەنها بەیەك و یەکگرتوویی و بەهێزی نێو ماڵی کورد خۆی دەبێت.بەپێچەوانەوە ڕەنگە گەرمبونەوەی مەسەلەی فەلەستین لەسەر ئاستی ناوچەکەو دونیاش وابکات کە مەسەلەی کورد لەناوچەکەدا بۆ دەیان ساڵی تر بخەوێنێت و بخرێتەوە سەر ڕەفەی زلهێزەکان و لەبیریان بچێتەوە.

==========================================================

* ئەم بابەتە لە سایتی ئاوێنەدا لە ١٠/١٠/٢٠٢٣ دا بلأوکراوەتەوە.

## ئاشتی مرۆڤایەتی کۆدەکاتەوە و جەنگیش پەرتیان دەکات ! *

وەك دەوترێت پارێزگاریکردن لە ئاشتی سەختترە لە دروستکردنی،هەربۆیە چەسپاندنی ئاشتی و بەرقەرارکردنی لەنێوان یەك کۆمەڵگا و وڵاتدا یان لەنێوان دەوروجیراندا و دواتریش تەواوی جیهاندا هەمیشە خواست و ویستی تاك و خێزان و کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکان بوە و هەمیشەش سەرکردە کاریزما و بەتوانا و خەمخۆر و دادپەروەرەکان لەهەوڵی بەرقەرارکردنی ئەو ئاشتیە کۆمەلآیەتیەدا بوون لە نێوان چین و توێژە جیاوازەکان و هەوڵیانداوە کە جیاوازیە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی و ناوچەییەکان نەبنە هۆکاری جیاوازی و دڕدۆنگی و لێکترازانی ڕیزەکان وهەلآیسانی جەنگ و ململانێ خوێناوییەکان و براکان و مرۆڤەکان دەستیان نەچێتە خوێنی برا مرۆڤەکانیانەوە و هەمیشە کاریان کردوە کە بنەبڕی چەوساندنەوەی مرۆڤەکان بۆ مرۆڤەکانی تر بکەن .چونکە ئەو سەرکردە و دەسەلآتدارە ئاشتیخوازانە زۆرباش لە مانا و چەمکی ئاشتی گەیشتوون و زۆر باش زانیویانە تەنها لەسایەی ئاشتی و برایەتی و تەبایی و پێکەوەییدا دەتوانرێت گەشە و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی و دادپەروەریش وەدیبێت و بچەسپێنرێت لە وڵات و کۆمەڵگاکانداو بە پێچەوانەشەوە لەسایەی جەنگ و ململانێ خوێناویەکانیشدا هەمیشە کاولکاری و وێرانی و هەژاری و بێکاری و برسێتی و تاوانەکان زیاددەبن و کۆمەڵگا و چین وتوێژەکان و پەیوەندییەکانیان لە گرێژنە دەچن.

لەگەڵ ئەم هەموو ڕاستیانەشدا بەلآم جیهان و مرۆڤایەتی و شارستانێتیە جیاوازەکان و قۆناغە جیاوازەکانی ژیان و گوزەران لەسەر ئەم گۆی زەویە دوورنەبوون لە جەنگ و کاولکاری و ململانێ خوێناویەکان وداگیرکاری و کوشتن وبڕینی مرۆڤەکان لەلایەن مرۆڤەکانی ترەوە،هەموو پاڵنەرەکانیش بۆ ئەو جەنگە ناڕەواو و ماڵوێرانکەرانەش بەدرێژایی مێژوو خواست و ویستە نەرجسیەتەکانی سەرکردە و تاکڕەو و پادشا و دیکتاتۆرەکان بوە بۆ فراوانبوونی دەسەلآتەکانیان و تێرکردنی غەریزە خۆویست و خود پەسەندەکانیان و دەستگەیشتنیان بەهەموو خۆشی و پێویستیەکانی ژیانی دونیایان بێئاگا لەوەی کە خۆشی دەروون و ئارامی دڵەکان زۆر گەورەترن لەو خۆشیە کاتیەی کە لەدەستکەوتنی سەروەت و سامان و دەسەلآت وکەڵەکردنیانەوە وەدەستدێن. بەهەمان شێوە بێئاگا لەو ڕاستیەی کە سەرکەوتنە ڕاستەقین و هەمیشەییەکان ئەوانەن کە لە ئاشتیەوە دێن نەك سەرکەوتن لە جەنگەکاندا.

خۆشبەختانە لەم قۆناغ و سەردەمە پێشکەوتوەی جیهان و تەکنەلۆجیا و هۆکارەکانی پەیوەندی و ڕاگەیاندنەکان و سۆشیال میدیادا و جیهانی سەردەمی بەجیهانبووندا مرۆڤایەتی و کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکان پێکەوە کاردەکەن بۆ سەقامگیرکردن و بەرقەرارکردنی ئاشتیەکی ڕاستەقینە لە هەموو کونج و ناوچەیەکی جیهاندا، بەهەمان شێوە ئیرادە و ویستی کۆمەڵگە مرۆڤایەتیە پێشکەوتوو و دواکەوتوەکانیش لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلاٌتی جیهان لەباشوور و باکوری گۆی زەویشدا ویست و خواستی ئاشتی و ئاشتەوایی و پێکەوە ژیانی مرۆڤەکان بەهێزترن لە هێز و ویستی شەڕەنگێزی و دەنگی تۆپ و فڕۆکە و بۆمب و تانك و کلاٌشینکۆفەکان.

مرۆڤایەتی لە ئێستادا پێکەوە دژی جەنگە خوێناویەکانن و هەموان داوای پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و منداڵان و پیر و پەکەوتەکان و دیل و ئاوارەکانی جەنگەکان دەکەن.بۆیە دڵنیام کە هەمیشە ئیرادەی چەسپاندن و بەرقەراکردنی ئاشتی لەجیهاندا بەسەر خواست و ویستە نارەواکانی جەنگ و کوشت و کوشتاردا سەردەکەوێت.

زیندووترین نمونەش هەمئاهەنگی و یەکویستی و یەك ئیرادەیی گەلانی جیهانە بۆ سەپاندنی ئاشتی و ڕاگرتنی جەنگی خوێناویە لە نێوان فەلەستین و ئیسرائلدا کە ماوەی نزیکەی ٤٠ ڕۆژی ڕێکە بەردەوامە بەوپەڕی توندوتیژی و بەخوێناویترین شێواز کە زۆرینەی قوربانیانی لە منداڵان و ژنان و بێتاوانەکانی هەردوولایە.

خۆپیشاندانە جەماوەرییە پانوپۆڕ و فراوانەکان لە ولاٌتانی بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیسپانیا و ئیتالیا و ئەڵمانیا و تەنانەت ئەمریکا و لەناوخودی کۆمەڵگە جولەکەکانیشدا و لەولاٌتانی ئەندەنوسیا و مالیزیا و ئوستورالیا و....هتد.مانا و ئاماژەیەکی گرنگن بۆ زیندوو مانەوەی ویژدانی مرۆڤەکان و دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە مرۆڤایەتی لەتەواوی جیهاندا پێکەوە گرێدراون و هەمووان لە ئازار و نەهامەتیەکاندا یەکن و بۆ ئەم سەردەم و قۆناغەش جەنگ و ململانێکان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری گەورە دەکەنە سەر سیاسەت و ئابوری و کۆمەلاٌیەتی و ئەمنیەتی هەمووان.بۆیە پێکەوە لەهەوڵی چەسپاندنی ئاشتیەکی هەمیشەیی و ڕاستەقینەدان بۆئەوەی چیدی جەنگ و کاولکاریەکان باڵنەکێشن بەسەر جیهاندا و هەمووان پێکەوە دروشمەکانی سەرکەوێت ئاشتی و نەفرەت لەجەنگ بەدەنگی بەرزدەڵێنەوە.

وەك دەوترێت هەمیشە ئاشتی لەلایەن کەسە ئازاکانەوە دروستدەکرێت و دەشچەسپێنرێت و پارێزگاریشی لێدەکرێت و بەپێچەوانەشەوە کەسە ترسنۆك و بەرژەوەندخواز ونەرجسیەکان پەنا دەبەنە بەر هەلاٌیسانی جەنگ و کاولکاری بۆ خۆپارێزی و خۆشاردنەوە لە پەنای دیوارە ڕووخاو و

لەرزۆك و خەونە زڕەکانیان بە دەستبەسەراگرتنی هەمواندا.خۆشبەختانە لە ئێستاداو لەجیهانی سەردەمدا دەنگی ئاشتی بوێر و فراوانتر و بەهێزترە لەدەنگی شەڕخوازان و شەڕەنگێزەکانیش بۆ هەمیشە ڕسوا و ترسنۆك و نەفرەتلێکراون.

هەر بۆیە گەرەکە لە پێناو پاراستنی مرۆڤایەتی و ئەم شارستانێتیە پێشکەوتوەدا ئاشتیەکی ڕاستەقینە بەرقەراربێت و هەموان پێکەوە ببینە قەلاّو شورای پارێزگاری لە ئاشتی جیهانی بەبێ گوێدانە جیاوازیە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبیەکانی نێوان مرۆڤەکان.

بەڵێ بۆ ئاشتی و نەفرەت لە جەنگ و شەڕ و شەرخوازان لەجیهاندا.جا بۆ چەسپاندنی ئاشتی گەرەکە هەموان ئامادەبین بۆ جەنگ لەو پێناوەدا.چونکە هەمیشە ئاشتی دایکی خۆشگەوزەرانی و پێشکەوتن و گەشەکردن و برایەتی و تەبایی و پێکەوەیی و دادپەروەری کۆمەلاّیەتیە لەنێوان مرۆڤەکاندا.هەمیشەش ئایندەی ژیان و مرۆڤایەتی لەسایەی ئاشتیدا ڕووناکتر و گەشاوەترە و لە سایەی جەنگ و کاولکاریەکاندا تاریك و توون و شەوەزەنگە.

==========================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ٢٠/١١/٢٠٢٣ وسایتەکانی ئاوێنە و خەندان و وتاری کورد دا لەڕێکەوتی ١٤/١١/٢٠٢٣دا بلاّوکراوەتەوە.

# السلام يوحد الإنسانية والحرب تفرقهم ! *

وكما يقال إن الحفاظ على السلام أصعب من خلقه، ولذلك فإن إحلال السلام و تثبيته بين مجتمع واحد و بين الدول أو بين دول الجيران ومن ثم فى العالم كله، كان دائما رغبة الأفراد والأسر والمجتمعات البشرية لقد كان القادة الكاريزمية و الاقوياء والمهتمين و العادلين يحاولون باقصى قوتهم و جهدهم في تحلال السلام الاجتماعي بين مختلف الطبقات وحاولوا منع الخلافات العرقية والدينية والطائفية والاقليمية من التسبب في الخلافات والشبهات والانقسامات والحروب والصراعات الدموية و منع الانسان لكى يقتل اخاه الانسان و استمروا لمنع الظلم بين الطبقات و افراد المجتمع. لأن هؤلاء القادة والحكام المسالمين يفهمون معنى ومفهوم السلام جيدًا ويعرفون جيدًا أنه لا يمكن إلا من خلال السلام والأخوة والوحدة والتكاتف يمكن أن تتحقق وتعزز التنمية والتقدم والرخاء والعدالة في البلدان والمجتمعات. وبالعكس فان الحروب والصراعات الدموية تؤدي دائما إلى زيادة الدمار و ظواهر الفقر والبطالة والجوع والجريمة، والمجتمعات والطبقات وعلاقاتها في حالة اضطراب و التخلخل.

ورغم كل هذه الحقائق فإن العالم والإنسانية والحضارات المختلفة ومراحل الحياة المختلفة على هذا الكوكب لم تخلو من الحروب والدمار والصراعات الدموية والاحتلال والقتل والتقطيع على يد الآخرين،واسباب ودوافع كل هذه الحروب و الويلات بمرور التاريخ تعود الى الرغبات النرجسية للقادة والطغاة والملوك الدكتاتوريين، من اجل توسيع صلاحياتهم وإشباع غرائزهم الأنانية وتحقيق كافة ملذات وضروريات حياتهم ، غير مدركين أن السعادة وراحة البال أعظم بكثير من السعادة المؤقتة الدنيوية و السلطوية، كما يجهلون حقيقة أن الانتصارات الحقيقية والدائمة تلك التي تأتي من السلام، وليس النصر في الحروب.

ولحسن الحظ، في هذا العصر المتقدم من العالم، بسبب التكنولوجيا والاتصالات والإعلام و وسائل التواصل الاجتماعي و مرحلة العولمة، فان الإنسانية والمجتمعات الإنسانية يعملون معا لتحقيق الاستقرار وإرساء السلام الحقيقي في كل ركن من أركان العالم، وكذلك إرادة المجتمعات البشرية المتقدمة والمتخلفة في غرب وشرق العالم، في جنوب الكرة الأرضية وشمالها، ورغبة الناس في السلام والمصالحة والتعايش معا أقوى من قوة الحرب ورغبتها و اقوى بكثير من أصوات المدافع والطائرات والقنابل والدبابات والكلاشينكوف .

الان الإنسانية معًا ضد الحروب الدامية والجميع يطالب بحماية حقوق الإنسان والأطفال والمسنين والمعاقين والأسرى ولاجئي الحروب.لذا اطمئن كل الاطمئنان بان ارادة و طلب

تثبيت و فرض السلام فى العالم سوف تنتصر على ارادة الامشروعة للحروب و الاقتتال بين المجتمعات و الدول و الشعوب.

وأبرز الأمثلة على ذلك هو التنسيق والوحدة والإرادة بين شعوب العالم لفرض السلام و وقف الحرب الدموية بين فلسطينين وإسرائيل المستمرة فى قطاع غزة منذ ما يقرب من ٥٠ يوما بأعنف الطرق وأكثرها دموية ومع الاسف الشديد فان اكثرية الضحايا بين الاطفال و النساء و المسنين العزل.

إن المظاهرات الحاشدة في بريطانيا وفرنسا وإسبانيا وإيطاليا وألمانيا وحتى الولايات المتحدة، وكذلك داخل الجاليات اليهودية و في إندونيسيا وماليزيا وأستراليا وغيرها، هي علامة مهمة على بقاء ضمائر الناس حى و إن النزعة الإنسانية مترابطة في جميع أنحاء العالم. وان العالم والجميع متحدون في المعاناة والبؤس، وفي هذا العصر وهذه المرحلة يكون للحروب والصراعات تأثير كبير بشكل مباشر أو غير مباشر على السياسة والاقتصاد والحالة الاجتماعية والأمنية للشعوب جميعا، لذا يعملون معا لفرض ارادة السلام الدائم و الصادق لكى لا ينتشر الدمار في العالم وسيصرخ الجميع معا بصوت عالى ويترددون النصر لسلام وللعنة على الحرب.

وكما يقول المثل فإن السلام يصنعه دائما ويعززه ويحميه الشجعان، بينما يلجأ الجبناء والأنانيون والنرجسيون إلى الحرب والدمار لحماية أنفسهم والاختباء خلف أسوارهم المنهارة وأحلامهم المهتزة.ومن حسن الحظ فى عالمنا اليوم ان صوت السلام هو أجرأ وأوسع وأقوى من صوت المحاربين. وان المحاربين ومناصرهم منبوذين و ملعونين إلى الأبدو نصيبهم الخزى و العار فى الدنيا و الاخرة.

لذلك، ومن أجل حماية الإنسانية وهذه الحضارة المتقدمة، لا بد من إحلال السلام الحقيقي، وعلينا جميعا أن نصبح الحصن والشورا الحصين للحفاظ على السلام العالمي بغض النظر عن الاختلافات العرقية والدينية والطائفية بين الناس و الشعوب والمجتمعات البشرية.

نعم للسلام ولعنة للحرب ودعاة الحرب في العالم لذا ولتوطيد السلام يجب علينا جميعا أن نكون مستعدين للحرب من أجل ذلك الهدف لأن السلام هو دائما أم الرخاء والتقدم والتنمية والأخوة والوحدة والعدالة الاجتماعية بين الناس والإنسانية هي أكثر إشراقا في ظل السلام وأكثر قتامة في ظل الحرب والدمار.

==========================================================

* ئەم بابەتە لە سایتی ئیلافی عەرەبیدا لە ٢٠٢٣/١١/٢٢ دا بلاّوکراوەتەوە.

# ئایندەی هۆڵەندا لەسایەی سەرکەوتنی توندڕەوە ڕاستڕەووەکانەوە بەرەو کوێ ؟ *

لە ڕێکەوتی ٢٢/١١/٢٠٢٣دا هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە هۆڵەندا ئەنجامدرا وەك نەریتێکی دیموکراتی و کێبڕکێی توندیش هەبوو لە نێوان ژمارەیەك پارتی گەورەدا کە مێژوویەکی دوورودرێژیان هەیە لە گەمەی سیاسی و دیموکراتی ئەو وڵاتەدا و لەقۆناغە جیاوازەکانیشدا گەیشتونەتە دەسەڵات،خاڵێك کە جێگەی ئاماژە بۆکردنە ئەوەیە کە لە هیچ کات و هیچ پارتێکی سیاسی لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٨٩٤وە لەو وڵاتەدا ناتوانێت بەتەنها دەنگی زۆرینەی پەرلەمانی کە ٧٦ کورسیە لەکۆی ١٥٠ کورسی بەدەستبێنێت و هەربۆیە هەمیشە یان لەزۆربەی کاتدا حکومەتی ئیئتیلاقی دروست دەبێت لە نێوان دوو یان سیان و زیاتر لە پارتە سیاسیەکاندا.بەتایبەتیش ئەوانەیان کە بەرنامەی کار و ڕێباز و بیروباوەڕی سیاسیان لەیەکەوە نزیکە.وەکو پارتە چەپەکان و سۆشیال دیموکراتەکان و ژینگەییەکان و ...هتد.

تاڕادەیەکیش هۆڵەندا بە سیستەمی حوکمڕانیەکەی کە بریتیە لە پادشایی دەستوری و پەرلەمانی مەرکەزیە (دیموکراتی پەرلەمانی) و وەك دەوڵەتێکی نوێ لە ١٥/١٢/١٩٥٤وە دامەزراوە و سیستەمی فرە حیزبی تیادایە کە نزیکەی ٢٠ پارتی سیاسی هەیە ، گەورە و گرنگەکانیان بریتین لەهەریەکە لە : پارتی گەل لە پێناو ئازادی و دیموکراتیدا VVDکە پارتێکی لیبڕاڵی پارێزگارە و پارتی دیموکراتەکان D66کە پارتێکی لیبڕاڵی کۆمەڵایەتیە و پارتی داواکاری دیموکراتی مەسیحیCDA و پارتێکی دیموکرات مەسیحیە و پارتی کار PVD کە پارتێکی دیموکراتی کۆمەڵایەتیە و پارتی لە پێناو ئازادیدا PVV کە پارتێکی پۆپۆلیستی و ڕاستڕەوە بەسەرۆکایەتی فیلدەرز. هەروەها بەهەڵکەوتە جوگرافیاکەی لە باکوری خۆرئاوای کیشوەری ئەوروپا و دراوسێی هەریەکە لە بەلجیکا و ئەڵمانیا ولە باشوور و ڕۆژهەڵات و سنورە ئاویەکانیشی لەگەڵ بەریتانیادا و بە ژمارە دانیشتوانەکەی کە زیاد لە ١٧ملیۆن و نیو کەس و ڕووبەری زەویەکەی کە بە خاکە نزمەکان ناسراوە ٤١٥٤٣ کیلۆمەتر دووجا و پێکهاتە دانیشتوانە جیاوازەکەی لە کەمینە نەتەوەییە جیاوازەکان کە لە هەشت گروپی نەتەوەیی پێکدێن، بۆتە وڵاتێکی دیموکراسی ڕەگداکوتراو و ئاشتیانە ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتەکان و مێژوویەکی دێرینیشی هەیە وەك وڵاتێکی کۆلۆنیالی و تائێستاش بەشێك لە خاکەکەی لە دوورگەکانی دەریای کاریبیە لە ئەمریکای ناوەڕاست.

هەڵبژاردنەکەی ئەمجارەی هۆڵەندا لەیەك کاتدا شۆکهێنەر و هەمیش بومەلەرزە ئاسا هۆڵەندا و تەنانەت ئەوروپا و یەکێتی ئەوروپاشی لەرزاند و هەژاند، لەبەرئەوەی یەکەم جارە پارتێکی سیاسی

ڕاستڕەو و توندڕەوی وەکو پارتی ئازادی بە سەرکردایەتی گێرت فیلدەرزی تەمەن ٦٣ساڵ کە سیاسیەکی توندڕەوی ڕاستڕەو و پۆپۆلیستیە و لەساڵی ١٩٩٨وە ئەندامی پەرلەمانە و توانیویەتی ٣٥-٣٧ کورسی بەدەستبهێنێت و بۆ یەکەم جارە پێش هەریەکە لە بەرەی چەپەکان و ژینگەییەکان کە ٢٥ کورسیان هەیە و بونەتە هێزی دووەم و سۆشیال دیموکراتەکان بباتەوە و پێشیان بکەوێت و حیزبی ڕاستڕەوی ناوەندیش بە ٢٤ کورسی بۆتە پلەی سێیەم .

ئەم سەرکەوتنەی پارتی ئازادی بەراوورد بە هەڵبژاردنی پێشوو ١٧ کورسی زیادیکردوە.بەم شێوەیە ئەم سەرکەوتنە چاوەڕواننەکراوە بۆتە لەمپەڕ و ڕێگرییەکی گەورە بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئایندە و دروستکردنی بەرەیەکی ئیئتیلافی نێوان پارتە سیاسیەکانی تر و بەمەش پێدەچێت پێکەوەنانی کابینەی نوێی حکومەت کاتێکی زۆر و گفتوگۆیەکی دوورودرێژ و بێزارکەریشی پێویست بێت.ئەمە و لەکاتێکدا هەریەکە لە حیزبی چەپی دیموکراتی و سۆشیال دیموکراتەکان و ژینگەییەکان پێش هەڵبژاردنەکان ڕایانگەیاندوە کە بەشداری حکومەتێك ناکەن بەسەرکردایەتی پارتی ئازادی فیلدەرز.لەلایەکی ترەوە دەنگۆی بوون بەسەرۆك وەزیرانی ئەو ولاتە لە ڕاگەیاندنە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی هۆڵەندا بلاوبۆتەوە کەباس لە بوونی وەزیری دادی هۆڵەندی دەکەن بەناوی دیلان یەسیلگوز ی ٤٦ ساڵانە کە بنەچەی کوردی تورکیایە و مسوڵمانە ولە ئێستادا سەرۆکی پارتی لە پێناو ئازادی و دیموکراتیدایە چانسی بەهێزی هەیە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆك وەزیران لەجێگەی مارك ڕووتە کە ١٣ ساڵە سەرۆك وەزیرانە.و گەر ئەم کارە ڕووبدات دەبێتە یەکەم ژنە کۆچبەر کە ببێتە سەرۆك وەزیرانی هۆڵەندا.

هۆڵەندا و دیموکراتیەتی ئەو ولاتە بەرەو کوێ؟

ئەم سەرکەوتنە و بەدەستهێنانی ئەو ژمارە کورسیە زۆرە ٣٧ کورسیە، پارتی ئازادی کردۆتە ژمارەیەك کە هیچ لایەك ناتوانێت پشتگوێی بخات و دەستی گفتوگۆ و وتووێژی بۆ درێژنەکات و فیلدەرز بۆخۆشی ڕایگەیاندوە کە ناکرێت چیدی پشتگوێ بخرێین چونکە لەبەرژەوەندی دیموکراتی و ئاشتی کۆمەڵگەی هۆڵەندیدا نیە ،هەر لەو پێناوەشدا جۆرە نەرمیەکی نواندوە لە لێدوانەکانیدا کە پێش هەڵبژاردن و پێشتریش چەندین جار فیلدەرز وەکو کەسێکی توندڕەوی ڕاستڕەو لەسەر هەڵسوکەوت و لێدوان و هەڵوێستەکانی دژ بە عەرەب و ئیسلامەکان دراوە بەدادگا.بەلام لە ئێستادا لەو ڕاستیە گەیشتوە کە بەو ژمارە کورسیەشەوە کە زۆرترینە ناتوانێت حکومەت پێکبهێنێت بەبێ ئیئتیلاف کردن لەگەڵ لانی کەم هەردوو حیزبی دیموکرات مەسیحی و سۆشیال دیموکرات و ژینگەییەکاندا و تەنها لەو ڕێگەیەوە دەبێتە خاوەنی زیاد لە ٧٦ کورسی(نیوە + ١)ی پەرلەمان.

چونکە ئیئتیلافکردن لەگەڵ حیزبە بچووکەکانی تردا لەلایەك گفتوگۆی درێژخانەیەنی پێویستە و لەکاتی پێکهێنانی حکومەتەکەشدا حکومەتێکی لەرزۆك و لاواز دەبێت چونکە ئەو حیزبە بچووکانە زۆرینەی بنکەی جەماوەری و شەقامی ئەو ولاتەیان لەگەڵدا نیە.بۆیە هەردەبێت بە دیفاکتۆ ئیئتیلاف

لەگەڵ هەریەکە لە دیموکرات مەسیحیەکان و سۆشیال دیموکراتەکان و ژینگەییەکاندا بکات.لەو کاتەشدا پێویستە بەمەرجەکانی ئەوان ڕازیبێت کە ڕەنگە مەرجی قورس و تەعجیزیش بن گەر بیەوێت حکومەت پێکبهێنێت.

ئاشکرایە زۆرینە لە پارتە سیاسیەکانی هۆڵەندا هەموانیان لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا باسیان لەکێشە و گرفتە سەرەکیەکانی کۆمەڵگەی هۆڵەندی دەکرد کە بریتین لە : (کێشەی کۆچبەران و کێشەی ئیسلام و عەرەبەکان و گرانی و سەختی گوزەران و کێشە و گرفتی نیشتەجێبوون) کە هەموانیان کۆکبوون لەسەر چارەسەرکردنیان هەریەکەیان لە ڕوانگە و دیدی حیزبی خۆیانەوە .

بەڵام دژایەتیکردنی پارتی ئازادی و فیلدەرز بۆ عەرەب و ئیسلام لەلایەك و بابەتی کۆچبەرەکان لەلایەکی ترەوە وایکردوە کە دەنگی زۆرینەی هۆڵەندیەکان بۆخۆی کۆبکاتەوە.چونکە لە ئێستادا و بەهۆی جەنگی ڕوسیا و ئۆکراینا و هەڵوێستەکانی ئەوروپا لە جەنگی حەماس وئیسرائیل و گرانبوونی کاڵاو و پێداویستیەکانی ژیان و سووتەمەنی و ...هتد.بونەتە کێشەی گەورە بۆ گەنجان و لاوان و کۆمەڵگاکانی تەواوی ئەوروپا و لەناویشیاندا هۆڵەندیەکان هەربۆیە دەنگی ڕاسترەو و توندرەو و پۆپۆلیستەکان لە ئەوروپادا لەگەشەکردندان وئەوەتا پێش چەند مانگێك لە ئیتالیاشدا ۆزینەی پەرلەمانیان مسۆگەر کردوە و چەند کەسایەتیەکی نەتەوەیی و وتوندرەوی وەکو  سەرۆك وەزیرانی مەجەر و مارین لۆپینی سەرۆکی حیزبی گردبونەوەی نیشتیمانی فەرەنسی توندرەو پێشوازی و پیرۆزباییان لەم سەرکەوتنەی پارتی ئازادی هۆڵەندی کردوە وڕایانگەیاندوە کە( باهۆزی گۆڕانکاری دەستیپێکردوە) وەك ئاماژەیەك بۆ زیندووکردنەوەی سیاسەتە نیشتیمانیەکان لە جیاتی سیاسەتە کیشوەریەکان و ئەوەدەنگانەش لەزیادبوندان کە داوای چوونەدەرەوە لە یەکێتی ئەوروپاش دەکەن.

بۆیە ئەم هەڵبژاردنە بۆ هۆڵەندا و ئەوروپاش جێگەی تێڕامانە و هەڵوێستە لەسەرکردنە و ڕەنگە لەسایەی سیاسەت و حکومەتی ئەم توندرەوانەوە کۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامیەکان دۆخی ژیان و گوزەرانیان تێکبچێت و یاسای توندتریش دابنێن بۆ دژایەتی کۆچبەران و دیپۆرتکردنەوەیان بەزۆر و ...هتد.

هەربۆیە کیشوەری ئەوروپاش ڕەنگە لە چەند دەیە ساڵی ئایندەدا ئەو بەهەشتە نەمێنێت کە ڕۆژهەڵاتی و ئەفریقاییەکان ڕوویان تێدەکرد و گیانی خۆیان و ژیانی خۆیان دەخستە مەترسیەوە بۆ گەیشتن بەو بەهەشتە چاوەڕوانکراوەیان!

==========================================================

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ئاوێنە و وتاری کورد دا لەڕێکەوتی ٢٦/١١/٢٠٢٣دا  بڵاوکراوەتەوە.

# سیستەمی کۆتای پەڕلەمانی
# چەمك، مێژوو، ڕەوایەتی *

ئەوەی ئاشکرایە کە کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکان لە چەندین چین و توێژی جیاواز پێکهاتوون لەڕووی پیشە یان ڕەگەز یانیش نەتەوە و ئاین و مەزهەب و جوگرافیاوە ،هەربۆیە نەتوانراوە کە دادپەروەریەك یان ڕاگرتنی هاوسەنگی یەکسانی بپارێزرێت لەنێوان ئەو هەموو پێکهاتە جیاوازانەدا ،ئاشکراشە کە هەریەکەشیان داواکاری تایبەتی بەخۆیان هەیە و خۆیان بەخاوەن ماف دەزانن کە بەشداربن لە بەڕێوەبردنی وڵات و کۆمەڵگە و هاوبەشیشبکەن لە ناوەندەکانی بڕیاردان و دەسەڵاتیشدا هەریەکە بە پێی سەنگ و قورسایی و کاریگەری و قەوارەی خۆی لە کۆمەڵگەدا.

هەربۆیە لەسەدەی بیستدا و بەتایبەتیش لەنیوەی دووەمی ئەو سەدەیەدا چەمکی کۆتا Quota هاتە کایەوە،لەناو ئەو ئەنجومەن و دەزگا هەڵبژێردراوانەدا کە لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێن بۆئەوەی هەمووان بەشدارییکەن و نوێنەرایەتی چین و توێژ و ناوچە و پێکهاتە ڕەگەزی و ئاینی و نەتەوەییەکانی خۆیان بکەن و تاڕادەیەك گەرچی بۆ کاتیش بێت هاوسەنگی و یەکسانی و دادپەروەری بێننە کایەوە لەبەرژەوەندی تایبەتی ئەو چین و توێژە جیاوازانە و بەگشتیش لە پێناو بەرژەوەندی تەواوی کۆمەڵگە و وڵاتدا.ئیدی لە ئێستادا ئەم سیستەمی کۆتای پەڕلەمانیە لە زۆرێك لەوڵاتاندا پیادە دەکرێت و بۆتە دیفاکتۆ.

پێناسە و چەمکی کۆتا:

گەلێك لێکدانەوە و تێگەیشتن و پێناسەی جۆراوجۆر هەن بۆ چەمکی کۆتا وەك:

کۆتا یان بەش (پشك) : بریتیە لە بنەمای دیاریکردن کە لە چوارچێوەیدا پۆستەکان،یان سەرچاوە سروشتییەکان،یان ئەرکە سیاسیەکان دیاریدەکرێن بە پشتبەستن بەهاوکێشەیەکی دیاریکراو.جا بەشێوەیەکی گشتی سیستەمی کۆتا( پشکەکان) لەو حاڵەتانەدا پیادە دەکرێت کە نەبوونی ئەم سیستەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی تێکچوون یان ناهاوسەنگی بێ مەبەست لەمەسەلەی نوێنەرایەتیکردندا.

لەبواری سیاسیشدا ئەم سیستەمە پیادە دەکرێت لە پێناو گرەنتیکردنی نوێنەرایەتیەکی دادپەروەرانە بۆ هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە ئەوەش لە ڕێگەی بەدەستهێنانی هەندێ پۆستی هەڵبژێردراو.

بیرۆکەی ئەم سیستەمەش بریتییە لە دروستکردنی وێنەیەکی بچووکراوەی ورد لە تەواوی کۆمەڵگە و لە پەرلەمانی هەڵبژێردراودا. بەشێوەیەك کە هیچ توێژێك پشتگوێ نەخرابێت کە نوێنەری نەبێت، بەزۆری ئەم سیستەمەش لەبەرژەوەندی ژنان یان کەمینە جوگرافی و نەتەوەیی و زمانی و ئاینیەکاندا دەبێت.

سیستەمی کۆتا: بریتییە لە هۆکارێکی توانینی کاتیAtransitory Solution کە سیستەمێکە هەڵهێنجراوە لە بنەمای یەکسانیەوەAffirmative action کە ئامانج لێی بریتییە لە سنووردانان بۆ جیاکاری کە ژنان بەدەستیەوە دەناڵێنن بەدرێژایی مێژوو بەشێوەیەك ژنان لە ئەمریکادا و تاسەدەی نۆزدەهەمیش ڕێگەیان پێنەدەدرا کە کاری پزیشکی بکەن یان ببنە ئەندام لە یەکێتییە کرێکارییەکان و بچنە زانکۆکانیش.

یان ،سیستەمی کۆتا بریتییە لە و سیستەمەی کە ڕێژەیەك یان ژمارەیەك لە کورسی پەرلەمانی دیاریدەکرێت بۆ پێکهاتەی کەمینەکان یان ژنان لەو دەستە و ئەنجومەنە هەڵبژێردراوانەدا وەك پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگا و شارەوانیەکان،بەمەبەستی گەیشتنیان بۆ ئەو جێگایانە کە دانانی یاسا و ناوەندی بڕیاردانن.

سیستەمی کۆتای ژنان: بریتییە لە دیاریکردنی ڕێژەیەك یان ژمارەیەکی دیاریکراو لە ژمارەی کورسی پەرلەمانی یان دەزگا هەڵبژێردراوەکانی تر بۆ ژنان،بەمەبەستی کەمکردنەوەی بۆشایی نێوان ژمارەی پیاوان و ژنان لەو ناوەندی بڕیار و یاسادانانەدا.

جا زاراوەی کۆتا Quota لە زمانی ئینگلیزیدا بەمانای بەش یان پشکی ڕێژەیی دێت.هەروەها لە زمانی فەرەنسیشدا بەناو یان سیفەت دێت و بەهەمان شێوە بەمانای بەش،یان پشکی ڕێژەیی دێت.

مێژووی سەرهەڵدانی چەمکی کۆتا:

بنچینەی مێژوویی سیستەمی کۆتا دەگەڕێتەوە بۆ زاراوەی بەشە پۆزەتیفەکان Affirmative action بەشێوەیەك بۆ یەکەم جار لە ئەمریکاوە سەریهەڵدا و بەو سیاسەتە دەوترا کە قەرەبووی ئەو گروپانەی دەکردەوە کە بێبەشکرابوون لەلایەن دەسەڵاتە حکومیەکانەوە یان لەلایەن خاوەن کارەکانی کەرتی تایبەتەوە.

لەبنچینەدا لەمافە مەدەنیەکانەوە سەرچاوەی دەگرت کە پەیوەندی هەبوو بە کەمینەی ڕەش پێستەکانەوە (جیاکاری ڕەنگی)، بۆیەکەم جاریش لەلایەن سەرۆك جۆن کنێدی لەساڵی ١٩٦١دا

ئەو زاراوەیە دەربڕدرا ،و دواتریش سەرۆك جۆنسۆن لەبەرنامەی كاری خۆیدا وەك بەشێك لە جەنگ دژی هەژاری ڕایگەیاند لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٥دا.

ئیدی بەو شێوەیە سیستەمی پشكی ڕێژەیی ( كۆتا) چەسپێنرا بەشێوەیەك كە لایەنەكان ناچاردەكات كە ڕێژەیەكی دیاریكراو دیارییبكەن بۆ خوێندكارانی وەرگیراوی سەر بە كەمینە نەتەوەییەكانەوە.

هەربۆیە گروپەكانی تریش وەكو بزوتنەوە ژنانیەكانیش داوای هەمان پشكیان دەكرد.ئیدی ئەم چەمك و زاراوە و تێگەیشتنە بۆ سیستەمی كۆتا لە ولاٌتانی تری جیهانیشدا بلاٌوبۆوە كە كەمینەكان هەستیان بە بێبەشبوون و پەراوێزخستن دەكرد لە مافەكانیان و نوێنەرایتیكردنیاندا لە ئەنجومەنە هەلٌبژێردراوەكاندا.

جۆرەكانی سیستەمی كۆتا:

سێ جۆر لە جێبەجێكردنی سیستەمی كۆتا هەیە:

١. كۆتای دەستووری Constitutional Quotas : وەك ئەوەی لە دەستووردا ڕێژەیەكی دیاریكراو بۆ ژنان بۆ خۆكاندیدكردن دانراوە بۆ پەرلەمان.لە عێراقدا ئەم سیستەمە لەهەریەكە لە یاسای ژمارە ٥٨ی كاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا بۆ قۆناغی ڕاگوزەر كە وەكو بنەمایەكی دەستووری وابوو، لە مادەی ژمارە( ٣٠ و بڕگەی ج) دا چەسپێنرابوو،بەهەمان شێوە لە دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی ٢٠٠٥دا لەمادەی(٤٩ بڕگەی چوارەمدا ) چەسپێنراوە،لەهەردووكیاندا داوادەكات كە ڕێژەیەكی نوێنەرایەتی بۆ ژنان تەرخانبكرێت لە كۆی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانی و پەرلەمان كە كەمتر نەبێت لە چارەكی كۆی ژمارەی ئەندامان واتە ڕێژەی ٢٥٪.

٢. كۆتای یاسای پارتە سیاسیەكان( یان یاسا ئاساییەكان)Political Party Quotas: وەك ئەوەی لە یاسای دامەزراندنی پارتە سیاسیەكاندا هاتوە و هەریەكە لەو پارتانە لە پەیڕەوی ناوخۆی خۆیاندا ڕێژەیەكی سەدی دیاریكراو بۆ ژنان دیاریدەكەن بۆ خۆكاندیدكردن.بەمەبەستی ڕاگرتنی هاوسەنگیەك لە نێوان نوێنەرایەتی ژنان و پیاواندا لە پۆستە حیزبیەكانیاندا.كە لە حیزبێكەوە بۆ یەكێكی تر ئەو ڕێژەیە دەگۆڕێت.

٣. كۆتای یاسای هەلٌبژاردنەكان Election Law Quotas : وەك ئەوەی لە یاسای هەلٌبژاردنەكاندا پەیڕەوێكی تایبەت دەردەكرێت بۆ دیاریكردنی كۆتا بۆ ژنان بەمەرجێك دژ نەبێت لەگەلٌ دەقە دەستورییەكاندا.وەك ئەوەی لە یاسای هەلٌبژاردنەكانی ژمارە( ١٦ ی ساڵی ٢٠٠٥ ) دا هاتووە كە نابێت ڕێژەی ژنان لە ڕێژەی ٢٥٪ كەمتر بێت لە كۆی ژمارەی ئەندامانی پەڕمانی

عێراقدا.جا بە پێی پەیڕەوی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و مادەی (٢٩) لەیاسای هەڵبژاردن و پەیڕەوی ژمارە( ٩ی ساڵی ٢٠٠٥ )ئەو مەسەلەیەی کۆتای ژنان لە پەرلەماندا بەوە چارەسەرکراوە کە دەبێت هەر لیستێکی هەڵبژاردن ناوی ژنێك لەدوای دوو ناوی پیاو هەبێت و بەردەوامیش بێت تاکۆتایی لیستەکە.

سیستەمی کۆتا لە نێوان لایەنگر و دژەکانیدا:

ئاشکرایە هەمیشە هەر سیستەم یان بیروباوەڕێك یان یاسایەك لە نێوان لایەنگر و دژەکانیدا دابەشدەبێت وەك دووبەرەی جیاواز و بەشێوەیك هیچ یاسا و سیستەم و بڕیارێك نیە کە جێگەی ڕەزامەندی هەمووان بێت، هەر بەو شێوەیەك سیستەمی کۆتای ژنانیش دابەشبووە لەنێوان لایەنگرەکانی و دژەکانیدا.

ئەوەتا زۆرێك لە شارەزاکانی فیقهی دەستووریدا لە عێراق دەڵێن :

١. سیستەمی کۆتای ژنان دژە لەگەڵ هەرسێ مادەی دەستووری هەمیشەیی ساڵی ٢٠٠٥دا کە بریتین لە هەرسێ مادەکانی( ١٤ و١٦ و ٢٠ ) کە هەرسێ مادەکە باسی یەکسانی ژن و پیاو دەکەن،ئەوەتا مادەی( ١٤ )ی دەستوور باس لە یەکسانی ژن و پیاو دەکەن لەبەردەم یاسادا دوور لە جیاوازی ڕەگەزی، ولەمادەی( ١٦ )شدا هاتووە کە ژن و پیاو یەکسانن لە دابینکردنی هەلی کاردا. و مادەی( ٢٠ )ش دەڵێت ژن و پیاو یەکسانن لە مافی خۆکاندیکردندا و بەشداریکردنیان لەکاروباری گشتی و مافە سیاسەکاندا وەك مافی دەنگدان و هەڵبژاردن و خۆکاندیکردندن.

٢. ئەم سیستەمە جیاکارییە دژی پیاوان، چونکە یەکسانی لەنێوان پیاوان وژناندا ناهێڵێت لەڕووی ئەرك و ماف و هەلی کارەوە، وەك ئەو بنەما یاساییەی کە دەڵێت هەمووان یەکسانن لەبەردەم یاسادا.

٣. ئەم سیستەمە دادەنرێت بە چارەسەرێکی کاتی و دیموکراتیەتی ڕاستەقینەش نانوێنێت.

٤. بەشداریکردنی ژنانە لە خوارەوە بۆ سەرەوە کە وادەکات تەنها ژنان داوای یەکسانی بکەن کە ئەمەش پێشیلکردنی دادپەروەریە بۆ لایەنەکانی تر.

لەبەرامبەردا لایەنگرانی ئەم سیستەمەش دەڵێن:

١. ئەم سیستەمە ئامانجی کەمکردنەوەی بۆشاییە لە نێوان ژمارەی پیاوان و ژناندا لە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکاندا.

٢. چەسپاندنی زیاتری ڕۆڵی ژنانە لەناو کۆمەڵگەدا وەك پێکهاتە و بەشێکی گرنگی کۆمەڵگە.

٣. لابردنی ڕێگرییەکانە لەنێوان ژن و پیاودا بۆ گەیشتن بە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان و ناوەندەکانی بڕیار.

٤. ژنان بێبەش نابن لە بەشداریکردن لەناوەندەکانی بڕیاردانداد.

٥. پارێزەرێکی یاسایی بۆ ژنان دابیندەکات کە بنەمای نەبوونی وەکیەکی و یەکسانی دەیسەپێنێت.

٦. ئەم سیستەمە وادەکات کە مامەڵەیەکی بەویژدانانە لەگەڵ ژناندا بکرێت.

٧. ڕێگەش دەگرێت لە جیاکاری دژی ژنان.کەزۆرێك لە وڵاتاندا لە ڕێگەی یاسای کۆتاوە یەکسانی نێوان ژن و پیاو هاتۆتە دی.

- ئامار و ڕێژەکانی سیستەمی کۆتا لە جیهان و عێراق و هەرێمی کوردستاندا:

لەو کاتەوەی ئەم سیستەمە بلاْوبۆتەوە و پیادەدەکرێت لە ناو وڵاتانی جیاوازی جیهاندا،بەم شێوەیە سیستەمەکە کارایە:

- لە جیهاندا:

٣٠ وڵات لە جیهاندا هەریەکە جۆرێك لە سیستەمی کۆتا پیادە دەکەن بە بەرژەوەندی ژنان.

٤٩٪ کورسی پەرلەمانی ڕواندا بۆ ژنانە

٤٥٪ کورسی پەرلەمان لە سوید بۆ ژنانە

٣٠٪ کورسی پەرلەمان لە باشووری ئەفریقادا بۆ ژنانە

بەگشتی لە جیهاندا ڕێژەی ٥١,١٪ کورسی پەرلەمانەکان بۆ کۆتای ژنانە.

- لە عێراقدا:

لە خولی یەکەم ٢٠٠٦-٢٠١٠دا ٧٨ کورسی کۆتا لەکۆی ٢٧٥ کورسی پەرلەمان و ٢١کورسی بێ کۆتا دەرچوون

لە خولی دووەم ٢٠١٠-٢٠١٤دا ٨١ کورسی کۆتای ژنان لە کۆی ٣٢٥ کورسی پەرلەمان و ١٥ کورسیش بێ کۆتا دەرچوون

لە خولی سێیەم ٢٠١٤-٢٠١٨دا٨٣ کورسی کۆتا لە کۆی ٣٢٩ کورسی پەرلەمان و ٢٠ کورسیش بێ کۆتا دەرچوون

لە خولی چوارەمی ٢٠١٨دا ٨٤ کورسی کۆتای ژنان لەکۆی ٣٢٩ کورسی پەرلەمان و ٢٢کورسیش بێ کۆتا دەرچوون

لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٢١دا لە کۆی ٣٢٩ کورسی پەرلەمان ژنان ٩٧کورسیان وەدەستهێنا کە تەنها ١٤ کورسیان کۆتای ژنان بوون بەوەش ٥٧ ژن بەتوانا و لێوەشاوەیی خۆیان دەرچوون.

ئەوەی ئاشکرایە لە پەرلەمانی عێراقدا وەك کۆتای نەتەوە و پێکهاتە ئاینیەکان تەنها ٩ کورسی کۆتایان بۆ دانراوە کە دەکاتە ڕێژەی ٢,٧٪.کە بۆ پێکهاتەکانی(٥کورسی مەسیحی و ١ کورسی بۆ صابیئەی مەندائی و١ کورسی بۆ ئێزیدی و ١ کورسی بۆ شەبەك و ١ کورسیش بۆ کوردە فەیلییەکان) دیاریکراون.

- لەهەرێمی کوردستاندا:

لەخولی یەکەمی پەرلەماندا ١٩٩٢-٢٠٠٥ کۆی گشتی کورسی ١٠٥ کورسی و ٥ کورسی کۆتای مەسیحیەکان بووە.

لەخولی دووەمی پەرلەمان ٢٠٠٥-٢٠٠٩ کۆی گشتی کورسی ١١١ کورسی و ١١ کورسی کۆتای پێکهاتەکان بووە.

لەخولی سێیەم ٢٠٠٩-٢٠١٣ بەهەمان شێوە بووە

لەخولی چوارەم ٢٠١٣-٢٠١٨ بەهەمان شێوە بووە

خولی پێنجەم ٢٠١٨-٢٠٢٢ بەهەمان شێوە بووە

بەلاَم لە پەرلەمانی کوردستاندا ١١کورسی بۆ کۆتای پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان دانراون لەکۆی ١١١ کورسی پەرلەمان کە دەکاتە ڕێژەی ٩,٩٪ کە ڕێژەیەکی بەرزە بە بەراوورد بە عێراق بەم شێوەیە ( ٥ کورسی بۆ مەسیحیەکان و ٥ کورسی بۆ تورکومان و١ کورسیش بۆ ئەرمەن).

کۆتای کورسی ژنانیش بەیاسا ڕێژەی ٣٠٪ دیاریکراوە کە بەرزترە لە ڕێژەی کۆتای ژنان لە پەرلەمانی عێراقدا کە ڕێژەی ٢٥٪.

تێبینییەکان لەسەر سیستەمی کۆتا لەهەرێمی کوردستاندا:

١. لەلایەك ڕێژە و ژمارەی کورسی کۆتاکان لە پەرلەمانی کوردستاندا بەرامبەر پەرلەمانی عێراق زیاتر و بەرزترە.

٢. لەساڵی ١٩٩٢وە کە یاسای ژمارەی ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەرچووە و تا ساڵی ٢٠١٣ حەوت جار هەمووارکراوتەوە و دواجار بە یاسای ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠١٣ هەموارکراوەتەوە و تیایدا کار بە سیستەمی یەك بازنەیی دەکرێت.

٣. دەرکەوتووە کە کۆتای پێکهاتەکان هێندەی لەبەرژەوەندی پارتێکی سیاسی هەرێمی کوردستانە نیوهێندە لەبەرژەوەندی ئەو پێکهاتانە خۆیاندا نیە.

٤. نوێنەرانی ئەو پێکهاتانە نوێنەرانی ڕاستەقینەی پێکهاتەکانی خۆیان ناکەن و بونەتە بەشێك لە بەرنامە و ئەجێندای پارتێکی دیاریکراوی بالآدەست لەکوردستاندا.

٥. جیاوازی و نادادپەروەری هەیە لەدابەشکردنی کورسیە کۆتاکان لەنێوان پارێزگاکانی هەرێمدا.

داواکارییەکانی تایبەت بە سیستەمی کۆتای پێکهاتەکان لە پەرلەمانی کوردستاندا:

١. داوای هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێم دەکرێت،بەوەی کە هەرێم لەسەر بنەمای ٤ پارێزگا بکرێتە ٤ بازنەی هەڵبژاردن.

٢. کەمکردنەوەی ژمارەی کورسی کۆتاکان لە ١١ کورسیەوە بۆ ٦-٨ کورسی.

٣. گەر ژمارەی کورسیەکانیش کەمنەکرێتەوە ئەوا دەبێت ئەو ١١ کورسیەی کۆتاکان دابەشبکرێتە سەر ٤ بازنەی هەڵبژاردنی هەر ٤ پارێزگاکە.

لەکۆتاییدا،سیستەمی کۆتا بە شێوەیەکی گشتی تایبەت بووە بە ژنان بۆ دیاریکردنی پشك یان ڕێژەیەك بۆیان لە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی وڵاتدا کە لە ئەمریکاوە سەریهەڵداوە،نەك بۆ کەمینە نەتەوەیی و ئاینی و زمانی و جوگرافیەکان.بەهەمان شێوە لە سیستەمی حوکمڕانی دیموکراتی ڕاستەقینەدا هەموان بەبێ جیاوازی یەکسانن لە بەردەم یاسادا و ئیدی پێویست بە جیاکاری ناکات لەسەر بنەمای ڕەگەز و ئاین و نەتەوە و ڕەنگ و زمان و جوگرافیا لەچوارچێوەی یەك کۆمەڵگە و یەك وڵاتدا.

لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانیشدا لەسەر ئاستی ناوچەیی و هەرێمی و نیشتیمانی گشتیشدا پێویستە هەموو تاکەکان بەتوانا و لێوەشاوەیی و کەسایەتی و ناو وناوبانگ و کار و کردەوەکانی خۆیان کاندید بکەن و دەنگ بەدەستبێنن و متمانەی هاوڵاتیان وەربگرن،نەك بەپێی یاسا وەك سیستەمی کۆتا بۆ ژنان و کەمینە و پێکهاتە جیاوازەکان بەش و پشك و ڕێژەیان بۆ دیارییبکرێت. کە ئەمە بۆخۆی نادادپەروەری دێنێتە کایەوە.پێویستیشە هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی دەستووری دانپیادانراو لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا بەهەمان شێوەی یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق مامەڵە بکات و پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردنەکان سازبکات و بەهەمان شێوە و ڕێژە لەدەستووری هەمیشەیی ساڵی ٢٠٠٥دا هاتووە کۆتا بۆ ژنان و کەمینە و ئاینەکان و پێکهاتەکان دیارییبکات.نەك بە ڕێژە و ژمارەی کورسی زیاتر لە عێراق.

دواتر پێویستە ئەو کەمینانە لەهەرێمدا ببنە نوێنەری ڕاستەقینەی پێکهاتەکانی خۆیان و بەدەنگی ڕاستەقینەی ئەوان هەڵببژێردرێن نەك لەلایەن ئەندامان و لایەنگرانی حیزبێکی دیاریکراوی کوردستان کەدواتر وەك چەند ساڵی ڕابووردوو هەموانیان لە پەرلەماندا ببونە بەشێك لە ئەجێندای کاری

پەرلەمانی ئەو پارت و لایەنە سیاسیە باڵادەستەی کوردستان.کەئەمەش زیانی بە پێگە و ناووناوبانگی ئەو کەمینانە گەیاند و بوونە پاشکۆ و ئازادی بڕیاردانی سیاسی لای خۆیان نەمابوو.

هەربۆیە دەنگی ناڕەزایی لەناو خودی ئەو پێکهاتەنەوە و دواتریش لەلایەن پارتە سیاسیەکانی تریشەوە بەرزبۆوە بەرامبەر ئەو نایەکسانی و نادادپەروەریە لە یاسای هەڵبژاردن و ژمارەی بازنەکانی هەڵبژاردن و دابەشکردنی کورسی کەمینەکان بەسەر ئەو بازناندا،هەربۆیە داواکاری هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان کرا و ئەو لایەنانەی کە دژ بەم هەموارکردنەوەی یاسایە بوون بریتی بوون لە تەنها لایەنێکی کوردستانی و پارتە سیاسیەکانی کەمینەکان چونکە هەستیان کرد ئیدی ئەوەی لە چەند ساڵی ڕابووردوودا بۆیان چووبوە سەر چیدی بۆ ئایندە وانابێت.

گرنگە لە کۆمەڵگە و حوکمڕانیەکی دیموکراتیدا هەموان هەست بە یەکسانی ماف و ئەرکەکانی خۆیان بکەن دوور لە جیاکاری و زوڵم و چەوساندنەوە و توندوتیژی و گەرەکە یاسا سەروەربێت و هەموان لەبەردەم یاسادا هەلی یەکسانیان بۆ دابینبکرێت دوور لە سایە و پارێزگاری بۆ چین و توێژ و پێکهاتەیەکی دیاریکراو.بۆیە سیستەمی کۆتا لە هەرێمی کوردستاندا تاکو ئێستا بەشێوەیەکی دادپەروەرانە جێبەجێنەکراوە و لە چوارچێوەی ئەو هەموو ڕەخنە و لایەنگریانەدا پێویستە کار بۆ ڕاستکردنەوە و هەموارکردنەوە و بەسەرداچوونەوەی ئەو سیستەمەدا بکرێت کە هەموان لێی ڕازیبن وئەوکات سیستەمێکی حوکمڕانی دیموکراتیکی ڕاستەقینە دەچەسپێت و هیچ لایەن و پارت و سەرکردەیەك باڵادەستی ڕەهانابێت و هەموانیش بەشداردەبن لەناوەندی بڕیار و ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکاندا.

## سەرچاوەکان:


١. نظام كوتا النسائية في مجلس النواب العراقي، ضياء عبدالله عبود الجابر،تدريسي في كلية القانون-جامعة كربلاء
٢. پێگەی پەرلەمانی کوردستان
٣. https://www.alqabas.com
٤. https://www.skynewsarabia.com
٥. http://fcdrs.com
٦. https://ar.wikipedia.org
٧. https://rudawrc.net
٨. https://www.france24.com/ar


========================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ١٣ و١٤/١٢/٢٠٢٣ وسایتەکانی ئاوێنە و وتاری کورد دا لەرێکەوتی ٦/١٢/٢٠٢٣دا بڵاوکراوەتەوە.

# ساڵی ٢٠٢٣
# ساڵە شووم و خوێناویی پڕ ململانێکان *

وا هێواش هێواش بەرەو کوژاندنەوەی مۆمی تەمەنی ساڵی ٢٠٢٣ هەڵدەکشێین و لە خاڵی کۆتایی نزیکدەبینەوە و ماڵئاوایی لێدەکەین و ڕەنگە زۆرینەشمان هیچ کات ئاواتی بۆ نەخوازینەوە و هەمیشەش بە ساڵێکی خوێناوی و پڕ ململانێ گەرمەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و دونیاشی ناوزەد بکەین،بۆیە لەساڵی نوێی ٢٠٢٤دا نالێین خۆزگەمان بە پار .

گەر بەکورتیەکیش و وەکو شریتێکی سینەمایی لە لوتکەی بڵندی کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣وە سەیری ڕووداوەکانی ئەو ساڵە بکەین وەکو شاعیری گەورە ئەحمەد هەردی لە هۆنراوەی دڵێکی شکاودا دەڵێت (شریتی عومری ڕابردووم وەکو خەو دێتە بەرچاوم)، ئەوا دەبینین کە ساڵی ٢٠٢٣ ساڵێکی پڕ غەم و مەینەتی و جەفا وناتەبایی و دڕدۆنگی و پڕ ململانێی ناڕەوا و خوێناویش بوە ئەوەتا:

لەکوردستاندا:

کورد لە هیچ کام لە بەشەکانیدا بێ کێشە و ململانێ نەبوە لەلایەك لەناوخۆی خۆیدا و لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ ڕژێمە سەردەست و داگیرکارەکانیدا لە تورکیا و ئێران و عێراق و سوریادا.لەهەرێم ساڵێکی پڕ ڕووداو و لێکترازانی ڕیزەکان و ناکۆکی و ململانێی توندی ڕاگەیاندن و قۆڵبادانی یەکتری و تۆران و ئاشتبونەوەی نێوان هەموو سەرکردە و لایەنەسیاسیەکان بوە و ساڵی نەمانی شەرعیەتی دەسەڵاتی پەرلەمان و حکومەت بوە و ساڵی هەژارکەوتن و برسیکردنی میلەت و ڕادەستکردنی تەواوی مەلەفی نەوتی کوردستان بە بەغداد بوەو بەوەش یەکێك لە پایە گرنگەکانی دەسەڵات و ئەزمونەکەمان لەدەستدا و لاواز و بێهێز ماینەوە و ساڵی بێ مووچەیی و نەمانی کار و بلاوبونەوەی بێکاری و ساڵی ناڕەزایی دەربڕینی مووچەخۆران و مامۆستایان و بوونی ململانێ حیزبیە ناوخۆییەکان و دابەشبونی کوردان و هەڵوێستەکانی بووە بەسەر دووبەرەی جیاوازدا کە هەموانیان بونە مایەی بچووکبونەوە و لاوازی دەسەڵاتە شەرعیەکانی کوردستان بەهۆی تاکڕەوی و ملهوڕی و نەمانی ئازادیەکان و گەمارۆدانی بەشێ لەناوچەکانی هەرێم و زاڵکردن و تۆخکردنەوەی بیروڕا حیزبیەکان و دواتریش تێکدانی پەیوەندیەکان لەگەڵ بەغداد و بەلاوازی چونەوە و گەڕانەوە بەردەم بەغداد تەنها بۆ پێدانی مووچە و شایستە ڕەواکانی

گەلەکەمان و لەبیرکردنی گەڕانەوەی خاك و جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و کێشە گەورە و نەبڕاوەکانی چەندین ساڵەی ڕابووردوو.ئەمەش هەمووی بەهۆی ململانێ نارەواکانی ناوخۆو ونێومالّی کوردەوەبوو.

لەبەشەکانی تری کوردستانیشدا جگە لەهەندێك هەنگاوی گەشاوەی وەکو نوسینەوەی دەستور لە ڕۆژئاوا و ڕاپەڕینی جەماوەری کورد و ئێرانی بەبۆنەی شەهیدکردنی کچە کوردی سەقزی ژینا ئەمینی و لەباکوریش بەردەوامبوونی بەرخۆدان و مقاوەمەت،بەلاّم بە تێکڕا بۆ ئەوانیش ساڵی بێدەنگ کردن و بچووککردنەوەی هێزە کوردیە ڕۆژهەلاّتیەکان بوو ساڵی تیرۆر و هێرشبردنی نارەوای تورکیا بوو بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان و گەریلا و ساڵی جەنگی درۆنەکانی تورکیا بوو بۆسەر باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان.

لەعێراقدا:

بەهەمان شێوەی کوردستان عێراقیش بەخراپترین شێواز گیرۆدەی ململانێ نارەواکانی نێوان سەرکردە و حیزبە سیاسیەکان و میلیشیا چەکدارەکان بوو کە حکومەتیان لەپەلوپۆخستبوو، ساڵی ٢٠٢٣ ساڵی خۆپیشاندان و ململانێ و نارەزایی و هەلّکوتانە سەر پەرلەمان و حکومەت بوو لەلایەن صەدریەکانەوە وساڵی بەستنی هاوپەیمانی سیاسی دژ بەیەك بوو، ساڵی دابەشبوونی سیاسی بوو بۆ دووبەرەی دژ بەیەك،ساڵی ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێران بوو لەسەر خاکی عێراق و ساڵی کردار و پەرچەکرداری سەربازی بوو لەنێوان ئەمریکا ومیلیشیا چەکدارەکانی سەربەئێران کە هەندێکیشیان لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان ئەنجامدەدران. ساڵی ٢٠٢٣ لەڕووی ئابوریشەوە بۆ عێراق بەهۆی بەرزی نرخی نەوتەوە ساڵێکی پڕ داهات بوو بەلاّم هەروەکو پێشووتر ساڵی چەقبەستوویی گەشەکردن و گەڕانەوە بوو بۆ دواوە وسوڕانەوە بوو لە بازنەیەکی بۆشدا. لەگەڵ هەرێمی کوردستانیشدا ساڵی لێکتێنەگەیشتن و نەگەیشتن بوو بە ڕێکەوتنی سیاسی و ئابوری و ساڵی قوڵبوونەوە و بەردەوامبوونی کێشەکانیش بوو.

لە ناوچەکەدا:

هەموان لەلایەك بەهۆی بەردەوامبوونی کێشە و ململانێ سیاسی و ئابوریە درێژخایەنەکانی سالاّنی ڕابوردوو و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی هەلّایسانی جەنگی حەماس-ئیسرائیل لە ٧ ئۆکتۆبەرەوە(گەردەلولی ئەقسا) وە تائێستا ناوچەکە کەوتۆتە بەر مەترسی فراوانبوونی ئەو جەنگە و پەلوپۆهاویشتن بۆ ولاّتانی دیکەو هەژموونی خۆی سەپاندۆتە سەر هەموو بوارەکانی ژیان و هیچ ولاّتێك لەناوچەی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا هەست بە ئەمن و ئاسایشی خۆی ناکات،هەرچەندە

لەنێوان دوو جەمسەرەکەی سونە و شیعەدا ( سعودیە و ئێران) دا ئاشتەوایی ڕوویدا لەسەردەستی چین و ئاشتبونەوەی تورکیاش بەهەمان شێوە لەگەڵ ئیمارات وسعودیە و میسر و ئیسرائیل و ئاشتبونەوەی قەتەر لەگەڵ هاوپەیمانی عەرەبیدا( وڵاتانی کەنداو +میسر). هەروا واژۆکردنی ڕێکەوتننامەی ئاشتی نێوان ئیسرائیل لەگەڵ هەریەکە لە عومان و ئیمارات و بەحرەیندا ،بەڵام هێشتاش کێشە و ململانێکان بەهێواشی لەسەر ئاگرێکی هێواش لەهەر ئانوساتێکدا ئامادەن بۆ تەقینەوە.

لەسەر ئاستی جیهانیش:

نزیکەی ٢ساڵی ڕێکە جەنگی ڕوسیا-ئۆکراینا هەڵایساوە و تائێستاش بەتوندی بەردەوامە و بەهەزاران قوربانی لێکەوتۆتەوە و بە ملیارەها دۆلاریش زیانی ماڵی خستۆتەوە و ئەم جەنگەش بووە هۆکاری سەرەکی تێکچوون و ناجێگیری باری سیاسی و ئابوری و بازاڕەکان و ئەمنیەتی تەواوی جیهان و دونیاشی دابەشکردۆتە سەر دووبەرەی دژ بەیەك و وبەتایبەتیش ئەوروپا وئەمریکای خستۆتە بەرەی پشتیوانی ئۆکراینا و ڕوسیا و چین و کۆریای باکور و ئێران و ...هتد.خستۆتە بەرەی دژەوە و ئیدی ململانێکان بەردەوامیان هەیە و تەواوی گۆی زەوی بۆتە قوربانی ئەم جەنگە و ژیان وگوزەرانی لەهەموان تێکداوە و ڕاوەستانێکی ئابوری گەورەی خستۆتەوە و نرخی کاڵاو پێداویستی و سووتەمەنی و وزەی لە جیهانیشدا بەرزکردۆتەوە، لەولاشەوە کێشەی گۆڕانی کەشوهەواو ژینگەی جیهانیش بۆتە مەترسیەکی گەورە بۆ سەر هەمووان.

ئیدی بەم شێوەیە ساڵی ٢٠٢٣ ساڵێکی ناجێگری سیاسی و ئابوری و ئەمنی و ساڵی بڵاوبونەوەی برسێتی و بێکاری بوە بۆ هەمووان ، بەهەق ئەم ساڵە بۆ هەمووان ساڵێکی شووم و پڕ کارەسات و ڕووداو گەلێکی دڵتەزێن و ساڵێکی خوێناویی بوو.

هەربۆیەش هەمووان ئاواتەخوازن هەرچی زووە تێپەڕێت و بنە و بارگەی بپێچێتەوە و مۆمی ئاشووبی خۆی بکوژێنێتەوە وکۆتایی پێبێت، بەو ئومێدەی ساڵی دادێ ساڵی ٢٠٢٤ وەك ساڵێکی نوێی مژدەبەخش دەستپێبکات و ببێتە مایە و هۆکاری توانەوە و نەمان و ڕەوینەوەی غەم و پەژارە و نەهامەتی و نەمان و کۆتایهاتنی جەنگ و ململانێ خوێناوی و ناڕەواکان و دەستپێکی ساڵ و قۆناغێکی نوێ بێت بۆ هەمووان لەگەشە و پێشکەوتن و بەرقەراربوونی ئاشتی و تەبایی و پێکەوە ژیانی گەلان و نەتەوەکان دوور لە پەتا وبرسێتی و نەخۆشی و جەنگ و کاولکاری و ئاوارەبوون.

==================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ٢٠٢٣/١٢/٢٦ وسایتەکانی ئاوێنە و وتاری کورد دا لەڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/٢٤دا بڵاوکراوەتەوە.

# بەشی دووەم
# ئابوری

لەپەراوێزی کردنەوەی پێشانگای نێودەوڵەتی سلێمانیدا...

# ڕەخنە و پێشنیازەکان بۆ ئاینده *

ئاشکرایە بواری ئابوری و بازرگانی و بازاڕ کەرتێکی گەورە و گرنگ و فراوانن و کاریگەری ئەرێنی گەورەیان لەسەر ئێستا و ئایندەی کۆمەڵگا و وڵاتان هەیە بەگشتی و بەتایبەتیش لەم قۆناغ و سەردەمەی ئێستاماندا کە سەردەمی جیهانگیری و نەمانی سنورەکان و تابۆ ئابوریەکان و تێکچڕژانی بەرژەوەندیەکان و فراوانبوونی ڕووبەری چالاکیەکان لەسەرتاسەری جیهاندا و دەرکەوتنی ڕۆڵی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت لەهەموو بوارەکاندا و تۆخبونەوەی کاریگەریەکانی ئابوری بەسەر بڕیارە سیاسیەکاندا .هەرئەم ڕۆڵ و کاریگەریە گەورەیە وایکردوە کە هەموان بەگەورە و بچوکەوە بەدەوڵەمەند و هەژارەوە بکەونە خۆ بۆ گرنگیدانی زیاتر بە کەرتی ئابوری و بازاڕ و بازرگانی.

جا یەکێك لەو ڕێگایانەی کە بۆتە هۆی خۆدەرخستن و پیشاندانی کاڵاو والای کۆمپانیاکان بریتیە لە کردنەوەی پێشانگا ئابوری و بازرگانیەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و ناوخۆیی. لەلایەك بۆ دەستخستنی قازانج و دەسکەوتی زیاتر و لەلایەکی تریشەوە بۆ پیشاندانی کاڵا و کەلوپەلەکانیان و ساغکردنەوە و فرۆشتنیان لە بازاڕەکانی جیهاندا و لەم پێناوەشدا جۆرەها یەکگرتن و هاوپەیمانی لەنێوان ئەو کۆمپانیایانەدا هاتونەتە کایەوە بەمەبەستی کێبکڕکێکردن لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی و مانەوەیان بە بەهێزی لە گۆڕەپانەکەدا و دوورکەوتنەوەیان لە مایەپوچبوون لەم قۆناغەدا کە تاڕادەیەك بەهۆی کێشە وململانێ نێودەوڵەتیەکانەوە بونەتە هۆی ڕاوەستان یان پاشەکشەی گەشەی ئابوری لەسەر تاسەری جیهاندا.

جا کردنەوەی پێشانگاکان بەهەق دەروازەیەکی گرنگە لەو بوارەدا چونکە دەبنە هۆی:

١. کۆکردنەوەی زۆرترین ژمارەی کۆمپانیا بازرگانیەکان بە پسپۆڕی جیاوازەوە لەسەر یەك ڕووبەر و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ بینینی یەکتری لە نزیکەوە.

٢. ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموون وشارەزایی وناسینی یەکتری کە بەقازانجی هەردوولایان دەشکێتەوە.

٣. واژۆکردن و ڕێکەوتنامەی ئابوری و بازرگانی لەنێوان یەکتردا.

٤. ناساندنی وڵات و کۆمەڵگاکان بەیەکتری لەڕووی جوگرافیا و مێژوو و کەلتور و گەشتوگوزارەوە کە هەموانیان قازانجی مادی و مەعنەوی گەورەیان هەیە بۆ ئاینده.

خۆشبەختانەش چەند ساڵێکە لە کوردستاندا،ئەم جۆرە پێشانگایانە سازدەکرێن لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکان و ژوورە بازرگانیەکان و کۆمپانیاکان لە هەولێری پایتەخت و لەشارەکانی تری وەکو سلێمانی و دهۆك و هەڵەبجە و ...هتد.کە هەموانیان گرنگی و کاریگەری خۆیان هەیە و بونەتە هۆکاری پیشاندان و دەرخستنی ڕووخساری گەش و ئاوەدانی و پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان لەهەموو بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزار و وەبەرهێنان و پڕۆژە ئەندازیاریەکان و ...هتد.

بەڵام زۆرجاران هەندێك کێشەی ئیداری و تەکنیکی و بەدحاڵی بوون لە ئیدارەدانی ئەم پێشانگایانەدا سەرهەڵدەدەن کە دەبنە هۆی تەڵخکردنی ڕووی جوانی ئەو پێشانگایانە لەوانە:

١. زۆری ژمارەی پێشانگاکان لە شارەکاندا لە یەك کات یان ماوەیەکی نزیك لە یەکتری،کە دەبنە هۆی بەریەککەوتن و ساردبونەوەی بەشداریکردن تیایاندا لەلایەن کۆمپانیا ناوخۆیی و دەرەکیەکانەوە.

٢. سەرهەڵدانی ڕێگری و بەربەست لەبەردەم ئیشوکارەکانی کۆمپانیای ڕێکخەری ئەو پێشانگایانەوە،کەزۆر جاران بێ مەبەست بوون و هەندێکجاریش مەبەستی دیاریکراویان لە پشتەوە بوە.

٣. نەبوونی پێشانگای پسپۆڕی لەبوارەکاندا یان کەمی بونی ئەو جۆرە پێشانگایانە،کە ئەمەش بۆخۆی جۆرە تێکچڕژان و شێواویەکی سەپاندۆتە سەر ئەو پێشانگایانە.

٤. کەمی بەشداریکردنی کۆمپانیا دەرەکی وناوخۆییەکان وکەمی سەردانیکەرانی پێشانگاکانیش جۆرێکە لەهۆکاری خاوبونەوە و ساردبونەوەی ئەو کۆمپانیایانەی کە هەڵدەستن بەکاری ڕێکخستنی ئەو پێشانگایانە.

٥. بەشداریکردنی کۆمپانیای ئاست نزم و کەم توانا یان پیشاندانی کاڵاو والای بێ ئەرزش لەو پێشانگایانەدا دەبنە هۆکاری دابەزینی ئاستی پێشانگاکان.

٦. دروستبوونی ناکۆکی لەنێوان کۆمپانیای ڕێکخەر و لایەنی سەرپەرشتیاری ئەو پێشانگایانە لەسەر لایەنی مادی و لۆجستی پێشانگاکان.

بۆیە بەندە لەپەراوێزی کردنەوەی پێشانگای نێودەوڵەتی سلێمانی لە ڕۆژانی ٢٧-٣٠/٩/٢٠٢٢دا بەهۆی ئەوەی کە لەنزیکەوە بەشداری کاری ڕێکخستن و چالاکیەکانی ئەو پێشانگایەم کرد کەلەلایەن کۆمپانیای ( ویرای ئێرانی)ەوە ڕێکخرابوو بەناوی CHP بۆ کەرەسەی

بیناسازی و تەئسیساتی کارەبایی و وزەوە.گەلێك تێبینیم بۆ دروستبوو کە پێشنیاز دەکەم بۆ ئاینده ئەو کەموکوڕی و تێبینیانە چارەسەر بکرێن لەپێناو سەرخستن و پیشاندانی ڕووی گەش و جوانی تەواوی کوردستان و بەتایبەتیش شاری سلێمانی:

١. هەردوو لایەنی ڕێکخەری پێشانگاو سەرپەشتیاری ناوخۆیی پێشوەختە لەسەر هەموو ئیشوکارەکان ڕێکبکەون و واژۆی ڕێکەوتن و گرێبەستی ڕەسمی بکەن بۆ دوورکەوتنەوە لە سەرهەڵدانی کەموکوڕی و بەدحاڵی بوون لەڕووی مادی و لۆجستی و ئەرکەکانی هەردوولاوە.

٢. بەشداریکردنی گەرموگوڕی حکومی و حیزبی لەسەر ئاستی باڵا و هاوڵاتیانیش هۆکارێکی گرنگە بۆ برەودان بە کردنەوەی ئەو پێشانگایانە.نەك هیچ کەس خۆی نەکات بەخاوەنی و پرۆسەکە بەساردوسڕی بەڕێوە بچێت.

٣. دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەرکیانە کە بە باشی و چڕوپڕی ڕووماڵی ئەو چالاکیانە بکەن لە پێناو دەرخستنی ڕووی پێشکەوتن و شارستانێتی هەرێم بەگشتی و شارەکانیش بە تایبەتی.

٤. لایەنە پەیوەندیدارەکانی ژووره بازرگانیەکان و وەبەرهێنەران و بەڵێندەران و هاوردە و هەناردەکاران وکۆمپانیا ناوخۆییەکان و یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان و ...هتد.یش وەك لایەنی پەیوەندیدار هەق وایە زۆر بەگەرموگوڕی ئامادەگیان هەبێت لەو پێشانگایانەدا و ڕێگەنەدەن هیچ کەموکوڕیەکیان پێوەدیاربێت ،چونکە سەرکەوتنی پێشانگاکان سەرکەوتنە بۆ هەرێم و شارەکان.

بەهیوای ئەوەی ئەم کەموکوڕی و تێبینی و پێشنیازانە جێگەی خۆیان بگرن و لە ئاییندەدا کاری لەسەر بکرێت بۆ خزمەتی زیاتری وڵات و شار و کۆمەڵگای کوردەواریمان و دەرخستنی ڕوە گەش و پێشکەوتوو و شارستانێتیەکەی هەموان و هەموانیش ئەرکمانە هەریەکە لە جێگە و پێگە و دەسەڵاتی خۆیەوە کار بە ئاڕاستەی خزمەتکردنی وڵات و شارەکانمان بکەین هەریەکە بەپێی توانای خۆی.

==========================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ١٣/١٠/٢٠٢٢ دا بڵاوکراوەتەوە.

# کشانەوەی فەڕەنسا لە ڕێکەوتنـامەی وزە
# پاڵنەر و ئاسەوارەکانی بۆ ئاینده *

ئاشکرایە کە وزە لە ئێستادا بەهەموو جۆرەکانیەوە(هەڵهێنجراو و وزەی نوێبۆوە و..هتد.)بونەتە بزوێنەری هەموو پێشکەوتن و داهێنانەکان و ئاوەدانی و گەشە و پێشکەوتنی وڵاتان و کۆمەڵگاکان.سەرچاوەی وزەکان چەندە بەسوود و بەکەڵکن وەك کەرەسەی خاو بۆ کارگە پیشەسازیەکان و پێشکەوتنەکان،ئەوەندەش بەزیانی گەورە و بەمەترسی گەورەتر دادەنرێن بۆسەر ژینگە و کەشوهەوای گۆی زەوی.بەتایبەتیش وزە هەڵهێنجراوەکان وەکو نەوتی خاو و خەڵوزی بەردین و غازی سروشتی.کە دەبنە هۆکاری دەرچوونی گازە ژەهراویەکان و بەتایبەتیش ڕێژەی کاربۆن لە هەوادا و پیسکەرەکانی تریش.

هەربۆیە وڵاتان بەگشتی بەگەورەو بچوکەوە بە پێشکەوتوو دواکەتویانەوە کەوتونەتە نێوان بەرداشی بەکارهێنانی وزە و کاریگەریە خراپەکانی بۆسەر ژینگەی تەواوی گۆی زەوی بەتایبەتیش وڵاتە گەورە پیشەسازیە پێشکەوتوەکان،چونکە ناتوانن بەتەواوەتی دەستبەرداری ئەو سەرچاوەی وزانە بن و ناکرێت و لەژێر فشاری ڕێکخراوە ناحکومی و چالاکوانە مەدەنیەکانی پاراستنی ژینگە و پارتە سەوزەکانی دونیادا بینە هۆکاری پیسبوونی ژینگە و تێکدانی کەشوهەوای گۆی زەوی کە زیان و مەترسیەکانی زۆر زیاترن.

ڕێکەوتنامەی بەڵێنی وزە لە مانگی ١٢/ ١٩٩٤دا واژۆکراوە و لەساڵی ١٩٩٨دا کەوتۆتە واری جێبەجێکردنەوە ،بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە وەبەرهێنە بیانیەکان لەژێرخانی کەرتی وزەدا بەتایبەتیش وزەی هەڵهێنجراو (نەوتی خاو و خەڵوزی بەردین و غازی سروشتی)کە بۆخۆیان سەرچاوەی پیسکردن و گۆڕینی کەشوهەوان.ئەم ڕێکەوتنامەیە لەلایەن تەواوی ئەندامانی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و ٥٢ وڵاتی ترەوە واژۆکراوە.لەئێستادا ڕێکخراوە ناحکومیەکان کە تایبەتمەندن بەکەش وهەوا و ژینگەوە داوای کشانەوەی بەکۆمەڵی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا دەکەن لەو ڕێکەوتننامەیە ،چونکە دەبێتە هۆی پیسکردنی ژینگە و گۆڕینی کەشوهەوای گۆی زەوی. هەربۆیە ساڵی ڕابووردوو یەکێتی ئەوروپا ڕێکەوتن لەسەر پیاداچونەوەی بەندەکانی ئەو ڕێکەوتنامەیە بەمەبەستی ڕاگرتنی وەبەرهێنانی نوێ لە پرۆژە ژێرخانیەکان لەکەرتی وزەدا کە پشتیان بەستوە بە سووتەمەنی هەڵهێنجراو،ئەگەر بەتەواوەتی هاوجووت نەبوو لەگەڵ ئاڕاستە و سنوردارکردنی پیسکردن وبەرەو بێلایەنی (کەشوهەوایی)کە هاوڕێکە لەگەڵ ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتوەکاندا.

بەکردارەکی ئیتالیا کشاوەتەوە و هەریەکە لە ئیسپانیا و هۆڵەنداش هەنگاویان بەو ئاڕاستەیە هەڵناوە.

هەر بەهەمان ئاڕاستەش ئیمانۆیل ماکرۆن سەرۆکی فەڕەنسا ڕۆژی هەینی ٢١/١٠/٢٠٢٢ لە کۆتایی کۆبونەوەی لوتکەی سەرانی ولاّتانی یەکێتی ئەوروپادا لە برۆکسێل ڕایگەیاند کە فەڕەنسا بڕیاریداوە کە لەڕێکەوتنامەی وزە ECT بکشێتەوە،ئەم هەنگاوەی فەڕەنسا لەکاتێکدایە کە لە ڕۆژانی ٦-١٨/١١/٢٠٢٢ لەشاری شەرم شێخی میسر کۆبونەوەی لوتکەی کەشوهەوا COP27 سازدەکرێت.سەرۆك ماکرۆن داوایەکی (زۆر بەپەلەی)لەلایەنە پەیواندیدارەکانی فەڕەنسا کردوە کە بکەونە خۆ بۆ پلاندانان بۆ گەشەپێدانی وزە نوێبوەکان وەك (کێڵگەی ڕەشەبا دەریاییەکان و وزەی خۆر و ...هتد.) بۆ ئەوەی فەڕەنساش دوانەکەوێت لەکاروانی سیاسەتی وزەی ولاّتانی دراوسێی لەیەکێتی ئەوروپا.

ڕێکەواتنامەی وزە ECT چیە و داوای چی دەکات؟

ئەم ڕێکەوتنامەیە لەکۆتایی قۆناغی جەنگی سارد و ڕێك پێش ٣٠ساڵ و لەساڵی ١٩٩٤وە واژۆکراوە و کەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە لەنێوان ولاّتانی یەکێتی ئەوروپا و ٥٢ ولاّتی تردا داوادەکات کە:

- بەشێوەیەکی ڕەها پارێزگاری لە سووتەمەنی هەڵهێنجراو (نەوتی خاو و غازی سروشتی و خەڵوزی بەردین)بکرێت.
- ڕێگە لەوپرۆژە وەبەرهێنەرانە نەگیرێت کە ئەم سووتەمەنیانە بەکاردێنن و هەروەها کاردەکەن بۆ پێشخستنی ژێرخانی ئەم جۆرە لە کەرتی وزە.
- لەبەندێکی تردا داوادەکات کە هەر ولاّتێك سەرپێچی ئەم بڕیارانەی کرد سەرەڕای ئەندامبوونی لەم ڕێکەوتنامەیەدا ئەوا بەبڕێکی زۆر پێویستە قەرەبووی دارایی کۆمپانیا وەبەرهێنەرکان بکاتەوە.

بەم بڕیارە زۆرێك لەولاّتانی ئەندام ناتوانن بکشێنەوە لە ڕێکەوتنامەکە.ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەو جۆرە سووتەمەنیانە سەرچاوەی سەرەکین بۆ دەرکردنی توخمی کاربۆن کە توخمێکی زیانبەخشە و پێکهێنەری گازە ژەهراویەکانە لەنمونەی CO2 وCO بۆ پیسکردنی هەوای گۆی زەوی و گۆڕینی کەشوهەوا.ئەم داواکاریانەی ڕێکەوتنامەکە دژە لەگەڵ ڕاسپاردەکانی ڕێکەوتنامەی پاریسی ساڵی ٢٠١٥ی تایبەت بەکەشوهەوا.کە داوادەکات لەپێناو پاراستنی ژینگە و کەشوهەوای گۆی زەویدا هەموو ولاّتان و کۆمپانیاکان سنورێك دیاریبکەن بۆ کەمکردنەوەی

دەرکردنی توخمی کاربۆن و گازە ژەهراویەکان بۆ نزمکردنەوەی پلەی گەرمای گۆی زەوی کە ناسراوە بە دیاردەی پەنگخواردنەوەی گەرمای گۆی زەوی بۆ کەمتر لە ٢ پلەی گەرما.

پاڵنەرەکانی فەرەنسا بۆ کشانەوە لەم ڕێکەوتنامەیە و کاریگەریەکانی چین ؟

فەرەنسا وەکو وڵاتێکی گەورە و پێشکەوتووی پیشەسازی و هەڵکەوتەی لەناوجەرگەی ئەورووپا و جەمسەرێکی گرنگیش لە یەکێتی ئەورووپادا و بەناوبانگ لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی کەشوهەوا و ژینگەی گۆی زەوی کە کۆتا کۆنگرەی کەشوهەوا لەساڵی ٢٠١٥دا لە پاریسی پایتەخدا سازدراوە،و لەسەر داواکاری زۆر لایەن لە پارتە سەوزەکان و چالاکوانە مەدەنیە ژینگە دۆستەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکانی ژینگە پارێز ئەم بڕیارەی دەرکرد و بۆئەوەی چیتر فەرەنسا هاوبەش نەبێت لە زیاتر پیسکردنی ژینگەی گۆی زەوی و بۆئەوەی کاریگەری نەرێنی بۆ نەوەکانی داهاتووش بەجێنەهێڵێت.

جا ئەم بڕیارەی فەرەنسا کاریگەری گەورەی ئەرێنی بەجێدێڵێت لەسەر تەواوی ژینگەی گۆی زەوی و هەوڵێکی خەمخۆرانەشە بۆ پاراستنی کەشوهەوای زەوی و سەقامگیربوونی و بەم هەنگاو بڕیارەشی هانی زۆرێك لەوڵاتانی تریش دەدات بۆ دەرچوون لەو ڕێکەوتنامەیە سەرەڕای زیانپێگەیاندنی گەورەی دارایی پێیان.بۆیە بەهەق ئەم بڕیارەی فەرەنسا مایەی دەستخۆشی و سوپاسگوزاریە و هەق وایە وڵاتانی تریش لە پێناو ئایندەی ژینگەیەکی خاوێنی گۆی زەویدا هەمان بڕیار و هەنگاو هەڵبنێن.

---

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نویّ لە ٢٦/١٠/٢٠٢٢ دا بلاّوکراوەتەوە.

# ڕێکخراوی هاریکاری شانگهای
# کاریگەری و مەترسیەکانی بۆسەر ڕۆژئاوا *

ئاشکرایە بەهۆی مەترسی و ئاڵنگاریە سیاسی و ئابوری و ئەمنیە گەورەکانەوە لە جیهاندا و بەمەبەستی پاراستنی سەروەری و سنورەکان و درێژەدان بەمان و هێز و تواناکانیان وڵاتانی جیهان بەگەورە و بچوکەوە کەوتونەتە خۆ بۆ خۆڕێکخستنیان لەچوارچێوەی دەستەبەندی (تەکەتول) ی گەورە و کاریگەری سیاسی و ئابوری و ئەمنی و بازرگانیدا بۆئەوەی پارێزگاری لەخۆیان بکەن و نەکەونە ژێر هەیمەنە و هەژموونی نەیارەکانیانەوە ،لەئێستادا لەجیهاندا زیاد لە سەدان ڕێکخراوی لەو جۆرانە هەن کە هەریەکەیان بونەتە جەمسەرێکی گرنگ و کاریگەر لەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.یەکێك لەو ڕێکخراوە کاریگەر و گەورانەی ئەم قۆناغە بریتیە لە ڕێکخراوی هاریکاری شانگهای SCO.

ئاشکرایە لەم قۆناغەدا جیهان بەدەست ژمارەیەك کێشە و ململانێ وە دەناڵێنێت وەك:

١. جەنگی ڕوسیا-ئۆکراینا
٢. قەیرانی وزە و خۆراکی جیهانی
٣. سزاکانی ڕۆژئاوا بۆ سەر ڕووسیا
٤. گەرمبوونی ململانێی ئەمریکا و چین لەسەر تایوان
٥. مەسەلەی پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان و عێراق و ناجێگری سیاسی لەو وڵاتانە و ئەوانی تریشدا.بۆتە هەنگاوی یەکەم لە پاشەکشەی هێز و پێگەی جیهانی ئەمریکا و دەرچوونی جیهان لەژێر هەژموونی ئەمریکادا کە بۆتە ڕێگەخۆشکەر بۆ هاتنە پێشەوەی هێزی گەورەتر لە ڕووی ئابوری و سەربازیەوە.

ڕێکخراوی شانگهای چیە و ئامانجەکانی چین ؟

ئەم ڕێکخراوە لەسەرەتاوە لە ١٥/٦/٢٠٠١دا لەلایەن وڵاتانی (چین و ڕوسیا وکازاخستان و ئۆزبەکستان و قرغیستان و تاجیکستان)دامەزراوە، بارەگای سەرەکی لە شاری پەکینی پایتەختی چینە و زمانی فەرمی ڕێکخراوەکە بریتیە لە زمانی چینی و ڕوسی و ئەنجومەنی سەرۆکەکان و سەرۆك وەزیران و وەزیرانی دەرەوەی هەیە کە بڕیاربەدەستی سەرەکین و ساڵانە کۆبونەوەی لوتکە سازدەکەن. ئەم ڕێکخراوە بریتیە لە ڕێکخراوێکی حکومی نێودەوڵەتی سیاسی و ئابوری و ئەمنی ئۆراسیایی.ئەم وڵاتانە هەریەکەیان خاوەن شارستانێتی دێرینن لە چین و ڕوسیا و هند و ئێران و

یەکیانگرتوە دژ بە شارستانێتی ڕۆژئاوا.ئەم ولاّتانە هەرچەندە جیاوازی سیاسی و ئاینی و ڕەگەزی و مێژوییان هەیە ،کەچی هاوکاری ئابوری یەکتر دەکەن.

ئەم ڕێکخراوە لە ئێستادا لە ٤ گروپ پێکهاتوە:

گروپی یەکەم: ولاّتانی دامەزرێنەر و ئەندامی هەمیشەیین کە بریتین لە :چین و ڕوسیا و هند وپاکستان وئێران و ئۆزباکستان و تاجیکستان و قرغیستان و کازاخستان.

گروپی دووەم: ولاّتانی چاودێر : مەنگۆلیا و بیلاڕوسیا و ئەفغانستان.

گروپی سێیەم:ئەو ولاّتانەن کە هاوبەشی گفتوگۆن بۆ بون بە ئەندام:تورکیا و تورکومانستان و ئازەربایجان و ئەرمینیا و کەمبۆدیا و نیپاڵ و سریلانکان. لەگەڵ میسر( کە قورساییەکی دانیشتوانی و شارستانی گەورەی هەیە و تاکە ولاّتە لەدەرەوەی کیشوەری ئاسیا و کەوتۆتە کیشوەری ئەفریقاوە) و قەتەر و کوێت و بەحرەین.

ئەوەی جێگەی تێڕامانە کە ئەمریکا لەساڵی ٢٠٠٥وە داواکاریەکی پێشکەشکردبوو بۆ ئەوەی وەك ولاّتێکی چاودێر وەربگیرێت،بەلاّم ڕاستەوخۆ و بەپەلە داواکاریەکەی ڕەتکرایەوە.

ئەرك و ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە:

١. گرنگیدان بە بابەتە ئەمنیە هەرێمایەتیەکان و پاراستنی ئاشتی و ئاسایش و جێگیری سیاسی لەناوچەکەدا.

٢. ئامانجی سەرەکیان بریتیە لە ڕێگەگرتن لە دەستبەسەراگرتنی ولاّتانی ئاسیای ناوەڕاست لەلایەن ئەمریکاوە کە وەك دڵی ئۆڕاسیا وایە کە گرنگی گەورەی جیۆسیاسی هەیە.

٣. کارکردن دژی تیرۆری هەرێمایەتی.

٤. دژایەتیکردنی داواکاریە نەتەوەییەکان بۆ جیابونەوە.

٥. کارکردن دژی توندڕەوی ئاینی.

٦. کارکردن دژی مامەڵەکردن بە مادە هۆشبەرەکانەوە.

٧. گرنگیدان بەگەشەی هەرێمایەتی لەڕووی سیاسی و ئابوری و بازرگانی و زانستی و تەکنەلۆجیا و کەلتور و گواستنەوە و فێرکردن و وزە و گەشتیاری و پاراستنی ژینگە.

ئەم ڕێکخراوە داوادەکات کە:

١. جیهانێکی فرە جەمسەر بێتە ئاراوە بۆ دەرچوون لە تاك جەمسەری و کەوتنە ژێر هەژموونی یەك ولاّتەوە.

٢. ڕووبەڕووبونەوەی هەژموونی ڕۆژئاوا بەسەر جیهاندا.

٣. هاریکاریکردنی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و سەربازی لەنێوان خۆیاندا.

گرنگی و کاریگەری ئەم ڕێکخراوه:

ئەم ڕێکخراوه کۆمەڵێك هۆکار بونەته هۆی کاریگەربوون و خاوەن هەژموون و توانا و هێز کەوایلێکردوه لەسەر ئاستی جیهان حسابی بۆ بکرێت و بەیەکێك له ڕێکخراوه جیهانیه گەورەکان دابنرێت،لەوانە:

١.ئەم ڕێکخراوه له ئێستادا که خاوەن ٨ ولاّتی ئەندامی هەمیشەییه لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوه خاوەنی نیوەی ژمارەی دانیشتوانی گۆی زەویه.

٢. خاوەنی ڕووبەر و خاکێکی بەرفراوانه که یەکەمه لەسەر ئاستی جیهان.

٣.چوار ولاّتیان خاوەنی چەکی ئەتۆمین(چین و ڕوسیا و هند و پاکستان).

٤.دوو ولاّتیان خاوەنی مافی ڤیتۆن له ئەنجومەنی ئاسایشدا(چین و ڕوسیا).

٥. چین هەربۆخۆی دووەم هێزی ئابوری جیهانه و گەشەی ئابوری لەپێش گەشەی ئابوری ئەمریکاوەیه.

چین و ڕوسیا وەکو دوو ولاّتی دامەزرێنەر و گەوره و کاریگەر پێکەوه داوادەکەن که : ( سیستەمێکی جیهانی دادپەروەر و دیموکراسی و فره جەمسەری بێتە کایەوه). بەهەمان شێوه داوادەکەن که: ( هەموان پێکەوه کاربکەن بۆ گەشەی سیستەمی جیهانی به ئاڕاستەیەك که زیاتر به ویژدان و عەقلاّنی تر بێت).

ڕوسیا لەڕێگەی ئەم ڕێکخراوه گەرەکێتی به ئەمریکا بڵێت که بەتەنها نیه و ئەویش وەك ئەمریکا خاوەن کۆمەڵێك هاوپەیمانی گەوره و گرنگه.

بەهەمان شێوه ڕوسیا بەهۆی ئەم هاوپەیمانێتیەوه لەگەڵ چین و هندستاندا وەك دوو ولاّتی گەوره توانیویەتی غاز و نەوتەکەی بفرۆشێتەوه پێیان لەجیاتی بازاڕی ١٣ ولاّتەکەی ئەوروپا. و بەم هۆیەشەوه توانیویەتی خۆی لەگەمارۆ ئابوریەکانی ڕۆژئاوا لەسەری دەرباز بکات.هند و چین که ژمارەی دانیشتوانیان ٢,٨ ملیار کەسن و بونەته بازاڕێکی جێگرەوه لەجیاتی بازاڕەکانی ئەوروپا.بەشێوەیەك چین پاڵێوراوه که لەساڵی ٢٠٣٥دا ببێتە یەکەم هێزی ئابوری جیهان و هند سێیەمه له ئاسیادا و یابانیش لەساڵی ٢٠٣٣دا ببێتە دووەم هێزی ئابوری ئاسیا و سێیەم له جیهاندا.

گرنگی ئەم ڕێکرخراوه لەوەدایه که هاوکاری و هەمئاهەنگی لەگەڵ زۆربەی ڕێکخراوەکانی تری جیهاندا هەیه هەر لەنەتەوه یەکگرتوەکان و ئاژانسه جۆربەجۆرەکانیەوه.

کێشە و گرفتەکانی ئەم ڕێکخراوە

سەرەڕای بوونی ژمارەیەك خاڵی بەهێزی ئەم ڕێکخراوە  کە پێکەوە بونەتە هۆی مەترسی دروستکردن بۆ سەر هێز و توانا و پێگە و هەژموونی ڕۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکاش بەتایبەتی، بەلاّم  گەلێك کێشە و گرفتی مێژوویی و قوڵ لەنێوان ئەندامەکانیدا هەیە کە بونەتە خاڵی لاوازی ،لەوانە:

١.   چین و هند کە هاوپەیمانی ڕوسیان هەرزوو گلەییان لەڕوسیا کرد دژ بە جەنگی ئۆکراینا و داوای ڕاگرتنیان لێکرد.

٢.   چین و هند ئامادەنین دەستهەڵبگرن لە بەرژەوەندی و پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ئەمریکا و ئەوروپادا کە بڕی ئاڵوگۆڕە بازرگانیەکانیان زۆر زیاترە وەك لەگەڵ ڕوسیادا.

٣.   کێشە و ململانێی مێژوویی نێوان هند و چین و هند و پاکستان و تاجیکستان و قرغیستان هەموو ئەمانە خاڵی لاوازی ئەم ڕێکخراوەن.

بۆیە هەرکاتێك ئەم ڕێکخراوە  لە ئاییندەدا توانی کە هەیکەلیەتێکی بەهێز و پتەوی سیاسی و ئابوری و سەربازی پێکەوەبنێت ئەوا دەتوانێت ببێتە ڕکابەرێکی بەهێزی ڕۆژئاوا و ئەمریکا و ڕێکخراوە جیاوازەکانی  وەك هاوپەیمانی ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا.دەتوانێت جیهان لە تاکجەمسەری و هەژموونی ئەمریکا ڕزگاربکات و بە وتەی خۆیان جیهانێکی دادپەروەرانەتر و دیموکراتی و عەقڵانیتر بێننە ئاراوە.جا بەڕاست ئەو جیهانە دەتوانرێت دابینبکرێت لەلایەن ئەم وڵاتانەی ڕێکخراوەکەوە کە هەموانیان مێژوویەکی ڕەش و تاریکی دوورودرێژیان هەیە لە مەسەلەی پێشێلکردنی دیموکراتی و ئازادیەکان و مافەکانی مرۆڤ و ...هتد. !

==============================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ  لە ٢/١١/٢٠٢٢ دا بلاّوکراوەتەوە.

# دەوڵەت و ئابوری ڕەیعی
# زیان و کاریگەریە خرا پەکانیان *

## پێناسە

دەوڵەتی ڕەیعی یان ئابوری ڕەیعی: زاراوەیەکە لە زانستی سیاسی و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا،کە ئاماژەیە بۆ دەوڵەتێك کە هەموو یان بەشێکی گەورەی داهاتە نیشتیمانیەکانی دەستدەکەوێت لەڕێگەی بەکرێدانی سامانە نیشتیمانیەکانیەوە بە کڕیارانی دەرەکی.

ئابوری ڕەیعی (داهاتی): بریتیە لەو ئابوریەی کە ڕێژەی گەورەی داهاتەکانی دەستدەکەوێت لەڕێگای سوودمەندبوونی هەر دەوڵەتێك لەکەرتی نەوت زیاتر لە کەرتەکانی تر.

یان بریتیە :

لەو ئابوریەی کە هەر کاتێك کەرتە نابەرهەمیەکان یان ڕەیعیەکان توانیان ڕێژەی ٥٠٪ی بەرهەمی گشتی ناوخۆیی پێکبێنن بۆ هەر ولاّتێك ئەوا بەو ئابوریە دەوترێت ئابوریەکی ڕەیعیە.

## مێژووی ئەم زاراوەیە

یەکەم کەس کە ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوە وەك داهاتی دارایی ئادەم سمیس بوە لە کتێبەکەی بەناوی (سامانی گەلان).بەلاّم یەکەم کەسیش کە بەمانا ئابوریەکەی بەکاریهێناوە کارل مارکس بوە لە کتێبەکەی بەناوی (سەرمایە)دا.

بۆ یەکەم جاریش لەساڵی ١٩٧٠دا لەلایەن حسێن مەهداوی ئەم تێوریە گریمانە کرا.

زاراوەی دەوڵەتی ڕەیعی لەسەدەی بیستدا بەکارهات وەك ئاماژەیەك بۆ ولاّتانی دەوڵەمەند بەسەروەت و سامانی سروشتی وەکو نەوت و گازی سروشتی.بەشێوەیەك دەوڵەت ( خاوەندارێتی و دابەشکردنی و فرۆشتنیشی) قۆرخ دەکات،بەلاّم دەکرێت ولاّتانێکی تری دەوڵەمەند بەهۆکارە داراییەکانیش بگرێتەوە وەك دراوی یەدەگی. یان ئەو ولاّتانەی خاوەنی سەروەتی ستراتیژین وەك بنکە و بارەگای سەربازی.

سیفاتەکانی ولاّتانی ڕەیعی : ئەم سیفاتە جیاکەرەوانەیان هەیە وەك :

١. حاڵەتی ڕەیعی باو و کلاسیکی.

٢. ئابوری بەشێوەی سەرەکی پشت دەبەستێتە سەر بە کرێدان لەبەرئەوە هیچ پێویست بەکەرتی بەرهەمهێنانی نیشتیمانی بەهێز ناکات.

٣. ڕێژەیەکی کەمی دانیشتوان بەشداری لەبەرهەمهێنانی داهاتدا دەکەن.

٤. حکومەت سوودمەندی سەرەکی دەبێت لە بەکرێدانی دەرەکیدا.

٥. دەوڵەت بەرەو هەڵاوسانی ئابوری دەچێت و ڕۆڵ و کاریگەری لە قاڵب دەدرێت.

٦. هەڵئاوسان لە هێزە ئەمنی و چەکدارەکاندا ڕوودەدات.

٧. ئاڕاستەی دەوڵەت بەرەو دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی دەڕوات.

نموونەکانی وڵاتانی ڕەیعی:

وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەك ( سعودیە و عومان و ئیمارات و عێراق و ئێران بەڕادەیەکی کەمتر و کوێت و قەتەر) .هەروەها وڵاتانی ئەمریکای لاتینی و باکوری ئەفریقیا وەك ( فەنزەوێلا و لیبیا) کە هەموانیان ئەندامن لە ڕێکخراوی ئۆپیك بۆ بەرهەمهێنانی نەوت.

چەمکی ڕەیع ( کرێ) یان گەشەکردن

زاراوەی (ڕەیع) لەئابوری سیاسیدا بەمانای ئەو بەشە دێت کە کرێچی دەیداتە خاوەن ماڵ لە زیادە و داهاتی زەوی بەرامبەر بەکارهێنانی توانا سروشتیەکانی کە بەمانای لەناوچوون نایەت.
یان بەمانای بە پیتی یان زیادە یان گەشەکردن دێت. بەڵام بە مانا ئابوریە کلاسیکیەکە واتای (داهاتی خاوەن زەوی دێت) یان ( کرێی بەکارهێنانی زەوی لەلایەن کرێچیەوە جگە لەخاوەن موڵکەکە).

جا تیۆری وڵاتانی ڕەیعی یەکێکە لە کۆمەڵێك تیۆری پێشکەشکراو کە ڕاڤەی هەژموونی سیستەمە تاکڕەو و خۆسەپێنەکان دەکات لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و هۆکارەکانی شکستخواردنی پەڕینەوە بەرەو سیستەمێکی دیموکراسی.

لەکاتێکدا زۆرینەی وڵاتان هەڵدەستن بە ناردنە دەرەوەی سامانە سروشتیەکانیان یان مۆڵەتی گەشەپێدانیان دەدەن بەلایەنی دەرەکی.

بەڵام وڵاتانی ڕەیعی بەوە جیادەکرێنەوە کە تاڕادەیەك داهاتی باج وەرگرتنی تیادا نیە.

دەرهێنانی سامانە سروشتیەکان بەشێوەیەکی ئاسایی دەبێت بەبێ ئەوەی پێویست بەوەرگرتنی باج بکات لە هاوڵاتیان،نموونەی ئەو وڵاتانە شکست دێنن لەگەشەکردنی سیاسیدا ،لەبەرئەوەی لەکاتی نەبوونی باجدا ،ئەوا هاوڵاتیان هاندەر و هۆکارێکی کەمتریان بەدەستەوە دەبێت بۆ فشار

خستنە سەر حکومەت بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان.لەجیاتی ئەوە حکومەت لەڕێگەی بەرنامەی چاودێری کۆمەڵایەتیەوە و بەشێوەیەکی بەرفراوان بە کردارەکی هەڵدەستێت بە پێدانی (ڕەشوە) بە هاوڵاتیان بۆ ڕازیکردن و بێدەنگکردنیان.لەبەرئەوە بودجەی هەبوو لەو ولاتانەدا تەنها بەرنامەیەکە بۆ خەرجیەکان.

ئەو حکومەتانەی کە پشت دەبەستنە سەر داهاتەکان لەسەرچاوە نابازاڕیەکانەوە،ناچار نین کە بنەماکانی بازاڕی ئازاد پیادە بکەن. بۆ خولقاندنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ گەشەی ئابوری.داواکاری لەسەر نەوت هێندە بەرزە کە پێویست ناکات کە پابەندی هەبێت بە بنەماکانی بازاڕی ئازادەوە و ئازادی ئابوری هەبوو لەسەر حسابی سەروەری یاسا و ئاسایش و دادگایەکی ڕوون و دادپەروەر و چاودێری مافی خاوەندارێتی.لە ئەنجامی ئەوەشدا ئازادی سیاسی گەشە ناکات و هەموو هەوڵەکان بۆ وەدیهێنانی پەڕینەوە بۆ دیموکراسی شکستدەهێنێت.

**جۆرەکانی ڕەیع (کرێ)**

١. کرێی (داهات) دەرەکی لەڕێگەی :

- داهاتی نەوت و گاز
- داهاتی کانزاکان
- داهاتی هێڵی گواستنەوەی ستراتیژی
- داهاتی گەشتیاری
- داهاتی ناردنی دارایی دەرەکی
- داهاتی یارمەتیە دەرەکیەکان

٢. داهاتی ناوخۆیی لە ڕێگەی :

- داهاتی خزمەتگوزاری تایبەت بە چالاکیەکانی ولاتان
- داهاتی بەرزونزمی و بارزاڕی دارایی
- داهاتی خزمەتگوزاریەکانی وەکو ( خزمەتگوزاریەکان ،پیشەسازی،کشتوکاڵی)

هەروەها دەوڵەتی ڕەیعی پشتدەبەستێتە سەر ئەو داهاتانەی کە لە دەرەوە دەستدەکەوێت لە ئەنجامی فرۆشتنی سەروەت و سامانەکان کەلەزەویەوە دەردەهێنرێت وەکو نەوت و گاز و کانزاکان..بەشێوەیەك کە لەولاتدا هیچ جۆرە چالاکیەکی ئابوری بونی نیە مەگەر زۆر بەکەمی نەبێت وەك چالاکی پیشەسازی و داهاتەکانیش لە باج وەرگرتنەوە دەستناکەون بەڵکو لە کرێکانەوە دێت.

دەوڵەتی ڕەیعی بەشێوەیەکی ڕەها پشتدەبەستێتە سەر هاوردەکردنی خۆراك و داو ودەرمان و جلوبەرگ و ئۆتۆمبێل و چەك و ...هتد.لەدەرەوە و کارناکات بۆ وەبەرهێنان لەکەرتی بەرهەمهێناندا.بەڵکو داهاتی دەسکەوتوشی خەرجەکاتەوە لە خزمەتگوزاریەکاندا کە هیچ دەسکەوت و داهاتێکی داراییان لێوە دەستناکەوێت.

بەم شێوەیە دەوڵەت یان ئابوری ڕەیعی پشت بەستوو بە تاکە سەرچاوەیەکی داهات ،هەمیشە دەوڵەت و ئابوریەکی مشەخۆری بەکاربەرە نەك دەوڵەت و ئابوریەکی وەبەرهێن و بەرهەمهێن و خاوەن سەرچاوەی جیاوازی داهاتەکان.هەربۆیە هەمیشە وەك دەوڵەت و ئابوریەکی لاواز دەبینرێت چونکە پشتی نەبەستۆتە سەر توانا و هێز و وزە و دەستی کار و کارکردنی ناوخۆیی و هیچ بەرنامەیەکی ئابوری پتەو و بەهێزیشی نیە بۆ گەشە و پێشکەوتن و ئاوەدانی وڵات و وەبەرهێنانی دەرەکی و گەشەکردنی کەرتی تایبەتی ناوخۆیی. کە هەموو ئەم هۆکارانە دەبنە هۆی زیاتر دواکەوتن و دارِمانی ئابوری و دواتریش بڵاوبونەوەی هەژاری و بێکاری و بەرزبونەوەی نرخی کاڵا و پێداویستیەکان و دواتریش تێکچوونی شیرازەی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاش.

بۆیە دەوڵەت و ئابوری ڕەیعی زیان و کاریگەریە خراپەکانیان زۆر گەورەتر و مەترسیدارن بۆ ئێستا و ئایندەی وڵات و کۆمەڵگاکان،هەربۆیە پێویستە هەموو دەوڵەتێك کاربکات بۆ گەشە و پێشخستنی ئابوریەکەی و هەمە جۆرکردنی سەرچاوەی داهاتەکانی و گرنگی بدات بە توانا و سەرچاوە مرۆییە ناوخۆییەکانی و هەوڵی جوڵە و گەشەی تەواوی کەرتەکانی ژیان بدات بۆ وەدەستهێنانی داهاتی زیاتر و دواتریش بەگەڕخستنەوەیان لە پرۆژە وەبەرهێن و ئەندازیاری و ئاوەدانیەکاندا بۆ خزمەتی زیاتری پێشکەوتن و بەهێزبوونی ژێر خانی دەوڵەت لە ڕووی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و کۆمەڵایەتیشەوە.

=====================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ٢١/١١/٢٠٢٢ دا بڵاوکراوەتەوە.

# ڕۆڵ و کاریگەری
# ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی لەسەر ئابوری ولاٌتان *

لە دونیای ئێستاماندا،لەپاڵ ولاٌتە سەربەخۆ و خاوەن سەروەریەکاندا،ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراو و ئاژانسی نێودەوڵەتی هەن کە زۆرجاران ڕۆڵ و کاریگەرییان گەلێك گەورەترە لە هەندێك لە ولاٌتانی جیهان،و دەتوانن کاریگەری گەورەشیان هەبێت لەسەر بڕیارە سیاسی و ئابوری و ئەمنیە نێودەوڵەتیەکانیش لەکاتی جەنگ و ئاشتیشدا،بەهۆی فراوانی ڕووبەری کارکردن و چالاکیان لە دونیادا.

ئەم ڕێکخراوانە بۆخۆیان ڕێکخراوی ناحکومین و ئەندامبوون تیایاندا ئارەزوومەندانەیە و تەنانەت بڕیارەکانیشیان مولزەم نین بۆ جێبەجێکردن .کەچی ولاٌتانی خاوەن سیادە و سەروەرییەکان بۆخۆیان داوا پێشکەش دەکەن بۆ بوونە ئەندام تیایاندا.چونکە ئەم ڕێکخراوە جیهانیانە بونەتە کوتلەیەکی کاریگەر و خاوەن فشار بۆ سەر ولاٌتان و جا هەر ولاٌتێك بەتەنها و لەدەرەوەی ئەم ڕێکخراوانە بمێنێتەوە ئەوا لەکاروانی گەشە وپێشکەوتن و کارئاسانیە نێودەوڵەتیەکان دوادەکەوێت و ناشتوانێت بەتەنها پێداویستیەکانی خۆی دابینبکات،بەتایبەتیش لەم سەردەمی بەجیهانیبونەدا کە هەموان پێکەوە کاردەکەن و هەموانیش پێویستیان بەیەکتر هەیە و سنورە نێودەوڵەتیەکان و سەروەری ولاٌتانیش کاڵبونەتەوە.

ئەم ڕێکخراوانە بونەتە سەکۆیەکی بڵند و کۆکەرەوەی زۆرینەی ولاٌتان لەناو خۆیاندا و بەرژەوەندیەکانی هەموانیش پارێزراوە.لە ئێستادا زیاد لە ١٠٠ ڕێکخراوی گەورە و بچووکی جیهانی هەن لەهەموو بوارەکاندا و یەکێك لەو ڕێکخراوە گەورە و گرنگە جیهانیانە بریتییە لە ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی.

ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی گرنگی و کاریگەری چییە؟ و چالاکیەکانی بریتین لە چی ؟

- بارەگای سەرەکی: لە شاری جنێڤ لە ولاٌتی سویسرایە
- ژمارەی ئەندامەکانی: ١٦٤ ولاٌتە
- ولاٌتە ئەندامەکان ٣ جۆرن:

١. ئەندامی تەواو

٢. ئەندام بەشێوەی نوێنەرایەتی دووانە لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە

٣. چاودێر

- ئەرکەکانی : بازرگانی نێودەوڵەتیە
- زمانە ڕەسمیەکان: ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئیسپانیە
- ساڵی دامەزراندنی : ١/١/١٩٩٥ بەپێی ڕێکەوتنامەی مەراکیش و نوێترین ڕێکخراوی نێودەوڵەتیە، بە درێژکراوەی ڕێکەوتنامەی گشتی بۆ تاریفە و بازرگانی جات GATT.کە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە دامەزراوە.

پێناسەکەی : بریتیە لە ڕێکخراوێکی حکومی نێودەوڵەتی هەڵدەستێت بە ڕێکخستن و کارئاسانیکردنی بازرگانی نێودەوڵەتی لەنێوان نەتەوەکاندا.یەکێکە لەگەورەترین ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانە کە ژمارەی ئەندامەکانی ١٦٤ ولاَتە و ڕێژەی ٩٨٪ بازرگانی جیهانی پێکدێنن.
ئەرکەکانی :

هەڵدەستێت بە :

- کارئاسانیکردنی بازرگانی کالاَو و شتومەکەکان و خزمەتگوزاریەکان و خاوەندارێتی تاکە کەسی،لەڕێگەی گفتوگۆکانەوە دەربارەی ڕێکەوتنامە بازرگانیەکان کە ئامانج لێیان نزمکردنەوە یان ڕەتکردنەوە و نەهێشتنی ڕسوماتی گومرکە و پشکی هاوردەکردن و ڕێگریە بارزگانیەکانی تر.
- هەڵدەستێت بە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە بازرگانیەکان لەنێوان ولاَتانی ئەندامدا.
- ٢ساڵ جارێك کۆبونەوەی وەزیرەکانی بازرگانی ولاَتان ئەنجام دەدرێت و دەنگدان لەسەر بڕیارەکان بە کۆی دەنگ دەبێت.

ئامانجەکانی:

١. دامەزراندنی جیهانێکی ئابوری کە خۆشگوزەرانی و ئاشتی تیادا بەرقەرار بێت.
٢. سەرهەڵدانی جیهانێکی ئابوری گەشەکردوو کە ئاشتی تیادا بێت و هەست بە لێپرسراوێتی گەورەتر بکات.
٣. دابینکردنی پارێزگاری پێویست بۆ بازاڕە نێودەوڵەتیەکان کە بگونجێت لەگەڵ هەموو ئاستەکانی ژیان و گەشەکردندا.
٤. دۆزینەوەی کەشوهەوایەکی کێبڕکێی نێودەوڵەتی کە پشت ببەستێتە سەر توانای ئابوری لە دیاریکردنی سەرچاوەکاندا.
٥. وەدیهێنانی بەگەڕخستنی تەواو بۆ هەموو سەرچاوە سروشتیەکانی جیهان.

- ئامانجە ستراتیژیەکانی ڕێکخراوەکە لە چوارچێوەی دانیشتنی ئۆرۆگوایدا:
- ڕێکەوتنی هەمە لایەنە دەربارەی بازرگانی کەلوپەل.
- ڕێکەوتن دەربارەی بازرگانی لە خزمەتگوزاریەکاندا.
- ڕێکەوتنی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە بازرگانی لە پارێزگاری مافی خاوەندارێتی فکریەوە:

١. لێکتێگەیشتن دەربارەی بنەما و ڕێوشوێنەکان کە کۆنترۆڵی چارەسەری کێشەکان دەکات.

٢. میکانیزمی بەسەرداچونەوەی سیاسەتی بازرگانی.

٣. ڕێکەوتنی بازرگانی دوولایەنە.

- ڕێکەوتنی ڕێوشوێنی وەبەرهێنان پەیوەست بە بازرگانیەوە.

دروشمەکەی :

- بریتیە لە گۆی زەوی لە نێوان ٦ کەوانەدا و بەکارهێنانی ڕەنگە سەرەکیەکانی ڕوناکی کە بریتین لە سوور و شین و سەوز.

چالاکی و ئەرکەکانی:

ئامانجی سەرەکی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی بریتیە لە یارمەتیدان لە جوڵە و هاژەکردنی بازرگانی بە ئاسانی و بەشێوەیەکی چاوەڕوانکراو و دەریایی.جا ڕێکخراوەکە بەم کارانە هەڵدەستێت لە ڕێگەی:

- بەڕێوەبردنی ڕێکەوتنامەکانی تایبەت بە بازرگانی.
- ئامادەبوون وەك شوێنی پێکگەیشتن بۆ گفتوگۆکانی تایبەت بە بازرگانی.
- چارەسەرکردنی کێشە بارزگانیەکان.
- بەسەرداچوونەوەی سیاسەتە نەتەوەییەکان تایبەت بە بازرگانی.
- یارمەتیدانی وڵاتانی تازەگەشەکردوو لە بابەتەکانی پەیوەست بە سیاسەتی بازرگانی لە میانەی یارمەتیدانە تەکنەلۆجیەکان و بەرنامەی ڕاهێنانەوە.
- هاوکاریکردنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی تر.
- پەیکەری دامەزراوەیی ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی:

١. کۆنگرەی وزاری: لە وەزیرانی بازرگانی وڵاتانی ئەندام پێکدێت.بریتیە لە لوتکەی دەسەلاتی ڕێکخراوەکە.هەر ٢ساڵ جارێك دەبەسرێت.

٢. ئەمینداریێتی گشتی: لە بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوەکە و فەرمانبەرەکان پێکدێت و سەربەخۆن لە وڵاتەکانیان.

٣. ئەنجومەنە سەرەکیەکان: بریتین لە :

- ئەنجومەنی بازرگانی کەلوپەل
- ئەنجومەنی بازرگانی خزمەتگوزاری
- ئەنجومەنی مافەکانی خاوەندارێتی تاکە کەسی

٤. لیژنە لاوەکیەکان:

- لیژنەی بازرگانی و ژینگە
- لیژنەی بازرگانی و گەشەکردن
- لیژنەی کۆتوبەندە سەپێنراوەکان بە ئامانجێك کە پەیوەستن بە میزانیەی دانەوەکان
- لیژنەی میزانیە و دارایی و ئیدارە

٥. گروپەکانی کار:

تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی کاندیکردنی وڵاتان بۆ بوون بە ئەندام،سەرەڕای گروپی پەیوەندی لەنێوان بازرگانی و وەبەرهێنان و گروپی تایبەت بە سیاسەتی کێبڕکێ.

- وڵاتانی ئەندام:
- دەبنە ٢ گروپەوە:

١. گروپی ئەندامەکان: ١٦٤ وڵات ئەندامن

٢. گروپی چاودێر: ئەو وڵاتانەن کە دەیانەوێت ببنە ئەندام کە ژمارەیان ٢٠ وڵاتن

==========================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ٨/١٢/٢٠٢٢دا بلاۆکراوەتەوە.

# ڕەنگەکانی ئابوری و
# کاریگەری هەریەکەیان لەسەر گەشەی کۆمەڵگە *

زانایانی ئابوری ڕێکەوتوون لەسەر ئەوەی کە ئابوری ٧ ڕەنگی هەیە کە بریتین لە ڕەنگەکانی (خۆڵەمێشی و ڕەش و سوور و سپی و کایی و سەوز و شین) و لەگەڵیشیدا بابەت و بنەماکانیش هەمەجۆر دەبن.هەندێکی تریش ئاماژە دەدەن بە دوو ڕەنگی تر کە بریتین لە ( زیوی و پەمەیی) و دواتریش ڕەنگێکی تریش پەیدابوو کە پێی دەوترێت (ئابوری زەرد ) بەمەش ڕەنگەکانی ئابوری بوونە ١٠ ڕەنگ.

١. ئابوری خۆڵەمێشی Gray Economy

ئابوری خۆڵەمێشی دادەنرێت بە (ئابوری نا فەرمی) کە دەناسرێت بە ( هەموو چالاکیە ئابورییەکان کە تاکە کەسەکان یان دامودەزگاکان پێی هەڵدەستن کە لە ئامارە فەرمیەکاندا باسناکرێت) بەمانایەکی تر ،بە واتای ئەوەی کە دامودەزگا حکومیەکان نرخە ڕاستەقینەکان نازانن،ناشچێتە ژمێرەی بەرهەمی نەتەوەییەوە،و باجی لەسەر وەرناگیرێت،و هەڵسوڕاوانیشی ملکەچی هیچ سیستەمێکی بیمەی کۆمەڵایەتی نابن.

ئابوری نافەرمی،یان کەرتی ئابوری نافەرمی،یان ئابوری خۆڵەمێشی، بەشێکە لەو ئابوریەی کە ملکەچی باجدان نابێت،و ملکەچی هیچ دەزگایەکی چاودێریش لە دەزگاکانی دەوڵەت نابێت،لەگەڵ ئەوەی کە کەرتی نافەرمی بەشێکی گەورە لە ئابوری وڵاتانی تازەگەشەکردوو پێکدێنن،زۆر جاران بە ئابوریەکی بێزارکەر دادەنرێت کە ناتوانرێت ئیدارەی بدرێت.

جا ئابوری خۆڵەمێشی کە ڕێژەی ٤٠-٦٠٪ لە ئابوری گشتی وڵاتانی تازەگەشەکردوو پێکدێنن، ئەو کەس و لایەنانەی کە بەم کارە هەڵدەستن، توانای خۆشاردنەوە لە باجدان و فێڵکردن لە یاسایان هەیە.

٢. ئابوری ڕەش Black Economy :

هەموو چالاکیەکی بازرگانی کە لەدەرەوەی چوارچێوەی یاسا و ڕێنمایی و دوور لە دانی باجەکان، دادەنرێت بەبەشێکی دانەبڕاو لە ئابوری ڕەش،یان ئەوەی پێی دەوترێت،ئابوری سێبەر،یان ئابوری نهێنی و شاراوە،ئەم جۆرە ئابوریە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بڵاوە،بەڵام بەڕێژەی جیاواز،بەڵام لەو وڵاتانەدا چالاکە کە سیستەمەکانی لاوازە،و گەندەڵی تیادا بڵاوە،ودادپەروەری کۆمەڵایەتیش بوونی نیە، و تێکڕای بێکاریش بەرزە،و جیاوازی زۆریش هەیە لەنێوان داهاتەکانی هاوڵاتیاندا.

ئەم جۆرە لە ئابوری ٣ سیفاتی جیاکەرەوەی هەیە کە بریتین لە:
١.لایەنە نایاساییەکەی.
٢. بەکارهێنانی شۆردنەوەی پارە بۆئەوەی دەسکەوتی پارە شێوەیەکی یاسایی وەربگرێت.
٣.گرتنەبەری ڕێگای خواروخێچ بۆ خۆدزینەوە لە ئاشکراکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت لە دانی پارە و مامەڵە داراییەکان کە دەکرێن.

دیارترین نموونەکانی ئابوری ڕەش:بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە،دزینی زانیاری کەسی و دارایی( بۆ گەیشتن بەژمێرەی بانکی وکارتەکانی متمانە)، مادە هۆشبەرەکان،چەك،پارەی ساختە،بەرنامە چەتەگەراییەکان و کۆپیکراوەکان بەشێوەیەکی نا ڕەوا.

٣. ئابوری زیوی Silver Economy:

ئابوری زیوی بریتیە لەو ( ئابوریەی کە گرنگی دەدات بە گروپێکی تەمەنی دیاریکراو( گەورەتر لە تەمەنی ٥٠ ساڵی و سەرووتر)، هەموو ئەو چالاکیە ئابوریانە دەگرێتەوە کە پەیوەندییان بە بەتەمەنەکانەوە هەیە،و کاریگەریشی لەسەر زۆرێك لە کەرتەکان هەیە و تەنها یەك کەرت نیە بەڵکو سیستەمی بەرهەمێنان و دابەشکردن و بەکارهێنانی کالاٌ و خزمەتگوزاریەکانیش کە ئامانج لێی بەکارهێنانی توانای کڕینی بەتەمەنەکان و بەجێهێنانی پێداویستیەکانی بەکارهێنانیان و ژیان و تەندروستیانە،لەوانەش تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیەکان و کەرتی دارایی و نیشتەجێبوون و گواستنەوە و وزە و گەشتگوزار و کەلتور و ژێرخان و خزمەتگوزاریە ناوخۆییەکان و خزمەتگوزاریی چاودێریە تەندروستیە درێژ خاینەکان).

واپێشبینیش دەکرێت کە لەماوەی ٣٠ساڵی داهاتوودا گرنگیدان بەم ڕەنگەی ئابوری ڕوو لە زیادبوون بکات لەکاتێکدا کە توێژی بەتەمەنەکان توێژێکی گەورە و گەشەکردوو پێکدێنن لە زۆرێك لە بازاڕەکان.

٤. ئابووری سوور Red Economy:

بریتیە لەو (ئابورییەی کە حکومەت کۆنترۆڵی زۆربەی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کردوە )، ئەم ڕەنگەی ئابوری ڕەنگێکی شیوعی هەیە،ئەم جۆرە ئابوریە زۆرێك لە گرنگی خۆی لەدەستداوە دوای ڕووخانی شیوعیەت لە یەکێتی سۆڤێتدا ، شیوعیەتی مارکسیەتی نویٚ لە سەدەی نۆزدەهەمدا سەریهەڵدا،هەندێك وای پێناسە دەکەن کە بزوتنەوەیەکی فکری و ئابوریە کە کارل مارکس دایناوە کە وەستاوەتە سەر ڕەتکردنەوەی خاوەندارێتی تاکەکەسی و ڕەتکردنەوەی کەڵەکەکردنی سەرمایە و بەشداریکردنی هەموو خەڵکی لە بەرهەمهێناندا وەکو یەك.

ئاشكرایە ئەم ئابوریە سوورە زۆر ڕەخنەی ئاڕاستە كراوە،هەرئەوەش وایكردوە كە زۆرێك لە قورسایی خۆی لەدەستبدات،بەتایبەتیش لەسایەی خاوەندارێتی بەكۆمەڵ بۆ هۆكارەكانی بەرهەمهێنان، وئامانجی بەرهەمهێنانیش بریتی بێت لە تێركردنی پێداویستیە گشتیەكان،ونرخی كالاّكانیش نرخی كارەكە دیاریدەكات كە لەبەرهەمهێنانیدا بەكارهاتوە.

جێگەی ئاماژەبۆكردنە كە گەورەترین ڕەخنە كە ئاڕاستەی ئابوری سوور دەكرێت بریتیە لە بەڕێوەبردنی چالاكی ئابوری لەڕێگەی پلانی ناوەندیەوە( كێشەی ناوەندێتی)،كەئەوەش خاڵی بنەڕەتیە لە كێشەی بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا.

ئەمە جگە لەنەبوونی كێبڕكێ بەتەواوەتی،هەربۆیە پاڵنەری گەشكردن و نزمكردنەوەی تێچوو بوونیان نەبوو.

٥. ئابوری سپی White Economy:

زاراوەی Flat White Economy داهێنرا كە مەبەست لێی ئابوری ژمارەییە كە پەیوەستە بە هۆكارەكانی پەیوەندیكردن و تەكنەلۆجیای زانیارییەوە.ئەم زاراوەیە لەلایەن ئابوریناسی بەریتانی دۆگلاس ماكویلیامز لە كتێبەكەیدا بەناونیشانی( ئابوری سپی تەخت):چۆن ئابوری ژمارەیی لەندەن و شارەكانی ئایندەی تر دەگۆڕێت.

ماكویلیامز وایدەبینێت كاركردن لەو پیشەسازیانەی كە پاڵ بە ئابوریەوە دەنێت بەرەو گەشەكردن وەك بازرگانی ئەلكترۆنی و بەبازاڕكردن بەشێوەیەك ئەو كۆمپانیا داهێنەرانەی سەر ئنتەرنێت دەستدەكەن بە كۆبونەوە،و بازرگانەكانیش لەدەوری ئەو كۆمپانیایانە دەستپێدەكەن.

پرۆفیسۆر دۆگلاس ماكویلیامز لە كتێبەكەیدا كە لەساڵی ٢٠١٥ چاپیكرد بەناونیشانی (ئابوری سپی تەخت چۆن ئابوری ژمارەیی دەگۆڕێت،لەندەن و شارەكانی ئایندە) بەشێوەیەك ئابوری سپی هەلی كاری لەلەندەندا دووهێندە زیادكرد. گەشەكردنیشی بەخێرایی گەورە زیادكرد،بەتایبەتیش لە میانەی فرۆشتن و بەبازاڕكردن لە ڕێگەی ئنتەرنێتەوە،ئابوری سپی بریتیە لەو سیستەمەی كە چواردەوری پیشەسازی تەكنەلۆجیای زانیاری داوە بەمانا فراوانەكەی.

ئابوری سپی دادەنرێت بە گرنگترین بزوێنەر بۆ ئابوری بەریتانیا،ئەم زاراوەیە پێكدێت لە كاری ژمارەیی و داهێنەرانە كە كۆدەكرێنەوە دەربارەی ناوچەی گۆڕەپانی سلیكۆن لە باكوری ڕۆژهەلاّتی لەندەن و هونەرەكانی كات بەسەربردن و توێژینەوەی زانستی و پێشخستن،سەرەڕای بانگەشكردن وگەڕانی بازاڕ و پەیوەندیە تەلی و بێ تەلەكان.

٦. ئابوری كایی Brown Economy :

( ئەو ئابورییەیە کە بەزۆری گەشەی ئابوری تیایدا پشتدەبەستێتە سەر چالاکیە کاولکاریەکانی ژینگە ،بەتایبەتیش سووتەمەنیە پیسکەرەکانی ژینگە وەکو خەڵوز و نەوتی خاو و غازی سروشتی، هەروەها ئەو غازانەی کە دەبنە هۆی پەنگخواردنەوەی گەرما کە ئاستەکانی زۆر بەرزبونەتەوە وەکو غازی CO2 و CH4و CO).

بانکی نێودەوڵەتی ئاماژەدەدات بەوەی کە پیسکردنی هەوا تێچوەکەی بەتەنها ساڵانە قورسایی دەخاتە سەر ئابوری هەموو جیهان بەزیاتر لە پێنج تریلیۆن دۆلاری ئەمریکی ،جا پیسکردنی ئاو و هەوا سیمای دیاری ئەم جۆرە ئابوریەن بە کاریگەریە زیانبەخشەکانیان،گەشەی ئابوری پشتدەبەستێتە سەر سەرچاوە دیاریکراوەکان و ئاستی پیسبوونی ژینگەیی دروستبوو کە هەڕەشەیە بۆ سەر تەندروستی مرۆڤایەتی لەسەر گۆی زەوی.

لە ئێستادا دەبینین زۆرێك لەولاٌتانی جیاوازی جیهان دەستیانکردوە بە پاڵپشتیکردنی ئەو پرۆژە خاوێنانە و ئاسانکاری بۆ جێبەجێکردنیان بە ئامانجی هاندانی وەبەرهێنان بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی نمونەیی بۆ بەرهەمهێنان کە ڕەچاوی هۆکارە ژینگەییەکان بکەن لەهەموو هەوڵێکدا بە ئاڕاستەی گەشەکردن.لەئەنجامی ئەوەشەوە چەمکێکی نوێ بۆ ئابوری هاتۆتە کایەوە کە بە (ئابوری سەوز) دەناسرێت.کە ئەویش بە ڕۆڵی خۆی بەشداردەبێت لە هێنانەدی (بیرۆکەی گەشەی بەردەوام).

٧. ئابوری سەوز Green Economy :

لەگەڵ زیادبوونی فشارە ژینگەییەکان لە ئەنجامی گەشەی ئابوریدا ئەوا ئاڵنگاریەکانیش پێشکەوتوون بۆ وەدیهێنانی گەشەی بەردەوام لە میانەی پەڕینەوە لە گەشەی ژینگەیی نابەردەوام،کە یەکەم ناسراوە بە گەشەکردن و دووەمیش بە خاوێنی وبە دەستپێکردن بەرەو چەمکێکی نوێ کە دەوەستێتە سەر گەشەی ئابوری ژینگەیی بەردەوام کە بە (ئابوری سەوز)دەناسرێت.ئابوری سەوز نوێ نیە بەڵکو هەنگاو بەهەنگاو لەپاڵ بزوتنەوەی ژینگەییدا گەشەدەکات،و دیدێکی نوێ بۆ ژیانی ئابوری دادپەروەر و بەردەوام دەخاتە بەرچاو.

چەمکی (ئابوری سەوز)ئاماژەیە بۆ چالاکی و گەشەی ئابوری کە ئامانج لێی وەدیهێنانی گەشەی بەردەوامە لەگەڵ ڕەچاوکردنی ڕێگەگرتن بۆ مەترسیە ژینگەییەکان و نەمانی توخمە ژینگەییەکان. بەرنامەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ژینگە ،ئابوری سەوز وا پێناسە دەکات کە ( سیستەمێکە لە چالاکی ئابوری کە دەتوانێت جۆری ژیانی مرۆڤ باش بکات بۆ مەودای دوور،بەبێ ئەوەی نەوەکانی ئاینده ڕووبەڕووی مەترسیە ژینگەییەکان بکاتەوە یان کەمبونەوەی ئیکۆلۆجی مەترسیدار).شارەزا و شیکەرەوەکان پێشبینیدەکەن کە پێشکەوتنی ئابوری سەوز ببێتە هۆی گۆڕان لە شێوازی بەکارهێنانی

نا بەردەوام بۆ گەشەی ئابوری لە کەرتەکانی گشتی و تایبەتدا،بەشێوەیەك دروستکردنی ئابوری سەوز ڕێگایەك پێکدێنێت بەرەو وەدیهێنانی گەشەی بەردەوام کە گەشەی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و ئابوری هەموویان دەگرێتەوە.

٨. ئابوری شین Blue Economy :

ئابوری شین لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەدەرکەوت وەك گرنگترین مەسەلە ئابورییەکان،لەدوای گەشەی چەمکی ئابوری سەوزی پشتبەستوو بە وزەی خاوێن،سەرەڕای نوێبوونی (ئابوری شین) بەلاَم جێگەی گرنگیپێدانێکی گەورەیە،کە سنورەکانی ئەکادیمی و توێژینەوەکانی بڕیوە،و گەیشتۆتە ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیاری ئابوری و سیاسی لە زۆرێك لە ولاَتاندا،بەتایبەتیش لە سایەی بوونی ژینگەی دەریایی لەچواردەوری جیهان ،جا بەپێی ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەوا نرخی چالاکی ئابوری زەریاکان لەچواردەوری جیهاندا بەلانی کەمەوە دەخەمڵێنرێت بە نزیکەی ٢٤ تریلیۆن دۆلار ساڵانە ،ئەوەش هەموو سەرچاوە و خزمەتگوزاریە جیاوازەکان دەگرێتەوە لە گواستنەوەی دەریایی کە ڕێژەی ٩٠٪ پێکدێنێت لە چالاکیە بازرگانیەکان لە جیهاندا.

ناونانی (ئابوری شین) دەگەڕێتەوە بۆ ئابوریناسی بەلجیکی گۆنتەر پاولی لەدوای دەستپێشخەریە جیهانیەکە کە لەلایەن ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵی سەربەنەتەوە یەکگرتوەکانەوە ئاشکراکرا لەساڵی ٢٠١٢دا لەمیانەی کارەکانی کۆنگرەی ژینگەی جیهانی لە شاری ڕیۆدی جانیرۆ لە بەرازیل.

دەتوانرێت پێناسەی (ئابوری شین ) بکرێت بەوەی کە بریتیە: لەو ئابورییەی کە گرنگی دەدات لە بەڕێوەبردنی باش بۆ سەرچاوە ئاویەکان و پاراستنی دەریا و زەریاکان بەشێوەیەکی بەردەوام بۆ پاراستنیان لە پێناو نەوەکانی ئێستاو ئایندەدا،بەپێی بانکی نێودەوڵەتی ئابوری شین بریتیە لە بەکارهێنانی بەردەوام بۆ سەرچاوەکانی زەریاکان لە پێناو وەدیهێنانی گەشەی ئابوریدا،و باشکردنی ڕێگەی ژیان و ئیشوکارەکان،لەگەڵ پارێزگاریکردن لە سیستەمی ژینگەی زەریاکان.

پێشبینی دەکرێت لەسەر ئاستی جیهان کە ئابوری شین گەشە بکات بە تێکڕای دووهێندە جیا لە ئابوریەکانی تر تا ساڵی ٢٠٣٠.بەشێوەیەك ئابوری شین دادەنرێت بە کلیلی خێراکردنی گەشەی ئابوری و دروستکردنی هەلی کار و بەرەنگاربونەوەی هەژاری،و بەکارهێنانی سەرچاوە ئاوییەکان بەشێوەی بەردەوام.

٩. ئابوری پەمەیی Purple Economy :

ئەم چەمکە لە فەڕەنسا و لە ساڵی ٢٠١١وە لە ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەڕەنسیەوە دەرکەوت لە میانەی کۆمەڵەی(دیفیرسیۆم) ،کە لە پاریس ڕێکخرا وەك یەکەم دیداری نێودەوڵەتی دەربارەی ئابوری پەمەیی

لە ژێر چاودێری هەریەکە لە ڕێکخراوی یونیسکۆ و یەکێتی ئەورووپا و کۆمسیۆنی ئەورووپادا.

ئابوری پەمەیی بریتیە: لەوەی کە لە نێو دووتوێی خۆیدا کۆمەڵە بەهایەك هەڵدەگرێت کە بەشێوەیەکی توند پەیوەستن بە ڕۆشنبیری و کەلتوری کۆمەڵگاوە،کە وەلاّمدانەوە و کارلێکردنی مرۆڤ وەدیدێنێت،بەوەش ڕۆشنبیری و کەلتور دەچێتە خزمەتی ئابوریەوە و دەگاتە ئامانجەکانی و ڕۆشنبیری وا وەصفدەکرێت کە بریتیە لە هێزی نەرم کە کاریگەری گەورەی هەیە لە ئابوریدا،کە دەکرێت دابنرێت بە نمونەیەکی پشتبەستوو بە گەشەی ڕۆشنبیری و کەلتور بۆ دەرچوون لە قەیرانی دارایی،بەشێوەیەك ڕۆشنبیری و کەلتور دەتوانێت دووبارە ئاڕاستەی ئابوریەکانی سبەینێش بکات.

ئابوری پەمەیی بریتیە: لە هاوپەیمانی نێوان ئابوری و ڕۆشنبیری و کەلتور،بۆ پێدانی سیمایەکی مرۆیی بەسەر بەجیهانیبووندا بۆ ڕێکەوتنی نێوان گەشەی ئابوری و بەردەوامبوون.دادەنرێت بە بوارێکی مژدەبەخش لەبەرئەوەی نمونەیەکە ڕاوەستاوەتە سەر گەشەی ڕۆشنبیری و کەلتور بۆ دەرچوون لە قەیرانە ئابورییەکان،و ئاڕاستەکردنی ئابوری ئایندەیی،هەروەها نوێکردنەوەی چالاکیە بەرهەمێنانەکان،بەشداریکردنی ئابوری پەمەیی لە دروستکردنی ژینگەی ڕۆشنبیری و کەلتوری هەمەجۆری دەوڵەمەند دەیکاتە تەوەری پشتبەستن لە وەدیهێنانی ئامانجەکانی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی.

پێشبینی دەکرێت کە ئابوری پەمەیی ببێتە جێگەی گرنگیپێدانی زیاتر و گەلێك کۆنگرەی بۆ ببەسرێت لە ماوەکانی داهاتوودا لە پێناو گەیشتن بۆ ناسینێکی گشتگیر بۆی و دانانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە سەرەتاکانی پەیوەندیدار،و دەرخستنی گرنگی ئابوری پەمەیی لە وەدیهێنانی گەشەی بەردەوام و وەستان لەسەر ئالنگاریەکان کە ڕووبەڕووی ئابوری پەمەیی دەبێتەوە لەسایەی بەجیهانیبووندا.

١٠. ئابوری زەرد Yellow Economy :

بەوپێیەی کە وزەی خۆر ڕۆڵێکی تەوەری و ناوەندی دەبینێت لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا بەشێوەیەکی گشتی،و بواری ئابوریش بە تایبەتی، ئەم ئابوریەش وەك کۆڵەکەیەك و پایەیەکی بنەڕەتی لە ئابوریدا وایکردوە کە ڕەنگێکی تایبەتی بۆ دابنرێت بۆ ئەوەی لە لقەکانی تری ئابوری جیایبکاتەوە و پێی دەوترێت (ئابوری زەرد).

دەتوانرێت کە پێناسەی (ئابوری زەرد) بکرێت بەوەی کە بریتیە لە :( ئابوریەکە گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوەی وزەی خۆر و چۆنێتی سوود وەرگرتن لێی بۆ دەسکەوتنی گەشەی بەردەوام) لەبەرئەوەی بۆتە( سەرچاوەی سەرەکی بۆ زۆربەی سەرچاوەکانی وزە)،هەروەك چۆن سەرچاوەیەکی خۆڕاییشە و

بێسنوریشە لە وزەدا ،سەرەڕای ئەوەی وزەیەکی دڵنیاییشە و دەتوانرێت بگەیەنرێتە جێگە دوورە دەستەکانیش کە هیچ سەرچاوەیەکی تر لە وزە نایگاتێ.

گرنگی (ئابوری زەرد ) لەوەدایە کە پێویستیەکی حەتمی و ناچارییە ،کە پارێزگاریکردنە لە مافی نەوەکانی ئایندە لە بوارەکانی وزەی کلاسیکی وەکو خەڵوز و نەوت و غازی سروشتی،و مەودا و تەمەنی بەکارهێنانی ئەو وزانەش درێژدەکاتەوە ،جا لەسایەی بەکارهێنانی جیهانی بۆ کارەبا بەشێوەیەکی گەورە،و زیادبوونی تێچووی بەکارهێنانی سووتەمەنی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا سەرەڕای کەمکردنەوەی دەرچوونی غازەکان،لەبەرئەوە پێویستی زۆر دەرکەوت بۆ گرنگیدان بە سەرچاوەکانی وزەی نوێ بۆوە کە بریتین لە گرنگترین سەرچاوەکان بەبێ ڕکابەر کە ئەویش(وزەی خۆرە).

بەکارهێنانی وزەی خۆر گەلێك ئامانج وەدیدێنێت کە بنەچەی هەموو گەشەکردنێکە ،بەتایبەتیش گەشەی بەردەوام،کە ئەو ئاراستەیەیە کە پێویستە زۆرێك لە وڵاتانی جیهانی پێشکەوتوو و گەشەسەندوو پشتیوانی بکەن وەکو یەك،ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی پەیوەستدار بەگەشەی بەردەوام، لەبەرئەوە پێویستە وڵاتە جیاوازەکانی جیهان میکانیزمی گونجاو پیادەبکەن بۆ سوودوەرگرتن لە وزەی خۆر و کاربکەن لەسەر دانان و زامنکردنی ئابوری زەرد لە ستراتیژیەتی گەشەکردنی بەردەوامدا تا ساڵی ٢٠٣٠.

بۆیە گرنگە کە لە کوردستاندا و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش وەکو هەموو وڵاتانی پێشکەوتوو و تازەگەشەسەندووی ناوچەکە و جیهان ،بەرنامە و ستراتیژیەتی ئابوری خۆی دیاریبکات و کاری لەسەربکات بۆ ئایندە و لانی کەم تاساڵی ٢٠٣٠ کە ئەو جۆرە ئابوریانە پیادە بکات کە بەسوود و قازانجی نەوەکانی ئێستا و ئایندەی گەل و وڵاتەکەمان دەشکێتەوەو دەتوانرێت کەشوهەوا و ژینگەیەکی تەندروست و پێشکەوتوو و دادپەروەر و خۆشگوزەرانیان بۆ وەدیبێنن،و دووربکەونەوە لە گەندەڵی و مشەخۆری و بەکاربەری،بۆئەوەی نەبینە پاشکەوتەی جیهان و ناوچەکە و خەڵکی بۆ پێشەوە ئاراستەبکەن و ئێمەش بۆ دواوە پاشەکشە بکەین.ئاشکرایە جیهانی سەردەم و پێشکەوتوو ڕوەو ئابوریەکانی (سپی و زیوی وسەوز و شین و زەرد و پەمەیی )هەنگاودەنێن کە هەم بریتین لە وزەی نوێ وەکو وزەی خۆر ودەریا و زەریاکان وپاراستنی ژینگە و مانەوەی بە سەوزی و گرنگیدان بە ڕۆشنبیری و کەلتور و تەکنەلۆجیا نوێکان و پەیوەندیەکانی ئنتەرنێت و گەشەی بەردەوامی ئابوری و خاوێن و هەمیش خاوەن دەسکەوت و داهاتی زۆر باشیشن،و دووربکەونەوە لە ئابوریەکانی (خۆڵەمێشی و ڕەش و سوور وکایی) کە ئابوری نایاسایی وپڕاوپڕن لەگەندەڵی و نادادپەروەری و خۆدزینەوە لەباجدان . بەهیوای ئەوەی کە کوردستانیش سوودببینێت لەو بیرۆکە و تیۆریە ئابوریە بەکەڵکانەی جیهان لەپێناو گەشەی بەردەوامی کۆمەڵگای کوردەواریدا.

==========================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ١٠ و١١/١/٢٠٢٣ دا بلاۆکراوەتەوە.

# پڕۆسەی شەفافیەت
# چۆن دەستپێبکرێت و بەمەبەستی چی ؟ *

هەموو پڕۆسەیەك بچوك بێت یان گەورە لەسەر ئاستی ناوچەیەك بێت یان هەرێم یان وڵاتێك یان تەواوی جیهانیش بێت،گەرەکە کە لەسەر چەند بنەمایەکی زانستی پیادەبکرێت و لەسەر زەمینەی واقعیش ئەنجامبدرێت،لەو بنەمایانە :

- بوونی پلانێکی زانستی و واقعیانە بۆ چۆنێتی ئەنجامدانی پڕۆسەکە.
- دیاریکردنی ئامانج و مەبەستە چاوەڕوانکراوەکان لە پڕۆسەکە.
- نیەتی ڕاستەقینە و ڕاستگۆیانە بۆ سەرختستنی پڕۆسەکە.
- دابینکردنی هەموو پێداویستیە مادی و مەعنەوی و نەفسیەکان بۆ سەرختستنی پڕۆسەکە.
- سووربوون و بەردەوامبوونی پڕۆسەکە تاگەیشتن بەدوا ئامانجی نەك لەنیوەی ڕێگە وازیلێبهێنرێت.

بەم شێوەیە دەتوانرێت گەورەترین پڕۆسەی شەفافیەتی سیاسی یان ئابوری یان کۆمەڵایەتی و تەندروستی و پەروەردە و خوێندن و فێرکردن و ئەمنیش ئەنجامبدرێت و گۆڕانکاری گەورەش وەدەسبێت.

ئەوەی مەبەستمانە بریتیە لە پڕۆسەی شەفافیەت لەهەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگادا لەهەرێمی کوردستان هەر لە بواری سیاسی و ئابوری و بازرگانی و ئەمنی و کۆمەڵایەتی و ...هتد. بۆئەوەی هەمووان بەتاك و خێزان و تەواوی کۆمەڵگاوە لە پلانی حکومەت تێبگەن و بەشداریشبن لە بڕیاردان و سەرختستنی پڕۆسەکان وخۆیان بەخاوەنی دەسکەوت و بەرئەنجامەکانیش بزانن و ببنە پاڵپشت و پشتیوانی سەرسەختی پڕۆسەکەش.

لەهەرێمی کوردستاندا و لەم قۆناغەدا مەسەلەی ناشەفافیەت لە چۆنێتی حوکمڕانی و بڕیاردانی سیاسی و بەڕێوەبردنی ئابوری و داهات و خەرجیەکان و لەبوارەکانی تریشدا بۆتە بابەتی گەرمی ڕۆژ ونەك هەرئەوەش بۆتە هۆکاری ململانێ حیزبیەکان و سەرهەڵدانی ناکۆکی و دوورکەوتنەوە لەیەکتری و ڕووکردنە لێکترازانیش.هەربۆیە پێویستە هەمووان بەدوای باشترین و شیاوترین چارەسەردا بگەڕێن بۆ بەرگرتن لە هەڵکشانی ناکۆکی و دڕدۆنگی و دوورکەوتنەوەی

زیاتر لەیەکتر بەتایبەتیش لەنێوان دوو جەمسەرە گەورە و گرنگەکەی دەسەلأتدا کە بریتین لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان. و دواتریش هەموو حیزبە سیاسیەکانی تر و تەواوی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و تێکڕای شەقامی کوردستانیش.

جا پرسیار ئەوەیە چۆن شەفافیەت لە داهات و خەرجیەکانی حکومەتی هەرێمدا چێ بکرێت ؟ بەچ مەبەست و ئاراستەکیش بەرەو پێشبچێت ؟

مەسەلەی شەفافیەت لەداهات و خەرجی و بودجەی هەموو دەسەلأت و حکومەتێکدا زۆر گرنگە بۆئەوەی بتوانرێت لەلایەك داهاتەکان بەڕوونی کۆبکرێتەوە و دواتریش بەپێی یاسای بودجە خەرجبکرێتەوە بۆ تەواوی سێکتەرەکان و ناوچەکان لەسەر بنەمای پێوستیی و یەکسانی دوور لە جیاکاری و پەراوێزخستن و غەدرکردن و گەمارۆدانی ناوچەیەك لەسەر حسابی ناوچەیەکی تر تەنها لەبەرئەوەی لەژێر سایە و ڕکێفی بڕیارەکانی حیزبەکەی خۆمدا نین.گەر حکومەتی هەرێم بەتاکڕەوی و نەگەڕانەوە بۆشەریکەکانی بەتایبەتی شەریکە سەرەکی وگرنگەکەی و پەراوێزخستنی دانیشتوان و ناوچەکانی بەشێك لەهەرێمەکەی بەبێ هۆیەکی بڕواپێهێنەر و دوور لەگیانی تەبایی و برایەتی و پێکەوەکارکردن و دوور لە چەسپاندنی بنەماکانی دادپەروەری و وەکویەکی لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و پرۆژە ئاوەدانیەکاندا.ئەوا ئەو حکومەت و دەسەلأتە دەبێتە دەسەلأتێکی بچوکی قەتیسبوو لەچوارچێوەی عەقلێەتێکی تەسکی حیزبایەتی بچووك و بەرژەوەندی حیزبێك و ناوچەیەك وجوگرافیایەك و ئیدی متمانەی زۆرینە لەدەستدەدات و ناشبێتە جێگە بڕوای هەمووان بەڵکو تەنها وەك حکومەتێکی بچووکی بێزراو لێیدەڕوانرێت.

جابۆیە گرنگە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی جدی بدات کە ئیدی پرۆسەیەکی گشتگیری ڕاستەقینەی ڕاستگۆیانەی شەفافیەت پیادەبکات و بیکاتە بەرنامە و مەنهەجی کارکردنی لەلایەك بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی و لەلایەکیش بۆ نەمان و نەهێشتنی هەموو گومان و پرسیارەکان لەسەر داهات و خەرجیەکانی حکومەت بەتایبەتیش لەکاتێکدا کە ماوەی ٦ساڵە یاسای بودجە لەحکومەتی هەرێمدا نیە و لەڕووی زانستی دارایی و ژمێریاریشەوە هەر خەرجیەك کەم بێت یان زۆربێت خەرجبکرێت لەدەرەوەی یاسای بودجە دادەنرێت بە گەندەڵی و سەرپێچی و زیادەڕەوی و سزای لەسەرە.

جا پرۆسەی شەفافیەت سەرەتا بەرێکخستنی داتا وزانیاریەکان دەبێت ودواتریش بلأوکردنەوەیان لەچوارچێوەی ڕاپۆرتی ڕۆژانە یان مانگانە یان وەرزانە یان ٦مانگانە و دواتریش ساڵانەدا دەبێت.

ئیدی گرنگ نیە ئەو داتاو زانیاری و ژمارانە تەواون بە ڕێژەی ١٠٠٪ یان نا ،بەڵکو وەك هەنگاوی یەکەم گرنگ بوون و بلاۆکردنەوەی ژمارەکانە بۆ بەردەم ڕای گشتی و ڕاگەیاندن و شارەزا و پسپۆڕانی بوارەکە .چونکە لانی کەم دەتوانرێت کە لەسەر ئەو ژمارانە لێپرسینەوە و بەدواداچوون بکرێت بۆ داهات و خەرجیەکان.بەلاَم گەر هیچ داتا و زانیاریەك بەردەستنەبوون و ناشەفاف و تاریکێنرابوون و شاردرابونەوە ،ئەوا ناتوانرێت بچوکترین هەنگاو بەمەبەستی زانین و کۆکردنەوەی و دەستخستنی زانیاریەکان بدرێت و بەمەش تاریکاندن و شاردنەوە دروستدەبێت و ئیدی دەیان و سەدان گومان و پرسیاریش لای هەمووان دروست دەبێت.

لەچوارچێوەی ئەم پڕۆسەی شەفافیەتەی کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە ڕابەرایەتی بەڕێز قوباد تالەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەیەکەم هەنگاودا لەناوچەکانی پارێزگای سلێمانی وهەڵەبجە دەستپێکردوە وراگەیەنراوە ،بۆخۆی هەنگاوێکی گەلێك گەورە ودڵخۆشکەرانەیە بەئاراستەی شەفافبوونی تەواوی داهات و خەرجیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دواتریش دەستکردنە بە دانانی یاسای بودجە و تەرخانکردنی بڕە پارەی پێویستە بۆ هەموو ناوچەکان بەیەکسانی و لەسەر بنەمای پێویستی و ژمارەی دانیشتوان و پێوەرەکانی تر.بۆیە دەستکردن بەم پڕۆسەیە گەرچی تەنها لەم ناوچەیەش بێت وەك سەرەتا بۆخۆی هەنگاوێکی یەکجار بوێرانە و ڕاستودروستە بۆ شەفافکردنی تەواوی بوارەکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان. کەواتە ئامانج لەشەفافبوون بریتیە لە کۆکردنەوەی داهاتەکان و زانینی بڕەکەی و دواتریش دانانی یاسای بودجەی ساڵانە و خەرجکردنەوەی داهاتەکانە لەپێناو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان و ئەنجامدانی پرۆژە ئاوەدانیەکانە لەتەواوی هەرێمدا، گرنگیشە ئەم هەنگاو و پڕۆسەیە بەردەوام بێت و تاسەر بێت تا تەواوی ئامانجەکانی پڕۆسەکە وەدیدێت،چونکە لەکۆتادا شەفافبوونی داهات و خەرجیەکان بەپلەی یەکەم لەبەرژەوەندی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە و دەبێتە هۆی دروستبونەوەی متمانە بەحکومەتەکە لەلایەن تەواوی کۆمەڵگاوە کە بەداخەوە لە ئەنجامی تاکڕەوی و قۆرخکاری و بەرژەوەندخوازی و جیاکاری و شاردنەوەی داهات و خەرجیەکانەوە ئەو متمانەیە نەماوە یان زۆر کاڵبۆتەوە.دواتریش شەفافکردنی داهات و خەرجیەکانیش دەچێتە خزمەتی تەواوی کۆمەڵگاکەمانەوە و هەنگاوی مژدەبەخش و گەورەتریش هەڵدەنرێت بۆ گەشەکردن و بەرەوپێشبردن و ئاوەدانی زیاتری تەواوی هەرێمەکەمان و خۆشگوزەرانی تاك و خێزان و تەواوی کۆمەڵگەکەشمان.

==========================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ٢٢/١/٢٠٢٣دا بلاۆکراوەتەوە.

# چەمکی گەشەی ئابوری چیە و
# کاریگەرییەکانی چین لەسەر خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە ؟ *

چەمکی گەشەی ئابوری دادەنرێت بە چەمکێکی بڕی کە بڕی زیادەی بەرهەم پیشاندەدات لە دوور مەودادا ،و پێناسەی گەشەی ئابوری دەکرێت بەوەی کە بریتیە لە : (بڕی زیادەی وەدەستهاتوو لە دوورمەودادا لەبەرهەمی وڵاتدا).

هەروەها دەتوانرێت ئاماژە بدرێت بۆ چەمکی فراوانبوونی ئابوری : کە بریتیە لە زیادەی کاتی بۆ بەرهەم،بەهەمان شێوە دەتوانین بڵێین: کە گەشەی ئابوری : بریتیە لە وێسگەیەك بۆ فراوانبوونی ئابوری بەدوایەکدا،جا لەبەرئەوەی گەشە بریتیە لە زیادبوونی وەدەستهاتوو لەبەرهەمدا،ئەوا پشکی تاکیش لەو بەرهەمە لەبەرچاودەگیرێت،بەواتای :تێکڕای گەشەی داهاتی تاك.

- بەپێی ئەو پێناسانەی سەرەوە ئەوا گەشەی ئابوری دەردەکەوێت لە:

١. زیادەی بەرهەمی نیشتیمانی ڕاستەقینە لەنێوان دوو کاتدا.

٢. بەرزبونەوەی تێکڕای داهاتی تاکەکەسی.

هەروەها گەشەکردن دەتوانرێت هاوڕێ یان هاوتا بێت لەگەڵ پێشکەوتنی ئابوریدا، ئەگەر گەشەی بەرهەمی نیشتیمانی گەورەتر بوو لە تێکڕای گەشەی دانیشتوان،یان هاوتا نابێت بە پێشکەوتنی ئابوری ئەگەر تێکڕای گەشەی بەرهەمی نیشتیمانی یەکسان بوو بە تێکڕای گەشەی دانیشتوان، لەکاتێکدا ئەگەر تێکڕای گەشەی دانیشتوان بەرزتر بوو لە تێکڕای گەشەی بەرهەمی نیشتیمانی ئەوا گەشەکردن هاوتا دەبێت بە پاشەکشەی ئابوری.

گەشەی ئابوری دادەنرێت بە مەرجێکی پێویست،بەڵام بەس نیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی مادی تاکەکان،جا مەرجەکەی تر بریتیە لە ڕێگە و چۆنێتی دابەشکردنی زیادەی وەدەستهاتوو بەسەر تاکەکاندا،کە بابەتێکی ئاڵۆز و پەیوەستە بە سروشتی سیستمە ئابوری و سیاسیەکانی هەر دەوڵەتێکەوە.

لەلایەکی ترەوە سیمۆن کازنت (کە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵە لە ئابوریدا لەساڵی ١٩٧١دا) گەشەی ئابوری بەوە پێناسە دەکات کە بریتیە لە : بەرزبونەوەی دوور مەودا لە تواناکانی خستنەڕووی کاڵای ئابوری هەمەجۆر بەشێوەیەکی زۆر بۆ دانیشتوان،جا ئەو توانا گەشەسەندووانە

پشتدەبەستنە سەر تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو و گونجاندنی دامودەزگایی و ئایدۆلۆژی داواکراو بۆی.

جا لەو پێناسەیەوە کۆمەڵێك نیشانە و خەسڵەتی گەشەی ئابوریمان دەستدەکەوێت لەوانە:

- جەختکردنەوە لەسەر گەشەی دوورمەودا،دواتر لەسەر گەشەی بەردەوام نەك هاکەزایی و کورتمەودا.
- ڕۆڵی تەکنەلۆجیا لەگەشەی دوور مەودادا.
- پێویستی بوونی گونجاندنی دامودەزگایی و ئایدۆلۆژی،کە گرنگی سیستەمی دامودەزگایی دەردەخات لە پرۆسەی گەشەکردندا.

کارێکی گرنگ لەو پێناسەیەدا بریتیە لە کەمکردنەوەی بۆشایی لەنێوان گەشەی ئابوری وەك کارێکی خۆرسکانە،و لەنێوان گەشەپێدانی ئابوری وەك کارێکی خوازراو،جا گەشەی ئابوری بەردەوام بریتیە لە بەرئەنجامی سیاسەتی دامودەزگاکان و گۆڕینی پەیکەری و زانستی،دواتریش تەنها پرۆسەیەکی خۆرسکانە نیە وەك ئەوەی کە باو بوە لە ئەدەبیاتی کلاسیکیدا.

بەلاَم جۆن ڕیفۆرا ئاوها پێناسەی گەشەی ئابوری دەکات  کە بریتییە لە : ( پەڕینەوەی لەسەرخۆ و هەنگاو بەهەنگاو لەڕێگەی زیادکردنی بەرهەمهێنان یان خۆشگوزەرانیەوە،بەشێوەیەك ئەو دۆخەی کە پێیدەگات تەنها بەیەك ئاراستەیە بەرەو زیادەی ئەوەی کۆتایی،بەشێوەیەکی وردتر دەتوانرێت گەشەی ئابوری  پێناسەبکرێت  ( بە زیادەی کۆی داهاتی ناوخۆیی ولاَت لەگەڵ هەموو ئەو زیادەیەی کە بەدەستدێت لە پشکی تاك لە داهاتی ڕاستەقینەدا ).

لەلایەکی ترەوە ئابوریناسی ئەمریکی کوزینتس وایدادەنێت کە  گەشەی ئابوری بریتیە لە : (ڕوودانی کاریگەری زیادە بەردەوامەکان لە بەرهەمهێنانی سامانە مادیەکاندا) ،جا وەبەرهێنان لە سەرمایەی مرۆیی و مادیدا دادەنرێت- سەرەڕای پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و توانای سیستەمە ئابورییەکە- بە سەرچاوەی سەرەکی بۆ گەشەی ئابوری،جا سەرمایەی مادی و مرۆیی کاریگەری دەبێت بەشێوەیەکی ئەرێنی لەسەر بەرهەمهێنانی کرێکار و گەشەی هێزی کار لەڕووی ڕاهێنان و ئامادەکردنەوە تا ئەو سنورەی کە ڕێژەی هێزی کاریگەری ئابوری زیاد دەکات ،بەلاَم پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا مانای بەکارهێنانی شێوازی تەکنەلۆجیایی نوێیە لەڕێگەی داهێنان و دۆزینەوەوە، سەرەڕای ڕەگەزی مەترسی لە دامەزراوە بەرهەمهێنەرەکاندا،بەلاَم سیستەمە ئابورییەکان تواناکانیان دەردەخەن لە ڕێگەی گواستنەوەی سەرچاوە سروشتیەکانەوە بۆ بوارەکانی کە تیایدا ئابورییەکان قەوارە و دۆخی نمونەیی بەرهەمهێنان وەدەستدێنن.

بۆیە گرنگە کە هەرسێ ڕەگەز و هۆکارە هاندەرەکەی گەشەی ئابوری بون و ئامادەگییان هەبێت لەپلان و پرۆسەی گەشەپێدانی ئابوری هەر کۆمەڵگا و ولاتێکدا کە ئەوانیش خۆیان دەبیننەوە لە ( وەبەرهێنان لە سەرچاوە مرۆیی و مادیەکاندا ، بەکارهێنانی تەکنەلۆجیایی نوێی پێشکەوتوو ، سیستەمێکی ئابوری گونجاو) ،کە بەهەرسێکیان دەتوانن پلان و سیاسەتێکی ئابوری سەرکەوتوو دابڕێژن و ئەنجامەکانیشی بریتی دەبێت لە زیادکردنی بڕی بەرهەمهێنان و ئەمەش دەبێتە هۆکاری زیادبوونی داهاتی گشتی ولات و کۆمەڵگا و دواتریش ڕەنگدانەوەی لەسەر زیادبوونی داهاتی تاکە کەسی کە دوو سیمای گەشەکردنی ئابورین لەهەر کۆمەڵگا و ولاتێکدا.کەواتە گەشەی ئابوری کاریگەری گەورە و دیاری هەیە لەسەر گەشەی کۆمەڵگا و خۆشگوزەرانیەکەی و هەرکات ئابوری کۆمەڵگایەك بوژایەوە و ڕوولەهەڵکشان و زیادبوونی بەرهەم بوو ئەوا مانای زیادبوونی داهاتی گشتی و تاکەکەسی دەگەیەنێت و بەرئەنجامیش کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەرانی لێدەکەوێتەوە.

بۆیە گرنگە کە لەهەرێمی کوردستان و لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە،سالانە یان پلانی پێنج ساڵەیی و دوورتریش دابنرێت لەبواری ئابوریدا و هەموو تواناکان بخرێنە خزمەت گەشەی ئابورییەوە و هەموو پێداویستیە مادی و مرۆییەکانی بۆ دابینبکرێت بۆئەوەی بتوانرێت کە خواست و ویستی تاك و کۆمەڵگای کوردەواری وەدیبێت لە خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنی زیاتر و دابینکردنی ئارامی و ئاسایشی کۆمەلایەتی و ڕەخساندنی هەلی کاری بەردەوام بۆ گەنجان ،ئەوەش بە هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات و ئابوری دەبێت بە پشتبەستن و وەبەرهێنان و وەگەڕخستنی تەواوی کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزار وسەرچاوە مرۆییەکان لەپاڵ سەرچاوەکانی وزە لە نەوتی خاو و غازی سروشتی و کانزاکان و ....هتد.نەك بەتەنها پشت ببەسرێتە سەر داهاتی نەوتی و وەك ولاتێکی (قازانج ویست/ ڕەیعی)مامەڵە لەگەڵ ئەو هەموو سەرچاوە سروشتیانەدا بکرێت و ئەنجامیش تەنها کۆمەڵگەیەکی بەرخۆر دروستبکەین کە بۆ دابینکردنی تەواوی پێداویستیەکانی ڕۆژانەی پشت ببەستێتە سەر ولاتانی دەرەکی.کەئەمە بۆخۆی مەترسیدارترین هەڕەشەیە لەسەر بوون و مان و ئاینده وپێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردەواریمان و هەر کۆمەڵگەیەکی تریش.

==========================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ٢٥/١/٢٠٢٣ دا بلاوکراوەتەوە.

# نەخۆشی هۆڵەندی لە ئابوریدا
# کاریگەریە خرا پەکانی و چارەسەرکردنی *

ئاشکرایە زانستی ئابوری یەکێکە لە لقە گرنگەکانی زانست و گرنگیەگی گەورە و کاریگەری گەورەشی هەیە لە ژیانی هەموو تاك و خێزان و کۆمەڵگا و وڵاتێك و کۆمپانیا بازرگانیەکاندا، وەکو هەموو دیاردە زیندوەکانی ناو کۆمەڵگاش ڕووبەڕووی کێشە و گرفت و هەڵئاوسان و هەڵکشان و داکشان و قەیران و نەخۆشی دەبێتەوە و بۆ هەموو کێشە و قەیرانێکیش چارەسەری گونجاو و زانستی هەیە لەسایەی زانست و بیرۆکە و تێوریە ئابوریەکانەوە کە لەلایەن بیرمەندانی ئەو بوارەوە دارێژراون و تاقیشکراونەتەوە و هەریەکە لەو تیوریانەش کێشە و کەموکوڕی خۆیان هەیە و سیفاتی جیاکەرەوەی باشیشیان هەیە و هەریەکەشیان بۆ قۆناغ و سەردەمێکی دیاریکراو سوودوکەڵکیان هەبوە .

لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی جیهانیش و پێشکەوتنە تەکنەلۆجیە سەرسوڕهێنەرەکانی ئەم سەدەیەشدا جۆرەها بیرۆکە و قەیرانی دارایی و ئابوری سەریانهەڵداوە هەربۆیە پێویستیش دەکات کە بە گوێرەی ڕۆژ و سەردەمەکە بیر لە چارەسەرکردنیان بکرێتەوە،وەیان زۆربەی کێشە ئابوریەکان خۆیان لەسوڕی ئابوریدا دەبیننەوە کە بواری دووبارەبونەوەیان هەیە لە قۆناغە جیاوازەکاندا.دەکرێت کۆمەڵگاو وڵاتەکانیش سوود و کەڵك لەهەڵە و قەیرانە ئابوری و داراییەکانی یەکتر وەربگرن و بتوانن قەیرانەکان لەسەرخۆیان سووکبکەن بەگرتنەبەری ڕێگاچارە تاقیکراوەکان بەشێوەیەکی زانستی و ژیرانە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە باسی بکەین بریتیە لەوەی کە پێی دەوترێت (نەخۆشی هۆڵەندی لە ئابوریدا) ،ئەم نەخۆشیە چییە و هۆکارەکانی چین و چۆنیش چارەسەردەکرێت؟

نەخۆشی هۆڵەندی لە ئابوریدا :بریتیە لەو چەمکەی کە باس لە دیاردەیەکی ئابوری دەکات کە گەشەی خێرای یەك کەرتی ئابوری (بەتایبەتیش سەرچاوە سروشتیەکان) دەگرێتەوە،وەدەبێتە هۆکاری دارمانی کەرتەکانی تری ئابوری و کاریگەری خراپ دەکاتە سەر تەواوی ئابوری وڵاتیش.

ئەم چەمکە(نەخۆشی هۆڵەندی) بۆ یەکەم جار لە گۆڤاری The Economist لە ساڵی ١٩٧٧ باسکراوە بەمەبەستی شیکردنەوەی دۆخی ئابوری هۆڵەندا و ئیدی لێرەوە ئەم چەمك و زاراوەیە هاتەکایەوە،دوای دۆزینەوەی کێڵگەکانی غازی سروشتی گەورە لەساڵی ١٩٥٩دا.

ئاشکرایە ولاٌتی هۆڵەندا تا ساڵی پەنجاکانی سەدەی ڕابووردوو ئابوریەکی تاڕادەیەك هاوسەنگی هەبوو لە نێوان کەرتەکانی ئابوریدا لە پیشەسازی و کشتوکاڵ و ...هتد.تا ئەوکاتەی بڕێکی گەورە لە غازی سروشتی دۆزرایەوە لەدەریای باکوردا.ئیدی بوە هۆی گۆڕانێکی گەورە لە ئابوری هۆڵەندادا و ئابوریەکەی لە ئابوریەکی هاوسەنگی نێوان هەموو کەرتەکانەوە بوە ئابوریەکی تاکە سەرچاوە (ڕەیعی// قازانج خواز یان کرێ ) کە ئەم جۆرە ئابوریە بە پلەی سەرەکی پشتدەبەستێتە سەر وەدەستهێنانی داهات لەسەرچاوە سروشتیەکانەوە وەکو نەوت و غازی سروشتی و گەشتوگوزار و...هتد.کە بەشداریکردنی هاولاٌتیان تیایاندا کەم ودیاریکراوە.جا لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریەوە و لەماوەی ١٥ ساڵدا کۆمەڵگای هۆڵەندی ڕووبەڕووی دەوڵەمەندیەکی زۆر بوەوە و بونە کۆمەڵگایەکی بەکاربەر و ئیدی هاولاٌتیان وازیان لەو کەرتانە هێنا کە بەرهەمهێن بوون وەك کشتوکاڵ و پیشەسازی و ڕوویانکردە کاری ئیداری و پڕۆژەکانی خزمەتگوزاریەوە.

جا لە ئەنجامی بەرزبونەوەی داهاتە نەوتیەکان و دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان لە کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵیدا.ئەوا ڕێژەی بێ کاری لەساڵی ١٩٧١دا کە ڕێژەی ١,٤٪ بوو بەرزبۆوە بۆ ڕێژەی ٥,٨٪ لەساڵی ١٩٧٩دا. و بەمەش نرخی دراوی نیشتیمانیش بەرزبۆوە بەهۆی زیادەی داهات لە بودجەی بازرگانی ولاٌتدا،کە بەشێوەیەکی خراپ کاری کردە سەر هەناردە نەوتیەکان، و بەرزبونەوەی تێچووی بەرهەم کە بوە هۆکاری ئەوەی کە هەناردە نانەوتیەکان توانایان کەم بۆوە لەسەر ڕکابەری بازارە جیهانیەکان.لەهەمان کاتیشدا خواستی ناوخۆیی زیادیکرد لەسەر کالاٌ هاوردەکان.

جا لەسایەی ئەم گۆڕانکاری و دۆخە تازانەوە ڕێژەی بێکاری بەرزبۆوە لەبەرئەوەی کەرتی نەوت کرێکاری کەمتر پێویستە و ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کە ڕووکردن و هاندان بۆ وەبەرهێنان لەکەرتەکانی تردا کەم ببێتەوە و بەقازانج نەبێت.هەروەها بوە هۆکاری ئەوەی کە خواست نەمێنێت بۆ چاکسازیەکان، بەمەش ڕێژەی شەفافیەت بەرەو کزبوون چوو کە بریتیە لەکۆڵەکەیەکی بنەڕەتی لە پرۆسەی گەشەی ئابوریدا.جا نەبوونی ئەم شەفافیەتە لە داهات و خەرجیەکانی بەرهەمە نەوتیەکاندا فشار لەسەر حکومەت و دەسەلاٌتەکان کەم دەکاتەوە لە ئەنجامی شاردنەوەی زانیاری و داتا داراییەکان کە پەیوەندیان بەداهاتەکانی نەوتەوە هەیە.سەرەڕای ئەوەی کە گەر سەرچاوە سروشتیەکان زۆربوون و حکومەتەکانیش زاڵبوون بەسەریاندا بەبێ بوونی هیچ دەزگایەکی چاودێری کارا،ئەوا دەسەلاٌتە تاکڕەو و خۆسەپێنەکان بەئاسانی دەتوانن دەنگە نارازیەکانی ئۆپۆزسیۆنی کۆمەڵگاکانیان کپبکەنەوە.

جا نزمبوونەوەی نرخەکانی نەوت پاڵی نا بە ولاٌتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوتەوە کە بڕی بەرهەمی نەوتیان کەمبکەنەوە بەمەش قەیرانی ئابوری کەڵەکەبوو و بوە هۆی زیادبوونی کورتهێنان لە بودجەدا

بەتایبەتیش بۆ ئەو وڵاتانەی کە سەرچاوەی داهاتیان کەم و دیاریکراوە بۆ نموونە وەکو کوێت و سعودیەو ...هتد.

جا لەلایەك بەهۆی زاڵبوونی کۆمپانیا نەوتیەکان بەسەر بڕیاری ئەو وڵاتانەدا لەبەرژەوەندی کۆمپانیاکان و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی پشتبەستنی ئەو وڵاتانە بەتەنها لەسەر داهاتە نەوتیەکانیان و هەمەجۆر نەکردنی ئابوریەکەیان و دانەمەزراندنی ئابوریەکی بەهێزیش کە پشت ببەستێتە سەر کەرتەکانی تری ئابوری.وایکردوە کە هەمیشە لەژێر بەزەیی ئاڵوگۆڕ و بەرزونزمی نرخەکانی نەوتدا بن کە کاریگەری خراپ دەکاتە سەر نرخی دراوی ئەو وڵاتانە.بەمەش کاریگەری خراپ دەکاتە سەر کەرتەکانی تریش و ئابوریەکانیان تووشی ئەوە دەبێتەوە کە پێی دەوترێت ( نەفرەتی سامان یان نەخۆشی هۆڵەندی).

ئەم نەخۆشییە لە چ وڵاتێکدا ڕوودەدات ؟

ئەم نەخۆشیە لەو وڵاتانەدا ڕوودەدات کە ئابورییەکەیان بەشێوەیەکی گەورە پشتدەبەستێتە سەر هەناردەکردنی سەرچاوە سروشتیەکان لە نەوت و غازی سروشتی و کانزا گرانبەهاکان و ...هتد.جا هەناردەکردنی ئەم سەرچاوە سروشتیانە بەشێوەیەکی گەورە دەبێتە هۆکاری پاشەکشە و نەمان و لەناوبردنی کەرتەکانی تر لە ئابوری وەکو پیشەسازی و کشتوکاڵ.

جا ئەم دیاردە و نەخۆشیە بەشێوەیەکی خراپ کاریگەری دەکاتە سەر ئابوری وڵات،دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی نرخی دراوی نیشتیمانی بەهۆی زۆری داواکاری لەسەری و بەمەش نرخی تێچووی هەناردرکردنی وڵات زیاد دەبێت لە پیشەسازیەکانی تردا لەکاتێکدا هاوردەکان هەرزان دەبن.لەدوای ئەوە،بەرهەمهێنەرە ناوخۆییەکان بەرهەمەکانیان خواستیان لەسەر کەمدەبێتەوە بەهۆی گرانی نرخەکانیانەوە لە دەرەوە،سەرەڕای بوونی ڕکابەری گەورەی بیانی.ولەبەرئەوە کەرتەکانی تری ئابوریش کێشە و گرفتی زیاتریان ڕوبەڕوودەبێتەوە.

هەرێمی کوردستان و دیاردەی نەخۆشی هۆڵەندی

بەداخەوە هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی و بەسراوە و وەك بەشێك لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵی کە لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتێکی نەوتی و دەوڵەمەندە و بۆخۆی هەرێمی کوردستانیش هەرێمێکی دەوڵەمەندە بەنەوت و غازی سروشتی و سەرچاوە سروشتیەکانی تر ،بەڵام هەردووکیان بەهۆی ئەوەی کە تەنها پشت دەبەستنە سەر یەك سەرچاوەی داهات کە بریتیە لەداهاتی نەوت بەڕێژەی ٩٥٪ و زیاتریش،ئیدی گرنگیان نەداوەتە کەرتەکانی کشتوکاڵ وپیشەسازی وگەشتوگوزار و خزمەتگوزاریەکان و...هتد.هەردووکیان بونەتە دەوڵەت و هەرێمێکی خاوەن ئابوریەکی (ڕەیعی//قازانج ویست).هەربۆیە

بەهەمان شێوەی وڵاتانی نەوتی ناوچەکە تووشی نەخۆشی هۆڵەندی بونەتەوە کە لەسەرەوە باسمان لە دیاردەکە و سیما و کاریگەریە خراپەکانی کرد لەسەر ئابوری و کۆمەڵگاکان.

لە ئێستادا و لەسایەی پشتبەستن لەهەرێمی کوردستاندا بەپلەی یەکەم لەسەر داهاتی نەوت و غازی سروشتی و گرنگی نەدان بەکەرتەکانی تر، هەرێمی کوردستان ماوەی زیاد لە هەشت ساڵە بەدەست قەیرانی داراییەوە دەناڵێنێت و تووشی دیاردەکانی بێ کاری و هەژاری و پاشەکشەکردن بۆتەوە لە بواری ئابوری و بازرگانیدا.و تەنانەت ناتوانێت مووچەی مانگانەی فەرمانبەران لەکاتی خۆیدا بدات و ڕووبکاتە ئەنجامدانی پرۆژە وەبەرهێنانەکان و ئاوەدانی و خزمەتگوزاریەکانیش و وهەرێمەکە ڕووبەڕووی دارمانی کەرتەکانی تربۆتەوە و تەنانەت ئەو ژێر خانە ئابوریەی کە ماوەی سی ساڵە دروستدەکرێت ڕووبەڕووی دارمان و نەماندەبێتەوە.بۆیە دەکرێت لەرێگەی گرتنەبەری ئەم هەنگاوانەی خوارەوە هێواش هێواش وەکو هۆڵەندا خۆرزگاربکەین لەونەخۆشیە هۆڵەندییە و گەشەی ئابوری هەرێمەکەشمان بەرەو پێشەوە بەرین.

بۆزانیاری لە ئێستادا ئابوری هۆڵەندا یەکێکە لە گرنگترین ئابوریە بەهێزەکانی جیهان و توانی چارەسەری ئابوریەکەی بکات بە هەمەجۆرکردنی سەرچاوەی داهات و ئابوریەکەی.بەشێوەیەك ڕێژەی بێ کاری کەمترە لە ٥٪ کە کەمترینە بەبەراوورد بەوڵاتانی تری ئەوروپا و داهاتی ساڵانەی تاك دەگاتە ٤٥ هەزار دۆلار.ویەکێکە لەو وڵاتانەی کە خاوەنی دووەم بەرزترین تێکرای وەبەرهێنانە لەکەرتەکانی پیشەسازی کشتوکاڵیدا و یەکێکە لەوڵاتە پێشەنگەکانی ئامێرەکانی دروستکردنی گۆشتەکانی پەلەوەر و گۆشتی سوور و پەنیرەکان.و لەساڵی ٢٠١٣ بە پێنجەم ئابوری ڕکابەر لە جیهاندا پۆلێنکرا.

چارەسەریە هێورکەرەوەکان یان چارەسەرە بنەبڕیەکان ؟

هەندێك لەوڵاتە نەوتیەکان بەعێراق و هەرێمی کوردستانیشەوە لە ئەنجامی دابەزینی نرخەکانی نەوتەوە لە ١١٤دۆلارەوە بۆ ٣٠دۆلار لەساڵی ٢٠١٤دا کەوتنە خۆ بۆ کەمکردنەوەی کورتهێنانیان لە بودجەی ساڵانەدا هەندێك ڕێوشوێنی هێورکەرەوەیان گرتە بەر بە ئامانجی سووککردنی قەیرانەکە لەوانە:

١.چارەسەریە کاتی و خێراکان

- دانانی پلانی سیاسەتی دەستگرتنەوە و کەمکردنەوەی خەرجیە حکومیەکانیان گرتە بەر و سەپاندنی باجەکان و عمولە و فرۆشتنی هەندێك کەرتی حکومیش بەکەرتی تایبەت.ئەم ڕێوشوێنانە هەموانیان کاتین و بۆ جوانکردنی سیمای ئابوری و ژمارەکانن لە بودجەدا و ناتوانن دەربازبن

لەنەخۆشی هۆڵەندی تەنها بە ئەنجامدانی چاکسازی بنەڕەتی و گشتگیر نەبێت کە ببنە هۆی گەشەی ئابوری و وازهێنان لە دواکەتەی نەوت.

- ئەو چاکسازیانەش کە پێویستە ئەنجامبدرێن بۆ وەدیهێنانی گەشەی ئابوری بەشێوەیەکی هاوسەنگ لەنێوان هەموو کەرتەکانی تردا دەبێت بە ڕووکردنە وەبەرهێنان لەکەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و خزمەتگوزاریەکان.ئەمەش کەشوهەوایەکی ئەمین و سەلامەت و ژێرخانێکی گونجاوی دەوێت بۆ وەبەرهێنان و پشتیوانی و کارئاسانی گەرەکە بۆ کەرتە نانەوتیەکان وبە تایبەتکردنی کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ.
- هەروەها گەرەکە کە نرخی گۆڕانی دراوی نیشتیمانیش دابەزێت بۆ ئاستێك کە توانای ڕکابەری زیادبکات لە کەرتە نانەوتیەکاندا.لەڕێگەی ئیدارەیەکی تەندروست بۆ یەدەگی دراوە بیانیەکان.

٢. چارەسەربیە ستراتیژی و دوورمەوداکان

دەکرێت لەڕێگەی گرتنەبەری دوو هەنگاوی ستراتیژیەوە بتوانرێت چارەسەری نەخۆشی هۆڵەندی بکرێت کە بریتین لە:

١. لەسەرخۆ بەرزکردنەوەی نرخی دراوی نیشتیمانی:

ئەم ستراتیژە ئاسانە لە جێبەجێکردندا و زۆریش کاریگەرە بۆ ڕێگەگرتن لەم نەخۆشیە.ئەمەش دەکرێت لەڕێگەی خەرجکردنی داهاتەکانی وەدەستهاتووەوە بێت لە سەرچاوە سروشتیەکانەوە. بلاوترین ڕێگەش بۆ ئەمە بریتیە لە دامەزراندنی صندوقی سامانە سەروەریەکان بۆ نەوەکانی ئایندە (سیادیەکان) کە زۆرێك لەولاتە پێشکەوتوو گەشەکردوەکان صندوقی سیادی گەورە بەرێوەدەبەن وەك ولاتانی (ئوستورالیا و کەنەدا و نەرویج و ڕوسیا).ئەم صندوقانە ئامانجیان بریتیە لە جێگیرکردنی هاتنی سەرمایە بۆ ئابوری بۆ ڕێگەگرتن لە ماندووبوونی و هۆکار بۆ بەرزبونەوەی گەورە لە نرخی دراودا.دەکرێت داهاتە زیادەکان لەکەرتەکانی پەروەردە و ژێر خانەکاندا خەرجبکرێت کە دەبێتە هۆکاری هەمەڕەنگی ئابوری.

٢. هەمەجۆرکردنی ئابوری:

گرتنە بەری ستراتیژیەتی هەمەجۆرکردنی ئابوری دەتوانێت بەشێوەیەکی گەورە زالبێت بەسەر کاریگەری و ئاسەوارە خراپەکانی نەخۆشی هۆڵەندیدا لە ئابوریدا.جا هەمەڕەنگکردنی ئابوریش لەڕێگەی پشتیوانیکردنی کەرتەکانی تری ئابوریەوە دەبێت کە دواکەوتوون یان بەدانانی تاریفە بۆ پشتیوانی بەرهەمهێنەرە ناوخۆییەکانەوە.

- گرنگترین خاڵیش دەبێت حکومەت لە سیاسەتی فرۆشتنی نەوت و کۆکردنەوەی داهاتەکانی و خەرجکردنەوەشیدا زۆر شەفاف و ڕوون بێت و دوور بێت لەگەندەڵی کە هۆکاری سەرەکیە بۆ بەردەوامبوونی قەیرانە داراییەکان. گەر گەندەڵی نەبێت و حکومەتیش تەواو شەفاف بێت ئەوا دەبێتە هۆکاری ڕەخساندنی کەشوهەوای گونجاوی وەبەرهێنان و وەدیهێنانی گەشەی ئابوری.
- جا لەڕێگەی گرتنە بەری ئەم هەنگاوە بنەبڕیانەوە حکومەتی هەرێم دەتوانێت لە نەخۆشی هۆڵەندی و کاریگەریە خراپەکانی خۆی ڕزگاربکات و ولاَت و کۆمەڵگاکەشمان بەرەو گەشەی ئابوری و پێشکەوتن و ئاوەدانی زیاتر هەنگاوبنێت و وەکو هۆڵەندا ببێتە خاوەنی ئابوریەکی بەهێز کە ولاَتان و کۆمەڵگاکانی ناوچەکەش چاومان لێبکەن.بەپێچەوانەوە ئەوا لە ناو بازنەیەکی بۆشدا دەسوڕێینەوە و قەیران دوای قەیران ڕوومان تێدەکەن و ناتوانین هەنگاوێك بۆ پێشەوە و گەشە و پێشکەوتن هەڵبنێین و بەبەردەوامی بەدەست دیاردەکانی هەژاری و بێکاری و دواکەوتوییەوە دەناڵێنین.بەوهیوایەی سوود و پەند لە ئەزموونی ولاَتانی گەشەکردوو و پێشکەوتووی جیهان وەربگرین.

==========================================================

※ ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ٦/٢/٢٠٢٣ دا بلاَوکراوەتەوە.

# ئایندەی دراوی دۆلاری ئەمریکی
# لەسایەی گەمارۆدانیدا بەرەو کوێ ؟ *

لەو کاتەوەی که دۆلاری ئەمریکی( $ به ڕەمزی USD) وەك دراوێکی کاغەزی له ئەمریکادا بەڕەسمی به پێی یاسا لەساڵی ۱۷۹۲وە بۆتە دراوی ئەو وڵاتە و ناو و ناوبانگی له جیهاندا بڵاوبۆتەوە و بۆتە دراوێکی یەدەگی جیهانی گرنگ لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە و جێگەی جونەیهی ئیستەرلینی بەریتانی گرتەوە بەپێی ڕێکەوتنامەی بریتۆن وودز و دواتریش دوای ئەوەی که ئەمریکا وەك وڵاتێکی گەورە و زلهێزی جیهانی بەتایبەتی لەدوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە دەرکەوت و کاریگەری و هەژموونی خۆی سەپاندە سەر زۆرینەی جیهان و وڵاتان ئیدی دۆلار بوە دراوێك که بەشێوەیەکی فراوان له جیهاندا بەکاربهێنرێت بەپێی ڕێکەوتننامەیەك که ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی له جەنگەکەدا واژۆیان کرد له ساڵی ١٩٤٤ لەناوچەی بریتۆن وودز له ولایەتی نیو هامبشایەر و ڕێکەوتن که هەموو دراوەکانی تر به دۆلارەوە پەیوەستبکەن و دۆلاریش پەیوەستبکەن به ئاڵتونەوە. ئیدی دۆلار بووشه دراوی ڕەسمی له زۆرێك له وڵاتان و به دیفاکتۆش بۆتە دراوی بەکارهێنراو له زۆرێك وڵاتانی تردا ،بووشه به دراوی گرانبەها و پله یەکی جیهان له مامەڵە بازرگانی و ئاڵوگۆڕە ئابوری و گرێبەستەکاندا که به ملیۆنان و ملیارەها دۆلار مامەڵەیان پێوە دەکرا.

بەشێوەیەك که تائێستاش هەموو یان زۆرینەی هەرە زۆری گرێبەست و مامەڵە بازرگانیە نێودەوڵەتیەکان هەر به دۆلاری ئەمریکی دەکرێت. له ڕێکەوتی ۱۰/۲/۲۰۲۱وە بڕی دۆلاری بەکارهێنراو له بازاڕەکاندا گەیشتە ۲,۱۰ تریلیۆن دۆلار بەشێوەیەك بڕی ۲,۰۵ بەشێوەی دراوی کاغەزیە که له ئێستادا به پۆلێنی( ۱ و ۲ و ٥ و ۱۰ و ۲۰ و٥۰ و ۱۰۰ ) دۆلاری هەیە بەڵام لەپێشتردا دراوی کاغەزی ۱۰۰هەزار دۆلاریش هەبووە و ئەویتری که ٥۰ ملیارە بەشێوەی دراوی کانزایی و کاغەزی بانکیە.

بۆچی دراوی دۆلاری ئەمریکی بەهێزە ؟

گەلێك هۆکار هەن که بونەتە پاڵپشتی دۆلار بۆ ئەوەی ببێتە دراوێکی بەهێز لەسەر ئاستی جیهان لەوانە:

- هەر بۆ زانین دۆلار بەرزترین دراو نیە لەجیهاندا بەڵکو دیناری کوێتی بەرزترینە که نزیکەی ۳ دۆلاری ئەمریکیە.

- بەلاّم ٩٠٪ هەموو ئاڵوگۆڕە جیهانیەکان بەدۆلار ئەنجامدەدرێت بەشێوەیەك ڕۆژانە بەبڕی ٤,٤ تریلیۆن دۆلار ئاڵوگۆڕ دەکرێت.

- ٦٠٪ یەدەگی دراوەکان کە بانکە مەرکەزیە جیهانیەکان دەستیان پێوەگرتوە بریتیە لە دۆلار،بەواتای ئەو بانکانە لە جیهاندا بڕی ٦,٥ تریلیۆن دۆلاریان لایە.

- زیاد لە سێ یەکی کۆی داهاتی نیشتیمانی جیهانی لەولاّتاندا بە دۆلار مامەڵە دەکەن و لەناویشیاندا ٧ ولاّت دۆلار دراوی ڕەسمیانە.

- زیاد لە ٨٥٪ بازرگانی پشتدەبەستێتە سەر دۆلاری ئەمریکی و لە ٣٩٪ قەرزەکانیش بەهەمان شێوە پشتدەبەستێتە سەر دۆلار.

- زۆرینەی گرێبەستە بازرگانیەکان پشتدەبەستنە سەر دۆلار،بەتایبەتیش نەوت و ئاڵتون کە بریتین لە دوو گرنگترین کالاّی جیهانی.

- دۆلاری ئەمریکی توانای بازدانی هەیە بەسەر هەموو گرفت و قەیرانەکاندا بەتایبەتیش لەدوای قەیرانەکانی سالاّنی ١٩٩١-١٩٩٣.

- لەسالاّنی دووهەزارەکانیشدا سیاسەتی بەستنەوەی دۆلار بە یۆرۆ یان سەبەتەی دراوەکانەوە،هێندەی تر توانای ئەمریکای بەهێزکرد بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی زیاتر لە جیهاندا.لەوانەش ئەو ولاّتانەی دراوەکانیان بەستەوە بە دۆلارەوە هەمیشە لە هەوڵدان کە زۆرترین بڕی دۆلاریان وەك یەدەگ هەبێت .

ئاشکراشە ئەم هێز و توانا و پێزەی دۆلاریش هەر لەخۆڕا نەهاتووە بەڵکو بەهۆی :

سەرەڕای ئەوەی کە ئابوری ئەمریکا ئەو پێگە ڕابەرایەتیەی نەماوە کە بۆ ماوەی دوو دەیە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە گرتبووی بەلاّم هێشتا هەر بەهێز و کارایە لەنێوەندە ئابوری و بازرگانی و بانکەکانی جیهاندا.هۆکارەکانیش بریتین لە :

— ناو وناوبانگی جێگیری دۆلار لەسەر ئاستی جیهان و متمانەی هاولاّتیان و ولاّتانیش بەدۆلار.

— بەهێزی توانای کڕینی کەلوپەل بەدۆلار.کەوایکردوە قەرز وەرگرتن بەدۆلار ئاسانتر بێت.ومامەڵەی کۆمپانیاکانیش بەدۆلار هێندەی تر پێگەکەی بەهێز و جێگیرتر کردوە.بەتایبەتی لە بازاڕەکانی نەوت و ئاڵتوندا.

— سەرەڕای ئەوەی کە هەندێك ولاّت هەوڵدەدەن کە مامەڵە بە دراوەکانی تری وەکو یوانی چینی و ڕوپیەی هندی و ڕۆبڵی ڕووسی و...هتد.بکەن بەلاّم هێشتا دۆلار هەر بەبەهێزی ماوەتەوە لەبەرئەوەی :

- جێگیری نرخی دۆلار،بەهۆی ئەوەی کە ئەمریکا و یەدەگی فیدڕاڵی ئەمریکی لەناوەڕاستی هەشتاکانەوە توانیویەتی کە تێکڕای ڕێژەی هەلاوسان لەئاستێکی نزم و جێگیردا بهێڵێتەوە.
- سەربەخۆیی و بوونی نەختینەی پێویست لە بازاڕی سەنەداتەکاندا کە قوڵترین و زۆرترین نەختینەیە لە جیهاندا.
- ئەمان و سەلامەتی: وا لەدۆلار دەڕوانرێت کە دراوێکی ئەمینە.
- قەرز وەرگرتن بە دۆلار لەلایەن ولاتان و بانکە مەرکەزیەکانەوە.
- بەهێزی ئابوری و ژێر خانی ئابوری ئەمریکا
- سەقامگیری سیاسی و ئابوری ئەمریکا
- گەشەی بەرچاوی بەردەوامی ئابوری ئەمریکا
- فراوانی پەیوەندیە سیاسی و ئابوری و ئەمنیەکانی ئەمریکا لە جیهاندا
- ڕووپۆشکردنی دراوی کاغەزی دۆلاری ئەمریکی بە ئاڵتون وەکو کانزایەکی ستراتیژی و بەنرخی جیهانی لەساڵی ١٩٠٠دا بەپێی یاسا ڕێکخرا.بەلاَم دواتر و لەساڵی ١٩٧١دا هەموو جۆرە وابەستەیەکی دۆلار بە ئاڵتونەوە هەڵگیرا. بەپێی ڕێکەوتننامەیەك کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە جەنگەکەدا واژۆیان کرد لە ساڵی ١٩٤٤ لەناوچەی بریتۆن وودز لە ولایەتی نیو هامبشایەر و ڕێکەوتن کە هەموو دراوەکانی تر بە دۆلارەوە پەیوەستبکەن و دۆلاریش پەیوەستبکەن بە ئاڵتونەوە.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە ،کەئایا دۆلاری ئەمریکی تاکەی بەم بەهێزیەی خۆی دەمێنێتەوە؟ئایا دەتوانێت بەرگری لە پێگە و بەهێزی خۆی بکات لەبەرامبەر دراوەکانی یۆرۆی ئەوروپی و جونهەیی ئیستەرلینی بەریتانی و یوانی چینی و ڕۆبڵی ڕوسی و ڕوپێی هندی و یەنی یابانی و....هتد.؟

ئەوەی ئاشکرایە کە ئەمریکا لەماوەی جەنگی ساردا لەگەڵ یەکێتی سۆڤێەتی جاران تا ساڵی ١٩٩١ وەك جەمسەری یەکەم لە ململانێکانی دوو جەمسەرەکەی جیهاندا هێز و توانا و هەژمونی خۆی بە سەر زۆرینەی جیهاندا سەپاندبوو و هەربەو هۆیەشەوە توانی دراوەکەشی وەکو دۆلار ببێتە جێگە متمانەی هەمووان و بە خۆشی بێت یان بەناچاری بێت مامەڵەی پێوە بکەن بەشێوەیەك کە تائێستاش یەدەگی دراوی بیانی زۆرینەی بانکە ناوەندیە نیشتیمانیەکانی ولاتان بە یار و نەیاری ئەمریکاوە ڕێژەی ٦٠٪ی ئەو بانکانە پێکدێنن.هەربۆیە ئاسان نیە که لە ماوەیەکی نزیکی ئایندەدا بتوانن هەموانیان و لەناکاو و لە چاوتروکاندنێکدا بتوانن یان بوێرن دەست لەمامەڵەکردن بەدۆلاری ئەمریکی هەڵبگرن،چونکە بەجۆرەها گرێبەستی ئابوری و بازرگانی پێکەوە گرێدراون و بەرژەوەندیە

ئابوریەکانیان تێکچڕژاون کە هەر دوورکەوتنەوەیەك بە دۆلار دەبێتە مایەی کارەسات بۆ وڵات و کۆمەڵگاکانیان بەتایبەتیش کە تائێستا ئەمریکا هێز و پێزی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و سەربازی خۆی لەدەستنەداوە وەك زلهێزێکی جیهانی و لەتوانایدایە کە بەجۆرەها ڕێگە سزای هەر وڵات و سەرکردەیەك بدات کە تەنانەت بیر لەو هەنگاوە بکاتەوە یان بەکردارەکیش پیادەی بکات گەرچی هاوپەیمانی خۆشی بێت.

قۆناغەکانی هەژموونی ئەمریکا و دۆلار لە جیهاندا

لەدوای هەڵوەشاندنەوەی بلۆکی سۆسیالیستی و یەکێتی سۆڤێتی جاران ئیدی لەساڵی ١٩٩١وە و دوای جەنگی دووەمی کەنداو و ڕزگارکردنی کوێت بە ڕابەرایەتی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانێتیەکی نێودەوڵەتی ٣٣ولاتی بەبەشداری ڕوسیای کۆنە نەیاریشیەوە بۆ دەرپەڕاندنی صدام حسێن لە کوێت، جیهان بوە جیهانێکی تاك جەمسەر و بەدرێژایی دەیەی نەوەدەکانی سەدەی بیست و دووهەزارەکانی سەدەی بیست ویەکەم ئەمریکا بوە تاکە ڕابەر و سەرکردە و بڕیاربەدەستی هەموو جیهان لەهەموو ڕووەکانەوە بەتایبەتیش دوای ئەوەی نەزمی نوێی جیهانی هاتەگۆڕێ و باهۆزی دیموکراسی دونیای تەنی و دیاردەی بەجیهانبوون جێگەی تەکەتولە ناوچەیی و هەرێمایەتیەکانی گرتەوە و سنوورە نێودەوڵەتیەکان پیرۆزی خۆیان لەدەستدا و کۆمپانیا فرەنەتەوەیی و زەبەلاحە ئابوریەکان جێگەیان بە بڕیار و دەسەلاتی حکومەتە نیشتیمانیەکان لەقکرد وپێشکەوتنە سەرسوڕهێنەرەکانی تەکنەلۆجیای لە کۆمپیوتەر و هۆکارە زیرەکەکانی پەیوەندیەکان و مۆبایل و ...هتد.بوونە دیاردەیەکی سەردەم و قۆناغەکە و ئەمریکاش پێش هەموان کەوتەوە.هەربەم هۆیشەوە ئەمریکا و دراوەکەی دۆلار هێندەی تر هەژموونی خۆیان سەپاندەوە بەسەر جیهاندا.

دواتریش وبەتایبەتیش دوای کارەساتی کردەوە تیرۆریستیەکەی ساڵی ٢٠٠١ ی ئەمریکا و سەرهەڵدانی دیاردەی تیرۆری جیهانی لەلایەن بزوتنەوە توندڕەوە ئیسلامیەکان بەسەرکردایەتی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی ئوسامە بنلادن و بزوتنەوەی تاڵیبان لە ئەفغانستان و دواتریش وەرامدانەوەی ئەمریکا و بەرەی دژە تیرۆری جیهانی لە ئەفغانستان و عێراق و تەواوی جیهاندا و جارێکی تر جیهان دابەشبوەوە بەسەر دووبەرەی دژ بەیەکدا ،لەبەرەی تیرۆریستان و بەرەی دژە تیرۆریستاندا.هەربەم هۆیەشەوە جارێکی تر ئەمریکا و دۆلار هەژموونی خۆیان سەپاندەوە بەسەر هەمواندا.

شەڕی داعشیش وەك بزوتنەوەیەکی توندڕەوی سەلەفی ئیسلامی لەناوچەی ڕۆژهەلاتی ناویندا و بەردەوامبونیشی تائێستا بەهەمان شێوە لەڕابەرایەتی ئەمریکای کاڵنەکردەوە.

قۆناغی سەرهەڵدانی دژایەتی ئەمریکا و دۆلار لە جیهاندا

بەلاّم هەموو ئەم قۆناغانەی بالاّدەستی ئەمریکا ڕێگەی لەوەنەگرت کە لەدوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەتی و لاوازبوون و دامەزراندنی دەیان ولاّتی سەربەخۆ لە ناوچەی بلۆکی سۆسیالیستی کۆندا کە ڕەخنە و گازندە و توڕەیی و بێزاربوون لە سیاسەتی و بڕیار و مامەڵە و هەڵوێستە لوتبەرزانەکانی ئەمریکا سەرهەڵنەدات،تەنانەت لەناوجەرگەی هاوپەیمانەکانی ئەمریکاشدا لە ئەوروپا و هاوپەیمانەکانی تریش لە جیهاندا دەنگی ناڕەزایی بەرزبۆوە و داوای جیهانێکی زیاتر دادپەروەری و یەکسانی و دیموکراتی وفرە جەمسەرییان دەکرد.ئەوەبوو هەریەکە لە فەڕەنسا و ئەڵمانیا لە کیشوەری ئەوروپا و ڕوسیا و چین و هندستان لە کیشوەری ئاسیا و باشووری ئەفریقا لە کیشوەری ئەفریقا و بەڕازیلیش لە کیشوەری ئەمریکای لاتین هەموان پێکەوە دەنگی ناڕەزاییان بەرزکردەوە و داوای جیهانێکی فرەجەمسەرییان دەکرد.هەموو ئەمانەش بۆ کەمکردنەوە و بچووکردنەوە و قەتیسکردنی کاریگەری و هەژموونی ئەمریکا بوو لە جیهاندا لە ڕووی سیاسی و ئابوری و دارایی و ئەمنیەوە.

هەر لەوچوارچێوەیەشدا بلۆکبەندی و خۆڕێکخستنەوە لەچوارچێوەی یەکێتی و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا بونە دیاردەیەکی سەردەمەکە بۆئەوەی گەر بەتەنهاش نەتوانن ڕووبەڕووی هەژموونی ئەمریکا ببنەوە ئەوا پێکەوە و بەهێزێکی گەورەی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و دانیشتوانیەوە وەلاّمی ئەمریکا بدەنەوە و چیدی ڕێگەنەدەن بڕیار و هەڵوێست و هەژموونی خۆیی بسەپێنێتە سەریان.

کێبڕکێکارانی دۆلار کێن؟

ئایندەی دۆلاری ئەمریکی لەسایەی ئەم هەموو ناڕەزایەتی و دژایەتیکردن و ململانێ توندانەی جیهاندا وەك ٧٠ ساڵی ڕابووردوو درەوشاوە و گەشاوە نامێنێتەوە ، بەڵکو بەرەو کاڵبونەوە و بێهێزی و لاوازی دەچێت،چونکە هەموو پێشبینی و بۆچونەکان بۆ ئەوە دەچن کە نیوەی دووەمی ئەم سەدەیە سەدەی ئەمریکا نابێت و بەپلەی یەکەم چین و دواتریش هندستان و ...هتد.دەبنە هێزگەلێکی بەهێز و کێبڕکێی ئەمریکا دەکەن.هەرچەندە زۆر خاڵی بەهێزیان نیە:

بەتایبەتی چین کە لەساڵی ٢٠١٩وە دراوەکەی یوان کەوتە کێبڕکێی دۆلارەوە،کە لەلایەن سیستەمێکی سیاسی ئۆتۆکراسیەوە بەڕێوەدەبرێت کە بازاڕێکی قوڵ و ئازادی نیە و بانکی مەرکەزیشی سەربەخۆ نیە و تاك حیزبیە و ناشەفافیەت هەیە و گەرەکیشی نیە کە بکەوێتە بەر سزا لاوەکیەکانی ئەمریکاوە.و تائێستا نەیتوانیوە ڕێژەی ٢٥٪ یەدەگی جیهانی تێبپەڕێنێت لەکاتێکدا دۆلار لەساڵی ٢٠٠٢دا ڕێژەی ٧١٪ یەدەگی بانکی جیهانیەکان بوە و لە ساڵی ٢٠٢١دا دابەزیوە بۆ ڕێژەی ٥٩٪.

دواتر یۆرۆی ئەوروپیش کە لە قۆناغێکدا وەك کێبڕکێکەرێکی بەهێزی دۆلار دەهاتە خۆپیشاندان بەهۆی بەهێزی وفراوانی ڕووبەری ئاڵوگۆڕکردن بە یۆرۆ ،بەلاّم نەیتوانی تاسەر خۆڕابگرێت.

دوای ئەوەی چین و ئێران لەساڵی ٢٠٠٩دا داوای دروستکردنی دراوێکی نوێیان دەکرد بۆ یەدەگی جیهانی ،ئەوەتا لە ئێستادا هەریەکە لە ڕێکخراوەکانی شەنگهای و بریکس و ...هتد. هەریەکەیان بەجیا و پێکەوە لەهەوڵدان بۆ ڕووبەڕونەوەی ئەمریکا بەتایبەتیش لەبواری ئابوری و بازرگانی و دارایدا و یەکێکیش لەو هەنگاوانەی هەڵیاننناوە و ڕایانگەیاندوە بریتیە لە مامەڵەنەکردنیان بە دراوی دۆلارەوە لە مامەڵە بازرگانی و گرێبەستەکانیاندا و هەریەکەیان لەنێوان خۆیاندا بەدراوە نیشتیمانیەکانی خۆیان مامەڵە بکەن ئەمەش بۆئەوەی چیدی بەدۆلاری ئەمریکی مامەڵە نەکەن و نەکەونە ژێر بەزەیی و هەژموونی دۆلار و خۆیان ڕابپسکێنن لەو تەوقەی کە دۆلاری ئەمریکی خستویەتیە گەردنیان و ئابوری و بازرگانیان ڕزگاربکەن.ئەوەتا لەو کاتەی کە پێش ساڵ و ٢مانگ جەنگی ڕوسیا و ئۆکراینا هەلاّیساوە و ئەمریکا و ئەوروپا و هاوپەیمانەکانیان گەمارۆی ئابوری و ئەمنی و سەربازی و سیاسیان سەپاندۆتە سەر ڕووسیا وەکو ولاّتێکی گەورە و بەهێز و جەمسەرێکی ململانێ جیهانیەکە هەریەکە لە ڕووسیا و چین و هندستان و باشووری ئەفریقیا لە ڕێکخراوی بریکسدا BRICS کە ڕێکخراوێکی بەهێزی ئابوریە بڕیاریانداوە کە چیدی مامەڵە بە دۆلار نەکەن لەناوخۆیاندا و تەنها بەدراوی نیشتیمانی خۆیان مامەڵە بکەن و هەر لەم هەفتەیەدا (بانکی بریکس)یان دانا لەبەرامبەر بانکی دراوی نێودەولەتی و بانکی نێودەولەتی کە ئەمریکا و ئەوروپییەکان هەژموونیان تیایاندا زاڵە. و لەهەنگاوی دووهەمیشیاندا بڕیاری دراوی (بریکس)یش چاپبکەن و مامەڵەی پێوەبکەن و سەرۆکی پێشووتری بەڕازیل خاتوو (دیلما فانا روسیف )کرایە بەڕێوەبەری بانکەکە وسەردانیکردنی سەرۆکی بەڕازیل(لۆلا دیسیلڤیا) بۆ چین لە ١٥/٤/٢٠٢٣دا وەکو دوو ولاّتی گەورە و گرنگ و پیشەسازی و پێشکەوتوو کاریگەری خۆی دەبێت بەو ئاڕاستەیەدا. لەپەراوێزی ئەم هەوڵانەی ئەو ٥ ولاّتە زلهێزانەدا ولاّتانی تری هەرێمایەتی بچووکتر وەکو ئێران و تورکیا و سعودیە و میسر و مەکسیك و تەنانەت ولاّتانی ئەوروپاش هەمان هەڵوێستیان نواندوە لە مامەڵە و گرێبەستە بازرگانیەکانیاندا ئەوەتا فەرەنسا و چین مامەڵەیەکی بازرگانیان بۆ گازی سروشتی لەنێوان خۆیاندا بە (یوانی چینی واژۆکردووە).جا لەسایەی ئەم هەموو هەولاّنە و دژایەتیکردنەی دۆلاردا دەبێت ئایندەی دۆلار بەکوێ بگات؟

ئایندەی دۆلاری ئەمریکی بەرەو کوێ ؟

وەك ئەوەی باس دەکرێت کە ٣ هۆکاری گرنگ هەن کە بونەتە هۆی دروستبوونی مەترسی لەسەر

ئایندەی دۆلار کە بە دراوی یەدەگی بەهەژموونی جیهانی بمێنێتەوە لە ئایندەدا کە بریتین لە:

١. ئەمریکا لە ئێستادا بەزۆری پەنا دەباتە بەر سزاکان و گەمارۆ ئابوری و داراییەکان بەسەر وڵاتاندا. و زیندووترین نموونەش گەمارۆکانی سەر ڕوسیایە،کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە وڵاتان بیر بکەنەوە کە خۆیان دەرباز بکەن لە هەژموونی دۆلار بۆئەوەی زیانیان پێنەگات.

٢. وڵاتان هەوڵدەدەن کە بە تەنها پشتنەبەستنە سەر دۆلار وەك دراوی یەدەگی بانکە مەرکەزیەکانیان و لەهەوڵدان بۆ هەمەجۆرکردنی دراوە یەدەگیەکانیان.

٣. وڵاتێکی وەکو سعودیە کە گەورەترین بەرهەمهێنی نەوت و هاوپەیمانی نزیکی ئەمریکاشە لە گرێبەستەکانی لەگەڵ چیندا مامەڵە بە یوانی چینی دەکات لە جیاتی دۆلاری ئەمریکی.

- بەم شێوەیە ئیدی ڕەنگە دۆلاری ئەمریکی وەکو تاکە دراوی جیهانی بەهێز نەمێنێتەوە کەهەموان مامەڵەی پێوەبکەن و پشتی پێببەستن،بەڵکو هەروەك چۆن جەمسەرە سیاسیەکانی دژ بە ئەمریکا سەریانهەڵداوە ئاوهاش جەمسەرە ئابوری و دارایی و دراوەکانیش سەریان بەرزکردۆتەوە دژی دۆلاری ئەمریکی .هەربۆیە پێدەچێت لە چەند دەیە ساڵی ئایندەدا دۆلار ئەو هێز و بڕشتەی ئێستای نەمێنێت کە ماوەی ١٠٠ساڵی ڕێکە بۆتە تاکە دراوی بەهێزی جیهانی و درێژترین ماوەی خایاندوە و ڕەنگە دەیان ساڵی تریش بخایەنێت،بەبەراوورد بە دراوی پێنج ئیمپراتۆریەتی گەورەی جیهانی کەلە سەدەی پانزەوە دراوی بەهێزیان هەبوە و تەنها ٩٤ ساڵیان خایاندوە.و بەرەو پاشەکشە و چوونەوەیەك ببێتەوە،ئەمەش وەستاوەتە سەر لەلایەك هێز و پێزی سیاسی و ئابوری ئەمریکا و هەژموون و کاریگەرییەکانی لە جیهاندا،جا هەرکات ئەمریکا وەکو هێزێکی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و سەربازی و تەکنەلۆجی پاشەکشەی کرد بەتایبەتی لەبەرامبەر چینی زلهێزی ئێستا و ئایندەی جیهاندا و کێبڕکێکەری سەرەکی ئەمریکا ئەوا بەدڵنیایی هێز و هەژموونی دۆلارەکەشی بەرەو پاشەکشەچوون دەچێت.لەئەنجامی ناڕەزایەتی زۆری وڵاتانی جیهان لە هێز و دەسەڵاتی ئەمریکا و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی سەپاندنی سزا ئابوری و داراییەکانی ئەمریکا وەك جۆرێك لە دیبلۆماسیەت و سیاسەتی سزادانی وڵاتان.

هەربۆیە لەم قۆناغە تەمومژاوی و ناڕوونیەدا هێشتا ڕوون نیە کە ئایندەی جیهان بەتەواوەتی و بەتایبەتیش ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین چی بەسەر دێت لەسایەی ئەم ئاڵنگاری و گۆڕانکاریانەدا کە سەرەتا و خەتوخاڵیان بەدەرکەوتوە و کۆتاییەکەشی هێشتا دوورە لە پێشبینیکردنەوە.

هەربۆیە پێویستە وڵاتان و کۆمەڵگانی جیهان هەر لە ئێستاوە خۆیان ڕابێنن و بگونجێنن لەگەڵ ئەو مەترسی و گۆڕانکاریانەدا و بەرژەوەندیەکانیان هاوجووت بکەن لەگەڵ بەرەی سەرکەوتوودا،

هەروەکو قۆناغ و سەردەمی دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران و بلۆکی سۆسیالیستیدا لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابووردوودا ،بۆئەوەی بتوانن درێژە بەمان و بوون و قەوارە سیاسیەکانیان بدەن ،چونکە ڕەنگە گۆڕانکاری لە جوگرافیاکانی جیهانیشدا ڕووبدات هەروەکو چۆن لەدوای هەردوو جەنگە جیهانی و جەنگی ساردیشەوە ڕوویاندا و نەخشەی جیهانیش گۆڕانکاری گەورە بەخۆیەوە ببینێت.

**سەرچاوەکان:**


١. https://ar.wikipedia.org/wiki
٢. https://futureuae.com/ar
٣. https://www.aljazeera.net/ebusiness
٤. https://www.imf.org/ar/Blogs/Articles/2021
٥. https://www.nahrainuniv.edu.iq/ar/node/3185


=============================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ٧ و٢٠٢٣/٥/٨ دا بڵاوکراوەتەوە.

# کۆتا سەنگەری بەرگریکردنی کورد
# لە یاسای نەوت و غازی داهاتوودا! *

وەك دەوترێت کە کورد هەمیشە لەسەنگەری بەرگریکردن و شۆڕش و جەنگە سەپێنراوەکان بەسەریدا هەمیشە سەرکەوتوو و جەنگاوەری قارەمان بووە،بەڵام لەسەر مێزی گفتوگۆکان هەمیشە دەستبەتاڵ و فریودراو و دۆڕاو بووە.بەداخەوە دوای ٣٢ ساڵ لە دەسەڵات و ئەزموونی حوکمڕانیەکی نیمچە سەربەخۆوە لە ئێستادا تەنها شەڕی مووچە و بەشە بودجەمانە و هەموو مەسەلە گرنگەکانی خاك و نەتەوە و قەوارەی هەرێم و دەسەڵاتەکان لە بیر چونەتەوە و هەریەکەمان لەسەرکردە و پارتە سیاسیەکان لەهەوڵی بەدەستخستنی پۆست و پلەی حیزبی بچووکی بێ ئەرزشداین و هەموو دیاردە دزێوەکانی ناوچەگەری و عەشرەتگەری و ئاینی و مەزهەبیمان تۆخکردۆتەوە بەسەر مەسەلەی نەتەوە و نیشیمان و ئازادی و سەربەخۆییدا.

لەنوێترین ململانێ نارەواکانیش بریتی بوو لە شەڕی لاوازکردن و بچوکردنەوە و دەستبادانی یەکتری لەسەر هەندێ مادەی یاسای بودجە کە لەکۆتایدا هەموانیان بەزیانی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە.بەڕای بەندە دوای تەسلیمکردنی مەلەفی نەوت بە بەغداد و کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی پێشووترمان ئیدی ناتوانرێت کورد ببێتە بەرگریکارێکی باش و بەهێز چونکە هەموو پایە بەهێزەکانی دەسەڵاتەکەی کە پارە و هێزی پێشمەرگەی هەبوو تەسلیمکردووە و دەسەڵاتیش بەو دوو هۆکارەوە دەتوانێت خۆڕابگرێت و مقاوەمەت بکات.ڕاستە دەسەڵاتی ٣٢ ساڵەی ڕابووردوومان کامڵ و بێ کەموکوڕی نەبوو بێ گەندەڵی و دادپەروەری نەبوو ڕاستە دەسەڵاتێکی شەفاف و یەکسانخواز و خەمخۆر نەبوو ڕاستە دەسەڵاتێکی خاکی و خزمەتکاری ڕاستەقینەی سەر ڕاست نەبوو.بەڵام لەمێژووی سەد ساڵی خەباتی کوردایەتیدا لەهەرچوار پارچەکەی کوردستاندا دەسەڵاتێکی بێوێنەی کوردی وخۆماڵی بوو بەهەموو کەموکوڕییەکانیەوە.

بۆیە ئەرکی هەمووان بوو کە تائەو پەڕی بیپارێزین و ڕێگە لەبچووککردنەوە و نەمانی بگرین.ئێستاش نەچووە بچێت کورد پایە و خاڵی گرنگ و بەهێزی هەیە بۆ مانەوە و نە ولاتانی ناوچەکە و نە زلهێزەکانی ئەوروپا و ئەمریکاش لێدەگەڕێن بە ئاسانی کورد بەدەردی سەدساڵی ڕابووردوو بچێتەوە.

بۆیە هەق نیە بێ هیوا بین،بەڵام خۆشباوەڕیش نەبین.چونکە پارێزگاریکردن لەم قەوارەیە کاری

جدی و یەك ویەكگرتوویی ڕیزەكانی گەرەكە و دووركروتنەوه له خۆخۆری و ملبادان و دەستشكانەوەی یەكتری گەرەكە چونكە دەركەوت هیچ حیزب و سەركردەیەك گەر پشتیوانی و هێز لەهەموانەوه وەرنەگرێت تەنانەت پرۆژه و دروشمە نەتەوەییەكانیش نابێتە كۆكەرەوەی هەموان نموونەش ڕێفراندۆمەكەی ٢٥/٩/ ٢٠١٧بوو.

بۆیە ئەوەی له پێش كورد ماوه بۆ مسۆگەركردنی ئایندەمان و بەدەستخستنەوەی سەرچاوەیەكی گرنگی داهاتەكان بریتیە لەنەوت و غازی سروشتی هەرێمەكەمان.ئەوەش بەوەی كه كورد هەموو هەوڵێكی خۆی بدات لەكاتی نوسینەوه و دارشتنی پرۆژه یاسای نەوت و غازی ئایندەی عێراق جێگه و پێگەی یاسایی و دەستووری و تەكنیكی و ماف و شایستەكانی هەرێمی كوردستان له گەڕان و دۆزینەوه و وەبەرهێنان و دەرهێنان و فرۆشتن و پالاوتن و گواستنەوه و پیشەسازی پترۆكیمیاویات و دامەزراندنی كۆمپانیایەكی نەوت و غازی سروشتی هەرێم مسۆگەر بكات و بچەسپێنێت لەو یاسایەدا.چونكه ئەمه دوا هەل و چانس و سەنگەری بەرگریكردنی ڕاستەقینەیە بۆ مسۆگەركردنی مافەكانمان لەو سەروەت و سامانەی كەهەیە و خاڵی بەهێزی دەسەلاتەكەشمانە.و گەڕانەوەی سەنگ و قورساییمانە لەناوچەكە و دونیاشدا،چونكه هەمووان هەرێمێكی دەوڵەمەندیان دەوێت نەك هەژار و لێقەوماو.

هەربۆیە گەرەكە كه كورد هەر لەئێستاوە بەڕاوێژ لەگەڵ دۆست و شارەزاكانی بوارەكەدا لەناوخۆ و دەرەوەشدا بكەوێتە ڕاوێژ و پرس ورا و خۆئامادەكردن بۆ ئەو مەبەستە نەك وەكو هەموو جارەكانی تر لەكاتی بەفیڕۆچوودا فریابكەوین و بەپەلەپرۆزێ دەسكەوتی كەموكورت و بچووك بەدەستبێنین و دواتریش بەیەكتری بفرۆشینەوه و گەلەكەشمانی پێ هەڵبخلەتێنین.

ئەم یاسای نەوت و غازە گرنگ وگەورەیە چونكه دەبێتە هۆی ڕێكخستنەوەی بوار و كەرتی وزە بەنەوت و غازی سروشتی و هەموو سەرچاوە سروشتیەكانی ترەوە كه كوردستان لەهەموانیاندا دەوڵەمەندە و هەق وایە ماف و خاوەندارێتی بپارێزرێت.

ئەم یاسایە گرنگە بۆ ئایندەی چارەسەركردنی هەموو كێشە و گرفتەكانی نێوان هەرێم و بەغداد.

گرنگە بۆ ڕەخسانی هەلی كاری زۆر و گەورە بۆ گەنجانی كوردستان.

گرنگە بۆ پەرەپێدانی كەرتی وزە بەنەوت و غازی سروشتی و پیشەسازی پترۆكیمیاویات له هەرێمدا.

گرنكە بۆ پشتیوانی و دروستكردنی پەیوەندی و پەیداكردنی دۆستی زیاتر بۆ مەسەلەكەمان بۆ ئاینده.

گرنگە بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات و خۆشگەوزەرانکردنی هەرێمەکەمان.
گرنگە بۆ کەمکردنەوەی بێکاری و هەژاری و برسێتی.
گرنگە بۆ بەرزکردنەوەی هەموو ئاستەکانی خزمەتگوزاریەکان بۆ ئایندە.

بۆیە بەم هەموو گرنگیانەوە و زیاتریش دەبێت کورد بەو پەڕی توانا و لێبڕانەوە هەوڵی سەنگەرگرتنی مقاوەمەت بدات لەنوسینەوەی ئەو یاسایەدا و بەیەك دەنگ و ڕەنگ و گوتار و کردارەوە و بەیەکویەکگرتویەوە بچێتە سەر مێزی گفتوگۆگان و ئەمجارە جیاواز لەهەموو جارەکانی تری گفتوگۆکان پێویستە دەستکەوتی زیاتر بەدەستبێنن و ئیدی ئەو وتە زبرەی ڕابووردوو لە مێشك و هزری هەمواندا بسڕینەوە کە کورد توانای گفتوگۆکردن و دیپلۆماسیەتی نیە و هیچ کات سەرکەوتوو نابێت تیایاندا و بۆ ئەوەی ئێستا و ئایندەی هەرێمەکەمان و گەلەکەمان و نەوەی ئایندەش ڕۆشن و ڕوناك بکەینەوە نەك لەبەر دەسکەوتی حیزبی و ململانێی ناڕەوا هەموانیان لەدەستبدەین و ژیان و گوزەران و ئایندەیەکی توون وتاریکیان بۆ بەجێبهێڵین و ئەوانیش لەجیاتی ڕەحمەت نەفرەتمان لێبکەن.

==========================================================

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ئاوێنە و خەندان و وتاری کورد دا لەڕێکەوتی ٢٤/٦/٢٠٢٣دا بلاۆکراوەتەوە.

لە پەراوێزی کردنەوەی پێشانگا بازرگانیەکان لەشاری سلێمانی ...

# پێشانگا بازرگانیەکان

# وێسگەیەك بۆ ناساندن وئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکەبازرگانیەکان*

ئاشکرایە کە لەم قۆناغ و سەردەمەی ئێستادا بوارو کەرتی ئابوری و بازرگانی و وەبەرهێنان و هاوردە و هەناردەکردن لەنێوان تەواوی ولآتانی جیهاندا بۆتە کارێکی سەرەکی و کاریگەر لە دروستکردنی پەیوەندیە سیاسی وکۆمەلآیەتی وکەلتوریەکان و سەرجەم بوارەکانی تریش وهەژموون و کاریگەری کەرتی ئابوری و بازرگانی بەسەر هەموانیاندا خۆی سەپاندووە.

جا پرۆسەی گەشەپێدان و پێشکەوتنی ئەم بوارەش پەیوەندی توندوتۆڵی هەیە لەگەڵ ئاست و بری ئاڵوگۆڕکردنە بازرگانی و ئابوریەکاندا و ئاستی گەشەو پێشکەوتنی سیستەمی دارایی و بانکی ولآتان و ئاست و کاریگەری پەیوەندیە ئابوری و بازرگانیەکان کە ئەمانیش یا بەشێوەی ڕاستەوخۆی ئاڵوگۆڕکردنەوە ئەنجام دەدرێن یان لەڕێگەی کردنەوە و سازدانی پێشانگا نێودەوڵەتی و ناوچەییە بازرگانی و ئابورییەکانەوە دەبێت وەك وێسگەیەك و کەناڵێکی پەیوەندی و لێکنزیکبونەوەی کۆمپانیا و خاوەن سەرمایە و وەبەرهێنەکانی کەرتی تایبەت و حکومەتیش. چونکە لەلایەکەوە لەڕێگەی ئەم پێشانگایانەوە ناسیاوی و پەیوەندی توندوتۆڵ و ڕاستەوخۆ دروستدەبێت و لەلایەکی تریشەوە دەتوانن ئاڵوگۆڕی ئەزموون و شارەزایی و بیرۆکەی نوێی یەکتری لەنێوان کۆمپانیا بازرگانیەکاندا ئەنجامبدەن و دەشتوانن چەندین گرێبەستی ئابوری واژۆبکەن. ئەمە سەرەڕای تێکەڵبوون و لێکنزیکبونەوەی کەلتور و بوژاندنەوەی بازاڕەکانی ولآت و گەشتوگوزاری و ...هتد.

هەر لەبەر گرنگی ڕۆڵ و کاریگەری ئەم پێشانگا بازرگانیانە لە زۆربەی ولآتاندا سالآنە چەندین پێشانگای پسپۆڕی و گشتی لەهەموو بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتوگوزاری و سەربازی و خۆراکی و نەوت و غازی سروشتی و ...هتد.سازدەکرێن و بەدەیان و سەدان کۆمپانیای گەورە و بچووك بەشداریان تیادا دەکەن و بە ملیۆنان گرێبەستی ئابوری واژۆدەکرێت.بۆیە هەرێمی کوردستانیش بەهەمان ڕێچکە و ئامانج کەوتۆتە خۆی بۆ سازدان و کردنەوەی ئەو جۆرە پێشانگایانە لەشارەکانی هەولێر و سلێمانی و ئەمەش بۆتە دەروازەیەکی گەورە و گرنگ و فراوان بۆ ناساندنی هەرێمی کوردستان و توانای کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بە لایەنە بیانیەکان و

دروستکردنی ڕایەڵەیەکی پەیوەندی گرنگ لەگەڵ دونیای دەرەوە و ناوچەکەشدا.هەربۆیە گرنگە کە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتە لۆکاڵیەکان و پارێزگاکان و ژوورە بازرگانی و پیشەسازیەکان تابتوانن کارئاسانی هاتوچۆ و مانەوە بۆ ئەو کۆمپانیایانە ئەنجامبدەن بۆ ڕاکێشان و سەرنجدانیان بۆ توانا و وزەکانی هەرێمی کوردستان لەڕووی ئابوری و بازرگانی و ئاوەدانی و گەشتوگوزاری وکۆمەڵایەتی و کەلتور و ...هتد.

بەلاّم لەپەراوێزی کردنەوەی ئەو پێشانگایانە و بەتایبەتیش پێشانگای CHP2023سلێمانی بۆ ساڵی دووەم ئەم تێبینی و سەرنجانەمان لادروستبوو کە لە ڕۆژانی ٢٤-٢٧/٩/٢٠٢٣ لە شاری جوان (گراندمیلینیۆم) سازکرا لەشاری سلێمانی لەلایەن کۆمپانیای ڤێراوە.بەهیوای ئەوەی کە لە ساڵانی داهاتوودا ئەو کێشە و گرفتانە چارەسەربکرێن،بۆئەوەی شاری سلێمانی وەکو شارێکی ئابوری و بازرگانی پیشانی هەموولایەك بدرێت و ببێتە پێشەنگیش لەم بوارەدا هەروەك لە بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزار و تەندروستی و زانکۆ و کەلتور و سینەما و هونەر و ئەدەبیشدا هەمیشە پێشەنگ و ڕابەرە. بۆئەوەی کە دەربازیش ببێت لەو گۆشەگیری و کەنارخستن و سەپاندنی ئەو گەمارۆ ئابوریە نارەوایانەی کە دژی شارەکە و خەڵکەکەشی دەکرێت بەمەبەستی برسیکردن و بێکارکردن و بچووککردنەوەی ڕۆڵ و کاریگەری.

- لەلایەن پارێزگا و فەرمانگە حکومیەکانەوە کاری پێویست بکرێت بۆ ئاسانکاری هاتوچۆ و مانەوەی کۆمپانیا بازرگانیەکانی بەشدار لەو پێشانگایانەدا.
- هاوبەشی و بەشداری هەموو کۆمپانیا ناوخۆیەکانی کوردستان بەگەورەو بچوکیانەوە لەو پێشانگایانەدا و هەریەکە بە پێی توانا و قەبارەی خۆی کالاکانی خۆی نمایش بکات.نەك وەك ئێستا کە کەمینەیەکی زۆر کەم بەشداردەبن.
- پێشنیاز دەکەم بۆ پارێزگای سلێمانی و سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی و ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی و وەبەرهێنان کە کاری جدی بکەن بۆ بونیادنانی پێشانگایەکی نێودەوڵەتی لەناو پارکی هەواری شاردا ،لەبەرئەم هۆکارانەی لای خوارەوە:

١. پێشانگای نێودەوڵەتی تاسلۆجە دوورە دەست و شوێنێکی گونجاو نیە بۆ پێشانگا لەبەر نەبوونی پێداویستیە زەرورەکان لەڕووی بینا و قیرتاوکردنی ڕێگاوبانەکان و ئاو و کارەبا و جێگەی حەوانەوە و چێشتخانە و نەبوونی سەوزایی و فێنکی و...هتد.

٢. هەواری شار هەروەکو پارکی سامی عبدالرحمن لە شاری هەولێر لەناوەڕاستی شارە و

هەموو کەس دەتوانێت بە ئاسانی بیگاتێ و جێگەیەکی گەشتیاریشە و هەموو پێداویستیەکانی مانەوەی خێزان و کۆمپانیاکانی تیادا بەردەستە.

٣. هەروەك دەتوانرێت لەپاڵ بینای پێشانگاکەشدا ،هۆتێل و ڕێستورانت و مزگەوت و دامەزراوەکانی تری مانەوە و حەوانەوەی تیادا دروستبکرێت بۆ کۆمپانیا بەشدارەکان.

٤. ئەم کارەش دەتوانرێت لەڕێگەی وەبەرهێنان و موساتەحەوە بدرێتە چەند کۆمپانیایەك و بەشێوەیەکی جوان و مۆدێرن و شایستە بەشاری سلێمانی دروستبکرێت.

٥. جێگە و پێگەی هەواری شار بەپێچەوانەی تاسلۆجەوە نزیکە و قەرەباڵغی شەقام و ڕێگاوبانەکان دروستنابێت و مەترسی ڕوودانی ڕووداوی هاتوچۆشی زۆر کەمترە.

٦. هەواری شار جێگەی فراوانی گەورەی ماوەتەوە و دەتوانرێت سوودی لێببینرێت بۆ ئەم مەبەستە.و جێگەی پارکی ئۆتۆمبێلی پێویستیشی تیادایە.

٧. هەواری شار جێگەیەکی جوانی سروشتە و لە دامێنی شاخی ئەزمەڕدایە و هەواو کەشوهەوای فێنك و دڵگیری هەیە.

بەهیوای ئەوەی لەڕێگەی ئەنجامدان و جێبەجێکردنی ئەم ڕەخنە و پێشنیازانەوە شاری سلێمانی ئازیز ببێتە ڕەوگە و و پایتەختی ئابوری و بازرگانی لەپاڵ پایتەختی ڕۆشنبیری و ئازادی و جوانی سروشتەکەی وکوردایەتی و سیاسەت و کەلتور وئازادیەکاندا.لە پێناو دەرخستنی زیاتری ڕووی گەش وئاوەدانی و پێشکەوتن و کرانەوەی شاری سلێمانیدا کە هەمووان قەرزاری ئەم شارەین،چونکە جێگەو زێدی خۆمان و باوباپیرانمانە و سەرچاوەی ڕزق و داهات و دەسکەوت و گوزەرانیشمانە.سلێمانی زۆری بەسەر هەموانەوە هەیە و ئەرکی هەموانمانە کە خزمەتی بکەین.

=====================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ٨/١٠/٢٠٢٣ دا بلاۆکراوەتەوە.

# پرۆژەی ڕێڕەوی ئابوری نویٚ ( IMEC )
# کاریگەری ولیٚکەوتەکانی *

لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٩/٩ لە میانەی لوتکەی کۆمەڵەی ٢٠ لەشاری نیودەلهی لە هندستان هەریەکە لەسەرۆکی ئەمریکا جۆبایدن و سەرۆك وەزیرانی هندستان ناریندار مودی و هاوپەیمانەکانیان لە یەکێتی ئەوروپا پرۆژەی (بیناکردنی ڕێڕەوی ئابوری نویٚ)یان ڕاگەیاند کە هەریەکە لە ولاٚتانی هند و ولاٚتانی ڕۆژهەلاٚتی ناوەڕاست کە هەریەکە لە ئیمارات و سعودیە و ئوردون و ئیسرائیل ) لەگەلٚ ولاٚتانی یەکێتی ئەوروپادا وبەهاوبەشی لەگەلٚ ئەمریکادا لەخۆدەگرێت .

ئەم پرۆژەیە چییە و لە پێناو چیدایە؟

وەك ڕاگەیەنراوە ئەم پرۆژەیە بریتیە لە( ڕاکێشان و گەیاندنی هێڵێکی نوێی گواستنەوەی کالاٚو کەلوپەلەکان و وزە لە هندستانەوە لە ڕێگەی دەریای عەرەب بۆ کەنداوی عەرەبی و لە ولاٚتی ئیماراتیشەوە دێتە سەر وشکانی و لەڕێگەی ڕاکێشانی هێڵی ئاسنی شەمەندۆفیر و کێبڵی کارەبایی بۆ گواستنەوەی وزەی کارەبا و هایدرۆجین و کێبڵ بۆ گواستنەوەی پەیوەندیە ژمارەییەکان بەرەو سعودیە و دواتر تێپەڕدەبێت بە هەریەکە لە ئوردون و ئیسرائیل و جارێکی تریش بەناو دەریای سپی ناوەڕاستدا دەپەڕێتەوە بۆ کیشوەری ئەوروپا و تا دەگاتە ولاٚتی ئەلمانیا)،ئەم هێڵە نوێیە ئابوری و بازرگانیە درێژییەکەی دەگاتە ٨١٦٦کم کە لە بەندەری مۆمبای هندستانەوە دەستپێدەکات و تا دەگاتە ئەلمانیا لەناوەڕاستی کیشوەری ئەوروپادا.

پرۆژەکە لە پێناو چیدایە:

ئەم پرۆژەیە بەئاشکرا ئامانجی:

- هاوبەشیکردنی وەبەرهێنانە لە ژێر خانی جیهانیدا.
- وەك پرۆژەیەکی سەوز وژمارەییە لە نێوان کیشوەر و شارستانێتیە جیاوازەکاندا.
- ئامانجی بەستنەوەی ولاٚتانی هند و ولاٚتانی ڕۆژهەلاٚتی ناوەڕاست و یەکێتی ئەوروپایە پێکەوە کە ئەمەش ناوچەیەکی گەورە و فروان و گرنگی جیهان پێکدێنێت.
- ئامانجی باشترکردنی پەیوەندییە ژمارەییەکان و هاندانی زیاتری بازرگانییە لەنێوان ولاٚتاندا، کە هەریەکە لەبەرهەمەکانی وزە وەك هایدرۆجین لەخۆدەگرێت.

بەم شێوەیە ئەم پڕۆژەیە کاریگەری و لێکەوتەی ئەرێنی بەرچاوی دەبێت بۆ ئایندەی ئابوری و بازرگانی جیهانی لەڕێگەی :

- دەبێتە هۆی گەشەپێدان و ئامادەسازی ژێرخانی جیهانی کە هەریەکە لە هێڵی ئاسنین و بەستنەوەی بەندەرەکان لەخۆدەگرێت بۆ زیادکردنی گواستنەوەی کاڵاکان و خزمەتگوزاریەکان و ئاڵوگۆڕی بازرگانیش.
- دەبێتە هۆی پشتیوانیکردن لە سەلامەتی گواستنەوە و دابینکردنی وزەی جیهانی لەڕێگەی ڕاکێشانی هێڵ و بۆری بۆ گواستنەوەی کارەبا و هایدرۆجین.
- ڕاکێشانی کێبڵی بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان لە میانەی تۆڕێك کە بەسنورەکاندا تێپەڕدەبێت بە توانا و کوالێتیەکی بەرز و متمانە پێکراو.
- کاردەکات لەسەر تەواوکاری ئابوری و بەشداریکردن لە دابینکردنی هەلی کاری نوێ و جۆری بەشێوەیەك کە دەبێتە هۆی دەسکەوتی دوور مەودا بەدرێژایی ڕێڕەوەکە کە سنورەکان دەبڕێت بەتایبەتی بۆ ئەو وڵاتانەی کە هێڵەکەی پیاداتێپەڕدەبێت.
- کاریگەری و لێکەوتەکانی بۆ وڵاتانی بەشدار و وڵاتانی دەرەوەی پڕۆژەکەش:

ئەم پڕۆژەیە بۆ هەموو وڵاتانی بەشداری پڕۆژەکە لەهەریەکە لە هندستان و ئیمارات و سعودیە و ئوردون و ئیسرائیل و هەموو وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا گرنگیەکی ئابوری و سیاسی گەورەی دەبێت و دەبێتە مایەی خۆشگوزەرانی وگەشەوپێشکەوتن و دابینکردنی هەلی کار و بەرزکردنەوەی داهاتی نیشتیمانی و بوژاندنەوەی ئابوریەکانیان و لەم ڕێگەیەشەوە هاوکاری و پەیوەندیە سیاسیەکانیشیان توندوتۆڵتر دەبێت .

- بۆ ئیسرائیل لە چەند ڕوویەکەوە سوودبەخشە لەبەر ئەوەی ئیسرائیل دەکەوێتە ناوجەرگە و دڵی پڕۆژەکەوە:
- کات وکرێی گواستنەوەی کەلوپەل وکاڵاکان لەوڵاتانی کەنداوەوە بۆئیسرائیل کەمدەکاتەوە.
- ئاستی ژیان وگوزەرانی تاکی ئیسرائیلی بەرزدەکاتەوە و خۆشگوزەرانیان دەکات.
- جێگیری سیاسی و گەشەی زیاتری ئابوریشی بۆ دەستدەخات.
- پەیوەندیە سیاسی و ئابوری و بازرگانیەکانی ئیسرائیل لەگەڵ هەریەکە لە سعودیە و ئیمارات بەتایبەتی و بەگشتیش وڵاتانی تری کەنداوی عەرەبی گەرموگوڕتر دەکات کە لەمێژە ئیسرائیل و ئەمریکا هەوڵی لێکنزیکبونەوە و ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانیان دەدەن.

- بۆ وڵاتانی عەرەبی بەشدار بەتایبەتی و بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی:
- ئەم پڕۆژەیە دەبێتە نزیککردنەوەی ڕێگای هاتووچۆی کۆنی گواستنەوەی ئابوری و بازرگانی لەڕێگەی کەناڵی سوێسی میسریەوە بۆ ئەوروپا و بە پێچەوانەشەوە کە کاریگەری لەسەر کات و کرێکان دەبێت.بەڵام کاریگەری خراپی دەبێت وزیاندەگەیەنێت بە میسر و داهاتەکەی.
- نزیکبوونەوەی زیاتری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەوروپا و بە پێچەوانەشەوە.
- گۆڕینی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تەژی بە ململانێ خوێناوی و جەنگ و توندوتیژی و وەك سەرچاوەی تیرۆر بۆ ناوچەیەکی گەشەسەندوو و ئارامی سیاسی و ئابوری.

ئەم پڕۆژەیە چەندە پیلان و مەبەستی ئابوری ئاشکرای لە پشتەوەیە هێندەش مەبەستی سیاسی و ئەمنی لە پشتەوەیە ،چونکە ئەم پڕۆژەیە لەلایەك بۆ لێدانی بەرژەوندیەکانی ئێران و عێراق و وڵاتانی تری سەر بە خولگەی ئێرانە وەك هەریەکە لە سوریا و لوبنان و ڕێکخراوە ئیسلامیە توندڕەوەکانی وەکو حیزبولاّ و حەماس و دواتریش حوسیەکانی یەمەن.لەلایەکی تریشەوە وەك باسمانکرد زیاتر نزیککردنەوەی وڵاتانی عەرەبی کەنداوە لە ئیسرائیل و بەتایبەتیش سعودیە.لەلایی سێهەمیشەوە کەمکردنەوەی ڕۆڵی تورکیاشە وەك ڕێڕەوێکی گرنگی هەمیشەیی و مێژوویی لەنێوان ئاسیا و ئەوروپادا.

بەم شێوەیە ئەم پڕۆژەیە لەسیماو و ڕووخساریدا پڕۆژەیەکی ئومێد بەخشە بۆ ئایندە کە تائێستا کاتی دەستپێکردن و تەواوکردنی دیارینەکراوە و هێشتاش سەرچاوەکانی داراییشی ڕوون وئاشکرانیە کەچۆن دابیندەکرێت و وڵاتانی بەشدار چۆن هاوبەشیدەکەن.بەڵام لەناوەخندا مەبەست و ئامانجی دوورمەودای شاراوەش لەخۆدەگرێت.کە ڕەنگە هەموانیان لە بەرژەوەندی پاراستن و بەهێزکردنی ئیسرائیل تەواو ببێت.

جا سەرکەوتن وەدیهاتنی ئامانجەکانی ئەم پڕۆژە گەورەو کاریگەرە وەستاوەتە سەر ئەوەی تاچەند ئەم ڕێڕەوە سەلامەت و ئارام و پارێزراویش دەبێت لەسایەی ئەم پیلان و جەنگ و کاولکاریانەی نێوان حەماس و ئیسرائیلدا ؟ ئایا بەرەی ئێران و ڕووسیا و چینیش دەستەوستان و بێ جوڵە و پەرچەکردار دادەنیشن ؟ ئەی ئایا پڕۆژەی پشتێنەی ئاوریشمی چین چی بەسەردێت کە یەکێك لە ئامانجە شاراوەکانی ئەم پڕۆژەیە لێدانە لە ڕێگای ئاوریشمی چین؟

بۆیە با چاوەڕوانی ڕۆژگاربین وهەر لە ئێستاوە خەون و خەیاڵی ڕەنگاوڕەنگی پێوەنەبینین لەکاتێکدا کە عێراق و هەرێمی کوردستانیش ئەو پڕۆژەیە نایگرێتەوە و کەوتۆتە دەرەوەی ناوچەی پڕۆژەکە کە ئەمەش کاریگەری خراپ و نەرێنی دەبێت.

==================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ٦/١١/٢٠٢٣ وسایتەکانی ئاوێنە و خەندان و وتاری کورد دا لەڕێکەوتی ٢٣/١٠/٢٠٢٣دا بلاّوکراوەتەوە.

# بەشی سێیەم

# وزە ( نەوت و غازی سروشتی )

# لەسایەی ناکۆکی و گرژیەکانی جیهانەوە
# نرخەکانی نەوت بەرەو کوێ؟ *

لەسەرەتای دەستپێکی ململانێ و ناکۆکیەکانی نێوان ڕوسیا و ئۆکرایناوە نرخەکانی نەوت لە بازارەکانی جیهاندا بەرەو بەرزبونەوە ئاڕاستەیان گرتوە..

ئایا هۆکارەکان چین بۆ ئەم بەرزبونەوانە کە لەساڵی ٢٠١٤وە بەم شێوەیە نرخەکانی نەوت بەرزنەبونەتەوە:

لەئێستادا ڕۆژی هەینی ٤/٢/٢٠٢٢ نرخەکان بەم شێوەیە بوون:

١. نرخی ١ بەرمیل نەوتی برنت ٩٢,٠٠ دۆلار

٢. نرخی ١ بەرمیل نەوتی خاوی تەکساس ٩١,٤٢ دۆلار

هۆکارەکان چین:

گەلێك هۆکار ڕۆڵ و کاریگەریان هەیە لەوانە:

١. زیادبوونی داواکاری و خواست لەسەر نەوت و غازی سروشتی: لەبەر ئەوەی دەرکەوت کە جۆری گۆڕاوی ڤایرۆسی کۆرۆنا (ئۆمیکرۆن)ئەو کاریگەریە گەورەیەی نەبوە لەسەر گەشتو و گوزار و هاتۆچۆکانیشی پەکنەخستوە وەکو ڤایرۆسی کۆرۆنا-١٩ ساڵی ٢٠٢٠ لەبەر ئەوە داواکاری و خواست لەسەر سووتەمەنیەکان بۆ هۆکارەکانی گواستنەوە زیادیکردوە.

٢. ڕێگریەکان لەبەردەم خستنە بازاڕی نەوتەوە: بەهۆی بڕین و وەستاندنی ناردنی نەوتی لیبیا و کازاخستان و ئەکوادۆرەوە بۆ ناو بازاڕەکان ئەمەش وایکردوە کە بڕی نەوت کەم ببێتەوە و خواستیش لەسەری زیاد بکات.ڕێکخراوی ئۆپیك + ناتوانێت بڕی نەوتی زیادە بخاتە بازاڕەوە هەرچەندە هەریەکە لە سعودیە و ئیمارات و عێراق توانای بەرهەمهێنانی زیاتریان هەیە.

٣. ناکۆکی و گرژیەکانی نێوان ڕوسیا-ئۆکراینا: کاریگەری گەورەی دەبێت و هەیە لەسەر بازاڕی نەوت چونکە گەر ئەو شەڕە هەڵایسێت ئەوا لەلایەك ڕوسیا و وڵاتانی هاوپەیمانی و لەملاشەوە ئەوروپا و ئەمریکا(ناتۆ) بەشداردەبن کە هەردوولایان هەم بەرهەمهێنەری سەرەکی و هەم بەکاربەری سەرەکیشن بۆ نەوت و غازی سروشتی و ئەمەش وای چاوەڕوان لێدەکرێت کە نرخەکان هێندەی تر بەرزببنەوە.

٤. گرژییەکانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست: مەبەست گرژیەکانی نێوان ئێران –سعودیە یە کە دوو ڕکابەری سەرەکی و دوو بەرهەمهێنەری سەرەکیشن بەهۆی هێرش و پەلامارە فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکان بۆسەر سعودیە و ئیمارات،هۆکارن بۆ ناجێگیری و بەرزبونەوەی نرخەکان.

٥. ململانێ و پێکدادانەکانی بازاڕەکانی دراو: بەتایبەتیش بازاڕی (وۆڵ ستریت) و بەرز و نزمی نرخی دراوەکان ئەمیش هۆکارێکی ترە.

بەم شێوەیە نرخەکان پەیوەستن بە ئاستی جێگیری و سەقامگیری سیاسی و ئابوری و تەندروستی و ئەمنیەکانی جیهانەوە بەتایبەتیش ناوچە پڕ ململانێکان و سەرچاوەکانی وزە لە نەوت و غازی سروشتی کە ئێستا خۆیان لەهەریەکە لە ناوچەی قەوقاز و کەنداوی عەرەبیدا دەبیننەوە.

پێشبینیەکان بۆ نرخەکان لە ئایندەدا:

هەموو پێشبینیەکان گریمانەیین و مەرج نیە ڕاست دەربچن،چونکە هەموانیان پەیوەستن بە گۆڕانکاریەکانی ڕۆژ و ناجێگیری سیاسیەوە،بەلاّم لە پەراوێزی هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی ئێستا لە دونیادا گەرموگوڕن چاودێران لە کۆمپانیا نەوتیەکان و بانکە جیهانیەکان وایبۆدەچن کە لەم ساڵی ٢٠٢٢دا نرخەکانی نەوت ١٠٠ دۆلار تێدەپەڕێنێت بەهەمان شێوەی ساڵی ٢٠١٤ کاتێك نرخی ١ بەرمیل نەوت بە ١١٥ دۆلارەوە مامەڵەی پێوەدەکرا.

عێراق و کوردستان چی قازانج دەکەن لەم بەرزبونەوانەدا؟

بەکورتی هەردوولا قازانج دەکەن،چونکە هەم عێراق بڕێکی باش نەوت دەفرۆشێت مانگانە زیاد لە ١٠٠ملیۆن بەرمیل دەکات بەتێکڕای ٣ ملیۆن بەرمیلی ڕۆژانە و زیاتریش.و نرخەکانیشی لە ٧ ملیار دۆلار تێپەڕیان کردوە کە ئەمە داهاتێکی گەورەیە بۆ عێراق کە پشتی بەڕێژەی ٩٣-٩٥٪ بەستوە بە داهاتی نەوت و غازی سروشتی.

هەرێمی کوردستانیش گەر ڕۆژانە بڕی ٥٠٠هەزار بەرمیل نەوت بفرۆشێت ئەوا لە ١ مانگدا دەکاتە ١٥ ملیۆن بەرمیل و گەر بە ١٠ دۆلاریش کەمتر لە عێراق بیفرۆشێت

ئەوا بۆ بەرزبونەوەی ١ دۆلار ڕۆژانە بڕی ٥٠٠ هەزار دۆلار قازانج دەکات و داهاتی زیاد دەبێت

ئەگەر ١٥ملیۆن بەرمیل بە ٨٢ دۆلار بفرۆشێت لە مانگێکدا ئەوا کۆی پارەکەی دەکاتە ١,٢٣٠ ملیار دۆلار

بەلاّم لەبەرئەوەی ڕێژەی ٥٨٪ داهاتە نەوتیەکان دەدرێتەوە بە خەرجی کۆمپانیاکان کە دەکاتە ٧١٣٤٠٠٠٠٠ ملیۆن دۆلار

و تەنها نرخی ڕێژەی ٤٢٪ کە دەکاتە ٥١٦٦٠٠٠٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ حکومەتی هەرێم دەمێنێتەوە.

بەلاّم لەگەڵ :

- داهاتە نا نەوتیەکان ١٦٤٠٠٠٠٠٠٠٠٠دینار
- ٢٠٠ملیار دینارەکەی عێراق
- ٣١٥٠٠٠٠٠٠٠٠ ملیاردینارەکەی هاوپەیمانان بەدڵنیاییەوە

حکومەتی هەرێم دەتوانێت موچە و تەواوی خەرجیەکانی حکومەت و پڕۆژەکانیش دابین بکات و جێبەجێشیان بکات.

ئەی غازی سروشتی هەرێم چیە ؟ و چەندە؟ و چیلێدەکرێت؟

بەپێی پێشبینی و خەملاّندنەکان هەرێمی کوردستان زیاد لە ٥ تریلیۆن مەترسێجا غازی سروشتی هەیە کە تاکو ئێستا وەبەرهێنانێکی سەرکەوتووی تیادا ئەنجامنەدراوە ،هەرچەندە لە ساڵی ٢٠١٥وە وەزارەتی سامانەسروشتیەکان لەهەوڵی دۆزینەوەی کۆمپانیای تایبەتمەند بە ڕاکێشانی بۆری و وەبەرهێنان لەو بوارەدا سەرقاڵی مامەڵە و ڕێکەوتن بوون،بەتایبەتیش لەگەڵ کۆمپانیای بۆتاشی تورکیدا.بەلاّم تائێستا زانیاریەکی وورد و باوەڕپێکراو نیە لەو بارەیەوە کە بە کوێ گەیشتوە.

بەلاّم خۆشبەختانە غازی سروشتی کوردستان هەم نرخەکەی هەرزانە و لەجۆری زۆر باشی شیرینە و نزیکیشە لە بازاڕەکانی تورکیا و لەوێشەوە بۆ ئەوروپا و بەیەکێك لە سەرچاوەکانی هێڵی غازی سروشتی نابۆکۆش دادەنرێت کە پڕۆژەیەکی گەورە و گرنگی غازی سروشتیە بۆ ئەوروپا لەڕێگەی تورکیاوە کە دەتوانرێت بڕی ٣١ملیار پێ سێجا بۆ ئەو پڕۆژەیە ئامادە بکات ،کە ئەمەش بۆخۆی هێندەی تر گرنگی هەرێمی کوردستان و بەستنەوەی بە بازاڕەکانی نەوت و غازی سروشتی جیهانەوە گەورەتر دەکات،بەلاّم بەهۆی ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی و شەڕی داعشەوە ئەو پڕۆژەیە دواکەوتوە  کە بڕیار وابوو لەساڵی ٢٠١١دا تەواو بکرایە.

تورکیا کڕیارێکی گەورەی غازی سروشتیە ولە ئێستادا لە ئێران و ڕوسیا و ئازەربایجانەوە پێداویستی خۆی دابیندەکات،بەلاّم بەهۆی سەرما و سۆڵەی لەڕادەبەدەری ئەمساڵ و وەکو ئێران دەڵێت بەهۆی کێشەی تەکنیکیەوە ١٠-١٥ ڕۆژ ئێران غازی سروشتی لە تورکیا بڕی و بەمەش کێشەیەکی گەورە بۆ تورکیا دروستبوو تەنانەت بڕیاریدا گەر درێژە بکێشێت غازی سروشتی ناداتە کارگە پیشەسازیە گەورەکان.هەربۆیە ئەردۆگان ڕایگەیاند بۆ جێگرتنەوەی ئێران دەتوانین کە غازی سروشتی لە عێراق و هەرێمی کوردستانەوە دابین بکەین.

بۆیە غازی سروشتیش بەسەرچاوەی دووەمی وزە دادەنرێت و هیچی کەمتر نیە لەنەوتی خاو و ئەویش گەر بە رێکەوتنامە و گرێبەستی عەقلانی و یاسایانەی توندوتۆڵ بفرۆشرێت وهەرزان و تاڵان فرۆش نەکرێت، دەبێتە سەرچاوەیەکی تری گرنگی داهات بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.وەك مەزەندە کراوە ئەو برە غازە سروشتیەی هەرێمی کوردستان ٥ تریلیۆن مەتر سێجا بەشی ٥٠ ساڵی ئایندەی پێداویستی تورکیا دەکات.

بۆیە ئیدی هیچ بیانویەك بەدەست حکومەتی هەرێمەوە نامێنێت کە مووچە دوابخات و بازاڕ نەبوژێنێتەوە و کار و هەلی کار بۆ گەنجان نەڕەخسێنێت.

بەو هیوای ئەم بەرزبونەوەیە سەرەتایەکی دڵخۆشکەر بێت بۆ ئایندەیەکی گەشتر و ڕوونتر بۆ گەلەکەمان و وڵاتەکەمان .

==========================================================

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ئاوێنە و وتاری کورد دا لەڕێکەوتی ٤/٢/٢٠٢٢دا بلاۆکراوەتەوە.

# غازی سروشتی هەرێمی کوردستان
# لەنێوان هەناردەکردن و نەکردندا *

ئاشکرایه غازی سروشتی له پاڵ نەوتی خاودا یەکێکه له سەرچاوه گرنگەکانی وزه له جیهاندا و تەنانەت له نەوتی خاویش گەلێك مواصفاتی باشتری هەیه، لەوەی که زوو دەسوتێت و بەتەواوەتی دەسوتێت و پاشماوەی پیسکەری نیه و وزەی زیاتره و هاورێی ژینگەشه.هەر لەبەر ئەم هۆکار و سیفاته باشانه له ئێستادا زۆربەی وڵاتانی بەرهەمهێن و پیشەسازیه گەورەکان ڕوویان کردۆته بەکارهێنانی غازی سروشتی بۆ گەرمکردنەوه و بەکارخستنی ئامێر و مەکینه گەورەکانی پیشەسازی و له وێسگەکانی بەرهەمهێنانی کارەباشدا ڕۆڵێکی گەورەی هەیه.بەهەمان شێوه لەبەر ئەوەی که واچاوەڕواندەکرێت و پێشبینیەکان بۆ ئەوه دەچن که نەوتی خاو له جیهاندا بەرەو کەمبونەوه و چۆڕبڕبوون بچێت و گریمانه دەکرێت که تا ٥٠ -٧٠ساڵی تر نەوت وەك سەرچاوەیەکی وزه و بەشێوەی بازرگانی بەکاربهێنرێت.چونکه لەلایەکی تریشەوه جیهانی پیشەسازی ڕوویانکردۆته بەکارهێنان و بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێلی کارەبایی که ئەمەش هۆکارێکی تره بۆ پشتکردنه نەوتی خاو و کەمبونەوەی بەکارهێنانی له ئایندەدا.

عێراق بەشێوەیەکی گشتی دەوڵەمەنده به نەوتی خاو که یەدەگی چاوەڕوانکراو یان خەملێنراوی بریتیه له ١٤٥-١٦٠ ملیار بەرمیل و غازی سروشتیەکەشی به پێی ئاماری کۆمپانیای بی پی بەریتانی لەساڵی ٢٠٢٠دا که له خشتەیەکدا بلاۆیکردۆتەوه له ساڵی ٢٠٢١دا، تایبەت به یەدەگی دڵنیای غازی سروشتی له جیهاندا،یەدەگی دڵنیایی غازی سروشتی عێراق دەخەملێنرێت به ١٢٤,٦تریلیۆن پیَ سێجا که یەکسانه به ٣,٤٦١ تریلۆیون مەتر سێجا و که دەکاته ١,٩٪ ی یەدەگی هەموو جیهان.که حەوتەمین وڵاته لەسەر ئاستی جیهان و چوارهەمینیشه لەسەر ئاستی وڵاته عەرەبیەکان لەدوای هەریەکه له قەتەر و سعودیه و ئیماراتی عەرەبی.که بەداخەوه بەشی زۆری بەهەدەر دەڕوات و بەکارناهێنرێت،چونکه تەکنەلۆژیای دەرهێنان و مامەڵەکردن و چارەسەرکردن و گواستنەوه و بەکارهێنانی غازی سروشتی تەکنەلۆجیایەکی هەستیار و وورد و پێشکەوتووی پێویسته جیا له تەکنەلۆژیای نەوتی خاو.هەربۆیەش خەرجیەکی زیاتریشی پێویسته. و هەر هەڵەیەك لەهەر قۆناغێکدا دەبێته هۆی ڕوودانی کارەسات بەهۆی زوو کلێپەکردن و گڕکردنی غازی سروشتیەوه.

هەرێمی کوردستانیش وەك بەشێك لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ خاوەنی نەوتێکی زۆری یەدەگە کە بریتیە لە ١/٣ نەوتی یەدەگی عێراق و بەمەش خاوەنی نزیکەی ٤٥-٦٠ ملیار بەرمیل نەوتی خاو دەبێت و غازی سروشتیەکەشی دەخەمڵێنرێت بە ٥,٢ تریلیۆن مەتر سێجا.کە ئەمەش بڕێکی کەم نیە و تەنانەت هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی جیهان بۆتە ٨مین هەرێمی دەوڵەمەند بەنەوت و غازی سروشتی و پێگەی گرنگی هەیە لەسەر نەخشەی وزەی جیهانی و وڵاتەکانی ناوچەکە و دونیاش و بە چاوی گەشبینیەوە دەڕواننە هەرێمی کوردستان و لەنەخشە و پلانەکانی خۆیاندا وەك یەکێك لە سەرچاوەکانی وزە دیاریانکردوە و لەهەوڵی پراکتیکیشدان بۆ ئەوەی سوود لەم دوو سەرچاوەیەی وزە وەربگرن و بیبەستنەوە بە تۆڕی بۆری گواستنەوەی دونیاو ناوچەکەوە.

جا هەر وڵاتێك کە بخوازێت هەناردەی غازی سروشتی بکات بۆ دەرەوەی وڵات، پێویستە لەم خاڵانەی لای خوارەوە دڵنیا بێت:

١. بڕی غازی سروشتی یەدەگی دڵنیایی هەبوو.
٢. بڕی بەرهەمهێنانی غازی سروشتی.
٣. تێچووی بەرهەمهێنانی غازی سروشتی.
٤. ڕاکێشان و بوونی تۆڕێکی بۆری گواستنەوە.
٥. کرێی گواستنەوەی غازی سروشتی.
٦. دیاریکردنی نرخی غازی سروشتی.
٧. پرۆسەی صیانەکردن و پاراستنی هێڵی بۆریەکە.
٨. پێش هەموو ئەم کارانەش پێویستە پێداویستی ناوخۆی خۆی دابینبکات ئەوکات پلانی هەبێت بۆ هەناردەکردنی بۆ دەرەوەی وڵات.

ئاشکرایە غازی سروشتی بەدوو جۆری سەرەکی هەیە لە سروشتدا:

١. غازی سروشتی لەپاڵ نەوتی خاودا کە پێی دەوترێت غاز المصاحب associated gas .
٢. غازی سەربەست free gas .

کە هەمیشە غازی هەبوو لەگەڵ نەوتدا زیاترە وەك لەشێوەی غازی سروشتی ئازاد یان سەربەست و بەتەنها.بۆ نموونە لە عێراقدا غازی پاڵ نەوت بریتیە ٧٠٪ و غازی ئازاد بریتیە لە ٢٠٪ و غازی قوبەکانیش بریتیە لە ١٠٪.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئایا هەرێمی کوردستان لەتوانایدایە کە غازە سروشتیەکەی هەناردەی دەرەوەی وڵات بکات یان نا ؟

لەوەڵامدا دەڵێین بەڵێ هەرێمی کوردستان دەتوانێت غازی سروشتیەکەی هەناردە بکات لەسەر ئەو بنەمایەی کە یەدەگێکی پێشبینیکراوی هەیە کە بریتیە لە نزیکەی ٥,٢ تریلیۆن مەتر سێجاکە ئەمەش بڕێکی کەم نیە. و هەر لەسەر ئەم خەملاندنانە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی سامانە سروشتیەکان پلانیان هەبوە کە لە ساڵی ٢٠١٤وە بەرێکەوتن لەگەڵ کۆمپانیای بۆتاشی تورکیدا کە پسپۆری هەیە لە ڕاکێشانی بۆری نەوت و غازی سروشتیدا کە غازی سروشتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی پرۆژەی هێڵی غازی نابۆکۆوە هەناردەی تورکیا و ئەوروپاش بکەن.

هێڵی غازی نابۆکۆ و غازی سروشتی هەرێمی کوردستان

ئەم هێڵە وابڕیار بوو کە غازی سرروشتی لە وڵاتی تورکومانستانەوە و لەرێگەی تورکیاوە لە ناوچەی ئەنادۆڵەوە بگوازێتەوە بۆ ئەوروپا و بۆ وڵاتی نەمسا و بنکەی سەرەکی غازی سروشتی باومگارتن ئاندرمارش و بڕیاریشبوو کە لەساڵی ٢٠١١دا دەستبەکارکردن بکرێت تیایدا.بە تێپەڕبوون بە وڵاتانی بولگاریا و ڕۆمانیا و مەجەردا.کە وا بڕیاربوو ئەو هێڵی غازە لەساڵی ٢٠١٤ تەواو بکرایە، بەڵام بەهۆی شەڕی داعش لەناوچەکەدا و ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبیەوە ئەو کارەی دواخست . کە درێژیەکەی ٣٣٠٠کم دەبێت.کە بڕیار بووە کە بڕی سەرەتایی غازی سروشتی ساڵانەی پێویست بۆ ئەو هێڵە بریتی بێت لە ٨-١٠ ملیار مەتر سێجا و ئەوپەڕی توانای ساڵانەشی ٣١ تریلیۆن مەتر سێجا و پرۆژەکەش ١٠ ملیار دۆلاری تێدەچوو.

لە جێبەجێکردنی ئەم هێڵەدا ٧ کۆمپانیا بەشداری دەکەن کە بریتین لە (OMVی نەمساوی و MOL ی مەجەری وترانس گاز لە ڕۆمانیا و بلغارگاز لە بولگاریا و بوتاش لە تورکیا). کە چوارکۆمپانیای ئەوروپین و یەکیان تورکی و دووانیان ئیماراتین.هەندێك پێیان وایە کە ئەم هێڵە بۆ جێگرتنەوەی هێڵەکانی غازی سروشتی ڕوسیایە بۆ ئەوروپا. و ئەم پرۆژەیەش لەلایەن یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا پاڵپشتی لێدەکرێت، بەمەبەستی کەمکردنەوەی پشتبەستنی ئەورپایە لەسەر غازی ڕوسیا لەبواری وزەدا.و ڕوسیاش لای خۆیەوە ڕاکێشانی ئەم بۆریە بە کارێکی دوژمنکارانە دەزانێت بەرامبەر بەخۆی. وەزارەتی نەوتی عێراقی ڕایگەیاندوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای RWEی ئەڵمانیدا واژۆکردوە بۆ ناردنی غازی سروشتی لە ئایندەدا بەهێڵی نابۆکۆدا ،گرێبەستەکەی بە پوچەڵ و نایاسایی دایە قەڵەم.

کۆمپانیا ئەڵمانیاکە ڕایگەیاندوە کە وەزیری سەرچاوە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان (ئاشتی هەورامی) ڕایگەیاندوە کە(دەتوانێت نزیکەی ٢٠ ملیار مەتر سێجا غازی سروشتی ساڵانە بنێرێتە دەرەوە بە هێڵی نابۆکۆدا بۆ تورکیا و ئەوروپا).لەکاتێکدا هێڵی نابۆکۆ ئامانجێتی کە بڕی ٣١

ملیار مەتر سێجا لە غازی سروشتی سالأنە بگەیەنێتە ئەورورپا لە ناوچەی دەریای قەزوێنەوە بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستنی ئەوروپا لەسەر ڕوسیا کە چارەکی پێداویستیەکانیان لە غاز دەنێرێت بۆ ڕۆژئاوای ئەوروپا.

کۆمپانیای بۆتاشی تورکی کە بریتیە لە کۆمپانیای هێڵی بۆری تورکی(بۆتاش) وادادەنێت کە گواستنەوەی غازی سروشتی لەهەرێمی کوردستانەوە وا لە هێڵی نابۆکۆ دەکات کە غازی سروشتی بگوازێتەوە بۆ ئەوروپا بەهاتنی ساڵی ٢٠١٤.پاڵپشت بەو پێشبینی و خەملأندنە گەورانەی کە بۆ یەدەگی غازی سروشتی هەرێمی کوردستان کراوەو بەرهەمهێنانی غاز تیایدا گرنگیەکی گەورەی دەبێت و ڕۆڵێگی گەورە وازی دەکات لە دەستپێکردنی پرۆژەی هێڵی نابۆکۆ. هەردوو کۆمپانیای OMV نەمساوی وMOL مەجەری بەشداربوون لەو پرۆژەیەدا وەکو دوو هاوبەشی سەرەکی بۆ هەناردەکردنی غازی سروشتی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا ولەوێشەوە بۆ ئەوروپا.هەرێمی کوردستان دەتوانێت بری نزیکەی ١,٥ ملیار پێ سێجا ڕۆژانە دابین بکات بۆ پرۆژەکە کە ئەم برەش بەشی پێدانی قۆناغی یەکەمی هێڵی نابۆکۆ دەکات.

بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە هەرێمی کوردستان بری پێویستی لە غازی سروشتی هەیە کە هەناردەی دەرەوەی بکات و بەشی دەیان ساڵیش دەکات و نرخی ١م$^{3}$ غازی سروشتیش لە بازاڕەکانی جیهاندا هەمیشە لەنێوان ٣-٥ دۆلار بوە و کە ئەم نرخەش دەبێتە سەرچاوەیەکی داهاتی باش بۆ هەرێمی کوردستان.

ئایا بری غازی سروشتی هەرێمی کوردستان هێندەیە کە هەناردەی دەرەوە بکرێت یان نا؟
لەسەر ئەو بنەمایەی کە هەرێمی کوردستان بری ٥,٢٠٠تریلیۆن مەتر سێجا غازی سروشتی هەیەو بەرێز ئاشتی هەورامیش لەساڵی ٢٠١٥دا ڕایگەیاندوە کە هەرێم دەتوانێت سالأنە بری ٢٠ ملیار مەتر سێجا غازی سروشتی هەناردەی تورکیا و ئەوروپا بکات بە هێڵی بۆری نابۆکۆدا.
کەواتە ئەو بری غازە سروشتیەی کە هەرێم خاوەنێتی بەشی نزیکەی ٢٦٠ ساڵ دەکات.
ئاشکراشە کە نرخی ١ مەترسێجا غازی سروشتی هەمیشە لەکاتی ئاسایدا کەمتر نەبوە لە ٢ دۆلار بۆ ١م$^{3}$و لەئێستادا و لە کاتی جەنگی ڕوسیا ئۆکراینادا گەیشتۆتە ٥,٧٥ دۆلار بۆ هەر ١م$^{3}$.
کەواتە گەر لە ١ساڵدا هەرێم بتوانێت بری ٢٠ملیار م$^{3}$ هەناردە بکات و بەنرخی ناوەنجی ٣دۆلار
کەواتە سالأنە هەرێم تەنها لە غازی سروشتیەوە دەتوانێت بری ٢٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠*٣دۆلار =٦٠ ملیار دۆلار داهاتی هەبێت.کە داهاتێکی زۆر زۆرە.

بەلأم مەرجی سەرەکی بۆ هەناردەکردنی هەر کالأیەك یان سەرچاوەیەکی سروشتی ، وزە بێت یان کانزای پیشەسازی بێت یان خۆراکی بێت ،بریتیە لەوەی کە پێویستە پێش هەناردەکردنی پێداویستی ناوخۆی ولأتی لێدابینبکرێت،نەك وەك فرۆشتنی نەوتی کوردستان کە ماوەی زیاد لە ٢٠ ساڵە

دەفرۆشرێت بەلاّم نەتوانراوە بکرێتە مایەی خۆشگوزەرانی و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی تاك و خێزان و کۆمەڵگای کوردەواری. بەپێچەوانەوە گەر بەهەمان سیاسەتی فرۆشتنی نەوت مامەڵە لەگەڵ غازی سروشتی کوردستانیشدا بکرێت ئەوا بەهەمان دەردی نەوتەکە دەچێت و هێندەی تر ماڵوێرانی و هەژاری و قەرزارباری ڕوودەکاتە هەرێمی کوردستان.چونکە بەداخەوە سیاسەت و پلان و ئیدارەدانی کەرتی نەوت و غازی سروشتی لەهەرێمدا لەدەستێکی ئەمین و شارەزا و خەمخۆردا نیە.

بەلاّم ئەم کارە هەروا ئاسان نیە و ڕووبەڕووی گەلێك ئالنگاری دەبێتەوە لەوانە:

١. بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە پێویست بەوە دەکات کە هێڵی بۆریەکە بە خاکی تورکیادا تێپەڕ ببێت کە ئەمەش ڕووبەڕووی کێشە و گرفتی سیاسی و یاسایی دەبێتەوە کە پێویست بە ڕێکەوتنامەی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دەکات.

٢. پێویستبوون بە وەبەرهێنانی گەورە بۆ ڕاکێشانی هێڵی بۆریەکە.

٣. پاراستنی هێڵی بۆریەکە کارێکی ئاڵۆز و پڕ خەرجیە.

٤. پێویستە کە هەرێمی کوردستان ڕێکەوتنامەی دوور مەودا واژۆ بکات لەگەڵ ئەو ولاّتانەی غازەکەی بۆ دابین دەکات و ئەو ولاّتەشی کە بۆریەکە بە خاکەکەیدا تێپەڕ دەبێت وەکو تورکیا.

٥. پێویستە کە لێکۆڵینەوەی وورد بکرێت بۆ زانینی بڕی داواکراو لە غاز.

٦. چۆنێتی دیاریکردنی نرخی غازەکە و چۆنێتی پێدانی پارەکەشی.

٧. سەرپەرشتیکردنی هێڵی بۆریەکە و صیانەکردنیشی.

لەکۆتاییدا باشتر وایە هەناردەکردنی غازی سروشتی کوردستان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە ئەنجام نەدرێت،بەڵکو بەهاوبەشی و سەرپەرشتی حکومەتی ناوەند ئەو کارە بکرێت،بەمەبەستی فرۆشتنی غازەکە بەنرخی ڕەسمی بازاڕی جیهانی نەك وەك نەوتەکە کە هەمیشە ١١-١٥دۆلار لەنرخی بازاڕەکانی جیهان کەمتر دەفرۆشرێت و دەبێتەمایەی زیانێکی گەورەی ساڵانە بۆ داهاتی عێراق و هەرێمیش و لەولاشەوە ئەو سەرچاوە گرنگەی وزە بەفیڕۆ دەڕوات و تالاّنفرۆش دەکرێت.چونکە لە ئاییندەدا لەلایەك نەوتی خاو بەرەو چۆڕبڕبوون دەچێت و لەلایەکی تریشەوە بەکارهێنانی کەمدەبێتەوە چونکە ولاّتە پیشەسازیە گەورەکان ڕوودەکەنە بەرهەمهێنانی هۆکارەکانی گواستنەوە کە بە کارەبا کاربکات لەجیاتی سووتەمەنی بەنزین و گازۆیل و ..هتد. و لەولاشەوە بەکارهێنانی غازی سروشتی دەبێتە جێگرەوەی نەوتی خاو لەبەر سیفاتە باشەکانی غازی سروشتی لە سووتان و نەبونی پاشەڕۆی پیسکەری ژینگە و نرخەکەشی هەرزانتر دەکەوێت.

=====================================================

* ئەم بابەتە لە سایتی درەو میدیا دا لەڕێکەوتی ٧/٤/٢٠٢٢دا بلاّوکراوەتەوە.

# باهێندەش شاگەشکە نەبین
# بە کشانەوەی کۆمپانیا نەوتیەکان لە کوردستان؛ *

ئاشکرایە لەو کاتەوەی کە سیاسەتی سەربەخۆی فرۆشتنی نەوتی کوردستان یان سیاسەتی سەربەخۆی ئابوری کوردستان پیادەکراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کورستانەوە لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٤وە و تاکو ئێستاش بەردەوامە.گەلێك سەرکردە و لایەنی سیاسی و تەنانەت زۆرینەی هاولاٚتیانیش لەسەرەتاوە پێی دڵخۆش بوون و هەریەکە بەشێوەیەك لە شێوەکان پشتیگیریان دەکرد،تا ئەوکاتەی کە دەرکەوت شێواز و میکانیزمی تەواوی پڕۆسەکە دوور نیە لەکەموکوڕی و هەڵە و نەزانین و تاڕادەیەکیش بۆ بەرژەوەندیە کەسیەکان و حیزبیەکانیش ئەنجامدراون کەم تازۆر. و کاتێکیش تەنها لەدوای کەمتر لە ساڵێك و لەکۆتایی ساڵی ٢٠١٥دا دەرکەوت کە هەرێم نزیکەی ٢٠ ملیار دۆلار کەوتۆتە ژێر قەرزی دەرەکیەوە.ئەوکات هەموان کەوتنە تەقە لە تەواوی پڕۆسەکە و بە شکستخواردوویان دایە قەڵەم و هەزار و یەك تانە و ڕەخنەی بەجیٚ و نابەجێشان ئاڕاستەکرد و نوکی ڕمەکەش تەنها بۆ سەر سنگی سەرۆکی ئەو کاتەی حکومەت و وەکو لایەنی سیاسیش پارتی دیموکراتی کوردستان بوو.ئیدی کەسی تر و لایەنی تر کە خۆشیان بەشداربوون لە حکومەتەکەدا و لە پڕۆسەکەشدا و گەر ئاگاداری ١٠٠٪ نەبوبن ئەوا بەدڵنیاییی ئاگاداری هەرە زۆری پڕۆسەکە بوون.بەلاٚم لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانیش لە پێش ئەوانی ترەوە کەوتنە سەنگەر گرتن لە پارتی و ئەو حکومەتەی کە خۆیان تیایدا بەشداربوون.بەبیانوی ئەوەی پڕۆسەکە ناشەفافە و تاریکێنراوە و داهاتەکانی دیارنیە و لەبەرژەوەندی تورکیا و کۆمپانیا تورکیەکان و کۆمپانیا نەوتیەکانە و جۆری گرێبەستەکان لە جۆری گرێبەستی هاوبەشین لەبەرهەمدا و نرخی فرۆشتنی یەك بەرمیل نەوتی هەرێم بە ١٠-١٥دۆلار کەمتر لەنرخی نەوتی عێراق لە بازاڕەکانی جیهاندا دەفرۆشرێت و دەیان ڕەخنەی تر.

بەم شێوەیە هەموانیان خۆیان لیٚ بێبەری کرد و هەموو لێپرسراوێتیەکەیان خستە ئەستۆی پارتی وەکو پارتی دەسەلاٚتدار لە حکومەت و لێپرسراوی ڕاستەوخۆی مەلەفی نەوت لەکاتێکدا وەزارەتی سامانە سروشتیەکانیش لای پارتی بوو.ئیدی لەکاتی تەنگژە و ئاڵۆزیەکان لەگەڵ بەغداد و لەکاتی گفتوگۆکاندا هەموان حەزیان دەکرد و داواکاریشیان هەبوو بەڕادەستکردنەوەی تەواوی مەلەفی نەوت بە وەزارەتی نەوتی عێراق و بەغداد.بۆ شاهیدی مێژوو و لەو کاتە ناسك و زۆر

ئیحراجیانەدا بەهەق تەنها پارتی بوو کە پێداگیری دەکرد و ڕێگەی نەدا ئەو کارە بکرێت و بەهەرشێوەیەك و دیپلۆماسیەتێك بوبێت نەیهێشت ئەو مەلەفە زۆر هەستیار و چارەنوسسازە ڕادەست بکات و کەم تازۆریش سەرکەوتوو بوو و توانیشی ناوبەناویش بێت برە پارەیەك لە بەغداد وەربگرێت و تاڕادەیەك پێداویستیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێدابین بکات و مووچەی مووچەخۆرانیش بە چارەك و نیوە مووچەش بدات.کە بەڕاستی تائێستاش هەر پارتیە سوورە لەسەر ڕادەستنەکردنی ئەو مەلەفە بە بەغداد سەرەڕای دەرکردنی بڕیاری دادگای فیدڕاڵی و هەڕەشە و فشاری وەزارەتی نەوتی عێراقی بۆ سەر کۆمپانیاکان و گرتنەبەری ڕێگای دادگا نێودەوڵەتیەکان دژی ولآتانی دراوسێی وەکو تورکیاو ..هتد.

بۆ مێژووش،خۆشم وەکو ئەندازیارێکی کیمیاوی و پسپۆڕ لەنەوت و پترۆکیمیاویات و چاودێرێکیش لەسەرەتاوە و تاکو ئێستاش لەو بڕوایەدام سیاسەتی فرۆشتنی سەربەخۆی نەوتی هەرێم وەك بنەمایەك و ڕێگاچارە و دەرچەیەك بۆ دەربازبوون لە بندەستەیی و چاو لەدەستبوونی بەغداد و وەك دەروازەیەکی فراوانیش بەکرانەوە بەڕووی دونیای دەرەوە و کۆمپانیا نەوتیەکان و گرێدانی بەرژەوەندیەکانی ئێستا و ئایندەی کوردستان بە تۆڕی جیهانی وزەی ناوچەکە و دونیاشەوە کارێکی گەلێك ژیرانە و بوێرانە و ئایندەبینی و دیدێکی ستراتیژیانە بوە و هەرواش دەمێنێتەوە. لە پاڵیشیدا دەرکردنی یاسای غاز و نەوتی ژمارە ٢٢ساڵی ٢٠٠٧ کارێکی تری ئازایەنە و زیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو.بەلآم ئەوەی جێگەی ڕەخنەی ئێمەش و ئەوانی تریش بوون تا ئێستاش بریتی بوون لە:

١. جۆری گرێبەستەکان کە لەجۆری هاوبەش لەبەرهەمدایە بە قازانجی هەرێم نیە،بەلآم وەك شارەزایەك ئەو جۆرە گرێبەستانە بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان کە هیچ ژێرخانێکی ئابوری و کەرتی وزەی نەبووە هەر ئەوە دەکرا.

٢. ڕێژەی پشکی کۆمپانیا نەوتیەکان بەرزن کە هەندێکیان لەسەروو٢٥٪وەن.

٣. زۆری و هەمەجۆری گرێبەستە نەوتیەکان.

٤. فراوانی و زۆری بلۆکە نەوتیەکان و دابەشکردنی هەموو کوردستان و پێدانیان بە کۆمپانیا نەوتیەکان،بەشێوەیەك ٤٢گرێبەستی نەوتی لەگەڵ زیاد لە ٢٠ کۆمپانیای نەوتی و بۆ زیاد لە ٥٠ بلۆکی نەوتی گەورە و بچوك ئەنجامدراوە.

٥. دیارنەمان یان ناشەفافی لە فرۆشتنی نەوتەکەدا و گەڕانەوەی داهاتەکەی و گۆڕینەوەی لە دۆلارەوە بۆ دینار.

٦. دواتریش دانەوەی قەرزی کۆمپانیاکان بەشێوە و بڕی زۆری مانگانە.

٧. نەخستنە بواری جێبەجێکردنی یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٥ صندوقی داهاتە نەوتیەکان.

کە هەموو ئەم خاڵانە لەبەرژەوەندی کۆمپانیا نەوتیەکان دەشکانەوە و بەزیانیش بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

بەڵام من ئەوکات و بە ئێستاش و بۆ ئایندەش ،وایدەبینم کە حکومەتی هەرێم پێویستە کۆمەڵ گەلێك کاری زێدە گرنگ پیادە بکات لە:

١. چێکردن و بەردەوامبوونی پرۆسەیەکی چاکسازی ئیداری و دارایی سەرتاپاگیر و بێجیاوازی لەناو تەواوی ئۆرگانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کە خۆشبەختانە لە کابینەی نۆیەمدا دەستیپێکراوە و ڕێوشوێنی زۆر باش و توندیان جێبەجێکردوە و کاریگەریەکانیشی بەباشی دەرکەوتوە ،لە ڕاگرتن و بڕینی مووچەی زیادە و بندیوار و کۆکردنەوە و ڕێکخستنەوەی باجەکان و قەرزەکانی حکومەت لای هاوڵاتیان و دەروازە گومرکیەکان لە سنورەکان و فڕۆکەخانەکان و....هتد.کە هێشتاش لەهەندێك جێگەدا کاری نایاسایی و قاچاغچێتی هەر بەردەوامە.

٢. هەوڵدان و کاری جدی بۆ ڕێگەگرتن و ڕاگرتن و کەمکردنەوەی تائەوپەڕی گەندەڵیە لەهەموو بوارەکاندا و بەتایبەتی لەکەرتی وزەدا بە نەوت و غازی سروشتیەوە.

٣. پێویستە ساڵانە یاسای بودجەی حکومەتی هەرێم پەسەندبکرێت و کاری لەسەر بکرێت.

٤. لەگەڵ بەغداد ژیرانەتر و پشوودرێژانەتر بەڵام بوێرانەتر لەڕووی یاسا و دەستورەوە بەردەوامی بە گفتوگۆو پەیوەندیەکان بدرێت و تائەوپەڕی پارێزگاری لەمەلەفی نەوت بکرێت و بەتەواوەتی ڕادەستی بەغداد نەکرێتەوە.

تەنها بەم ڕێگچارەسەریانە دەتوانرێت کە داهاتەکان باشتر کۆبکرێنەوە و دواتریش خەرجیەکانیش ڕێکبخرێنەوە و زیادە خەرجیەکان نەهێڵرێت.

چونکە دەبێت هەموو کات چاوەڕوانی دابەزینی نرخەکانی نەوت بین ،ئەوەتا هەرئێستا نرخی یەك بەرمیل نەوتی برێنت هاتۆتە سەر ١٠١ دۆلاری ئەمریکی لەکاتێکدا گەیشتبوە سەروو ١٢٠ دۆلار.بۆیە ئەم پرۆسەی چاکسازیانە دەبێت بەردەوام بن.چونکە لەکاتی دابەزینی نرخەکاندا داهاتەکان کەمدەبنەوە و جارێکی تر ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی توند دەبینەوە.

لەکۆتایدا ڕاستودروستی ئەم سیاسەتی نەوتی سەربەخۆیە لەئێستادا لەهەموو کاتەکانی تر دەردەکەوێت،لەکاتێکدا نزیکەی ١٠ مانگی ڕێکە عێراق نەیتوانیوە حکومەت پێکبهێنێت و ململانێ

نارەواکانی ناو ماڵی شیعە و لەنێوان سەرکردە و لایەنە سیاسیەکان و میلیشیا چەکدارەکانیان گەیشتۆتە لێواری تەقینەوە و پێکدادان و گەڕانەوەی عێراق بۆ سەردەمی خوێناویترین قۆناغی کوشت و بڕی ئاینی و تایەفی و نەتەوەیی و حیزبایەتی.

جا لەکاتێکدا عێراق ڕوەو ئاوها دوارۆژێکی ماڵوێرانیکەر ببێتەوە،هەق نیە کورد خۆی پارێزگاری لەکیان و مان و سەروەت و سامانەکەی خۆی بکات؟ چونکە لەکاتی پێدادانی خوێناوی و چەکداری لە عێراقدا کە ڕەنگە ئەگەرێکی دووریش بێت، چونکە ولاٌتانی ناوچەکە و زلهێزەکان و ئالنگاریەکانی و مەترسیەکانی ئێستا ڕێگانادەن زیاتر ناوچەکە و عێراق لێکبترازێت.بەلاٌم وەکو ئەگەرێك هەقە کورد و سەرکردایەتی و حیزبەکانی و حکومەتەکەی کاری لە پێشینەی خۆی ئەنجامبدات.چونکە کاتێك عێراق تێکبچێت و مەلەفی نەوتی کوردستانیش ڕادەستبکرێتەوە،بەڕاستی کوردستان و دۆخی سیاسی و ئابوری هێندەی تر خراپتر دەبێت.

بۆیە با هێندە شاگەشکە نەبین بە پاشەکشە و بەجێهێشتنی کۆمپانیا نەوتیە بیانیەکان لەکوردستان و وەکو هەواڵی دڵخۆشکەرە وگرنگی ڕاگەیاندنەکانیش بلاٌویان نەکەینەوە، (خۆشبەختانەش دوای بڕیارەکەی دادگای فیدڕاڵی عێراقی لە ١٥/٢/٢٠٢٢وە تاکو ئێستا تەنها ٣ کۆمپانیا ئەوانیش لەبواری خزمەتگوزاری نەوتدا کاردەکەن بەنوسراو ڕایانگەیاندوە کە پابەندی بڕیاری دادگاکە دەبن لەکاتێکدا زیاد لە ٢٠کۆمپانیای نەوتی لەهەرێمی کوردستاندا هەیە).تەنها لەبەر ئەوەی هەندێك کەس و لایەن تۆمەتبارەکرێن بەگەندەڵی لەو کەرتەدا، چونکە دەبێت باش ئەو ڕاستیە بزانین کە هەمیشە چارەنوسی گەل و نیشتیمانەکەمان زۆر گرنگتر و گەورەترە لەبەرژەوەندیە بچوك و تەسکە کەسی و حیزبیەکان.چونکە ئەو عێراقە وێرانەیە چاوەڕوانی ئاشتی و ئارامی و خۆشگوزەرانی بۆ باشوور و ناوەڕاستی خۆی لێناکرێت چ جای بۆ هەرێمی کوردستان و بۆ کورد.

بۆیە گەرەکە تادوا هەناسە بەشێوەیەکی دیبلۆماسیانەی نەرم و پشوودرێژ بەردەوامی بدرێتە ئەم دۆخەی ئێستای مەلەفی نەوت،چونکە ولاٌتانی ناوچەکە و زلهێزەکانیش بە ئاشکراو بەنهێنی و بەشێوەیەك لەشێوەکان بەرژەوەندی خۆیان و کۆمپانیاکانیانی تیادا دەبیننەوە و تەنانەت پارێزگاریشی لێدەکەن.جا ئیدی بۆخۆمان سوورترنەبین لەکەسانی تر بۆ پارێزگاری لە بەرژەوەندیەکانمان و ئایندەی گەل و نیشتیمانەکەشمان.چونکە ڕەنگە گۆڕانکاری گەورە لەناوچەکە و بەتایبەتیش لە عێراق و دەسەلاٌتەکەیدا ڕوودەن و ئەم دۆخانەی ئێستا هەروا نەمێننەوە.با ئەو پەندە کوردیەشمان بەسەردا جێبەجێنەبێت کە دەڵێت ( وەکو .... دێز تۆپینی خۆی و خاوەنەکەی دەوێت).

==========================================

* ئەم بابەتە لە سایتی وتاری کورد دا لەڕێکەوتی ١٨/٧/٢٠٢٢دا بلاٌوکراوەتەوە.

## چ جۆرە بەنزینێك بەكاربێنین بۆ ئۆتۆمبێلەكا نمان ؟ *

ئاشكرایە سووتەمەنی لەم قۆناغ و سەردەمەدا كە هۆكارەكانی گواستنەوەی وشكانی و ئاسمانی و دەریایی لە ئۆتۆمبێل و فڕۆكە و پاپۆڕ و ....هتد.ژمارەیان گەلێك زۆر بوون و هەموانیشیان پێویستیان بە جۆرە جیاوازەكانی سووتەمەنی هەیە لە (غازی سروشتی و بەنزین و گازۆیل و نەفتا و....هتد). هەربۆیە ولاّتان و كۆمپانیاكان كەوتونەتە خۆ بۆ بەرهەمهێنانی باشترین جۆری سووتەمەنی بۆ هەریەكە لەو جۆرە جیاوازانەی هۆكارەكانی گواستنەوە كە سیفاتی زۆر باشیان تیادا بێت لە سووتاندن و پیسنەكردنی ژینگە و خاوێن سووتاندن و زیان نەگەیاندنی بە ماكینەی هۆكارەكانی گواستنەوەكان و نەبوونی پاشماوە و پاشەڕۆ.

لێرەدا بەتایبەتی باس لە سووتەمەنی (بەنزین یان گازۆلین)ی ئۆتۆمبێل دەكەین كە زۆرترین خواستی لەسەرە بۆ بەكارهێنان بەهۆی زۆری ژمارەی ئۆتۆمبێلەوە لە جیهاندا.

مەبەست چیە لە بەنزین؟

بەنزین(سووتەمەنی): بەنزین لە ئەمریكای باكوردا بە گازۆلین ناودەبرێت یان بە پترۆڵ لە یەكێتی كۆمۆنوێلسەكاندا، و لەهەندێك ولاّتیشدا پێی دەوترێت (ڕۆحی ماتۆڕ): بریتیە لە شلەیەكی تێكەلاّو كە لەنەوتی خاوەوە وەرگیراوە كە لە بنەڕەتدا لە هایدرۆكاربۆن پێكهاتوە،وەك سووتەمەنی بەكاردێت لە مەكینەی سووتانی ناوخۆییدا.

بەنزین لە چی پێكدێت ؟

**سووتەمەنی بەنزین:** بریتیە لە شلەیەكی پێكهاتە سوك،لەگرنگترین سیفاتەكانی ئەوەیە كە ڕەنگی نیە، بەلاّم بۆنێكی تیژی هەیە،و توانای گڕگرتنی هەیە،$C6H6$ بریتیە لەناوی كیمیاوی بەنزین.كەئەو پێكهاتەیە بریتیە لە بازنەیەكی شەشی،كە بە ساكارترین بازنە یان بەش دادەنرێت لە كیمیای ئۆرگانیدا. بەشێوەیەك پێكهاتەی بەنزین بریتیە لە ساكارترین پێكهاتە هایدرۆكاربۆنیە ئەرۆماتیەكان.

جیاوازی چیە لە نێوان پترۆڵ و بەنزیندا ؟

ئەثیری پترۆڵ لە بنەڕەتدا وەك توێنەرەوە بەكاردێت لە تاقیگەدا.

جیاوازی چیە لەنێوان بەنزین( وەك توخم) و بەنزین وەك (سووتەمەنی) دا؟

**بەنزین(توخم)**:بریتیە لەگەردێكی هایدرۆكاربۆنی،بەلاّم **بەنزین(سووتەمەنی)**: بریتیە لە

تێکەڵەیەکی هایدرۆکاربۆنی.

**بەنزین(توخم):** بریتیە لە هایدرۆکاربۆنێکی ئەرۆماتی بازنەیی ، بەڵام **بەنزین(سووتەمەنی)** لە هایدرۆکاربۆنات پێکدێت.

- لە بنەڕەتدا توخمی بەنزین توخمێکی ئەندامی بازنەییە و بۆن تیژە و تێکەڵ بە سووتەمەنی ئۆتۆمبێل دەکرا.نەك بۆ خۆی سووتەمەنی بێت،بەڵام بەهۆی زۆر بەکارهێنانیەوە لەئێستادا بە سووتەمەنی ئۆتۆمبێل ناودەبرێت.

ناوی زانستی بەنزین چییە؟

بەنزین C6H6 ،فینیل،یان بێنزۆڵ: بریتیە لە شلەیەکی بێ ڕەنگ و توانای گڕگرتنی هەیە ،بۆنێکی خۆشیشی هەیە.

جۆرەکانی بەنزین کامانەن؟

بۆ نموونە،بەنزینی ٩٥ ( بۆ ئەو مەکینەی ئۆتۆمبێلانە گونجاوە کە ڕێژەی فشار تیایدا ١١ یە کە ئۆتۆمبێلە نوێکان دەگرێتەوە) .بەڵام ئۆتۆمبێلە کۆنەکان کە بە مەکینەی ئاسایی دەڕوات،ئەوا دەتوانرێت بەنزینی ٩٠ بەکاربهێنرێت.جا گونجاوترین جۆری بەنزین بریتیە لەو بەنزینەی کە ڕێگەدەگرێت لە (**لێدانی مەکینە**).جا هەر ئۆتۆمبێلێکیش لە ڕێبەری کۆمپانیاکەدا جۆری گونجاوی بەنزینەکەی دیاریکردوە کە دەکرێت هەرکەسێك سەیری ئەو ڕێبەرە بکات.

بەنزین جۆری جیاوازی هەیە ،کامەیان گونجاوە بۆ ئۆتۆمبێلەکەت؟

پرۆسەی دروستکردنی بەنزین بریتیە لە کرداری دڵۆپاندنی نەوتی خاو لە پاڵاوگەکاندا و لەوکاتەدا پێی دەوترێت (**بەنزینی سروشتی**) ،کە تەنها هەندێك سیفات و توخمە زیادکراوەکانی کەمە پێش ئەوەی ئامادەبێت بۆ بەکارهێنان لەلایەن مەکینەی ئۆتۆمبێلەکانەوە.جا بەناوبانگترینی ئەو سیفاتانە بریتیە لە( **ژمارەی ئۆکتان** ).

**ژمارەی ئۆکتان:** دادەنرێت لە گرنگترین سیفاتەکانی بەنزین کە بەدیاریکراوی بەمانای توانای بەنزین دێت لەسەر بەرەنگاری سووتان لەناو مەکینەدا. و گەلێك جۆری هەیە کە لەنێوان ژمارە (٠-١٠٠)یە.بەنزینی ئۆکتان بەرز بریتیە لە ٩٥٪ لە ئایزۆ ئۆکتان و ٥٪ لە نۆڕمەڵ هێپتان،واتە بەرەنگاری بۆ سووتانی سووتەمەنی بریتیە لە ٩٥٪.بەڵام سووتەمەنی ئاسایی بریتیە لە ٩٠٪ لە نۆڕمەڵ هێپتان و ١٠٪ ئایزۆ ئۆکتان واتە ژمارەی ئۆکتانی نزمە یان ئاساییە و بەرەنگاری بۆ سووتانی سووتەمەنیەکەش نزمە.

بەنزینی سروشتی تەنها لە (هێپتان) پێکدێت،لەخۆوە گڕدەگرێت لەپلەی گەرمی ٨٥ پلەی سەدیدا، لەبەرئەوە بەکەڵك نایەت بۆ ئەو مەکینەی ئۆتۆمبێلانەی کە ڕێژەی فشاریان بەرزە،لەبەرئەوە کۆمپانیاکان هەڵدەستن بە زیادکردنی (ئۆکتان).

جا جۆری بەنزین پشتدەبەستێتە سەر (ژمارەی ئۆکتان)ی بەکارهاتوو بۆ ئۆتۆمبێل لەسەر ئاستی گونجاندنی ئەو بەنزینە بۆ مەکینەکە.ئەوەش دیاریدەکرێت لەسەر سیفەتی مەکینە کە پێی دەوترێت ڕێژەی پەستان.کە لەنێوان ژمارە (٧-١٢)یە.

جا هەرکاتێك ڕێژەی پەستان لە مەکینەی ئۆتۆمبێلدا دابەزی ئەوا لەگەڵ بەنزینێکدا دەگونجێت کە ژمارەی ئۆکتانی نزم بێت.

بۆ نموونە: بەنزینی ٩٥ ( واتە ژمارەی ئۆکتانی ٩٥ و بەرزە کە بەمانای ئەوەیە سووتەمەنیەکە بەرەنگاری زیاتر دەکات بۆ سووتانی خۆیی واتە لە پێش کاتی دیاریکراوی خۆیدا) دەگونجێت بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە مەکینەکانیان ڕێژەی پەستان تیایاندا بریتیە لە ١١ کە بریتین لە ئۆتۆمبێلە نوێکان.

بەلاّم ئۆتۆمبێلە کۆنەکان کە بەمەکینەی ئاسایی دەڕۆن دەتوانرێت بەنزینی ٩٠( واتە ژمارەی ئۆکتانی نزمە و ٩٠ و ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە بەرەنگاری بۆ سووتانی سووتەمەنیەکە کەمە و لەخۆوە گڕدەگرێت پێش کاتی دیاریکراوی خۆی و دەبێتە هۆی لێدانی مەکینە) ، بەلاّم بۆ ئۆتۆمبێلە کۆنەکان بەکاردێت.بەهەرحاڵ و بەشێوەیەکی گشتی ئەو بەنزینە گونجاوە کە ڕێگەدەگرێت لە (**لێدانی مەکینەی**) ئۆتۆمبێل.

کاریگەرییە خراپەکانی بەنزینی نەگونجاو:

هەرکاتێك بەنزینێك بەکارهات کە ژمارەی ئۆکتانی نزم بوو بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە مەکینەکانیان بەهێزە و ڕێژەی پەستان تیایاندا بەرزە ئەوا دەبێتە هۆی،لەناوبردنی مەکینەی ئۆتۆبێلەکە بەهێواشی و قۆناغ بەقۆناغ،بەهەمان شێوە بەکارهێنانی بەنزینی ئۆکتان بەرزیش بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە ڕێژەی پەستانیان نزمە دەبێتە هۆی لەکیسچوونی بەنزینەکە کاتێك بەنرخێکی گران دەکڕدرێت و هیچ سوودێکی ئەوتۆشی نابێت بۆ ئۆتۆمبێلەکە.لەبەرئەوەی لەوکاتەدا ئۆتۆمبێلەکە ناتوانێت زەبر و ژمارەی ئەسپی دیاریکراو بەدەستبێنێت.

جا بۆ زانینی جۆری بەنزینی گونجاو بۆ ئۆتۆمبێل،کۆمپانیاکانی ئۆتۆمبێلە نوێکان ڕێبەرێك هاوپێچی ئۆتۆمبێلەکە دەکەن کە سیفاتی ئۆتۆمبێلەکە و جۆری بەنزینی گونجاوی تیادایە.ئەگەر

ئەو ڕێبەرەش نەبوو ئەوا لەسەر قەپاغی تانکی بەنزینەکە کۆمەڵێك ڕێنمایی تیادایە کە بەدڵنیایی جۆری بەنزینی گونجاویشی تیادا نوسراوە.

لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستدا بەنزینی ئاسایی پێش بەکارهێنانی توخمە زیادکراوەکان دەبوە هۆکاری لێدانی مەکینەی ئۆتۆمبێلەکان،بەهۆی زوو سووتانیەوە،تا لێکۆڵینەوەکان دەریانخست کە زیادکردنی پێکهاتەکانی ڕەصاص ئەو کێشەیە چارەسەر دەکات و جۆری بەنزینەکەش باش دەکات.( کۆنترۆڵی زوو سووتان یان لەخۆوە سووتانی بەنزینی دەکرد ).

بەڵام دوای چەند دەیە ساڵێك ( بەدیاریکراویش لە سەرەتای ساڵی حەفتاکاندا) کاریگەریە خراپەکانی توخمە ڕەصاصیەکان لە بەنزیندا دەرکەوت لەسەر ژینگە و تەندروستی مرۆڤ بەهۆی ئەو گازە نەبینراوانەی کە دەریدەکاتە هەواوە کە بە توخمی سەرەتانی ناسراون،هەربۆیە توخمە ڕەصاصەکان گۆڕدرا بە جۆری تر لە توخمە زیادکراوەکان. و ئیدی بەنزینی بێ ڕەصاص بەرهەم هات لە جیهاندا،کە هەمان مەبەست و ئامانج دەپێکێت کە بریتیە لە باشکردنی جۆری بەنزینەکە و بەرزکردنەوەی ژمارەی ئۆکتانەکەی.

توخمە زیادکراوەکان کامانەن کە زیاد دەکرێن بۆ بەنزین بەمەبەستی باشکردنی جۆرەکەی و بەرزکردنەوەی ژمارەی ئۆکتانەکەی؟

گەلێك توخم زیاد دەکرا و دواتریش و تائێستاش زیاد دەکرێت بۆ سووتەمەنی ئۆتۆمبێل بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ژمارەی ئۆکتانەکەی بۆ ئەوەی دیاردەی لێدانی مەکینەی ئۆتۆمبێل ڕوونەدات کە زیان دەگەیەنێت بە مەکینەی ئۆتۆمبێلەکان لەو توخمانە:

١. لە سەرەتای ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەوە تا ساڵانی حەفتاکان توخمە ڕەصاصەکان زیاد دەکرا بەڵام دواتر بەهۆی زیانەکانی بۆ سەر ژینگە و تەندروستی مرۆڤ قەدەغەکران،گرنگترین توخمیش بریتی بوو لە چوارەم مەثیلی ڕەصاص ( Methyl tertiary-butyl (MTBE ether کە ڕەمزە کیمیایەکەی بریتیە لە $C_5H_{12}O$.

لە سوودەکانی ئەم توخمە بریتی بوو لە کەمکردنەوەی گازی CO لەهەوادا کە زیانبەخشە ،لەگەڵ هەموو پێکهاتە کاربۆنیەکانی تریشدا.هەروەها زوو دەبێتە هەڵم،لەئاودا دەتوێتەوە.

٢. لەدوای قەدەغەکردنی توخمە ڕەصاصەکان هەندێك توخمی کیمیاوی تر زیاد کران بۆ سووتەمەنی وەك:

- هایدرۆکاربۆناتە ئەرۆماتیەکان.
- ئیثەرەکان

- سووتەمەنی کحولی( ئیثانۆلَ و میثانۆلَ)

**دیاردەی لێدانی مەکینە چییەantiknock ؟**

**لێدانی مەکینە ڕوودەدات کاتێك سووتەمەنی گڕدەگرێت لەتێکەڵەکەیدا لەگەڵ هەوا کە نوساوە بە ڕووی ئاگرەکەوە لە سلندەری مەکینەی ئۆتۆمبێلدا پێش گەیشتنی (پڕیشك) کە دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی فشار بەشێوەیەکی نائاسایی.ئەو بەرزبونەوەیە وەك دەنگێکی میکانیکی دەبیسرێت و بەو دیاردەیە دەوترێت (لێدانی مەکینە).**

**کاتێك کە سووتەمەنی گڕدەگرێت پێش ئەوەی بگاتە ئەو جێگەیەی کە پێویستە لەخۆوە گڕبگرێت بەبێ پێویست بوونی بە پڕیشکی ئاگر (مانای گڕگرتن پێش کاتی گونجاو و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە سوود لە سووتەمەنی وەرنەگیرێت).**

- **ئەو کارلێکانەی پێش پڕیشکی ئاگر ڕوودەدەن preflame reaction دەبنە هۆی دروستبوونی ئۆکسیدەبوون peroxide .**
- **پێویستە ئەو ئۆکسیدانە لەخۆوە گڕنەگرن.**
- **پێویستە لەکاتی گونجاودا گڕ بگرن.**
- **ئەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی فشارێکی نائاسایی لەمەکینەدا و بەکەمی سوود لە سووتەمەنی وەردەگیرێت.**

**ئایا بەنزین توخمێکی ژەهراویە؟**

**بەنزین توخمی ڕەصاص لەخۆدەگرێت،کە توخمێکی زیانبەخشە بە تەندروستی مرۆڤ و دەبێتە هۆکاری نەخۆشی(کەمبوونی خوێن) و سووربونەوەی درێژخایەنی گورچیلەکان یان سستبوونی گورچیلەکان، ڕێگەدەگرێت لە چاکبونەوەی نەخۆشی نوقرس(نەخۆشی جومگەکان) ،دەبێتە هۆکاری سووربونەوەی جگەر و دارزانیشی،زیانگەیاندن بە زراو،ترشەڵۆکی گەدە،ڕەنگە ببێتە لەهۆشچوونی جگەری، و ....هتد.**

- **جیازای چییە لەنێوان بەنزینی جۆری ٩٠ و جۆری ٩٥دا؟**

**ژمارەی ئۆکتان RON: بریتیە لە پێوەر و دەرخەری توانای سووتەمەنی لەکاتی سووتاندا.**

**هەروەها ژمارەی ئۆکتانیشRON : بریتیە لە پیشاندەری بڕی هێپتان($C_7H_{16}$) لە تێکەڵەی بەنزیندا ،جا بەنزینی ٩٥ بڕێکی زۆر لە ئۆکتان( $C_8H_{18}$) لەخۆدەگرێت لە تێکەڵەی بەنزینەکەدا بەبەراوورد بە بەنزینی ٩٠ کە بڕێکی زیاتر و بەرزتر لە هێپتان لەخۆدەگرێت**

بەبەراوورد بە بەنزینی ٩٥ ، جا ئۆکتان و هێپتان بریتین لە بەشێك یان دوو پێکهاتەی تێکەڵەی بەنزین نەك بەتەنها بەنزین هەر لەو دوو پێکهاتەیە پێکهاتبێت.بەڵکو بەنزین لە ٥٠٠توخمی ئەندامی پێکدێت کە ٢٥ توخمیان بەشی زۆری پێکدێنن لەگەڵ توخمە زیادکراوە کیمیاویەکاندا.

بەنزین بۆ چی دەبێتە هەڵم وهەڵدەچێت؟

بەنزین زیاتر لە گاز(دیزڵ ) و کیرۆسین (نەوتی سپی) هەڵدەچێت یان دەبێتە هەڵم.نەك تەنها بەهۆی ڕێکخستنی زنجیرەیی لەکاتی دڵۆپاندنیدا لە پالاَوگەکاندا،بەڵکو بەهۆی ئەو توخمە زیادکراوانەوە کە بۆی زیاد دەکرێت.جا توخمی سەرەکی بۆ کۆنترۆڵکردنی بەهەڵمبوونی بەنزین بریتیە لە بیوتان.هەروەك چۆن ڕێژەی بەهەڵمبوون پشتدەبەستێتە سەر پلەی گەرمی دەوروبەر،جا هەر کات پلەی گەرما بەرز بوو ئەوا ڕێژەی بون بەهەڵم زیاد دەکات.

هەندێك تێبینی لەکاتی تێکردنی بەنزین بۆ ئۆتۆمبێلەکان...

١. باشترە لەکاتی بەیانیاندا بەنزین بکرێتە ئۆتۆمبێلەکانەوە بەهۆی نزمی پلەکانی گەرما.

٢. لەکاتی تێکردنی بەنزین بۆ ئۆتۆمبێلەکان دەمانچەی بەنزینەکە بخرێتە سەر ئاستی هێواش نەك زۆر خێراکەی.

٣. باشترە هەموو کات بەنزین بکەیتە ئۆتۆمبیلەکەتەوە کە تانکیەکە نیوە بێت نەك تەواو بەتاڵ بێت چونکە تا بڕی هەوا کەمتر بێت لەتانکیدا ئەوا ڕێژەی بەهەڵمبوون کەمتر دەبێت.

٤. کاتێك لە بەنزیخانەدا تانکی بەنزین یان هەر سووتەمەنیەك بەتاڵ دەکەن. بەنزین مەکەرە ئۆتۆمبێلەکەتەوە چونکە پیسی و خەوشی ناو تانکی بەنزیخانەکە دێتە ناو تانکی ئۆتۆمبێلەکەتەوە.

==========================================

* ئەم بابەتە لە سایتی درەو میدیا دا لەڕێکەوتی ١٧/٨/٢٠٢٢دا بلاَوکراوەتەوە.

# بڕیاری ئۆپیك+ بەكەمكردنەوەی بەرهەمی نەوت وكاریگەریەكانی لەسەر ئابوری جیهان *

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٥/١٠/٢٠٢٢ وڵاتانی ئۆپێك+ لە شاری ڤییەنا کۆبونەوەی ٤٥هەمینی لیژنەی چاودێری و کۆبونەوەی سی وسێهەمینی وەزاری خۆی ئەنجامدا بەمەبەستی گفتوگۆکردن دەربارەی گۆڕانکاری و پێشهاتەکان لە بازاڕەکانی نەوتی جیهانیدا و گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە:

لەسەرەتای مانگی ١١/٢٠٢٢وە بڕی دوومليۆن بەرميل نەوت ڕۆژانە کەمدەکەنەوە لەبەرهەمهێنان واتە مانگانە ٦٠ ملیۆن بەرمیل.کە ئەمە گەورەترین کەمکردنەوەیە لەدوای پەتای کۆڕۆناوە لەمانگی ئازاری ٢٠٢٠وە.ئۆپیك+ وەك ڕێکخراوێکی میحوەری خۆی بەبەرپرسیار دەزانێت لەبەرامبەر ئابوری جیهاندا و هەربۆیە ئەم بڕیارەی لە بەرژەوەندی وەبەرهێنەران و بەکاربەرانی نەوتدا داوە و وەك سیاسەتێکی جێگیری پێشووتری خۆی.

هۆکارەکانی ئەم بڕیارە:

١.نرخەکانی نەوت ڕوو لە دابەزین بوو کە مەترسی دەکرا بێتە سەر ٥٠ دۆلار لە ١٢٠ دۆلارەوە پێش ٣ مانگ و لەماوەی مانگ و چەند هەفتەیەدا ڕێژەی ٣٥٪ لە نرخەکان دابەزیبوون و هاتنە خوار ٩٠ دۆلارەوە.

٢.بڕی بەرهەمهێنانی نەوت زۆرتر بوو لە بڕی داواکراو لە بازاڕەکاندا(**عرض و طلب**).

وەك وەزیری نەوتی سعودیە امیر عبدالعزیز بن سەلمان دەڵێت ( ئەم دۆخەی ئێستای بازاڕەکانی نەوتی جیهانی زۆر تەمومژاویە و لەماوەی ٣٠ ساڵی ڕابووردوودا وەك کەسێکی بە ئەزموون لەو بوارەدا دۆخی وام نەبینیوە).

❊ باشیەکانی ئەم بڕیارە:

١. دەبێتە هۆی ڕاگرتنی هاوسەنگی نرخەکانی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا.

٢. **عرض و طلب** هاوسەنگدەبنەوە.

٣.ڕێگا نادات کە نرخەکان زیاتر دابەزێت.

کاریگەریە خراپەکانی ئەم بڕیارە:

ئەم بڕیاری کەمکردنەوەیە بەتەنها زیان بەو وڵاتانە دەگەیەنێت کە داهاتێکی کەم یان مام ناوەندیان هەیە ،چونکە بەرزی نرخەکانی نەوت دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی نرخی کالاو والاکان بۆ هەمووان.

ئەمریکا بۆ لەم بڕیارە پەست و تورە و ترساویشە:

ئاشکرایە ئەمریکا گەورەترین بەکاربەری نەوتە لەجیهاندا و پێویستی زۆری بەنەوت هەیە و لەوماوەیەی پێشووشدا لە یەدەگی ستراتیجی خۆی نەوتی زۆری بەکارهێناوە ،بۆیە ئەمریکا هەمیشە گەرەکێتی نرخی نەوت لە نێوان ٥٠-٨٠ دۆلاردا بێت.

بەکەمبونەوەی ئەو بڕە نەوتە دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی نرخەکانی نەوت لەجیهاندا لەسەر ئەمریکا زۆر دەکەوێت و لەناوخۆشیدا دەبێتەهۆی بەرزبونەوەی نرخی بەنزین و غازی سروشتیش.

بەتایبەتیش لەم کاتەدا کە لە ئەمریکادا سەرقاڵی هەڵبژاردنی تازەکردنەوەی نیوەیی کۆنگرێسی ئەمریکان و پارتی دیموکراتەکان بەسەرۆکایەتی بایدن دەترسن کە شکستبێنن. و ئەم بڕیارە بەکارێکی دوژمنکارانەی سعودیە و ئیمارات و کوێت دادەنێن بۆ خۆیان و دەڵێن پاڵیانداوەتەوە بە ڕووسیاوە.و کۆی بڕیارەکەش بە کورتبینی وەصف دەکات.

کاریگەریەکانی  بڕیارەکە لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان:

ئاشکرایە عێراق چوارهەم وڵاتی بەرهەمهێنی ئەم گروپەیە و پێنجەمیشە لە بڕی یەدەگی نەوتی جیهاندا کە بە ١٤٠ ملیار بەرمیل دادەنرێت.

عێراق لەمانگی ٩/٢٠٢٢دا بەم شێوەیە نەوتی  بەرهەمهێناوە:

بڕی ٩٨٧٦٥١٥٣ بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە

داهاتەکەی بریتیە لە ٨,٧٣٣ ملیار دۆلار

ڕۆژانە ٣,٢٩٢٠٠٠ بەرمیلی هەناردەکردوە

بەتێکڕای ٨٨,٨٣ دۆلار بۆ ١ بەرمیل نەوت

ئەو بڕەی کە لەپشکی عێراق کەمدەبێتەوە لە ئەنجامی ئەم بڕیارەدا بریتیە لە ٢٢٠هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.کەوەك وەزیری نەوت و کۆمپانیای سۆمۆ دەڵێن زۆر کاریگەر نابێت چونکە دەتوانین لەناوخۆدا ئەو بڕە ساغبکەینەوە.

بڕیارەکە بۆ عێراق باشە و دەبێتە هۆی زیادبوونی داهاتی مانگانە.

بۆ سەرهەرێمی کوردستان

کاریگەری باشە و بەهەمان شێوە نەوتەکەی بەنرخی زیاتر دەفرۆشێت.

بەلاّم دەبێت هەرێمی کوردستان خۆی ئامادەبکات بۆ هەر ئەگەرێك لە ئاییندەدا بە زیادکردنی بڕی بەرهەمی نەوتی جیهانی و دابەزینی نرخەکان لەکاتێکدا ئەمریکا فشارەکانی بۆ سەر سعودیە و ئیمارات و کوێت زیاتر بکات بۆ بەرزکردنەوەی بڕی بەرهەمیان و لەکاتی ڕاوەستانی جەنگی ڕوسیا و ئۆکرایناشدا، لەو کاتەدا حکومەتی هەرێم داهاتی کەم دەکات وناتوانێت تەنانەت مووچەش لەکاتی خۆیدا بدات بۆیە گەرەکە کە حکومەتی هەرێم:

١. تابتوانێت داهات زیاد بکات بۆ ڕۆژی تەنگانە و یەدەگی دراوی نەختینەی هەبێت.

٢. داوا لەحکومەتی بەغداد بکات بۆ ناردنی ٢٠٠ملیار دینارەکەی مانگانە.

بەم شێوەیە دەکرێت کاریگەریە خراپەکانی دابەزینی نرخەکانی نەوت لەسەر هەرێمی کوردستان کەمبکرێتەوە.

======================================================

* ئەم بابەتە لە سایتەکانی ئاوێنە و درەو میدیا لەڕێکەوتی ٦/١٠/٢٠٢٢ و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ١١/١٠/٢٠٢٢دا بلاّوکراوەتەوە.

# دینگە گرنگەکانی ژێرخانی
# کەرتی وزە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا *

ئاشکرایە کەرتی وزە کە خۆی دەبینێتەوە لە نەوت و گازی سروشتیدا لە عێراق و هەرێمی کوردستان،بۆتە سەرچاوەی یەکەمی داهات بۆ هەردوولا و کەرتەکەش کەرتێکی گەورە و گرنگ و کاریگەر و هەستیاریشە بۆسەر بڕیارە سیاسی و ئابوری و ئەمنی و کۆمەلآیەتیەکان و پێویستە گرنگی زیاتری پێبدرێت لەسەرخان و ژێر خانی ئەو کەرتەدا بۆئەوەی بەبەردەوامی گەشە و پێشکەوتنی زیاتری تیادا ئەنجامبدرێت،بۆئەوەی بتوانێت توانا و وزەی بەرهەمهێنانیان زیاتر بکات،لەبەرئەوەی عێراق و هەرێمی کوردستانیش بەهەردووکیان بڕی ١٤٥ ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگیان تیادایە و چوارهەم وڵاتە لە جیهاندا لەدوای هەریەکە لە فەنزەوێلا و سعودیە و ئێرانەوە و گازی سروشتی یەدەگیشی بەبڕی ١٣٧تریلیۆن پێ سێجا خەملێنراوە کە لە پلەی دەهەمدایە لەسەر ئاستی جیهان. کە ڕەنگە بەشی لانی کەم ٥٠-١٠٠ساڵی ئایندەش بکات.

- لێرەدا باس لە دینگە و پایە گرنگەکانی ژێر خانی کەرتی وزە دەکەین بەشێوەیەکی گشتی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا کە خۆیان دەبیننەوە لە هەریەکە لە:

١. کێڵگە نەوتیەکان
٢. تۆڕی بۆری نەوت و گاز گواستنەوە
٣. کۆگاکانی هەڵگرتن
٤. پالأوگەکانی نەوت
٥. پیشەسازی پترۆ کیمیاویات

١

## کێڵگە نەوتیەکان

بەم شێوەیە هەریەکێك لەم کەرت و وێسگانە گرنگی خۆیان هەیە. لەبەشی یەکەمدا باس لە گرنگی کێڵگەکانی نەوت دەکەین.کە بریتین لەسەرچاوەی نەوت و غازی سروشتی و بەبێ بوونی ئەم کێڵگە نەوتیانە ناتوانرێت هیچ کارێك لەکەرتی وزەدا ئەنجامبدرێت،بۆیە کێڵگە نەوتیەکان وێسگەی یەکەم و چاوگی سەرەکین لە ژێرخانی کەرتی وزەدا و چەندە گرنگی بدرێت بەکێڵگە نەوتیەکان لەڕووی

گەشەپێدانی و هەڵکەندنی بیری نوێ و سازکاری کردنی بەردەوام تیایاندا هێندەش بڕو وتوانای بەرهەمهێنانیان زیاد دەکات.

**١-** کێڵگەی نەوتی : کە لە دۆزینەوە و ڕووپێوی و هەڵکەندنی بیرە نەوتەکاندا خۆی دەبینێتەوە تا دەرهێنانی نەوتە خاوەکە یان ڕاستەوخۆ بۆ بەندەرەکان و ناردنی بۆ بازاڕەکانی جیهان ،یانیش بۆ کۆگاکان و پالاوگەکان بۆ پالاوتنیان و دەرهێنانی پێکهاتەکانی و بەکارهێنانی بۆ ناوخۆ و دەرەوەی ولاتیش.

کێڵگە نەوتیەکانی عێراق

کێڵگە نەوتیەکانی عێراق لەهەردوو پارێزگای بەسرە و کەرکوك چڕدەبنەوە،دوائەوانیش کێڵگەکانی پارێزگای میسان و بەغداد و صلاح الدین و دیالی و نەینەوا دێن.

- بەناوبانگترین کێڵگە نەوتیەکانی باشووری عێراق
- کێڵگەی ڕومێلەی باکوور

بریتیە لە کێڵگە نەوتە زەبەلاحەکەی عێراق.درێژدەبێتەوە لە ڕۆژئاوای شاری بەسرەوە بەرەو باشوور تا بەشی باشووری دەچێتە ناو خاکی ولاتی کوێتەوە. بریتیە لە نۆهەم گەورەترین کێڵگەی نەوت لە جیهاندا.مێژووی بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ مانگی ١١/١٩٧٠،دەرهێنانی نەوت لەم کێڵگەیەدا لەژێر سەرپەرشتی کۆمپانیای نەوتی باشوور لەبەسرەدایە.

- کێڵگەی مەجنون

بریتیە لە کێڵگەیەکی زەبەلاح لە پارێزگای بەسرە،نزیکەی ١٠٠ هەزار بەرمیل/ڕۆژ بەرهەم دەهێنێت،سەرەڕای ئەوەی توانای بەرهەمهێنانی دەگاتە ٦٠٠هەزار بەرمیل/ڕۆژ گەر بتوانرێت گەشەی پێبدرێت.

- کێڵگەی ڕووباری عومەر

بەهەمان شێوە دەکەوێتە پارێزگای بەسرەوە،زۆرێك لە پەناگەی نەوتی هەیە کە هێشتا پەرەیانپێنەدراوە،تائێستاش بەرهەمەکەی زۆر نیە،کە دەگاتە نزیکەی ١٠٠٠بەرمیل/ڕۆژانە.ڕەنگە تواناکەی دوای بەرەپێدانی بگاتە ٥٠٠ هەزار بەرمیل/ڕۆژ.

- کێڵگەی ڕۆژئاوای قوڕنە

لەگەورەترین کێڵگە نەوتیەکانی عێراقە لە پارێزگای بەسرەدا،ئەم کێڵگەیە دادەنرێت بەدرێژکراوەی بەشی باکوری کێڵگەی ڕومێلەی باکور،بەرهەمهێنان تیایدا لەساڵی ١٩٧٣دا دەستیپێکردوە،کە بڕی

٣٠٠هەزار بەرمیل ڕۆژانە بەرهەمدێنێت،دەتوانرێت بگاتە نزیکەی ٧٠٠ هەزار بەرمیل نەوت ڕۆژانە لەکاتی پەرەپێدانیدا.

بەناوبانگترین کێڵگە نەوتیەکانی ناوەڕاست و باکوری عێراق

* کێڵگەی کەرکوک

کێڵگەی کەرکوك دادەنرێت بە پێنجەم گەورەترین کێڵگەی نەوتی لە جیهاندا لە ڕووی توناناو گەورەییەوە،کە بریتیە لە گردۆڵکەیەك کە ڕووباری زێی بچووك دەیکاتە دوو بەشەوە.قوڵی بیرەکانی لەنێوان ٤٥٠ مەتر بۆ ٩٠٠ مەتردایە،تێکڕای بەرهەمی بیرێکی نزیکەی ٣٥ هەزار بەرمیل/ڕۆژ.بڕی یەدەگی نەوتی هەبووش لە کەرکوك بە نزیکەی ١٣ ملیار بەرمیل دەخەملێنرێت.بەشێوەیەك ڕێژی ١٢٪ هەموو یەدەگی نەوتی عێراق پێکدەهێنێت.

- کێڵگەی بای حەسەن

دەکەوێتە ڕۆژئاوای کێڵگەی کەرکوکەوە و تەریبە لەگەڵیدا و بیرەکانی ئەم کێڵگەیە قوڵترن لە بیرە نەوتەکانی کێڵگەی کەرکوك. پرۆسەی بەرهەمهێنان تیایدا دەگەڕێتەوە بۆ مانگی حوزەیرانی ساڵی١٩٥٩.

- کێڵگەی جەمبور

دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوك،کە تەریبە بە هەردوو کێڵگەی کەرکوك و بای حەسەن. پرۆسەی بەرهەمهێنان تیایدا دەگەڕێتەوە بۆ مانگی ١٩٥٩/٨.

- کێڵگەی ڕۆژهەڵاتی بەغداد

لە باکورەوە درێژکراوەی هەیە لە پارێزگای صلاح الدین،و درێژکراوەی باشووریشی هەیە لە پارێزگای واست، بڕی بەرهەمەکەی دەگاتە ٢٠هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا،لەکاتێکدا بڕی بەرهەمی گشتی دادەنرێت بە نزیکەی ١٢٠هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا گەر گەشەی پێبدرێت.

- کێڵگەی نەوتی خەباز لە پارێزگای کەرکوك
- کێڵگەی عەین زالە چۆڕبڕ بوە لە پارێزگای نەینەوا.
- کێڵگەی بەتمە لەناوچەی شاخاوی لە پارێزگای نەینەوا
- کێڵگەی صەفیە لەسەر سنوری سوریا لە پارێزگای نەینەوا.
- کێڵگەی گەیارە لە پارێزگای نەینەوا.
- کێڵگەی تکریت لە پارێزگای صلاح الدین.
- کێڵگەی عجێل لە پارێزگای صلاح الدین.

- كێڵگەی بەلەد لە پارێزگای صلاح الدین.
- كێڵگەی نەفتخانە لە پارێزگای دیالە لە ناوەڕاستی عێراق.

لەهەرێمی كوردستانیشدا چەندین بلۆك و كێڵگەی نەوتی هەن كە لەدوای ساڵی ٢٠٠٢وە دەستكراوە بە كرداری لێدان و هەڵكەندنی بیرە نەوتیەكان و كاری بەرهەمهێنان و گواستنەوە و فرۆشتنیان تیادا ئەنجامدراوە و هەریەك لەو بلۆك و كێڵگە نەوتیانەش لەلایەن كۆمپانیا بیانیەكانەوە سەرپەرشتی دەكرێن بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا.

- لە كوردستاندا تا ئێستا لە ٤٢ جێگە نەوت دۆزراوەتەوە و كۆمپانیا بیانیەكان كاریان تێدا دەكەن:

٢٧ كێڵگەی نەوتی لە و ناوچانەدان كە پارتی دیموكراتی كوردستان تیایدا بالأدەستە
١٥ كێڵگەی نەوتی لەو ناوچانەدان كە یەكێتی نیشتیمانی كوردستان تیایادا بالأدەستە.

ئەو جێگایانەی كە نەوتی لێدۆزراوەتەوە:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١. ئاین سفى | ٢. بێر بەحر | ٣. گەرمیان | ٤. پۆڵكانە | ٥. ئەترۆش |
| ٦. چیا سورخ | ٧.شێخان | ٨. شۆڕش | ٩. ئاكرێ_بێجل | ١٠. بنەباوێ |
| ١١. هەریر | ١٢. قەلاّدزێ | ١٣. شەكرۆك | ١٤. سندی ئامێدی | |
| ١٥. عەربەت | ١٦. سەنتەری دهۆك | | ١٧. هەولێر | ١٨. قەرەداغ |
| ١٩. سەنگاوی باكور | ٢٠. سولیڤانی | | ٢١. كوردە میر | ٢٢.قوشتەپە |
| ٢٣. سەنگاوی باشوور | ٢٤. تەق تەق | | ٢٥. بەرانان | ٢٦. دینارتە |
| ٢٧. مەلا هۆمەر | ٢٨. ڕۆڤێ | | ٢٩. سەرتە | ٣٠. تاوكێ |
| ٣١. بەردە ڕەش | ٣٢. دهۆك | | ٣٣. میران | ٣٤.سەفین |
| ٣٥. شاخاڵ | ٣٦. تازە | | ٣٧. بازیان | ٣٨. اربیل |
| ٣٩. پیرەمەگرون | ٤٠. سەرسەنگ | | ٤١. شێخ هادی | ٤٢. تۆپخانە |

بەم شێوەیە دەبینین كە كێڵگە نەوتیەكان چەندە گرنگن ،هەربۆیە گرنگیدان بەم دینگە سەرەتا و دەستپێكەی ژێر خانی كەرتی وزە هۆكارە بۆ دامەزراندنی هەموو پایە و وێسگە گرنگەكانی دواتریش لە ژێرخانی كەرتی وزەدا.

## ٢
## هێڵی بۆری گواستنەوە

لەبەشی دووەمدا باس لە گرنگی تۆڕەكانی بۆری نەوت و غازی سروشتی گوێزەرەوە دەكەین.كە بریتین لە هۆكاری پێكەوەبەستن و گرێدانی كێڵگە نەوتیەكان لەلایەك بە بەندەر و سەكۆكانی هەناردەكردنی نەوتەوە بۆ بازاڕەكانی نەوتی جیهانی دەرەكی و لەلایەكی تریشەوە كێڵگەنەوتیەكان و كۆگاكانی هەڵگرتن لەناوخۆی وڵاتدا پێكەوە گرێدەدات.بۆیە بەبێ بوونی ئەم تۆڕانەی بۆری گواستنەوە ناتوانرێت هیچ كارێك لەكەرتی وزەدا ئەنجامبدرێت،هەر بۆیە بۆریە گوێزەرەوەكان وەك وێسگەی دووەم دەژمێردرێن لە ژێرخانی كەرتی وزەدا و چەندە گرنگی پێبدرێت لەڕووی سازكاری بەردەوامی ساڵانە و پاراستنی،هێندە ژێرخانی كەرتی وزە پتەوتر و سەقامگیرتر دەبێت.بۆریەكانی گوێزەرەوەی نەوتی خاو و غازی سروشتی كاریگەری و گرنگی نێودەوڵەتیشیان هەیە چونكە زۆرجاران بە خاكی ژمارەیەك وڵاتدا تێپەڕدەبن كە ئەمەش پێویست بەڕێكەوتنی سیاسی و ئابوری و ئەمنی و تەكنیكی هەیە و بەم هۆكارەشەوە تۆڕەكانی بۆری گوێزەرەوەی نەوت و غازی سروشتی كاریگەری گەورەیان دەبێت لەسەر پەیوەندیەكانی وڵاتانی ناوچەكە و دونیاش و زۆرجارانیش دەبنە كارتی فشار و دژ بەیەكتریش بەكاردەهێنرێن.

٢- هێڵی بۆری گواستنەوە: كە ئەم بەشە زۆر گرنگە و پێویستە زۆر گرنگی پێبدرێت لەڕێگەی سازكاری بەردەوامی تیادا بكرێت و تۆڕی نوێش دابمەزرێنرێت،چونكە نەوتی خاو بەبێ بوونی ئەم تۆڕە لەبۆری هیچ گرنگیەكی نابێت و ناتوانرێت سوودی لێببینرێت.

ئەم بەشە گرنگی و هەستیاریەكەی لەوەدایە كە دەبێتە هۆكارێك بۆ دامەزراندنی پەیوەندی نێوان وڵاتان و پێكەوە گرێدانی بەرژەوەندییەكانیان و ڕۆڵی دەبێت لە ئاشتی و جەنگەكاندا ،چونكە ئەم تۆڕی بۆریانە هەندێك جار سنووری نێودەوڵەتی چەندین وڵات دەبڕێت ، كەئەم كارەش پێویستی بەڕێكەوتنی پێشوەختەی ئەو وڵاتانە هەیە ودەچێتە چوارچێوەی ڕێككەوتنە نێودەوڵەتیەكانەوە. بەنموونەی بۆری گواستنەوەی ستریم یەك و دووی ڕوسیا بۆ ئەوروپا و هێڵی بۆری باشوور و باكور و دواتریش هێڵی نابۆكۆ و دەیانی تریش لەنێوان وڵاتانی ناوچەكە و دونیاشدا.

هەربۆیە عێراقیش وەك وڵاتێكی بەرهەمهێنی نەوت هەر لەسەرتاوە و لەساڵی ١٩٣٠وە دەستیكرد بە ڕاكێشان و دامەزراندنی تۆڕێكی بەرفراوان و جیاواز لە بۆری گواستنەوەی نەوتەكەی لەوانە:

١. هێڵی بۆری گواستنەوەی نەوتی لە کێڵگەکانی باکورەوە بۆ سەر دەریای سپی ناوەڕاست لەڕێگەی حەیفای فەلەستینەوە.دواتر بەهۆی داگیرکردنی خاکی فەلەستینەوە لەلایەن ئیسرائیلەوە ڕاگیرا.

٢. هێڵی بۆری گواستنەوی نەوت لە بانیاسی سوریا بۆ لوبنان و بۆ سەر دەریای سپی ناوەڕاست و بۆ بەندەری تەڕابولس.

٣. لەساڵی ١٩٧٧دا هێڵی بۆری گەورە ڕاکێشرا بۆ کەناری دەریای سپی ناوەڕاست لەڕێگەی تورکیاوە بۆ بەندەری جیهان.کاتێك ئەم بۆریە تەواو بوو عێراق هەناردەی نەوتی لەڕێگەی بۆری نەوتی سوریاوە ڕاگرت.

٤. تا ساڵی ١٩٧٩ عێراق سێ هێڵی بۆری نەوت گواستنەوەی هەبوو لەسەر کەنداوی عەرەبی کە بریتی بوون لە بەندەرەکانی بەکر و خۆر عەمیە و خۆر زوبێر.

٥. لەساڵی ١٩٨٥دا عێراق هێڵێکی بۆری نەوتی دامەزراند کە بەخاکی سعودیەدا تێپەڕ دەبوو تا دەگەیشتە سەر دەریای سوور لە بەندەری یەنبوع.

٦. لەساڵی ١٩٨٨دا،عێراق هێڵێکی بۆری نوێی تری دامەزراند لە جیاتی ئەو هێڵەی پێشتر، بەلاّم نەگەیشتە توانای تەواوی خۆی.دواتر و لە جەنگی کوێتدا هەموو دەروازە نەوتیەکانی عێراقی داخست.

٧. لەساڵی ١٩٩٦ و ١٩٩٨ دا عێراق هەستا بە کردنەوە و چاکردنەوەی هەردوو هێڵی بۆری تورکی و سوری و بەندەری بەکر کە پێشتر ڕاگیرابوون و لەکارکەوتبوون.

بەم شێوەیە عێراق خاوەنی ١٠ هێڵی بۆری نەوت گوێزەرەوەیە کە بە ولاّتانی ناوچەکەدا تێپەڕ دەبن.

- ئەو هێڵی بۆریانەی کە کۆمپانیای نەوتی عێراقی IPC دایمەزراندوون:

١. هێڵی بۆری کرکوك-تەڕابولس ١٢ ئینج – بەندەری تەڕابولس کە لە مانگی ئەیلولی ١٩٣٢ دەستبەکارکردن کرا و لە ١٤ تەموزی ١٩٣٤دا تەواوکرا.و لە ٣ /٨ یەکەم وەجبەی نەوتی عێراقی گەیشتە بازاڕەکانی جیهان بەبڕی ١٤٥٠٠تەن/ڕۆژ لەبەندەری لاهارف لە فەرەنسا.بەمەش بۆ یەکەم جار نەوتی عێراقی گەیشتە بازاڕەکانی نەوتی جیهانی و تائێستاش بەردەوامە.

٢. هێڵی بۆری کەرکوك-حەیفا – بەندەری حەیفا

کارکردن تیایدا لەمانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٢ دەستیپێکرد و لە ١٤/١١/١٩٣٤دا کۆتایهات، بۆیەکەمجار لە ٢٤/١/١٩٣٥ لەلایەن مەلیك غازی کرایەوە و یەکەم وەجبەی نەوتیش لە ١٩٣٥/٢/٧دا گەیشتە بەندەری حەیفا و تاساڵی ١٩٤٨ بەردەوام بوو .دواتر بەهۆی جەنگی ئیسرائیل-فەلەستینەوە ڕاگیرا.دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لەساڵی ٢٠٠٣دا هەندێك لێپرسراوی ئیسرائیلی باسیان لە کردنەوەی ئەو هێڵە کردەوە دوای ٥٥ساڵ لە ڕاوەستانی. ئەم هێڵە تیرەکەی ١٦ ئینجە.

٣. هێڵی کەرکوك- تەرابولس بە تیرەی ١٦ ئینج لە ساڵی ١٩٤٩دا.

٤. هێڵی کەرکوك –بانیاس بەتیرەی ٣٠-٣٢ ئینج و بەدرێژی ٨٨٨کیلۆمەتر لەساڵی ١٩٥٢ و بەتوانای ٤٠٠هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

٥. هێڵی کەرکوك- تەرابولس بە تیرەی ٣٠-٣٢ ئینج لەساڵی ١٩٦٥ بە توانای ٤٠٠هەزار بەرمیل/ڕۆژ.

٦. هێڵێکی بۆری هەیە کە بەسراوەتەوە بە تۆڕی ئارامکۆ لە ڕۆژهەلاتی سعودیە بە توانای ٦٥٠ هەزار بەرمیل/ڕۆژ.

٧. هێڵێکی تر کە لەعێراقەوە دەگاتە سەر دەریای سوور بە توانای ١٦٥٠ هەزار بەرمیل/ڕۆژ لە بەندەری یەنبوع.

٨. ژمارەیەك بۆری تریش هەن بە توانای جیاواز.

٩. لە ئێستاشدا عێراق دەیەوێت هێڵێکی بۆری تر ڕابکێشێت لە بەسرەوە بۆ ئوردون لە بەندەری عەقەبە.

- لەهەرێمی کوردستانیشدا لە ئێستادا چەند هێڵی گواستنەوەی نەوتی خاو و غازی سروشتی هەن وەك:

١. هێڵی بۆری گواستنەوەی نەوت لە کێڵگەکانی نەوتی تەق تەق لە کۆیەوە بەدرێژی ٨١ کم بۆ کێڵگەی خۆرمەڵە لەهەولێر و لەوێشەوە بۆ فیشخابور بەدرێژی ٨٦٩کم کە ٢٢١کم لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندایە کە کۆمپانیای کاری کوردی و ڕۆزنەفتی ڕوسیی خاوەندارێتی دەکەن و ٦٧٥کم دەکەوێتە ناو خاکی تورکیاوە کە کۆمپانیای بۆتاشی تورکی خاوەندارێتی دەکات و دواتر بەستنەوەی بەهێڵی بۆری نەوتی عێراق –تورکیەوە بۆسەر بەندەری جیهان لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست.

٢. بۆری گواستنەوەی غازی سروشتی لە قادر کەرمەوە/ کۆرمۆرەی ناوچەی سەنگاو - چەمچەماڵەوە بۆ وێسگەی غازی بەرهەمهێنانی کارەبای چەمچەماڵ و بازیان و هەولێر بە درێژایی ١٨٠کم کە لە ئێستادا بڕی ٢٠٠٠میگاوات کارەبا بەرهەمدێنن.

بەم شێوەیە تۆڕی بۆریەکانی گواستنەوەی نەوت و غازی سروشتی ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەر دەبینن لە بونیادنانی ژێرخانی کەرتی وزەدا ،و ئەرکی وەزارەتی نەوت و سامانە سروشتیەکانە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەبەردەوامی کاری چاکسازی و نوژەنکردنەوە و پاراستنی ئەمنیەتیان بۆ دابینبکەن.چونکە بەبێ بوونی تۆڕێکی هاوچەرخی بۆری گواستنەوەی نەوتی خاو یان غازی سروشتی دەرهێنراو لە کێڵگە نەوتی و غازیەکان هیچ سوودێکیان نابێت.

## ٣
## دامەزراندنی کۆگای گەورەی هەڵگرتن

لەبەشی سێیەمدا باس لە گرنگی کۆگاکانی هەڵگرتنی نەوت دەکەین.کە بریتین لە وێسگە و پایەی سێهەم لە ژێرخانی کەرتی وزەدا و ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە هەڵگرتنی نەوتی خاو یان دوای پالاوتنیشی و جیاکردنەوەی پێکهاتەکانی بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی.ئەم کۆگایانە لەکاتی ئاسایی و بەتایبەتیش لەکاتی ڕوودانی کارەسات و ڕوودانی تەقینەوە و کێشە و گرفتە تەکنیکیەکاندا لە کێڵگە نەوتیەکان و بۆریەکانی گواستنەوە و سەکۆکانی بارکردن لە بەندەرەکاندا ،ڕۆڵی گەورە دەبینن و وەکو یەدەگێکی مسۆگەر ڕێگەدەگرن لە دروستبون یان درێژەکێشانی قەیرانەکانی سووتەمەنی و نەبوونی داهاتەکان،بۆیە پێویستە حکومەتەکان بەبەردەوامی لەهەوڵ و پلاندانانداندا بن بۆ دروستکردن و دامەزراندنی کۆگای نوێی هەمەجۆر و بەقەبارەی جیاواز.

٣- دامەزراندنی کۆگای گەورەی هەڵگرتن: ئەمەش بەشێکی تری گرنگی ژێرخانی کەرتی وزەیە و بۆ دۆخە نائاساییی وکاتی لێقەومان و قەیران و گەمارۆ دەرەکیەکان و ڕوودانی کێشە و گرفتە تەکنیکی و لەکارکەوتنی پالاوگەکان یان تەقینەوەی بۆریەکان و یان گڕگرتنی بیرە نەوتەکان .ئەم کۆگایانە کە بە قەوارە و توانا گەورە هەبن دەبنە هۆکاری دەربازبوون لە قەیران و کێشەکان تا دۆخەکان ئاسایی دەبنەوە .جا کۆگا هەن بۆ هەڵگرتنی نەوتی خاو هەشن بۆ بەرهەمە دەرچووەکان لە پالاوگەکان.

کۆگای نەوت: بریتیە لە تانکی گەورە،یان بریتیە لە جێگەیەك کە ژمارەیەك تانکی گەورەی تیادایە کە نەوتی تیادا هەڵدەگیرێت.ڕەنگە لەو کۆگایانەشدا کەرەسەی پترۆکیمیاویشی تیادا هەڵبگیرێت لە پاڵ نەوتدا.ئەم کۆگایانە پێش پاڵاوگەکان دادەنرێن و لەدوای پاڵاوگەکانیش هەن بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی بەرهەمە نەوتیەکان.کۆگاکان بەشێوەیەکی گشتی دامەزراوەی زۆر ئاڵۆز نین لەبەرئەوەی تەنها بریتین لە تانکی گەورەی هەڵگرتن و ژمارەیەك ماتۆڕ و بۆری گواستنەوە.ئیدی هیچ یەکەیەکی چارەسەرکردن و ...هتد. تیادا نیە.

جا تانکیەکان لەو کۆگایانەدا دەکرێت لە سەر ڕووی زەوی دابنرێن،بەلاّم شارەزایانی بواری نەوت پێیان باشە کە لە ژێر ڕووی زەویدا بن ئەوەش بۆ پاراستنی لە مەترسی گەرمای بەرز یان گڕگرتن.
بەشێوەی کرداری ناتوانرێت کە کۆگا نەوتیەکان لە جێگەیەکدا دابمەزرێن گەر نزیك نەبن لە پاڵاوگە نەوتیەکان.ئەوەش لەبەر ئاسان گواستنەوەی نەوتی پاڵاوتە بۆ کۆگاکانی هەڵگرتن.

هەندێکجاریش کۆگاکان لەنزیك بەندەرەکانی ناو دەریاکان دروستدەکرێن کە جێگەی ڕاوەستان و بارکردنی پاپۆڕەکانن کە نەوتی خاو باردەکەن،یان کۆگاکان لەناو پاڵاوگەکاندا دروستدەکرێن و لەڕێگەی بۆریەوە بە پاڵاوگەکانەوە دەبەسرێنەوە ئەوەش بۆ خێرا گواستنەوەی نەوتەکە و کەمکردنەوەی خەرجیەکان.

دوو جۆر لە کۆگای هەڵگرتنی نەوت هەن:

١. کۆگای هەڵگرتنی نەوتی خاو : کە لەناو یان لە نزیك پاڵاوگەی نەوتەوە دەبێت بۆ هەڵگرتنی نەوتی خاو و دواتریش پێدانی بە پاڵاوگەکە بۆ پاڵاوتن و جیاکردنەوەی بەرهەمە نەوتیەکان.

٢. کۆگای هەڵگرتنی بەرهەمە نەوتیەکان: کە لە دوای پاڵاوگە نەوتیەکانەوە دەبێت بۆ هەڵگرتن و دواتر دابەشکردنی بەرهەمە نەوتیەکان کە جیاکراونەتەوە وەکو بەنزین و گازۆیل و نەوتی سپی و....هتد.

سێ جۆر خاوەندارێتی هەیە بۆ کۆگا نەوتیەکان وەك:

١. خاوەندارێتی تاك لایەنە: بۆ کۆمپانیا نەوتیەکان، لێرەدا کۆمپانیا نەوتیەکە خاوەنی کۆگاکان دەبێت و هەرئەویش ئیشی پێدەکات،هەرئەویش سوودمەندی سەرەتا و کۆتا دەبێت.

٢. خاوەندارێتی هاوبەش : لەنێوان زیاتر لە کۆمپانیایەکی نەوتی،لێرەدا دوو کۆمپانیا هاوبەشیدەکەن لە کارپێکردنی کۆگاکە و خاوەندارێتی و قازانجیش بۆ هەردووکیانە.

**٣.** خاوەندارێتی تایبەتی کۆگاکان: لەم حاڵەتەدا ڕەنگە کۆمپانیایەکی تایبەت یان کەسێکی دیاریکراو خاوەندارێتی کۆگاکە بکات. مافی کارپێکردن و سوودوەرگرتنیش بدرێتە کۆمپانیایەك کەلەبواری نەوتدا کاربکات،لێرەدا قازانج بۆ هەردوولا دەبێت لە خاوەنەکەی و کۆمپانیا نەوتیەکەش.

**کێشه و گرفتەکانی کۆگاکان:**

کۆگانیش چ ئەوانەی بۆ هەڵگرتنی نەوتی خاو بەکاردێن یان ئەوانەی بۆ هەڵگرتنی بەرهەمە نەوتیەکان بەکاردێن،هەندێك کێشه و گرفت و مەترسییان لەسەرە،لەوانە:

**١.** لیککردن و لێچوون کە مەترسی گڕگرتن و تەقینەوەیان لێدەکرێت.

**٢.** دروستبوونی هەڵمی پەنگخواردوو لەناو تانکیەکاندا و لەکاتی بەرزبونەوەی پلەی گەرما و لەژێر فشاردا ڕەنگە کرداری تەقینەوە ڕووبدات.

**٣.** پێویستە بە بەردەوامی کاری ساردکردنەوە و پاراستنی بۆ ئەنجامبدرێت و هۆکاری سەلامەتی بۆ دابینبکرێت،لەبەر پاراستنی گیانی کارمەند و کارپێکەرەکان و تانکیەکان خۆشیان.

**٤.** لەکاتی لێچوونی بەرهەمە نەوتیەکان دەبێتە هۆی پیسبوونی خاك و هەوا و ئاوی ژێر زەوی دەوروبەر و ئەمەش زیاندەگەیەنێت بە ژینگەی ناوچەکە.

**توانای عێراق لە هەڵگرتنی نەوتی خاو و بەرهەمە نەوتیەکاندا :**

عێراق ولاتێکی دێرینی نەوتیە و ژێرخانێکی تاڕادەیەك باشی کەرتی وزەی هەیە،و بەبەردەوامیش هەوڵی پێشخستن و نۆژەنکردنەوە و دامەزراندنی بەش و یەکەی نویَ دەدات لەهەموو بوارەکانی کێڵگە نەوتیەکان و ڕاکێشانی بۆری گواستنەوە و کۆگاکان و پاڵاوگەکانیشدا.

هەر بۆ نموونە: لەئێستادا عێراق پڕۆژەیەکی گەورە و ستراتیژی جێبەجیَ دەکات لەپارێزگای بەسرە بەناوی پڕۆژەی کۆگای فاوی نەوتی کە ٢٤ تانکی هەڵگرتن لەخۆدەگرێت کە ٥٨هەزار مەتر سێجا نەوت هەڵدەگرێت.ئەم پڕۆژەیە گەر بەتوانای تەواوەتی خۆی کاربکات ئەوا دەتوانێت ڕۆژانە بڕی ٨٨٠٠ هەزار بەرمیل نەوت هەناردە بکات،و کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر بڕی هەناردەکردنی نەوت.

تەنها لە شاری بەسرەدا وەکو شارێکی نەوتی و نزیك لە کەنداوی عەرەبی و بەندەرەکانی بەسرە و عەمیە وفاوەوە ٥ کۆگای هەڵگرتنی نەوت هەیە کە توانای هەڵگرتنی ١٢ملیۆن بەرمیل نەوتیان هەیە.بەدڵنیایی عێراق توانای هەڵگرتنی گەورەی هەیە بۆ نەوتی خاو و بەرهەمە نەوتیەکانیش.

**توانای هەرێمی کوردستان لە هەڵگرتنی نەوتی خاو و بەرهەمە نەوتیەکاندا :**

بەدڵنیایش هەرێمی کوردستانیش توانای هەڵگرتنی هەم نەوتی خاو و هەمیش بەرهەمە نەوتیەکانی هەیە ،چونکە وەك باسمان کرد کەرتی وزە ناکرێت بەبێ بوونی کۆگای گەورە و فراوان کارەکانی بڕواتە ڕێوە.

هەربۆیە بۆ نموونە لە پارێزگای سلێمانیدا : کۆگای هەڵگرتنی بەرهەمە نەوتیەکان لە شارۆچکەی عەربەت توانای هەڵگرتنی ٤٠ ملیۆن بەرمیلی هەیە لە بەنزین و گازۆیل و نەوتی سپی. بەهەمان شێوە لەهەر سێ پاڵاوگەکانی خۆرمەڵە و بازیان و لانازیش لانی کەم هەریەکەیان دەبێت توانای هەڵگرتنی ٥٠ملیۆن بەرمیل نەوتی خاویان هەبێت بۆئەوەی پاڵاوگەکان بێ نەوتی خاو نەبن. بۆیە لەگەڵ هەر زیادبونێکی بڕی هەناردەکردندا پێویست دەکات کە توانای هەڵگرتن و کۆگاکانیش زیاد بکەن.

بەم شێوەیە دەبینین کە دروستکردنی کۆگاکانی هەڵگرتنی سووتەمەنی چەندە گرنگن بۆ ژێر خانی کەرتی وزە ،لەپاڵ بەشەکانی تری ژێرخانی ئەم کەرتەدا ،و بەبێ بوونی ئەم کۆگایانە ئەوا بەشێك یان وێسگەیەکی گرنگی ژێرخانی کەرتی وزە بوونی نابێت و ئەمەش کاریگەری گەورە و خراپی دەبێت بۆ سەر تەواوی پرۆسەی دەرهێنان و گواستنەوە و پاڵاوتنی نەوت. هەربۆیە گرنگیپێدانیان ئەرکێکی هەنووکەیی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانە.

## ٤
## پاڵاوگەکان

لەبەشی چوارهەمدا باس لە گرنگی پاڵاوگەکانی نەوت دەکەین.کە بریتین لە دوا وێسگەی ژێر خانی کەرتی وزە و ڕۆڵی گرنگ و گەورەیان هەیە لە گۆڕینی نەوتی خاو بۆ پێکهاتە و بەرهەمەکانی. هەربۆیەچەندە گرنگی بدرێت بەپاڵاوگە نەوتیەکان لەڕووی گەشەپێدانی و چاکسازی بەردەوام تیایاندا هێندەش بڕو وتوانای بەرهەمهێنانیان زیاد دەکات.

٤- پاڵاوگەکان :ئەمەش دوا قۆناغ و وێسگەی پرۆسەی دەرهێنان و گواستنەوە و هەڵگرتنی نەوتی خاوە و لێرەدا پاڵاوگەکان کۆتا وێسگەن و ڕۆڵی گەورە دەبینن بۆ پاڵاوتنی نەوتی خاو و جیاکردنەوەی پێکهاتەکانی و توانینی سوودلێوەرگرتنیان.چونکە بەبێ پاڵاوتنی نەوتی خاو ناتوانرێت سوود لە پێکهاتەکانی وەربگیرێت لە گازەکان و بەنزین و سووتەمەنی فڕۆکە و گازۆیل و نەوتی سپی و ڕۆنەکان و قیر و ...هتد.

پالاۆگەکان بریتین لە دامەزراوەی پیشەسازی کە تیایاندا کرداری پالاۆتنی نەوت ئەنجامەدرێت بۆ گۆڕینیان لە شێوەی خامەوە بۆ پێکهاتە و بەرهەمە نەوتیە جیاوازەکان.وەکو غازی شلکراوە LPG و سووتەمەنی ئۆتۆمبێل( بەنزین و گازۆیل) و دواتر نەوتی سپی و سووتەمەنی فرۆکە و دواتریش ڕۆنەکان و ...هتد.بەهەمان شێوە بەرهەمی مامناوەندیش دەستدەکەون وەکو (نەفثا) کە بریتیە لە کەرەسەی خاو لە پیشەسازی کیمیاویاتدا.

پالاۆگەکان وەکو کۆمەڵگایەکی گەورەی پیشەسازی وان،کە زۆرێك لە یەکەی چارەسەریەکان لەخۆدەگرێت وەکو یەکەکانی خزمەتگوزاری و هەڵگرتن.بۆ هەر پالاۆگەیەك سیفات و تایبەتمەندی خۆی هەیە کە هەریەکە لە جێگە و بەرهەمە داواکراوەکان و پێودانە ئابوریەکان ڕۆڵیان هەیە.

پالاۆگەکان دادەنرێن بە بەشی سەرەکی لە کۆتایی زنجیرەی بەرهەمهێنان لە پیشەسازی نەوتیدا.

پالاۆگە نەوتیەکان قەوارە و توانای جیاوازیان هەیە لە پالاۆتنی نەوتی خاودا ،بەشێوەیەك هەندێك لە پالاۆگە نەوتیە نوێکان لەتوانایاندایە کە بڕی ٨٠٠ بۆ ٩٠٠ هەزار بەرمیل لەنەوتی خاو ڕۆژانە بپالێون.

لە جیهاندا نزیکەی ٦٣٦ پالاۆگەی نەوت هەن کە لەکاردان کە توانای هەموویان دەگاتە نزیکەی ٨٧,٧٥ ملیۆن بەرمیل.

گەورەترین پالاۆگەش لە جیهاندا لە ساڵی ٢٠٠٨وە بەناوی پالاۆگەی گامناگارەیە لە هندستان کە توانای پالاۆتنی ١,٢٤ ملیۆن بەرمیل نەوتی هەیە لە ڕۆژێکدا.

نرخی قەوارەی بازاڕی پالاۆتنی نەوت لەساڵی ٢٠١٧دا گەیشتۆتە زیاتر لە ٦ تریلیۆن دۆلاری ئەمریکی.پێشبینیش دەکرێت کە بازاڕی نەوت و بەکارهێنانی بگاتە نزیکەی ١٠٠ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا تا ساڵی ٢٠٢٤. هەروەها پێشبینی دەکرێت کە بازاڕی نەوت گەشەی زیاتریش بەخۆوە ببینێت لەم چەند ساڵەی ئایندەدا بەهۆی بازدانی گەورەی پیشەسازی و ئابوری گەورەوە.هەروەها بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و بەرزبونەوەی ئاستی گوزەران لە وڵاتانی گەشەکردوودا بریتین لە هۆکاری کاریگەر لەسەر پرۆسەی پیشەسازی نەوتیدا.

پالاۆگەکانی نەوت لە عێراقدا

پالاۆگەکانی نەوتی عێراقی دابەشدەبنە سەر ژمارەیەك پارێزگا،لەنێوانیاندا پارێزگاکانی بەغداد و نەجەف و کەربەلا و کەرکوك و هەولێر و سلێمانی و دهۆك،کە ژمارەیان دەگاتە نۆزدە پالاۆگە کە

ژمارەیەك كۆمپانیا سەرپەرشتیان دەكەن.و بڕی بەرهەمی گشتیان دەگاتە یەك ملیۆن ٣٣٦ هەزار بەرمیل لەڕۆژێكدا.

لەنێویاندا كۆمپانیای پالأوگەكانی بێجی كە لەساڵی ١٩٨٠وە دامەزراوە،ئەم كۆمپانیایە چوار پالأوگەی گەورەی هەیە كە لەنێوان گەورەترین پالأوگەكانی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاستدان. كە بریتین لە: پالأوگەی صلاح الدین ١ ،كە توانای بەرهەمی دەگاتە ٧٠ هەزار بەرمیل ڕۆژانە،پالأوگەی صلاح الدین ٢، كە هەمان توانای بەرهەمی هەیە.

پالأوگەی باكور كە توانای بەرهەمی بریتیە لە ١٥٠ هەزار بەرمیل ڕۆژانە، و پالأوگەی ڕۆنەكان كە توانای بەرهەمی دەگاتە ٢٥٠ هەزار بەرمیل ڕۆژانە.

كۆمپانیاكە هەمەجۆر بەرهەم بەرهەمدێنێت، وەكو بەنزین كە ڕەصاصی تیادا نیە،وسووتەمەنی فڕۆكە و نەوتی سپی و گازۆیل و نەوتی ڕەش كە ئامادەكراوە بۆ ناردنە دەرەوەی وڵات و جۆرەها ڕۆنیش.سەرپەرشتی ژمارەیەكی تری پالأوگەی تریش دەكات.وەك پالأوگەی صینیە و پالأوگەی حەدیسە و پالأوگەی كەركوك و پالأوگەی گەیارە لە پارێزگای نەینەوا و پالأوگەی كسك و پالأوگەی جزیرە.

كۆمپانیای پالأوگەی ناوەڕاستیش سەرپەرشتی ژمارەیەك پالأوگە دەكات،لەوانە: پالأوگەی دۆرە،كە گەورەترین پالأوگەی عێراقە،دادەنرێت بە میحوەری چالاكی كۆمپانیای پالأوگەی ناوەڕاست،توانای بەرهەمی دەگاتە ١١٠هەزار بەرمیل لە ڕۆژێكدا.

هەروەك سەرپەرشتی پالأوگەی سەماوەش دەكات،لە پارێزگای دیالەش لەناوەڕاستی عێراق پالأوگەی ئەلوەند هەیە،كە بریتیە لە كۆنترین پالأوگەی نەوتی عێراق كە لە ساڵی ١٩٣٢دا دامەزراوە،و توانای بەرهەمی دەگاتە نزیكەی ١٢ هەزار بەرمیل/نەوتی ڕۆژانە.

كۆمپانیای پالأوگەكانی باشوریش سەرپەرشتیی ژمارەیەك لە پالأوگە دەكات،بەناوبانگترینیان پالأوگەی موفتیە و شوعەیبە و پالأوگەی زیقار و پالأوگەی میسانە.

لەهەرێمی كوردستانیشدا، سێ پالأوگە هەن بەقەبارە و توانای جیاوازەوە كەبریتین لە :

١. پالأوگەی كار لە پارێزگای هەولێر كەلەلایەن كۆمپانیای كارەوە سەرپەرشتی دەكرێت و توانای پالأوتنی ٧٥هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی هەیە.

٢. پالأوگەی بازیان لە پارێزگای سلێمانی و لەلایەن كۆمپانیای قەیوانەوە سەرپەرشتی دەكرێت و توانای پالأوتنی ٣٤هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی هەیە.

٣. پالأوگەی لاناز لە پارێزگای دهۆك.

بەم شێوەیە دەبینین کە پالاۆگەکانی نەوت چەندە گرنگە بۆ ژێر خانی کەرتی وزە،لەپاڵ بوونی هەر چوار وێسگەکەی تردا.

٥

# پیشەسازی پترۆکیمیاویات

٥- پیشەسازی پترۆکیمیاویات : بەشێکی تر کە لە ئەنجامی پالاۆتنی نەوتی خاوەوە دەستدەکەوێت بریتیە لە پیشەسازی پترۆکیمیاویات کە بەڕاستی پیشەسازیەکی گرنگە و کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر بوژاندنەوە و دەسکەوتنی داهاتی گەورە و زەبەلاح بۆ وڵات.هەربۆیە پێویستە عێراق و هەرێمی کوردستان بەجدی بیر لەم پیشەسازیە بکەنەوە.هەرچەندە عێراق لەساڵەکانی هەشتاکانی سەدەی ڕابووردوودا دامەزراوەیەکی گەورەی پترۆکیمیاویاتی هەبوو لەبەسرە کە لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەوکاتەدا گەورەترین بوو.

پیشەسازی پترۆکیمیاوت دادەنرێت بە پیشەسازی سەدە لەبەر ئەو ڕۆڵە سەرەکیەی کە دەیبینێت لە ئابوری و کۆمەڵگادا.ئەم پیشەسازیە بازدانێکی گەورە و جۆری بەخۆوە بینیوە لە پێشکەشکردنی هەزاران بەرهەمی گرنگ کە خەڵکی ڕۆژانە بەکاریان دێنن وەك داو وەدەرمان و کەلوپەلی ناومالٚ و کەلوپەلی جوانکاری و ئامێرەکانی ناو مالٚ و ئەلکترۆنیەکان و پلێتەکانی وزەی خۆر و تۆربینەکانی ڕەشەبا و ....هتد.زۆرێك لە ولأتان گرنگی گەورەیان داوە بەم پیشەیسازیە لەبەر گرنگی لە وەدیهێنانی خۆبژێوی لە ئایندەدا.

پترۆکیمیاویات چییە؟

بریتیە لە پێکهاتەی ئەندامی(هایدرۆکاربۆنات) یان توخمی کیمیاوی کە لە نەوتی خاو یان غازی سروشتیەوە بەرهەم هاتوون.کە دروست دەکرێن بۆ بەکارهێنانیان لە کەرتی بازرگانی جیاوازدا. بەرهەمی پترۆکیمیاویات پشتدەبەستێتە سەر چارەسەرە جۆربەجۆرەکان بەقۆناغی جیاواز بۆ نەوت و غازی سروشتی هەروەك پیشەسازی پترۆکیمیاویات بەرهەمەکانی پالاۆتنی نەوتیش دەگرێتەوە.

پترۆکیمیاویاتە گرنگەکان:

پترۆکیمیاوت بەپێی پێکهاتە کیمیاویەکانیان پۆلێندەکرێن بۆ سیٚ گروپی سەرەکی کە بریتین لە :

١. ئۆلیفینات کە :

- ئەثیلین: دەگرێتەوە و بەکاردێت لە دروستکردنی کاغەز و ئامێرە ئەلکترۆنیەکاندا.
- پرۆپیلین: دەگرێتەوە کە بەکاردێت لە دروستکردنی ڕۆنەکان و کەلوپەلی ناومالٚ و چنراوەکان(قوماش) و داودەرمان و پێچانەوەی کەرەسە خۆراکیەکان.
- بۆتادین: بەکاردێت لە دروستکردنی مەتاتی دروستکراودا.

٢. پێکهاتە عەتریەکان :

کە بەنزین و تۆڵۆوین و زایلین دەگرێتەوە کە:

- بەنزین: بەکاردێت لە دروستکردنی بۆیەکان و پاکەرەوە دروستکراوەکان.
- زایلین : بەکاردێت لە بەرهەمهێنانی پلاستیکی دروستکراو و قوماشە دروستکراوەکاندا.
- تۆڵەوین: بەکاردێت لە دروستکردنی کەرەسە وەرزشیەکاندا.

٣. غازی سروشتی : بریتیە لە تێکەڵەیەك لە یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن و هایدرۆجین، کە دوو توخمیان لێدەردەهێنرێت کە بەکاردێت لە دروستکردنی پەینەکان و **میثانۆڵ** کە وەك ناوەندێکی کیمیاوی بەکاردێت.

ئەو توخمە هایدرۆکاربۆنیانەی کە بەکاردێن لە بەرهەمهێنانی پترۆکیمیاویاتدا:

هایدرۆکاربۆنەکان بریتین لە کەرەسەی خاوی سەرەتایی بەکارهاتوو لە بەرهەمهێنانی پترۆکیمیاویاتدا و لە گرنگترین ئەو توخمە بەکارهێنراوانەش لە پیشەسازی پترۆکیمیاویاتدا بۆ بەرهەمهێنانی پترۆکیمیاویات بریتین لە :

١. ئەو توخمانەی کە دەستدەکەون لە مامەڵەی چارەسەری غازی سروشتیەوە وەکو **میثان و ئیثان** و پرۆپان و بیوتان.

٢. توخمە دەرچووەکان لە پالاوگە نەوتیەکانەوە وەکو نە**فثا** و نەوتی ڕەش.

٣. بەنزین و تۆڵەوین و زایلین.

هەروەك ئاماژە دەدرێت بە بوونی چوار توخمی ناوەندی بۆ پترۆکیمیاوت کە بریتین لە هەریەکە لە :

١. **ئیثیلین**

٢. پرۆپیلین

٣. بۆتینات و بیوتادیین

٤. بەنزین

گرنگترین بەرهەمە پترۆکیمیاویەکان:

لەخوارەوە لیستی گرنگترین بەرهەمە پترۆکیمیاویەکان تۆماردەکەین کە دەستکەوتوون لە بەرهەمەکانی پترۆکیمیاویاتەوە:

١. ئەو بەرهەمە پترۆکیمیاویانەی کە دەستدەکەون لە ئە**ثیلین** وە: کە هەریەکە لە پۆلی ئیپیلین و **ئیثانۆڵ** و ئەسیتات فینیل و ئۆکسیدی **ئیثیلین** لەخۆدەگرن.

٢. ئەو بەرهەمە پترۆکیمیاویانەی کە دەستدەکەون لە پرۆپیلین وە: وەکو کحولی ئایزۆپرۆپیل و ئەکریلونیترۆڵ و پۆلی پرۆپیلین و ئۆکسیدی پرۆپیلین.

٣. ئەو بەرهەمە پترۆکیمیاویانەی کە دەستدەکەون لە تۆڵۆین وەك : بەنزین و ترشی بەنزەویك.

٤. ئەو بەرهەمە پترۆکیمیاویانەی کە دەستدەکەون لە زایلین وە: کە بریتین لە مێتا زایلین و نیمچە زایلین.

٥.	ئەو بەرهەمە پترۆکیمیاویانەی کە دەستدەکەون لە بەنزینەوە: کلۆرۆبێنزین و ئەلکیل بەنزین لەخۆدەگرێت کە بەکاردێن لە دروستکردنی پاکەرەوەکان و نیترۆبێنزین و کەمیین کە لەڕێگەیەوە دەتوانرێت توێنەرەوەکان دەستبکەوێت و ئەثیل بەنزین کە لێیەوە ستایرین دەستدەکەوێت کە بەکاردێت لە دروستکردنی پۆلی ستایرین.

بەکارهێنانەکانی پترۆکیمیاویات

دەتوانرێت پترۆکیمیاویات لەگەلێك بواری گرنگدا بەکاربهێنرێت لە بەکارهێنانەکانی ناومالەوە تا بەرهەمهێنانی دروستکراوی گەورە کە لەهەموو جیهاندا دروستدەکرێن ،لە گرنگترین بەکارهێنانەکانیشی :

١.	بواری کشتوکالی : وەك پەینەکان بۆ زیادکردنی بەروبومە کشتوکالییەکان و لەناوبەرەکان بۆ پاراستنی بەروبومەکان لەهەموو زیانێك.

٢.	دروستکردنی مۆم و قوتووی شیر.

٣.	پاکەرەوەکان.

٤.	زیادکراوە خۆراکیەکان کە کەرەسەی پارێزەرن کە زیاد دەکرێن بۆ خۆراك و خواردنەوە بۆ زیادکردنی ماوەی پاراستنی خۆراکی لە قووتوونراو و ڕێگەگرتنیش لە بەرکەوتنی بەکارهێنەر بەزیان و ژەهراویبوون.

٥.	پێلاوی وەرزشی:بەکاردێت بۆ دروستکردنی پێلاوی وەرزشی مەتاتی چڕی بەرز کە پارێزگاری لە نەرمونیانی دەکات لەهەموو کەشوهەوایەکدا.

٦.	بۆیەکان : لەبەرهەمە پترۆکیمیاویە گرنگەکانن کە ڕەنگی جیاوازیان هەیە.

٧.	شووشەی پلاستیکی: پۆلیئەستەر لە دروستکردنی زۆربەی کالا پلاستیکیەکاندا بەکاردەهێنرێت.

٨.	دروستکردنی کیسەی خۆڵ و پاشەڕۆکان و فلیمی کامێراکان و جانتا کە هەموانیان لە ئیثیلین دروستدەکرێن.

بەم شێوەیە دەبینین کە پیشەسازی پترۆکیمیاویات کە سەرچاوەکەی نەوتی خاو و غازی سروشتیە و بەشێکیشی لە بەرهەمەکانی پالاوگە نەوتیەکانەوە دەستدەکەون،ئەم بەرهەمانە گرنگییەکی ئێجگار گەورەیان هەیە لە پێشکەوتن و گەشەی ئابوری ولات و کۆمەلگاکاندا،و هێندە ئەم پیشەسازیە گرنگە کە پێداویستیەکانی ژیانی مرۆڤ و ئاژەل و ڕووەکیشی لێوە بەرهەمدەهێنرێت و دەتوانرێت بوترێت کە ژیانی سەردەمان بەبێ بەرهەمەکانی پترۆکیمیاویات مەحالە،چونکە هەموو کونج و قوژبن و پێداویستیەکانی ژیانمانی لێوە بەرهەمدەهێنرێت.بۆیە چەندە گرنگی بەم پیشەسازیە بدرێت وەك ژێرخانی کەرتی وزە، ئەوەندە ئاستی گوزەران و ژیانی تاك و خێزان و کۆمەلگاکەمان بەرزدەبێتەوە و پیشەسازی پترۆکیمیاویات یەکێکە لە پێوەرەکانی گەشە و پێشکەوتنی ولاتان.

==============================================================

* ئەم بابەتە لەسایتی درەومیدیادا لەڕێکەوتی ١٩و٢٣ و٢٧و٣٠/١١ و ١٥/١٢/٢٠٢٢دا بلاوکراوەتەوە.

لەپەراوێزی هەردوو کارەساتی تەقینەوەی غاز لە شاری سلێمانی و دهۆكدا ...

# چەمکی ئاسایشی وزە و
# گرنگی ڕەهەندەکانی بۆ هەرێمی کوردستان *

خۆشبەختانە لەوکاتەوەی هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٢وە توانی بیری نەوت لێبدات و نەوت دەربێنێت و بشتوانێت لەناوخۆی هەرێمدا بیپاڵێوێت و دواتریش و دوای ساڵانی ٢٠٠٧وە و هاتنی چەندین کۆمپانیای نەوتی جیهانی شارەزا و پسپۆڕ بۆ کوردستان و دەستکردن بەکاری گەڕان و ڕووپێوی و دۆزینەوەی بیرەنەوتەکان و لێدانیان و دەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوت و دواتریش ڕاکێشانی بۆری گواستنەوەی نەوت توانرا دەستبکرێت بە هەناردەکردنی نەوتی خاوی کوردستان بۆ بازاڕەکانی جیهان و دواتریش دۆزینەوە و دەرهێنان و بەرهەمهێنانی غازی سروشتیش ئەوەندەی تر کاریگەری کردە سەر گرنگی پێگە و جوگرافیای هەرێمی کوردستان لە ناوچەکە و دونیاشدا.ئیدی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی دەوڵەمەند بە هەردوو سەرچاوە گرنگەکەی نەوتی خاو و غازی سروشتی بۆتە یەکێك لە هەرێمە گرنگەکان و چۆتە سەر نەخشەی وزەی جیهانی و لەلایەن کۆمپانیا و وڵاتانی ناوچەکە و دونیاشەوە حساباتی لەسەردەکرێت و بەهۆی هەڵکەوتەی جیۆسیاسی هەرێمی کوردستانیش لەناو دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ لەلایەك و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش کە هەردووکیان وڵات و ناوچەیەکی گرنگن لەڕووی جیۆسیاسی و جیۆئابوری لەدونیادا ،هەربۆیە هەرێمی کوردستان و پێگەکەی هێندەی تر گرنگیان پەیداکردوە و هەمووان چاویان لەسەر ئایندەی ئەم هەرێمەیە.

هەروەك چۆن هەڵایسانی هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم و داڕشتنەوەی نەخشەی جیۆسیاسی بۆ ناوچەکە و جیهانیش بەهۆی نەوت و دۆزینەوەی سەرچاوەکانی و هەروەها ڕێگاکانی گەیاندنیان و پاراستنیان هۆکاری هەڵایسانیان بوون ،ڕەنگە هۆکاری سەرەکی بۆ هەڵایسانی جەنگی جیهانی سێهەم کە هەموان پێشبینی ڕوودانی دەکەن لە کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقادا بگەڕێتەوە بۆ قەیرانی وزە و ئاڵنگاریەکانی ئاسایشی وزەی جیهانی کە پەیوەستە بە زۆرێك لە لایەنەکانی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگا و وڵاتانی جیهانەوە. تەنانەت سەرهەڵدانی دیاردەی تیرۆریش هەر بەندە بە بابەتی وزەوە کە بۆتە خاڵێکی هاوبەشی ململانێ و ناکۆکیە ناوچەیی و جیهانیەکان.

لەبەرئەوەی وزە بە هەموو جۆر و لقەکانیەوە وەکو نەوتی خاو و غازی سروشتی و ...هتد. بونەتە

بزوێنەری سەرەکی و هۆکاری گرنگ بۆ ئابوری و جێگیری ناوخۆیی و هەموو بوارەکانی ژیانیش، نەك هەر ئەوە بەڵکو ئاسایشی وزە و ئاڵنگاریەکانی قەیرانی وزە دەبنە هۆکاری سەرەکی لە ئایندەدا بۆ بوون یان نەمانی هەندێك لە حکومەت و وڵاتەکانیش.هەرلەبەرئەوەشە کە وزە بۆتە یەکێك لە گرنگترین ڕەگەزەکانی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ کۆمەڵگاکان و گەلان و وڵاتانی ناوچەکە و جیهانیش.

هەربۆیە چۆن گرنگە هەر وڵات و هەرێمێك بیر لە دابینکردنی ئاسایشی خاك و ئاو و خۆراکی خۆی بکاتەوە و دابینیان بکات و بشیانپارێزێت،بەهەمان شێوەش ئاسایشی وزەش لەم سەردەمەدا بۆتە یەکێك لە پایەگرنگەکانی سیستمی حوکمڕانی و دەوڵەتداری و کۆڵەکەیەکی بنچینەییشە بۆ بەردەوامبوون و بەبەهێزی مانەوەی هەر دەسەڵاتێك.هەربۆیە گەرەکە کە لەچەمك و ڕەهەندەکانی ئاسایشی وزە بۆ هەرێمی کوردستان تێبگەین و حکومەتی هەرێمیش ئەرك و لێپرسراوێتیەکانی خۆی بزانێت لەوبارەیەوە و هەوڵی پاراستن و پێشخستنیان بدات.

چەمکی ئاسایشی وزە چییە؟

دەتوانرێت ئاوها چەمکی ئاسایشی وزە پێناسە بکرێت بەوەی کە بریتیە لە : بوون و دەسکەوتنی بڕی پێویست لە وزە لە بازاڕەکانی جیهاندا بەنرخی گونجاو و جێگیر و بەردەوام.لەگەڵ پێویستی کارکردن لەسەر گەشەی سەرچاوەکانی وزە هەبووەکان.لەڕێگەی تەکنەلۆجیای نوێوە.هەروەها گەڕان بەدوای سەرچاوەی نوێدا کەپێویستیە هەنوکەییە زیادەکان لە وزە دابیندەکەن، لەپاڵ دەستگرتنەوە بەبەکارهێنانی وزە و هەبوونی دڵنیایی گونجاو بۆ پاراستنی ژینگە و ڕێزگرتن لێی.

ئاسایشی وزە دادەنرێت بە پردێك بۆ ناساندن و بەسەرداچوونەوەی پەیوەندی لە نێوان ئاسایشی نیشتیمانی بۆ وڵاتان و مەسەلەی وزە. بەهەمان شێوە بریتیە لە دابینکردن و جێبەجێکردنی سیاسەتی وزە و و داڕشتنی پلان و پەیوەندییەکانی پەیوەست بە وزەوە.لەبەرئەوە سەرکەوتنی هەر وڵاتێك لە دابینکردنی ئاسایشی وزەوە و پێگەی لە ئاسایشی وڵاتانی جیهاندا یەکێکە لە پێداویستیە سەرەکیەکانی گەشەی ئابوری،جا تێڕوانینی وڵاتان بۆ ئاسایشی وزە دەگۆڕێت لەسەر بنچینەی ئەوەی کە ئەو وڵاتە وڵاتی هەناردەکاری وزەیە یان بەکاربەری وزەیە و ڕێگاکانی گەیاندنی وزەکە بە بازاڕەکانی جیهانەوە.

لێرەدا بەپێویستی دەزانین کە ئاماژە بدەین بە زاراوەی ئاسایشی وزە بەلای هەریەکە لە وڵاتانی بەکاربەر و هاوردەکاری وزە و وڵاتانی بەرهەمهێن و هەناردەکاری وزەوە:

١. بەلای وڵاتانی هاوردەکار و بەکاربەری وزەوە: بە پلەی یەکەم ئامانجیان بریتیە لە دابینکردنی بڕی پێویست و سەلامەت و هەرزان لە سەرچاوەکانی وزە. کە ببێتە هۆی جێگیربوون و بەردەوامی کار

و چالاکیەکان و گەشەی ئابوری بەشێوەیەکی جێگیر.جا لەبەرئەوەی هەریەکە لە نەوتی خاو و غازی سروشتی دوو سەرچاوەی گرنگی وزەن ئەوا بەردەوامبونی گەیاندن و دەسکەوتنیان هۆکاری سەرەکی ئاسایشی وزەن.لەگەڵ توانای قەرەبووکردنەوەیان بەهۆی هەر هۆکارێکی لەناکاوەوە ناوخۆیی یان دەرەکی بێت لە رێگەی دابینکردنی توانا و برێکی زیاترەوە لە وزە بۆ گەیاندنی بە بازاڕەکان هەرکاتێك پێویست بوو.

٢. بەلای ولاّتانی بەرهەمێن و هەناردەکارانەوە: ئەوا ئاسایشی وزە بەندە بە بوونی : توانای دۆزینەوە و گەڕان و بەرهەمهێنان و دابینکردنی سەرچاوەکانی وزە و دیاریکردن و چارەسەرکردنی هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکیەکان کە کاردەکەنە سەر ئاسایشی وزە وەك هۆکارەکانی بەرهەمهێنان کە پەیوەستن بەهێڵەکانی گواستنەوەی نەوت و غازی سروشتیەوە.

جا دەتوانرێت کە ئاسایشی وزە دابینبکرێت بە دڵنیابوون لە : بڕی بەرهەم و گواستنەوە و دابەشکردنی سەلامەت بۆ سەرچاوەکانی وزە و وەبەرهێنان لەکەرتی وزە و چاکسازیکردنی وێسگەکانی پالاّوتن و تۆڕەکانی گواستنەوە و دابەشکردن و توانای هەڵگرتن ، سەرەڕای سیستەمە یاسایی و جێبەجێکاریەکان لە کەشوهەوایەکی سەلامەت و پارێزراو و جێگیردا بە نرخێکی گونجا لەگەڵ بوونی بازاڕ و بەکارهێنەری بەردەوام.

سەرچاوەکانی وزە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا:

بەوپێیەی کە عێراق ولاّتێکی گرنگی ناوچەی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستە و هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لەو ولاّتە و هەرێمێکی دانپیادانراوی دەستوریی عێراقی هەمیشەیی ساڵی ٢٠٠٥ ،بەهەمان شێوە گرنگی خۆی هەیە لە ڕووی سیاسی و ئابوری و وزە و ئەمنیەوە لەناوچەکەدا بەو پێیەی پێگە جوگرافیاکەی کەوتۆتە نێوان سێ کیشوەری ئاسیا و ئەفریقا و ئەوروپاوە. جا هەر ولاّتێك و ئاسایشی وزەکەی بەندە بە هەبوونی سەرچاوەکانی وزەی هەبوو تیایدا ،خۆشبەختانە عێراق و هەرێمی کوردستانیش ئەم سەرچاوانەی وزەیان تیادایە:

١. نەوتی خاو: ئاشکرایە عێراق ولاّتێکی هەناردەکاری نەوت و یەکێکە لەدامەزرێنەرانی ڕێکخراوی ئۆپیك و برێکی گەورەی نەوتی خاوی هەیە کە مەزەندە دەکرێت بە ١٤٣ملیار بەرمیل و نەوت و داهاتەکەی بۆتە سەرچاوەیەکی گەورە و یەکەمی داهاتی گشتی دەوڵەتی عێراق بەڕێژەی ٩٠-٩٥٪و ڕۆژانە بڕی ٤,٥ ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمدێنێت و بڕی ٣,٨ ملیۆن بەرمیل ڕۆژانەش هەناردەکات و پلانیشی هەیە تا ساڵی ٢٠٣٠ بڕی نەوتی بەرهەمی ڕۆژانە ١,٥ ملیۆن بەرمیل زیاد بکات و بڕی بەرهەم بگەیەنێتە ٦ملیۆن بەرمیلی ڕۆژانە ،بەلاّم ئەم کارەش پێویستی بە

پێشخستن و سازکاری بەردەوامە لە بیرە نەوتەکان و دامەزراوە نەوتیەکاندا بەشێوەیەك پێویستی بەبەکارهێنانی بڕی ٣ ملیۆن بەرمیل ئاو هەیە بۆ تێکردنی بۆ ناوبیرەنەوتەکان بۆ بەرزکردنەوەی فشاری ناو بیرەکانی باشوور و باشووری ڕۆژهەلاَتی عێراق.

پالاَوتنی نەوت و داببنکردنی سووتەمەنی : عێراق بەهەرێمی کوردستانەوە توانای پالاَوتنی ١ ملیۆن بەرمیل نەوتی خاوی هەیە،بەلاَم ٦٠٪ ئەو توانایەی نەما بەهۆی شەڕی داعشەوە.دەتوانرێت تەنها بە چاککردنەوەی پالاَوگەی نەوتی بێجی بڕی ٢,٥ ملیار دۆلار لە خەرجی بگێڕدرێتەوە کە سالاَنە دەدرێتە سووتەمەنی.

غازی سروشتی : بڕی بوونی غازی سروشتی یەدەگی عێراق دادانرێت بە ٦ تریلیۆن مەتری سێجا، خۆشبەختانە بەشی زۆریشی دەکەوێتە هەرێمی کوردستانەوە.بەلاَم عێراق ٦٢٪ ئەو غازە سروشتیە کە هاوەڵی نەوتی خاوە که لەبیرە نەوتەکاندایە دەسوتێنێت بەهۆی نەبوونی وەبەرهێنان لەو کەرتەدا ،لەکاتێکدا غازی سروشتی پێویست بۆ وێسگەکانی کارەبا لە ئێرانەوە هاوردە دەکات.

- کارەبا : دوای وێرانبوونی ژێر خانی کارەبا لە عێراقدا لەدوای سالَی ٢٠٠٣ و بەهۆی شەڕی داعشەوە ،عێراق تەنها توانای بەرهەمهێنانی ٥٠٪ پێداویستی عێراقی هەیە لە کارەبا،لەبەرئەوە لە هەرێمی کوردستان و ئێرانەوە کارەبا دەکڕێت (زیاد لە ١٢٠٠ مێگا وات لە کاتژمێرێکدا) ،هەروەها دەیەوێت کە تۆڕی کارەبای نیشتیمانی ببەستێتەوە بە ئوردونەوە و دواتر بە کوێت و سعودیەشەوە.

بەهەمان شێوە لەبەرئەوەی تۆڕی کارەبای نیشتیمانی زۆر خراپە بەرێژەی ٣٥-٥٠٪ لەکارەبای بەرهەمهاتوو لە کیسدەچێت.ئەمەش گەورەترین بەهەدەردانە دوای ولاَتی لیبیا لەکەرتی کارەبادا لەسەر ئاستی ولاَتانی عەرەبی.

پێشبینیش دەکرێت کە تا سالَی ٢٠٣٠ پێویستی بەکارەبا بۆ دووهێندە زیاد بکات،جا بەهۆی نەبوونی بودجەی پێویست و پلانی پێشوەختە بۆ باشکردنی کەرتی کارەبا ئەوا چاوەڕواندەکرێت کە بڕی پێدانی کارەبا کەمتر ببێتەوە بە هاولاَتیان.

- ئاو : بەهۆی کەمی بڕی باران و بەفر بارین لە عێراقدا،لەبەرئەوە بەزۆری پشتدەبەستێتە سەر ئاوی هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات کە لە خاکی تورکیاوە هەلَدەقولێن،جا کاتێك تورکیا بەنداوێك دروست دەکات و ئاو دەگرێتەوە یان کەمی دەکاتەوە ئەوا عێراق تووشی کەم ئاوی دەبێت.

بەشێوەیەکی گشتی عێراق بۆ پەیوەندیکردنی بە دنیای دەرەوە لەبواری فرۆشتن و کڕینی وزەدا پشتدەبەستێتە سەر سنوورە ئاویەکانی لە پارێزگای بەسرەدا کە دەڕوانێتە سەر کەنداو بەدرێژی ٥٨

کم و هەروەها سنورە وشکانیەکانی لەگەڵ ئێران و کوێت و سعودیە و ئوردون و سوریا و تورکیا.(لەڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە).جا لەبەر شەڕی داعش و کێشەی سوریا لە ئێستادا هەرسێ سنورەکانی ئوردون و سوریا و سعودیە زۆر چالاك نین و تەنها سنوورە ئاویەکانی کەنداو و سنورەکانی ئێران و تورکیا سوودیان هەیە بۆ عێراق.

ئاشکرایە هەرێمی کوردستان زیاد لە ٢٩٪ لە یەدەگی نەوتی خاو و زیاد لە ٦٠٪ لەیەدەگی غازی سروشتی عێراق لەخۆدەگرێت.هەروەك بۆریەکی نەوت گواستنەوەشی هەیە بۆ مینای مێرسینی تورکی کە دەتوانێت ٧٠٠هەزار بەرمیل نەوت رۆژانە هەناردە بکات.(ڕەنگە لەتواناشدا هەبێت کە ئەو برە بەرزبکرێتەوە بۆ ١ ملیۆن بەرمیل گەر چاکسازی و گەشەی پێبدرێت).

هەروەك هەرێمی کوردستان دەتوانێت کە بڕی ١٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانەش بپاڵێوێت.(نزیکەی ٣٠٪ لە کۆی توانای پالاوتنی ناوخۆیی عێراقی) و وێسگەکانی کارەبای هەرێمیش دەتوانن بڕی زیاد لە ٦٠٠٠ مێگاوات کارەبا بەرهەمبێنن.بەهەمان شێوە ٥٠٪ ئاوی عێراقیش بە هەرێمی کوردستاندا تێپەڕدەبێت..سەرەڕای ئەوانەش هەرێمی کوردستان بەتاکە ڕێگای هەرناردەکردنی نەوتی کەرکوك دادەنرێت لەڕیگەی تورکیاوە.بەهەمان شێوە بەشێك لە پێویستیەکانی عێراق لە کارەبا و سووتەمەنی دابیندەکات لە پالاوگەکانی و وێسگە کارەباییەکانیەوە،هەموو ئەم کارانە وای لە پێگەی جوگرافی هەرێمی کوردستان کردووە کە گرنگیەکی گەورەی هەبێت لە بواری وزەی عێراقیدا.

ئەم پێگە و گرنگیەشی لەم دواییانەدا زیادیکردوە بەهۆی:

- کێشە و ئالۆزییەکانی تەنگەی هورمزەوە لە کەنداوی(عەرەبی –فارسیدا).
- پشت نەبەستنی تەواو لەسەر دەروازەکانی کوێت و سعودیە.
- کێشەی ئەمنی لەسەر سنوورەکانی سوریا.

ئاشکرایە دوای ڕێکەوتنی هەرێم و بەغداد لەساڵی ٢٠١٩دا دەستکرا بەناردنی نەوتی کەرکوك لەڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە بۆ تورکیا و بەندەری جەیهان بەبڕی ١٠١ هەزار بەرمیل ڕۆژانە کە ئەمەش دەسکەوتێکی گەورە بوو بۆ هەردوولا لەهەرێم و عێراق.

- ئالنگاریەکانی ئاسایشی وزە چین ؟

ئاشکرایە ئاسایشی وزە بەشێوەیەکی گشتی بەندە بە گەلێك لە ئالنگاریەوە کە کاریگەری گەورە و دیاریان دەبێت لەسەر ستراتیژیەتی ئاسایشی وزەی جیهانی و ناوچەیی. هەر ئەم ئالنگاریانەش وادەکەن کە ولاتان بکەونە خۆ بۆ پیادەکردنی سیاسەتێکی کارکردن بۆ بەدەستهێنانی هۆکاری جیاواز بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخە نوێکان یان ئەوانەی لە ئایندەشدا سەرهەڵدەدەن.لەو ئالنگاریانەش:

١. سەرچاوەی وزه و دەسکەوتنیان: بریتیه له دۆزینەوه و گەڕانی بەردەوام و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان و جۆرەکانی وزەی پێویست له سەرچاوەی دیاریکراوەوه بەشێوەیەکی سەلامەت و جێگیر،و توانای بەکاربەرانیش لەسەر دابینکردنی وزه و ئەو بڕەی پێویستیانه. دەسکەوتنیش بریتییه له بوونی بازاڕی وزه که جێگەی کڕین و فرۆشتنی ئەو وزەیەیه بەمەرجی ئەوەی هەریەکه له کڕیار و فرۆشیار ڕەچاوی بەرژەوەندیه ئابوری و بازرگانی و سیاسی و ئەمنیەکان و ...هتد. یەکتر بکەن.

٢. ڕێگاگانی گەیاندن و متمانەداری: بریتین له ڕادەی پاراستنی ئەو خزمەتگوزاریانەی وزه له بڕین و سەلامەتی ڕێگاکانی گەیاندن و گواستنەوه و پاراستنیان له تێکدان و هێرشکردنه سەریان.چونکه وزه بڕبڕەی سەرەکی چالاکی ئابوریه و ژیانی ڕۆژانەیه و بڕینی دەبێته هۆکاری وەستاندنی کارگه پیشەسازیه بەرهەمهێنەرەکان.متمانەداریش بریتیه لەهەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی وزه و پێدان و دابینکردنیان و بەسەلامەتی هاوردەکردنیان و دروستکردنی کۆگای هەڵگرتن و گەشەپێدانی ژێرخانی ئەو کەرته.

٣. تێچوونەکان و تواناکان : له ڕاستیدا بەشێوەیەکی بەردەوام و درێژخایەن ملیۆنان کەس له جیهاندا دەناڵێنن بەدەست هەژاری و نەبوونی وزەوه یان نەبوونی ئاسایشی وزەوه لەگەڵ ئەوەی چەمك وئاسایشی وزه و توانا بۆ دابینکردنی دەگۆڕێت لەنێوان گەلان و وڵاتانی دونیادا.بەلای زۆرینەیانەوه بریتیه له گەیشتن بەوزه بەنرخێکی گونجاو بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان، هەرلەبەرئەمه ئاسایشی وزه زیاتر بەنده به :

- متمانەداری لەگەیاندندا.
- گەیشتن و دەسکەوتن بۆ سەرچاوەکانی وزه بەبڕی پێویست.
- توانای هەڵگرتنی تێچوونەکان.
- پاراستنی ڕێگاکانی گەیاندنی وزه.

٤. ڕێوشوێنەکانی سیستەمه سیاسیەکان لەوڵاتاندا : وەك گۆڕانکاریه سیاسی و ئەمنیه سەرەکیەکان له وڵاتانی بەرهەمهێندا و ئاڵنگاریه چاوەڕوانکراوەکانی کۆمپانیاکانی وزەی جیهانی. که دەبنه هۆی ئەوەی کۆمپانیاکانی نەوت یان وڵاتان نەتوانن وزەی پێویست بگەیەننه بازاڕەکان بەنموونەی، جەنگەکان و پەتاکان و گەمارۆ ئابوریەکان و مەرجه توندەکان یان کەمبونەوەی توانای وڵاتان و کۆمپانیاکان بۆ دابینکردنی وزه و بەرزبونەوەی نرخەکان و ناسەلامەتی ڕێگاوبانەکانی گەیاندن و...هتد.

جا لەبەرئەوەی ئەو هۆکارانەی کە کاردەکەنە سەر ئاسایشی وزە هەمیشەیی نین،پێویستە هەرێمی کوردستان کاربکات بۆ جێگیربوونی ئەو هۆکارانە کە بونەتە هۆی بەرزبونەوەی پێگەکەی لە ڕووی ئاسایشی وزەی عێراقیەوە و هەوڵبدات کە پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ئاسایشی وزەی عێراقیەوە پتەوتر بکات لە بوارەکانی:

- بەرزکردنەوەی بڕی بەرهەمی نەوتی خاو و غازی سروشتیەکەیەوە.
- زیادکردنی توانای پاڵاوتنی.
- زیادکردنی بەرهەمی کارەباوە.
- زیادکردنی توانای هەناردەکردن بە بۆریی نەوتەکەیدا.
- هەناردەکردنی وزە بۆ هەموو ناوچەکانی عێراق.
- گەشەپێدانی ئاڵوگۆڕی وزەیی لەگەڵ عێراقدا.

بەهەمان شێوە پێویستە لەسەر هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ئاسایشی وزەی خۆی دابینبکات و بشیپارێزێت لەهەموو مەترسی و ئەگەر و ئاڵنگاریەکان لەگۆڕانکاریە خێرا سیاسی و ئابوری و ئەمنیەکانی ناوچەکە و دونیاشدا پێویست دەکات کە هەنگاو بنێت بۆ :

پێشخستن و گەشەپێدانی بەردەوامی هەردوو کەرتی وزە لەنەوتی خاو و غازی سروشتیەوە، بەوەی کە لێنەگەڕێت تەنها پشتببەستێتە ئەو هێندەی کە لە ئێستادا دەریدەهێنێت و دەیفرۆشێت، بەڵکو هەوڵی زیادکردنی بڕی بەرهەمهێنانیان بدات.

هەرێمی کوردستان پێویستە بەتەنها پشت نەبەستێتە سەر داهات و کەرتی وزە وببێتە هەرێمێکی (ڕەیعی) تەنها قازانج ویست بەڵکو دەبێت سەرچاوەی داهاتەکانی هەمەجۆر بکات ، بەڵکو گەرەکە بەو داهاتە نەوتیانەی هەوڵی گەشەپێدانی وەبەرهێنان لە هەردوو بواری کشتوکاڵ و پیشەسازیش بدات وەك دوو کۆڵەکەی بنچینەیی بۆ بەهێزبوون و گەشەکردنی ئابوری.

هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی ئاسایشی وزەی خۆی پێویستە تەنها سەرقاڵ نەبێت بە دەرهێنانی نەوتی خاو و غازی سروشتی و فرۆشتنیانەوە،بەڵکو هەوڵی بە پیشەسازیکردنی ئەو بوارەش بدات لەڕێگەی دامەزراندنی دامەزراوەی پترۆکیمیاویاتەوە کە بەرهەمەکانی بەدەیان جار بەقازانجترە لەنرخی بەرمیلێك نەوتی خاو.

وناردن بەهەمان شێوە پێویستە کە لە پاڵ کەرتی گشتی و حکومیدا لەهەرێمی کوردستاندا کەرتێکی تایبەتی بەهێز بینابکات و هانبدات و کارئاسانیان بۆ بکات وەك پاڵپشتیەك بۆ

هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان،ئەوەش لە ڕێگەی دانان و دامەزراندنی تۆڕێکی پەیوەندی بانکی و دارایی پێشکەوتوو بە وڵاتانی ناوچەکە و دونیاشەوە و بەستنەوەی بە تۆڕی ئاڵوگۆڕی دراو لە جیهاندا ناسراو بە SWIFT.

هەرێمی کوردستان پێویستە هەر لە ئێستاوە کە مەترسی چۆڕبڕبوونی نەوتی خاو دەکرێت لە ٤٠-٥٠ساڵی ئایندەدا ئەرکێتی کە بیر و پلانی زانستی دابنێت بۆ وەبەرهێنان لە سەرچاوە جێگرەوەکانی وزەدا لە هەرسێ جۆری وزەی (خۆر و با و ئاو) کە لەهەرێمی کوردستاندا تاڕادەیەکی باش دەستدەکەون و وزەیەکی پاك و خاوێن و هاوڕێی ژینگەن و کەمتێچوون کە بەکورتکراوەی WWS دەناسرێن، بەهەمان شێوە پلانی هەبێت بۆ سوود وەرگرتن لە وزەی ڕیشاڵ و گژو گیا کە بەوزەی ئەندامی دەناسرێت.

جا بۆ ئیدارەدانی ئەم کەرتە و کەرتەکانی تریش و گەشە و پێشخستنی ژێرخانێکی وزەی بەهێز لەکوردستاندا پێویست بە بوونی ئیدارەیەکی بەهێز و شەفاف و متمانەدار و دوور لە بوونی گەندەڵی دەکات بۆ بەڕێوەبردنی هەموو توانا مرۆیی و سروشتیەکان پێکەوە بۆئەوەی ئاینده و ئابوریەکی جێگیر و گەشەکردنێکی بەردەوام مسۆگەر ببێت.

لەکۆتایدا ،هەموو ئەم هەنگاو و کار و پلانانە بۆ وەدیهێنانی ئاسایشێکی وزەی بەردەوام و ئابوریەکی گەشەکردووی بەهێز،پەیوەستن بە پرۆسەی دیموکراتیەت و گەشەکردن لەهەرێمی کوردستاندا.چونکە بەبێ گەشەیەکی هاوسەنگ ئەوا پرۆسەی دیموکراتیش ناتوانێت پشتیوانی ئابوریەکی جێگیر بکات.ئاشکراشە هەرکات دیموکراتیەت و حوکمڕانیەکی دیموکراتی ڕاستەقینە بالادەستبوو لەهەرێمی کوردستاندا ئەوا ئابوریەکی گەشەکردووی جێگیر فەراهەم دەبێت و ئەوکاتیش ئاسایشی وزەی هەرێم مسۆگەرتر دابیندەکرێت و لەکۆتایشدا ئاسایشی نەتەوەیشمان دەپارێزرێت.

هەربۆیە بۆ مسۆگەرکردنی گەشەیەکی جێگیری ئابوری لەکوردستاندا پێویستدەکات کە کەشوهەوایەکی گونجا و بۆ پێکەوەژیان و کارکردن برەخسێت لەنێوان بڕیاردەرانی سیاسی و خاوەن ئەزموونە زانستی و شارەزاکاندا بۆ چەسپاندنی توانایەکی گەورە وپتەوی ئابوری لەهەرێمی کوردستاندا.

==========================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا لەڕێکەوتی ٢٦ و٢٧/٣/٢٠٢٢دا بلاوکراوەتەوە.

# غازی سروشتی

## جۆرەکانی ،سوودەکانی ، مەترسیەکانی *

ئاشکرایە غازی سروشتی لە ئێستادا لەدوای نەوتی خاوەوە بۆتە سەرچاوەی دووەم و گرنگ و کاریگەری وزەی سەردەم و بۆ ئایندەش پێشبینی دەکرێت جێگەی نەوتی خاو بگرێتەوە لەبەر سیفاتە باشەکان و کەمی تێچوونی و هاورێی ژینگەیی و ...هتد.هەربۆیە گرنگی دان بەم سەرچاوەی وزەیە کار و ئەرکێکی لە پێشی هەموو ئەو دەولەت و دەسەلاتانەیە کە خاوەنی برە یەدەگێکی گەورەن لەم سەرچاوەیە ،بە باشترین و زانستیترین شێواز.چونکە لەلایەك سەرچاوەی داهاتێکی گەورە و دەولەمەندە و لەلایەکیش تەکنەلۆجیایەکی هەستیار و مەترسیداریشە.جا بۆ گرنگی غازی سروشتی باس لە جۆرە جیاوازەکانی و سوود و مەترسیەکانیان دەکەین.

١. غازی سروشتی شلکراوە . **Liquified Natural Gas** LNG : بریتیە لە تێکەلەیەك کە زۆرینەی لە غازی **میثان** پێکدێت و کەمێکیش لە غازی **ئیثان**،دەتوانرێت شلبکرێتەوە بەهۆی پەستان و ساردکردنەوە ،بەمەبەستی ئاسانکردنی هەلگرتن و گواستنەوەی.

٢. شلەکانی غازی سروشتی **Natural Gas Liquids** NGL : پێکدێت لە غازەکانی **ئیثان** Ethane و **پرۆپان** Propane و **بیوتان** butaneو پێکهاتەی قورسی تر.

٣. غازی پترۆلی شلکراوە **Liquidand Petroleum Gas** : کە بەغازی مالانیش ناسراوە کە یەکێکە لە بەرهەمەکانی پالاوتنی نەوتی خاو لە پالاوگەکان کە بریتیە لە تێکەلەیەك لەهەردوو غازی پرۆپانPropane و بیوتان Butane.

٤. غازی سروشتی پەستێنراو . **Compressed Natural Gas** CNG

٥. سووتەمەنی غازی گۆردراو بۆ شل **Converted Gas to Liquid Fuels** GTL

لەخوارەوە باس لە سێ جۆریان دەکەین بە دووروودرێژی :

١. غازی سروشتی شلکراوە بە ئینگلیزی **liquefied natural gas** یان **LNG**

بریتیە لە غازی سروشتی و کرداری چارەسەری بۆ کراوە و شلکراوەتەوە بە ساردکردنەوە.

غازی سروشتی دەردەهێنرێت لە کێلگە نەوتیەکان و دواتر لە رێگەی بۆری تایبەتەوە دەگوێزرێتەوە بۆ دامەزراوە و یەکە چارەسەریەکان کە کرداری چارەسەری زیاتری بۆ دەکرێت وەك ساردکردنەوە و شلکردنەوەی غازەکە لە ژێر دۆخی کەشوهەوادا.

پێشەکیەکی مێژوویی:

- بیرۆکەی شلکردنەوەی غاز لەساڵی ١٩١٤ دەستیپێکرد لە ئەمریکا.
- لەساڵی ١٩١٧دا بۆ یەکەم جار بەریتانیا هەستا بەکاری بازرگانی لە غازدا.
- بەڵام لەساڵی ١٩٦١ دا بەریتانیا گرێبەستێکی ١٥ساڵەی لەگەڵ جەزائیردا واژۆکرد بۆ پێدانی سەرەتایی بەنزیکەی ١ ملیۆن تەن لە غازی سروشتی شلکراوە ساڵانە.
- دوای ئەوە کرداری غازی شل لە جیهاندا بڵاوبۆوە بە هێواشی تا ئێستا ٤٠ بەندەر هەیە بۆ غازی شلکراوە.
- سیفاتەکانی غازی شلکراوە:

١. بەشێوەی شل دەپارێزرێت لە پلەی گەرمی(- ١٦١,٥) پلەی سەدی ژێر سفرەوە و لە ژێر پەستانی هەواییدا.

٢. چڕییەکەی نزیکەی ٤٤٠کگم/م٣( کەمترە لە نیوەی چڕی ئاو) کاتێك شل بێت.کاتێك دەبێتە غاز و قەبارەکەی گەورە دەبێت بەنزیکەی ٦٠٠جار لە دۆخە شلیەکەی.

٣. تامی نیە ،ڕەنگی نیە،بۆنی نیە.لەکاتی چوونە ناو هەوای دەوروبەرەوە دەتوانرێت هەستی پێبکرێت لەڕێگەی هەورەوە یان هەوری دروستبوو لە چواردەوری جێگەی لێچوونەکە بەهۆی هەڵمژینی بۆ گەرمای دەوروبەر و دواتر هەڵمی ئاو چڕدەبێتەوە لە هەوادا لەسەر شێوەی هەور.

٤. ژەهراوی نیە بەڵام دەبێتە هۆی خنکاندن.

٥. دەبێتە هۆی تێکچوونی کانزاکان،پلاستیك،مەتات و هەر کەرەسەیەکی نەرم یان لەدن لە دۆخی ئاساییدا بۆ ئەوەی وەکو شووشەیەکی شکاوی لێبێت.

٦. دەبێتە هۆی برینی سارد پێی دەوترێت(پێوەدانی سارد)ئەگەر بەر لەش کەوت لە ئەنجامی جیاوازی گەورەی لەگەڵ پلەی گەرما لەش و غازەکەدا.

٧. دەبێتە هۆی تەقینەوەی سارد( سووتانی تیادا نیە) لەکاتی تێکەڵکردنی ئاو و پێی دەوترێت دیاردەی قۆناغی گواستنەوەی خێرا.

٨. وزەی سووتاندنی نزیکەی ٤٩ مێگاجول/کگم کە زۆر خاوێنە بەبەراوورد بە توخمە سووتێنەرەکانی تری نەوتیەوە وەك دیزڵ و بەنزین.

٩. غازی میثان بە پێکهێنەری سەرەکی دادەنرێت.

بۆچی غاز شلدەکرێتەوە؟

هەندێك كەس پێیانوایە كاتێك غاز شلدەكرێتەوە بۆ ئەوەی وەك سووتەمەنی بەكاربێت،بەلاّم ئەوە هەڵەیە.غاز شلدەكرێتەوە تەنها بۆ ئەوەی بتوانرێت بە ئاسانی بگوازرێتەوە،چونكە گواستنەوەی غازی شلكراوە لەڕێگەی دەریا و زەریاكانەوە زۆر كەمتری تێدەچێت وەك لە گواستنەوەی لەدۆخی غازیدا.ئەمەش لەبەرئەوەی غازی شلكراوە (میثان)قەبارەكی كەمتر دەگرێت كە ٦٠٠جار كەمترە وەك لە قەبارە غازیەكەی.جا بۆئەوەی قەبارەكەی بچووكبكرێتەوە لە تانكیەكاندا ئەوا پێویستە پەستانێكی گەورەی بخرێتە سەر و بۆ ئەمەش پێویستە دیواری تانكیەكان زۆر ئەستوور بن بۆ بەرگەگرتنی ئەو پەستانە بەرزە و ئەمەش قورساییەكی گەورە دەخاتە سەر پاپۆڕەكان.بەلاّم غازی شلكراوە لەگەڵ ئەوەی چڕییەكەی زۆر زیاترە لە چڕی غازی سروشتی بەلاّم هێشتا چڕییەكەی كەمتر دەبێت لە چڕی پۆلاّ كە بەكاردێت لە دروستكردنی تانكیەكاندا لە ژێر پەستانی هەوادا.

پرۆسەی چارەسەری و شلكردنەوەی غازی سروشتی

غازی سروشتی لە كێڵگەكانەوە دەردەهێنرێت كرداری گواستنەوەی غازی سروشتی لەكێڵگەوە ئەنجامدەدرێت و وە دەگوازرێتەوە و دواتر پرۆسەی چارەسەریەكانی بۆ دەكرێت لەڕێگەی بەكورتی:

١. لابردنی توخمە جیاوازەكانی تر : كە زیاندەگەیەنن بە دامەزراوە و ژینگەی دەوروبەریش.وەكو لابردنی جیوە (كە دەبێتە هۆی داخوران و فەوتانی بۆری و كەلوپەلی دروستكراو لە ئەلەمنیۆم) و كبریتیدی هایدرۆجین( كە غازێكی ژەهراویە و قەدەغەكراوە لە جیهاندا و دەبێتە هۆی بارینی ترشە بارانی زیانبەخش) ولابردنی ( ڕۆنە نەوتیەكان و ئاو و توخمە هایدرۆكاربۆنیە چڕبوەكان وغازەكان و لابردنی دووەم ئۆكسیدی كاربۆن $CO2$) چونكە هەموو ئەو توخمانە دەبنە هۆی گرتنی بۆریەكان بەهۆی ڕەقبونیانەوە لەپلەی گەرمای نزمدا و پێش شلكردنەوەی غازەكە.

٢. دواتر كرداری ساردكردنەوە : بەچەند قۆناغێك ئەنجام دەدرێت.كە بریتیە لە لابردنی غازەكانی تر كە تیایدا بەپێی پلەی كولاّندنیان وەكو غازی میثان و ئیثان و پرۆپان و بیوتان و هەندێكیان بۆ كرداری ساردكردنەوە بەكاردێن یان وەكو سووتەمەنی لە دامەزراوەكەدا.غازی پێنتان و ئەوانی دوای ئەو غازی قورسن و پێویستە جیابكرێنەوە بۆئەوەی نەبنە هۆكاری بەستن و گیران.غازەكە دەبێتە غازی پەستێنراو لە ژێر پلەی گەرمی نزیكەی ٣٦ پلە لە ژێر سفرەوە.دواتر قۆناغی دووەم دەستپێدەكات و زیاتر و زیاتر سارددەكرێتەوە و تادەگاتە پلەی ١٥٠پلەی سەدی ژێر سفر.

٣. كرداری شلكردنەوە: دوای ئەوەی كە پلەی گەرمای غازەكەی گەیشتە نزیكەی ١٥٨ ئیدی غازەكە بەرەو شلبونەوە دەچێت لە ژێر پەستانێكی كەمێك بەرزتر لە پەستانی هەوا و دواتر كرداری شلبونەوە ڕوودەكات كاتێك پەستانی سەر غازەكەی دادەبەزێت بۆ پەستانی هەوا و پلەی گەرماكەش

دادەبەزێت بۆ ١٦١,٥ پلەی ژێر سفر. و ئیدی دەتوانرێت بەشلی پاڵی پێوەبنرێت بۆ ناو کۆنتێنەرەکان کە زۆر بە قایمی و پتەوی دیوارەکانی دروستکراون یان بۆ ناو کۆگای هەڵگرتنەکان و دواتر لەرێگەی پاپۆڕەوە لەناو دەریادا دەنێردرێتە ناو بازاڕەکانی جیهانەوە بۆ فرۆشتن.

٤. هەڵگرتن و دواتر گواستنەوە و ناردنی بۆ بازاڕ و فرۆشتن.

هەریەکێکێك لەم هەنگاوانە زۆر بەووردی و دیقەتەوە دەکرێن،چونکە تەواوی پرۆسەکە لە ژێر پەستان و پلەی گەرمی زۆر بەرزدا ئەنجامدەدرێت کە لەهەموو ئانوساتێکدا مەترسی ڕوودانی تەقینەوەی لێدەکرێت.

ئەو ولاّتاناکەی کە زۆررترین غازی شلکراوەیان هەیە:

قەتەر:بەگەورەترین هەناردەکاری غازی شلکراوە دادەنرێت لە جیهاندا.

لەکاتێکدا جەزائیر یەکەم ولاّت بوە کە بەرهەمی هێناوە.

گەلێك کۆمپانیای نێودەوڵەتی گەورە هەن کە لەو بوارەدا کاردەکەن وەکو کۆمپانیای ( نۆرث وێست و سی غاز وکۆمپانیای یەمەنی بۆ غازی سروشتی شلکراوە و تانگۆ وساخالین و قەتەر غاز و راس غازی قەتەر و کۆمپانیای غازی بەسرە).

مەترسیەکانی غازی سروشتی شلکراوە

غازی سروشتی شلکراوە مەترسیەکی گەورەی نیە،تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە بە پشتگوێخستن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.لەو مەترسیانەش:

١. تەقینەوەی کۆنتێنەری غازەکە لەکاتی بەرزبونەوەی پلەی گەرمیەکەی بۆ سەروو پلەی شلکردنەوەکەی -١٦١,٥ پلەی سەدی و ڕەنگە سووتانیشی لەگەڵدا بێت ئەگەر سەرچاوەیەکی گڕگرتن هەبێت لە هەوادا و لەو کاتەدا کارێکی سەخت دەبێت کە کۆنترۆڵ بکرێت.

٢. دەشێت بە لێچوونی بڕێکی پێویست لە غازی شلکراوە ببێتە هۆکاری خنکاندن و دواتریش مردن سەرەڕای بەستنی لاشە بەهۆی زۆر ساردییەوە.

٣. تەقینەوەی سارد لەکاتی بەرکەوتنی لەگەڵ ئاودا.

٤. لێدەرچوونەکانی بۆ ناو هەوا: کە دەبنە هۆی پیسبوونی هەوا.

هۆکاری مەترسی ئاگرکەوتنەوە و تەقینەوەکان لە دامەزراوەکانی غازی سروشتی شلکراوە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی غاز و شلەمەنی کە توانای گڕگرتنیان هەیە یان بوونی شلەمەنی و ئۆکسجین و سەرچاوەی گڕگرتن لەکاتی کرداری داگرتن و بارکردندا.

ڕووداوەکانی تەقینەوەی غازی سروشتی شلکراوە:

١. ڕووداوی سکیکدە لە جەزائیر لەساڵی ٢٠٠٤دا کە ٢٧ کەس بونە قوربانی.

٢. ڕووداوێك لە ئەمریکا لەساڵی ١٩٧٣ و ٣٧ کەس بونە قوربانی.

٣. ڕووداوی کلفلاند لە ئەمریکا لەساڵی ١٩٤٤ کە ١٢٨ کەس بونە قوربانی.

٤. ڕووداوی تەقینەوەی غاز لەماڵێك لەگەڕەکی کازێوەی شاری سلێمانی لەشەوی ١٧/١٨/١١/٢٠٢٢ کە ١٥ کەس بونە قوربانی و ١٢ کەسی تریش بریندار بوون .کە بەڕاستی کارەساتێکی ناخ هەژێن بوو.

٥. ڕووداوی تەقینەوەی غاز لە شاری دهۆك لە شەوی ٢١/٢٢/١١/٢٠٢٢ کە ٥ کەس بونە قوربانی و ٣٢ کەسی تریش بریندار بوون.

## ٢. غازی پترۆڵی شلکراوە Liquefied Petroleum Gas LPG (غازی ماڵان)

پێکهاتەکانی :

لە هایدرۆکاربۆنات پێکدێت،کە ٣ بۆ ٤ گەردیلە کاربۆن لەخۆدەگرێت.

پێکهاتە سروشتیەکانی غازی پترۆڵی شلکراوە بریتین لە : پرۆپان C3H8و بیوتان C4H10، ئەم دوو غازە بەڕێژەی سەدی تێکەڵ یەکتری دەکرێن بەپێی سروشتی بەکارهێنانەکانی و دۆخی کەشوهەوا و ڕەنگە بڕێکی کەمی توخمە هایدرۆکاربۆنیەکانی تریشی تیادا بێت.

سیفاتەکانی ئەم جۆرە غازە:

غازی پترۆڵی شلکراوە LPG بە ئاسانی لەهەوادا دەسووتێت.

بەهای گەرمی تیایدا یەکسانە بەوەی کە لە بەنزیندایە.

بەهای گەرمیەکەی دوو هێندەی غازی سروشتیشە.کەوایلێکردوە ببێتە سووتەمەنییەکی باش بۆ گەرمکردنەوە و چێشتلێنان و بەکارهێنان لە ئۆتۆمبێلەکاندا.

غازی پرۆپان Propane

دادەنرێت لەو غازانەی کە بەشێوەیەکی گەورە توانای گواستنەوەی هەمەجۆری هەیە. کە جۆرێکە لە غازی پترۆڵی شلکراوە کە بەکارهێنانی زۆر بڵاوە.دادەنرێت بە سەرچاوەیەکی گرنگی وزەی جێگرەوە بۆ زۆرێك لە خواستی کارەکان و بازرگانیش.ئەم جۆرە لە غاز C3H8 بەکاردەهێنرێت بەشێوەیەکی فراوانتر لە بەکارهێنانە بازرگانیەکاندا وەکو سووتەمەنی بۆ بەرزکەرەوەکان و باشترە بەکاربهێنرێت لە کۆگاکاندا و لەجێگەی بیناکاندا.بەهۆی ئاسانی هەڵگرتنی لە بوتڵی ئاسان گواستنەوەدا.

غازی بیوتان Butane

بیوتان C4H10 یەکێکە لە بەرهەمە دەرهێنراوەکانی غازی سروشتی خاو،کە لە بەنزین دەچێت کە نەوتی خاوی تیادایە.وەك یەکێك لە پێکهاتەکانی،بیوتان زیاد دەکرێت بەزۆری بۆ بەنزینی ئاسایی،بۆ ئەوەی تواناکەی باش بکات بەبێ دروستکردنی بەرهەمێك کە زوو بگۆڕێت.هەروەها لەسیستەمی سارد و گەرمکردنەوەدا بەکاردێت لەگەڵ چەرخی جگەرەدا،هەروەك بەکارهێنانیشی بڵاوە لە پێوانەکردنی هەندێك ئامێری زانستی هەستیاردا.

پێناسەی غازی پترۆڵی شلکراوە LPG و سیفاتەکانی :

غازی پترۆڵی شلکراوە لە سروشتدا کۆدەبێتەوە لەژێر زەویدا و لەگەڵ نەوتی خاودا دێتەدەرەوە لەکاتی دەرهێنانی لە بیرە نەوتەکانەوە) و پێی دەوترێت ( غاز المصاحب// غازی هاوشانی نەوتی خاو)، هەروەها بەرهەمیش دێت لەکاتی چارەسەری نەوتی خاو و گۆڕینی بۆ پێکهاتە و بەرهەمەکانی و دەشتوانرێت غازی بەرهەمهاتوو شلبکرێتەوە بەهۆی خستنە ژێر پەستانەوە.

غازی پترۆڵی شلکراوە بەشێوەیەکی سەرەکی لە غازی پرۆپان و بیوتان پێکدێت کە بریتیە لە تێکەڵەیەك لە توخمی هایدرۆکاربۆنیەکان.بەزیاد کردنی پەستان لەسەر غازەکە شلدەکرێتەوە بەوەش قەبارەکەی زۆر بچووك دەبێتەوە و کرداری گواستنەوەکەشی ئاسان دەبێت لەگەڵ هەڵگرتنی و پێوانەکردنیشیدا.

گواستنەوەی غازی شلکراوە لەڕێگەی تانکی پەستاندا دەکرێت بۆ جێگەی بەکارهێنان لەوێدا پەستان کەمدەکرێتەوە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ دۆخی غازیەکەی و بەکارهێنانی بەشێوەی غازی.

بەشێوەیەکی گشتی غاز بێ ڕەنگ و بۆنە و بۆئەوەی هەستپێبکرێت لەکاتی لێچووندا توخمی بۆنداری وەکو(مەرکەبتانی ئەثیل)ی بۆ زیاددەکرێت پێش ئەوەی بگەیەنرێتە دەستبەکارهێنەران.

بواری بەکارهێنانی:

١.غازی بوتڵی ماڵان.

٢. غازی بەکارهاتوو وەکو سووتەمەنی ئۆتۆمبێل.

٣.غازی پترۆڵی شلکراوە لە پیشەسازیە گۆڕاوەکاندا.

غازی پترۆڵی شلکراوە کە ناسراوە بە LPG بەرهەمدێت وەك بەرهەمێکی لاوەکی لەکاتی چارەسەرکردنی پترۆڵی خاو لە پاڵاوگەکاندا بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمە نەوتیەکان وەکو بەنزین و مازۆت.بەهەمان شێوەش لە سروشتەوە ڕاستەوخۆش دەردەهێنرێت لەهەندێك ناوچەدا کە بریتیە لە تێکەڵەی پرۆپان و بیوتان.

لەبەرئەوەی LPG بە زۆری لە بیوتان و پرۆپان پێکهاتوە قورسترە لە هەوا هەربۆیە دەچێتە جێگە نزمەکان وەکو ژێر زەمین و شوێنە نزمەکان هەرلەبەرئەمەش دەبێتە هۆی خنکاندن لەکاتی نوستندا یان گڕگرتن و تەقینەوە ئەگەر بە وریای مامەڵەی لەگەڵ نەکرا. و توانای گڕگرتنی هەیە ولەتورکیادا بەڕێژەی ٣٠٪ پرۆپان و ڕێژەی ٧٠٪ بیوتان تێکەڵدەکرێن بۆ مەبەستی پیشەسازی و گەرمکردنەوە و چێشتلێنان و ڕووناکی لەماڵاندا.

هەربۆیە پێویستە لەکاتی لێچوونی غازدا بۆ هەر جێگایەك پێویستە :

١. پێش هەموو شتێك بەهیچ شێوەیەك پلاکی کارەبا و ڕووناکەرەوە یان هەر پلاکێکی کارەبا هەڵنەکرێت.لەبەرئەوەی دەبێتە هۆی تەقینەوەیەکی مەترسیدار ودەبێتە هۆی زیانی گەورە.

٢. پێویستە نەچنە ئەو ژوور و جێگایانەی غازەکەی تیادایە و جگەرە بەدەستەوە بێت.کە ئەمەش دەبێتە هۆی تەقینەوەیەکی گەورە و ترسناك.

٣. بۆیە پێویستە لە پێشدا دەرگا و پەنجەرەکان بکرێتەوە بۆ هەوا گۆڕکێ و دواتر پشکنینی جێگەی لێچوون و بەخێرایی دابخرێت.یان پەیوەندی بە کەسانی پسپۆڕەوە بکرێت.

غازی LPG کە لە غازی سروشتیەوە بەرهەمدێت دادەنرێت بە ئالۆزترین و مەترسیدارترینیش لەهەموو جۆرەکانی وزەی نەوتی هەربۆیە پێویستی بە ڕێوشێوێنی خۆپاراستنی هەیە لەکاتی بەکارهێنانیدا ولەبەرئەوەش تێچووەکانی بەرزترە.

مەترسیەکەشی لەوەدایە کە توانای گڕگرتنی بەرزە و دەبێتە هۆی کارەساتی ماڵوێرانکەر لە گیان و ماڵدا تەنها لەبەر پشتگوێخستنێکی بچووك.وەك لیکردن و لێچوون.

لەبەرئەوە پێویست بە ڕێوشوێنی زۆر وردی سەلامەتی دەکات لەناو ماڵ و دامەزراوە پترۆکیمیاویەکان و بەندەرەکان و پاڵاوگەکان و کۆگانی هەڵگرتن و بۆریە گوێزەوەکانیشدا.

لەو ڕێوشێوینانەش بریتیه له:

١. صیانەکردنی بەردەوامی هەموو بەشەکانی تۆڕی ڕاکێشانی غازەکە له بۆری و ڤاڵڤەکان و جۆینت و تانکیەکە بەشێوەیەکی دەوری و لانی کەم هەر ٦ مانگ جارێك.

٢. پشتگوێنەخستنی هیچ جۆره لێچوون و لیکێك هەرچەنده کەم و بچووکیش بێت.

٣. با بەشێوەیەکی بەردەوام پەنجەرەیەك یان دەرچەیەك هەبێت له ماڵاندا بۆ هەوا گۆڕکێ بۆئەوەی غاز پەنگ نەخواتەوه لەناو ماڵەکاندا.

٤. دانانی سیستەمی سەلامەتی و ئامێری ئاگادارکردنەوەی هەستیار له نزیك تۆڕی دابەشکردن یان تانکی غازەکانەوه بۆئەوەی به زووترین کات ڕێگه بگرێت له لێچوون و لیکەکان تا چاکدەکرێتەوه.

٥. دانان و بەستنی تۆڕی دابەشکردنی غاز لەماڵان و شوێنه گشتیەکانی تریش با لەلایەن ئەندازیاران و کەسانی پسپۆڕ و شارەزاوه بێت نەك هەموو کەسێك که هیچ شارەزایەکی زانستی نەبێت.

٦. بۆیاغکردنی تانکیەکان : به بۆیاغێك که بەرگەی پلەی گەرمی بەرز بگرێت لەگەڵ گرگرتنی بەهێز و گەرما هەڵبمژێت .

٧. لاستیکه دژه ئاگرەکانیان تێوەبپێچرێت .

٨. ڕێگەگرتن له جوڵەی توخمی غازی نەوتی بەپێی توانا چونکه دەبێته هۆی کشان و چوونەوەیەك و پڕبوون و بەتاڵبوون تەنانەت گەر له پۆڵاش بێت و ئەستوریش بێت.

بەکارهێنانی ئەم جۆره غازه وەك سووتەمەنی ئۆتۆمبێل گەلێك سیفاتی باشی هەیه وەکو :

١. خاوێنه و باش دەسووتێت.

٢. هاوڕێی ژینگەیه چونکه ژینگه پیس ناکات بەهۆی ئەوەی لەکاتی سووتانیدا هیچ پاشەڕۆیەك وەکو غازی بێ ڕەنگ لەشێوەی CO پیسکەری ژینگه بەجێناهێڵێت و خۆڵەمێشیشی نیه.

٣. هەرزانتره له بەنزین هەربۆیه وەك سووتەمەنی ئۆتۆمبێل بەکاردێت.

٤. بەهەمان شێوه له ئۆتۆمبیلەکاندا دەبێته هۆی درێژبونەوەی ماوەی ڕۆنگۆڕین.

٥. بەهۆی بوونی بڕێکی کەمی $CO_2$ تیایدا ئەوا مەکینەی ئۆتۆمبیلەکان بۆ ماوەی درێژتر بەخاوێنی دەمێننەوه.

٦. بەهۆی ئەوەی ئەم جۆره غازه بەشێوەی غازی دەگاته ژووری سووتاندن و بەهۆی دروستنەبوونی ترشەکان و کاربۆن وەك سووتەمەنیەکانی تر ئەوا قازانجی گەورەی ئابوری هەیه.

هەردوو جۆری غازی سروشتی و شلکراوە کە لەنەوتی خاوەوە دەردەهێنرێن لەناو کۆنتێنەری لە پۆڵا دروستکراودا هەڵدەگیرێن لە ژێر پەستانی بەرزدا و دەنێرێت بۆ بەکارهێنەران لە دۆخی غازی یان شلیدا.پێکهاتەی غازی شلکراوەیی لە ڕێژەی ٧٠٪ بیوتان و ڕێژەی ٣٠٪ پرۆپان پێکدێت.

### ٣. غازی سروشتی پەستێنراو CNG

CNG غازی سروشتی پەستێنراو،بریتیە لە غازی سروشتی بە ئاسایی لەژێر پەستانی زۆر بەرزدا و بەبەردەوامی لە دۆخی غازیدا دەمێنێتەوە،جا لەبەرئەوەی غازی سروشتیش پێکهاتەی سەرەکی غازی میثانە هەربۆیە CGNیش بەهەمان شێوە پێکهاتەی سەرەکی بریتیە لە غازی میثان.دەتوانرێت ئەم غازە وەك سووتەمەنی ئۆتۆمبێل بەکاربهێنرێت لە جیاتی بەنزین و گازۆیل و غازی پترۆڵی شلکراوە.لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سووتەمەنیە غازی زیان بەخش کەمتر دەردەکات لەکاتی سووتانیدا بەبەراوورد بە بەنزین و دیزڵ و غازی پترۆڵی شلکراوە.

ئەم جۆرە غازە بەشێوەیەکی گشتی لە کۆنتێنەر یان تانکی شێوە سلیندەر یان گۆیدا هەڵدەگیرێت لە پەستانی ٢٠-٢٥ مێگا باسکال دا.لەبەر بەرزی پەستان،ئەو تانکیانەی کە بەکاردێت لە پۆلاّ دروستدەکرێت.

### سیفاتە باشەکانی CGN

١. تێچووی سازکاری و چاکردنەوەی نزمە بۆ ئەو ئۆتۆمبیلاّنەی کە غازی سروشتی پەستێنراو بەکاردێنن.

٢. لەکیسچوونی ئەم سووتەمەنیە لەڕێگەی لێچوون و بەهەڵمبونەوە زۆر نزمە.

٣. بەئاسانی ویەکسانی تێکەڵ بەهەوا دەبێت.

٤. سەلامەتە لەبەرکارهێناندا بەهۆی بەرهەمهێنانی بڕی کەم لە غازە زیانبەخشەکانەوە، پیسبوونی کەمترە.

٥. توانایەکی بەرزی گەرمی هەیە.

• لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێك کەموکوڕی هەیە وەك :

ئەو کۆگایانەی کە CGN تیایاندا هەڵدەگیرێت ڕووبەرێکی فراوانتریان پێویستە.لەبەرئەوەی لە دۆخی غازیدایە وەك لە دۆخی شلی.سەرەڕای ئەوەش،ئەو بڕەی پێکهاتەکان کە CGN بەکاریدێنێت زۆر زیاترە.

- **جیاوازیەکانی نێوان هەریەکە لە ( غازی سروشتی NGو غازی پەستێنراوCNG و غازی پترۆڵی شلکراوە LPG )**

١. غازی پەستێنراو بە پلەی سەرەکی لە **میثان** پێکدێت.بەڵام غازی پترۆڵی شلکراوە لە پرۆپان و بیوتان پێکدێت.

٢. زاراوەی CNG ئاماژەیە بۆ غازی سروشتی پەستێنراو ،لەکاتێکدا LPG ئاماژەیە بۆ غازی پترۆڵی شلکراوە.

٣. غازی پەستێنراو هەمیشە لە دۆخی غازیدا دەمێنێتەوە.بەڵام غازی پترۆڵی شلکراوە دەکرێت بەشێوەی غازی یان شلی بێت.

٤. هەردوو جۆرە غازەکەی بەکەڵك دێن و وەکو سووتەمەنی بەکاربهێنرێن.و هەریەکەشیان سیفاتی باش و کەموکوڕییان هەیە.

# جۆر و کوالێتی نەوت و غازی سروشتی هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدان ؟ *

ئاشکرایه چ نەوتی خاو یان غازی سروشتی چەند جۆرێکی جیاوازیان هەیه ،ئەم جیاوازیانەشیان دەگەڕێتەوه بۆ بوونی پێکهاتەی نا نەوتی وەکو( کانزاکان و خوێکان و ئاو و خڵتە و خەوشی تر) و ئەمانەش کاریگەریان دەبێت لەسەر جۆر و  سیفاتەکان و کوالێتی نەوتی خاو وغازە سروشتیەکە.لەسەر ئەم بنەمایەش نەوتی خاو و غازی سروشتی پۆلێن دەکرێن بە چەند جۆرێکەوه ،کە لەخوارەوه بەکورتی باس لەهەر جۆررێکیان دەکەین و ئەو مواصفات و پێوەرانەش باس دەکەین کە لەسەر بنەمایان جۆرو و کوالێتی نەوتی خاو یان غازی سروشتیەکە دیاریدەکرێن:

جۆرەکانی نەوت چین؟

نەوتی خاو توخمێکی وەکیەك نیه و سروشتەکەی لە جێگەیەك بۆ جێگەیەکی تر دەگۆڕێت،نەوتی خاوی پێوانەیی بەکاردەهێنرێت،وەك (نەوتی خاوی ڕۆژئاوای تەکساس ) و (برنت) بۆ ئەوەی بتوانرێت نرخی ١٦٠ جۆر لەنەوت دابنرێت.

پرۆسەی نرخ دانانی ئەو نەوتە خاوانە دەوەستێتە سەر ئاستی جیاوازیان لە نەوتی خاوی پێوانەیی.هەروەها پشتدەبەستێتە سەر  دووری ئەو نەوتە خاوانە لە بازاڕەکانەوە.جا ئەو خاڵانەی کە جیاوازی نێوان جۆرەکانی نەوتی خاویان پێدیاریدەکرێت بریتین لە:

١. چڕیەکەی( کێشەکەی بەراوورد بە قەوارەکەی)
٢. پلەی ترشێتی(ڕێژەی کبریت تیایدا)
٣. هۆکاری تریش.

- نەوتی سووك بەرامبەر نەوتی قورس
- نەوتی خاوی سووك:

بریتیه لەو جۆرەی نەوت کە چڕیەکی کەمی هەیە بەبەراورد بە چڕی ئاو.لەبەر ئەوە سەر ئاو دەکەوێت.بەوپێیە نەوتی سوك پۆلێندەکرێت بەپێی پێوەری (چڕی جۆری) بەپێی پەیمانگای نەوتی ئەمریکی (API gravity) ئەگەر نرخی چڕیەکەی گەورەتر بوو لە ٣١,١٠ دادەنرێت بە نەوتی خاوی سوك. ئەم جۆرە نەوتە داواکراوە و خواستی لەسەرە بەهۆی ئەوەی کە ڕێژەیەکی گەورە لە پێکهاتە بچوکە سوکەکانی تیادایه.

**پێوەری (چڕی جۆری) بەپێی پەیمانگای نەوتی ئەمریکی**

**یەکێك لەو داهێنان و بەشداریانەی پەیمانگای نەوتی ئەمریکی بریتی بوو لە دانانی پێوانە بۆ چڕی کە بە پلە دەپێورێت،کە لە سفرەوە دەستپێدەکات.جا ئەو نەوتەی کە چڕیەکەی لە( ٢٢,٣٠ ) پلە کەمتر بێت بە نەوتی خاوی (قورس ) دادەنرێت.ئەو نەوتەشی کە چڕیەکەی لەنێوان( ٢٢,٣٠ - ٣١,١٠ ) پلەدایە دادەنرێت بە نەوتێکی (مامناوەنجی)،و هەر نەوتێکیش پلەی چڕیەکەی لەسەروو( ٣١,١٠ ) پلەوە بوو دادەنرێت بە نەوتێکی( سووك)،و هەر نەوتێکیش پلەی چڕیەکەی لە سەروو( ٤٢ )پلەوە بێت دادەنرێت بە نەوتێکی(زۆر سووك).**

**هەرکاتێك نەوتێکی خاو چڕیەکەی بەرزتر بوو لە( ١٠ ) پلە ئەوا سەر ئاو دەکەوێت و کاتێکیش کەمتر بوو لە( ١٠ )پلە ئەوا سەر ئاو ناکەوێت.**

- **شێوازی حسابکردنی بیرکاریانە:**

**شێوازێکی بیرکاریانەیە بۆ ئەژمارکردنی چڕی جۆری بەپێی API بەم شێوەیەی لای خوارەوە:**

$$API_{gravity}=141.5/SG$$

**SG : چڕی جۆری**

**چڕی جۆری نەوتی قورس= ١**

**بۆ ئەژمارکردنی چڕی جۆری (نەوتی قورس) بەپێی پێوەری API بەم شێوەیە ئەژمار دەکرێت:**

□□□.□/□□□□.□=□□ API

API = 141.5 - 131.5 / SP.gr

**لە گرنگترین سیفاتەکانی نەوتی سووك بریتیە لە:**

**١.بەئاسانی دەڕوات.**

**٢. توخمی مێوی تیادا نیە.**

**نەوتی خاوی قورس**

**بریتیە لەو جۆرە نەوتە کە تاڕادەیەك چڕیەکەی بەرزە ،بەشێوەیەك نزیکدەبێتەوە لە چڕی ئاو کە دەبێتە هۆی قورس دەرهێنانی لە بیرە نەوتەکاندا.بە پێوەری پەیمانگای نەوتی ئەمریکی چڕی نەوتی قورس نرخەکەی کەمترە لە( ٢٢,٣٣ ) پلە. و لینجێتی بەرزە،و ڕێژەیەکی بەرزی کبریتیشی تیادایە.کە ئەمەش جارێکی تر دەبێتە هۆی ئەوەی کە کرداری دەرهێنانی سەخت بکات کە دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی تێچووی ئابوری.لەبەر ئەوە زۆر خواستی لەسەر نیە بەبەراوورد بە نەوتی سوك.**

بەلاّم بەهۆی نزیکبونەوەی چۆڕبڕبوونی نەوتی سوك لە جیهاندا بۆتە هۆی ئەوەی کە گرنگی زیاتر بدرێت بەنەوتی قورس.کۆی یەدەگی نەوتی خاوی قورسی دڵنیا کە دەتوانرێت دەربهێنێرت لە جیهاندا یەکسانە بە ٤٣٤ بلیۆن بەرمیل.

پرۆسەی دەرهێنانی نەوتی خاوی قورس

دەرهێنانی نەوتی خاوی قورس بەفراوانی بلاّوبۆتەوە لە زۆرێك لە ولاّتاندا و لە پێشەنگیشیاندا ولاّتانی کەنەدا و فەنزەوێلا یە لەساڵی ٢٠٠٨وە.

لەو ڕێگایانەی کە ئەم جۆرە نەوتەی پێدەردەهێنرێت بریتین لە:

ڕێگای دەرهێنانی نەوتی قورسی سارد لەگەڵ لمدا،ڕۆکردنی بەهۆی هێزی ڕاکێشان بەیارمەتی هەڵم.و تێکردنی هەڵم و دەرهێنانی هەڵم و بەهەڵکەندن بە شێوەی چاڵی ئاشکرا بۆ نیشتوە لمیەکان کە دەوڵەمەندن بەنەوت.

کاریگەریەکانی نەوتی خاوی قورس لەسەر ژینگە:

نەوتی خاو لە جۆری قورس کاریگەریەکانی زۆر توندترە لەسەر ژینگە بە بەراوورد بە جۆرەکانی تری نەوتی خاوی سوك بەڕەچاوکردنی ڕێگا بەکارهێنراوەکانی ئێستا لەبەرهەمهێنان و گواستنەوەیدا. جا لەبەر سەختی پرۆسەی دەرهێنانی پێویستدەکات کە تەکنەلۆژیا بەکاربهێنرێت بۆ دەرهێنانی باشی نەوت لەوانەش تێکردنی هەڵمە بۆ ناو بیرەکان بۆ دروستکردنی فشار.

هەروەها جۆری نەوتە قورسەکان هەندێك لە پیسکەرەکانی تیادایە بۆ نمونە نەوتی پشتێنەی ئۆرینکۆ کە چڕییەکی بەرزی هەیە ڕێژەی ٤,٥٪ کبریتی تیادایە،لەگەڵ فەنادیۆم و نیکل.هەروەك چۆن دەرهێنان و پالاّوتنی جۆرە قورسەکانی نەوتی خاو و لمە نەوتیەکان بەم تەکنەلۆژیایەی ئێستا بەکاردێت دەبێتە هۆی دەرچوونی سێ هێندە زیاتر لە گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە بەراوورد بەنەوتی کلاسیکی.

سیفاتەکانی نەوتی قورس:

١. لینجی بەرزە.
٢. بە ئاسانی ناڕوات.
٣. توخمی مێوی تیادایە.

سیفاتەکانی نەوتی زۆر قورسیش بریتیە لە:

١. لە پلەی گەرمی ئاساییدا ناڕوات.
٢. زۆر لینجە.

**نەوتی خاوی شیرین بەرامبەر نەوتی خاوی ترش**

نەوتی خاوی شیرین بریتیە لەو نەوتەی کە ڕێژەی کبریت تیایدا کەمترە لە ٠,٥٪، و نەوتی خاوی ترشیش ڕێژەی کبریت تیایدا بەرزترە لە ٠,٥٪ و زۆرترین نەوتی ناوچەی کەنداوی عەرەبی لە جۆری ترشە واتە ڕێژەی کبریت تیایدا لەسەروو٠,٥٪وەیە.

نرخی نەوتی خاو دادەبەزێت بەبەراوورد بە نەوتی خاوی پێوانەیی ، بەشێوەیەك هەرکات چڕیەکەی و ترشێتیەکەی بەرزبوو،بە پێچەوانەشەوە نرخەکەی بەرزدەبێتەوە لەگەڵ دابەزینی چڕی و ترشێتیەکەی.بەلاّم لە ئێستادا بارودۆخی بازاڕی نەوت ئەو بنەمایەیان گۆڕیوە و تەنها حساب لەسەر بڕی بوونی نەوت دەکەن لە بازاڕەکاندا ،بەشێوەیەك هەرکاتێك بڕی نەوت لە بازاڕەکاندا زۆر بوو ئەوا نرخەکان دادەبەزێت و بە پێچەوانەشەوە هەر کات بڕی نەوت کەمبوو لە بازاڕەکاندا ئەوا نرخەکان بەرزدەبێتەوە،بەبێ گوێدانە جۆرو مواصفاتی نەوتە خاوەکە.

جا نەوتی خاوی سوکی شیرین بەڕێژەی ٤٠٪ ی بەرهەمی جیهانی پێکدێنێت.کە بەزۆریش لە ولاّتانی لیبیا و جەزائیر و نەیجیریا و دەریای باکور و ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادایە. لەکاتێکدا نەوتی قورس و مامناوەنجی بەڕێژەی ٦٠٪ بوونی هەیە لە جیهانداوە زۆربەشی دەکەوێتە ولاّتانی عەرەبی و ئەمریکای لاتینی و کەنەداوە.

**یەکەی گەرمی بەریتانی چیە BTU؟**

گرنگی ئەم یەکەی پێوانەیە لەوەدایە کە بەراوورد دەکات لە نێوان بوونی وزە لە سەرچاوەکانی وزەی جیاوازدا.

ئەم یەکەی پێوانەی هەبووی گەرمیە : بریتیە لە یەکێك لە پێوەرەکانی پێوانەی بڕی وزە.کە بەکاردێت بۆ زانینی بڕی وزە لە بەرهەمە نەوتیەکان و ئەوانی تریشدا وەك خەڵووز.

بەشێوەیەك ١ بەرمیل نەوت بەنزیکەیی بڕی ٥,٨ ملیۆن یەکەی گەرمی تیادایە،لەکاتێکدا ١ مەتر سێجا غازی سروشتی بە نزیکەیی ١٠٠٠ یەکەی گەرمی تیادایە.بەهەمان شێوە ١ کگم لە بەنزین بە نزیکەیی ٤٠هەزار یەکەی گەرمی تیادایە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم یەکەی پێوانەی گەرمیە بەریتانیە BTU بەکاردێت بۆ پێوانەکردنی بڕی گەرمی لە بیناکاندا.

جا ئەم یەکەی پێوانە گەرمیە گرنگیەکی تایبەتی هەیە:لەبەرئەوەی هاوبەشە لەنێوان هەموو سەرچاوەکانی وزەدا،بەبێ گوێدانە ئەوەی کە شلە یان گازیە یان ڕەقە.ئەمەش وایکردوە کە

بەراوردکاری بکرێت لەنێوانیاندا لەسەر بنەمای یەکەکانی گەرمی کە تیایدایە.بەشێوەك ناتوانرێت بەراووردی سەرچاوەکانی وزە بکرێت لەسەر بنەمای پێوەرەکانی تر وەك بەرمیل یان تەن. بەڕەچاوکردنی بچووکی یەکەی گەرمی،بەشێوەیەکی گشتی بڕی بەرهەمی وزە لەهەر ولاَتێکدا بە (کوادرلیۆن) کە بریتیە لە یەکەی گەرمی دەپێورێت.کوادرلیۆن یەکسانە بە ۱۰۰۰ تریلیۆن،یان ژمارە ۱ و لە پێشیدا ۱۵ سفر هەیە.

یەکەی گەرمی یەکسانە بەبڕی ئەو گەرمیەی کە پێویستە بۆ بەرزکردنەوەی (پاوەند)ێك لە ئاو ۱ پلە لەژێر هەلومەرجی دیاریکراودا.( ۱ پاوەند کەمێك کەمترە لە نیوکیلۆگرام).

جا لەبەر کێشەی ئەو پێناسەیەی سەرەوە،ئەوا هەندێك کەس ئەو یەکەیە بەوە پێناسە دەکات کە بریتیە لە بڕی گەرمی پێویست بۆ بەرزکردنەوەی گەرمی(پاوەنێك) لە ئاو ۱پلە لە ۵۹ پلەوە بۆ ٦۰ پلە بە پێوەری فەهرەنهایت.

یەکەم کەس کە هەستا بە پێوان و نوسینی ئەم پێناسەیە،ئەندازیاری بەریتانی کە ناوی تۆماس نردگۆڵد بوو لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا.سەرەڕای بلاَوبونەوەی ئەم چەمکە لە سەرەتادا بەلاَم لە ئێستادا تەنها لە ولاَتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا بەکاردێت و بەتایبەتیش لە بازاڕەکانی غازی سروشتیدا.

جۆرە بەناوبانگەکانی نەوتی جیهانی و عەرەبی کامانەن ؟

سەرەڕای بەناوبانگی هەردوو جۆری نەوتی خاوی برنت و ڕۆژئاوای تەکساسی مامناوەنجی کە لەسەر ئاستی جیهاندا بەناوبانگن، زۆر جۆری تری نەوت هەن کە سیفاتەکانیان لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر دەگۆڕێن.

دەتوانرێت جیاکاری بکرێت لەنێوان جۆرە جیاوازەکانی نەوتدا لەسەر بنەمای جیاوازیان لە چڕیەکانیاندا( واتە کێشیان بەراورد بە قەوارەکەیان) و هەروەها پلەی ترشێتیشیان (ڕێژەی کبریت تیایاندا) لەناو هۆکارەکانی تردا.

یەکەی لێکۆڵینەوەی وزە دیارترین پلە و ئاستی نەوتە خاوەکان لە جیهاندا باس دەکات،کە لەناویشیاندا نەوتی خاوی برنت و ڕۆژئاوای تەکساسی مامناوەندیشی تیادایە،وەك لای خوارەوە:

۱. نەوتی خاوی برنت

نەوتی خاوی برنت، جۆرێکی نەوتی خاوە کە وەك پێوەرێکی پێوانەیی بەکاردێت بۆ نرخدانانی نەوتی خاو کە ۲/۳ نەوتی خاوی جیهان لەسەربنەمای نرخی نەوتی خاوی برنت دادەنرێت.بەتایبەتیش لە بازاڕەکانی ئەورووپا و ئەفریقادا.ئەم جۆرە نەوتە لە تێکەڵەیەکی نەوتی لە

١٥ کێڵگەی جیاواز پێکدێت لە هەردوو ناوچەی برنت و تینیان کە هەندێکیان دەکەونە بەریتانیا و هەندێکی تریشیان دەکەونە نەرویجەوە. و دادەنرێت بە نەوتی سوك و شیرین بەهۆی ئەوەی کە API=٣٨پلە و ڕێژەی کبریتیش تیایدا دەگاتە ٠,٣٧٪ کە زۆرر نزمە. و هەمیشە نرخەکانی بەرزترە لە جۆرەکانی تری نەوتی خاو لە بازاڕەکانی جیهاندا.

٢. نەوتی خاوی ڕۆژئاوای تەکساسی مامناوەنج

نەوتی خاوی ڕۆژئاوای تەکساسی مامناوەنج WTI پلەیەکە لە نەوتی خاوی سوکی شیرین.لە ولاَتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا بەرهەم دێت،بەتایبەتیش لە ولایەتی تەکساس پایتەختی پیشەسازی نەوتی ئەمریکی.

نەوتی خاوی ڕۆژئاوای تەکساسی مامناوەنج پێوەرێکی پێوانەیی جیهانی بوو بۆ جۆرەکانی نەوت بۆ چەندین ساڵ،پێش ئەوەی کە نەوتی خاوی برنت جێگای ئەو بگرێتەوە.بەلاَم سەرەڕای ئەوەش نەوتی خاوی ئەمریکی هەر وەك پێوەرێکی گرنگ دادەنرێت بۆ ئەمریکای باکور((گەورەترین بازاڕی نەوت لە جیهاندا).

نرخەکانی نەوتی خاوی ڕۆژئاوای تەکساسی مامناوەنج لە ٣ ناوچەی سەرەکیدا دیاریدەکرێت:- **میدلاند**،بریتیە لە نزیکترین خاڵی نرخدانان بۆ بەرهەمی کردارەکی بۆ نەوتی خاو و یەکێکە لە خاڵە کۆکەرەوە سەرەکیەکان.بەلاَم **کۆشینگ**،بریتیە لە ناوەندی کۆکەرەوە بۆ گەورەترین کۆمەڵ لە بۆریەکانی نەوت کە نەوت دەگوێزێتەوە بۆ سەرتاپای ولاَتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.بەلاَم ناوچەی سێهەمیان بریتیە لە **هیوستن**،کاتێك نەوتی خاو لەڕێگەی بۆری نەوتەوە دەگاتە کوشینگ و میدلاند،دواتر باردەکرێت لەڕێگەی بۆریەوە بۆ پالاَوگەکانی کەنار کەنداو.یان هەناردەکردنی لەڕێگەی بارهەڵگرەوە (گوێزەرەوەکان)بۆ بازاڕەکانی جیهان.

٣. نەوتی خاوی عەرەبی سوك

نەوتی خاوی عەرەبی سوك(Arab Light) بریتیە لە پلەیەکی نەوتی خاوی مامناوەنج لەڕووی چڕی و ترشێتیەوە.کە لە بنچینەدا لەلایەن سعودیەوە بەرهەم دێت لە کێڵگەی غەوار،لەگەڵ چەند کێڵگەیەکی تردا. جا ئەم جۆرە نەوتە خاوە بریتیە لە پێوەرێکی خاوی جیهانی،هەروەها پلەی سەرەکی هەناردەی سعودیە بۆ ئەوروپا و ئاسیا و ئەمریکای باکور.و نرخ دانانی ئەم جۆرە نەوتەش بەبەکارهێنانی هاوکێشەیەکی ناوچەیی دیاریدەکرێت لەسەر پێوەرەکان لەهەر ناوچەیەك لەناوچەکانی بەرهەمهێنان.

٤. نەوتی خاوی بوننی سووك (Bonny Light)

بریتیە لەنەوتێکی خاوی سوکی شیرین. کە وڵاتی نەیجیریا لە حەوزی دەلتای نەیجر بەرهەمی دەهێنێت.ناوەکەشی لە ناوی شاری بونی وە هاتوە.و دادەنرێت بە پێوەرێکی گرنگ بۆ بەرهەمی نەوت بۆ تەواوی ڕۆژئاوای ئەفریقا.و هەناردەی گەلێك لە وڵاتانی ئەوروپا دەکرێت وەك : ئیسپانیا و هۆڵەندا و فەرەنسا و هەروەها بەرازیل و ئەرجەنتین لە ئەمریکای باشوور.

ئەم جۆرە نەوتی خاوە بەوە جیادەکرێتەوە کە بەرهەمێکی زۆری بەنزینی لێوە بەرهەمدێت.کە وایلێکردوە ببێتە نەوتێکی خاوی بەربڵاو لە پاڵاوگەکانی ئەمریکادا ،بەتایبەتیش لەسەر کەناری ڕۆژهەڵاتی ئەمریکا.

٥. نەوتی خاوی ئیسپۆ

نەوتی خاوی ئیسپۆ( ESPO ) بریتیە لە پلەیەکی نەوتی خاوی سوکی شیرین،کە لە ڕووسیا بەرهەم دێت، و لەڕێگەی بۆریەوە لە ڕۆژهەڵاتی سیبریا و زەریای هندیەوە دەگوازرێتەوە بازاڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و بەتایبەتیش چین و یابان و کۆریای باشوور دادەنرێن بە دیارترین هاوردەکارانی ئەو جۆرە نەوتە خاوە.سەرەڕای کەنارەکانی ڕۆژئاوای ئەمریکاش.

٦. نەوتی خاوی مێری

نەوتی خاوی مێری (Merey) بریتیە لە پلەیەك لە نەوتی خاوی قورس،لە فەنزەوێلا بەرهەمدێت (کەلەئێستادا لەلایەن ئەمریکاوە گەمارۆی خراوەتە سەر) ،بەتەنیشت خاوی مێسا ( MESA)ی سوکەوە،کە بەزۆری لەناوخۆدا بەکاردێت.

ئەم جۆرە نەوتە خاوە(مێری) بەزۆری هەناردە دەکرێت،لەبەرئەوەی پاڵاوگە ئەوروپی و ئاسیاییەکان زیاتر خواستیان لەسەرێتی وەك لە نەوتی سوك.

٧. نەوتی خاوی بەسرەی سوك

نەوتی خاوی بەسرەی سوك(Basrah Light) بریتیە لە نەوتێکی خاو کە عێراق بەرهەمی دێنێت.کە بریتیە لە بڕی گەورەی بەرهەمهاتوو لە عێراقدا( نزیکەی ٣ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا) کە بریتیە لە پلەیەکی نەوتی خاو کە چڕیەکەی مام ناوەنجیە لەگەڵ ترشێتیەکەیدا.

ئەم جۆرە نەوتە خاوە سوکە لە بەندەری بەسرەی نەوتیەوە لەگەڵ وێسگەی خۆر عەمیەی نەوتیەوە هەناردە دەکرێت،لەگەڵ نەوتی خاوی قورسی بەسرەدا.کە بەهەمان شێوە لەلایەن عێراقەوە بەرهەم دێت.

٨. نەوتی خاوی ئازەری سوك

نەوتی خاوی ئازەری سوك (Azeri Light) پلەیەكە لە نەوتی خاوی سوكی شیرین،كە لەوڵاتی ئازەربایجانەوە بەرهەمدەهێنرێت.ئەم جۆرە نەوتە بەرهەمێكی زۆری هەیە لە پێكهاتە و بەرهەمە سوك و مامناوەنجیەكاندا و دەگاتە بازاڕەكانی ئەوروپا و ئاسیا و ئەمریكاش.

٩. نەوتی خاوی موربان

نەوتی خاوی موربان (Murban crude) بریتیە لە پلەیەك لە نەوتی خاوی سوكی شیرین كە لەلایەن ئیماراتەوە بەرهەم دەهێنرێت.لەرێگەی كۆمپانیای پترۆڵی ئەبوزەبی نیشتیمانیەوە( ادنوك).یەكەم جار ئەم جۆرە نەوتە خاوە لەساڵی ١٩٥٨دا دۆزرایەوە لە كێڵگەی موربان،كە لە ئێستادا نیوەی بەرهەمی كۆمپانیای(ادنوك)پێكدەهێنێت كە بڕەكەی ٤ ملیۆن بەرمیلە لە رۆژێكدا. و ئەم جۆرە نەوتە خاوە هەناردە دەكرێت لە بەندەری فوجەیرە وشاخی زەنەی ئیماراتیەوە بۆ وڵاتانی : یابان و چین و كۆریای باشوور و تایلاند و هتد.

١٠. نەوتی خاوی ئێرانی سوك

نەوتی خاوی ئێرانی سوك (Iran Light) بریتیە لە پلەیەك لە نەوتی خاوی چڕی مامناوەنج.هەروەها نەوتێكی خاوی ترشە.كە جۆری سەرەكی نەوتی خاوی هەناردەكراوی ئێرانە.
وڵاتی چین دادەنرێت بەگەورەترین هاوردەكاری ئەم جۆرە نەوتەی ئێران.بەتایبەتیش لەكاتی گەمارۆكانی ئەمریكادا،هەروەها ئێران نەوتی خاوی قورسیش بەرهەم دێنێت.كە بریتیە لەنەوتێكی خاوی قورسی ترش.

جۆر و كوالێتی نەوت و غازی سروشتی عێراق

ئاشكرایە لە عێراقیشدا ژمارەیەكی زۆر كێڵگە و بیری نەوتی وبڕی یەدەگی نەوتی دەگاتە ١٤٥,٢ ملیار بەرمیل و بەمەش پێنجەم وڵاتی جیهانە لەبڕی یەدەگی نەوتیدا ودووەم وڵاتی بەرهەمهێن و هەناردەكاری رێكخراوی ئۆپێكیشە، غازی هەیە بەبڕی١٢٤,٦ تریلیۆن پێ سێجا یەدەگی دڵنیا لەساڵی ٢٠٢٠و بەمەش چوارهەم وڵاتی عەرەبیە.كە دەكاتە رێژەی ١,٩٪ لە یەدەگی غازی جیهان. عێراقیش بۆخۆی یەكێكە لەو وڵاتانەی كە لە ساڵی ١٩٢٧وە دەستیكردۆتە بەرهەمهێنانی نەوت لەكەركوك و خانەقین و دواتر موصڵ و بەسرە و جێگەكانی تر و لەساڵی ١٩٣٠شەوە دەستیكردۆتە فرۆشتنی نەوت. بەهەمان شێوە نەوت و غازی عێراقیش لە جۆری سوك و قورس و شیرین و ترشیشی تیادایە.

١. كێڵگەی نەوتی بەسرە

جۆرو کوالێتی نەوتەکەی مام ناوەنجە لەنێوان (سوك و قورسدا)یە و ئەوەتا API=٢٩-٣٠ کە لە مینای بەسرەوە هەناردە دەکرێت و جۆرێکەی تریشی کە API=٣٠-٣١ و لە مینای تەوافات جدید وە هەناردە دەکرێت.

٢. کێڵگەی نەوتی کەرکوك

کێڵگەیەکی (عیملاق)ە و بڕی یەدەگی ٩ ملیار بەرمیل نەوتە،پێنج بیرە نەوتی هەیە(جەنبور و خەبازیە و باباگوڕگوڕ و هاڤانا و بای حەسەن) ە،جۆری نەوتەکەی زۆر باش نیە،چونکە ڕێژەی کبریتی بەرزە. و پێش هەناردەکردنی پێویستە چارەسەر بکرێت لە یەکەکانی (ترکیز و معالجە)دا و چڕیەکەشی مام ناوەندە API=٣٢-٣٣.

جۆر و کوالێتی نەوت و غازی سروشتی هەرێمی کوردستان

وەك لە سەرەتاوە باسمانکرد کە جۆری باش و خراپی نەوت و غازی سروشتی وەکو دوو سەرچاوەی وزە و وەك دوو جۆری سووتەمەنی هەڵهێنجراو لە ژێر زەویەوە و وەك پێکهاتەیەکی هایدرۆکاربۆنی لە ولاتێك بۆ ولاتێکی تر تەنانەت لەناو یەك ولاتیشدا لە جێگەیەك یان ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر سیفات و پێکهاتەکانیان دەگۆڕێت،ئەوەتا هەر لە باشووری عێراقدا هەردوو جۆری نەوتی سوکی بەسرە و نەوتی قورسی بەسرەش هەیە لە ڕووی چڕیەکانیانەوە یان لەسەر بنەمای بوونی ڕێژەی کبریت تیایاندا، بەهەمان شێوە بۆ غازی سروشتیش بەوە جیادەکرێتەوە چەندە ڕێژەی غازی H2S تیادا و لەسەر ڕێژەی ئەو غازە ناودەبرێت بە غازی شیرین یان غازی ترش.جا بۆ نەوت جۆری سوکەکە خواستی لەسەر زیاتر و پڕۆسەی دەرهێنانیشی تێچووی کەمترە بەبەراوورد بە نەوتی قورس. بۆ غازی سروشتیش بەهەمان شێوە غازی شیرین داواکاری زیاتر لەسەرە لە بازاڕەکانی جیهانیدا بەبەراوورد بە غازی ترش.چونکە هەم بۆ نەوتی قورس و هەم بۆ غازی ترش دەبێت تەکنەلۆژیای زیاتر و پڕۆسەی کیمیاوی زیاتر بەکاربهێنرێت لەکاتی دەرهێنان و پالاوتنیاندا کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی تێچووی ئابوریان.

لەهەرێمی کوردستانیشدا لەهەردوو جۆرەکەی تیادایە چ بۆ نەوتی خاو یان غازی سروشتیەکەی.

١. کوالێتی نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان

وەك ئاشکرایە لە کوردستاندا ٥٠ بلۆکی نەوتی هەیە لە هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستاندا هەر لە بەعشیقە و ئەلقوش تا دهۆك و زاخۆ و شێخان و هەریر و میران و خۆرمەڵەی هەولێر و پیرمام و دەشتی بیتوێن و کۆیە/تەقتەق وسلێمانی و قەرەداغ و چەمچەماڵ و گەرمیان و چیاسورخ و...هتد.کە بڕی یەدەگی نەوتەکەی دەخەملێنرێت لە نێوان ٤٥-٦٠ ملیار بەرمیل.کە

لەلایەن کۆمپانیای جیاوازی جیهانیەوە کاریان تیادا دەکرێت.جا هەر کێڵگەیەك سیفات و کوالیێتی نەوتەکەی بەپێی سروشتی جیۆلۆجی خاکەکەی دەگۆڕێت لەنێوان نەوتی خاوی (سوك یان مام ناوەنج یان قورس)دا،لەخوارەوە باس لە کوالیێتی ئەو کێڵگە نەوتیانە دەکەین وەك نموونە:

- نەوتی خاوی تەقتەق

ئەم کێڵگەیە (نەوتیە) ودرێژیەکەی ١٢ کم و پانییەکەشی ٧٨کم و بەبۆرییەك کە تیرەکەی ٢٠ ئینجە نەوتەکەی دەگوازرێتەوە بۆ نزیك کێڵگەی خۆرمەڵە لەهەولێر و لەوێشەوە بەرەو بەندەری جیهانی تورکیا.کوالیێتی نەوتەکەی لە جۆری زۆر باشە چونکە API=٤٨ پلە و زۆر سوکە کبریتی تیادا نیە و پێویست بە چارەسەر ناکات پێش هەناردەکردنی و لەهەندێ بیریدا API=٥١ کە زۆر باشە و زۆر سوکە و تەنانەت ناودەبرێت بە (شامپانیای ڕەش).تێچوەکەی بەو جۆرە باشەوە بریتیە لە ١,٥ دۆلار.کە زۆر هەرزانە.و لەلایەن کۆمپانیای گەنەڵ ئینێرجی تورکیەوە بەڕێوەدەبرێت و زۆر بەنرخێکی هەرزان گرێبەستی لەگەڵدا کراوە.

- کێڵگەی کوردەمیر

دەکەوێتە ناوچەی گەرمیانەوە و کێڵگەیەکی (نەوتی -غازیە) و کوالیێتی نەوتەکەی زۆر سوکە چونکە API=٦١ لەبیری ژمارە -١-دا و لە بیری ژمارە-٢-شدا API=٣٨-٤٢ و هەروەها کبریتیشی تیادا نیە و بە کێڵگەیەکی (عیملاق)دادەنرێت چونکە بڕی نەوتی هەبوو کە دەتوانرێت دەربهێنرێت دەگاتە ٥٠٠ملیۆن بەرمیل.

- بلۆکی گەرمیان

کێڵگەیەکی (نەوتی –غازیە) و لە کێڵگەی :

١. سەرقەڵا

٢. میل قاسم: نەوتەکەی زۆر باشە چونکە API=٤٣-٤٤ و زۆر سوکە و لەلایەن کۆمپانیای ویسترن زاگرۆسەوە بەڕێوەدەبرێت.

- بلۆکی نەوتی دهۆك

١. کێڵگەی نەوتی تاوگێ

جۆری نەوتەکەی لە جۆری مام ناوەنجە و لە ٨ بیرە نەوت پێکدێت کە API لەنێوان ٢٣,٥-٢٨,٤ دایە و لەجۆری مامناوەنج و قورسن و درێژی ٢٥کم و پانی ٣کم دەبێت.ئەم کێڵگەیە بە (گەوهەر تاج) ناودەبرێت بەهۆی ئەوەی دەسکەوت و قازانجێکی زۆری هەبوە بۆ کۆمپانیای DNO

نەرویجی کە بەڕێوەی دەبات.چونکە تێچووی دەرهێنانی بۆ ١ بەرمیل تەنها ٢,١١دۆلارە، بەبەراوورد بە تێچووی نەوت کە بریتیە لە ٢٣,٩٥ دۆرلار بۆ ١ بەرمیل.

- کێڵگەی شێخان

نەوتەکەی لە جۆری مام ناوەنجە API=٢٧پلە و بوونی کبریت بە ڕێژەیەکی کەم تیایدا. و بڕێك زۆر غاز و نەوتیشی تیادایە.

٢. کوالێتی غازی سروشتی هەرێمی کوردستان

ئاشکرایە بوونی غازی سروشتی بەدوو جۆری سەرەکی هەیە،یان بەتەنها Free Gas،یانیش لەگەڵ نەوتی خاودا هەیە Assotiated Gas ، و بڕی یەدەگی غازی سروشتیش لە کوردستاندا دادەنرێت بە ٥,٢ تریلیۆن مەتر سێجا کە بڕێکی باشە.لەکوردستانیشدا هەردوو جۆرەکەی هەیە:

- کێڵگەی غازی کۆرمۆر

کێڵگەیەکی بچووك-مامناوەندە لەڕووی ڕووبەرەوە،دەکەوێتە سنوری پارێزگای صلاح الدين و باکوری ڕۆژهەلاتی شاری تووزخورماتوو بەدوری ٣٥کم لەڕێگای گشتی تووز-کەرکوك،لەلایەن کۆمپانیای نەوتی باکوری سەر بەوەزارەتی نەوتی عێراقیەوە تا ساڵی ٢٠٠٣وە بەڕێوەدەبرا.جۆری غازەکەی شیرینە و ڕێژەی H2S تیادا کەمە .و بەمەش لەجۆری باش دادەنرێت و دەتوانرێت ڕاستەوخۆ بەکاربهێنرێت چونکە کبریتی تیادا نیە.و لەلایەن کۆمپانیای دانا غازی ئیماراتیەوە بەڕێوەدەبرێت لەساڵی ٢٠٠٧وە.هێڵی بۆری غازی بەدرێژی ١٧٦ کم ڕاکێشراوە بۆ ٢ وێسگەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە سلێمانی و هەولێر و کۆمپانیای کاریش بۆری گواستنەوەی غاز ڕادەکێشێت بۆ وێسگەی کارەبای دهۆك.

- کێڵگەی غازی چەمچەماڵ

جۆری غازەکەی لەجۆری باشە و ٢ بیری تیادایە و لەلایەن کۆمپانیای دانا غازەوە بەڕێوەدەبرێت.

- بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە کوالێتی نەوتی خاو و غازی سروشتی هەرێمی کوردستان تێکەڵەیەکە لە جۆری ( زۆر باش وباش و مام ناوەنج) ،هەربۆیە خواستی زۆری لەسەرە و لە جۆری (سوك و شیرین)دادەنرێت و تێچووی دەرهێنانیشیان بەبەراوورد بەهەندێك وڵات زۆر هەرزانە . و بەبەراوورد بە کوالێتی نەوت و غازی سروشتی عێراقیش گەر باشتر نەبێت ئەوا وەك کوالێتی نەوت و غازی سروشتی عێراق وایە و هیچ جیازایەکیان نیە،کە هەق وایە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەرزان و تالاّنی نەیداتە کۆمپانیاکان و نەشیفرۆشێت.وەکو عێراق مامەڵەی پێوە بکات.

# مەترسیەکانی سەر قەوارەی هەرێمی کوردستان بەهۆی هەناردەکردنی غازی سروشتیەوە چین ؟ *

هەرێمی کوردستان تائێستا بەپێی دەستوری هەمیشەیی عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ هەرێمێکە لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدرالّدا.هەربۆیە لەلایەك ئەرك و دەسەلاّتی دیاریکراوی لە ئەستۆدایە و لەلایەکی تریشەوە مافی دەستوری تایبەت بەخۆی هەیە.هەربۆیە هەرێمی کوردستان لەلایەك ناتوانێت وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەڵسوکەوت بکات لەڕووی سیاسیەوە بێت یان بازرگانی و ئەمنی و کۆمەلاّیەتیشەوە بێت لەدەرەوەی سنورە نێودەوڵەتیەکانی دەوڵەتی عێراقیدا بەبێ ڕەزامەندی دەوڵەتی ناوەند. لەلایەکی تریشەوە ئەم هەرێمە لەکاتی هەڕەشە و مەترسیە دەرەکیەکاندا بۆی هەیە داوا لەدەوڵەتی ناوەندی و سوپای ولاّت بکات کە بیپارێزن لەهەر هەڕەشە و فشار و مەترسیەکی دەرەکی.بۆیە تا ئەو سات و کاتەی کە پەیوەندی هەرێمی کوردستان بە دەوڵەتی ناوەندیەوە لەسەر بنەمای فیدرالّی بێت،پێویستە بەم سیسمە کاربکرێت کە لە زۆر ڕووەوە قازانج و سوودی گەورەی بۆ هەرێمی کوردستان تیادایە ، تائەوکاتەی زەمین و زەمانی گونجاو دێتە پێشەوە بۆ جیابونەوە و سەربەخۆبوون.

ئاشکرایە هەرێمی کوردستان خۆشبەختانە دەوڵەمەندە بە نەوتی خاو (٤٥-٦٠ ملیار بەرمیلی یەدەگی ) و غازی سروشتی(٥,٢ تریلیۆن مەترسێجا) و هەمەجۆر کانزای سروشتی تر.کە هەموانیان گەر بە پلان و عەقڵ و ئیدارەیەکی ژیر و حەکیم و زانستی و لێزانانەوە ببرێن بەڕێوە ئەوا دەبنە سەرچاوەی داهاتی زۆر و زەوەند و مایەی خۆشگوزەرانی و ئاوەدانبونەوەی زیاتری ولاّت و گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردەواریش لەهەموو ڕوەکانەوە .بەلاّم گەر بە پێچەوانەشەوە ئەم سەروەت و سامانە سروشتیانە بە بیری تەسکی کەسی یان حیزبی یان لەبەرژەوەندی گروپێك یان کۆمپانیایەکی دیاریکراو مامەڵەی پێوەبکرێت بەشێوەی تاریکاوی و ناشەفاف ئەوا نەك هەر نابێتە مایەی خۆشگوزەرانی تاك و خێزان و کۆمەڵگا بەڵکو دەبێتە مایەی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر ئێستا و ئایندەی هەرێمەکەمان و دەبێتە هۆی قەرزار باری و کەڵەکەبونی قەرزی زۆرو زەوەندی ولاّتان و کۆمپانیاکانیش و بۆ دەیان ساڵی ئایندەش هەروا دەمێنێتەوە.

بۆیە نەوت و غازی سروشتی لەهەموو جیهاندا و بەتایبەتیش لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دەوڵەمەندە بەهەردوو سەرچاوەی وزەکەوە لە (نەوت و غازی سروشتی) بەتایبەتیش وڵاتە عەرەبیەکان، بەشێوەیەك بەپێی ئاماریساڵی ٢٠٢٠ وڵاتانی عەرەبی بەرێژەی ٥٥,٧٪ یەدەگی نەوتی جیهانیان تیادایە کە یەکسانە بە ٧١٥,٨ ملیار بەرمیل نەوتی خاو کە لە ٥ وڵاتی عەرەبیدا هەیە بەرێژەی ٩٢,٧٪ کە بریتین لەهەریەکە لە (سعودیە و عێراق و کوێت و ئیمارات و لیبیا)و بەرێژەی ٢٦,٥٪ یەدەگی غازی سروشتی جیهانیان تیادایە کە بەم ڕێژانە لەهەر سێ وڵاتانی (قەتەر ٤٣,٨٪ و سعودیە ١٦,٩٪ و ئیمارات ١١,٢٪).

بۆیە نەوت و غازی سروشتی هەمیشە وەکو چەکێکی یان شمشێرێکی دوو دەم وایە گەر بەڕاست ودروستی و لە چوارچێوەی مامەڵە و یاسا و ڕێسا کارپێکراوە جیهانیەکان و هاوجووت لەگەڵ بەرژەوەندی زلهێزەکان و کۆمپانیا زەبەلاحە نەوتیەکاندا هەڵوسکەوتی لەگەڵدا کرا ئەوا سەرەڕای ئەوەی کە کۆمپانیاکان قازانجی زۆر دەکەن بەلاَم لێشدەگەڕێن کە خاوەنی سەرچاوەکانیش قازانج بکەن، بەلاَم ئەویش لەسنورێکی دیاریکراودا. خۆ ئەگەر بەپێچەوانەی سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی ئەوانەوە جوڵایتەوە ئەوا دەبێتە مایەی سەرخواردن و مایەپووچبوون ولەناوچوون و ڕووخاندنی دەسەلاَت و وڵاتەکەشت .هەروەکو چۆن ڕوویدا لەگەڵ حەمەڕەزا شای ئێران و صدام حسێنی عێراق و موعەمەر قەزافی لیبیا و هۆگۆ شافێزی فەنزەوێلا و گەلێکی تریش.

لە ئێستادا هەرێمی کوردستان کە لەساڵی ٢٠٠٢وە بیرە نەوتەکانی تەقتەقی هەڵدایەوە و دەستیکرد بە فرۆشتنی نەوت بەدەرەوە و دواتریش واژۆکردنی ٤٢ گرێبەستی جیاوازی نەوتی( ٥-٥٠ ساڵی) لەگەڵ ٢٦ کۆمپانیای جیاواز و لە ٥٠ بلۆکی نەوتیدا ،و دواتریش بەناوی پیادەکردنی سیاسەتی سەربەخۆی ئابوریەوە،کەوتە فرۆشتنی نەوت لەڕێگەی بۆری نەوتی عێراق-جیهان تورکیەوە بە ئاشکرا و بێ مۆڵەت وەرگرتن لەبەغداد و بێ هاوکاری و هەمئاهەنگی لەگەڵێدا. ئەوەی کە لەسەر زەمینەی واقع دەیبینین بریتیە لەوەی کە حکومەتی هەرێم خۆی پابەندکردوە بەو گرێبەستە نەوتیانەوە لەگەڵ کۆمپانیاکاندا و مانگانە زیاد لە نیوەی داهاتەکەی دەداتەوە بە (خەرجی کۆمپانیان و کرێی بۆری گواستنەوەی نەوت وپاراستن و صیانەکردنی بۆریەکان و قەرزی کەڵەکەبووی چەند ساڵە و ...هتد.)کە بونەتە مایەی ئەوەی حکومەتی هەرێم نەتوانێت تەنانەت مووچەی مانگانەی فەرمانبەرانی خۆشی لەکاتی خۆیدا دابینبکات و پرۆژە خزمەتگوزاری و ئاوەدانیەکانیش جێبەجێبکات.بەرئەنجام هەرێمی کوردستان زیانی بەرکەوتوە نەك قازانج.

مەترسیەکانی سەر قەوارەی هەرێمی کوردستان

تایبەت بە فرۆشتنی غازی سروشتیشەوە ،بەڕای بەندە گەر بەم عەقڵ و پلان و بیرکردنەوەیەی نەوتی خاوەکە بێت ئەوا لە غازی سروشتیەکەشدا نەك هەر زیانی گەورەمان بەردەکەوێت لەڕووی ئابوریەوە ،بەڵکو مەترسی لەناوچوونی قەوارەی هەرێمەکەشمان دێتە ئاراوە ئەوە واز لە قازانجکردن هەربێنە!!.

چونکە غازی سروشتی لە ئێستادا و بۆ ئایندەش لە جیهاندا دەبێتە جێگرەوەی سەرەکی نەوتی خاو لە پیشەسازیە هەمەجۆرەکاندا و بۆ گەرمکردنەوە و بەگەڕخستنی کارگە پیشەسازیەکان و وێسگەکانی بەرهەمهێنانی کارەباو ..هتد.چونکە لەلایەك نرخی هەرزانترە لەنەوتی خاو و لەلایەکی تریشەوە هاوڕێی ژینگەیە و پاك و خاوێنە و پاشەڕۆی پیسکەریشی نیە.هەرێمی کوردستان بەو بڕە یەدەگەی کە هەیەتی(٥,٢ تریلیۆن سێجا)، ناتوانێت ببێتە بەدیل و جێگرەوەی وڵاتانی گەورەی بەرهەمهێنی غازی سروشتی لەناوچەکەدا وەکو ئێران و ڕوسیا و قەتەر و ئیسرائیل و ..هتد.لەبەرئەوەی بڕەکەی هێندە زۆر نیە کە هەرێمی کوردستان قەوارەکەی و دەسەڵاتەکەی و مانەوەی بخاتە بەر مەترسی هەڕەشەی دەوروجیران و زلهێزەکانیشەوە.لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵیە و خاوەن سیادەو سەروەری خۆی نیە و هەڵکەوتە جوگرافیاکەشی لە قازانجیدا نیە و کەوتۆتە نێوان بەرداشی لەلایەك ئێران و ڕوسیا و لەلایەکی تریشەوە تورکیا و ئەورووپاوە. کە لە ئێستادا بەهۆی هەڵایسانی شەڕی ڕوسیا-ئۆکرایناوە بونەتە دوو جەمسەر و بلۆکی ناتەبا و دژ بەیەکتری و لەململانێیەکی توندان لەسەر دەسکەوتن و دابینکردنی غازی سروشتی بۆ تورکیا و ئەورووپا چونکە هەردولایان سەرچاوەی غازی سروشتیان بریتیە لە وڵاتی ئێران و ڕوسیا و ...هتد.بۆیە گەر هەرێمی کوردستان بێگوێدان و بێ ڕێکەوتن و لێکتێگەیشتنی پێشوەختە لەگەڵ ئێران و ڕوسیادا بۆ فرۆشتنی غازی سروشتیەکەی ئەوا دەکەوێتە بەر هەڕەشە و لێدان و فشاری ئەو دوو وڵاتەوە کە هەردووکیشیان زلهێزی ناوچەیی و دونیایین و گاڵتە بەهێز و نفوزیان ناکرێت و بینیشمان کە لەیەکەم پەرچەکرداریاندا بە ڕۆکێت و موشەك پایتەختی هەرێمەکەمانیان بۆردومان کرد.لەولاشەوە تورکیا و ئەورووپا فشارێکی زۆر دەکەن بۆ کڕینی غازی سروشتی هەرێمی کوردستان چونکە پێویستی زۆریان پێیەتی بەبێ گوێدانە بەرژەوەندیەکانی هەرێمی کوردستان.

هەنگاوە خۆپارێزیەکانی هەرێم

جا بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لەهەموو ئەم هەڕەشە و فشارانە دووربکەوێتەوە و غازەکەشی

بفرۆشێت بە نرخێکی بەرزتر و لەدوایشدا پشکی خۆی لەداهاتەکەی وەربگرێت و قەوارەی هەرێمیش بە ساغ و سەلامەتی و پارێزراوی بمێنێتەوە بەڕای بەندە پێویستە هەستێت بە:

١.ڕیکەوتن وهەمئاهەنگی کردن لەگەڵ بەغدادو وەزارەتی نەوتی عێراقیدا بۆ فرۆشتنی غازی سروشتی کوردستان.

٢. دووربکەوێتەوە لەوەی کە ڕاستەوخۆ بچێتە ناو هیچ ڕێکەوتنێکی نێودەوڵەتیەوە لەگەڵ ولاٚتان یان کۆمپانیاکاندا.چونکە لەڕووی یاساییەوە هەرێم ئەو دەسەلاٚتەی نیە و دواتریش بەدەردی گرێبەستە نەوتیەکان دەچێت.

ئەم دوو هەنگاوەش بە قازانجی هەرێم دەشکێتەوە،چونکە عێراق گەر خۆی بکاتە خاوەنی غازی سروشتیەکە و گرێبەست بکات و بیفرۆشێت بەنرخێکی بەرزتر،ئەوا هیچ ولاٚتێکی ناوچەکە و زلهێزەکانیش بەو ئاستەی هەرێم ناتوانن فشاری بخەنە سەر و هەڕەشەی سەربازی لێبکەن و ولاٚتەکەش موشەکباران بکەن وەك ئەوەی لەگەڵ هەرێمدا کردیان.

دەسکەوت و قازانجەکانی هەرێم

کەواتە هەرێم لەهەموو ڕوەکانەوە قازانج دەکات لەوەی کەبەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ غازی سروشتیەکەیدا بکات ،و لەڕووی سیاسیەوە قەوارەی هەرێم و دەسەلاٚتەکەی پارێزراو دەبێت لەهەڕەشە و فشاری ولاٚتانی ناوچەکە و زلهێزەکان و لەڕووی ئابوری و داهاتیشەوە قازانجی زیاتر دەکات و پشکەکانی هەرێم زیاد دەکات ولە ڕووی ئەمنی و سەربازیشەوە ئەوا دەوڵەتی عێراق ئەرکێتی کە بیپارێزێت و لە ڕووی یاسایشەوە گرێبەست و مامەڵەکانی یاسایی و دەستوری دەبن.جا بەم شێوەیە هەم قەوارەی هەرێم و هەم خەباتی سەدان ساڵەی میلەتەکەمان و هەمیش ماڵی خۆمان دەپارێزین و ئاگری شەڕێکی حەتمی کە بەردەمی ماڵەکەمانی گرتوە لە خۆمانی دووردەخەینەوە.

بەو هیوایەی ئەمجارە دەسەلاٚتی کوردی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە لەسەرخۆیی و حەکیمی و دووربینی مامەڵە لەگەڵ غازی سروشتیەکەیدا بکات و بەدەردی نەوتەکەی نەبات کە تائێستا نەبۆتە نیعمەت و هێشتا بە نیقمەت و زیانی گەورە شکاوەتەوە بەسەر هەرێمەکەماندا.

لەپەراوێزی کارەساتە دڵتەزێنەکانی ئەم ماوەیەدا...

# پابەندنەبوون بە مەرجەکانی سەلامەتی پیشەییەوە هۆکاری ڕوودانی کارەساتەکانن *

تەنها لەماوەی ١١/١٧ تا ٢٠٢٢/١٢/٢٦ کە دەکاتە نزیکەی ٤٠ ڕۆژ لەهەرێمی کوردستاندا پێنج ڕووداوی کارەساتباری ئاشکرا، لەئەنجامی تەقینەوەی بوتڵی غاز یان گڕگرتنی غاز لەماڵان و شوێنە گشتیەکان و کەوتنەخوارەوەی کارمەندان لەسەر کارەکانیان ڕوویانداوە کە بەم شێوەیە:

- لە ١١/١٧ لە شاری سلێمانی ڕووداوە دڵتەزێنەکەی گەڕەکی کازیوە ڕوویدا کە ١٥قوربانی و ١٢ برینداری لێکەوەتەوە .
- لە ١١/٢٢دا لەشاری دهۆك تەقینەوەی غاز ڕوویدا و ٥قوربانی و ٣٢ برینداری لێکەوتەوە .
- لە ١١/٢٣دا لە ناحیەی سومێل و لەگوندێك تەقینەوەی غاز ڕوویدا و ٢کەس سووتان.
- لە ١٢/٢١دا ئەندازیارێکی کچی گەنج لەسەر پڕۆژە و کارەکەی کەوتە ناو مەنهۆڵێکەوە و گیانی سپارد.
- لە ١٢/٢٦شدا لەگوندی گەورەدێ لە ناوچەی شارباژێڕ لەسلێمانی تەقینەوەی غاز لەماڵێك ڕوویدا و کەسێك سوتاو.

ئاشکراشە پێش ئەو ڕووداوانەش چەندین کارەساتی تر بە هۆی تەقینەوەی غازەوە ڕوویانداوە و زیانی گیانی و ماڵی گەورەی لێکەوتۆتەوە.ئەمە تەنها لەبواری سووتان و ئاگرکەوتنەوە و گڕگرتنی غازی ماڵاندا ،ئەی داخۆ لە کەرتی بیناسازی و ڕێگاوبان و کارەبا و لافاو و وڕووداوەکانی هاتووچۆ و ...هتد.چەندین کەسی تر ڕۆژانە دەبنە قوربانی.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ،ئایا دەستهەڵگرین لە بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل و کارەبا و غازی ماڵان و نەچینە سەر ڕێگاوبانەکان و بگەڕێینەوە بۆ سەد ساڵی پێش ئێستا؟ یان دەبێت لەگەڵ پێشکەوتن و داهێنانە نوێکانی سەردەمدا خۆبگونجێنین و دوانەکەوین لە پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەناوچەکە و جیهانیشدا؟ ئەی هۆکاری ئەم ڕووداوانە چین و چۆن بتوانین کەمیان بکەینەوە یان ڕێگەیان لێبگرین؟

لەوەڵامی ئەو پرسیارانەدا دەڵێین،کارێکی لۆژیکی و ژیرانە نیە تەنها لەبەرئەوەی کە چەند کارەساتێکی دڵتەزێن ڕوویانداوە ئیدی دەبێت واز لەبەکارهێنان و سوودوەرگرتن بێنین لە هۆکارەکانی ژیانی سەردەم و دووربکەوینەوە لەبەکارهێنانیان،بۆیە گەرەکە وەکو هەموو کۆمەڵگاکانی ناوچەکە و دونیاش پێ بەپێی پێشکەوتن و داهێنانە نوێکان لەهەموو بوارەکانی ژیاندا خۆبگونجێنین و فێری بەکارهێنانیان ببین و ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگاو خێزان و تاکەکانمان ڕێکبخەین و هەرگیز بیر لەوە نەکەینەوە کە خۆ بەدووربگرین لەبەکارهێنانیان،چونکە دونیا و کۆمەڵگاکان ساڵ بەساڵ پێشدەکەون و ڕوو لەگەشەکردنی زیاترن و ژیانی ئەم سەردەمەش بەم جەنجاڵی و ئاڵۆزییەوە بەبێ ئەم هۆکارانە ناچنە ڕێوە و زۆر سەختتر دەبن.هەربۆیە کاری ڕاستودروست و ژیرانە ئەوەیە کە کۆمەڵگاکەمان و خێزان و تاکەکانمان هەموان پێکەوە بە زانست و زانیاری و وشیاریەکی زیاترەوە مامەڵە لەگەڵ هەموو هۆکار و داهێنانە تەکنەلۆجیا نوێکانی سەردەم بکەین و بەباشی لە کێشە و گرفتەکانیان تێبگەین و چارەسەر و مامەڵەی ڕاستودروستیان لەگەڵدا بکەین بەوریای و دیقەتی زیاترەوە.لەپێناو پاراستنی سەلامەتی سەروو وماڵی خۆمان و خێزان و وڵاتیشماندا.

جا مەرجی سەرەکی بۆ ئەوەی بتوانین بەسەلامەتی لەگەڵ ئەم ئامێر و هۆکارانەدا مامەڵە بکەین بەوپەڕی سەلامەتیەوە پێویستە هەمووان پابەندبین بە جێبەجێکردنی ڕێنمایی و یاساکانی تایبەت بەسەلامەتی پیشەییەوە ،کە لەلایەن ئەندازیاران وتەکنیککاران و کرێکاران و شۆفێران و بەڵێندەران و کۆمپانیا و خاوەن کارەکان و دامودەزگاکانی حکومەتیشەوە پیادەیان بکەین.

هەربۆیە بەپێی یاسای کاری عێراقی ژمارە ٧١ی ساڵی ١٩٨٧ و دواتریش ڕێنمایی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی عێراقی ژمارە ٢٢ی ساڵی ١٩٨٧ زۆر بەڕوونی ئەرك و کاری خاوەن کار و پرۆژە لەبەڵێندەران و کۆمپانیا و وەبەرهێنەکانی دیاریکردوە تایبەت بە پیادەکردن و جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی پاراستنی سەلامەتی پیشەیی لە جێگەی کار و پرۆژەکاندا و لەبەرامبەر پیادەنەکردن و پشتگوێخستنیشیاندا سزای دارایی و بەندکردنیشی داناوە.

بۆیە ئەرکی هەموانە لەلایەك خاوەن پرۆژە و بەڵێندەر و کۆمپانیا و وەبەرهێن ئەرکی خۆیان تایبەت بەپاراستنی سەلامەتی کارمەندانیان لە دابینکردن و کڕینی پێداویستیەکانی وەك (بەدلەی کار و کلاو و پێلاو و عەینەك و هێلەك و دەستکێش و ئاگرکوژێنەوە و پزیشك و پێداویستیە سەرەتاییەکانی فریاکەوتن و جێگەی خاوێنی نانخواردن و مانەوە و خۆشۆردن و خواردن و ئاوی پاك وتەندروست و کۆگای سەلامەتی بۆ هەڵگرتنی کەرەسەخاوەکان و بەرهەمەکان و

دواتریش نوسینی تابلۆ و دانانی ئاگاداری سەلامەتی لە جێگە مەترسیەکاندا بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا و ئاگادارکردنەوەی هەمووان لە پابەندبون بەجێبەجێکردنیانەوە.لەبەرامبەریشدا پێویستە کارمەندان لە ئەندازیار و تەکنیککار و کرێکاران و شۆفێران و ....هتد.هەمووان پابەندی تەواوبن بە لەبەرکردن و پۆشین و بەکارهێنانی ئەو پێداویستیە سەلامەتیانە،بۆیە گەر هەردوولا ئەم هەنگاوانە پیادەنەکەن ئەوا بەدڵنیایی کارەساتی دڵتەزێنی لێدەکەوێتەوە.

لەدونیای پێشکەوتوودا ،لەهەموو پڕۆژە پیشەسازی و نیشتەجێبوون و ڕێگاوبان و گەشتیاری و وەرزش و هاتوچۆ و تەندروستی و کشتوکاڵی و ...هتد.کە هەموانیان بە ڕێژەی جیاواز هەریەکەیان مەترسی تایبەت بەخۆیان و سروشتی کارەکەیان تیادایە،بۆیە هەمیشە دروشمی (سەرەتا سەلامەتی) یان بەرزکردۆتەوە لەبەر گرنگی گیان و ژیانی کارمەندانیان،چونکە بۆخۆی مرۆڤ گەورەترین سەرمایەی ژیان و شارستانێتی و گەشە و پێشکەوتنەکانە،هەربۆیە لەدەستدان و بونە قوربانی یەك کەس زیانێکی گەلێك گەورەیە.

لەکۆتاییدا تاکەچارەسەر بریتیە لە پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی سەلامەتی پیشەیی هەر لەکارگەیەکی گەورەی پیشەسازیەوە تا پڕۆژە کشتوکاڵیەکان و نیشتەجێبونەکان و هاتوچۆ و دواتریش دوکانێکی بچووکی دارتاشی و ئاسنگەری و فیتەری وچێشتخانە تا دەگاتە ماڵ بەماڵی هەموانمان پێویستە لەسەرمان هۆکارەکانی سەلامەتی بەکاربهێنین و زۆر بەوشیاری و بەئاگاییەوە بەکاریان بێنین لەپێناو کەمکردنەوە و ڕوونەدانی کارەسات و ڕووداوی جەرگبڕدا.

بەهیوای ئەوەی هەموان پابەندبین بە مەرجەکانی سەلامەتیەوە بۆئەوەی تاك و خێزان و کۆمەڵگایەکی کوردەواری سەلامەت پێکەوەبنێین و بەردەوامیش بین لەژیان وگوزەرانێکی ئاسوودەدا.

==========================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا لەڕێکەوتی ٢٩/١/٢٠٢٣دا بلاۆکراوەتەوە.

لە پەراوێزی کەمبونەوە و چۆڕبڕبوونی هەندێ لەبیرە نەوتیەکانی هەرێم...

## هۆکار و لێکەوتە نەرێنیەکانی و چارەسەرەکان چین؟ *

لە ڕووی زانستییەوە پرۆسەی لێدانی بیری نەوت و غازی سروشتی وەك دوو سەرچاوەی گرنگی وزە لە ئێستا و بۆ ئایندەیەکی دووریش،پرۆسەیەکی دوورودرێژ و ئاڵۆز و کارێکی سەخت و زنجیرەیەك هەنگاو و کاری لە پێشینە لەخۆی دەگرێت ،هەر لە زانیاری کۆکردنەوە و پلاندانان و بڕیاردان بۆ دەستکردن بە ڕووپێوکردنی ئاسمانی وجیۆلۆجی و جیۆکیمیاوی و گەڕانی فیزیاوی و ڕێگای کێشکردنی زەوی و ڕێگای موگناتیسی و گەڕان بە ڕێگای بوومەلەرزەیی (سەیزەمی) سێ دووری و چواردووری و هەمەپێکهاتە وکێشانی نەخشەی تۆپۆگرافی زەویەکە و بەدەستهێنانی زانیاریەکان ودواتر ڕاڤەکردنی زانیاریەکان و چارەسەرکردنیان تاگەڕان و دواتر لێدان و هەڵکەندنی بیرەکان و ئینجا پەرەپێدانی و دواتریش بەرهەمهێنان و کۆتاجار و دوای ئەوەی کە تەمەنێکی دیاریکراو لە نێوان ٢٠-٤٠ساڵیدا بەرهەم دەهێنرێت کە ئەم تەمەنی بەرهەمهێنانەش لەبیرێکەوە بۆ بیرێکی تر دەگۆڕێت و دەوەستێتە سەر چەندین هۆکار وەك:بڕی یەدەگی دڵنیایی و توانای بەرهەمهێنان و دەرهێنانی ئەو بڕە و سروشتی پێکهاتەی ستراکچەری بیرەکان و سەخت و دژواری کەش و هەوا و قوڵی بیرەکە و جێگە و پێگەی بیرەکان لە وشکانی یان لەناو دەریا و زەریاکاندا و بڕی پەستان و پلەی گەرمی ناو بیرەکە و بوونی بڕی ئاو و غاز لەناو نەوتەکەدا یان سەربەخۆ و دواتریش جۆری بەردە کۆگاییەکان و سیفاتەکانی لە بوونی کونیلەداری و توانای پیاداتێپەڕبوون و ئینجاش جۆری نەوتە خاوەکە و سیفاتەکانی کە نەوتی قورسە یان سوکە و ئەوەش دەوەستێتە سەر لینجی و پێکهاتەی نەوتەکە.

بەم شێوەیە پرۆسەی دەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوت و غازی سروشتی پرۆسەیەکی ئێجگار دژوار و ئاڵۆزە ئەمە سەرەڕای بڕی تێچوونی لێدانی بیرێك کە بەتێکڕا لە نێوان ٥-٨ ملیۆن دۆلار(کەمتر یان زیاتر)دەبێت بەپێی جۆری تەکنەلۆجیای بەکارهاتوو و تۆپۆگرافیای پێگەی بیر و کێڵگە نەوتیەکە یان غازیەکە.

بۆیە هەموو بیرە نەوتێك تەمەنێکی دیاریکراوی خۆی هەیە وەکو مرۆڤ و قۆناغەکانی گەشەکردن و گەورەبوون لە (منداڵی و دواتر گەورەبوون و گەنجی و دواتریش پیربوون و چۆڕبڕبوون)دەگرێتە خۆی. و لە جیهانیشدا دەیان و سەدان کێڵگە و بیری نەوتی یان غازی چۆڕبڕبوون و چۆڵکراون و بەجێهێڵراون لەبەر نەمانی بەرهەم و کۆتایهاتنی تەمەنیان.

هەربۆیە لەدوای بڵاوبونەوەی دەنگۆی کەمبوون و نەمانی بەرهەمی چەند بیرە نەوتێك لەهەرێمی کوردستاندا وەکو کێڵگەی تاوگێ و تەق تەق وسارتە....هتد.وەکو بنەمایەکی زانستی کارێکی ئاساییە و لەهەر جێگەیەکی دونیادا ڕوودەدات،بەلاّم ئەوەی نائاساییە لەم پرۆسەیەدا و لەو بیرە نەوتانەی هەرێمی کوردستاندا بریتیە لەوەی کە ئەو بیرە نەوتانە لەسەرەتادا بڕێکی زۆر باش بەرهەمیان هەبوە و تەنها لەماوەیەکی کەمی نێوان ٢٠ ساڵ و کەمتریشدا بڕی بەرهەمەکانیان بەڕێژەیەکی بەرچاو کەمیکردوە وەکو کێڵگەی نەوتی تاوگێ کە لە چارەکی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٣دا بڕی بەرهەمی ٩٣٨٨٠ بەرمیل/ڕۆژ بوە و لە چارەکی سێهەمی ٢٠٢٣دا بڕی بەرهەمەکەی دابەزیوە بۆ ٢٥٩٨٠ بەرمیل/ڕۆژ کە دەکاتە ڕێژەی ٧٢٪.یان کێڵگەی نەوتی تەق تەق کە لە چارەکی سێهەمی ٢٠٢٣دا بەڕێژەی ١٠٠٪ کەمیکردوە واتە بڕی بەرهەم بۆتە سفر بەرمیل /ڕۆژ، بەبەراوورد بە بڕی بەرهەمی لە چارەکی یەکەمی ٢٠٢٣دا کە٣٦١٠ بەرمیل نەوت/ ڕۆژ بەرهەمی هەبوە.بەهەمان شێوە کێڵگەی نەوتی سارتەش لە چارەکی سێهەمی ٢٠٢٣دا بەڕێژەی ١٠٠٪ بڕی بەرهەمی کەمیکردوە و سفر بۆتەوە لەکاتێکدا لە چارەکی یەکەمی ٢٠٢٣دا بڕی بەرهەمەکەی ٣١٦٠ بەرمیل/ڕۆژ بووە.

ئەمەیە جێگەی پرسیار و هەڵوێستە لەسەر کردن؟ جا ئایا هۆکارەکان چین و لێکەوتە نەرێنییەکانی چی دەبن ؟

سەرەتا دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین کە دروستبوونی نەوت و غازی سروشتی پرۆسەیەکی بەردەوامە و ڕەنگە ملیۆنان ساڵ بخایەنێت لە قولاّیی زەویدا و لە ژێر پەستان و پلەی گەرمی بەرزدا و گۆڕینی پاشماوە ڕوەکی و زیندەگییەکان بۆ نەوتی خاو و پێکهاتە هایدرۆکاربۆنیەکان.بۆیە نەوت کەرەسەیەکی نوێبۆوەیە و بەشێوەیەکی کۆتا چۆڕبڕنابێت.

چەمکی چۆڕبڕبوون : بریتیە لە کەمبونەوە و دابەزینی بڕی بەرهەمی بیر یان کێڵگەیەکی نەوتی لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا،هەربۆیە سەرچاوە نەوتیەکان وەکو هەموو سامانە سروشتییەکانی تر ڕووبەڕووی کەمبونەوە دەبێتەوە و لەکۆتایشدا چۆڕبڕ دەبێت.

هەموو پێشبینییەکان لە جیهاندا تایبەت بە چۆڕبڕبوونی نەوت وای بۆدەچن کە لەماوەی ٥٣ ساڵی ئایندەدا بەپێی ئەو تێکرای بەرهەمهێنانەی ئێستا نەوت چۆڕبڕدەبێت و غازی سروشتیش بۆ ماوەی ٥٤ ساڵی تر دەمێنێت و خەڵووزی بەردینیش بۆ ماوەی ١١٠ ساڵی تر دەمێنێت کە ئەم پێشبینیانە لەلایەن ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتیەوە لەساڵی ٢٠١٥دا پێشبینی کراوە.

جا بۆ زانینی وەڵامی ئەو پرسیارەی کەدەکرێت دەربارەی هۆکاری کەمبونەوە و چۆڕبڕبوونی بڕی بەرهەمی نەوت و غازی سروشتی و چارەسەرییەکان چین و چۆن دەتوانرێت بیرە نەوتیەکان بگەڕێنرێنەوە بۆ تێکڕای بەرهەمی ئاساییان ؟

بەکورتی و پوختی هۆکارەکان بریتین لە:

گەلێك هێزی پاڵنەر کۆنترۆڵی بەرهەمهێنان دەکەن لەسەرەتای ژیانی بەرهەمهێنانی بیرەکانەوە کە بریتین لە هێزی سروشتی وەکو پاڵنانی ئاوی یان گومەزی غازی یان غازی تواوە یان تێکەڵەیەك لەو هێزانە.وەك بەرزبونەوەی ڕێژەی ئاو water cut کە چارەسەرەکەی بریتیە لە گۆڕینی perfs بۆئەوەی دوور بکەوینەوە لە ئاوەکە .

- لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی بەرهەمهێناندا ئەوا پەستانی حەشارگە نەوتیەکان دادەبەزێت بەهۆی لەبەر ڕۆیشتنی زۆرەوە و هێزە پاڵنەرەکان دادەبەزێت وەك gas cap , solution gas,, water driveکە بەبێ پلانی زانستی پرۆسەی بەرهەمهێنان بەردەوام بێت.
- یان ڕەنگە بەرهەمهێنانێکی زۆر و بەردەوام بێت بۆ نەوت و غازەکە.
- دواتریش کرداری صیانەکردنی بیرەکان بەشێوەیەکی زانستی و بەردەوام ئەنجام نەدرێن.
- هەروەها دابەزین و کەمبونەوەی ئاستی ڕۆیشتنی نەوت لە کۆگای نەوتەکەوە بەمەش بڕی بەرهەم ڕوو لەکەمبونەوە دەکات.
- یاخود زیانگەیاندن بێت بە چینی بەرهەمهێنەکە واتا زیانگەیاندن بە کونیلەکان و توانای پیاداتێپەڕبوونی بەردە کۆگاییەکان.
- یان گیرانی ڕێڕەوەکانی نەوتە خاوەکە بە کەڵەکەبوونی لم و قوڕ تیایاندا.
- یان یەکگرتنی نەوت و پێکهاتەکانی حەشارگە نەوتیەکە کە دەبێتە تۆپەڵبوون و گرتنی ڕێڕەوی ڕۆیشتنی نەوتەکە.
- یان بەهۆی چۆڵبوونی کۆگا هەڵگرەکانەوە چینە بەرهەمهێنەکە تووشی داڕمان ببێت بەهۆی ئەو پەستانە بەرزەی لە سەرێتی بەهۆی چینەکانی زەویەوەover bordering pressure .

ڕێگا چارەسەرییەکان چین بۆ هەریەکێك لەو هۆکارانە؟

ئاسایی گەلێك ڕێگای چارەسەری هەیە و لەگەڵ هەر هۆکارێکدا چارەسەرییەکانیش دەگۆڕێن،وەکو:

- بەهۆکاری دابەزینی پەستان و پلەی گەرمیەوە کەمبونەوەی بڕی بەرهەم ڕوودەدات و لەو کاتەشدا نەوتەکە جیادەبێتەوە بۆ نەوتی قورس و سوك،نەوتە سوکەکە دێتە دەرەوە و قورسەکەش دەمێنێتەوە و پێویستی بە ڕێگا چارەسەریە بە تێکردنی هەڵمی ئاو بۆ ناو کۆگا و حەشارگە نەوتیەکە

steam water بەمەبەستی زیادکردنی پلەی گەرمیەکەی و بەوەش نەوتەکە کە چڕیەکەی بەرزە دەگۆڕێت بۆ نەوتێکی چڕی نزم و بەئاسانی دێتە دەرەوە.

- یان بەهۆی دابەزینی پەستانەوە دەبێت کە دەبێتە هۆکاری دەرچوونی غازەکە و بەوەش نەوتە قورسەکە دەمێنێتەوە و لینجیەکەی زیاد دەبێت و خەستدەبێتەوە و بڕی بەرهەم و هاتنە دەرەوە کەمدەبێتەوە.
- هەروەها بەهۆی زیادبوونی چینی ئاو و زیادبوونی بەرهەم و هاتنەدەرەوەی ئاو لە بیرەکەوە کە دەبێتە هۆی کەمبونەوەی بەرهەمی نەوتەکە و چارەسەریش بریتیە لە ڕێگەگرتن لە بەرهەمی ئاوەکە و تێکەڵبوونی بە نەوتە خاوەکە و گەر چارەسەر نەکرێت دەبێتە هۆی ڕاوەستانی بیرەکە لەبەرهەم.

لەزۆربەی بارودۆخەکاندا کێڵگەی نەوتی بڕێکی گەورە لە ئاو لەخۆدەگرێت کە پلەی سوێرێتی زۆر بەرزە و پەنگیخواردۆتەوە لەژێر نەوتەکەدا و ڕۆڵ دەبینێت لە پاڵنان بە شلە نەوتیەکانەوە بۆ بیرەکە بەهۆی سیفەتی کشانەوە هەرچەندە بچوکیش بێت ،جا کاتێك ئاوەکە هەلێك دەبینێتەوە بۆ گەیشتن بە بیرەکە ،ئەوەش ئاسایی یان بەزۆی لەماوەی ٢٠ساڵدا ڕوودەدات لە دەستپێکی بەرهەمهێنانەوە ،هەوڵی پاڵناندەدات بەنەوتەکەوە بۆ دەرچوون،بە ڕێژەیەکی کەم دەستپێدەکات و هێواش هێواش زیاد دەبێت تادەگاتە ڕادەیەکی مەترسیدار و دەگاتە ٥٠-٦٠٪ ی بەرهەمەکە. جا لەو ئاستەشدا ناوەستێت و ڕێژەی ئاوەکە بەرزدەبێتەوە تادەگاتە وەستاندنی بەرهەمهێنان.جا بەزۆریش پێش ئەوەی بگاتە ئەو ئاستە بەرهەمەکە دەگۆڕێت لە خۆدەرکردەوە بۆ بەکارهێنانی ماتۆڕی هەڵمژێنەر کە لەبنی بیرەکەدا دادەنرێت، ئەمەش تێچووی بەرهەم زیاد دەکات،لەگەڵ ئەوەشدا بڕی بەرهەمی نەوت کەم دەکات و بڕی ئاوەکە زیاد دەکات تا دەگاتە قۆناغێك کە ئیدی بەرهەمهێنان هیچ سوودێکی ئابوری نامێنێت.

جا بۆ چارەسەر کردنی ئەو بارودۆخە و گەڕاندنەوەی بیرەکان بۆ دۆخی ئاسایی بەرهەمهێنانی خۆیان و پاریزگاریکردن لە پەستانی ناو بیرەکە پێویستە هەندێك هەنگاوی کردارەکی بگیرێتە بەر وەکو:

- بەرزکردنەوەی دەستکرد یان ماتۆڕی نوقومبوو لەناو نەوتەکەدا(**غاطسة**) و دوای ئەوەش ڕێگەی تر دێن وەکو:
- ڕێگاچارەی سەرەتایی دەرهێنانی نەوت Primary Recovery: کە بەدوو شێواز ئەنجامدەدرێت کە بریتین لە ڕۆیشتنی سروشتیNatural Flow و بەرزکردنەوەی دەستکرد Artificial Lift تێکردنی ئاوی یان تێکردنی غازی و ڕێگەی gas lift.کە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێت ڕێژەی ٣٠٪ نەوت دەربهێنرێت.

- ڕێگا چارەی دووەمینی دەرهێنانی نەوت Secondary Recovery : بەدوو شێواز کاردەکرێت وەکو تێکردنی ئاو Waterflooding و چاکسازیکردن لە پەستاندا Pressure Maintenance لەم ڕێگایەدا دەتوانرێت ڕێژەی ٣٠-٥٠٪ نەوت دەربهێنرێت.
- ڕێگا چارەی سێهەمینی دەرهێنانی نەوت Tertiary Recovery : بە چەندین ڕێگا چارە دەتوانرێت بڕی بەرهەمی نەوت زیاد بکرێت وەك :
- گەرمکردن Thermal: بەهۆی هەڵم Steam وئاوی گەرم Hot Waterو سووتان Combustion.
- تێکردنی غاز Gas injection: وەکو غازەکانی CO2 و Hydrocarbonو Nitrogen/ Flue.
- کیمیاوی Chemical: لەڕێگەی هەریەکە لە Alkali,Surfactant,Polymer
- ڕێگا چارەی تر Other: وەك Microbial,Acoustic,Electromagnetic.

لەم ڕێگایەشدا کە بە ڕێگای دەرهێنانی Enhanced oil recovery EOR ناسراوە دەرهێنانی بەرزکراوە کە (جیاوازە لە ڕێگای کلاسیکی دەرهێنانی نەوت) دەتوانرێت ڕێژەی زیاد لە ٥٠-٨٠٪ نەوت دەربهێنرێت.

بەڵام هەردوو ڕێگای دووەم و سێیەم ناسراون بە ڕێگای (هاندانی بیر).

- لەهەندێك باوردۆخیشدا کرداری شکاندنی هایدرۆلیکی hydrolic frac بەکاردێت بۆ زیادکردن یان دروستکردنی توانای تێپەڕبوون لە بەردە کۆگاییەکاندا و بەم شێوەیە بڕی بەرهەم زیاد دەبێتەوە.

هەربۆیە بۆ هەر حاڵەتێکی کەمبونەوەی بەرهەم پێویستە لە پێشدا هۆکارەکان دیاریبکرێن و دواتر بۆ هەر حاڵەتێك چارەسەری گونجاو دەستنیشانبکرێت.

بۆ نموونە بیرێکی نەوت لەسەرەتای بەرهەمهێنانیدا ڕۆژانە لەنێوان ٥٠-٦٠ هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدێنێت،کە حاڵەتێکی ئاساییە،بەڵام ژمارەیەکی زۆری بیرەکان لە نێوان ٢٠ و٣٠ هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدێنن بۆ چەندین ساڵ،زانیاریەکی گرنگ کە پێویستە ئاماژەی پێبدرێت ئەوەیە کە هیچ کات ناتوانرێت تەواوی نەوتی کۆگا کراو بەرهەمبهێنرێت کە هەیە لەناو حەشارگە نەوتیەکاندا ،بەهۆکاری جیۆلۆجی و فیزیاوی کە پەیوەستن بە تایبەتمەندی بەردەکانەوە.بەتایبەتیش لەکاتێکدا ناتوانرێت دەست ڕابگات بەو بەردانەی کە لە قوڵایی ٢کم لەژێر زەویدان تەنها بەهۆی ئامێری هەڵکەندنەوە نەبێت.بەزۆریش ڕێژەی دەرهێنان لەنێوان ٣٠-٥٠ ٪یە ،ئەوەش مانای ئەوەیە کە

نیوەی نەوتە هەڵگیراوەکە لەناو زەویدا دەمێنتەوە بۆ هەتاهەتایە،لەهەندێك حاڵەتی تردا و بەهۆی تەکنەلۆجیای گرانبەهاوە دەتوانرێت ڕێژەی دەرهێنان بگاتە ٦٠٪، لەکاتێکدا تێکڕای دەرهێنانی جیهانی کەمترە لە ٤٠٪.

لەکۆتایدا ئەو ڕاستیە ئاماژە پێدەدەین کە چۆڕبڕبوون ڕوودەدات بە هێواشی و چەند دەیە ساڵێك دەخایەنێت و هەربۆیە پێویست بەوە ناکات کە گرنگی بدەین بە ڕووخسار و سیما کە بڕی یەدەگی نەوتی ماوە پیشان دەدات، پەندوەرگرتن لەوەدایە کە تاچەند دەتوانرێت بەرهەم بهێنرێت و تاچەند ئابوریشە.

داخستنی بیرە نەوتیەکان و مەترسیەکانی

هەموو بیرە نەوتێك یان غازێك کە کەوتە بەرهەمهێنان باشتروایە کە بەردەوام بێت لە بەرهەمهێنان و هیچ کات بیر لە داخستنی نەکرێتەوە ، بەڵکو هەوڵبدرێت بەکەمیش بێت پرۆسەی بەرهەمهێنان هەر بەردەوام بێت، چونکە داخستنی بیرە نەوتی و غازیەکان دەبێت کۆتا بژاردە بێت کە بیری لێبکرێتەوە چونکە (بڕیارێکی سەخت و تاڵە).ئەم حاڵەتە تەنها لە ساڵی ٢٠٢٠-٢٠٢١ ڕوویدا لەسەردەمی پەتای کرۆنادا بەهۆی نەمانی بازاڕی نەوت و نەمانی خواست لەسەری ئیدی لەگەڵ بەردەوامبوونی بەرهەمدا هەموو کۆگاکانی هەڵگرتن پڕبوون و پاپۆڕە نەوتگوێزەرەوەکانیش بارەکانیان نەدەفرۆشرا،هەربۆیە نرخی نەوت هاتە خوار سفر دۆلارەوە کە کرێی پاپۆڕەکانیش دەستنەدەکەوتەوە.بۆیە بڕیارە سەختەکە درا بە داخستنی بیرەکان و ڕاوەستانی بەرهەمهێنان.کە لەلایەن کۆمپانیا نەوتیە بەرهەمێنەرە گەورەکانی ئەمریکا و ولآتانی تریشەوە درا.

بۆچی داخستنی بیرە نەوتیەکان مەترسیدارە؟

لەبەرئەوەی داخستنی بیرە نەوتیەکان کاریگەری هەیە لەسەر سەلامەتی کۆگا نەوتیەکانی ژێر زەوی، لەبەرئەوە زۆربەی کۆمپانیا نەوتیەکان خۆیان بەدووردەگرن لە داخستنی بیرە نەوتیەکان چونکە بژاردەیەکی زۆر بەئازارە و لێکەوتەکانیشی زۆر مەترسیدارە.هەربۆیە زۆرێك لە کۆمپانیاکان بەلایانەوە باشترە بەرهەمێکی کەمیان هەبێت و زیانیش بکات باشترە لەداخستنی بیرەکان بەتەواوەتی چونکە گەر بەرهەمیش کەمبێت هەر بڕە داهاتێك دەستدەکەوێت و دەتوانێت بەشێك لەخەرجیە جێگیرەکان دابپۆشێت.

بیرە نەوتیەکان چۆن کاردەکەن؟

کێشەی بیرە نەوتیەکان ئەوەیە کە بەئاسانی داناخرێن و ناکرێنەوە لە میانەی دەستنان بە دوگمەیەکدا، بەڵکو کردارەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە،بەشێوەیەك لەزۆربەی کاتەکاندا داخستنی بیرە

نەوتیەکان دەبێتە هۆکاری زیانگەیاندن بە کۆگا نەوتیەکانی ژێر زەوی،جا کردنەوەی بیرەکان سەرلەنوێ و دووبارەدەستکردن بەبەرهەمهێنان و گەیاندنەوەی بە ئاستی پێشووتری پێویستی بەوەبەرهێنانی زۆری دارایی هەیە،و ڕەنگیشە هیچ کات نەگەڕێتەوە ئاستی بەرهەمهێنانی ئاسایی خۆی.

لەوانەیە زۆرینەی بیرە نەوتیەکان لەڕێگەی قوفڵ و ڤاڵڤەکانەوە دابخرێن و بکرێنەوە بەلاّم داخستنی زۆبەی بیرە نەوتیەکان بەبێ زیانگەیاندن بە بەرهەمی ئایندەی بیرەکە تەواونابن.ئەمە ئەو هۆکارەیە کە کۆمپانیاکان کۆتا بژاردە دەستدەبەن بۆ داخستنی بیرەکان و بەلایانەوە بەردەوامبوونی بەرهەم باشترە گەرچی زیانیش بکەن لەداخستنی بیرەکان و خۆیان بخەنە بەر مەترسی پاشەکشەی بەرهەمیان لە ئایندەدا.

هەندێ بیرە نەوت بە پەستانی خۆیی کاردەکات و بەرهەمدێنێت و هەندێکی تریش بەهۆی ماتۆڕەوە بەرهەمدێنێت جا لەو جۆرە بیرانەدا دەتوانرێت تەنها بەبڕینی تەزووی کارەبا یان کۆنترۆڵکردنی قوفڵەکانی سەر ڕووی بیرەکەوە کرداری داخستنی بیرەکان ئەنجامبدرێت.

بەلاّم هەندێك بیرە نەوت بەشێوەیەکی ئاڵۆزتر کاردەکات،بەشێوەیەك کارناکان تەنها بەهۆی هاندانەوە نەبێت، جا کاتێك ئەو هاندانانە دەوەستێنرێت ئەوا بەرهەمی ئایندەی بیرەکە بەنەرێنی کاریتێدەکرێت.جا کێشەی ئەو بیرانە ئەوەیە کە لەبیرە زۆر بەرهەم و باشەکانن،هەربۆیە کۆمپانیاکان پێویستیان بەکات و ساڵی زیاترە بۆ ئەوەی ئاستی بەرهەکانیان بگەیەننەوە ئاستی ئاسایی سەرەتایان ئەوەش بەبەکارهێنانی ئاستی هاندانەکان کە زۆر بەووردی ڕێکخراون بۆئەوەی بەرهەمەکە بگاتە ئەوپەڕی ئاست،داخستنی بیرەکان دەبێتە هۆی تێکدانی ئەو هاوسەنگییە ووردە.کە وادەکات بژاردەی داخستن زۆر سەخت بێت بەلای زۆربەی بەرهەمێنەرەکانەوە چونکە لێکەوتە وپابەندییە یاساییە قورسەکانی لێدەکەوێتەوە بەپێی گرێبەستە واژۆکراوەکان.

لەکۆتاییدا،ئەو دیاردەی کەمبونەوە و نەمانی بەرهەمی بیرە نەوتیەکانی هەرێمی کوردستان دیاردەیەکی بەربلاّوی جیهانیە و کارێکی نامۆ نیە لەبوار و کەرتی نەوت و وزەدا.بەلاّم ڕوودانیان بەو شێوە خێراییەوە و لەناکاو و کتوپڕەدا و لەو ماوە کەمەی بەرهەمهێناندا جێگەی پرسیارن.هەربۆیە دەکرێت وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لەبوارەکەدا بەووردی لە هۆکارەکانی بکۆڵنەوە و دواتریش کۆمپانیاکان ناچاربکەن بۆ گرتنە بەری ڕێوشوێنی زانستی لە دەرهێنان و پەرەپێدان و صیانەکردنی بەردەوامی بیرەکاندا،ئەگینا بەپێچەوانەوە لەماوەیەکی کورتی داهاتوودا ئەو دیاردەیە دووبارە دەبنەوە لەهەموو کێڵگە و بیرە نەوتیەکانی تریشدا.ئەمەش زیانی گەورە دەگەیەنێت بە کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان.

==========================================================

* ئەم بابەتە لە سایتی وتاری کورد لەڕێکەوتی ٢٤/١١/٢٠٢٣دا و لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ١٩/٢/٢٠٢٤دا بلاّوکراوەتەوە.

# بەشی چوارەم
# ئەدەبی

خوێندنەوەیەك بۆ کتێبی...

## ( زایەڵەی تەمەن//بیرەوەری ) *

پێمخۆش بوو کە دوای خوێندنەوەی کتێبەکەی کاك ئارێز عەبدوڵا بەناونیشانی ( لە پشت دەرگا داخراوەکان هەولێر-دیاربەکر) کەوەکو خۆی دەڵێت وەك زایەڵەی تەمەن و بیرەوەری نوسیویەتی،خوێندنەوەیەکی بۆ بکەم،چونکە بەهەق کتێبەکە هەرچەندە لەچوارچێوەی گێڕانەوەی بیرەوەریەکانی کاك ئارێزدا جێگەی گرتوە ،بەڵام فرە ڕەهەندە و دەکرێت لە چەند گۆشە نیگایەکەوە لێیبڕوانرێت و بخوێنرێتەوە و وانە و پەندی گرنگی لێهەڵبهێنجرێت بۆ ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگاکەمان و بەتایبەتیش بۆ گەنج و لاوانی ئەم سەردەمی ئازادی و حوکمڕانیە خۆماڵیەی کە ٣١ ساڵە بەردەوامە سەرەڕای هەموو کەموکوڕیەکانی و هەموو ئەو ڕەخنانەی کە ئاڕاستەی دەکرێن کە بەشی هەرە زۆریشی ڕەوان لە حکومەت و دەسەڵاتداران و سەرۆکی حیزب و حیزبە سیاسیەکان و کەسانی سەر شانۆی سیاسی ئەم هە رێمەمان.

کتێبەکە بەقەبارەی نیو A4 و ٤٣٢ لاپەڕەیە و بە دیزاینێکی جوانی بەرگ و ناوەڕۆکەکەی لەساڵی ٢٠٢٠ بەچاپگەیشتوە.وەکو نوسەر خۆی دەڵێت :ئەم کتێبە لە ٣ بەش پێکهاتوە :

١.دەربارەی زیندانی هەولێرە کە زووتر لە ژێر ناونیشانی (زیندان لە پەنجەرەکەمەوە) بلاۆکراوەتەوە.

٢. دەربارەی زیندانەکانی دیاربەکر و هەکاریە،کە زووتر لە ژێر ناونیشانی (لەودیو دەرگا داخراوەکانەوە) سێ چاپی لێ بلاۆکراوەتەوە.

٣.دەربارەی ماوەیەکی کورتی نێوان هەردوو زیندانەکانی هەولێر و دیاربەکرە(بادینان).

ئەم کتێبە و بەهەر ٣ بەشەکەوە ،بریتیە لە گێڕانەوەی بیرەوەریەکانی نوسەر خۆی لەنێوان ساڵانی ١٩٨٥ تا ١٩٨٩ کە لەو ماوەیەدا دووجاران دەستگیراکراوە ،یەکەمجار لەلایەن دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمی بەعسی صدامیەوە لە٣/٤/١٩٨٥ تا ١٨/٩/١٩٨٥ زیاد لە ٥ مانگ زیندانی بوە لە بەندیخانەی ئەمنی هەولێر کە تەنها تەمەنی ٢١ساڵان بوە و لەماوەی ئەو گیرانەیدا ڕووبەڕووی ئازار و ئەشکەنجەی زۆر بۆتەوە و تەنانەت هەندێك جاران لە مردنیش نزیك بۆتەوە،بەڵام گیانی خۆڕاگری و بەرخۆدان و خۆشەویستی نیشتیمان و باوەڕبوون بە ئازادی و سەربەخۆیی نیشتیمان و کۆمەڵگا و لە پێناو نەوەکانی ئایندە و خۆشگوزەرانکردنیان و وەدەرنانی

داگیرکاران و وەدیهاتنی خەونی لە مێژینەی خۆی و هەزاران گەنج و لاوی کورد لەم بەشەی باشووری کوردستان و تەواوی کوردستانی گەورەشدا هەمیشە گیانی خۆڕاگری و مقاوەمەتی هێندە بەهێزبوە کە چۆکی بە سەیاف و دەرگاوان و ئەشکەنجەدەرانی داداوە لە وێنەی مولازم غەسانی تاوانبار و نەیانتوانیوە یەك وشەی نهێنی ڕێکخستنەکانی پێبدرکێنن و بەم کارەشی توانیویەتی کە گیانی دەیان هەڤاڵی ڕێکخستنە نهێنیەکانی ئەوکات و خێزانەکانیشیان لە مردنی دڵنیایی بپارێزێت.

نوسەر زۆر بەووردی و بەشێوەیەکی هونەری و چیرۆك ئاسا ڕۆژانی ناو زیندانی خۆی دەگێڕێتەوە و ساتە ناخۆش و خۆشەکانیشی دێتەوە یاد کاتێك لەدوای ڕزگارکردنی کوردستان لەئەنجامی ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی گەلەکەمان دژ بەدەسەلاتی فاشی و عەفلەقی بەعسی صدامی و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و دواتر دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەو چوارچێوەیەشدا کاك ئارێز و لەمیانەی کارکردنی وەك کادرێکی وشیار و ڕۆشنبیر و لەئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا لەساڵی ٢٠٠٥دا بۆتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و بەرێکەوت ژوورەکەی لە بینای پەرلەمان(نوسینگەی ژمارە ٣٣ لە قاتی دووەمی بینای پەرلەمان) ڕێك بەرامبەر (بەندیخانەی ئەمنی هەولێر) بوە و هەموو ڕۆژان لە پەنجەرەکەیەوە سەیری دیوار و ئەو ژوورە دەکات کە تیایدا ماوەی ٥ مانگ زیاتر جۆرەها ئازار و ئەشکەنجەی نامرۆڤانە دراوە کاتێك گەنج و لاوێکی ٢١ ساڵان بوە و لە ژووری ئینفرادی و قاوشی گشتیدا تینوێتی و برسێتی و گەرمای هاوینی تاقەتپڕۆکێنی بەسەربردوە و دەیان تێکۆشەری گەلەکەمانی لەناو زینداندا ناسیوە لەهەموو حیزب و ئاڕاستە جیاوازەکانی کوردستان وەك احمد شێروانی و هەردووك شەریف عیسا و خاڵەکەی کازم خەڵکی گوندی زێتێی سەر سنوری عێراق — تورکیا کە بۆ داهاتووی گەشتەکەی بەرەو بادینان و دواتر زیندانیکردنی لە تورکیا بەهەمان ڕێوشوێن و ئەشکەنجە و ئازار و زیندانەکانی ئەواندا گوزەر دەکات و ئەو دوو کارەکتەرە یەکێکن لە پاڵەوانەکانی ئەم بیرەوەریانەی کاك ئارێز، لەو تەمەنەدا نوسەر لەو پەڕی هەرەتی لاوێتی و خاوەنی دەیان خەون و خولیای زەردوسور بوە بۆ ئایندەی خۆی وەکو گەنجێك و بۆ ئایندەی گەل و نیشتیمانەکەشی لەسەربەخۆیی و ئازادی و حومکڕانی خۆماڵیدا دوور لە دەست و چاو و دەسەلاتی داگیرکاراندا.ڕێکەوتێکی سەیرە و لەهەمان کاتیشدا خۆشە کە جێگای بەندیخانەکەت لە قۆناغی ژێر دەستەیدا وجێگەی دەسەلاتەکەشت لە قۆناغی ئازادیدا تەنها چەند سەد مەترێك دووربن لەیەکەوە، و هەمیشە ڕۆژانی ڕابووردوی ناخۆش و پڕ حەسرەتت بێتەوە یاد.

هەربۆیە هەمیشە و لەماوەی ئەو ٤ ساڵەی کە ئەندام پەرلەمان بوە ویستویەتی بەوپەڕی توانا و لێهاتویەوە هەمیشە بەرگریکارێکی سەرسەخت بێت بۆ مافی تاك و خێزان و تەواوی کۆمەڵگای کوردەواری لەمیانەی دەرکردنی ئەو پڕۆژە یاسایانەوە کە لەخزمەتی خۆشگوزەرانی گەنج و لاوانن و تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگادا بوە ولەپێناو گەشەوپێشکەوتن و ئاوەدانی کوردستاندا بوە و هەمیشەش لایەنگری کاری پێکەوەیی و برایەتی و تەبایی بوە لە نێوان فراکسیۆنەکانی پەرلەماندا چونکە زۆرباش لەو ڕاستیە گەیشتوە کە کورد تەنها بە یەکڕیزی نێومالی خۆی و یەکویەکگرتوویی و تەبایی و سازانی لەگەڵ براکانیدا دەتوانێت سەرکەوتن بەدەستبێنێت و دەسکەوتی مەزنیش وەدەستبخات کە بریتیە لەو حکومەت و پەرلەمانەی کە ئێستا بۆخۆی و دەیان تێکۆشەری تری گەلەکەمان تیایدا ئەندامن.

لەبەشی دووەمی کتێبەکەداکە ماوەیەکی کورتی نێوان ئازادبوونی لە بەندیخانەی ئەمنی هەولێر و بەندکردنەوەی لە تورکیادایە و بریتیە لە پێڕەویەکی پێشمەرگانە کە لەساڵی ١٩٨٧وە پەیوەندی کردۆتەوە بەڕیزەکانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە،و تا سەرسنور و تێپەڕ بونی بە گوندی (زێتێ)ی مزووری بالا زێدی هەردوو شەریف عیسا و کازمی خالی و تا ئەو ساتەی لە گوندی ڕوبارۆکی سەرسنوری عێراق-تورکیا لەگەڵ ٥ هەڤاڵی تریدا بەناوەکانی (ئارێز و هێور و حەمید و ڕەوەند ابو نادیە و ابو محمود و کە ئەم دوانەیان لە هاوڕێیانی حیزبی شیوعی بوون و عەرەب نەژاد بوون و دوانیش لەحیزبی زەحمەتکێشان و دوانی تریشیان لە ئالای شۆڕش بوون).

لەبەشی سێیەم و کۆتایی کتێبەکەشدا کە تایبەتە بە دەستگیرکردنیان لەسەر کوچکەی سێ سنوری دروستکراوی تورکیا و ئێران و عێراق لەگەڵ پێنج هەڤاڵی تریدا کاتێك کە پێشمەرگە بوە لەلایەن جەندەرمەکانی ڕژێمی کەمالیستی تورکیاوە،کە بە موعجیزە ڕزگاربوون و شەهید نەبوون،ئیدی دوای گرتن و قۆڵبەستکردنیان لە ڕێکەوتی ١٦/٦/١٩٨٨و گواستنەوەیان بۆ ناو بنکەی سەربازی و دواتر لێکۆڵینەوەیان و ئەوکاتیش گواستنەوەیان بۆ چەندین بەندیخانەی شەمزینان وبەندیخانەی ناوەندی هەکاری و زیندانی ناوەندی چۆڵەمێرگ وگەڤەر و زیندانی سیاسی(دیاربەکر) ئامەد لە قاوشی ژماری ٢٥ E.tipiوقاوشی ژمارە ٦ و زیندانی وان وقەیسەری و..هتد. وتا ڕێکەوتی ئازادکردنیان لە ١٦/٦/١٩٨٩دا کە ماوەی ١ ساڵ و ١ڕۆژ دەکات،لەژێر ئازار و ئەشکەنجە و سوکایەتیپێکردن و دژایەتیکردنیان لەناو بەندیخانەدا بەسەربردوە،دواتر بەفەرمانی دادگای بالای تورك و دادگای ئاسایشی دەوڵەتی توركD.G.M و قۆناغی دەستبەسەرکراوی بەزۆر لەشاری قەیسەری تێدەپەڕێنن .بەلام هیچ کات بێئومێدی بالی

بەسەر ورە و خۆڕاگریاندا نەسەپاندوە و هەمیشە لەهەوڵی خۆرزگارکردن و هەڵاتندا بوون بەرەو کوردستان و گەڕانەوە بۆ نیشتیمانی دایك و هەر لەو پێناوەشدا بەهێمنی و بەنهێنی و بەهاوکاری کوردە دڵسۆزەکانەوە دەتوانن هەڵبێن و خاکی کوردستانی باکوری داگیرکراوی تورکیا بەجێبێڵن و خۆیان بگەیەننەوە پارچەیەکی تری دابڕێنراو لە جەستەی کوردستانی گەورەمان کە ڕۆژهەلاتی کوردستانی لەژێر دەسەلاتی داگیرکارکاری ئێرانی بەناو ئیسلامیدا.

ئیدی لەکۆتا وێسگەی کاروانی خەبات و بەرخۆدانی رزگاربونیاندا شاد دەبنەوە بە هەڤالانی خەبات و خزم و ناسیاوەکانیان لەساڵی ١٩٨٩دا لە ئۆردوگای (زێوە)ی ئێراندا، بەلاّم لەچ کات و سەردەمێکدا ؟ لەسات و کاتێکدا کە کوردان وەك بەدرێژایی مێژووی خۆیان و لەسەر خاك و ئاو و زێدی باوباپیرانیان هەمیشە ئاوارە و کۆڵبەکۆڵبوون،ئەمجارەش لە ئەنجامی هەڵمەتە بەدناوەکانی کیمیاباران و ئەنفالەکانی رژێمی بەعسی عەفلەقیەکانەوە کە لەماوەی مانگی ١٩٨٨/٢ تا مانگی ١٩٨٨/٩دا و لەمیانەی ٨-٩ پرۆسەی بەدناوی ئەنفالدا زۆرینەی خاك و خەڵکی باشووری کوردستانیان ڕاوەدوناو گرت و لەبەندیخانە بەدناوەکانی نوگرەسەلمان و عەرعەر و دەشتی سەماوە و تۆپزاوا و دبس و...هتد. هەر لەگەرمیانی هەڵقرچاوەوە تا بادینانی دەلال و سەرکەش بەتێپەڕبوون بە ناوچەکانی قەرەداغ و گۆپتەپە و ئاغجەلەر و دەشتی کۆیە و هەولێر و سلێمانی و شارەزوور و بیتوێن و پشدەردا تەواوی کوردستانیان کاول و وێرانکرد و خەڵکەکەشیان ئاوارەی تورکیا و ئێران کرد و لەناو ئۆردوگاکاندا ژیانێکی کولەمەرگی و زۆر نامرۆڤانەیان بەسەر دەبرد.

ڕووداوەکانی ئەم بیرەوەریانە لە هەولێر و بادینان و دیاربەکر هێندە دووبارە و لەیەکدەچن کە هەمیشە ئەو وتەیەی لەبیر نەکردوە کە هاوڕێیەکی پێشمەرگەی پێی وتوە کاتێك بەرەو سنوور هەنگاویان ناوە کە وتویەتی (ئاگاداربە بەدەردی برادەرەکانت نەچی).بەداخەوە کورد لەهەر چوار پارچەکەی کوردستان چارەنوس و قەدەریان زۆر لەیەکتری دەچێت و هەمان ڕێچکە و گیانبازی و ئەشکەنجە و ئازار و شۆڕش و ڕاپەڕینەکانیان یەك وانە و یەك شانۆ و یەك کارەکتەرن دژی یەك دوژمنی کوردایەتی بەناوی جیاوازەوە.

کاك ئازێز لە بەندیخانەکانی هەولێر و تورکیادا بەدەیان کەسی تێکۆشەر و گیانفیدا و شۆڕشگێڕی لەهەموو پارت و حیزب و ئاڕاستە سیاسی و فکریەکانی کوردی ناسیوە و هاوڕێیەتی لەگەڵدا پەیداکردوون و لێیانەوە و ئەوانیش لەمەوە فێری دەیان وانەی شۆڕشگێڕی و خۆڕاگری و مقاوەمەتبون و گەشەی بەفکر و هوشیاری خۆی داوە ،وەك دەڵێن (زیندان خوێندنگەیە)،لەو تێکۆشەرانە :

( مەحمود شاهین و ئەسلان بایرام و ئیبراهیم بایکاڵ و حاجی زەکی قزلقایا و حاجی مەلیحی قزلقایا و حاجی بەنگین و حەنەفی و بەدرەدین و ئەحمەد و زەیتی ودرِی و نیزام و سلێمان و محمود بای باس و خاڵ عومەر و جەلال و ئەنوەر و سورە و زەینەب و فەریقی ڕێپیشاندەر و ئەحمەد قایماغ و وەستا یونس و ئاسۆ و دەیانی تر).کە هەموانیان قەلایەك بوون لە شۆڕشگێڕی و خۆڕاگری ناو زیندانەکان و وشێر ئاسا ڕووبەڕووی جاندەرمە و پاسەوان و دادوەرەکانیش دەبونەوە و بەکوردی وەلامی پرسیارەکانیان دەدانەوە و هەریەکەیان پاڵەوان و کارەکتەرێکی سەرەکی داستانێکی شۆڕشگێڕی بوون.

ئاخر چۆن گەنج و لاوانی کورد سەدان جاری تریش بەندبکرێنەوە و ئازادبکرێنەوە دەست لەچەکهەڵدەگرن و گۆڕەپانی خەباتی ڕەوای کوردایەتی بەجێدێڵن بۆ ڕۆم و عەجەم و عەرەبە داگیرکارەکان و دەستهەڵدەگرن لە خۆشەویستی دایکی نیشتیمان کە کوردستانی بەشبەشکراو و هەنجنهەنجکراوە.

کاك ئارێز بە خامە و قەڵەمە ڕەنگینەکەیەوە هێندە ڕووداوەکانی بە تامەزرۆوە باسکردوە و گێڕاوەتەوە مرۆ هەر حەزدەکات لەجیاتی جارێك دەیان جار بیخوێنێتەوە و تاموچێژی زیاتری لێوەربگرێت و لەگەڵ ڕووداوە بەحەسرەتەکاندا خەم و پەژارە دایدەگرێت و خەفەتبار دەبێت بۆ ڕابووردوو و ئێستا و ئایندەی کورد و کوردستان کە داگیرکاران بەوپەڕی وەحشیەت و دوور لەگیانی مرۆڤایەتیەوە دەربارەیان کردوون و تەنانەت ناوی کورد و زمانی کوردیشیان پێ ڕەوانەبینیون و لەسەر بچووکترین دەربڕین بە زمانی کوردی سزای چەندین ساڵەیان بۆ بڕیونەتەوە هەروەك لە ئێستادا لەتورکیای ئەردۆگاندا بەدەیان کەسایەتی و سەرکردە و ئەندام پەرلەمان و ئەندامی شارەوانی کوردیان لە زیندانەکانیاندا توندکردوە و ڕێگە بە ژیانی ئازادی و دیموکراتی کوردان نادەن و لە ئێرانی بەناو ئیسلامیشدا ساڵ نیە لەسەر بەکارهێنانی زمان و هەڵوێستە مەردانەکانی گەنج و لاوانی کورد لەکوڕان و کچان ڕووبەڕووی زیندانی و لەسێدارەدان و مەرگ نەبنەوە.

جا کاتێك کاك ئارێز و هەڤاڵەکانی بەو شێوەیە دەگەنەوە ناو خاکی کوردستان و هەڤالان و دۆست و ناسیاوانیان هیچی جیاوازنەبوە لە ژیانی زیندانەکانی هەکاری و دیاربەکر( زیندانی سیاسی و زیندانی ناوەندی دیاربەکر) چونکە نەك هەر ئەوان بەڵکو تەواوی کورد لەزیندانێکی گەورەدابوون و لە ژیانی ئاوارەیدا دەگوزەران و تەنها ئەوەندە بوە کە لەچوارچێوەی چواردیواری بەندیخانەکاندا نەماون و هەوای ئازادی کوردستان هەڵدەمژن.

بەم شێوەیە کاك ئارێز لەمیانەی گێڕانەوەی ئەم بیرەوەریانە و ڕووداوەکانی ناو ئەو نزیکەی دوو ساڵەی تەمەنیدا گەرەکێتی پێمان بڵێت کە سەرەڕای زیندانی و ئەشکەنجەدان و سووکایەتیپێکردن لەلایەن داگیرکارانەوە هەمیشە وره و بڕوابوون بەخۆ و بە ڕەوایی مەسەلەی کورد و کوردستان تاکە ڕێگەی خەباتە بەرامبەر ئەو توندوتیژیەی داگیرکاران و یەکویەکگرتووی ڕیزەکان بۆ ئەوکات و ئێستا و ئایندەی کورد زۆر گرنگە و هەق نیە لەسەر هەندێ جیاوازی بچوکی بێئەرزش و لەسەر وەدەستهێنانی هەندێك پلە و پۆستی کاتی نێومالّی کورد تێکبدرێت و ئەوەی بەخوێن و فرمێسکی ۱۰۰[1]ساڵە هاتۆتە دی بەئاسانی لەدەستیبدەین.

ئەم کتێبەی کاك ئارێز هەرچەندە لەچوارچێوەی بیرەوەریدا نوسراوە وەکو کەسێکی سیاسی و فەرماندە و پێشمەرگە و دواتر ئەندام پەڕلەمان و لە ئێستاشدا ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان،بەلاّم جیاوازی لەهەموو ئەو بیرەوەریانەی پێشخۆی کە نوسراونەتەوە لەلایەن تێکۆشەر و فەرماندە و سەرکردەکانی تری ڕێگای خەباتی کوردایەتی بەجیاوازی بیروبۆچونەکان و ئاڕاستە فکریەکانیانەوە،ئەوەیە کە کاك ئارێز تەنها بەشێوەیەکی سیاسی موجەڕەد و زەقکردنەوەی بابەت و کارەکتەرە سیاسیەکان و هەڵوێست و گوتارە حیزبیەکانەوە خۆی پابەندنەکردوە.بەڵکو گێڕانەوەکانی بەشێوەیەکی هونەری و و ئەدەبی و ناسك و کورت و پوخت خستۆتە ڕوو بەزمانێکی کوردی پاراو و شیرین کە بڕواناکەم هیچ خوێنەرێك لێی وەڕس ببێت و لەنیوەی خوێندنەوەدا بەجێیبهێڵێت.وەکو موسا عەنتەر لە بیرەوەریەکانیدا دەڵێت ( گەر سەرنج بدەن،من لە یادەوەریەکانمدا خۆم لەسەر بوردە خێزانیەکان دزیوەتەوە،چونکە بە پێویستم نەزانیوە شتێك بۆ کۆمەڵگاکەم پێویست نەبوبێ،لێرە بینوسمەوە،بەشێك لە نوسەران کاتێك یادەوەریەکانیان دەنوسنەوە دەڵێن دایکم ئەو خواردنانەی دروست دەکرد کەمن حەزم لێی بوو،خێزانەکەم منی زۆر خۆشدەویست و ...تاد..من خۆم لەوجۆرە یادەوەریانە دوور گرتووە.).

بۆیە بەڕاستی کاك ئارێزیش هەروای کردوە و لە کەمترین جێگەدا باسی بابەتە کەسی و خێزانیەکانی خۆی کردوە. بەهەمان شێوە لەسەر ڕێچکەی چیرۆك یان تەنانەت ڕۆمانێکی ئەدەبیش ڕووداوەکانی باسکردوە و بەکورتیش پەردەی لەسەر داداونەتەوە و زۆر بەسەلیقە و ووردیشەوە پێکەوەی گرێداون، ئاخر لێزانینی دەوێت کە شانۆی ڕووداوەکان و تەنانەت کارەکتەرەکان و هەڵوێست و کرداری هاوڕێکانی و جەللادەکانیش یەکبخات و ماوە یان زەمان و زەمینەکانیان لێکنزیك بکاتەوە و پێکەوەیان ببەستێتەوە بەشێوەیەکی هونەری زۆر جوان و بیانکاتە زنجیرەیەکی لێکدانەبڕاو،بەشێوەیەك کە خوێنەر هەست بە

دابڕان و دوورکەوتنەوە لەسەر شانۆی ڕووداوەکان نەکات و وەك یەك فلیمی چەند کاتژمێری بەدیاریانەوە دابنیشێت. توخمێکی تری گرنگی ئەم بیرەوەریانەی کاك ئاریز، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە لە زۆر جێگەدا تەشویقت دەکات بۆ ئەوەی بەدوای ڕووداوەکانی دواتردا بچیت و لەزۆرجێگەی تردا هێندەی ترس و دڵەڕاوکێت تووش دەکات کە لەجێگەی خۆتەوە هەست بە ئێش و ئازارەکانی و ناخۆشیەکانی نوسەر دەکەیت و چەندین جاریش دیمەنی پێکەنیناوی و گاڵتەجاڕی و نوکتە و قسەی خۆشان واتلێدەکەن کە بدەیتە قاقای پێکەنین و بەدڵ چێژیان لێوەربگریت.

خاڵێکی تر کە سەرنجی ڕاکێشام لە کتێبەکەدا بریتی بوو لەوەی کە لەکۆتایی کتێبەکەدا پێنج لاپەڕەی کۆتایی تەرخانکردوە بۆ فەرهەنگۆکێکی بچوك بەوشە و مانا بەرامبەرەکانی لە دیالێکتەکانی ناوچە جیاوازەکان ،کە جێگەی دەستخۆشیەو یارمەتیدەرە بۆ زانین و ناسینی وشە کوردیە ناوچەییەکانی تر و تێکەڵاوبونی زیاتری دیالێکتەکان،کە بەداخەوە هێشتا لەناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر کەسانێك هەن لە یەکدی تێناگەن و لەگرنگی فەرهەنگ و زمان و ئەدەبی کوردی تێنەگەیشتون و خۆیان دوورە پەرێز دەگرن لەتێکەڵاوبوونی ناوچەکان و شێوە زار و دیالێکتەکانی تر،بەڕاستی گەر زمانی هەر نەتەوەیەك بەزیندوویی نەمێنێتەوە ئەوا ناسنامە نەتەوەییەکەشی کاڵ دەبێتەوە،بۆیە گرنگە بۆ ئایندەش گرنگی زیاتر بە زمانی کوردی و زیندووهێشتنەوەی بدرێت.

لەکۆتایدا ئەم کتێبە بەڕای بەندە هەر بریتی نیە لە گێڕانەوەی بیرەوەریەکی چەند ساڵەیی، بەڵکو گەر سیناریستێکی بەتوانا و لێهاتوو هەبێت دەتوانرێت بکرێتە درامای چەندین زنجیرەیی و تەنانەت فلیمی سینەمایش.کەهەموو ئەم کارانەش لەچوارچێوەی دەسەلاَت و دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆدا دەتوانرێت بهێنرێنەدی کە بەداخەوە نەبوونی دەوڵەت و دەسەلاَتێکی کوردی بەهێز لەزۆر کاتدا خاڵی لاوازی وەدیهێنانی خەونی هەزاران گەنج و لاوی ئەم نیشتیمانە داگیرکراوە بوە وبە حەسرەتی وەدیهێنانیانەوە بونەتە ڕابووردوو سەریان ناوەتەوە.

بۆیە بەڕاستی هەقی دەستخۆشی و ماندونەناسیکردنە لەکاك ئارێز کەبەو شێوە جوان و ناسك و ئەدەبیە ئەو بیرەوەریە تالاَنەی ژیانی خۆی گێڕاوەتەوە و خستویەتیە بەردەستی نەوەی ئێستا بۆئەوەی پەند و عیبرەتی لێوەربگرن.بەڕاستی بۆخۆم دوای خوێندنەوەی کتێبەکە زۆر باشتر هاوڕێ و هەڤاڵی زێدە ئازیزم کاك ئارێز عەبدولاَم ناسیوو و لەخەم و ئازاەکانی تێگەیشتم و زانیم کە چۆن ئەمرۆی وەدەستهێناوە و ڕابووردووشی چۆن تێپەڕاندوە بۆیە لە ئێستا زیاتر ڕێز و موحیبەتی لام پەیداکردوە وخوزایارم تەمەندرێژ و تەندروست باش بێت بۆئەوەی بەرهەم و بەخششی جوانترمان پێشکەش بکات.

بەڕاستی دەڵێم کە ئەم بیرەوەریانە و بیرەوەریەکانی کەسایەتیەکانی تریش گرنگی مێژوویی گەورەیان هەیەوە و پێکەوە هەموانیان مێژوو و سەربوردەی گەلێکی مەزڵوم و چەوساوەی کوردن و هەق وایە هانبدرێن بۆ نوسینەوەیان و دەستگیرۆییش بکرێن بۆ تۆمار و نوسینەوەیان ،چونکە لەمیانەی ئەو

بیرەوەریانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە نهێنی مانەوە و بە پێوە ڕاوەستانی کورد و کوردستان و سەرەونگومبوونی چەندین حوکمڕانانی داگیرکارانی کوردستان لەچیەوە هاتوە،بەدڵنیاییی لەکۆڵنەدان و خەبات و قوربانیدان و ئەشکەنجەدان و ئازاردانی دەیان و بگرە هەزارانی وەکو کاك ئارێزەکانەوە و هەڤاڵەکانیەوە هاتوون. کە بەهەق ڕەوا نیە بیانکەینە قوربانی هەوەس و خواستی نارەوای سەرکردە و حیزبی سیاسی لەپێناو پۆست و پلە و دەسکەوت و بەرژەوەندی بازرگانی بەگەندەڵی و مشەخۆی لە کیس هەموانی بدەین.

بەهیوای ئەوەی هەموان کاتێك تەرخان بکەن بۆ خوێندنەوەی ئەم بیرەوەریە بە پێزانەی کاك ئارێز عەبدوڵا.

==================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ٦ و٧ /٦/٢٠٢٢دا بلاۆکراوەتەوە.

خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی... ( بیرەوەریەكانم لە غوربەتدا ) ی د.محمد صابر

# گه نجێکی کورد پەروەر و دیبلۆماسیێکی هێمن و ویژدان ئاسوودە *

ئەم كتێبەی بالۆیز د. محمد صابر بەناونیشانی (بیرەوەریەكانم لە غوربەتدا)كە بە قەوارەی ٢٤*١٧ سم و لە دووتوێی ٥٠٥ لاپەڕەدا و بە دیزاین و بەرگێكی جوانەوە بەچاپگەیەنراوە ،بریتیە لە گێڕانەوەی سەرگوزشتەی ژیان و خەبات و كار و چالاكیەكانی لاوێكی گەنجی بەهیمەت و وزە و توانای شۆڕشگێڕی و عاشقی كوردایەتی ڕاستەقینە و ڕەوتی چەپ و دواتر حیزبایەتی و ململانێكان و دواتریش چالاكی و كارەكانی لە دوورە ولاَت و پاشتریش وەرگرتنی پلە و پۆستی وەزیفی كە هەموانیان پێكەوە مێژوویەكی پڕ شانازیان تۆماركردوە لە ژیانی بالۆیز د.محمد صابردا كە كاروانی ژیان و خەباتی هێمنانە و هەندێك جاریش توندڕەوانە لەسەر هەق و ڕاستیەكان درێژە پێداوە و بە مێژوویەكی ٦٠ ساڵەییەوە بۆتە كاراكتەرێكی دیاری ناو سیاسەت و كوردایەتی و دیبلۆماسیەتی كورد و دەوڵەتی عێراقیش بە هێمنی و لەسەرخۆیی و مێژووە سپی و بێخەوشەكەیەوە.هەربۆیە مایەی شانازیمە كە تیشكێك بخەمە سەر ئەم كتێبەی كەلەلایەن ڕۆژنامەنوسی بەتوانا كاك جمال لۆلۆوە ئامادەكراوە..هیوای تەمەندرێژی و تەندروستی باش بۆ كاك دكتۆر و دەستخۆشیش بۆ كاكە جەمالی هاوڕێم دەخوازم.

كتێبەكە و گێڕانەوەی مێژوەكە لەسەر شێوەی پرسیار و وەلاَم و ڕیزبەندی كراوە بەپێی مێژووی ڕووداوەكان كە خۆی دەبینێتەوە لە قۆناغی منداڵی و مێردمنداڵی و بەشداریكردنی لە حیزبایەتی و دواتر خوێندن و بەهەمان شێوەش خەباتی حیزبیانە و قوتابیانە لە ڕیزەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان و قوتابیانی كوردستاندا و بەهەوڵ و ماندبوون و چالاكی خۆی بۆتە كاراكتەر و چالاكوانێكی دیار و هەربۆیەش پلە و پۆستی لەتەمەنێكی كەمەوە وەرگرتوە و وەك گەنجێكی بە حەماس و وزە و تواناوە بێ ماندووبون كاری نهێنی و ئاشكرای كردوە بێ خۆدەرخستن و سنگدەرپەڕاندن وەكو خەڵكانی تر.دواتریش بە شداریكردنی لە كاری حیزبی لەنێو ڕیزەكانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان كە پێشتر كۆمەڵەی ماركسی لینینی كوردستان بوە و ئەمان گۆشكراوی بیر و ئەندێشەی ماوتسی تۆنگی چینی بون و دواتریش كە یەكێتی نیشتیمانی كوردستان دامەزراوە بەهەمان گوڕوتینەوە لەناوەوە و دەرەوەی ولاَت كاری جدیانەی كردوە بۆ

گەیاندنی دەنگی کورد و خەباتی کوردایەتی بەهەموو دونیا بەتایبەتیش لەقۆناغی دەسەڵاتی بەعسیەکاندا و کارەساتەکانی ئەنفال و کیمیاوی باران و ڕاگواستن و کوشت و بڕی گەلەکەی گەیاندۆتە ناوەندەکانی بڕیار لە سوید و فەرەنسا و بەریتانیا و ئەمریکا و ولاّتانی تریش.دواتریش لەدوای ڕاپەڕینی گەلەکەمان لەساڵی ١٩٩١دا و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆتە نوێنەری حکومەت و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە فەرەنسا و ئەمریکا و دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسیش لەساڵی ٢٠٠٣دا و دواتر لەساڵانی ٢٠٠٤-٢٠١٦ کراوەتە باڵیۆز لە چین و جنێڤ و ناو وەزارەتی دەرەوەی عێراق و گەلێك کاری گەورە و مەزنی بۆ کورد و عێراقیش ئەنجامداوە و لە ئێستادا خانەنشینە.ئەوەی جێگەی دڵخۆشیە کە لەتەواوی ئەو ساڵانی خەبات و کار و وەزیفەیەدا بەویژدانێکی ئاسودە و دەست ودەم پاکیەوە و بەسەربەرزی و ڕووسوریەوە گەڕاوەتەوە ناو خەڵك و خاك و شارەکەی خۆی لەسلێمانی و هەموو کات وەك پیاوێك و تێکۆشەرێکی دێرین و سەر ڕاست و دیبلۆماسیەکی هێمن و لەسەرخۆ دەرکەوتوە.

ئەو ڕاستیەش دەڵێت ،ڕاستە ئەو زاوای مامۆستا برایم احمد بوە و ئاوەڵزاوای مام جەلالیش بوە، کە زۆر کەس دەڵێن بەهۆی ئەو خزمایەتیەوە ئەو پۆست و پلانەی وەرگرتوە.د.محمد زۆر ڕاشکاوانە دەڵێت کە بۆخۆی یەکێك بوە لە کادر و شۆڕشگێڕەکانی سەرەتای کوردایەتی لەهەردوو شۆڕشی ئەیلول و یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا و کەمی نەکردوە و خاوەن بڕوانامەی بەرزی دکتۆرا لە فیزیای ئەتۆمی و زانینی پێنج زمانی زیندووی ئینگلیزی و فەرەنسی و سویدی و عەرەبی و خەبات و چالاکی و شەهیدبوونی براکەی و گرتن و ڕاوەدوونانی ماڵ و خێزانەکەی و دوورکەوتنەوەی لە ولاّت هەموو ئەم کارانەی بونەتە هۆی ئەوەی کە بەشایستەی توانا و خەباتی خۆی ببێتە کارەکتەرێکی دیار نەك لەبەر خزمایەتی و نزیکی لەمام جەلالەوە و دەڵێت زۆر کەس کە نیوەی ئەویشیان نەکردوە و پلەو پۆستی زۆر بەرزتریشیان دەسکەوتوە.

لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی د.محمد صابردا مرۆڤ هەست بە ڕاستگۆیەکی بێ وێنە دەکات چونکە ئەو تەنها ئامانجی خزمەتکردن بوە و وەك کادر و شۆڕشگێڕێکی مولتەزیم بە بڕیارەکانی سەروو خۆی لە حیزب و حکومەتدا کاری کردوە و لەکاتی ناکۆکی و ململانێکانیشدا هەمیشە لایەنی برایەتی و تەبایی بوە و خاوەنی ڕاو و بۆچوونی خۆی بوە و کاری کردوە بۆ پاراستنی یەکریزی حیزبەکەی و نەبۆتە بەشێك لەو ململانێ ناڕەوایانەی کە هەمووانیان بە زیانی گەورەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و تەواوی کوردایەتیش شکاونەتەوە.دکتۆر محمد بە ڕاستگۆیانە و بێ ترس و بێمنەتیەوە ڕووداوەکان وەکو خۆی دەگێڕێتەوە وباس لە هەڵوێستە مەردانە و ئازاکانی هەڤاڵەکانی

دەکات و بەپێچەوانەشەوە سەرکۆنەی هەڵوێستە لاواز و هەلپەرستەکانی هەندێکی تریشیان دەکات.کە زۆرجاران پشتیان تێکردوە و دژایەتیان کردوە و لەهەڵبژاردنەکاندا بەڵێنیان پێداوە و دواتر پەشیمانبونەتەوە.

بەهەمان شێوەش ڕاشکاوانە باس لە هەڵوێستی حیزب و سەرکردەکانی تریش دەکات لەبەرامبەر کار و هاوکاری و یارمەتیدانەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆیان لەناوەوە و دەرەوەی ولآتیش ،وەك حیزبەکانی پەکەکە و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی شیوعی و پارتی و ...هتد.

ڕووداوە گرنگ و سەرنج ڕاکێشەکان کە د.محمد صابر باسیان لێوەدەکات بریتین لە:

١. هۆکاری جیابونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی لە باڵی مەلا مستەفا لە ساڵی ١٩٦٤.

٢. چۆنێتی یەکگرتنەوەی هەردووباڵەکە لەدوای بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠.

٣. نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ شۆڕشی ئەیلول و هەوڵەکان بۆ بەردەوامبوونی شۆڕش یان ئاشبەتاڵکردن.

٤. چۆنێتی دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی لینیی لەناو هەناوی پارتی دیموکراتی کوردستاندا.

٥. گفتوگۆی یەکێتی و ڕژێمی بەعس و ناڕازیبوونی لقی ئەورووپا لە گفتوگۆکان لەساڵی ١٩٨٤دا.

٦. باسی ئەو ١٢ ملیۆن دۆلارەی کە ویسترا لەبەغداوە تەحویلی لەندەن بکرێت بۆ یەکێتی و بەهۆی کاك عومەر شێخ موسەوە کارەکە سەرینەگرت.

٧. شەڕی ناوخۆ و کاریگەریەکانی لەسەر پێگەی کورد لە دەرەوە.

باس لەکۆنگرەکانی یەکێتی دەکات و چۆن بەشێك لەسەرکردە و لایەنگرەکانیان ویستویانە کە لەکۆنگرەی یەکەمدا لەساڵی ١٩٩٢دا دەسەلآتەکانی مام جەلال کەمبکەنەوە و بچووکی بکەنەوە و لەساڵآنی دواتریشدا بەکردارەکی کردیان و جیابونەوە و بزوتنەوە و حیزبی تریان دامەزراند.

لەجێگەیەکدا باس لە نزیکی و پەیوەندیە توندوتۆڵەکانی نێوان مام جەلال و کاك نەوشیروان دەکات و ڕادەی خۆشەویستیان و دەریدەخات کە هەردووکیان ڕێزی زۆریان لەیەکتری گرتوە. و هەمیشە کاك نەوشیروان ٨٠٪ کەسی یەکەم بوە لە یەکێتیدا و تەنها لەڕووی پرۆتۆکۆلیەوە کەسی دووەم بوە.بەلآم دەوروبەرەکەی هانیان دەدا بۆ جیابونەوە و ململانێ و ناڕەزایی دەربڕین دژی مام جەلال.ئەو ڕاستیەش دەردەخات کە کاك نەوشیروان پێش دووساڵ لە مردنی لەناخیدا پەشیمان

ببۆوه له جیابونەوەی لەیەکێتی و گەر مردن دەرفەتی بدایه بەرنامەی یەکگرتنەوەی هەبوو لەگەڵ یەکێتیدا.

له بەشێکی تردا،باس لەکار و چالاکیەکانی دەکات لەئەوروپادا و تەنانەت جارێکیان لەساڵەکانی هەشتاکاندا ویستویانه و پلانیشیان دانەوه بۆ تیرۆرکردنی صدام حسێن له پاریسی پایتەختی فەرەنسادا.

لەبەشێکی تری گێڕانەوەکەیدا باس لەوکاروچالاکیانه دەکات که له ماوەی کاری دیبلۆماسیدا له چین و جنێڤدا ئەنجامی داوه که زۆر گەوره و کاریگەر بوون و بۆ ماوەی دووردرێژی ١٧ ساڵیدا کاری لەو جۆره له نەتەوه یەکگرتوەکاندا نەکراوه.

بەڕاستگۆیانەش باس لەچۆنێتی نەخۆشکەوتنەکەی مام جەلال دەکات لەشەوی ٢٠١٢/١٢/١٧دا و چۆنێتی بردنی بۆ ئەڵمانیا و ململانێکانی لەگەڵ نوری مالکی که هەموانیان زانیاری ڕاست و دروستن.

لەهەندێك جێگەی تردا باس له کاریزمایی مام جەلال دەکات که وەك سەرکرده و ڕابەرێك سیاسەتی کردوه و بوێرانه و ئازایانه و بێسڵەمینەوه ڕاوبۆچوون و هەڵوێستی خۆی نواندوه بەرامبەر نوێنەری گەورەترین ولاّت و بەعسیەکان لەکاتی گفتوگۆکاندا و تەنها و تەنها بەرژەوەندی کورد و عێراقی لەبەرچاو گرتوه وەکو سکرتێری یەکێتی و سیاسیەکی کورد و سەرۆکی کۆماری عێراقیش و ببوه مەرجەع و خاڵی کۆکەرەوەی ناکۆکەکان و به خەبات و سەنگ و قورسایی خۆی توانیبووی ببێته جێگه متمانەی هەموان له کوردستان و عێراقد و هەموانیش لەئێستادا بەدۆست و نەیارەکانیشەوه گەواهی ئەو ڕاستیه دەدەن که له غیابی مام جەلالدا نەعێراق و نەکوردستان ئارامییان بەخۆوه نەبینیوه.

له بەشێکی تردا باس له دەسکەوتەکانی کورد دەکات دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و کۆڕەوه ملیۆنیەکه و دەرچواندنی بڕیار ٦٨٨ی نەتەوه یەکگرتوەکان و سەنگ و قورسایی کورد، بەلاّم شەڕی ناوخۆی نێوان یەکێتی و پارتی ١٩٩٤-١٩٩٨ وایکرد که هەموو دەسکەوت و هێز و پێز و پێگەی کورد نزم و کاڵ ببێتەوه لەبەرچاو دۆست و دوژمنانیشدا،و باس له هەوڵەکانی فەرەنسا و سەرۆك میتران دەکات بۆ ڕێکەوتنی یەکێتی و پارتی له پاریس و چۆنێتی ئاشکراکردنی ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکه بۆ تورکیا لەلایەن پارتیەوه ودواتر ڕێکەوتنی واشنتۆن بەگرنگ وەصف دەکات.

د.محمد ڕاشکاوانه دژایەتی خۆی بۆ هەردوو سیاسەتی سەربەخۆی ئابوری کوردستان و ڕیفراندۆم دووپات دەکاتەوه و به کارێکی هەڵه و ناڕاستیان دەداته قەڵەم و ڕایدەگەیەنێت که تەنها پاڵنەری کەسی و حیزبی و بنەماڵەییان له پشتەوه بوه نەك ڕاوێژکردن و پشتگیری ولاّتانی ناوچەکه و دونیا و نموونەش ئیمزاکردنی ٢٨ کونسوڵی ولاّتان لەهەولێر که هەموانیان ڕازی نەبوون به چێکردنی ڕیفراندۆم لەو کات و ساتەدا و هەروەها نامه بەناوبانگەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (تیلەرسۆن).

ئەم بیرەوەریانە بەلای بەندەوە بریتیە لە بەشێك لە مێژووی گەلەکەمان و هەق وایە هەموان بیخوێنەوە و ئاشنای ڕووداوەکانی ناوەوەی کوردستان و عێراق و دونیاش بن و سوودی لێوەربگرن بۆ ئایندەیان بەتایبەتی لاوان و گەنجانی ئەم سەردەمە کە بەداخەوە زۆرێکیان نامۆن بەمێژوو و ڕابووردوو و خەباتی گەلەکەمان و کەسایەتیە تێکۆشەرەکان.

لەکۆتایدا دووبارە دەستخۆشی لە کاك دکتۆر حەمە صابر دەکەم کە توانیویەتی هەموو ئەو ڕوودوانە بەبێ ڕتوش و بەبێ ئەوەی بەتەنها خۆی بکاتە پاڵەوان بگێڕێتەوە و تیشکێکی گەورە بخاتە سەر زیاد لە ٨٠ساڵی مێژووی گەل و نیشتیمانەکەمان.هیوای تەندروستی باشی بۆ دەخوازم.

==========================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا لەڕێکەوتی ٣١/١٠/٢٠٢٢دا بلاۆکراوەتەوە.

خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی...

# ( بەرەی نیشتیمانیی یەكگرتوو )
# زەروورەتەكەی، سروشتەكەی، ئامانج و پێداویستییەكانی
# نوسینی مام جەلال *

ئەم كتێبە بە قەبارەی ١٧*٢٤سم و لەدوو توێی ٢٧٢ لاپەڕەدا و لە نوسینی جەلال تاڵەبانی بەهەشتی سەرۆك (مام جەلال) بە زمانی عەرەبیە و لە لایەن بەڕێز (ئەكبەر حەسەن)وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی كوردی و لەلایەن (نەجمەدین فەقێ عەبدولا) شەوە پێشەكی و پێداچوونەوەی بۆ كراوە. وەك پڕۆژەی كۆبەرهەمی مام جەلال لەلایەن مەكتەبی گەشەپێدانی بیر و هوشیاری یەكێتی نیشتیمانی كوردستانەوە لە ساڵی ٢٠٢١دا بە بەرگ و ناوەڕۆكێكی جوانەوە دیزاین و چاپكراوە.

كتێبەكە لە ٤ فەسڵ پێكدێت:

فەسڵی یەكەم: پێویستی بەرەی نیشتیمانی پێشكەوتنخوازی یەكگرتوو

فەسڵی دووەم:سروشتی بەرەی نیشتیمانی پێشكەوتنخوازی یەكگرتوو

فەسڵی سێیەم : ئامانجەكانی بەرەی نیشتیمانی پێشكەوتنخوازی یەكگرتوو

فەسڵی چوارەم:پێداویستییەكانی بەرەی نیشتیمانی پێشكەوتنخوازی یەكگرتوو

ئەم كتێبە لەسالانی ١٩٧١-١٩٧٢ لە ولاتی شام لەلایەن بەهەشتی سەرۆك مام جەلالەوە نوسراوە بە زمانی عەرەبی و بەزنجیرە لە گۆڤاری (الهدف) ی هەفتانەی زمانحاڵی (بەرەی میللی بۆ ڕزگاریی فەلەستین)دا بلاوكراوەتەوە.كاتی خۆی قەدەغەبووە كتێبەكە بێتە ناو عێراقەوە،لەبەر بیروڕاكانی نێوی تایبەت بە چۆنێتی خەبات و شێوازی بیركردنەوە و ئەو تیۆریانەی كە خراونەتە ڕوو لە تیۆریەكانی ماركس-لینینی و ماویزم و كە هەموانیان لەپێناو سەرخستن و وەدیهێنانی سیستەمێكی حوكمڕانی سۆسیالیستی زانستی بوە لە پێناو چەسپاندنی دیموكراسی و دادپەروەری كۆمەلایەتی و یەكسانی و ئازادیەكان و خۆشگوزەرانی كۆمەڵگادا بوە.بەهەمان شێوە بیروڕاكان وابوە كە دژی زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی بوە.كەهەموانیان بۆ ئەو كات بیروباوەڕی نوێی مرۆڤانە و دژی بیروباوەڕەكانی سیستەمی حوكمڕانی بەعسی عەرەبی ئیشتراكی بوون لە عێراقدا.

کتێبەکە لەسالآنی سەرەتای حەفتاکاندا نوسراوە کە دەکاتە قۆناغی دامەزراندن و پێکەوەگرێدانی کۆڕوکۆبونەوە و ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکانی ڕێکخراوی کۆمەڵەی مارکس-لینینی چەپی پێشکەوتوخواز کە لەلایەن کۆمەڵێك تێکۆشەری گەلەکەمانەوە بە ڕابەرایەتی مام جەلال دامەزراوە و کەوتۆتە خۆی بۆ کۆکردنەوەی زیاترین کەسانی تێکۆشەر و هەڵگری بیروباوەڕی سۆسیالیستی و چەپی پێشکەوتووخواز دژ بە دەسەلآت و بیروباوەڕە باوەکانی ئەوسەردەمی پارتی دیموکراتی کوردستانیش کە لە سایەی بەیانی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠وە دەسەلآتی ناو شارەکانی گرتبوە دەست لەکوردستاندا.کە لەسەر بنەمای بیری کۆنەپارێزی و دواکەوتوو و خێڵەکی بنیاتنرابوو.

مام جەلال زۆر بەڕوونی و ئاشکرا داوای پێکەوەنانی بەرەیەکی نیشتیمانی یەکگرتوو دەکات لەلایەك لەنێوان هەموو پارت و سەرکردە و ڕێکخراوەکانی عێراق بە عەرەب و کوردەوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو مەدە شۆڤێنی و خۆسەپێنەی ڕژێمی بەعسی ئەوکاتە و لەلایەکی تریشەوە لەکوردستانیشدا هەمان داوادەکات بۆ ئەوەی خەباتی چینایەتی گەشەی پێبدرێت و نوێنەرانی هەموو چین و توێژە شۆڕشگێڕەکان لەبەرەیەکی نیشتیمانی پێشکەوتوخوازدا یەکبگرن و خەبات بکەن بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیان لە پێناو ڕزگاری نیشتیمانی و چەسپاندنی ماف و داواکاریە ڕەواکانی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی ئەو کاتەدا.

مام جەلال زۆر بە جوانی و بەسەلیقەی خۆی هەموو بیروراکانی خۆی ڕێکخستوە و پیشانداوە و بەڵگەی بۆ هەموانیش هێناوەتەوە بە بیروڕاو و ئەندێشە و وتەکانی ڕابەرانی مارکسیزم-لینینزم هەر لە مارکس و ئەنگلز و لینین و ماوتسی تۆنگ وڕابەرانی ئەو سەردەمی دونیای سۆسیالیستی و خەباتی شۆڕشگێڕیە.

ئاشکرایە وەك باسمانکرد سەرەتای سالآنی حەفتاکان قۆناغی دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان بوە بە نهێنی و لەناو هەناوی پارتی دیموکراتی کوردستاندا و قۆناغی گەشەپێدانی فکر و بەستنی ئەڵقە ڕۆشنبیریەکان بوە لەنێو کادر و ئەندامانی سەرەتا و دامەزرێنەرانی ئەو کات. هەربۆیەش مام جەلال وەك ڕابەر و سەرکردەیەکی مەیدانی و تیۆریش بە ئەرکی خۆی زانیوە کە کەڵك لە بیروباوەڕ و بنەما فکریەکانی مارکس-لینینی و ماوییش وەربگرێت و هەموان گۆش بکات بەو بیروباوەڕانە.هەموو ئامانجیشی بریتیی بوە لە پێکەوەنان و دامەزراندنی هێزێکی چەکداری شۆڕشگێڕی ڕێکخراوی پێشکەوتوخواز کە ڕابەرایەتی شۆڕشێکی چەکداری بکات لە کوردستاندا، چونکە بۆ ئەوکاتە و دواتریش ئەو بڕوایە چەسپابوو کە بەبێ

بوونی ئاوها ڕێکخراوێك مەحاڵە شۆڕشی كوردی بگاتە ئامانجەكانی خۆی لەسایەی ڕژێمێكی عەرەبی شۆڤێنی و توتالیتاری و شمولی بەعسەوە.كە بەهیچ شێوەیەك بڕوای بە مافی نەتەوایەتی كورد وەك نەتەوە و چین و توێژەكانی و ئازادی و دادپەروەری و یەكسانی و مافەكانی مرۆڤ نەبوو. تەنها و تەنها دەسەلاَت و بیروباوەڕە شۆڤێنیە عەرەبی و بەعسیەكانی لا مەبەست بوە.هەربۆیەش هەمیشە لەهەوڵی پێكەوەنانی بەرەیەكی بەناو پێشكەوتوخوازی نیشتیمانی درۆینەوە بوە لەگەڵ هەموو حیزب و سەركرەدكانی ئەو سەردەمەدا تەنها بەڕابەرایەتی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراكی و بیروباوەڕەكانی.

جا مام جەلال لە بەرامبەر ئەو بەرە درۆینەی بەعسدا هەستاوە بەبانگەشكردن بۆ پێكەوەنانی بەرەیەكی نیشتیمانی یەكگرتووی ڕاستەقینە دژی هەموو ڕژێم و سیستەمێكی حوكمڕانی سەرمایەداری و ئیمپریالیزمی و زایۆنیزمی و دیكتاتۆری.

مام جەلال دەربارەی گرنگی پێكەوەنانی ئەو بەرەیە دەنوسێت: ( هیچ ڕێگەیەكی كردەیی دیكە لە ئارادا نییە.ڕێگەیەكی دیكەش نییە كە سەرجەم حیزب و دەستە پێشكەوتنخوازەكان لەولاَتدا هاوڕا بن لەسەری و پێیدا بڕۆن).

واقیعی كۆمەڵگەی عێراقی فرە نەتەوە و فرەچین و حیزب و پێویستیەكانی گەشەسەندنە كۆمەلاَیەتییەكەی و پێشكەوتنە ئابوریی و سیاسی و كەلتورییەكەی و پێداویستییەكانی بەرپاكردنی جەنگی گەورەی نیشتیمانی دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و پێداویستیەكانی پاراستنی دەسكەوتەكانی گەلەكەمان.بگرە تەنانەت پێویستییەكانی پەرەسەندن وپێشكەوتنی حیزبەكانمان و دەستە نیشتیمانیە پێشكەوتنخوازەكانیشمان،هەموو ئەمانە بەرەی یەكگرتوو وەك تاقە ڕێگەی یەكانگیركردنی هێزە پێشكەوتنخواز و شۆڕشگێڕەكانی گەلەكەمان دەسەپێنن كە لە حیزبە پێشكەوتنخواز و شۆڕشگێڕەكان لەیەك بەرەی تۆكمەدا بەرجەستە دەبێت).

مام جەلال تایبەت بە سروشتی بەرەی نیشتیمانی پێشكەوتوخوازی یەكگرتوو دەنوسێت : ( بەرە لە جەوهەری خۆیدا هاوپەیمانێتیەكی چینایەتیە لە قۆناغێكی مێژوویی دیاریكراودا.ئەو هاوپەیمانێتیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت كە ئامانجە هاوبەشەكان چینە كۆمەلاَیەتیە جیاوازەكان لە گۆڕەپانی خەباتی هاوبەشدا كۆدەكەنەوە،هەروەك چۆن یەكێتی دوژمنان و مەترسیە هاوبەشەكان كۆیان دەكەنەوە).

بەهەمان شێوە باس لە جۆرەكانی بەرەی نیشتیمانی پێشكەوتوخوازی یەكگرتووش دەكات و دابەشیان دەكاتە سەر : بەرەی میللی و بەرەی نیشتیمانی یەكگرتوو.

ئاشکرایە هەموو ئەم خەبات و تێکۆشانەش دەوەستێتە سەر ئاستی هوشیاری و ململانێ چینایەتیەکانی ناو کۆمەڵگا کە واباس دەکات کە کۆمەڵگا لەم چینە سەرەکیانە پێکهاتوە : چینی کرێکار و چینی جووتیار کە هێزێکی بنچینەیی پاڵنەری شۆڕشی نیشتیمانی دیموکراسیە و چینی وردە بۆرژواز وەك هێزێکی پێشکەوتخواز و چوارم چینیش بریتیە لە چینی بۆرژوازی نیشتیمانی.

باسیشی لەبەرەی دژ بەم بەرەی چینە شۆڕشگێڕ و نیشتیمانیانە کردوە کە بریتین لەهەریەکە لە فیودالیزم و بۆرژوازی کۆمپرادۆری و سەرمایەداری گەورە و تاقمە کۆنەپەرستەکان.

لە جێگەیەکی تریشدا بەدووردوورێژی باس لەهەریەکە لە شۆڕشی نیشتیمانی دیموکراسی و قۆناغی ڕزگاری نیشتیمانیش دەکات.باس لە هەڵوێستی چینە کۆمەلاّیەتیەکانیش لە (فیوداڵ و بۆرژوازی کۆمپرادۆری و بۆرژوازی نیشتیمانی) وبێتوانایی ودژایەتیان و باس لەڕەوتی ڕیڤینیزمیش دەکات لەو دوو شۆڕش و قۆناغانەدا.

لەجێگەیەکی تردا باس لە هەڵە و هەڵپە و کەموکوڕییەکانی هەریەکە لەو چین و توێژانە دەکات و زۆرجارانیش بە هەڵپەی چەپڕەوانەی هەرزەکارانە ناویاندەبات بۆ گەیشتنی دەستبەجێ بە سۆشیالیزم.

مام جەلال لە بەشێکی تردا باس لە ڕۆڵی گەورە و گرنگ و کاریگەری چینی کرێکار و هاوپەیمانی و کاری هاوبەشی لەگەڵ جووتیاراندا دەکات لە سەرکردایەتی شۆڕشی دیموکراسیدا بەپێچەوانەی ڕۆڵی ڕاڕایی و دوودڵی و ترسنۆکی و بەرژەوەند پەرستی بۆرژوازی نیشتیمانیدا لەڕابەرایەتیکردنی شۆڕشدا و دەڵێت :(توانای چینی کرێکار وقابیلییەتەکەی لە سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی نیشتیمانی دیموکراسی و شۆڕشی سۆسیالیستیدا،پشتئەستورە بە خەسڵەت و تایبەتمەندییە چینایەتی و قابیلییەتە جەنگاوەری و وزە شۆڕشگێڕییەکەی وەك نوێترین چینی کۆمەلاّیەتی ڕەنجدەری ستەملێکراو).

دەشڵێت ( هەربۆیە سیاسەتی دروستی چینی شۆڕشگێڕ،چینی کرێکار،لەسەر هەردوو بنەمای یەکێتی و ململانێ دەبێت لەگەڵ بۆرژوازی).

جا لە پێناو گۆڕینی (ئیمکانیەتی دابینکردنی سەرکردایەتیی پڕۆلیتاریا لە شۆڕشی دیموکراسیدا بۆ ڕاستییەکی واقیعی، بۆئەوەی پڕۆلیتاریا لە ڕاستی و لە واقیعدا ببێتە ڕابەر و سەرکردەی شۆڕشی بۆرژوازی) ئەوا بە بۆچوونی لینین دەبێت دوو مەرج فەراهەم بن:

١. دەبێت پڕۆلیتاریا هاوپەیمانیەکی هەبێت کە بشێت سەرکردایەتیی پڕۆلیتاریا قبوڵ بکات،ئەویش جەماوەری جووتیارانە.

٢. پرۆلیتاریا خۆی لە سەرکردایەتی شۆڕشی بۆرژوازی ئازاد دابڕێت و دووربکەوێتەوە لێی، بۆئەوەی خۆی سەرکردایەتی بگرێتە دەست.

لە جێگەیەکی تردا باس لە نەتوانینی جووتیاران دەکات بۆ سەرکردایەتی شۆڕش و دەڵێت :

( بەلاّم جووتیاران ناتوانن سەرکردایەتی شۆڕش تا سەرکەوتن بکەن،هەرچەندە جووتیاران سوپای بنەڕەتی شۆڕشی نیشتیمانی دیموکراسین ).لەبەر گەلێك هۆکار وەك:

١. جووتیاران چینێکی هاوچەشنی یەکخراو نین.

٢. توێژێکی ناسەقامگیرن.

٣. ئاسۆی تێڕوانین و سیاسیان کورتە.

٤. جووتیاران تیۆرییەکی شۆڕشگێڕییان نیە بەپێچەوانەی پرۆلیتاریاوە کە خاوەنی تیۆری سۆسیالیزمی زانستییە.

لەکۆتایدا باس لە ئامانجەکانی بەرەی نیشتیمانی یەکگرتوو دەکات.

* دواتریش ئاوها پێداویستیە گرنگەکان دیاریدەکات بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتیمانی یەکگرتووی پێشکەوتنخواز:

١.پێویستی بوونی حیزبێکی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ و بەهێزی خاوەن هەژموونێکی جەماوەریی فراوان.

٢. دامەزراندنی هاوپەیمانێتیی کرێکاران و جووتیاران لە ڕێگەی خەباتێکی شۆڕشگێڕانەی درێژخایەن و جەنگی شۆڕشگێڕانە و ...هتد.

٣. بەهەمان شێوە کەسبکردن و کێشکردنی وردە بۆرژوازی و بۆرژوازی نیشتیمانی بۆ ناو ئەو بەرەیە پێداویستیەکی تری گرنگە.

٤.فەراهەمکردنی دیموکراسی.

٥. گرەنتیکردنی سەربەخۆیی و یەکێتی لایەنە هاوبەشەکانی ناو بەرە.

لە کۆتاییدا ئەم کتێبە لەگەڵ ئەوەی زیاد لە ٥٠ ساڵ بەسەر نوسینیدا تێپەڕ بوە ،بەلاّم بەڕای بەندە هێشتا بیروباوەڕ و بنەما فکری و لێکدانەوەکانی پێویستیەکی ئەم سەردەمەشن بۆ وەدیهێنانی تەواوی ئامانجە مرۆڤدۆستانەکان لە ئازادی و دیموکراسی و دادپەورەی و یەکسانی و کاری پێکەوەیی نێوان هەموو نەتەوە و چین و توێژ و حیزب و سەرکردە سیاسیەکان.

هەربۆیە بەلای بەندەوە گرنگە کە هەمووان ئەم کتێبە ناوازە و نایابەی سەرۆك مام جەلالی بەهەشتی بخوێننەوە ، بەتایبەتی بۆ کادرانی حیزبی و سیاسی بەهەموو جیاوازیە فکریەکانیانەوە.

==========================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نویٚ دا لەڕێکەوتی ١/٢/٢٠٢٢دا بلاّوکراوەتەوە.

خوێندنەوەیەك بۆ ڕۆمانی مێژوویی (پاشای گەورە)

## پاشای گەورە دوای ۲۰۰ ساڵ بەشکۆی جارانیەوە گەڕایەوە کوردستان! *

زانیاری لەسەر ڕۆمانەکە:

١. قەوارەی کتێبەکە : ۳۵۸ لاپەڕەی نیو A4
٢. پێکهاتوە لە ۳۸ دیمەن یان بەش
٣. فەرهەنگۆکی وشە و زاراوەکانی تیادایە بە ٥٩ وشە

سەرچاوەکانی ڕۆمانەکە:

- شەرەفنامەی بەدلیسی
- مێژووی میرانی سۆران
- بەڵگەنامەکان لە مكتبة المتحف العراقی/دار صدام للمخطوطات
- مێژووی قاجارەکان/تاران –ئێران
- بەڵگە و بیرەوەری (ڕەجەب)ناوێك کە لەبەندیخانەی ئامەد کە حوکمی هەتاهەتایی دراوە،نوسەر ناسیویەتی و زۆر بەڵگە و نوسینی بۆ نوسەر گێڕاوەتەوە کە دەستیکەوتون لە کتێبخانە و ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانیدا لەسەر پاشای گەورە.
- هەردوو کتێبی (مەلیخا و مەلیبا)ی میرزا وەقائیع نیگاری نوسەری ڕۆژانەی دەرباری پاشای گەورە.بەزمانی فارسی کە زمانی دەوڵەتداری بوە.

١. مەلی خوا = مەلیخا : کتێبی سەرگوزشتەی ڕووداو و قەومانە گەورەکان و سەرکەوتنەکانی خاوەن شکۆ / پاشای گەورەیە.

٢. مەلیبا: سەرگوزشتەی ڕووداوە نافەرمی و کێشە و گاڵتە و گەپەکانی پاشا و دەوروبەری ناو دیوەخانە.

ئەم ڕۆمانە بەشێکی زۆری ڕووداوی مێژوویی ڕاستەقینەن و لەکاتی خۆیاندا لەلایەن نوسەری دەرباری پاشای گەورەوە تۆمارکراون هەربۆیە مصداقیەتی تەواویان هەیە.لەپاڵ ئەوەشدا نوسەر (ئارێز عەبدولا) دیقەت و کارامەیی لەنوسین و داڕشتنەوەیدا کردوە و بەزمانێکی پاراو و سادە و زۆرجارانیش بەکارهێنانی دیالێکتی ناوچەی سۆران و باڵەکایەتی تێکەڵکردوە کە بەلای منەوە جوانیەکی زیاتری بەخشیوەتە ڕۆمانەکە.

ئەم ڕۆمانە گەر بە چاوێکی وورد و دیقەت و هونەریەوە لێی بڕوانرێت هەموو ڕەگەزەکانی چیرۆك و ڕۆمانی لەخۆگرتوە لە:

١ .گێڕانەوەی مێژووی تۆمارکراو و زارەکی بۆ ڕووداوەکان

٢ . تاموچێژپێدان لەگێڕانەوەکاندا بە سەلیقەی نوسەر

٣ .چاوەڕوانی و تامەزرۆیی بۆ ئەنجامی ڕووداوەکان

٤ .خۆشەویستی و دڵداری و عیشق

٥ .ترس و بیم و جوڵە و ئاکشن و شەڕ

٦ .ئاوات خواستن و خەون و خولیا و ئومێد

٧ .خۆشی و گاڵتەو گەپ و کۆمیدیا وسەرکەوتن

٨ .باسکردن و پیشاندانی دیمەن و جوگرافیایەکی فراوانی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی پاشای گەورە

٩ .کۆتاییەکی تراجیدی

ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ:

١ . پاشای گەورەی لە گەلاڕێزانی ساڵی ١٨١٣ تا ١٨٣٨ دەسەڵاتدار بوە واتە ماوەی ٢٥ ساڵ میر و پاشای دەوڵەتی سۆران بوە.لە ڕێکەوتی ١٩/٥/١٨٢٦دا میرایەتی سۆرانی گۆڕی بۆ دەوڵەتی سۆران و لە ٥/٤/١٨٣٥دا لە کۆنفرانسێکی گەورەی میر و سەرهەنگ و ڕیشسپیان و پیاوماقوڵانی وڵاتدا لە قەڵای (دیوین)دوای پرس و ڕاوێژ و ڕاوەرگرتنی هەموان بڕیاریدا بە یەك ویەکگرتوویی هێزەکان و ئامادەسازی بۆ هەموو هێرش و پەلاماردانێکی دوژمنان بکرێت.

٢ . میرایەتی سۆران لەسەردەمی پاشای گەورەدا ناوی بە دەوڵەت براوە لەبەر:

* سنورێکی فراوانی هەبوە هەر لە ( موکریانەوە درێژدەبێتەوە تا کەرکوك و لەوێشەوە تا بۆتان و ماردین و نزیك دیاربەکر).

* سکە و دراوی سەربەخۆی لێداوە.

* ئاڵای سۆرانی هەڵکرد/ کە وێنەی خۆری تیادابوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی صلاح الدینی ئەیوبی کە لەسەر گۆڕەکانیان وێنەی خۆر لەسەر کێلی قەبرەکانیان هەبوە.

* ڕۆژانی هەینی لە وتاری هەینی مزگەوتەکانی دەوڵەتەکەدا تەنها دوعا بۆ پاشای گەورە کراوە نەك خەلیفەی عوسمانیەکان کە ئەو سەردمە واباوبووە.

* سوپایەکی ڕێکخراوی گەورە و بەهێز و مەشقپێکراوی هەبوە.

* باج و خەراج و گومرکانە و سەرانەی نەداوە بەدەوڵەتی خەلیفەی عوسمانی لە ئاستانە.

* ولاّتی بەشێوەیەکی هەرێم و ولایەتەکان(شێوە فیدڕاڵیەکی ئەمڕۆ) دابەشکردوە و هەریەکە میر و دەسەلاّتی خۆی هەبوە و سالاّنە باج و خەراجیان داوە بە دەوڵەتی سۆران کە پایتەختەکەی شاری ڕەواندوز بوە.

**خەون و ئاواتەکانی پاشای گەورە**

دەرهێنان و ڕزگارکردنی تەواوی خاکی کوردان بوە لە ژێر چنگ و داگیرکاری قاجاران و عوسمانیەکان.

**سیفەتە کەسیەکانی پاشای گەورە:**

١ .سزای توند و بەزەبر و زەنگ و دادپەروەر بوە.

٢ .بەسام و هەیبەت و شکۆ بوە.

٣ .حەزی بە بەزمگێڕان و گاڵتەوگەپ و سەرخستنەسەر کەسانی تر بوە.

٤ .دەستکراوە بوە بۆ هەژاران و نەداران.

٥ .کەسانی ڕاست و ڕاستگۆ و مەردی خۆشویستوە.

٦ .هەمیشە بە قاقا و لەدڵەوە پێکەنیوە و هێندە لەدڵەوە پێکەنیوە کە سوور هەڵدەگەڕا.

٧ . پاشای گەورە پیاوێکی تێکسمڕاوی دەستو بازو و بەهێز بوە.

٨ .دەموچاوێکی سوور و سپی هەبوە کە لەشازەمان خاتوونی دایکی چوە.

٩ .دەموچاوی قینچەکداربوە⁄ بۆیە هەمیشە ڕدێنی هەبوە یان خۆی حەزی بە هێشتنەوەی ڕدێن کردوە.

١٠ .ڕدێنەکەی ڕەنگ مەیلە و قاوەیەکی نەرم بوە.

١١ .چاوێکی زۆر کز بوە و مەیلی نابینایی دەدا(هەربۆیە زۆر جاران بە پاشای کۆرە یان کۆر پاشا)ناودەبرێت.

١٢ . چاوی چەپی خێل بوە.

١٣ .پیاوێکی گورجوگۆڵ و پانوپۆڕ بوە.

١٤ .زۆر خۆر نەبوە لە خواردندا⁄بەلاّم حەزی لەخواردنە هەمەجۆرەکان بوە.

١٥ .دەنگی نەرم بوە.

**کارەکانی پاشای گەورە لەماوەی دەسەلاّتیدا:**

- سەرەڕای شەڕ و شۆڕی بەردەوام و بلاّوبونەوەی نەخۆشی(تاعوون) لە ولاّتدا،پاشای گەورە توانیویەتی کە :

١.هێز و توانای لە دابینکردنی ئەمن و ئارامی و سەقامگیری لە وڵاتدا پیشانداوە.بەشێوەیەك هیچ کەسێ دزینەکردوە و دوکانەکانی پایتەخت بەشەو دەرگایان دانەخراوە.و بارەکانی بەردەم کاروانسەراکان بەبێ پاسەوان بەجێهێڵراون.وکەس بیری لە دزین و دەستبەسەراگرتنیانی نەکردۆتەوە.

٢.ڕێکخستنەوەی کاروباری حکومەت بەشێوازێکی نوێ و دانانی سەرۆك دیوان و باش کاتب ومیری هەرێمەکان.

٣.ڕێکخستنەوەی ئیشوکاری لەشکر لەڕووی مووچە ومەشق و ڕاهێنان و جلوبەرگ ( لەسەر بنەمای پلەی سەربازیان لە سەرقۆڵ و فەرماندەکان و جەنگاوەرکان و سەردار و سەرهەنگەکان)و خواردن و چەك و تەقەمەنیەوە.

٤.نۆژەنکردنەوەی قەڵاکۆنەکان و دروستکردنی قەڵای نوێ بەشێوازێکی نوێ.

٥.دروستکردنی تۆپ بە ٣ قەوارەی جیاوازی گەورە و مامناونج و بچووك.

٦.لێدانی دراوی سەربەخۆ.

٧,دروستکردنی دەیان مزگەوت و مەدرەسەی ئاینی لە وڵاتدا و دەوڵەمەندکردنیان بە کتێبخانە و کتێبی گرنگی هەمەجۆر.

٨.دانانی دەیان یاسا و ڕێسا کە هەموو خەڵکی پێوەیان پابەندبوون،بەشێوەیەك دۆزینەوەی کەلوپەل بەبێ بوونی شاهید دەستیان لێنەدراوە.

٩.دروستکردنی تۆڕێکی گەورە و فراوانی ڕێگاوبان و پردەکان.

١٠.بوژاندنەوەی بازرگانی و ئابوری و بازاڕەکان.

١١.باج و گومرکی ڕێکخستۆتەوە و کەم وەردەگیرا.

١٢.ڕاکێشانی دەیان جۆگەی ئاو بۆ ئاوداشتن لە گوندەکاندا.

١٣.دامەزراندنی کارگەی چەك و تەقەمەنی.

١٤.بایەخدانی گەورەی بە پیشەسازی ئاسنگەری لەشار و گوندەکاندا.

١٥.گرنگیدان بە ئاژەڵداری و کشتوکاڵ.

١٦. پاشای گەورە ، زۆر شانازی بە نەتەوە و نیشتیمانی کورد و کوردستانەوە کردوە بۆ نموونە: باسی لە کوردبوونی باوکی صلاح الدینی ئەیوبی کردوە( ئەیوب) کە یەکێك بوە لە میرە بەشکۆکانی سۆران و لە سۆران لەدایکبوە. و دواتریش (یوسف)ی کوڕی = صلاح الدین هەر لە (دوین) لەدایکبوە.

کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە:

لەم ڕۆمانەدا ٩٥ کاراکتەر باسکراون ناویان هاتوە.

جێگە و جوگرافیای ڕۆمانەکە: لەم ڕۆمانەدا ١٢١ جێگە لە (گوند و شارۆچکە و شار و وڵات) ناویان هاتوە.کە بۆخۆی بریتیە لە ئەتڵەس و جوگرافیایەکی پانوپۆڕی کوردستان و ناوچەکە لەو سەردەمەدا.

تیشکخستنە سەر چەند لاپەڕەیەکی گرنگی سەردەمی دەسەلاتی پاشای گەورە:

١. لایەنی سیاسی و دیبلۆماسی و سەربازی

پاشای گەورە پیاوێکی دووربین و زانا و شارەزای کاروباری سیاسی و سەربازی بوە و پەیوەندی توندوتۆڵیشی هەبوە لەگەڵ سەرجەم میرەکانی وڵاتی خۆی و پاشاکانی دەوروبەر وەك ( محمد علی پاشای میسر و ئیبراهیم پاشای کوڕی و تەنانەت والیەکانی بەغداد و موصڵ لەنمونەی داودپاشا و علی ڕەزا و ڕەشید پاشا و میرەکانی ناوچەکانی دیاربەکر و هەکاری و ..هتد.) و لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیش و باب العالی و دواتریش لەگەڵ دەوڵەت و سەرکردە سەربازیەکانی قاجاریان و ئینگلیز و ڕووسەکاندا).

لەم بوارەدا، لەوەلامی پرسیارێکی پسئاغای هەکاریدا کە دەڵێت، بۆچی ناوی دەوڵەتەکە لە سۆرانەوە نەگۆڕین بۆ کوردستان؟

پاشای گەورە وەلام دەداتەوە و دەڵێت : ( ڕاستە کوردستان لە سۆران گەورەترە.بەلام هێشتا کاتی ئەو ڕاگەیاندنە ماوە و جارێ نابێ هەموو بەرەکان لەخۆمان بکەینەوە و دوژمنەکانمان هارتر بکەین).

ئای کە ڕێکەوتێکی سەیرە و دوای ٢٠٠ساڵ تازە بەتازە سەرکردایەتی کورد لەم باشوورەی کوردستاندا بەبێ لێکدانەوەی کاریگەریە ناوچەیی و دونیاییەکان و بەرژەوەندیەکانی میلەت بڕیاری سەرپێی و بێ زەمینەسازی تەواو بڕیاری (ڕیفراندۆمیان داو هەرزووش لێی پەشیمانبونەوە کەبوە هۆکاری نەگبەتی و بچوکبونەوەی زیاتری هەرێمی کوردستان).

وەك کارێکی دیبلۆماسی و دروستکردنی ڕایەڵەی پەیوەندی دیبلۆماسی .لەم ڕوانگەیەوە پاشای گەورە پێش ٢٠٠ساڵ بەر لە ئێستا لە گرنگی و کاریگەری دیبلۆماسیەت و پەیوەندیە دەرەکی و هەژموون و کاریگەریە ناوچەییەکانی تێگەیشتوە و بەپێی توانا و بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتەکەی خۆی، خۆی ڕێکخستوە و گونجاندوە لەگەڵ هەمواندا تا ئەو ڕادەیەی مەترسی هێرش و پەلامارەکانی دوورخستۆتەوە لە خۆی و لەکۆتا خاڵی لێکتێنەگەیشتنیشدا پەنای بردۆتە بەر

بەرگریکردن و مقاوەمەتکردن تا توانیبێتی و هیچ کاتیش نەچۆتە جەنگ و شەڕێکەوە کە سەرکەوتنی تیادا مسۆگەر نەکردبێت و شەڕی ماڵوێرانیکەری نەکردوە.

پاشای گەورە زۆر باش لە نیەت و مەرام و سیاسەتی داگیرکارانی هەردوو دەوڵەتی قاجاری فارسی و عوسمانیە تورکەکانی زانیوە و زۆرجاران باسی نادادپەروەری و فاحیشەی دەسەڵاتەکانی کردوون کە چۆن لە سەر جەور و ستەم و داگیرکاری و ڕووتاندنەوە و کوشتوکوشتار و وێرانکردنی وڵاتان و هەرێمەکانی نەتەوەکانی تر ژیان و گوزەرانێکی خۆشگوزەرانیان بۆخۆیان پێکەوەناوە لەسەر باج و گومرك و سەرانە و داگیرکردنی وڵاتان و بەسەبایاکردنی کچان و ژنان و بەزۆرەملێ سەربازگیری گەنجان و پیاوان و...هتد.

باش لەمەبەستیان تێگەیشتوە کە تەنها داگیرکردنی کوردستانیانە، ئەوەتا لەگەڵ ئەوەی کە بەڵێنی باب العالی عوسمانی هەبوە بۆ دروستکردنی ولایەتێك بەناوی کوردستان کە ئەو میریایەتی بکات بەلاّم بەو مەرجەی کە بگەڕێتەوە ژێر دەسەلاّتی باب العالی.بەلاّم پاشای گەورە قایل نەبوە بەرامبەر پۆست و پلە و ئیمتیازاتی کەسی جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ دۆخی ژێر دەستەیی.

٢. هەوڵدان بۆ یەك و یەکگرتوویی کوردان

پاشای گەورە یەکێك لەخەون و خولیاکانی بریتی بوە لە یەکخستنی نێوماڵی کوردان و ڕزگارکردنی تەواوی وڵاتی کوردان لەژێر دەستەیی و داگیرکاری ڕۆم و عەجەم.لەو پێناوەشدا ئەوەی بەشەڕ بۆی کرابێت وڵاتی کوردانی ڕزگارکردوە ،ئەوەتا دەڵێت : ( شەڕ و مقاوەمەتکردن و بەرگری ئەرکن کە پێویستە جێبەجێبکرێت لەکاتی پێویستدا ) بەلاّم ( بەرگری و شەڕێك ئازایەتی نیە، کە ماڵوێران و کاولکاری وڵاتی لەدواوە بێت و هەندێك جار خۆلادان و مانۆڕکردن لەشەڕ ئازایەتی و جوامێریە ).

ئەوەشی بۆی نەکرابێت لەڕێگەی پەیوەندی دۆستانەوە و گفتوگۆوە هەوڵی داوە گەر یەکیش نەگرن بەلاّم نابێت دژایەتی یەکتر بکەن.بەتایبەتی لەگەڵ میرنشینی بابان و هەموو ئەو میرانەی کە کەوتبونە فەلەکی هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانیەکانەوە.بۆیە پاشا تێڕوانینێکی نەتەوەیی پێش نیشتیمانی هەبوە و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سۆرانیش لە میرایەتیەوە هەر بەو مەبەستە بوە.زۆر شانازیشی بەکوردبوونی خۆیەوە دەکرد.

بەلاّم وەکو خۆی وتەنی : ( بەلاّم داخەکەم ئێمەی کورد هەمیشە خۆخۆرین و حەزمان لە ماڵ ماڵۆکانیە ).

٣. بڕوابوونی پاشای گەورە بەتواناکانی ژن

لەمێژووی کورد و بەتایبەتیش میرانی سۆراندا دەیان ژنی هەڵکەوتووی ئازا و بەجەرگ و بەناوبانگ لە شەڕ و ئیدارە و سەرکردایەتیدا هەڵکەوتوون لە وێنەی (میهراکۆ و مەنسورەی ئەردەلانی و خاتوونی صلاح الدینی ئەیوبی لەدوای صلاح الدین لەشاری حەڵەب بۆماوەی پێنج ساڵ فەرمانداری شارەکەی کردوە وخانزادی میری سۆران کە پێش ٤٠٠ساڵ لە ئێستا میرایەتی سۆرانی کردوەو ...دەیانی تریش.)پاشای گەورە هەموو کات بڕوایەکی تەواوی بەماف و تواناکانی ژنان هەبوە و هەمیشە خۆی بەداکۆکیکار و پاڵپشتی ژنان زانیوە و لەهەر کێشە و گرفتێکدا کە ڕووبەڕوویان بوبێتەوە پشت و پەنای ژنان بوە وەك لە کێشەی (نەسرینە دۆم و عەلیە کوتك وشەمام و گوڵستانی دەف ژەن و ...هتد.)بەدیار دەکەوێت .

دواتریش پێکەوەنانی هێزێکی چەکداری ژنانە بە سەرکردایەتی (شەمام و گوڵستانی دەف ژەن) و لەپاڵ پیاواندا کاتێك خۆیان داوا دەکەن و دوای مەشق و ڕاهێنانی توندی سەربازی ئەرك و کاری بەرگریکردنی گەورەیان پێدەسپێرێت و بەشداری شەڕە گەورەکانیشیان پێدەکات.هەروەك لە جەنگ و هێرشی هێز و سوپای عوسمانیان لە سێ قۆڵەوە بەسەرکردایەتی ڕەشید پاشا لە ناوچەی زێی گەورە بۆ سەر ڕەواندزی پایتەخت و ڕۆڵی جوامێرانەی شەمام و هێزەکەی لەو شەڕەدا کە بۆتە ویردی سەر زمانی هەموان و پاشاش خەلاتیانی کردوە.

٤. بڕوابوونی پاشای گەورە بە توانا و پشتیوانی میلەت

لەم بوارەدا هەمیشە پاشای گەورە جەختی کردۆتەوە و ئامۆژگاری سەرهەنگ و میرەکانی خۆی کردۆتەوە کە:

دووربکەونەوە لە نادادپەروەری لەگەڵ ڕەعیەت و میلەتی خۆتاندا چونکە نادادپەروەری مۆرانەی هەموو فەرمانڕەواییەکانە.(وەکو ئێستا لەم حکومەت و دەسەلاتەی خۆماندا هەیە).

هەمیشە ئامۆژگاری کردوون کە کارێك نەکەن کە میلەتی خۆمان پشتمان تێبکات،چونکە دوای خوای گەورە پشتوپەنای ئێمە هەر میلەتی خۆمانە.(بەداخەوە لە ئێستادا هێندەی پشت بە دەرودراوسێ دەبەستین نیوهێندە پشت بە میلەتەکەی خۆمان نابەستین).

٥. بڕوابوونی بە ژیاندۆستی و پێکەوەژیانی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردەواری

ئاشکرایە کە ولاتی کوردان هەمیشە و لەدێر زەمانەوە جێگەی نیشتەجێبوون و ژیانی چەندین نەتەوە و ئاین و مەزهەبی جیاواز بوە،و هیچ کات لە کۆنەوە تاکو ئێستا سەران و دەسەلاتدارانی کورد دەستپێشخەر نەبوون لە کوشتوکوشتاری کەمینە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبیەکانی جولەکە و فەلە و دیان و عەرەب و تورکومان و ئازەر و ...هتد.نەك هەر ئەوە بەڵکو زۆرجارانیش

لە نزیکترین کەسەکان بوون لە دەسەلأتدارانەوە و کار و پۆستی ڕەسمیشیان هەبوە و ئەوانیش لەسایەی ئارامی و دەسەلأتی کوردا بەشداری جدییان کردوە.بەلأم هەمیشەش هۆکارێك بوون بۆ دەستێوەردانی ولأتانی ناوچەکە و زلهێزەکانیش بۆ کاروباری ناوخۆی دەسەلأتداریێتی کوردی بەهۆی ناوزڕاندن و دەنگۆو ڕاگەیاندنی چەواشەی دوژمنانەوە کە ئەو کەمینانە دەچەوسێنەوە لەلایەن کوردەوە هەروەکو ئێستا.

دەرئەنجام و هەڵسەنگاندنی ڕۆمانەکە:

١. ڕۆمانەکە ، مێژوویەکی ڕاستەقینەی ڕابووردووی پێش ٢٠٠سالّی میرایەتی و دەولّەت و دەسەلأتێکی کوردی بەهێزی گێڕاوەتەوە کە دەکرێت بکرێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ لێکۆلّەران و زانستخوازان و خوێندکارانی بوارەکە.

٢. ڕۆمانەکە،جوگرافیا و پێگە و ناوچەگەلێکی فراوانی باسکردوە و ناویان هێنراوە کە لە ژێر قەلّەمڕەوی دەولّەتی سۆراندا بوون.چەندەها دیمەنی جوان و ناوازەی سروشتی کوردستانی تێکەلّ بە شەڕ و کوشتار و خۆشەویستی و کۆمیدیاو تراجیدیا کردوە کە دەکرێت لەلایەن سینارستێکی بەتواناوە بکرێتە دراما و تەنانەت فلیمی سینەماییش.

٣. ڕۆمانەکە، لە چەندین جێگەدا باس و سەرگوزشتەی خۆشەویستی و دلّداری پاکوخاوێنی کوڕان و کچانی کوردی ئەو سەردەمە دەکات،کەوەك ڕەگەزێکی ڕۆمان و چیرۆك لایەنێکی گەشی ئەم ڕۆمانەیە، وەك نمونەکانی خۆشەویستی ( سۆراو و گولّستانی خدر پیرۆ) و(سیامەند و گولّخاتر).ئەوەتا لەسەر زاری سیامەندەوە دەلّێت : ( ئاگری خۆشەویستیەك لەدلّەوە هەلّگیرسابێ نە بە میر و پاشایان و نە بە ئاوی وان دانامرکێتەوە).

هەروەها دەلّێت : ( هێزی دلّ لە هێزی چەك و پارە زۆر گەورەتر و بە بڕترە).

هەر لەو چوارچێوەیەدا و لەسەر زاری گولّ خاتریش ،دوای ئاشکرابوون و گرتنیان لەلایەن میر سلێمانی مێردیە و دواتریش لێخۆشبونیان و پێکەوەبونیان لەگەلّ سیامەند وەك مەیتەرەوانی میر لەکۆشکەکەیدا کاتێك میر سلێمان لە گولّخاتر دەپرسێت بۆ تائێستاش هێندە دلّت خۆشە لەگەلّ سیامەند و لەو کات و کارکردنەدا لەوەلأمدا دەلّێت : (ستەم گەورە بێ یان گچکە،هەر ستەمە، کاری بەزۆری و تۆپزیش هەرگیز بێ کاردانەوە و ئەنجامی باش نابێت . من لای خۆم ئەم ژیانەم بۆ خۆدانابوو،بەلأم بابم بە زۆری و بەکوتەك ناردمیە ناو کۆشك،بڕوا بکە دلّخۆشی و بەختەوەری بەکۆشك و زێڕ وتەخت و تاراج نیە،خۆ ئەگەر وابوایە دەبوو کە کەم کەس بژیانایە،بەلأم هەر کەسێك ڕێگایەکی تایبەتی بەختەوەری بۆ خۆ دەدۆزێتەوە یان خوا پیشانی دەدا.بۆیە دەبێت پاشا و گەدا،نەدار و دەولّەمەند،ئاغا و جوتیار هەمووومان بژین).

ئای لەو خۆشەویستیە ڕاستەقینەیەی جاران و لە خۆشەویستی گەنجانی ئەمڕۆ و ئەم سەردەمەمان.

٤. ڕۆمانەکە هێندە بە زمانێکی سادە و کوردانەی پاراو نوسراوتەوە کە هەمووکەس بەباشی لێی تێدەگات و حەز بەخوێندنەوەی دەکات ولێی بێزار نابێت.

**لە کۆتاییدا:**

دەستخۆشی و ماندونەبونی لە براو و هاوڕێ و هەڤاڵی خۆشەویستم کاك ئارێز عەبدوڵا دەکەم.بۆ نوسینی ئەم شاکارە زۆر نایابە کە بەهەق ماندبوون و ئارەق ڕشتن و ئەرشیف هەڵدانەوە و گەڕان وخوێندنەوەی دەیان سەرچاوەی ویستوە.خوازیارم تەمەندرێژ و تەندروست باش بێت بۆ ئەوەی لە ئایندەدا بەرهەم و شاکاری جوانتر و بەپێزترمان پێشکەش بکات و کتێبخانە و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی دەوڵەمەندتر بکات.

==========================================================

* ئەم بابەتە لە واڵی خۆم لە فەیسبووك لە ڕێکەوتی ١٦/٦/٢٠٢٢دا بلاۆکراوەتەوە.

خوێندنەوەی کتێبی بیرەوەریەکانم بۆ کاك فاروقی مەلا مستەفا

# کاك فاروق شیوعیەکی عەیارە ٢٤ و سەرمایەدارێکی سوور *

کتێبی (بیرەوەریەکانم) ،کە لەلایەن کاك فاروقی مەلا مستەفاوە نوسراوەتەوە لە شوباتی ساڵی ٢٠١٧ وەك بەرگی یەکەم.کە خۆی دەبینێتەوە لە ٤٧٢ لاپەڕەی قەبارە وەزیریدا ٢٤*١٧سم بە بەڵگە و وێنەکانەوە،بەبەرگ و ناوەڕۆك و نەخشەسازیەکی جوانەوە.من تازە بەردەستم کەوتوە و خوێندومەتەوە لەماوەی تەنها ٤ ڕۆژدا. هەربۆیە حەزمکرد خوێندنەوەیەکی بۆ بەکەم وئەو تێبینیانەی کەلام دروستبوون لەسەر هەندێ بابەت و بڕگەی بیرەوەریەکانی بەرێزیان بخەمە بەرچاوی خوێنەرانی ئازیزەوە،و مەبەستەکەش بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و دەرخستنی ڕاستیەکانی ئەو قۆناغە مێژوویانەی کە کاك فاروق بە جوانی و بەووردی و بێ پێچ و پەنا باسی کردون بەزمانێکی سادە و ساکاری وەها کە مرۆ و خوێنەر لێی بێزار نابن.بۆیە جێگەی دەستخۆشیکردنە.

سەرەتا بەلای بەندەوە نوسینەوەی یاداشت و بیرەوەریەکان لەلایەن کەسایەتیە دیار و ناسراوەکانی هەموو کۆمەڵگاکانەوە جا لەهەر بوارێکدا (سیاسی و ئابوری و ئەمنی و کۆمەڵایەتی و ئەدەب و فەرهەنگ و زانستی و..هتد.)بێت کارێکی ئێجگار گرنگی مێژووییە ، لەلایەك بۆ دەرخستن و ئەرشیفکردن و تۆمارکردنی ڕووداوەکان و لەلایەکی تریشەوە بۆ پەندوەرگرتن لەلایەن نەوەکانی ئێستاو ئایندەوە لە مێژوو و هەڵەکانی ڕابووردوو.هەربۆیە دەستخۆشی لەهەرکەسایەتیەك دەکەم کە ئەوکارە دەکات و بەتاییەتیش بۆ کاك فاروق وەك کەسایەتیەکی سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیر و کۆمەڵایەتی.چونکە بەکۆی ئەو بیرەوەری و یاداشتە کەسیانە بەشێکی گەورە و گرنگی مێژووی گەل و نەتەوە و نیشتمانەکەمان دەنوسرێتەوە.بۆیە گرنگە ئەوەی دەستی قەڵەم دەگرێت بەڕای من دەستبداتە نوسینەوەی ئەو بیرەوەریانە.

خوێندنەوە و تێبینیەکانم

ئاشکرایە بیرەوەریەکانی کاك فاروق ماوەی ساڵانی ١٩٤١ لەکاتی لەدایکبونیەوە تا ١٩٩٤-١٩٩٨ ی لەخۆگرتوە کەماوەی نزیکەی ٥٣ ساڵ دەگرێتەوە.کە زۆرێك لەڕووداوە گرنگەکانی عێراق و کوردستانیش لەوماوەیەدا ڕوویانداوە هەر لە حوکمڕانی پاشایەتی و دواتر ڕووخاندنی و هاتنە سەر حکومی کۆماریەکان و شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ و دواتر بەعسیەکان لە ١٩٦٣ و شۆڕشی ئەیلولی کوردستان لە ١٩٦١-١٩٧٥ و خەبات و ڕاپەڕینی گەلانی عێراق

لەلایەن حیزبە سیاسیەکانی ئەو کاتە و بەتایبەتیش حیزبی شیوعی عێراقیەوە وەك یەکێك لەگەورەترین و دێرینترین حیزبی سیاسی کە لەساڵی ١٩٣٤دا دامەزراوە و یەکەم سکرتێر و دامەزرێنەرەکەشی هاوڕێ یوسف سلمان یوسف (فهد)لە ١٤ی شوباتی ١٩٤٩دا لەسێدارەدراوە وەك یەکەم سیاسی عێراقی. و دواتریش ناکۆکیەکانی نێو باڵەکانی شۆڕشی ئەیلول (جەلالی و مەلایی)١٩٦٤ و کودەتاکانی بەعس و ململانێ ناوخۆییەکانی حیزبی شیوعی و دواتریش هەرەسی شۆڕشی چواردە ساڵەی ئەیلول و لەسالآنی حەفتاشدا هەلآیسانەوەی شۆڕشی نوێی کورد و جەنگی عێراق -ئێران و دواتریش ڕاپەڕینە پڕ شکۆکەی ساڵی ١٩٩١ی گەلانی عێراق و کوردستان دوای شکستی ڕژێمە فاشیستەکەی بەعسی صدامی دوای داگیرکردنی کوێت لەساڵی ١٩٩٠دا و...هتد.هەموو ئەم ڕووداو و کارەساتە گەورانە لەماوەی ئەو ٥٣ ساڵەدا ڕوویانداوە.کە کاریگەری گەورەی ئەرێنی و نەرێنیان لەسەر ئێستا و ئایندەی کۆمەڵگای عێراق و کوردستانیش هەیە.

سادە و خاکێتی و ڕاستگۆیی کاك فاروق

جا کاك فاروق وەك سەرکردە و کادر و ڕۆڵەیەکی شۆڕشگێڕ و لایەنگری شۆڕش و خەباتی چەکداری لە حیزبی شیوعی عێراق و دواتر قیادە مەرکەزی لەکوردستاندا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوە و کارەکتەرێکی هەڵسوڕاو و چالاك و بەرچاویش بوە ،نەك وەك هەندێك کەس کە مێژوو دەنوسێتەوە خۆی دەکاتە پاڵەوان و ئەوانی تر سفر دەکاتەوە.کاك فاروق بە شێوەیەکی زۆر سادە و تەوازوعەوە باس لەکار و هەڵوێست و گوتارەکانی خۆی کردوە و ئاستی گوزەران و ژیانی لەهەژاریەوە تا دەوڵەمەندبوون و کاری حیزبی و سیاسی و کۆمەلآیەتی و ئابوری و بازرگانی و خۆپێگەیاندنی کردوە و خۆی نەکردۆتە پاڵەوانی تاك و تەنهای ئەو مێژوە.بە ئێستاشەوە خۆی لێ نەگۆڕاوە .کە ئەمە خەسڵەتی پیاوی سادە و ساکار و لەخۆنەگۆڕاو و بێ فیز و مەغرورە کە ڕەنگە هەرکەسێکی تر بوایە لەجێگا و پایەی ئێستای کاك فاروقدا زۆرێك لەو ڕووداوانەی بەجۆرێکی تر باس بکردایە.من بۆخۆم لەهەموو گێڕانەوەکانیدا هەستم بەڕاستگۆییەکی گەورە دەکرد لەهەر جێگەیەکدا پێویستی کردبێت بەباشە باسی لە هاوەڵ و هاوڕێ و دۆستەکانی کردوە و لەجێگەی تریشدا بێ ترس و سڵەمینەوە باسی لەکەسانی خائین و ئینتهازی و تەحریفی و لادەر و ڕیڤینیزمەکانی هاوڕێی کردوە لە ناو حیزب و سەرکردایەتی حیزبی شیوعیدا.کە زۆر کەس هەمیشە خاتری خاتران دەگرن و خۆلادەدەن لەباسکردنی کارە چەوت و هەڵە سیاسیەکانی کەسانی تر لەبەر هەرهۆیەك بێت.

ڕەخنەگرتنەکانی کاك فاروق لە کار و کردەوەکانی حیزبی شیوعی

زۆرم پێخۆش بوو کە کاك فاروق بەووردی و دیقەت و چاوێکی ڕەخنەگرانەوە باس لە کێشە و ململانێ حیزبیەکانی ناو حیزبی شیوعی عێراقی کردوە هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٦ و هێڵی ئابی ١٩٦٤ ودواتر پەرەسەندی بۆ ساڵی ١٩٦٧و دواتریش دووکەرت بوونی بنکە و سەرکردایەتی ئەو حیزبە بۆ لیژنە مەرکەزی (سلمی) و قیادە مەرکەزی(شۆڕشگێڕ) و دواتریش تەسلیمبونی سەرکردایەتی ئەو حیزبە بە هەژموونی بەعسیەکان و بەشداریکردنیان بەڕابەرایەتی بەعس لە( بەرەی نیشتیمانی نەتەوەییدا) و دواتریش پەڵپ و بیانووپێگرتنیان و ڕاوەدونانیان لەلایەن بەعسیەکانەوە هەموو ئەمانەش بەهۆی گوێڕایەڵی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی بۆ بەرنامە و پلان و بڕیارەکانی حیزبی شیوعی سۆڤیێتی بووە لە ل١٩٦دا وەك بنەمایەکی حیزبی شۆڕشگێڕ نوسیویەتی (هەر حیزبێك یەك ڕیز نەبێت ناوەندێتی نامێنێت و دیسپلینی ئاسنین نامێنێت )، بەڕاستی زۆر جوان بۆی چوە. سەرەتا لە تێکچوونی ڕیزەکان و نەمانی یەك و یەکگرتوویەوە سەری هەڵداوە دواتر هەڵکشاوە بۆ نەمانی مەرکەزیەت و جیابونەوە و دواتریش بێهێزبوونی ئەو حیزبانە ،نموونەکانی جیابونەوەی باڵی مەلایی و جەلالی ساڵانی شەستەکانی نێو پارتی و ململانێ ناوخۆییەکانی حیزبی شیوعی و لەئێستاشدا دەبینین کە زۆربەی حیزبەکان لەعێراق و کوردستانیشدا، توشی هەمان پەتاو نەخۆشی بونەتەوە تەنها و تەنهاش لەسەر بەدەستهێنانی پلە و پۆست و ئیمتیازاتە کەسی و بنەماڵەیی و حیزبیەکانە نەوەکو لەسەر مەسەلە گرنگەکانی نیشتیمانی و نەتەوەییەکانی وەکو دیموکراسی و ئازادیەکان و یەکسانی و دادپەروەری و گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵگاو پێکەوەنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی خۆشگوزەران(نیشتیمانێکی ئازادا و گەلێکی بەختیار).

ئاشکرایە لەکۆن و نوێشدا هەموو ململانێ ناوخۆیەکانی حیزبە کوردستانی و عێراقیەکان لە کۆنەوە تاکو ئێستاش دوای زیاد لە ٨٠ ساڵ هێشتا سەرکردە و جەماوەر و حیزبە سیاسیەکان پەند و عیبرەتیان لەو بنەمایە و لەو هەموو ناکۆکی و ململانێ حیزبیە تەسکانەی ڕابووردوو وەرنەگرتوە کە هەموانیان بونەتە مایەی دواخستن و زیاتر لێکترازانی ڕیزەکانی گەلەکەمان و لەولاشەوە بەقازانجی داگیرکارن و دوژمنانی کورد و کوردستان شکاونەتەوە.

پەیوەندیەکانی نێوان پارتی و حیزبی شیوعی

لە ل ١٢٣دا باس لە ڕووداوی//تاوانی (کانی ماسی)نزیك سلێمانی دەکات لەساڵانی شەستەکاندا ١٩٦٣کە کۆمەڵێك کەس هەستاون بە کاری نابەجێ و ترس و تۆقاندن و

تیرۆرکردنی کەسایەتیەکان و بەتایبەتیش شیوعیەکان لە نمونەی هاوڕێیانی شیوعی ( عوسمان سەیوانی و ئەوڕەحمانی سالْحی خلە ).کە گوایە لەلایەن کاژیکەوە ئەنجام درابێت کە وەکو کاك فاروق دەڵێت ڕێکخراوێکی بچووکی بێهێز بوو بەلاّم کاتێك کارەکانیان هێندە قیزەون بوو و سەرکردایەتی پارتی پێی زانین هەموانی چەککردن و دوورخستنەوە و ئیدانەی کار و کردەوەکانی کردن و کۆتایی پێهێنان.

من لێرەدا دەڵێم خۆزیا کاك فاروق:

یەکەم :ناوی هەموو ئەو کەسانەی بنوسیایە کە بەشداریان لەوکارەدا کردوە،کەوەك دەڵێت هەموانیان ناسراوبوون لە سلێمانیدا ،ئەمە نەك بۆ شکاندن و ناوزڕاندنی خۆیان و بنەماڵە و خێزانەکانیان بەڵکو بۆ دەرخستنی ڕاستیەکان و تۆماکردنیان بۆ مێژوو.

دووەم: ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە کاتێك پارتی پێی زانی و کۆتایی پێهێنان و هەموو تاوانەکانی خستە ئەستۆی کاژیکەوە،ئایا هەر لەسەرەتاوە ئەمەی نەدەزانی یان چاوی لێپۆشیبوون بۆ ئەوەی ڕێگە لە شیوعیەکان و خەڵکانی تریش بگرن کە بەهێز نەبن و نەبنە ڕکابەری پارتی لەو کاتەدا ؟ ئایا لە پشت پەردەوە پارتی هاندەر و پشتیوانیان نەبوە؟ لەکاتێکدا و لەو سەردەمەدا هیچ حیزب و سەرکردەیەك لە کوردستاندا بەبێ مۆڵەت و پشتگیری پارتی نەیاندەتوانی هیچ چالاکیەکی سیاسی یان سەربازی ئەنجام بدەن؟ وەك کاك فاروقیش دەنوسێت پارتی نە بەیانی لەسەردەرکردن و نە موحاسەبەیەکی ئەوتۆشی کردن و بەبێدەنگی پەردەی دایایەوە بەسەر هەموو ئەو کارە تیرۆریستیانەی کە ئەنجامیان دابوو بەرامبەر کەسایەتی و شۆڕشگێڕە دڵسۆزەکانی شاری سلێمانیدا.

لێرەشدا حەزدەکەم ئەو ڕاستیە بڵێم کە سەرەڕای هەموو ئەو ڕکابەری و ئەنجامدانی تاوان و داپڵۆسین و سەرکۆنەکردن و بەسەرداکێشانانەی پارتی بۆ حیزبی شیوعی،کەچی لەو کاتە و لە دواتریش لەسەردەمی شۆڕشی نوێ و لە ئێستاشدا و لەکاتی یەکگرتنەوە و تێکەڵاوبونەوەی حیزبە بچووکەکان لەگەڵ پارتی و یەکێتیدا،کەچی حیزبی شیوعی کە هەڵگری ئاڵای بیروباوەڕی شۆڕشگێڕی و دژی یەمینیەت و ئینتهازی و ڕیڤینیستەکان و بیرۆکەی نێونەتەوەییان هەبوە،کەچی هەمیشە لەگەڵ پارتیدا نزیکتر و هاوپەیمان و دۆستایەتیان بەهێزتر بوە و چوونەتە ناو پارتیەوە نەك هێزە چەپ و شۆڕشگێڕ و سۆسیالیست و زەحمەتکێشەکانی کوردستانەوە.سەرەڕای کۆنەپارێزی پارتی دیموکراتی کوردستان.بەهەق ئەم هەڵوێستەی شیوعیەکان جێگەی تێڕامان و سەرسوڕمانە !

گەندەڵی

کاك فاروق  لە ل ٣٥٣ و بەدواوە زۆر بە وردی و دیقەتەوە باسی لە هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی شکستی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٥ کردوە وهەموانیشیان زۆر ڕاست و دروستن. بەلاّم ئەوەی کە من تێبینیم کردوە و لە زۆر سەرچاوەی تر و بەتایبەتیش نوسینەکانی جەرجیس فەتوحولاّی ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی سەرکردایەتی پارتی، وایدەبینم کە گەندەڵی لەو قۆناغەشدا وەکو ئێستای دەسەلاّتی کوردی لەم هەرێمەدا و لەتەواوی عێراقیشدا بۆتە پەتایەکی کوشندە و هۆکاری لێکهەڵوەشانی بنەما فکری و ئایدیا و ڕەوشت و ئەخلاق و بەها کۆمەلاّیەتیە بەرز و جوانەکانی کوردەواری و زۆرێك لە سەرکردە و کادری حیزبەکان تێوەگلاون،هەرئەمەشە کە بۆتە  هۆکاری سەرهەڵدانی ناڕەزایی جەماوەر لەکاتی شۆڕشی ئەیلول و دواتریشدا و جەماوەری کوردستان سەرەڕای بارگرانی ژیان و گوزەرانی خۆیان و تەحەمولی بارگرانی و بێگاری شۆڕشیشیان کردوە و تەنانەت کار گەیشتۆتە چەوساندنەوەی ناڕەواش.لەئێستاشدا دوای ٥٠ساڵ هەمان پەتای گەندەڵی زۆر بەخراپتر لە پێشدا بلاّوبۆتەوە و بەهەق بۆتە مەترسیەکی گەورە بۆسەر ناوو ناوبانگی ئەم دەسەلاّتە کە بەری ڕەنج و خوێن و فرمێسکی سەد ساڵی کوردایەتیە و بەتایبەتیش ڕاپەڕینە پڕشکۆکەی ساڵی ١٩٩١ی گەلەکەمان.

لەکۆتایدا دەستخۆشی و ماندونەبون لەکاك فاروق دەکەم کە لەسەرەتای ژیانیەوە (پۆلی پێنجەمی سەرەتایی) تاکو ئێستاش هەر سوور و بەردەوامە وەك کەسێکی خاوەن بیروباوەڕی ڕەسەنی کوردایەتی و شۆڕشگێڕی و سۆسیالیستی و هەمیشە بە ئاواتی وەدیهێنانی  دروشمە نەمرەکەی  حیزبی شیوعی ( نیشتیمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختەوەر) ەوەیە، و تائێستاش شیوعیەکی عەیارە ٢٤ی بێ غەل و غەشە و لەپاڵیشیدا بۆتە ( سەرمایەدارێکی سوور).

بۆیە وەك ئەندازیارێکیش دووبارە دەستخۆشی لەهەموو ئەو پڕۆژە ئەندازیاری و ئاوەدانی و تەندروستی و پیشەسازی  و زانستیانەی دەکەم کە هەریکێکیان بۆخۆی شاکارێکی ئەندازیاری گەورە و نەمرن وهێندەی تر شارە حەیاتەکەی سلێمانیان جوانتر وڕازاوەتر و ئاوەدانترکردۆتەوە. بۆیەهیوای تەندروستی باش و تەمەنی درێژی بۆ دەخوازم.

بەهیوای ئەوەی کە بەرگی دووەمی بیرەوەریەکانیشی بەدوادا بێت.

=======================================================

* ئەم بابەتە لە واڵی خۆم لە فەیسبووك لە  ڕێکەوتی ٦/١٠/٢٠٢٢دا بلاّوکراوەتەوە.

لەیادی ٤٥ ساڵەی لە سێدارەدانی شەهید احمد حەمە کەریم ئابلاخی ناسراو بە ئەحمەدی موهەندیس دا...

# دروود بۆ خۆڕاگری لە زیندان و
# نەمری بۆ گیانی پاکی دوای شەهیدبوونی
# ئەو شەهیدەی ( بزمار و قوڕقوشمیان بەقوڕگدا کردوە ) *

ژیاننامەی خەبات و ناسنامەی شەهید ئەحمەدی موهەندیس

- ناوی سیانی: احمد حەمە کریم ناسراو بە (ئەحمەدی موهەندیس)
- ڕێکەوت و جێگەی لە دایکبوون: ١٩٤٣ گوندی ئابلاخ/ سلێمانی
- خوێندن:سەرەتایی لەساڵی ١٩٦٢ لە قوتابخانەی ئەیوبیە و ساڵی ١٩٦٥ ئامادەیی لە ئامادەیی سلێمانی تەواوکردوە
- ساڵی دەرچوون لە زانکۆ: ١٩٧٠ زانکۆی تەکنەلۆجی لە بەغداد
- پسپۆڕی: ئەندازیاری کارەبا
- پەیوەندیکردن بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە:لە ساڵی ١٩٧٠دا
- خێزان و منداڵ: لەساڵی ١٩٦٨دا خێزانی پێکهێناوە لەگەڵ (گەلاوێژ خان) و سێ منداڵی لەپاش بەجێماوە بەناوەکانی (تاڤگە و ڕەنج و ڕێباز)
- ڕێکەوت و جێگەی شەهیدکردنی: شەوی ١٦/١٧/١٠/١٩٧٧ لە قەسابخانەی موصڵ

شەهید ئەحمەد ئەندامێکی پێشکەوتووی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ( کۆمەڵەی مارکسی-لینینی) و کادر و ئەندامێکی پێشکەوتووی (ی.ن.ك) یش بوو. کەمتر لە ساڵێك دوای لە سێدارەدانی شەهیدان خاڵە شەهاب و جەعفەر و انور،ئەویش لە سێدارە درا.بۆیە دەتوانین بڵێین شەهید احمدیش یەکێك بوە لەسەر قافڵەی شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری کوردستان و شۆڕشی نوێی ئەم جارەی گەلەکەمان کەلە ١/٦/١٩٧٦ دەستپێکردەوە.

شەهید ئەحمەد لەدوای دەرچوونی لە زانکۆدا(١٩٧٠-١٩٧١) لەکارگەی شەکری سلێمانی دادەمەزرێت بە ئەندازیاری کارەبا.نموونەی ئەندازیاری بە توانا و چاك و بێگەرد و چالاك و ڕەوشت بەرز بووە.

له‌هه‌موو قۆناغه جیاجیاکانی خه‌باتیدا،هه‌ر له‌سه‌رده‌می ئاماده‌یی که ماڵی باوکی له ئابلاخ بوو،ماڵه‌که‌ی شوێنی کۆبونه‌وه و دانانی به‌رنامه‌ی چالاکیه‌کانی قوتابیان و پارتی دیموکراتی کوردستان بوو له شه‌سته‌کاندا.

که‌شۆڕشی نوێ ده‌ستپێکردوه،له‌لایه‌ن یه‌کێتی نیشتیمانی کوردستانه‌وه له ١/٦/١٩٧٦دا، شه‌هید ئه‌حمه‌دیش ئه‌ندامی چالاکی کۆمه‌ڵه و یه‌کێتی نیشتیمانی بوو.بۆیه وه‌ك هه‌میشه ماڵه‌که‌ی مه‌کۆی کۆبونه‌وه‌کانی کۆمه‌ڵه و یه‌کێتی و داڵده‌دانی پێشمه‌رگه قاره‌مانه‌کان بوه.

چۆنێتی ده‌ستگیرکردنی شه‌هید ئه‌حمه‌د

له‌سه‌ره‌تای مانگی ٤ی ١٩٧٧دا مه‌فره‌زه‌یه‌کی پێشمه‌رگه بۆ ئه‌نجامدانی چالاکییه‌ك دێنه ناو شار و له‌ماڵی شه‌هید ئه‌حمه‌د ده‌مێننه‌وه،ئه‌وه‌ی جێی داخه ئه‌و مه‌فره‌زه‌یه له‌لایه‌ن ڕژێمه‌وه ده‌ستگیر ده‌کرێن و یه‌کێکیان بێ ئیراده ده‌بێت،ناپاك ده‌رئه‌چێت و ئیعتراف له‌سه‌ر هه‌موو ئه‌و هه‌ڤاڵانه‌ی که ده‌یناسێ و له‌سه‌ر شه‌هید ئه‌حمه‌دیش ده‌کات و ده‌ڵێت : (مه‌فره‌زه‌که‌مان له ماڵی ئه‌وان خۆمان شاردۆته‌وه) دوژمن که ئیشی به‌و ناپاکه نه‌ما،ئه‌ویشی له سێداره‌دا.

نه‌به‌ردی له زیندانادا

شه‌هید ئه‌حمه‌د له شه‌وی ١٤/٤/١٩٧٧ ده‌ستگیر ده‌کرێت،ئه‌شکه‌نجه‌یه‌کی بێئه‌ندازه‌ی ده‌ده‌ن و بێئه‌وه‌ی دوژمن هیچ زانیاریه‌کی لێی ده‌ستبکه‌وێت.ده‌یبه‌نه ئینزیباتخانه‌ی سلێمانی و به‌ره‌و ڕووی ئه‌و خائینه‌ی ده‌که‌نه‌وه که ئیعترافی له‌سه‌ر کردوه.خائینه‌که‌ش که جلی ئه‌فسه‌ری له‌به‌ر کرابوو،شه‌هید ئه‌حمه‌د بوێرانه هه‌رچی به‌ده‌میدا دێت به پیاوه‌کانی ڕژێمی ده‌ڵێ،بۆیه جارێکی تر سواری ئۆتۆمبێلی ده‌که‌ن و به‌ره‌و ماڵی خۆیان ده‌یبه‌نه‌وه،له قلیاسان، که ده‌گه‌نه قلیاسان،شه‌هید ئه‌حمه‌د هه‌وڵی ڕاکردن ده‌دات،بۆیه په‌لاماری فه‌رمانده‌که‌ی ئینزیبیات ده‌دات و ده‌یه‌وێ چه‌که‌که‌ی لێبستێنێ،به‌ڵام به‌داخه‌وه سه‌رکه‌وتوو نابێت،به‌مه‌ش ئازاری زیاتری ده‌ده‌ن.هه‌موو جۆرێکی ئه‌شکه‌نجه ده‌یگرێته‌وه هه‌ر له هه‌ڵواسین و کاره‌با و پانکه و ئه‌شکه‌نجه‌ی ده‌روونی و هه‌ڕه‌شی ده‌ستدرێژی شه‌ره‌ف،هه‌تا وای لێدێت یه‌کێك له ئه‌ندامه‌کانی له‌شی له‌ده‌ست ده‌دات و قورقوشم و بزمار ده‌که‌ن به قوڕگیدا،وایلێدێت به‌ره‌و گیان له‌ده‌ستدان ده‌ڕوات،جه‌للاده‌کانیش بۆ ئه‌وه‌ی به زیندوویه‌تی بیهێڵنه‌وه به‌و ئومێده‌ی سوودی لێببینن،نه‌شته‌رگه‌ری گه‌ده‌ی بۆ ده‌که‌ن بۆ ده‌رهێنانی بزمار و ئاسنه‌کان.

به‌م هه‌موو جۆره ئه‌شکه‌نجه‌دان و ئازاردانه‌وه نه‌یانتوانی یه‌ك وشه‌شی لێده‌ربێنن و ته‌نانه‌ت به‌سرووودی ئه‌ی ڕه‌قیب و تف و نه‌عله‌تکردن به‌گژ جه‌للاده‌کانیدا ده‌چوه‌وه.دوای ئه‌وه ڕه‌وانه‌ی

قەسابخانەی موصلّ دەکرێت و لەوێش جارێکی تر دەستدەکەنەوە بە ئازار و ئەشکەنجەدانی تا دوای شەش مانگ وسیّ ڕۆژی تەواو فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەردەکەن ولە شەوی ١٦/١٧/١٠/١٩٧٧دا ئەم کەڵە پیاوە لە سێدارەدەدەن و تەرمەکەشی نادەنەوە بەکەسوکاری و لە شوێنێکی نهێنیدا دەینێژن لەگەڵ دەیان ڕۆڵەی بەجەرگ و قارەمانی تری گەلەکەماندا.

وەسیتەننامەی شەهید ئەحمەد

مرۆڤ کاتێك ئەم وەسیەتنامەیەی شەهید ئەحمەدی موهەندیس دەخوێنێتەوە،دەداتە پرمەی گریان و خۆی بۆ ناگیرێت و فرمێسك بە چاوەکانیدا دێتە خوارەوە و لەهەموو وشەیەکیدا خۆڕاگری و نەبەردی لێدەچۆڕێت لەگەڵ ئەوەی باش دەزانێت تەنها پاش ٢٠ ڕۆژی تر لەسێدارە دەدرێت . شەهید ئەحمەدی موهەندیس ئاوها دەنوسێت و وەسیەت دەکات:

دوا وتەم بۆ خۆشەویستانم

لەش و گۆشتمان دەرزیّ،بەلاّم ناومان لەناو دڵی میللەتدا هەر دەمێنێت.

باوکی بەڕێز،لەوانەیە بپرسیت بۆچی خۆت و ئێمەشت فەوتان؟

باوکە گیان،پێشەکی حەزناکەم ئەم جۆرە پرسیارانەم لێبکەن،بەلاّم بە هەرحاڵ پێتان ڕادەگەیەنم کە بەڕاستی هەر لەتەمەنی لاویمدا هەست و بیرم لەوەکردۆتەوە کە دەبێت وەك هەموو کوردێکی بەشەرەفی تر بەشدارییەکی ڕاستەقینە بکەم لە ئەرکی خۆبەختکردن لە ڕێی گەل و نیشتیماندا،جا لەو ئاستەدا خۆم بە قەرزار زانیوە،بۆیە چوومە پێشەوە بۆ ئەوەی گیانی شیرینم بەلاوە هیچ نەبێت لەو ڕێگا پیرۆزەدا.

باوکی بەڕێزم،ئەزانم کە زۆرم ئازارداون،بەلاّم داواو تکای زۆرم ئەوەیە کە گەردنم ئازاد کەیت،هەمیشە ڕووخۆشبن کە من ڕۆیشتم،زۆر زۆر سەربەرزیم بۆ جێهێشتوون کە هەتا هەتایە جێگای شانازییە بۆ خێزانە خۆشەویستەکەم و کەس وکار و هاوڕێیانم.

دایکی خۆشەویستم،تکای زۆرم ئەوەیە کە هیچ کات ڕەشپۆش نەبیت و گەردنم ئازاد بکەیت.

خوشکی بەڕێزم، داواو تکام ئەوەیە ڕەشپۆش و دڵتەنگ نەبیت،ئەوەی کە زۆر زۆر لای من گرنگە کۆرپە خۆشەویستەکانت بە پەروەردەی ڕێکوپێك و خوێندەوار پێبگەیەنیت.

گەلاوێژخان هاوبەشی ژیانم،نازداری ئازیز شۆخی هاوبەشی ژیان،تێکۆشەری شەهید کە ئەمە بۆ تۆ زۆر جێگەی سەربەزییە،دایکی تاڤگەخان کاکە ڕەنج کاکە ڕێباز،لەڕاستیدا ئەبوایە کە زۆر بەدرێژی بۆت بنوسم،بەلاّم شۆخی نازدار کاتی کەمم لەبەردەست ماوە کە بەکورتی ئەمانەی خوارەوەت بۆ ئەنوسم.

پیێشەکی من زۆر زۆر سوپاست ئەکەم کە لە ژیانمدا هیچ لێت زیز نەبووم،تۆ خۆت سەربەستیت،لای منەوە گەردنت خۆش و ئازاد بێت،بەوەی کە لەگەڵ کوڕپە نازدارەکانت بە کامەرانی بژیت وەك خێزانێکی خنجیلانەی بەختەوەر وەهەروەها سەربەستیت ئەگەر ویستت شووبکەیتەوە و پیرۆزبایت لێدەکەم.

شۆخی نازدارم،زۆر ئەمەم دووبارە کردۆتەوە کە نابێت لێم دڵگیر بیت،چونکە لای من زۆر گرنگە مەبەستم پەروەردەکردنی منداڵە جوان و خۆشەویستەکانە:مانای ژیان بە چاکی تێبگەن و خوێندنیان پێ تەواو بکە،زۆر باسی هەوڵ و ئیشوکاری باوکیان بۆ بکە.حەزم ئەکرد منداڵەکانم وەك خۆم بیر بکەنەوە،هیچ گرنگ نیە جلوبەرگیان کۆن بێت،بەلاّم ڕێکوپێك بن.

شۆخی خۆشەویستم هاوبەشی ژیان،هیچ کاتێك نابێت جلی ڕەش بپۆشیت،سەرچۆپی شین و گریان دانەمەزرێنن،بەتایبەت لە شەهیدبوون و مردنی هەر کەسێکی تردا،دەمەوێت هەموو ساڵێك یادم بکەنەوە،یادی ئەو ڕۆژەی کە من بە خۆزگەوەبووم لە ڕێی کورد و کوردستان و چەوساوەکانی جیهان،شەهید بکرێم،یادی ڕۆژی لە سێدارەدانم،بەلاّم کە دەڵێم یاد مانای ئەوە نییە کە بەشین و شەپۆڕ ئەو ڕۆژە بەرنەسەر،بەڵکو لەو ڕۆژەدا سرودی نیشتیمانمان بۆ بڵێن و هەڵپەڕکێ بکەن،چونکە شەهیدبوونم ڕێگە ڕۆشنکەرەوەی خەباتی گەلمانە.

هیچ کاتێك بیر لە سەرمایە و پارە و موڵك مەکەرەوە،چونکە شۆخی خۆشەویست تۆ زۆر بەرزتریت لەهەموو ئەو کەسانەی کە خاوەنی سەرمایە و پارەومالّن.ئەگەر توانیتان لاشەکەم وەربگرنەوە و لەگەڵ هاوڕێ و هاوبیرەکانم بمنێژن.

شۆخی خۆشەویستم، تکام وایە کە هەمیشە لەگەڵ باوکم و دایکم و خوشکم و هەموو خزمەکانم ڕێکوپێکبن تا بەختیار بن هیچ ناکۆکیەکتان نەبێت،زۆر ڕێزم هەیە بۆ هەموو خزمەکانم،زۆر داوایان لێدەکەم کە منداڵەکان خوێندنیان پێ تەواو بکەن،چونکە دەردی نەخوێندەوارییە کە ئێمە وا ماوینەتەوە.بەلاّم مژدەتان دەدەمێ کە بیر و باوەڕێکمان چاندووە، کە ئێستا سەری دەرهێناوە و سەوزبووە،کە پالاّوتە و هەڵقولاّوە لە ناخی چەوساوەکانی کوردستاندا،ئەو بیروباوەڕەی کە هەمیشە کەسێکی کۆڵنەدەربووم لە ڕێیدا.

ئیتر لە دوایدا زۆر سلاّوم بۆ دایکت، ڕێزی زۆر زۆرم بۆ هاوڕێیانی خۆشەویستم ، تکام وایە،کە هاوڕێ خۆشەویستەکانم دوا وتەم ببینن.

گەر سەرکەوتنتان دەوێت زانا و ئازابە لە تێکۆشاندا.

ئیتر هیوادارم داواکانم بخوێننەوە و دڵم نەشکێنن.

گەلاوێژ
لەجەژنا شادی و گڕەی دەروونم
تێکەڵاو ئەبێت پەیمانی ڕوونم
ئەنێرم بۆ تۆ بۆ کوردستانم
بۆ تۆ بژەی لێو بۆ ئەویش گیانم
تاڤگە
کرێکارێکی کوردم ئازاد و نەبەردم
خەباتی درێژم هەرگیز بەرنادەم
سڵ نەکەرێك بووم لەڕێی تێکۆشان
چاونەترسێك بووم لە سێدارەدان
ڕەنج
ڕۆڵە،شەهیدین و کاروانیش هەر لەڕەوتایە
سەربەرزین و مەشخەڵمان هەر لە گڕدایە
سەرکەوتنمان ڕاستییەکە و لەدەستدایە.
ڕێباز
کاتێ هاتمە ناو کۆڕی تێکۆشان
ژیانم دانا بۆ چەوساوەکان
پەتی سێدارەم دانا بە خەبات
بەهۆی ئەوەوە ئەگەین بە ئاوات

ئەحمەد حەمە کریم ١٩٧٧/٩/٢٧

- شیعری سەر گۆڕی شەهید

شەهید ئەحمەد لەتەمەنی ٣٥ ساڵیدا ولەوپەڕی گەنجی و وزە و تواناداا ماڵئاوایی لە کورد و کوردستان کرد و لەدوا نوسراویدا لەپشتی نامەیەکدا بۆ خێزانەکەی نوسیوە،وەسیەتی کردوە لەسەر گۆڕەکەی ئەم شیعرەی خۆی لەسەر بنوسرێ:

خەباتم هەمیشە شۆڕشی درێژخایان
لەبۆ ڕزگاری خاکی کوردستان
بۆ بنیاتنانی کێڵگەی هەرەوەزی جووتیار

**دانانی دەسگا لەگەڵ کارگەی کرێکار**

**دامەزراندنی شۆڕشی ڕۆشنبیری**

**بۆ بەربەرەکانی دەرەبەگ و پاشماوەی بیری**

**ئەو کاتە ئەڵێم من شۆڕشگێڕم**

**پەت لە مل ئەکەم نەوەی گەلێکی دلێرم**

**سەرچاوە:**


**١. کتێبی (بیرەوەریەکانم لە غوربەتدا) ،دکتۆر محمد صابر،٢٠٢٢**

**٢. ئەلبومی شەهیدانی ئەندازیاران، نەوزادی موهەندیس، یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان ، چاپی دووەم،٢٠١٧**


==========================================================

*** ئەم بابەتە لە واڵی خۆم لە فەیسبووك لەڕێکەوتی ٧/١١/٢٠٢٢دا بلاۆکراوەتەوە.**

خوێندنەوەی کتێبی ...

# ٣١ی ئاب
# هەڵگەڕانەوە یان درێژەپێدانی مێژوو ؟ *

لەم ماوەیەی پێشوودا و وەك کاری هەمیشەیی هەفتانەم بۆ سەردانیکردنی ناوبازاڕو کتێبخانەکان،لە یەکێك لە کتێبخانەکاندا چاوم بە کتێبی ( ٣١ی ئاب هەڵگەڕانەوە یان درێژەپێدانی مێژوو ؟) کەوت کە بە بەرگ و دیزاینە سەرنجڕاکێشەکەیەوە کەمەرکێشی کردم و خۆمپێنەگیراو ودانەیەکم کڕی،دوای خوێندنەوەی لەماوەیەکی کەمدا حەزمکرد ئەم خوێندنەوەیەی بۆ بکەم.

کتێبەکە لە چوارچێوەی ٤٦٦ لاپەڕەی قەبارە وەزیریدا ٢٤*١٧سم وبە دیزاینێکی جوان و سەرنجڕاکێشی بەرگ و ناوەڕۆکەکەیەوە چاپکراوە،ئەم کتێبە وەك لە بەرگەکەیەوە دیارە بەناوی بەڕێز ( جەمال گۆران) وە نوسراوە و لەساڵی ٢٠٢٢دا چاپی یەکەمی لیٚ بلاٚوکراوەتەوە.

کتێبەکە لە ٩ بەش و ٣٤ پاشکۆ و وێنەی جۆراو جۆری لەخۆگرتووە. و سوودی لە ٤٧ سەرچاوەی کوردی و ٦ سەرچاوەی عەرەبی و ١ سەرچاوەی فارسی و ٧ سەرچاوەی پێگەی ئەلکترۆنی وەرگرتووە.

بەهەق کتێبەکە ماندووبونی زۆری پێوەدیارە و کاك جەمال پێوەی ماندووبوە.

بەکورتی بەندە تیشك دەخەمە سەر بەشەکانی کتێبەکە و لای خۆمەوە هیچ زیادەیەك یان تێچێنێکی بۆ زیاد ناکەم:

بەشی یەکەم: بەناونیشانی خیانەتکردنە، کە بەشێوەیەکی زانستی باس لە خیانەتکردن و پێناسەکەی و چەمکی خیانەت و هۆکارەکانی و جۆرەکانی خیانەت و دەرئەنجامەکانی دەکات و خیانەت لە ڕوانگەی ئیسلامەوە باس دەکات و چەندین ئایەتی قورئان و فەرموودەی پەیامبەر لەوبارەیەوە دەهێنێتەوە،دواتریش سزای خیانەتیش باس دەکات لەڕوانگەی ئیسلامەوە و زیاد لە ١٧ کەسایەتی خیانەتکاریش لە مێژوودا دەهێنێتەوە وەکو نموونەی خیانەتکردن لە گەل و نیشتیمان.

بەشی دووەم : باسێك دەربارەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەنێوان شکست و هەستانەوە دەکات و ئەم بەشەشی دابەشکردۆتە سەر : پێشەکیەکی مێژوویی و جیاوازیەکانی نێوان یەکێتی

نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و قسەش دەربارەی پەیوەندییە نهێنی و ئاشکراکانی نێوانی حیزبی بەعسی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات لە دێر زەمانەوە و تا ساتەوەختی ۳۱ی ئابی ساڵی ۱۹۹٦ کە گەیشتە لوتکەی پەیوەندیەکانیان بە ئاشکرا.

بەشی سێیەمی کتێبەکە : بەناونیشانی کارەسات و خیانەتی ۳۱ی ئابی ساڵی ۱۹۹٦ ، کە لەم بەشەشدا باس لەبەرەژانی ڕوودانی کارەساتی ۳۱ی ئاب دەکات و دواتر هەوڵ و کۆبونەوەکانی ئاشتی و شەڕ ڕاگرتن دەکات و ڕێکەوتنامەکانی نێوان یەکێتی و پارتی باس دەکات و بەووردیش ڕۆژژمێرەکانی پێش کارەساتی ۳۱ی ئاب دەخاتە ڕوو و دواتریش هۆکاری ڕوودانی کارەساتەکەش باس دەکات و بە دوورودرێژیش کارەساتەکە دەگێڕێتەوە لە لایەن سەرکردە سیاسی و سەربازیەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە لەنموونەی مستەفا چاوڕەش و محمود سەنگاوی و مەلا بەختیار و صلاح ڕەشید لە کتێبی شەڕی ناوخۆی کورد و مام جەلال دیداری تەمەن و محمەدی حاجی محمود و بەهرۆز گەلاڵی و دواتریش دەنگدانەوەی کارەساتەکە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتە کوردی و عەرەبیەکاندا باسدەکات و لەبەشێکی تریشدا ڕووداوەکانی کارەساتەکە لە ڕۆژانی کارەساتەکەدا بەووردی باس دەکات.

بەشی چوارەم: هۆکارەکانی شکستی یەکێتی و هەڵوێستە جیاوازەکان لەکارەسات و خیانەتی ۳۱ی ئابی ۱۹۹٦دا : باس لە هۆکارەکانی شکستە کاتیەکەی یەکێتی دەکات و دواتریش هەڵوێستە جیاوازەکانی ولآتان لەبارەی کارەساتەکەوە لەلایەن هەریەکە لە ئەمریکا و بەریتانیا و عێراق خۆی و ئێران.دواتریش باس لە شەڕی بزوتنەوەی ئیسلامی دژ بەیەکێتی وەك لایەنێکی شەڕی ناوخۆ و شەریکی پارتی و بەووردی ڕۆژژمێرەکانی ئەو شەڕانە باس دەکات و دواتریش باس لەهەڵوێستەکانی تورکیا و پارتی خۆی و ولآتە عەرەبیەکان و پەکەکەش دەکات.

بەشی پێنجەمی کتێبەکە: بەناونیشانی هەڵمەتەکانی هەستانەوەی یەکێتی و گەردەلوولی تۆڵە دەکات و تیایدا هاتووە: بەدوورودرێژی باسی هەڵمەتی هەستانەوەی یەکێتی لە گەردەلوولی تۆڵەدا دەکات کە توانی لەماوەی کەمتر لە ٤۳ ڕۆژدا زۆربەی ناوچە لەدەستدراوەکانی بگرێتەوە و گەر هەڵوێستە جیاوازەکانی ولآتان نەبوایە هەولێریشی دەگرتەوە،دواتریش باس لە هەڵمەتەکانی گەردەلوولی تۆڵەی دووەم دەکات و بەووردی ئامادەسازیەکان و ڕۆژژمێرەکانی دەخاتە بەر باس و ووردکردنەوەوە.ئینجا باس لە پەنابردنی پارتی دەکات بۆ تورکیا و جارێکی تریش ڕۆژژمێرەکانی ئەو داگیرکاریەی سوپای تورکیاش دەخاتە ڕوو کە بەخیانەتی سێهەمی پارتی ناوی دەبات و باس لە

پەلاماردانە ئاسمانی و وشکانیەکانی سوپای تورکیا دەکات بۆ سەر هێزەکانی یەکێتی و دواتریش چۆن سوپای تورکیا کشاوەتەوە.

بەشی شەشەم: بەراووردکاری نێوان خیانەتەکانی پارتی: کە تیایدا باس لە خیانەتەکانی پارتی دەکات بەدرێژایی مێژووی بنەماڵەی بارزانی و چۆن دەستی داگیرکارانی کوردستانی کێشکردوە بۆ ناو کوردستان و باس لە خیانەتی پارتی –ئێران و پارتی –تورکیا و دواتریش سەرتۆپی خیانەتەکانی پارتی لەگەڵ عێراق و ڕژێمی بەعسدا لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦دا و دواتریش باس لە کاریگەرییە خراپەکانی کارەساتەکە دەکات بۆ سەر یەکێتی و دواتریش چۆن پارتی سوود و کەڵکی گەورەی لەو خیانەتە کردووە.

بەشی حەوتەم: بۆچی شکست ڕوویدا؟ لەم بەشەدا باس لە کارەساتی ٣١ ئاب دەکات وەك شکستێکی سەربازی کاتی بۆ یەکێتی و دواتر ئەو پرسیارە دەوروژێنێت کە بۆچی ئەو شکستە ڕوویدا؟

بەشی هەشتەم:بەناونیشانی هەڵسەنگاندنی کارەسات و خیانەتی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ و باس لە هەڵسەنگاندنی کارەساتەکە دەکات و بەرئەنجامەکانی ئەو کارەسات و شکستەش دەخاتە ڕوو.

بەشی نۆیەم:جارێکی تر باسی خیانەتەکانی مەسعود بارزانی و پارتی دەکات لەدوای ڕزگارکردنەوەی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا: باس لە کارە خیانەتکاریەکان دەکات لەساڵی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٥ و٢٠١١ و ٢٠١٣ و ٢٠١٤دا و دواتر بە وردەکاریەوە باس لە پاشەکشەکردنی پارتی دەکات لە شەنگال و هەڵهاتنی لەبەرامبەر داعشدا و دواتریش دەگەڕێتەوە سەر باسی هەڵوێستە خیانتەکاریەکانی پارتی لەساڵی ٢٠١٥ و ٢١٠٦ و ٢٠١٧دا و ئینجا لەو نێوەندەدا باس لە ڕیفراندۆمە شکستخواردوەکەی ٢٥ئەیلولی ٢٠١٧ دەکات و دواتریش سیاسەتی شکستخواردووی ئابوری سەربەخۆ و ئینجا شەڕی داعش و دواتریش ڕێکەوتنی لەگەڵ عێراق،جارێکی تریش درێژە بەباسکردنی کارە خیانەتکارانەکانی پارتی و سەرانی دەدات لەساڵی ٢٠١٨ و ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ و ٢٠٢٢ و دواهەمینیش باس لە ڕێکەوتنە سێ قۆڵیەکی پارتی و صەدر و حەلبوسی دەکات و باس لە هەموو ئەو سەردانانەی سەرانی پارتی دەکات بۆ لای ئەردۆگان و تورکیا کە هەموانیان لەدژی کورد و سەربەخۆیی و لە خزمەت تورکیا و ئەردۆگاندا بوون،دواتریش باس لەهەڵوێستە خیانەتەکارانەکانی پارتی دەکات دژ بە کوردانی ڕۆژئاوا و باکوور و ڕۆژهەلاّت لە سەردەمانی شۆڕشی ئەیلولەوە تا ساڵی ٢٠٢٢.

له کۆتاییشدا نوسه‌ر ده‌گه‌ڕێته‌وه سه‌ر ناونیشانه‌که‌ی کتێبه‌که و ئه‌و پرسیاره دووباره ده‌کاته‌وه که ئایا کاره‌سات و خیانه‌تی ٣١ی ئاب ١٩٩٦ هه‌ڵگه‌ڕانه‌وه بووه له مێژوو یان درێژه‌پێده‌ری ڕێبازێك بووه له‌لایه‌ن سه‌رانی پارتیه‌وه؟ و وه‌ڵامه‌که‌شی به‌جێهێشتوه بۆ خوێنه‌ر که خۆی هه‌ڵسه‌نگاندن بکات و ئه‌وکات بڕیاریش بدات.

له‌کۆتایی کتێبه‌که‌شدا ٣٤ پاشکۆ و به‌ڵگه‌نامه‌ی خستۆته ڕوو بۆ سه‌لماندنی کاره‌ساته‌که و چه‌ندین وێنه‌ی ڕۆژانی کاره‌ساته‌که و دیل و گیراو و سه‌ردانه‌کانی سه‌رانی پارتیشی خستۆته ڕوو.

ئه‌م کتێبه گه‌رچی نوسه‌ر هه‌وڵیداوه بێ لایه‌نی بپارێزێت ،به‌ڵام گه‌وره‌یی کاره‌ساته‌که و خیانه‌ته‌که هه‌ندێ جار نوسه‌ر جڵه‌وی هه‌ست و خه‌مخۆری و نیشتیمانپه‌روه‌ری خۆی بۆ نه‌گیراوه و زۆرجاران به‌توندی باس له خیانه‌ته‌کانی سه‌رانی پارتی ده‌کات.به‌هه‌رحاڵ کتێبه‌که ماندووبون و هه‌وڵێکی گه‌وره‌ی پێوه‌دیاره و ده‌کرێت وه‌ك سه‌رچاوه‌یه‌کی متمانه‌داریش لێیبڕوانرێت.و گرنگه نه‌وه‌ی ئێستا و داهاتووش ئه‌م کتێبه بخوێننه‌وه.

به‌هیوای ئه‌وه‌ی که گه‌ل و نیشتیمانه‌که‌مان له‌سه‌ر ده‌ستی سه‌رکرده و پارته سیاسیه‌کانی جارێکی تر ئه‌و هه‌ڵه مێژووییانه دووباره نه‌که‌نه‌وه و وازبێنن له ململانێی ناوخۆیی ونێوماڵی کورد و هه‌موان پێکه‌وه برینه‌کان سارێژبکه‌ن و قه‌تماغه‌کانیان هه‌ڵنه‌ده‌نه‌وه.چونکه کورد ته‌نها به یه‌ك و یه‌ككگرتوویی و یه‌کێتیه‌وه ده‌توانێت پارێزگاری له‌خۆی و قوربانی و خه‌بات و قه‌واره‌که‌ی بکات نه‌ك به خیانته‌کردن و خۆفرۆشی و وڵاتفرۆشی.

==========================================================

* ئه‌م بابه‌ته له ڕۆژنامه‌ی کوردستانی نوێ دا له‌ڕێکه‌وتی ٢٤/٨/٢٠٢٣دا بلاوکراوه‌ته‌وه.

خوێندنەوەیەك بۆ ڕۆمانی خانزاد...

# خانزادە خاتوون شایستەی شاژنی کوردستان بوو نەك تەنها میرێکی سۆران ! *

برای زێدە ئازیزم کاك ئارێز عەبدولاّ ئەمجارەش بە گێڕانەوەی ڕۆمانێکی مێژوویی بەناونیشانی (خانزاد) بیر و هزری هەموانی کەمەرکێشکردەوە و گەڕاندینیەوە بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕە و مێژوویەکی ڕۆشنی گەلەکەمان و ناوچەیەکی هەڵکەوتووی کوانووی دەسەلاّت و خەباتی کوردایەتی لە کۆن و نوێشدا لە باشووری کوردستان کە ناوچەی سۆرانی ئازیز و دڵگیرە، هەموانی گێڕایەوە بۆ ٤٠٠سالّ پێش ئەم سەردەمە.ئەویش بە گێڕانەوەیەکی ناوازە و تەکنیکێکی سەرکەوتووی ڕۆمان بە هەڵدانەوەی لاپەڕە گەش و ڕۆشنەکانی دەسەلاّتدارێکی کورد بەلاّم چ دەسەلاّتدارێك،ئەو نەك هەر پیاو نەبوو بەڵکو ژن و شاژنێکی هەڵکەوتووی ناو هەزاران پیاوی زەمان و قۆناغی خۆی بوو،ئەو خانزادی خوشك و دایکی هەموان بوو ئەو شازادە و میر و سەردارێکی سۆران و کورد بوو ئەو بەو هەموو خەسڵەتە جوان و مەردایەتی و ئازایەتی و خۆبەخشینەی بە کورد و کوردستان بەبڕینەوەی پرچ و کەزیەی خۆی و پەرتوبلاّوکردنەوەی بە خاکی کوردستان و دەستهەڵگرتنی لە تاموچێژ و خۆشیەکانی ژیانێکی کچانە و ژنانەی میرایەتی و ناو کۆشك و تەلارەکان و بە نەچوونە ناو کەژاوەی هاوسەرێتی و بەلەبەرکردنی جلوبەرگی پیاوانەی جەنگیەوە بەکردارەکی دڵسۆزی و خۆشەویستی خۆی بۆ خزمەتکردنی گەل و نیشتیمانەکەی دەرخستوە و وەك سەرکردەیەکی خۆنەویست خۆی نمایشکردوە و نەمری بۆخۆی مسۆگەر کردوە، ئەو خۆشەویستیەکەی بۆ تاك بەتاك و خێزان و تەواوی کۆمەڵگەی کوردەواری هەر لە بادینان ڕا تا گەرمەسێر لە کفری و خانەقین و سەرپێڵی زەهاو و قەسری شیرین و تا هەولێر و کۆیە و کەرکوك و شەنگال و تا سنووری دەسەلاّتی میرانی ئەردەلاّن و بابانیەکان ببوە سیمبولّ و ڕەمزێکی شادیار و نەمری کوردان.بەدەیان چیرۆك و ئەفسانە و شیعر و حەیران و لاوکی پیاهەڵدراوە و تا ئێستاش دەماو دەم هەر باس باسی خانزادی شاژنە.

خانزادی میری سۆران یان ڕاستتر شازادەی سۆران سەرمەشقی خەباتێکی کوردانەی ڕاستەقینە بوە و زۆر پێش سەردەم و تەمەنی خۆشی کەوتبوو لە میرایەتی و سەرکردایەتی و ڕابەرایەتیکردنی گەلەکەی.ئاشکرایە لەناو کورردا گەلێك لە ژنانی کورد هەڵکەوتوون و ناویان لە مێژووی کوردا

بەنەمری ماوەتەوە وەك مەستورەخانمی ئەردەلآنی و قەدەم خێری لوڕی و حەپسەخانی نەقیب و گەلێکی تریش .بەڵام هیچکامیان بەهێندەی خانزادخانی شاژن نەك شازادە ناوی بە نەمری نەماوەتەوە و شوێندەست و کار و پڕۆژە گرنگەکانی و لەناو هەموانیشییان قەلآ نەمر و ڕەگداکوتراوەکانێتی لە هەموو ئەو ناوچانەی کە دەسەڵاتداربووە تیایاندا و وەك دەوترێت تاکە ژن بووە لەیەك کاتدا سەرکردەیەکی سەربازی و خاوەن عەقڵ و بیرێکی پلاندانانی شەڕ و دروستکردنی قەلآ و شورای قایم و سەرکردەیەکی گەڕۆکی بەردەوام بەناوچەکانی فەرمانڕەوایەتیەکەیدا و شەونخوونکەرێکی بە ئاگا لەکاروباری تەواوی دەسەلآت و تەنانەت کەسە ئاساییەکانیش(نموونەی بەسەرهاتی ئاواتەکانی سێ فەقێکە) ، ولەلایەکی تریشەوە سەرکردەیەکی سیاسی گەورە و بیرتیژ و خاوەن ستراتیژیەت و ئازا و بوێر و چاونەترس بەشێوەیەك توانیویەتی گاڵە یان یاری بە عەقڵی سوڵتانی ڕۆم(عوسمانی) و شای (عەجەم)یش بکات و بیانخاتە تەپکە و پلانەکانی خۆیەوە.ئەو شاژنە دادپەروەر و لەهەمانکاتیشدا بەزبر و تۆڵەسێنەوە بووە لەهەرکەسێك دۆست یان دوژمن بوبێت گەر زیانی بەگەلەکەی گەیاندبێت( لەنموونەی لەشکری سەرلەشکر کە خیانەتی بە سلێمان پاشای باوکی کردوو ژەهرخواردی کرد بە فیت و دەسیسەی والی عوسمانیەکان لە بەغداد).شاژنە خانزاد لەلایەك نەرمونیانی ژنانە و کچانەی خۆی هەرگیز لەدەستنەداوە و لەلایەکیشەوە حیکمەت و عەقڵ و ڕاوێژ و تەگبیری لە پیاوانیشەوە لەبیر نەکردوە.ئەو یەکەم سەرکردەی ژن بووە کە یاوەرانی نزیکی دوو ژن بوونە کە نەدیو و نەناسیش بونە بەڵام پشتی پێبەستوون و کردونیە ڕازگر و نهێنی پارێزی خۆی( شیرین و دۆت مەلا).

شاژنە خانزاد و شەڕ و جەنگ و سەرکەوتن و دەسکەوتنەکانی لاپەڕەیەکی گەش و نەمرن لە خەباتی کوردایەتیدا و گرنگە دوای ٤٠٠ساڵ لەولآتێکی وەکو کوردستانی ژێر دەستەی ڕۆم و عەجەم و دواتریش فارس و تورك و عەرەبۆکانەوە هێشتا جێی پاشماوە نەمرەکانی هەرمابێت و نەوەکانیشیان مابنەوە و ناو و ناوبانگەکەشی وەکو ٤٠٠ساڵ پێش ئێستا لەهزر و بیر و ئەندەێشەی گەلەکەماندا بەزیندووی مابێتەوە.

ئەم ڕۆمانە قەشەنگ و مێژووییە لە چوارچێوەی ٢٣٣ لاپەڕەی نیو ئەی فۆڕ و لە دووتوێی ٢٢دیمەنی ڕۆمانیدا خۆیدەبینێتەوە لەگەڵ فەرهەنگۆکێکی ٧٧ وشەی کوردیداوبە دیزاینێکی بەرگ و ناوەڕۆکی جوانەوە بە چاپگەیشتوە و کاك ئارێز بە وردەکاری و سەلیقەی نوسین و گێڕانەوە سادە و ساکارەکەی و بەکارهێنانی کۆمەڵگەلێك زاراوە و وشەی ناوچەی سۆران و بەیت و شیعر و حەیرانی ئەو سەردەمانە هێندەی تر تام و چێژی شیرینی داوەتە ڕۆمانەکە و هەموانی کەمەرکێشی خوێندنەوەکەی کردوە و تاکۆتایی مرۆ ناتوانێت دەستی لێهەڵبگرێت.

ئەم ڕۆمانەی کاك ئارێز هەموو توخم و ڕەگەزەکانی ڕۆمانێکی سەرکەوتوویی تیادا بەرجەستە بوە و دەکرێت بکرێتە سیناریۆیەکی جوان و سەرکەوتوو ئامادە بۆ فلیم یان زنجیرەی درامایەکی مێژوویی.

ئەم ڕۆمانە لەدوای ڕۆمانی پاشای گەورەی کاك ئارێزەوه تام و بۆیەکی تایبەتی هەیە و دەنگ و ڕەنگ و سەدایەکی باشی ناوەتەوە و هەرچەندە من بۆخۆم چێژی تایبەتیم لە هەردوو ڕۆمانەکە وەرگرتوە ،بەلاّم مرۆ ڕاست بیەژێت ڕۆمانی پاشای گەورەم زێدە لا نزیکترە.

لەکۆتاییدا دەستخۆشیەکی گەورە لە کاك ئارێزی نووسەر و بەسەلیقە و خاوەن قەڵەمێکی بەبڕشتی ئەدەبی و هونەری بالاّ دەکەم کە بە گێڕانەوە و تۆمارکردن و نوسینەوەی ئەم جۆرە ڕۆمانە مێژووییانە هەمووانمان شاد دەکاتەوە بە مێژوویەکی دێرینی گەل و نەتەوەکەمان و نەوەی نوێش ئاشنا دەکاتەوە بە مێژووی باو وباپیرانمان بۆئەوەی بزانن کە کوردانیش هیچیان کەمتر نیە لە تورك و عەجەم و عەرەبۆکانەوە ،بەلاّم لەلایەك نەفرەتی ئەزەلی مێژوو و جواگرافیا و هەڵکەوتەی خاکەکەی لەم ناوچەیە و بوونی زیاد لەدوژمن و داگیرکارێك و لەولاشەوە خۆخۆری و خیانەت و ناوچەگەری و بنەماڵەچێتی و فریوخواردن بەدەستی دوژمنان و بیرتەسکی سەرکردە سیاسیەکانەوە، هەمیشە هۆکاری سەرنەکەوتن و دروستنەکردنی دەوڵەتی سەربەخۆیی نەتەوەییمان بووە.

بەداخەوە بەدرێژایی مێژوو و خەباتی کوردایەتی بە ئێستاشەوە هەمیشە مێژوو و ڕووداوە تاریك و دڵتەزێنەکان خۆیان بە ناسۆرترین شێوە دووبارەدەکەنەوە و ئێمەش بەسەرکردە و هاولاّتیانەوە هیچ پەند و عیبرەتێکیان لێ وەرناگرین و جار لەدوای جار بەخراپترین شێواز دەبینەوە دەسکەلا و دەستەمۆی دوژمنان و تا خیانەت و تەفرەخواردن وەستابێت پەنا نابەینە بەر برایەتی و تەبایی و یەك و یەککگرتوویی نێومالّی کورد، ئەوەش زۆرجاران تەنها لەبەر ئافەرینێك یان مشتێك دۆلار و دینار یان دەسکەوت و پلە و پۆستێکی بچووکی بێ ئەرزش لەبەرامبەر دۆڕاندنی دەسکەوتە گەورە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکانمان.

بەداخەوە بۆ مێژوو و سەرکردە و کەسایەتیە ناودار و هەڵکەوتوەکانی کورد کە گیانی خۆیان بەخشیە نەتەوە و نیشاتیمانەکەمان، بەشێوەیەك هەرکام لەو سەرکردانە هیچیان کەمتر نەبووە لە سەرکردەی گەلانی تر و یەکێکی وەکو خانزادەخاتوون نەك هەر شایستەی میری ناوچەیەکی بەرتەسکی جوگرافی بووە بەڵکو دەبوایە شاژنێك بوایە وەك شاژنە ڤیکتۆریا و ئەلیزابێسی دووەمی شاژنی بەریتانیا،ئێستاش نەچوە بچێت هەق وایە سەرکردە و پارتە سیاسیەکان پەند و عیبرەت لەومێژووە ڕەشانەی ڕابووردومان وەربگرن و دووبارەیان نەکەنەوە.

دووبارە دەستخۆشی بۆ برای ئازیزم کاك ئارێز عەبدولاّ و تەمانەی تەندروستی باش بۆ خۆی و قەڵەم و خامە ڕەنگینەکەی دەخوازم بۆ خزمەت و پێشکەشکردنی بەرهەمی ناوازە و بەپێزتر بۆ مێژووی گەل و نەتەوەکەمان.

==========================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا لەڕێکەوتی ١١/٩/٢٠٢٣دا بلاّوکراوەتەوە.

خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی مەولەوی...

# مەولەوی شاعیر و زاناوخواناسێكی داهێنەری كورد كە هاوشێوەی دووبارە نابێتەوە *

كتێبی (مەولەوی) سەربوردێك لە ژیان و مشتێك لە خەرواری بەرهەمی لە دووتوێی ٤٣٠ لاپەڕەی قەوارە ٢٤سم*١٧سم بەدیزاینێكی جوان و نایابی بەرگ و ناوەڕۆكەكەیە لە ئامادەكردنی برای بەڕێز و ئەندازیار عادل لەتیف مەولەوی و سەرپەشتیاری گشتی كاك خەبات نەوزاد وەك پرۆژەی كتێبی NRT4 لەساڵی ٢٠٢٢دا بەچاپگەیەنراوە.

ئەم كتێبە لەلایەن نەوەیەكی مەولەویەوە ئامادەكراوە و پشتی بەستوە بە ٤٠ سەرچاوەی كوردی و عەرەبی و فارسی كە هەموانیان باسیان لە ژیان و ناو و ناوبانگ و بەرهەمە شیعریەكانی مەولەوی كردوە.كەئەم سەرچاوانەش جەخت لەو ڕاستیە دەكەنەوە كە مەولەوی چ وەك گەورە زانایەك و شاعیرێكی هەست ناسك و سۆفیەكی سینە ساف چەند كاریگەر و داهێنەر بوە لە سەردەم و زەمانی خۆیدا و تائێستاش كە زیاد لە ٢٠٠ساڵ تێپەڕدەبێت بەسەر لەدایكبونیدا هێشتا زۆرێك لە شیعر و دەستنوسەكانی بەتەواوەتی ڕاڤە نەكراون و بەباشیش هەڵنەسەنگێنراون و بەڕوونیش تێینەگەیشتوون.

شوناسی مەولەوی

مەولەوی ناوی تەواوی سەیید عەبدولڕەحیم كوڕی مەلا سەید سەعیدی تاوگۆزی لە بنەماڵەیەكی ئاینی و لە گوندی سەرشاتە لەناوچەی تاوگۆزی لەساڵی ١٨٠٦ ز لەدایكبوە و لەساڵی ١٨٨٢ز كۆچی دوایی كردوە و نازناوی شیعری (مەعدوم یان مەعدوومی)بوە و لەناو خەڵكیشدا بە مەولەوی ناسراوە و ٧٦ ساڵ ژیاوە ، عەنبەر خاتوون هاوسەری بوە و چوار كوڕی هەبوە و بۆ كچەكانیشی نە ناو ونە ژمارەیان دیار نیە و لەئێستادا نەوەكانی مەولەوی لەزۆر ناوچەی كوردستان و دەرەوەشیدا بوونیان هەیە و لە ژیاندا ماون .

مەولەوی هەر لەتەمەنێكی كەمی منداڵیەوە لەلایەك سەرگەرمی خوێندن بوە لە مەدرەسە و تەكیە و خانەقا و حوجرە و مزگەوتەكانی كوردستاندا و گەلێك شوێن و ناوچە گەڕاوە هەر لە (سەرشاتە و بێژاوە و هەڵەبجە و جوانرۆ وخەرپانی و خورماڵ و بیارە و تەوێڵە و پاوە و چۆڕ و مەریوان و سنە وبانە وكرماشان و دواتریش سلێمانی و كەركوك وكۆتا مەنزڵیشی گەڕانەوە بوە بۆ

گوندەکە و زێدی خۆی سەرشاتە و لەولاشەوە بەهۆی کۆچی دوایی باوکیە و بۆ هاوکاری برا گەورەکەی سەرقاڵی پەیداکردنی نان و بەخێوکردنی خوشك و براکانی بوەو ژیانی گوزەراندوە. مەولەوی لە زۆر جێگە ژیاوە لەوانە( سەرشاتە و گوندی بێژاوە و چروستانە و ولّبەر و پریس و بیاوێڵە).

بەڵام چۆن ژیانێك؟

مەولەوی گەلێك سیفاتی جوامێری و بەرزی تیادا کۆبۆتەوە کە مەحاڵە لەکەسێکی ئەم سەردەمەدا کۆببێتەوە و خۆی نەداتە بەر ڕەشەبای هەوەس و دونیا ویستی ,مەولەوی شاعیری مەزن لەیەك کاتدا:

زانا و دانایەکی ئاینی پایە بەرز بووە. وەك لەو نامەیەدا دەردەکەوێت کە بۆ مەلا موحەمەدی صالّح فەخرولعولەمای نوسیوە بۆئەوەی بیداتە دەست فەرهاد میرزای والی کوردستان(سنە) و فەرماندەی کوردستانی ئەردەلان کە شازادەیەکی قاجاری بوە و مامی ناصر الدینی شای قاجاری بوە، لەوەلامی ناردنی کتێبێکدا کە بۆ مەولەوی ناردوە و تیایدا زۆرێك قسەی نابەجێ وتراوە بە هاوەڵانی پەیامبەر و ستایشی ئیمامی عەلی و ئالوبەیتی تیادا بوە،چونکە فەرهاد میرزا بۆ خۆی شیعە مەزهەب بووە.مەولەویش لەو نامە دووردرێژەدا وەلامێکی زانستی و زانایانە و لەئاستێکی بالا و بە بەڵگەی قورئان و فەرموودەی پەیامبەر و بەدەلیلی عەقلّی و نەقلّی وەلامی داوەتەوە،بەبێ ترس و دوودڵی و بەرگری لە مەزهەبی سونە کردووە بەبێ ئەوەی دەمارگیر بێت و هیچ کاتیش دەمارگیر نەبوە بەرامبەر مەزهەبی شیعە، بەڵام هەموو تانە و تۆمەتەکانی شیعەی ڕەتکردۆتەوە بە دەلیل و بەڵگەی ئاینی و زانستی و هیچ کات نەترساوە لە سزادانی یان نانبڕاوکردنی.کە بەداخەوە لەم سەردەمەدا زانای ئاوها هەڵکەوتوو و ڕۆشنبیر و بوێر و چاونەترس نین لەبەرامبەر دەسەلاتدارانداا.

بەهەمان شێوە مەولەوی هیچ کات دەمارگیری و توندڕەوی نەنواندوە بۆ تەریقەتەکەی وەك خەلیفەیەك و موریدێك (تەریقەتی نەقشبەندی) بەرامبەر تەریقەتی (قادری) کە لەو سەردەمانەدا دوو تەریقەتی تاڕادەیەك ڕکابەری یەکتریش بوون و هەمیشە مەولەوی دۆستایەتی و نزیکی و هاوەڵی خۆی لەگەڵ شێخ مارفی نۆدێی و کاك ئەحمەدی شێخ و چەندین مامۆستا و زانایانی ئاینی تر و تەکیەی تاڵەبانی لەکەرکوك پاراستوە.بەپێچەوانەی ئەم سەردەمەوە کە هەندێك هەوڵی سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی ئەو ڕکابەریە دەدەن و تانە و تەشەر لە یەکتری دەدەن.کە لەئێستادا میلەتی کورد هیچ پێویستی بەو ڕکابەری و زیندووکردنەوەی ناکۆکیانە نیە.

شاعیری دونیای تەسەوف و عیرفان بووە و یەکێك بووە لە ٨٦ خەلیفەکانی هەردوو شێخ عوسمانی سیڕاجەدینی تەوێڵە و شێخ بەهائەدینی کوڕیشی.هێندە پەرۆشی تەریقەت و واجبات و ئادابەکانی بوە شەو هەبووە تا بەیانی لەسەرمای شەودا و لەژێر فەرەنجیەکەیدا ڕۆژی کردۆتەوە بە بێداری و زیکر و خۆشەویستی شێخ و تەریقەتەکەی.شیعرەکانیشی هێندە بەرز و بڵند باڵان کە کەم کەس هەبوە لەزەمانی خۆشیدا و تائێستاش شان بدات لەشانی مەولەوی نەمر.مەولەوی بە پێی سروشتی گوندی سەرشاتەی دوورەدەست و وشك و برین و دابڕاو لەدونیای دەرەوەدا و بێئاگا لە پێشکەوتن و داهێنانەکانی دونیای ئەوکاتە، هیچ جۆرە شیعرێکی فەرەنگیشی-ئەوروپی- نەدیوە ، بەلاَم لەسەر شێوازی ئەوان شیعری داناوە کە جۆرە شیعرێکە کە شێوەی (سۆنێت)ی تیادا بەکارهێناوە کە بریتیە لەوەی کە قافییەی یەکەم و سێهەم نیوەبەیتی چوارینەی و قافییەی دووەم و چوارەم نیوە بەیتی یەکن.کە ئەمە بۆخۆی داهێنان و نوێگەریەکی بێوێنەیە لەو کاتەدا. بۆ نموونە:

مەنعم مەکەردێ گرانەن دەردم
ئەر شێویا بۆ قافیەی فەردم ١
فەریاد جە شۆرەی ئەرز چارەی من
هەر سەوزەی مراد من نادیەرەن ٢
داد جە هەوای شووم بەد ستارەی من
هەر نەو گولاَڵەی من نە پێوارەن ٣
یاوەلوەلەی دەف شا دەروێش،جۆشێ
بەو صەدای ڕیشەی دڵ ئاشناوە ٤

قسەخۆش و دڵساف و دەروون خاوێنبوە. لەزۆر کۆڕ و مەجلیسی مەلایان و زانایاندا دانیشتوە و گاڵتە و گەپ و قسەی نەستەقی کردوە و لەگەڵ شێخ ڕەزاشدا وەك شێخ ڕەزا وەلاَمی شیعرە هەجوەکانی داوەتەوە هەر بۆخۆشی.

خاوەن عیزەتێکی بەرزی نەفس بوە هەربۆیە بەدرێژایی ژیانی بەهەژاری ژیاوە و پڕاوپڕ بووە لە زوهد و ئیمان و وەرع ،بەلاَم بەسەر بەرزی : هەر بۆنموونە زۆرجاران لەلایەن پادشاکانی بابان و ئەردەلاَنەکانەوە گوند و ناوچەی دیاریکراویان بۆ دیاریکردوە وەك وەقف کە داهاتەکەی بۆ خۆی و ماڵ و منداڵی و حوجرە و قوتابیەکانی بێت ئەمەش لەو پێنج فەرمانە پادشایانەوە بەڕوونی

دەردەکەوێت کە عەبدوڵا پاشای بابان لەساڵی ١٢٦٢ك بۆی دەرکردووە و بەڵام مەولەوی هەمووانی ڕەتکردۆتەوە.

هەست ناسك و خاوەن دڵێکی پڕ خۆشەویستی بووە بۆ هاوسەرەکەی (عەنبەر خاتوون) کە ئەم هەڵوێستەی لەکاتی دەستگیراندارێدا و لەکاتی ژیان و دوای مردنی عەنبەر خاتوونی خێزانیشی دەردەکەوێت ،کاتێك دوای ناشتنی تەرمی عەنبەرخاتوون هەموان دەگەڕێنەوە و بەڵام مەولەوی لەسەر گۆڕەکەی تابەیانی بەدەم گریان و لالانەوە ڕۆژدەکاتەوە و تا هەفتەیەك ئەم کارەی بەردەوام دەبێت.ئەوەتا لە شیعرێکی لاواندنەوەدا بۆ عەنبەر خاتوون کە لە ٢١ بەیت پێکهاتوە شینی بۆ دەکات و لەسەرەتاکەیەوە بەمشێوەیە دەستپێدەکات ودەڵێت:

شوورای عاشوورا دیسان بەزمش بەست
(موحەڕەم) ئاما و مەحرەم شیی جە دەست
ئەو خەریك نە چۆڵ شام عەدەمدا
من (کەربەلا)ی سارای ماتەمدا
ئەو(یەزید) مەرگ وەئەسیر بەردە
من زادەی زیاد خەم یەقیر کەردە

ناودار و ڕێزلێگیراو بووە لەلایەن پادشا و گەداوە و هاوەڵ و هاوڕێی پادشا و میرزادە و سەرۆك هۆز و شێخانی تەریقەت و زانا و مامۆستا ناودارەکانی سەردەمی خۆی لەڕۆژهەلات و باشووری کوردستان بووە. چەندین جار نامەی لە پادشا و میرزادە و شێخانی تەریقەتەوە بۆ نوسراوە و ئەمیش نامەی بۆ نوسیونەتەوە و پەیوەندیەکی ڕۆحی و ئەخلاقی لەگەڵیاندا هەبوە و هەموانیان ڕێزی زۆریان لێگرتوە.هەموو ئەم سیفاتانەی کردویەتیە جێگە باوەڕ و متمانەی خەڵکانی سادە و سەرۆك هۆزەکانی ناوچەکانی شەمێران و هەڵەبجە و تەوێڵە و بیارە و هەورامان و سنە و مەریوان و سلێمانی و کەرکوك و زۆر جێگەی تر.

مەولەوی مەزن لەلایەن زۆرێك لە ئەدیبان و نوسەران و شاعیران و شێخان وە باسیان لێوەکردوە و هەموانیان هێندە بە بەرزی و ڕێزەوە باسیان لەخۆی و بەرهەمەکانی کردوە کە مرۆڤ تەنها ئەوەندەی لەدەستدێت بە تەعزیم و ملکەچیەوە لە بەرامبەر مێژوو و سەربوردەکەیدا بەبێدەنگی بچەمێتەوە و سەری ڕێز و نەوازشی بۆ دابنەوێنێت.ئەوەتا هەریەکە لە ئەمین فەیزی

بەگ و ئەدیبی فەرەنسی لوسی ۆل مارگرێت و K.A.B لەساڵی ١٩٣٧ لە ناوەخنی لێکۆڵینەوەیەکیاندا شیعرێکی مەولەویشیان بەزمانی فەرەنسی بلاۆکردۆتەوە، گۆرانی شاعیر و محەمەد ئەمین زەکی و ڕۆژهەلاٚتناسی بەناوبانگی ڕووسی مینۆرسکی و حاجی تۆفیقی پیرەمێرد و مەحوی گەورە شاعیر و هاورێی تەمەنی مەولەوی و مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و...هتد. کەهەموو ئەم کەسایەتیانە خۆیان لە لوتکەی داهێنان و ئەدەبیاتی کوردیدابوون و لەسەر توانا و بەهرەکانی خۆیانەوە هێندە بە مەولەوی و بەرهەمەکانی ئاشنا و سەرسام بوون کە دەهێندەی تر مەولەویان بلند و بەرزتر کردۆتەوە.

مامۆستاکانی مەولەوی

مەولەوی لەو تەمەنە زۆرەی کە لەخوێندندا بەسەریبردووە گەلێك مامۆستای بەناوبانگی ئەو سەردەمەی ناسیوە و لایان فێری عیلم و زانست بوە لەوانە:

١. شێخ مەعروفی نۆدێی
٢. شێخ عەبدولاٚی خەرپانی
٣. مامۆستا مەلا عەبولڕەمانی نۆتشەیی
٤. شیخ موحەمەد سەعیدی تەختەیی
٥. حاجی مەلا ئەحمەدی نۆتشەیی
٦. مەلا حامیدی هەورامی –بێسارانی- کاتبی شێخی سیڕاجەدینی تەوێڵە
٧. شێخ محەمەدی جەسیمی مەردۆخی(حوجەتتولئیسلام)
٨. مەلا موحەمەدی قازی جوانڕۆ و جاف
٩. شێخ عەبدولعەزیزی جانەوەرەیی
١٠. مامۆستا مینبەری
١١. مەلا عیسای جوانڕۆیی
١٢. مامۆستا مەلا شێخ عومەری خانەگا لە پاوە و هەر لەوێش (مەولەوی ئەزمونێکی نابەکامی خۆشەویستی تاکلایەنەی تاقیکردۆتەوە لەبەرامبەر ڕابیعەخانی کچی مامۆستاکەیدا).

مەولەوی و شێخانی نەقشبەندی

مەولەوی لەوکاتەوەی بۆتە موریدی شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی لە تەوێڵە و لەسەر دەستی شێخ عوسمانی سیڕاجەدیندا و تا گەیشتۆتە پلەی خەلیفەی شێخی سیڕاجەدین و ئیدی پەیوەندیەکی ڕۆحی لەنێوان شێخ و موریدەکەی و دواتر خەلیفەکەیدا زۆر بەگەرمی پەیدابوە و تاوایلیێهاتوە

مەولەوی لەناو خانەقا وحەرەمسەرای شێخیشیدا وەك کوڕێکی خێزانی شێخ مامەڵەی لەگەڵدا کراوه و خۆشەویست و پەیوەندیەکی توندتۆڵدروستبوه و دوای شێخی سیڕاجەدین بەهەمان شێوه مەولەوی لەگەڵ شێخ بەهائەدینی کوڕیشدا هەروا ماوەتەوه و چ مەولەوی بۆ شێخەکان و چ شێخەکانیش بۆ مەولەوی دڵسۆز وبە ڕێزەوه مامەڵەیان لەتەك یەكدا کردوه ئەمەش جێگه و پێگەی گەورە و زانایی و زیرەکی مەولەوی دەردەخات و بەهەمان شێوەش ئەو پەیوەندیە درێژەی هەبوه لەگەڵ شێخی زیائەدینیشدا.هەروەها مەولەوی پەیوەندی ڕۆحی لەگەڵ شێخ عەبدولڕەحمانی ئەبولوەفاشدا هەبووە.مەولوەوی مورید و دەروێش و مەنسوب و خەلیفەیەکی دڵگەرمی شێخ و تەریقەتەکەی بوه و شەوی واهەبووه تا بەیانی لە ژێر فەرەنجیەکەیدا بەبێداری و لەوەرزی سەرمادا و ڕوەو قیبلە یادی خوای کردۆتەوه و ئادابی تەریقەتی بەجێهێناوه.هەرلەبەر ئەم پەرۆشی و دڵسۆزیە و لەولاشەوه بەهۆی زانابییەکەیەوه منداڵ و نەوەکانی ( شێخی سیڕاجەدین وشێخ بەهائەدین و شێخ ئەبولوەفا وحاجی شێخ شەمسەدین و شێخ عومەری بیارە) لەلای مەولەوی خوێندوویانە.

لەنموونەی پەرۆشی و توانەوەی جوانی لەنێو جوانیدان ئەم قەسیدەی مەولەویە کە لەوەڵامی نامەیەکی مورشیدەکەی شێخی عوسمانی سیڕاجەدینی تەوێڵەییدا وتویەتی کە شێخ گلەیی لێکردوە کە بۆ نامەی بۆ نانوسێت ئەویش دەفەرمویت :

شێخ دەوڵەمەند بەهرەی سەرمەدی
یاگەی حەقیقەت جیلوەی ئەحمەدی[2]
جە شەو هەوارگەی فەنا ویەردە
پای هەردەی بەقا یاتاغگە کەردە[3]

ئەم قەسیدەیە ٣٠ بەیتە. و بەوه دەستپێدەکات و دەڵێت :

ئەی شێخی کە لەبەش و بەهرەی نەبڕاوەدا دەوڵەمەندی و جێگای دەرکەوتنی نووری ڕاستەقینەی پێغەمبەری.

ئەی شێخی کە عالەمی فەوتانت بەجێهێشتوه و لە عالەمی مانەوەی هەمیشەییدا جێگات گرتووه.

ئیدی پیادا دەڕوات و تا لەدێڕێکدا دەڵێت:

مـن چیم تا بڵێم دۆستی تۆم و نامەت بۆ بنووسم، شەرت ئەوەیە تۆ بە دۆستی خۆتم پەسەند بکەیت چونکە هەر تۆ حسێبی بەدۆستم دانێی یا بە بێگانە.

مەولەوی ئەم شێخانەی تەوێڵەی بینیوە و هاوتەمەنیان بوە:

١ .شێخ عوسمانی سیراجەدین
٢ . شێخ محەمەد بەهائەدین ئەبولبەها
٣ . شێخ عبدالرحمانی ئەبولوەفا
٤ . شێخ عومەر شێخی زیائەدین
٥ . شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ سیراجەدین
٦ . شێخ حیسام الدین
٧ .مەولانا خالیدی نەقشبەندی

دۆست و هاوەڵانی مەولەوی

مەولەوی بەو پێیەی لەتەمەنێکی منداڵیەوە بۆ خوێندن گەلێك سەفەری ناوچە جیاوازەکانی کردوە لە کوردستانی باشوور و ڕۆژهەلاّت و شار و شارۆچکە و گوندی جیاوازی بینیوە و تیایدا ژیاوە و لە حوجرەکانیشدا ژمارەیەکی زۆر فەقێی ناسیوە و هاوەلاّیەتی لەگەڵ پەیداکردوون و ماوەی ٧٦ ساڵ تەمەنیش کەم نیە بۆ ناسین و پەیداکردنی دۆست و هاوەڵی هەمەجۆر.ئاشکراشە دۆست و هاوەلاّنی پیاوێکی زانا و ڕۆشنبیر و شاعیر و موریدی شێخ و خەلیفەی باوەڕپێکراو هەمیشە کەسانی گەورە و ناسراو و دەسەلاّتدار بوون.هەر لە پاشاکانی بابان وخانەکانی ئەردەلاّن و سەرۆك هۆزەکانی جاف و دواتر مەلا و مامۆستا و زانا ئاینییە گەورەکان و شاعیر و لەناو خەڵکی سادەشدا دۆستایەتی زۆری هەبوە.

هەر بۆنموونە:

١ .شێخ عەبدولاّی داخی
٢ .ئەحمەد بەگی کۆماسی
٣ .یوسف بەگی کوڕی عەبدولاّ بەگی شەرەفبەیانی
٤ .مەلا موحەمەدی صالحی فەخرولعولەما
٥ .شێخ عبدولقادری موهاجیر
٦ .حاجی مەحمودی یاروەیس
٧ .زەهاوی
٨ .مەلا فەتوحولاّی قازی

٩.شێخ مەحمودی موفتی هەڵەبجە

١٠.کاك ئەحمەدی شێخ کوڕی شێخ مارفی نۆدێ

١١.مەلا حامیدی کاتب

١٢.مەلا ئەحمەدی مەلا عبدالرحمانی نۆتشە

١٣.شێخ عبدالرحمنی خالصی

١٤.شێخ عەزیزی جانەوەرەیی

١٤.شێخ ڕەزای تاڵەبانی

١٥.مەلا مەحمودی موفتی سلێمانی

١٦.شێخ عەلی عەبابەیلێ

١٧.سەید حەسەنی موفتی سلێمانی و دەیان و سەدانی کەسایەتی تر.

مەولەوی و دەسەڵاتداران

وەك پێشتریش باسمان کرد مەولەوی بەهۆی پێگە و زانایەتی و شاعیریەکەیەوە هەمیشە جێگەی ڕێز و پێگەی تایبەتی بوە لەلایەن پادشا و دەسەڵاتدارانەوە و گەرەکیان بوە کە مەولەوی نزیك و دۆست و هاوەڵیان بێت.لەوانە:

١. ئەحمەد پاشای بابان
٢. عەبدوڵا پاشای بابان
٣. فەرهاد میرزای قاجاری
٤. سوڵتان میرزای کوڕی عەباس میرزای برای فەرهاد میرزا
٥. غولام شاخانی(ئەمانولای دووەم) کوڕی خەسرەوخانی ناکام و کوڕی ئەمانولا خانی ئەردەلان
٦. ڕەزا قولی خان
٧. عەلی ئەکبەر خان
٨. مەحمود پاشای جاف

- بەرهەمەکانی مەولەوی

مەولەوی گەلێك بەرهەمی بەپێزی لەدوا خۆی بەجێهێشتوە لەوانە:

١. عەقیدەی مەرضییة

٢. فوائح
٣. الفضيلة
٤. عەقیدەی مەولەوی
٥. کتیبێکی کوردی
٦. نامیلکەیەك
٧. خاطیراتی مەولەوی
٨. زوبدەی عەقیده
٩. مونشەئات
١٠. تەوەسولنامەی مەولەوی

**کۆچی دوایی مەولەوی**

بەداخەوه مەولەوی پێش کۆچی دوایی و بەفەناچوونی ئەبەدی سێ کارەساتی جەرگبڕی بەسەرهاتوه که بونەته مایەی زیاتر پەرێشان بوونی حاڵی وئەوانیش هەریەکه له: کۆچی دوایکردنی عەنبەرخاتوونی خێزانی و کوێربوونی و دواتریش پشت شکاندنی که هەربەوهۆیەوه کۆچی دوایی دەکات لەساڵی ١٨٨٢ز و لەتەمەنی ٧٦ ساڵیدا. لەدوای ژیانێکی پڕ کوێرەوەری و هەژاری بەڵام به ناوبانگێکی بەرز و بێ خەوشی زانایی و دانایی و شاعیری و مەلایی و موریدی لەگوندی سەرشاتەی زێدی خۆی لەگۆڕستانی سەحابه بەخاك دەسپێردرێت و به گیانێکی پاك و بەویژانێکی ئاسودەوه دەگەڕێتەوه بەر قاپی پەروەردگاری.

- چەند نمونەیەك له شیعره بەرز و باڵاکانی نەمر مەولەوی شاعیر:

باڵاخانەی چەم دیوانەکەی تۆ
بانەناو و وەخاك ئاسانەکەی تۆ
تکەش عاجز کەرد خەیاڵت تێشدا
ئازیز بۆ جارێ پا بنیه پێشدا

ئەم پارچه شیعره لەلایەن ١٠ کەسایەتی شاعیر و نوسەر و زانای ئاینیەوه بەجۆری جیاواز لێکدراوەتەوه و لەسەری نوسراوه.

ئیمشەو تەنیا بی جەستەی زەبوونم

دیسان سەرواز کەرد دڵەی پڕ هوونم

خەیاڵاٚن خام هاوردم بەردەم

هاوار جە دەمەی هەناسەی سەردم !

زووخاو گێج مەدا دیگ دەروون دا

هووناو هورشاناش جەستەی زەبوون دا

ئەم پارچە شیعرە لە ٢٢ بەیت پێکهاتوە و وەرگێڕدراوتە سەر زمانی ئینگلیزیش‌و لەلایەن چوارکەسایەتی ئاینی و نوسەرانەوە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراوە و لێکدراوەتەوە.

لەکۆتایدا هەرئەوەندەم لەدەستدێت بڵێم هەزاران هەزار ڕەحمەت و درووود بۆ گیانی پاکی زانا و دانا و شاعیری هەڵکەوتوو و داهێنەری کورد و کوردستان مەولەوی نەمر کە زۆر ئەستەمە هاوشێوەی دووبارە ببێتەوە.

==========================================================

* ئەم بابەتە لە واڵی خۆم لە فەیسبووك لە ڕێکەوتی ١٨/٥/٢٠٢٣دا بلاٚوکراوەتەوە.

# بەشی پێنجەم
# یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

پێشنیاز و بیروڕا بۆ دیداری یەکێتی ...

# گوتـاری سیاسی و فکری جیاوازی یەکێتی بۆ ئایندەیەکی جیاوازتر *

ئاشکرایە هەموو حیزبێك یان ڕێکخراوێکی سیاسی پێویستە خاوەن فکرێکی دیاریکراو و گوتارێکی سیاسی ڕۆشنیش بێت بۆ گەیاندنی بیروڕاو و بۆچوونەکانی خۆی لەلایەك بۆ ناوخۆی حیزب ، بۆ دۆست و ئەندام و لایەنگر و کادرەکانی و پەروەردەکردنیان لەسەر ئەو فکرەی کە هەڵیگرتوە و مەبەستێتی و باوەڕی پێیەتی بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی و ئیدی ئەم فکر و ئایدیا سیاسیە دەبێتە بەرنامە و پرۆگرامی حیزبی و ڕێکخراوەیی و دەبێت کاری لەسەربکرێت و بچەسپێنرێت لەناو دڵ و دەروونی تاك بەتاکی ئەندامانی حیزب و تا وایلێدێت دەبێتە کەلتورێکی ڕۆشن و گەشاوە لای هەموان و بەتێپەڕبوونی کاتیش دەبێتە سیما و پێناس و شووناسی حیزب و لەناوخۆ و دەرەوەی خۆشیدا پێی دەناسرێتەوە، جاهەرکات پێناس و شوناسی حیزب ناسرایەوە و لای هەموانیش ئاشکرا و ڕوونبوو ئیدی لەناو کۆمەڵگا و لەناو چین و توێژەکاندا بۆخۆیان ئازادن کە هەڵیبژێرن و کاری لەسەر بکەن و بێکەنە ڕچە و ڕێبازی کارکردن و بشبێتە دەروازەیەك بۆ هاتنەناوەوەی تاکەکان بۆ ناو ڕیزەکانی حیزب و کارکردن تیایدا.

بۆیە بونی فکر و ئایدیایەکی سیاسی ڕۆشن و بێ تەمومژ کارێکی هەرە لە پێشینەی هەموو حیزبێکی سیاسیە و گوتارە سیاسیەکانی حیزبیش دەبێت هۆکاری ڕەنگدانەوەی ئەو فکرە سیاسیە بێت کە هەڵیگرتوە و نابێت بە پێچەوانەوە کاربکرێت.جا بۆ جێبەجێکردن و پەخشکردن و گەیاندنی ئەم فکر و گوتارە سیاسیە گەرەکە کە ڕچە و ڕێباز و میکانیزمێکی گونجاویش بدۆزرێتەوە و دیاریبکرێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی حیزب.ئاشکراشە ڕێگای خەبات چ شۆڕشگێڕی و قۆناغی شاخ و چەکداری بێت یان خەباتی جەماوەری و هەڵبژاردن و پەرلەمانی بێت گەرەکە بە پێی دۆخ و قۆناغە جیاوازەکان تاکتیك و ستراتیژیەتی حیزب ڕۆشن بێت و هەموان بەرچاویان ڕوونبێت کە چۆن؟ کەی ؟ لە چ کاتێکدا ؟ هەنگاوی بۆ دەنرێت،ئاشکراشە هەمیشە تاکتیکە کورت مەوداکان لەخزمەتی گەیشتن بە ستراتیژە دوورمەودا و گرنگەکاندا بون و دەشبن.کەواتە تاکتیك و ستراتیژی گونجاویش و هەڵگرتنی دروشمگەلێکی گونجاو بەشێوەیەك زۆر قەبە و گەورە و سەخت نەبن لەوەدیهێناندا ،چونکە زۆر جاران هەڵگرتن و بەرزکردنەوەی دروشم و

ئامانجی زۆر گەورەتر له توانا و  کار و گوتاری حیزب دەبێتە مایەی سەر ئێشە و بارگرانی و دواتریش وەدینەهێنانی و بەمەش حیزب تووشی پاشەکشە و پاشاگەردانی و سەرلێشێواوی فکری دەبێت و ڕەنگە زۆر کەسیش لابدەن و کرداری جیابونەوە و تۆران و زویربوونیش ڕوودات و له کۆتایشدا حیزب زەرەرمەندی گەورە دەبێت و بەرەو بچوکبونەوە و لاوازی و نەمانیش دەبێتەوە.
ئاشکراشە هەر حیزبێك ئەندامانی خۆی بە فکر و ئاراستە و گوتارێکی سیاسی خاوێن و بێ پێچوپەنا و ڕوون و ئاشکرا گۆش کرد هەمیشە سەرکەوتن وەدەستدەهێنێت.

لەلای دووهەمیشەوە ،بونی فکر و گوتارێکی سیاسی گرنگە بۆ دەرەوەی حیزبیش،چونکە وەك پێشتر باسمانکرد هەموو حیزبێك بە فکر و گوتارە سیاسیەکەی دەناسرێتەوە کە بۆتە سیما و شوناسەکەی ،هەربۆیە لەدەوروبەر و جیران و دونیاشدا هەموو حیزبێك لەسەر بنەمای فکری و ئایدیاکەی پۆلێندەکرێت و دواتریش پەیوەندیە سیاسی و حیزبیەکانی لەگەڵ دروستدەکرێت و بەمەش ئیدی حیزب تەنها له قاوغ و چوارچێوەیەکی بچوکی ناوخۆیی وڵات یان کۆمەڵگاکەی خۆیدا نامێنێتەوە و هەنگاو بەرەو گەشەکردن و فراوانبوونی ناوچەیی و نێودەوڵەتیش دەنێت و بەدەیان و سەدان حیزبی هاوفکر و هاوگوتاری سیاسی خۆی دەدۆزێتەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی فراوانبوونی ڕووبەری جوگرافیای کارکردن و دامەزراندنی تۆڕێکی فراوانی پەیوەندی فکری و حیزبی و سیاسی و دواتریش لەکاتی گرتنە دەستی دەسەلاْت لەلایەن هەریەکە لەو حیزبە سیاسیانەوە له وڵاتەکانی خۆیاندا پەیوەندی ئابوری و کەلتوری و ئەمنی و شارستانیش دروست دەبێت و بەمەش حیزبی سیاسی دەسکەوتی گەورە وەدەستدێنێت.

جا یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش وەك حیزبێکی سیاسی گەورە و کاریگەری ئەم بەشەی باشووری کوردستان و تەنانەت کوردستانی گەورەش لەسەرەتای دامەزراندنیەوە لەساڵی ١٩٧٥وە بە بیروباوەڕێکی چەپی مارکس -لینیی و گۆشکراو و موتوربەکراو بە بیروباوەڕێکی کوردایەتی و نیشتیمانی و دواتریش نەتەوەیی فکر و گوتاری سیاسی خۆی دیاریکردوە و کاری گەورەش و خەباتی خوێناوی و مەدەنیشی له پێناودا خستۆتە گەڕ.یەکێتی هەر لەسەرەتاوە بە دروشمگەلێکی تازە و نوێگەرایی بۆ ئەو سەردەمی دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ی شۆڕشی ئەیلول بوە سەرمەشق و داهێنەری فکر و ئایدیایەکی پێشکەوتووخواز و ئازادیخواز ودیموکراسیخواز و دروشمی مافی چارەنوسیشی لەمێژەوە هەڵگرتوە ،کە بۆخۆی ئەم دروشمگەلە بۆ ئەو زەمان و زەمینەیە نوێگەرایەکی گەورە بوو بە بەراوورد بە دروشمگەلە کۆنەکانی حیزبەکانی تر.

لە کۆنگرەی یەکەمی خۆشیدا لەساڵی ١٩٩٢ خۆی وەکو ڕێکخراوێکی سۆشیال دیموکرات پێناسەکردوە و دواتریش لە کۆنگرەی دووهەمیشیدا لەساڵی ٢٠٠١دا خۆی وەکو ڕێکخراوێکی سیاسی سۆسیالیست ودیموکرات پێناسەکردوە و لە کۆنگرەی سێهەمیشدا لە ساڵی ٢٠١٠ بەهەمان شێوە خۆی وەکو حیزبێکی سۆسیال دیموکراتی گەلی کوردستانی عێراق پیشانداوەتەوە و لە کۆنگرەی چوارەمیشیدا لە ساڵی ٢٠١٩دا جارێکی تر گەڕاوەتەوە بۆ سەر ڕێبازی سۆسیالیست-دیموکراتی گەلی کوردستان .

بەم شێوەیە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەدرێژایی ٣٠ ساڵی ڕابووردوی تەمەنی خۆی لەکار و کردار و گوتار و فکری خۆیدا خۆی بەستۆتەوە بە ڕچەو ڕێبازی حیزبە سۆسیال دیموکراتەکان و بۆتە جێگە و مەنزڵگای خەباتی پانوپۆڕی سەرجەم چین و توێژە جیاوازەکانی کوردستان لەوپەڕی چەپەوە بۆ ئەو پەڕی ڕاست بەتێپەڕبونیشی بە بزوتنەوە و ڕێکخراوە ئیسلامیەکانیشدا، بنەمای فکری بریتی بوە لە پیادەکردنی دیموکراتیانە لە ناوخۆ و دەرەوەی خۆیدا وەك بنەمای فکر و ئایدیا سیاسیەکەی وبە ئامانجی گەیشتن بە قۆناغی سۆسیالیست بەشێوەی هێمن و هەنگاو بەهەنگاوی دیموکراتیانە،یاخود فکری کۆمەڵگایەکی دیموکراتخوازیی هەڵگرتوە بەهیوای ئەوەی کە کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران و پێشکەوتوو و یەکسان و دادپەروەر و وەکیەکی جێندەری بێنێتە کایەوە بۆهەموان.بەم شێوەیە یەکێتی لەماوەی ٣٠ ساڵی ڕابووردوودا هەڵگری چەمکی دیموکراتی و سۆسیالیستی بوە و بەڕۆشنی ڕایگەیاندوە و کاریشی بۆ کردوە لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا و بە فعلیش بۆتە ئەندامێکی کارای ڕێکخراوی سۆسیالیستی نێودەوڵەتی SI بەمەش پابەندی خۆی ئاشکراکردوە بۆ بنەما و پرەنسیپە فکری و گوتارە سیاسیەکانی هەموو ئەو حیزبانەی کە کار لەچوارچێوەی ئەو ڕێکخراوەدا دەکەن کە لە ئێستادا زیاد لە ١٦٢ حیزب و ڕێکخراوی سیاسی لە دونیادا ئەندامی چالاك و بەشدار و چاودێری هەیە.

ئاشکراشە بنەما فکریەکانی حیزبە سۆسیالیت-دیموکراتەکان لەسەر ئەم بنەمایانە بیناکراوە و ئامانجیانە کە بیانهێننە دی وەك:

١.بەشداریکردنی حکومەتەکان لە کەرتی ئابوری و کۆمەلآیەتیدا بۆ چەسپاندنی دادپەروەری کۆمەلآیەتی لە چوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداریدا.

٢.هەوڵدان و کارکردن بە ئاڕاستەی پێکەوەنانی کۆمەڵگای خۆشگوزەران.

٣.ئامادەسازی و کارکردن بۆ کارکردنی پێکەوەیی.

٤.ڕێکخستنی کەرتی ئابوری بەشێوەیەك کە لەبەرژەوەندی گشتیدا بێت.

٥.دابەشکردنەوەی داهاتەکان و سامانەکان بەدادپەروەرانە.
٦.پابەندبوونیش بە بنەمای دیموکراتی نوێنەرایەتی(هەڵبژاردنی پەرلەمانی).
٧.حیزبە سۆسیالیست-دیموکراتەکان بنەمای ئابوری تێکەڵاو وئابوری بازاڕی کۆمەڵایەتی پیادە دەکەن.

لەپاڵ ئەمانیشدا حیزبە سۆشیال دیموکراتەکان کار لەسەر ئەم بنەمایانە دەکەن:
١. وەدیهێنانی یەکسانی وەکیەکی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگاکدا.
٢.دیموکراتیەت.
٣. کارکردن و هاریکاری کۆمەلایەتی لە کۆمەڵگایەکی سەرمایەداریدا.
٤.دابینکردنی گوزەرانێکی پڕ شکۆ بۆ مرۆڤەکان.
٥.بەشداریکردنیش لە داهێنان و تازەگەریدا.

بەم شێوەیە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەماوەی ٣٠ ساڵی ڕابووردووی خەباتی خۆیدا بەهەردوو ئاڕاستە فکریەکانی هەردوو حیزبە سۆسیالیست-دیموکراتەکان و حیزبە سۆشیال دیموکراتەکان کاری کردوە و هەردوکیشیان ڕێبازو و ڕچەی کارکردنیان و ئامانجەکانیشیان تاڕادەیەك زۆر نزیکن لەیەکەوە. بەخۆشحاڵیشەوە یەکێتی توانیویەتی تاڕادەیەکی باش ئەم فکر و گوتار و ڕێبازە سیاسیە بۆخۆی بکاتە شوناس و ناونیشان و سیمای ناسینەوەی و بەتەواوەتی خۆشی ساغکردۆتەوە لە سەر ئەو حیزبانە ,و لەگەڵ ئەمانەشدا بەرگ و بنەما و پابەندبونە نیشتیمانی و نەتەوایەتیەکانی کوردایەتیشی لە بیر نەکردوە.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ،ئایا یەکێتی لەماوەی ئەو ٣٠ ساڵەدا توانیویەتی تەواوی ئامانجەکانی وەکو حیزبێکی سۆسیالیست -دیموکرات وەدیبێنێت؟ئەگەر نا بۆچی و هۆکارەکانی چیبوون؟

بەدڵنیایی نەیتوانیوە تەواوی ئامانج و پرەنسیپەکانی خۆی وەدیبێنێت ،ئاشکراشە بەهۆکاری تایبەت و بابەتی و خۆییەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەك و عێراق لەلای دووهەم و لەلای سێهەمیشەوە هۆکارە ناوچەییەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ناجێگیری سیاسی و ئابوری و ئەمنی و کۆمەلایەتیەکان و دەرکەوتنی سیستەمی نوێی جیهانی و بەجیهانیبوون و پێشکەوتن و داهێنانە سەرسوڕهێنەرەکان لە هۆکارەکانی پەیوەندی و تەکنەلۆجیاو ..هتد.

خاڵی گرنگتریش هۆکاری سیاسی و ئابوری و ئەمنی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی لەچوارچێوەی قەوارەی دەوڵەتی عێراقدا نەك وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سیادە و سەروەری و لەلای دووهەمیشەوە بەداخەوە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش لەم دەسەلاتەی

هەرێمدا حیزبی تەواو باڵادەستی تەنها و ڕەها نەبوە بۆ ئەوەی بتوانێت لەناو دەسەڵاتدا ئامانج و پرۆگرامە سیاسیەکەی خۆی پیادە بکات و هەموو ئەو پرەنسیپانە وەدیبێنێت کە لە پێناویدا خەبات دەکات وەك حیزبێکی سۆسیالیست-دیموکرات یان سۆشیال دیموکرات.

پێشنیازی کارکردن بۆ ئایندەیەکی جیاواز

١.بەڕای بەندە گەرەکە یەکێتی لەسەر هەمان بەرنامە و گوتار و فکری خۆی بەردەوام بێت و گەشەی پێبدات و قوڵی بکاتەوە و بیچەسپێنێت لەناوخۆی یەکێتی و ناوچەکە و دەرەوەشدا.

٢. بە کردارەکی و بە ڕاستگۆیانە و ڕاستەقینە و لەسەر زەمینەی واقع بنەماکانی یەکسانی و دادپەروەری و وەکیەکی جێندەری ڕەنگبداتەوە لەکار و کرداریدا و سازشیان لەسەر نەکات.

٣. لەناوخۆی خۆیدا دیموکراتیەتی ڕاستەقینە پیادە بکات و بۆ دەرەوەش بەهەمان شێوە.

٤. لەناوخۆی خۆیدا گەشە بە فکر و ڕچەی کارکردنی بدات وەك حیزبێکی سۆسیالیست-دیموکرات و سەر لەخۆی تێکنەدا و بە ئاڕاستەی هەموو گۆڕانکاریەکی ناوەختە تاکتیك و ستراتیژی خۆی نەگۆڕێت.

٥. لەناوخۆی خۆیدا یەکسانی و وەکیەکی هەل و فورسەتی کار بداتە ئەندام و کادرانی خۆی لەسەر بنەماکانی لێهاتووی و بڕوانامە و پسپۆڕی و شارەزایی و ئەزمونی کارکردن نەك مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و ناوچە و عەشرەتگەری و بنەماڵچێتی و خزمخزمێنە و دیاردەی تەکەتولی ناڕەوا، کە هەموانیان زیانی گەورەیان بە یەکێتی گەیاندوە لە ڕابووردوودا.

٦.دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگا و بۆ ناو خۆی خۆشی لە پێدانی ئیمتیازات و دابەشکردنی داهات و دەسکەوتەکان وەکو یەك نەك بۆ هەندێك ڕەحیم و ڕەحمان و بۆ هەندێکیش شدید العقاب بێت.

٧.یەکسانی ئەندام و کادران لەناوخۆی یەکێتیدا وەکو یەك و جیاوازی گەورە نەبێت لەنێوان ئەندام مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی لەگەڵ کادر و ئەندامانی خوارەوەدا ،بەڕەچاوکردنی ئەوەی کە هەموو پلەو پۆستێك ئیمتیازی خۆی هەیە.

٨. دوورکەوتنەوە لەگەندەڵی دارایی و ئیداری و سیاسی و هەوڵدان بۆ بنەبڕکردنی.

٩. گرنگیدانی زیاتر بە ژیان و گوزەرانی خەڵکی و جەماوەری پانوپۆڕی کۆمەڵگاو و هەنگاو بەرەو پێکەوەنانی دەوڵەتی ڕەفاه.

١٠.گرنگیدان بە توندوتۆڵکردنەوەی ڕیزەکانی ڕێکخستنەکان وباشکردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ کۆمەلانی خەڵکدا و گەڕانەوە بۆ بنەما سەرەتاییەکانی یەکێتی لە گرنگیدان بە توێژە هەژار و

کەمدەرامەتەکان کە بەداخەوە زۆرینەی کۆمەڵگای کوردەوارین و پشت و پەنا ڕاستگۆ و ڕاستەقینەکانی یەکێتین.

١١. هەڵسەنگاندنی کار و کردەوە و گوتاری سەرکردایەتی و لێپرسراوانی ئۆرگانەکان بەبەردەوامی و پیادەکردنی بنەمای سزادان و پاداشتکردن لەسەرەوە بۆ خوارەوە.

١٢.دوورکەوتنەوەی حیزب لەکاری بازرگانی ناڕەوا و تەنها سەرقاڵی کاری سیاسی و گەشەپێدانی فکر و بیری سیاسی و گوتاری سیاسی گونجاوی خۆی بێت.

بەم شێوەیە دەکرێت گەشە و چاکسازی زۆر باش و پڕ بەرهەم بۆ یەکێتی ئەنجام بدەینەوە و یەکێتی بگێڕینەوە بۆ سەردەمە زێڕینەکانی خۆی لەسەردەمی ڕابەر و کاریزمای هەڵکەوتوو هەڤاڵ مام جەلالی بەهەشتیدا..بۆئەوەی یەکێتیەکی جیاواز سازو ئامادە بکەین بۆ ئایندەیەکی جیاوازتر لەسایەی گۆڕان و ڕووداوە لەپڕ و خێراکانی دونیای سەردەم.

بەهیوای ئەوەی ئەم دیدارە هەنگاوی سەرەتا و کۆتا نەبێت بەئاڕاستەی نوێبونەوەیەکی ڕاستەقینەی یەکێتیەکەی هەموان.

==========================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا لەڕێکەوتی ١/٣/٢٠٢٢دا بلاّوکراوەتەوە.

پێشنیاز و بیروڕا بۆ دیداری یەکێتی ...

# دەستور و سیستەمێکی سیاسی نوێگەرایی بۆ هەرێمی کوردستان کە لەگەڵ ڕۆحی سەردەمدا بگونجێت *

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەو پێیەی ئەندامی کارای ڕێکخراوی سۆسیال ئەنتەرناسیونال و هەڵگری فکر و گوتاری سیاسی حیزب و ڕێکخراوە سۆسیالیست-دیموکراتەکان و لە کۆتا کۆنگرەی خۆشیدا و لە پرۆگرامەکەیدا خۆی پێناسەکردوە بە ڕێکخراوێکی سیاسی سۆسیالیست-دیموکراتی گەلی کوردستان.و ماوەی زیاد لە سی ساڵیشە خەبات بۆ وەدیهێنان و چەسپاندنی بنەماو پرەنسیپەکانی ئەو فکر و ئایدیا سیاسیە دەکات. ئاشکراشە یەکێك لە بنەما و پرەنسیپەکان پیادەکردن و گرتنبەری ڕێگا و ڕێبازی دیموکراتیانەیە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی لەڕێگەی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتیەوە(پەرلەمان). هەربۆیەش ئەرکی یەکێتیە کە گەر بەتەنها بێت یان لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسیەکانی تری کوردستاندا بێت کە کاری جدی و گەرموگوڕ بکات بۆ وەدیهێنان و چەسپاندنی ئەو بنەما فکریانەی خۆی کە بەدڵنیاییش لە بەرژەوەندی کۆمەڵگای کوردەواریشدا تەواو دەبێت.

ئاشکرایە هەر قەوارە و کیان یان دەوڵەتێك چ دیفاکتۆ بێ یان ڕەسمی و دانپیادانراو بێت پێویستی بە پیادەکردن و هەبوونی سیستەمێکی سیاسی هەیە کە تیایدا بەڕوونی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری و دەسەڵاتی ڕای گشتی یان ڕاگەیاندنی دیایکردبێت،کە سەرجەم بوارەکانی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئەمنی و کەلتوری و ...هتد. کۆمەڵگای لەسەر و لەخوارەوە ڕێکبخات. جالێرەدا گرنگە کە بزانین هیچ سیستەمێکی سیاسیش نیە کە کاریگەری ناوەکی و دەرەکی لەسەر نەبێت،بەلاّم گرنگە کە لەو سیستەمەدا ڕەچاوی دیموکراتیەت وجێگیری سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و داب و نەریتی کۆمەڵگاکان بکرێت، بەهەمان شێوەش هیچ سیستەمێکی سیاسی نیە لە دونیادا بەبێ پابەندبوون بە دەستورێکی مۆدیرن و تازەگەرایی و سەردەمیانە کە وەك سەرچاوەی هەموو یاسا و ڕێساکانی تر دادەنرێت و پێویستیشە لەسەر هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی ملکەچی بن و بە دەق و ڕوحیەوە جێبەجێی بکەن. کەواتە دەستورێکی مۆدێرنی شارستانیانە و سەردەمیانە بۆ هەرێمی کوردستان لەم کات و قۆناغەدا زۆر گرنگە،کە بەداخەوە لەماوەی سی ساڵی ڕابووردوودا هەرچەندە کار و هەوڵی جدی

نرا بۆ نوسینەوەی دەستورێکی لەوشێوەیە کە ئەوەتا لە ٢٤/٦/٢٠٠٩دا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانیشەوە ( پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراق)پەسەندکرا بەلاّم مایەوە راپرسی گەلی لەسەر بکرێت بەلاّم تائێستا ئەو کارە نەکراوە،بەلاّم نەتوانرا لەبەر کێشە و گرفت و ململانێ سیاسیەکان و هەوڵدانی لایەنی سیاسی تر بۆ بەلارێدابردن و نوسینەوەی دەستورێك بەقەد و بالاّی خۆیاندا دوور لەبەرژەوەندی گشتی و ئایندەی هەرێمەکەمان وگەلەکەمان ئەو هەنگاوە زۆر هەستیار و گرنگە نەگەیشتۆتە ئەنجام.

ئاشکراشە دەستورێکمان پێویستە کە بنەماکانی دیموکراتیەت و پێکەوەیی سیاسی و پەرلەمانی بێت و رەنگدانەوەی داواکاری و پێداویستیەکانی ئەم قۆناغ و سەردەمەی ئێستا بێت بۆ ئایندەیەکی دووریش بتوانرێت پیادە بکرێت.گرنگە لەو دەستورەدا تاك بکرێتە پنتی هەموو بریار و گۆرانکاریەکان،تاك وەك بونەوەرێکی زیندووی ناو کۆمەڵگا و خشتی یەکەمینی بنیاتنانی خێزان و کۆمەڵگایەکی کراوە و پێشکەوتوو ،تاك بەهەموو خواست و ئاوات و خەون و پێداویستی و خولیاکانیەوە کە ئازادیەکانی لەهەموو بوارەکاندا، گەرەکە رەنگبداتەوە و هیچ چوارچێوەو لە مەنگەنەدانێك و چاودێریەکی توندی لەسەر نەبێت( بەرەچاوکردنی دابونەریت و بەها پیرۆزەکانی کۆمەڵگا) ،چونکە چەندە تاکێکی ئازاد و کراوە و رۆشنبیر و هوشیار و ئازا و بوێر پەروەردە بکرێت بەبنەماکانی دیموکراتیەت و کاری پێکەوەیی و هاوکاریکردن لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا هێندەش دەتوانین کە خێزان و کۆمەڵگایەکی کراوە و پێشکەوتوو و داهێنەر وەدیبێنین.

بەهەمان شێوە گەرەکە کە لەدەستوردا گرنگی بداتە چەسپاندن و تۆخکردنەوەی سیستەمی دیموکراتی لەهەموو کار و گوتار و هەنگاو و یاساکاندا،چونکە تا دیموکراتیەت نەکرێتە سلوکی رۆژانەی تاکەکان و شێوازی کارکردن و هەڵسوکەوتی تاك و خێزان و کۆمەڵگاکەمان ناتوانرێت دوورکەوینەوە لە بیری تەسکی حیزبایەتی و ناوچەگەری و ئاینی و مەزهەبی و عەشرەتچێتی و کۆنەپارێزی دواکەوتوو،تا بروای تەواومان نەبێت بە ماف و ئەرکی خۆمان و بەرامبەرکانمان ناتوانین دوورکەوینەوە لە گیانی تاکرەوی و خۆپەسەندی و قۆرخکاری و خۆپەرستی.تا دیموکراتیەت نەکەینە پێوەری هەڵسوکەوت و گوتارمان و هەموو کارو کردەوە و بریارێکیش بە تەرازووی دیموکراتیەت هەڵنەسەنگێنین ناتوانین ببینە کۆمەڵگایەکی خۆشبەخت و ئارام و بێ کێشە و گرفتی کۆمەلاّیەتی. بۆیە بنەمای دیموکراتیەت پێویستە بە تۆخی و بە فۆنتێکی گەورە لەناو دەستوردا رەنگبداتەوە.

جا باشترین نمونەی دیموکراسیەت و سیمای گەشی ئەو سیستەمە سیاسیە بریتیە لە چێکردن و ئەنجامدان و پیادەکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان و ئەنجومەنە خۆجێییەکان لەسایەی سیستەم و یاسایەکی هەڵبژرادنی دیموکراتیەوە کە لە ئێستای کوردستاندا گەرەکە یاسایەکی نوێی هەڵبژاردن لەکوردستاندا دابنرێت و هەمواربکرێتەوە لەسەر بنەمای فرە بازنەیی نەك تاك بازنەیی یاخود بەشێوەی لیستی کراوە نەك داخراو کە هەموو ئەم بنەمایانە لەگەڵ پرەنسیپی حیزبە سۆسیالیست-دیموکراتەکاندا یەك دەگرێتەوە و یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش لە پێش هەموانەوە بەرپرسە لە چەسپاندن و گۆرانکاری لەو دەستور و یاسای هەڵبژاردنەدا وەك حیزبێکی سۆسیال –دیموکرات.چونکە وەك لە رابووردوودا تاقیکراوەتەوە چ لەکوردستان و چ لە عێراقیشدا پرۆسەی هەڵبژاردنێکی پاك و خاوێن و دوور لە ساختەکاری و یەکسان بۆ هەموان وپێشێلنەکردنی مافی کاندید و حیزبە سیاسیەکانیش بریتیە لە هەڵبژاردن لە سەر بنەمای فرە بازنەیەی کە هەموو کاندیدان وەکو یەك و بێ جیاوازی چانسی بردنەوەیان هەبێت.

خاڵێکی تری گرنگ بریتیە لەوەی کە مادام لەدەستوردا مافی تاکەکان پارێزراوبێت لەهەموو روەکانەوە،ئیدی پێویست بەوەناکات کە هیچ پێکهاتیەکی نەتەوەیی یان ئاینی و مەزهەبی جیاکاریان بۆ بکرێت و لەناو یاسای هەڵبژاردندا مافێکی تایبەتیان بۆ دیاریبکرێت،چونکە وەك دەوترێت هەموان لەبەردەم یاسادا یەکسانن و مافەکانیش لەدەستوردا فەراهەمکراوە،بۆیە گەرەکە ئەوەی کە تائێستا بۆ بەناو کەمینەکان پارێزراوە لە تورکومان و مەسیحی(کلدۆ ئاشوری و ئەرمەنی) و کاکەیی و ئێزیدی و ...هتد.بە ناوی کورسی کۆتاوە نەمێنێت و هەموانیان بە هێندەی ژمارە و قەوارەی خۆیان با دەنگی کەمینە و پێکهاتەکانی خۆیان وەدەستبێنن نەك لەسەر حسابی مافی نەتەوەی کورد.چونکە تائێستا بە فعلی بینراوە کە ئەو یانزە کورسی کۆتایەی پەرلەمانی کوردستان بەداخەوە قۆرخکراوە بۆ لایەنێکی سیاسی دیاریکراو و ئەویش لە پێناو ئامانج و بەرژەوەندیەکانی خۆیدا بەکاریان دەهێنێت و ئەم بنەمایەش نەك لە بیروباوەرمان بە رەتکردنەوەی مافەکانیان و بنەمای پێکەوەیی و دژ بە ئاشتی کۆمەڵایەتیەوە بێت بەڵکو بۆ ئەوەی ئەوانیش بە ئازادی تەواوی خۆیان کاندید و نمایندەیان ببەنە ناو پەرلەمان و ئەنجومەنە خۆجێیەتیەکانەوە نەك بە تەزکیە و پشتگیری حیزبێکی سیاسی باڵادەست بۆ هەندێك کەسی نەشیاو و بێتوانا.

گرنگیشە هەم لە دەستور و هەم لەیاساکانی تایبەت بە ئەنجومە خۆجێیەتیەکاندا،بنەمای لامەرکەزی ئیداری و دارایی رەچاو بکرێت و ئەمەش لەگەڵ رۆحی کرانەوە و بنەمای دیموکراتیەت و ئازادیەکاندا زیاتر دەگونجێت وەك لەوەی لەگەڵ دەستورێك و یاسایەکی مەرکەزی و توندوتۆڵی وادا کە هەموو دەسەڵاتەکان لە ناوەندی بڕیار و پایتەختدا و تاکرەوانە قەتیسبکرێت،بۆیە گرنگە

ئەم بنەمایەش بە ئاشکرا و بەڕوونی ڕەنگبداتەوە و یەکێتی نیشتیمانیش وەك لەناوخۆی خۆیدا ئازادیەکی تەواوی بیر و بۆچوون و گوتار و کرداری بۆ هەموان ڕەخساندوە گەرەکە هەوڵی جدی بدات کە ئەم بنەمای لامەرکەزیەتەش لە دەستور و یاسا و سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستانیشدا بچەسپێنێت.

بۆیەگرنگە لەم دیدارەی یەکێتیدا لەناو هەمەجۆری سیستەمە سیاسیەکاندا بە جدی پێداگیری بکرێت لەسەر سیستەمێکی سیاسی دیموکراتی و پەڕلەمانی یان سیستەمێکی دیموکراتی تێکەڵاو (لەسەرۆکایەتی و پەڕلەمانی) بەنمونەی فەڕەنسا، کە سەرچاوەی گرتبێت لە دەستورێکی مۆدێرن و پێشکەوتووی واوە کە ماف و ئەرکی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنی و پیشەیی و تاك و خێزان و کۆمەڵگای بەڕوونی دیاریکردبێت و لەهەموو بڕیار و یاساکانیشدا ڕەچاوی بنەمای لامەرکەزیەتێکی ئیداری و دارایی بکرێت بۆ چەسپاندنی ئازادیەکی زیاتر لە خزمەتکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان و جێبەجێکردنی پڕۆژە ئاوەدانیەکان و بەمەبەستی خۆشگوزەرانی و دابینکردنی ژیان و گوزەرانێکی پڕ شکۆ بۆ هەموان و ڕەچاوکردنی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتیش بۆ سەرجەم تاك و گروپ و ناوچەکانی هەرێمی کوردستان.

هەربەم پێداگیری و چەسپاندنی بنەمایانە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەتوانێت وەك حیزبێکی سیاسی سۆسیال – دیموکرات گوتار و بەرنامە و فکر و سیاسەتی ئایندەی خۆی بچەسپێنێت و لەدەسەڵاتیشدا بەردەوام بێت و بشبێتەوە جێگە متمانەی زۆرینەی کۆمەڵگای کوردەواریمان.

بەهیوای سەرکەوتن و سەرختنی ئەم دیداری چاکسازی و نوێبونەوە و گەشەپێدانەوەی یەکێتیەکەی هەموان.

==========================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نویٰ دا لەڕێکەوتی ١٧/٣/٢٠٢٢دا بلاَوکراوەتەوە.

# سیستەمێکی ئابوری و دارایی و بەڕێوەبردنێکی بەهێز بۆ یەکێتیەکی بەهێزتر *

ئاشکرایە هیچ ڕێکخراوێك گەورە یان بچوکی سیاسی یان ئابوری یان کۆمەلآیەتی و ئەمنی بێت ناتوانێت درێژە بەکار و تەمەن و بەخششی خۆی بدات ئەگەر کار و پلان و پڕۆژەکانی بەشێوەیەکی زانستیانە و واقعیانە دانەڕێژێت و ڕێکیان نەخات،چونکە هەمیشە کار و پڕۆژەکان چ بۆ ئێستا بێت یان بۆ ئاینده ئەگەر ڕیزبەندی و ئەولەویەتیان بۆ دیارینەکرێت هیچ کات بەتەواوەتی ئامانجەکانی خۆیان ناپێکن و گەر بۆ ماوەیەکیش بەردەوام بون بەدڵنیاییەوە بێ کەموکوڕی نابن و دواتریش کارێك بەهەڵە و دوور لە سیستەماتیك بەڕێوە چووبێت ئەوا پاشاگەردانی و بێئومێدی و دواتریش شکست چاوەڕوانی دەکات.

بۆیە گرنگە هەمیشە هەوڵبدرێت کە کار و پڕۆژەکان بە سیستەمێکی زانستی و وورد ڕێکبخرێن،چونکە چەندە کارەکان بە دامودەزگایکردن و سیستەماتیکی بەڕێوەچوون ئەوا لەلایەك بەهەدەردانی پارە و کات دەگەڕێتەوە و کەمدەبنەوە و لەلایەکی تریشەوە سەرکەوتن مسۆگەرتر دەبێت.

بۆیە گرنگە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەوڵی گەرموگوڕ بدات بۆ ئەوەی لەناوخۆی خۆی و دواتریش لەناو حکومەت و ئیدارەی حکومەتی هەرێمدا یان لانی کەم لە ئیدارەی ئەو ناوچانەی تیا بالآدەستە کە سیستەمێکی ئابوری و بازرگانی و بازاڕێکی ئازاد یان تێکەلآو یان بازاڕێکی کۆمەلآیەتی بنیاتبنێت و هەموو کار وچالاکیە بازرگانیەکان ڕێکبخاتەوە کە لەبەرژەوەندی سەرجەم تاك و کۆمەڵگای کوردەواریدا بێت،ئاشکرایە لە ئێستادا ئابوری و بازرگانی کۆڵەکەی سەرەکی و پتەوی هەموو دامودەزگا و حوکمڕانی و دەوڵەت و دەسەلآتێکە و لەم قۆناغ و سەردەمی بە جیهانیبونەدا ئابوری لە ڕێگەی کۆمپانیا زەبەلاحەکانەوە کەمەرکێشی سیاسەت و بڕیاری سیاسی دەوڵەتان دەکەن، و تەنانەت حیزبێکی گەورەی وەکو یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش بۆ دابینکردنی موچەی کادر و لایەنگرانی و دواتریش بۆ بەردەوامی کار و بەرنامە و پلان و پڕۆژەکانی پێویستی بەسەرچاوەی دارایی و داهات دەبێت کە گرنگە هەمەجۆر و هەمە چەشن بن،بەداخەوە لەم ناوچەیەی ئێمە لەکوردستان و عێراقیشدا هەر حیزبێکی سیاسی کە خاوەنی هێز و نفوز و داهاتێکی

باش نەبێت ناتوانێت خۆڕابگرێت لەبەرامبەر هەژموون و خۆسەپاندنی هێزە باڵادەستەکاندا،بەڵام گرنگە ئەو سەرچاوەی داهات و بازرگانیە بەڕێگای شەرعی و یاسایی بێت و کاریگەری گەورەش نەکاتە سەر داهات و بازرگانی کاسبکاران و بازرگانان.هەروەهاش گرنگە لەناو یەکێتیدا سەرچاوەی داهاتەکان شەفاف و ئاشکرابن و یاسایش بن و دواتریش چۆنێتی خەرجیەکان و خەرجکردنەکانیش بەهەمان شێوە ڕوون و شەفاف بن و دەستبگیرێتەوە بە خەرجیە ناپێویستەکانەوە.

بەشێوەیەکی عادیلانەش دابەشبکرێنەوە بۆ بەرژەوەندی پێشکەوتن و گەشەی یەکێتی و کادرانی نەك تەنها بۆ لێپرسراوانی باڵا،بەداخەوە یەکێك لەو ڕەخنانەی کە لە یەکێتیەکەمان دەگیرێت بریتیە لەوەی کە داهات و دەرامەتی زۆر و زەوەندی یەکێتی لەبەرژەوەندی چەند کەسێکی دەستڕۆیشتوو خەرجدەکرێت و ئەوان بونەتە ملیۆنێر و مەڵتی ملیۆنێر و کادری ڕێکخستن و پێشمەرگەی ئاسایش لە گوزەرانێکی خراپدان.بۆیە هەقە یەکێتی لەم دیدارەدا بەسەر هەموو ئەو ڕاز و گلەییانەدا بچێتەوە و چاکسازیەکی وورد و هێمن و لەسەرخۆ لەکەرتی ئابوریدا بکات،بەتایبەتیش لەو سەرچاوانەی کە داهاتێکی باشیان هەیە وەك کەرتی نەوت و غازی سروشتی و کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار و ...هتد.کە بەداخەوە لەسایەی حوکمڕانی و سیاسەتی هەڵەی سەربەخۆ فرۆشتنی نەوتی کوردستاندا جگە لە نیقمەت و بەڵا و قەرزاری زۆری زۆرینەی کۆمەڵگا هیچ خێر و بێر و نیعمەتێکیان لێچنگ نەکەوتوە.

لەکەرتی ئابوریدا یەکێتی وەك ڕێکخراوێکی سۆسیالیست-دیموکرات گەرەکە کە هەوڵی دابەشکردنەوەی داهات و دەسکەوتەکان بدات بەشێوەیەکی عادیلانە لەنێوان تاك و گروپەکانی کۆمەڵگادا و ئەمەش بەمەبەستی نەهێشتن یان کەمکردنەوەی بێکاری و هەژاری و ڕەخساندنی هەلی کار و خۆشگوزەرانی خێزان و چینە هەژار و مامناوەندەکانی کۆمەڵگاکەمان.

بەهەمان شێوە گرنگی دان بەکەرتی تایبەت و وەبەرهێنانی ناوخۆیی و دەرەکی کارێکی گەلەك گەورەیە بۆ پێشخستن و ئاوەدانکردنەوە و بەگەڕخستنەوەی کارگە پیشەسازیەکان و دامەزراندنی چەندان پرۆژەی گەورە و گرنگی تر لە سەرجەم سێکتەرەکانی تریشدا.

بەهەمان شێوە کەرتی داراییش پێویستی بە پێشخستن و گەشەپێدان و نوێکردنەوە هەیە لە ڕووی سیستەمی جێبەجێکردن و دواتریش بەکارهێنانی ئامێر و تەکنەلۆجیای نوێی دارایی و بانکی و پەیوەندیکردن و ناردن و وەرگرتن و حەواڵەکردنەوە،کە لە دونیای سەردەمدا لە ئێستادا بە میکانیزمی سویفت SWIFT کاردەکەن لەنێوان بانکە گەورە و بازرگانیە جیهانیەکاندا

چونكە خاوەن متمانە و باوەڕپێكراوە و ئەمینیشە لە ڕووی نهێنی پاراستن و بەكارهێنانەوە .دەكرێت یەكێتی بۆ ناو خۆی خۆی و دەرەوەشی و لەناو حكومەتی هەرێمی كوردستانیشدا هەوڵەكانی بخاتە گەڕ بۆ ئەو مەبەستە.

بەهەمان شێوە لەكەرتی ئیدارە و بەڕێوەبردنیشدا كاربكات بۆ چاكسازی و پێشخستنی ئەم بوارەش لەڕێگەی گۆڕینی نوسراوە كاغەزیەكانەوە كە شێوازێكی كلاسیكیە كە تاكو ئێستا بەردەوامە بۆ شێوازی ئەلكترۆنی و بەگەڕخستن و خستنەكاری پڕۆژەی حكومەتی ئەلكترۆنیە لەنێوان دامودەزگاكانی حكومەتی هەرێم و دواتریش لەناو ئۆرگانەكانی یەكێتی خۆشیدا. ئاشكرایە هیچ دامەزراوەیەك یان ڕێكخراوێك بچوك یان گەورە سیاسی یان ئابوری و ئەمنی یانیش ڕێكخراوێكی مەدەنیش ناتوانێت بەبێ بوونی ئیدارەیەكی بەهێز و پتەو وكاریگەر و چالاك ئیشوكارەكانی ڕاپی بكات و بتوانێت چارەسەری كێشەو گرفتەكان بكات و بتوانێت توانا مرۆییەكان كۆنترۆڵ بكات و بەگەڕیشیان بخات هەریەكە بە پێی پسپۆڕی و توانا و لێهاتوویی كەسەكان خۆیانەوە.

هەموو ئەم كارانەش لەلایەك بە بەرزكردنەوەی ئاستی هوشیاری و توانای كەسەكان و دامودەزگاكان و ئۆرگانەكان دەبێت بە كردنەوەی خولی هوشیاری و ۆركشۆپی بەردەوام یان ناردنە دەرەوەی فەرمانبەران و كادران بۆ دەرەوەی ولاَت یان هێنانی كەسانی شارەزا و پسپۆڕ لەدەرەوەی ولاَت بۆ ئەنجامدانی كۆڕو كۆبونەوە و سمینار و ئەنجامدانی مەشق و ڕاهێنانی كادر و فەرمانبەرانەوە.

بۆیە گەر بمانەوێت یەكێتیەكی جیاواز و بەهێز بۆ چەند ساڵی ئاینده ساز و ئامادە بكەین پێویستە هەر لەئێستاوە لەناوخۆی یەكێتیەكەی خۆمانەوە دەستپێبكەین چونكە لەناوخۆماندا ناكرێت هیچ كەس و بەرپرسێك بەربەست دروست بكات لەبەردەم پڕۆسەیەكی واگەورە و گرنگ و هەستیاریشدا،خۆ ئەگەر لە ناو حكومەتی هەرێمدا نەتوانین بەكامی دڵخوازی خۆمان بەرنامە و پلانەكانمان جێبەجێبكەین لەبەرئەوەی ململانێكەرمان هەیە و بالاَدەستی ڕەهانین و شەریكە بەشمان هەیە،ئەوا ناكرێت لەناو یەكێتیدا هیچ بیانویەك لەو كار و چاكسازی و نوێبونەوەیە ڕابمانبگرێت و STOP مان پێبكات.

بەهیوای سەركەوتنی ئەم دیدارەی یەكێتی و ئەم نیەت و بەرنامە نوێگەریەی كە یەكێتی گەرەكێتی چێی بكات و خوازیاری سەركەوتنیم.و ئەركی هەموانیشە كە پشتگیری و پشتیوانی لەهەر هەوڵ و نیەتێك بكرێت بۆ بەهێزبونەوە و گەشانەوەی یەكێتیەكەمان.

==========================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ دا لەڕێكەوتی ٤/٤/٢٠٢٢دا بلاَوكراوەتەوە.

پێشنیاز و بیروڕا بۆ دیداری یەکێتی ...

# بۆ ئاینده یەکێتی بەچ میکانیزمێك کاری ڕێکخراوەیی و جەماوەری خۆی گەشە پێبدات؟ *

وەك دەوترێت کە هەمیشە جەماوەر سەرچاوەی شەرعیەت و ڕەوایی هەموو دەسەلأتێکە و دەسەلأتەکانیش لە دونیای دیموکراسیدا لەڕێگەی هەڵبژرادنە پەڕلەمانیەکانەوە حیزب و سەرکردە سیاسیەکان دێننە دەسەلأتەوە ،هەربۆیە جەماوەر ڕۆڵ و کاریگەری گرنگی هەیە بۆ پشتیوانی و سەرخستن و گەشەکردن و گەیاندنی حیزبە سیاسیەکان بەدەسەلأت.بەهەمان شێوە هیچ حیزبێکی سیاسی بەبێ بوون و کۆبونەوە و پشتیوانی جەماوەری کۆمەڵگاکەی خۆی ناتوانێت سەرکەوتن و گەشەکردن وەدیبێنێت وبەگەورەیی و دەسەلأتدار بمێنێتەوە،چونکە هەرکات جەماوەر کە لە چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا پێکدێت بەهەر هۆیەکەوە پشت بکاتە هەر حیزب و سەرکردەیەکی سیاسی ئەوا بەدڵنیایی شکست و بچوکبونەوە وکەوتن و چاوەڕوانی دەکات.بۆیە هەمیشە جەماوەر وەك دەریایەکی پان و بەرین وایە و لە قۆناغ و وەرزە جیاوازەکاندا توانای شەپۆلدان و ڕامالینی گەورەترین بەربەستەکانی هەیە و حیزب و شۆڕش و سەرکردەکانیش وەکو ماسی وانە، ماسی هیچ کات بەبێ ئاو ناژی و هەمیشە هەر ماسی پێویستی بەدەریا و ئاو هەبوە نەك دەریا. بۆیە پێویست دەکات خاڵی سەرەتا و کۆتای کار و پڕۆژە و بەرنامە و پلانەکانی بۆ ئاینده لەسەر چەندایەتی و چۆنایەتی جەماوەری پان و پۆڕ دابڕێژێت نەك تەنها ئەندام و دۆست و لایەنگرانی خۆی.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش وەك حیزبێکی سۆسیالیست- دیموکرات کە نماینده‌ی جەماوەری پان و بەرینی کۆمەڵگای کوردەواری دەکات و ئامانجیشی پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی ڕەفاه و خۆشگوزەرانە بۆ هەمووان بێ جیاوازی و چەسپاندنی یەکسانی و وەکیەکی و دادپەروەری کۆمەلأیەتی و دابەشکردنەوەی داهاتەکانە بەسەر هەمواندا لەڕێگەی هاریکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە،بۆیە ئەرکێتی کە زۆر بەجدی و گەرموگوڕیەوە بەرەوپیری جەماوەر بچێت،وەك دەڵێن گەر جەماوەر هەنگاوێك لە یەکێتی بێتە پێشەوە ئەوا دەبێت یەکێتی دووهەنگاو و زیاتر بەرەو پیری جەماوەر بچێت.

ئاشکراشە لەدیدی حیزبە سۆسیالیست و چەپەکانەوە جەماوەر یان کۆمەڵگا بەشێوەیەکی گشتی لە چینی کرێکار و سەرمایەدار پێکدێت و ئیدی توێژەکانی پزیشکان و ئەندازیاران و ژنان و خوێندکاران و

جوتیاران و کاسبکاران و لاوان و پارێزەران و مامۆستایان و فەرمانبەران و مامۆستایانی زانکۆ و پیاوانی ئاینی و ...هتد.بەسەر ئەم دوو چینەدا دابەش بوون. و هەریەك لەو چین و توێژانەش داواکاری و پێداویستی خۆیان هەیە کە هەریەکەیان جیاوازترە لەوی تر بەسروشتی کار و پسپۆڕی وتەمەن و...هتد.بۆیە ئەرکێکی ئاسان نیە بۆ هەر حیزبێکی سیاسی کە بتوانێت داواکاری زۆرینەی ئەم هەموو چین و توێژانە دابینبکات بەتەنها بۆ هەریەکەیان، بەلاّم هەموانیان لە چەند داواکاری و خواست و پێداویستیەکانیاندا هاوبەشن بۆ نموونە:

١. هەموانیان داوای ژیان و گوزەرانێکی خۆش و پڕ شکۆ دەکەن بۆ خۆیان و خێزانەکانیان.

٢. داوای کار و پیشە و مووچەیەکی بەردەوام دەکەن.

٣. داواکاری پێشکەشکردنی خزمەتگوزرایە ڕۆژانەییەکانیان دەکەن لە ئاو و کارەبا و سووتەمەنی و جێگەی نیشتەجێبوون وڕێگاوبان و گەیاندن و موچەی مانگانە و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ هەموان یان بیمەی بێکاری.

٤. داواکاری پاراستنی سەروەت و سامان و گیانیان دەکەن لەسایەی سیستەمێکی ئەمن و ئاسایشی توندوتۆڵدا.

جا هەر حیزبێك توانی کە لانی کەمی ئەم داواکاریانەیان بۆ جێبەجێ بکات ئەوا بەدڵنیایی دەتوانێت ڕاو بۆچوون و لایەنگری ئەو چین و توێژانە بۆخۆی ڕابکێشێت و ئەوانیش ببنە پاڵپشت و پشتیوان و لە پرۆسەی دەنگدانەکاندا دەنگی پێبدەن و ببکەنە نوێنەری خۆیان و بەرزیکەنەوە بۆ سەر تەختی دەسەلاّت.

کەواتە یەکێتیش پابەند بە پرنسیپەکانی حیزبێکی سۆسیالیست-دیموکراتەوە گەرەکە هەوڵی جدی بدات بۆ وەدیهێنانی ئەو داواکاری و ئامانجانەی چین و توێژەکان،گەرنا ئەوا وەك بینیمان و تائێستاش ئەو حاڵەتی تورەبوون و لێدورکەوتنەوە و زویربونەی جەماوەر بەجیاوازی چین و توێژکانەوە لە یەکێتی بەردەوامە و بەردەوامیش دەبێت. یەکێتی ئەرکێتی هەرچیکردوە بگەڕێتەوە بۆ بنەما سەرەتاییەکانی شۆڕش و ڕووبکاتەوە چین و توێژە کەمدەرامەت و هەژارەکان و وەك مامی گەورە دەیووت ڕووبکەنەوە خانوە قوڕەکان و ماڵە هەژارەکان و گوندنشینەکان ،چونکە کۆمەڵگای کوردەواریمان هێشتا زۆرینەی لەو توێژانە پێکدێن و بۆ هەمیشەش هەر ئەوان پشتیوانی ڕاستەقینەی یەکێتی بوون و بەهەمان شێوەش سووتەمەنی و قوربانی خەباتەکەی یەکێتی بوون و هەر ئەو جەماوەرە بەوەفا و دڵسۆزەی یەکێتیە کە یەکێتی هێشتۆتەوە نەك بەتەنها سەرکردایەتیەکەی. بۆیە گرنگە بۆ یەکێتی کە ببێتەوە بە حیزبی جەماوەر و چین و توێژەکان نەك حیزبی نوخبە و ئۆفیس و نوسینگەکان،گەرەکە هێندەی خۆی سەرقاڵکردوە بە ڕاییکردنی کاری مەکتەبیەوە ،نیوهێندە خۆی خەریکبکاتەوە بە وەدیهێنانی داواکاریەکانی چین و توێژەکانەوە و بگەڕێتەوە ناو جەماوەرەکەی و ئاشتیان بکاتەوە.

ڕەنگە بوترێت داواکاری جەماوەر کۆتایی نایەت و یەکێتیش لەم قۆناغەدا ناتوانێت ئەو هەموو داواکاریانەی جەماوەر وەدیبێنێت ،چونکە لەلایەك داهات و دارایی دیاریکراوە و لەلایەکی تریشەوە بەتەنها نیە لەدەسەلاتدا و دەسەلاتی ڕەهاشی لەلا نیە..بەلام هەموو ئەم بیانوانە وەك دەڵێن شەفاعەت بۆ یەکێتی ناکەن،چونکە بەداخەوە متمانەی جەماوەر بە یەکێتیەکەی خۆیان لاواز و خاوبۆتەوە و تۆکمەیی و ڕاستگۆیی جارانیان لەنێواندا نەماوە،چونکە جەماوەر زۆر وشیار و چاوکراوەیە و لە ئێستادا هەموو ڕاست و هەڵەکان لەیەکتر جیادەکاتەوە و دەزانێت چ هەنگاوێك بە بەرژەوەندی جەماوەرە و چیش دژیەتی. بۆیە وەك دەبینین کاتێك یەکێتی هەڵوێستێکی خەمخۆرانە بۆ خوێندکاران و فەرمانبەران و مامۆستایان و ...هتد. دەنێت یەکسەر کێرڤی لایەنگریی بۆ یەکێتی لەناوخۆی خۆی و لەدەرەوەشیدا بەرزدەبێتەوە و هەرکاتێکیش بۆنی نەرمی نواندن و تەسلیمبونی ئیرادەی بەلایەنێك یان دەوڵەتێکی ناوچەکە دەکەن جەماوەر لە پەرۆشیانەوە دەکەونە ڕاز و گلەیی و ڕەخنە بارانی یەکێتی دەکەن.

لەکۆتاییدا ڕاستە ڕێگاکەی خەباتی جەماوەری یەکێتی دەکرێت لەڕێگەی:

١. بەکردارەکی و ڕاستەقینە لەهەر چین و توێژێك نوێنەری ڕاستەقینە نەك دەستکرد هەڵبژێرێت و بە بەردەوامیش هەڵبژاردن وگۆڕانکاریان تیادا بکات وڕاوێژ و پرسیان پێبکات وکاری جدیشیان بۆ بکات.

٢. بەپێی توانا داواکاریە زۆر هەنوکەیی و گرنگەکانیان بۆ جێبەجێبکات.

٣. یەکێتی سووربێت لە خەباتی ڕاستگۆیانەی خۆی لەناو هەرێم و عێراق و ناوچەکە و دونیا لەسەر بنەما فکری و گوتارە سیاسیە نیشتیمانی و نەتەوایەتیەکانی خۆی بۆ گەڕانەوەی متمانەی زیاتری جەماوەر بەکار و گوتار و بەرنامەکانی.

٤. پێگەیاندنی کادری وشیار و خوێندەواری جەماوەری گەرۆك لەناوچەکانی خۆیاندا نەك مەکتەبی ئەوتۆ کە جێگە متمانەی توێژ و چینەکانی خۆیان بن نەك بەسەریاندا بسەپێنرێن.

٥. ڕووکردنەوەی یەکێتیە بەلای زۆرینەی چین و توێژەکان و جەماوەردا نەك دەستگرتن بە کەمینەیەکی خۆپەرست و بەرژەوەندپەرستی تەنها بۆ خۆی.

٦. وەك بنەمایەکی کاری حیزبە سۆسیالیست-دیموکراتەکانی دونیا پێویستە یەکێتی گرنگی زۆر گەورە بدات بە خوێندکاران و لاوان و ژنان بەپلەی یەکەم چونکە زۆرینەی کۆمەڵگاکەمانن لە ڕووی هێز و توانای کارکردن و ژمارەشەوە و هەر ئەوانن کە ئایندەی یەکێتیش مسۆگەر دەکەن.

بەهیوای لەم دیدارەی یەکێتیدا کاری گەرموگوڕی زیاتر بکرێت بۆ چاکسازی و نوێبونەوە و گەشەکردنی یەکێتیەکەی هەموان کە خەون دەبینین بەگەڕانەوەی سەردەمە زێڕینەکەی جەنابی مامی بەهەشتیەوە.

==================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا لە ڕێکەوتی ٢٧/٤/٢٠٢٢دا بلاوکراوەتەوە.

پێشنیاز و بیروڕا بۆ دیداری یەکێتی ...

# پەروەردەی حیزبی ناوخۆی یەکێتی چۆن ڕێکبخرێتەوە؟ *

ئاشکرایە پێناسەی ڕێکخستن بریتیە لە کۆبونەوەی کۆمەڵە کەسێك لەسەر یەك بەرنامە کە تیایدا ئامانج و ستراتیژیان دیاریکردوە و بۆ بەدیهێنانی خەبات دەکەن.ڕێکخستن گەلێك جۆری هەیە وەك ڕێکخستنی سیاسی و ئابوری و کۆمەلأیەتی و ئەدەبی و ..هتد.

ڕێکخستنی سیاسیش گرنگی گەورە و هەستیاری هەیە چونکە ،ڕێکخستنی سیاسی بنچینە و داینەمۆی ڕێکخراوی سیاسیە. و هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی بەبێ بونی ڕێکخستن گەشە ناکات و فراوان نابێت و هیچ جولأنەوەیەکی سیاسی بەبێ بوونی ڕێکخستن لەدایك نابێت.ڕێکخستن پەیوەندی نێوان جەماوەر و جولأنەوەی سیاسی دروستدەکات و ئەرك و شێوەکانی خەبات لە قۆناغە جیاجیاکاندا دیاری دەکات.

ئاشکراشە هەموو ڕێکخستنێکی سیاسی زۆرجاران بە قۆناغی نهێنی و ژێرزەمینیدا تێپەڕیکردوە لەسایەی دەسەلأتێکی تاکڕەو و تۆقێنەری هاوشێوەی ڕژێمی بەعسی صدامیدا یان لەکاتی دەستپێك و دامەزراندن و خۆسازداندا بۆ ڕاگەیاندنی حیزبێکی سیاسی نوێ،چونکە ناکرێت بەبێ بوونی تۆڕێکی گەورە و فراوان و هوشیار و بوێری ڕێکخستن لەخۆوە دەستبدەیتە کاری سیاسی و دامەزراندنی حیزبی سیاسی، بۆیە هەریەکە لە قۆناغی نهێنی و دواتریش ئاشکرادا تایبەتمەندی و ئەرکی تایبەتیان هەیە و بۆ ئەنجامدانیشیان دەبێت دارو پەردوو و تەدارەکی گونجاو (میکانیزمی) گونجاویان بۆ دابینبکرێت.

شێوەکاری ڕێکخستنەکان:

١. ڕێکخستنە نهێنیەکان

لەکاتی بەکارهێنانی زەبر و زەنگ و چەوساندنەوە و پێشێلکردنی مافە دیموکراسیەکان لەلایەن دەسەلأتی ناوەندەوە، جولأنەوەی سیاسی کە لە قەوارەی حیزب یان ڕێکخراو خۆی دەنوێنێ شێوەی خەباتی ژێر زەمینی هەڵدەبژێرێت. بایەخێکی زۆر بە ڕێکخستنەکان دەدات و پێکهاتنی ڕێکخستن تەسکە و شێوەی (نوخبەویەت// دەستەبژێر) وەردەگرێت.ئەمەش بۆ پاریزگاری کردنە لە ئەندامان و زامنکردنی سەلامەتییانە.ئەندامان لەسەر ئەوە ڕادەهێنرێن کە بە وریاییەوە کاربکەن

و لە خەڵکی هەلپەرست و بێتوانا خۆ بەدووربگرن و گرنگی بدەن بە پاککردنەوەی ڕیزەکانی ڕێکخستن،بۆ ئەوەی دوژمن درکیان پێنەکات و زەبری کوشندەیان لێنەوەشێنێ.ئەم جۆرە ڕێکخستنە ڕاهێنانی ئەندامانی ڕێکخستنە لەسەر خۆڕاگری و ئاشناکردنی جەماوەرە بەکاری حیزبایەتی لە پێناو خەباتێکی درێژخایەن و نەپچڕاودا.

ئەرکەکانی ڕێکخستن:

ئەرکی ڕێکخستن لە قۆناغی نهێنیدا سەخت و دژوار و پڕ لە ترس ومەترسیە ،ئەرکەکان بریتین لە:

١. هەوڵدانە بۆبلاوکردنەوەی بەرنامە وسیاسەتی یەکێتی لەناو جەماوەردا بەشێوەیەکی نهێنی.

٢. بلاوکردنەوەی بەیان و پۆستەر و نامیلکەی یەکێتیە بەناو جەماوەردا.

٣. دەستنیشانکردنی مۆڵگە و بارەگا و کەسانی سەر بەڕژێمە.

٤. کۆکردنەوەی زانیاری هەمە جۆرە لەسەر دامودەزگا و پیاوەکان ڕژێم.

٥. ئاسانکردن و کۆمەك کۆکردنەوەیە بۆ دابینکردنی پێداویستی بۆ پێشمەرگە لەکاتی پێویستدا.

٦. زیادکردنی دۆست و لایەنگرە بۆ یەکێتی.

٧. گرنگی دانە بە بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری و ڕوناکبیری خۆیان.

٢. ڕێکخستنەکان لە قۆناغی دوای ڕاپەڕیندا (قۆناغی شار)

ئاشکرایە دوای هەڵتەکاندنی بنەماکانی زەبروزەنگی ڕژێمی بەعس لە کوردستاندا و نەمانی ترس و داپڵۆسین.شێوەی ڕێکخستنەکان ئاشکرابوو.

پێکهاتەی ڕێکخستنەکان گۆڕدرا و بەشێوەیەکی پان و فراوان کارەکانی ئەنجام دەدا و شێوەی (تەعبەوی // ئامادەسازی) وەردەگرێ،ئەمەش لەبەرئەوەی زەمینەیەکی فراوانتر و جەماوەرێکی فراوانتریشی لەبەردەمدایە. و گیانی هەڤالاَن سەلامەتترە و ترسی ڕاوەدونان و گرتن و داپڵۆسینیان نیە.

ئەرکەکانی ڕێکخستن لەم قۆناغەدا.

ئەرکی ڕێکخستنەکان دوای ڕاپەڕین و دروستبونی پەڕلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان گەورەتر و گرنگتر بوو کە ئەمانەن:

١. یەکێتی ئەمڕۆ هێزێکی سیاسی کاریگەرە و هەوڵی ئەوە دەدات ڕابەرایەتی خەڵکی کوردستان بکات و مافە دیموکراتی و سیاسی و نەتەوەیی و چینایەتیەکانیان بۆ دەستەبەر بکات.بۆیە ئەرکی ڕێکخستنەکانە زۆر وشیارانە بە تێگەیشتنێکی زانستیانە ئەم واقیعە هەڵبسەنگێنن و لێیتێبگەن. تابتوانن تەواوی ئامانجەکانی میلەتەکەمان بەدیبێنن.

٢. ڕێکخستنەکانی یەکێتی لە ئێستادا جەماوەرییە و خەباتی دیموکراتی و ئاشکرایە.بۆیە ئەرکی ڕێکخستنەکانە کە جەماوەر لە دەوری بەرنامە و دروشمەکانی یەکێتی کۆبکەنەوە.چونکە سەرکەوتنی هەر هێزێك بەندە بە هەڵبژاردنەوە و بەدەست هێنانی کورسیەکانی پەرلەمانەوە.

٣. ئاشکرایە کە ڕێکخستنی جەماوەری و فراوان کە بریتیە لە چەندایەتی،دەبێت و ئەرکی ڕێکخستنەکانە کە لە ڕووی چۆنایەتیشەوە گرنگی بەخۆیان بدەن.چونکە یەکێتی لەسەر مۆرکی شۆڕشگێڕانەی خۆی کە هێزی ڕەنجدەرانی بیر و بازوە لادەچێت و دەچێتە خانەیەکی ترەوە.

٤. پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین و بەهێزکردنی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم.

٥. ڕابەرایەتیکردنی گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵە لە بەدەستهێنانی گشت مافە دیموکراتیەکانە و دانەبڕانێتی لە جەماوەر و خۆگونجاندنێتی لەگەڵ ئەو هەل و مەرج و گۆڕانکاریانەی لە واقیعدا دێنە پێش.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە ئایا ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەئێستادا لە ئاست خواست و داواکاری قۆناغەکەدان ؟

بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت بزانین تاچەند ڕێکخستنەکان ئەرکەکانیان بەجێگەیاندوە و کێشە و گرفت و بەربەست لەو ڕێگەیەدا چییە؟

ڕێکخستنەکان بە ڕادەیەکی باش نەیانتوانیوە ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن و بگەنە ئەو ئاستەی کە ویستی گشت هەڤاڵێکی دڵسۆز و ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕو پێشکەوتووخوازی وەك یەکێتی و لە ئاستی گەورەیی و گرنگی و قۆناغەکەشدا نین بەهۆی:

گرفتەکانی ڕێکخستن:

١. وێڵکردنی سەرەتاکانی ڕێکخستن لە کۆبونەوە و دیسپلینی ڕێکخراوەیی و گیانی هەڤالانە و گیانی شۆڕشگێڕی.

٢. گرنگی نەدان بە ئاستی هوشیاری و بەرزکردنەوەی و گوێنەدان بە چۆنایەتی ناو ڕیزەکانی ڕێکخستن.

٣. نەبوونی ئەدەبیاتی حیزبی بۆ پەروەردەکردنی هەڤالان.

٤. کارنەکردن بە بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی.

٥. سەرهەڵدانی دیاردەی خۆخۆری و پێشبڕکێی ناشەریفانە لەناو ڕێکخستنەکاندا.

٦. دروستبوونی دیاردەی گروپ گروپێنە و ململانێی ڕوخێنەر و ملشکاندنی یەکدی لەناو ڕێکخستنەکاندا.

٧. گرنگی نەدان بە ڕێکخستن و گوێنەگرتن لە ڕەخنە و پێشنیاز و پرسیار و داواکاریەکانیان لەلایەن سەرکردایەتیەوە.

٨. دروستبوونی جۆرە بۆشاییەك لە نێوان سەرکردایەتی و بنکەی ڕێکخستنەکاندا.

٩. نەگرتنی پلینۆم و کۆنگرەکان لەکاتی خۆیدا و نەکردنی گۆڕانکاری لە سەرکردایەتیدا.

١٠. دوورکەوتنەوە و زویر بوونی هەندێك کەسانی دڵسۆز و پاك و خۆشەویست لە سەرکردایەتیدا لەکاری حیزبی.

١١. دوورکەوتنەوەی کادری چالاك و بە توانا لەکاری حیزبی و چوونە ناو ئیدارات و دامودەزگاکانی حکومەتەوە.

١٢. هەموو ئەم هۆکارانە وایانکردوە کە ڕێکخستنەکان لە هەوڵ و خەباتی خۆیان سست و لاواز و کەمتەرخەمی بکەن و لەو ئاستەدا نەبن کە ویست و خواستی جەماوەری یەکێتیە و خەڵکانی دڵسۆزن.

بۆیە بۆ چاککردنی باری ڕێکخستن و پەروەردەکردن وگەشەکردنی و جولاندنی جۆش و خرۆشی شۆڕشگێڕانە تیایاندا پێشنیاز دەکەم کە ئەو هۆکارانەی لە پێشەوە باسمانکردن هەوڵی چارەسەرکردنیان بدرێت بۆ خزمەتی ڕێکخستن و یەکێتی و گەلەکەشمان.

بەهیوای ئەوەی لەم دیدارەی یەکێتیدا بۆ نوێبونەوە و چاکسازیکردن و بەسەرداچونەوەی کاروکرداری ڕابووردوو وهەوڵی دانانی بەرنامە و پلانیش بۆ ئاینده گرنگیەکی تایبەت بە ڕێکخستنەکان و دابینکردنی داخوازی و داواکاریەکانیان و گرنگیدانی زیاتر بە پەروەردە و بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریان لە پێناو تۆکمەکردن و توندوتۆڵکردنەوەی ڕیزەکانی یەکێتی و خۆڕاپسکاندن لەم سستبون و خاوبونەوەیە و گیانی ڕەخنەگرتنی ڕوخێنەر و دیاردەی ناڕەوای تەکەتول و دوورکەوتنەوە لەگەندەڵی،چونکە ئەوەی کە لەناو هەر حیزبێکدا ئەرکی گەورەی دەکەوێتە ئەستۆ و سەنگەری یەکەمی هێرش و پەلامار و بەرگریشە لەگەڵ جەماوەر و لایەنەکانی تریشدا هەر بنکەی ڕێکخستنەکانە نەك سەرکردایەتی بۆیە لە شکست و سەرکەوتنەکاندا وەك پێشمەرگەیەکی گیانفیدا لەخزمەت حیزبدا دەبن،بەلاّم بەداخەوە لە شکست و سەرکەوتنەکانیشدا

دواهەمین کەس کە سوودو قازانج و بەری سەرکەوتن دەچنێتەوە ڕێکخستنەکانە و یەکەم کەسیشە کە دەکەوێتە بەر سزا و لێپرسینەوە لەدوای هەموو شکستەکان.

بۆیە گرنگە شێوازی کارکردنی ڕێکخستنەکانی ئەم قۆناغ و سەردەمی هەڵبژاردن و جەماوەریە بگۆڕدرێت و بەسەرداچونەوەی ووردی بۆ بکرێت کە بگونجێت لەگەڵ سروشتی کار و قۆناغە نوێکاندا و دووربکەوێتەوە لە فۆرم پڕکردنەوە و کۆبونەوەی سواوی بێکەڵك و ئابونە کۆکردنەوە و کردنەوەی بارەگای زۆر و زەوەند کە تەنها لە ئێستادا بۆتە جێگەی جگەرەکێشان و چاخواردنەوە نەك پەروەردەیەکی ڕاست و دروستی ڕێکخستنەکان،لەگەڵێشدا باشکردنی ژیان و گوزەرانی کادرانی ڕێکخستن و دروستکردنی کادری مەیدانی چەکدار بەبیروباوەڕ و مێژوو و خەباتی ڕەوا و ڕاستگۆیانەی یەکێتی نەك مێژوو و گەندەڵی چەند لێپرسراوێکی گەندەڵ کە بونەتە هۆی ناشیرینکردنی مێژووە گەشاوەکەی یەکێتی لەم سی ساڵەی ڕابووردوودا.

هیوای سەرکەوتن و وەدیهێنانی تەواوی ئامانجەکانی ئەم دیدارە دەخوازم لە پێناو گەشانەوە و دەرخستنەوەی ڕوە گەشەکەی یەکێتیەکەی هەموان و بەهێزبونەوە و گەڕانەوەی شکۆ و سەردەمە زێڕینەکانی ڕابووردووی.

==========================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا لەڕێکەوتی ١٤/٥/٢٠٢٢دا بلاْوکراوەتەوە.

## بوێری له بڕیاردان له بەستنی پێنجەمین کۆنگرەدا *

کورت و پوخت بەستن و گرێدانی کۆنگرەی گشتی بۆ هەر حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی و ڕێکخراوی پیشەیی و سەندیکایی و ...هتد.گرنگی ئێجگار گەورەی هەیە لە ڕوانگەی نوێبوونەوە و بەسەرخۆداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی ئیشوکارەکان و هێنانە پێشەوەی توانا و وزە نوێکان و هەستانەوە و گوڕدانەوە بەخۆ و خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکاریە نوێکانی سەردەم و قۆناغەکەدا وەدەرخستنی حیزبە بە سیما و ناوەڕۆکێکی نوێوە کە جێگەی قوبوڵکردن و پەسەندکردنی زۆرینەی کادر و لایەنگر و ئەندامانی حیزب و ڕێکخراوەکەیە لەناوخۆی خۆیدا و بۆ دەرەوەی لە جەماوەر و شەقامی پانوپۆڕی هاوڵاتیان.

لەئێستاشدا بەستنی کۆنگرەی حیزبە سیاسیەکان لە ناو عێراق و بەتایبەتیش لەکوردستان بۆتە کارێکی گرنگ و هەستیار و سەخت و مەترسیدار و بۆیە گرێدان و بەستنی گرنگیەکی زیاتری هەیە لەسەر ئاستی تەواوی هەرێمی کوردستان و عێراق و وڵاتانی ناوچەکە و دونیاشدا چونکە هەمووان ئەم هەرێمی کوردستانەیان بەلاوە گرنگە و هەر گۆڕانکاریەکی نەخوازراویان پێ قبوڵ نیە و گەرەکیانە کارەکان لە ژێر کۆنترۆڵ و بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا بمێنێتەوە، بۆیە بەستنی ئەم کۆنگرانە گەلێك گرنگ و هەستیارن بەتایبەتیش لەم قۆناغە پڕ مەترسی و ئاڵوگۆڕییە خێرایانەی هەرێم و ناوچەکە و عێراقی پیادا تێپەڕدەبێت.

لەلایەکی تریشەوە بەستنی کۆنگرە چەندە لایەنی پۆزەتیف و ئەرێنی هەیە بۆ ژیانی حیزبایەتی وەکو باسمان کرد لەهەمان کاتیشدا مەترسی و هەستیاری خۆشی هەیە کە زۆرجاران بۆتە مایەی دابەشبوونی حیزب و لێکترازانی ڕیزەکانی و بچووکبونەوە و لاوازبوونیشی کە نموونەی زیندووی ئەو جۆرە حیزبانە هەیە چ لە عێراق و چ لەکوردستانیشدا.بۆیە بڕیاردان لە بەستنی هەر کۆنگرەیەکی حیزبی لەلایەك بوێری و ئازایەتیە و لەلایەکیش دەگاتە ڕادە و ئاستی سەرکێشی بە توانا و بوون و هێز و یەك و یەککگرتوویی حیزبەکەوە.

لە ئێستادا و دوای بڕیاردانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ٨/٢٠داو لە شاری کەرکوکی قودسی کوردستانەوە بە بەستنی کۆنگرەی گشتی پێنجەمی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەکات و ساتی خۆیدا و لە ٢٠٢٣/٩/٢٧دا،بەهەق گەر بەووردی و لەفرە ڕەهەندیەوە لێیبڕوانرێت ئەم ڕاستیانەی خوارەوەی لێچنگدەکەوێت:

ئەم کۆنگرەیە کۆنگرەیەکی ئاساییە و نەپێشکەوتوە و نەدواشخراوە وەکو سێ کۆنگەرەکەی پێش خۆی کە هەریەکەیان زیاد لە ١٠ساڵ نێوانیان هەبوە و زۆر دواکەوتوون لەکاتی دیاریکراوی خۆیاندا کە ماوەی ٣ -٤ ساڵ بووە.

ئەم بڕیاری بەستنی کۆنگرە ئاساییە لەم کات و ساتەدا،کە لەلایەك یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی لەو دۆخە ناوخۆییەی کەپیاتێپەردەبێت و لەلایەك تەواوی هەرێمی کوردستانیش کە بەدۆخێکی شڵەژاو و ناجێگیری سیاسی و ئابوری و ئەمنیدا گوزەردەکات و لەلایەی سێهەمیشەوە کەوەك باسدەکرێت عێراقێکی لەرزۆك و لاواز و پڕ ململانێ ناوخۆیی و ناوچەیی و دونیایشدا لەگێژاودایە،بڕیارێکی نائاساییە و دەکرێت بخرێتە چوارچێوەی بوێری و ئازایەتی و دەستپێشخەری سیاسیەوە لەلایەن سەرۆکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و مەکتەبی سیاسیەوە.بوێری وئازایەتیە لەم سات و کاتە هەستیار و ئاڵۆزەدا کۆنگرەی گشتی بگیرێت چونکە کۆنگرە پێویستی بەکەشوهەوای ئارامی ناوخۆی حیزب و دواتریش کەشوهەوا و فەزای ئارامی گشتی ولاتیش هەیە، زۆر گرنگە کە کۆنگرە لەو کەشوهەوایانەدا ببەسرێت بەلاَم وەك دەوترێت یەکێتی هەموو کات مەحاڵی کردۆتە حاڵ و بڕیارە سەختەکانی لەکات وساتی زۆر هەستیاردا داوە و سەریشکەوتوە. دەستپێشخەریشە چونکە کەم حیزب هەیە لەکوردستان و عێراقدا بەتایبەتی حیزبە سیاسیە گەورە گرنگ و خاوەن دەسەلاَت و نفوزەکان و حیزبە زیندووەکان کە ململانێی سیاسی ناوخۆیی تیادایە و خاوەن سەرکردە و کادر و جەماوەرێکی هوشیارە کە لە کات و ساتێکی شڵەژاوی ئاوهادا بڕیاری بەستنی کۆنگرە بدات و بیکاتە نەریتێکی نوێ و بوێرانەی سیاسی و هەموو تەوق و کۆسپ و تەگەرە و مەترسیەکان بخاتە لاوە و سووربێت لەسەر بەستنی ئاوها کۆنگرەیەك و ئەم بڕیارەی یەکێتی دەبێتە سەرمەشق بۆ تەواوی حیزب و سەرکردە سیاسیەکانی تریش و هەمووان دەهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی کە چیدی ترس و دڵەڕاوکێ و مەترسی ئاڵنگاریەکان پاشگەزیان نەکاتەوە لە بەستنی کۆنگرەکانیان.کە هەر ئێستا لەکوردستاندا چەندین حیزبی سیاسی و ڕێکخراوی پیشەیی و جەماوەری و دیموکراتی هەن لەلایەك لەترسی لاوازبوون و بچووکبونەوە و دووکەرت بوون و لەلایەکی تریش لەترسی لەدەستدانی پۆست و پلە و ئیمتیازاتەکانیان جورئەت و بوێری ئەوەناکەن کە کۆنگرەکانی خۆیان ببەستن.نازانن یان خۆلەگێلی دەدەن کە چەندە بەستنی کۆنگرەکانیان دوابکەوێت ئەوەندە زیانی مادی و مەعنەوی لە حیزب و ڕێکخراوەکانیان دەدەن بە لەدەستدانی متمانەی ئەندام و لایەنگران و شەقام و ڕای گشتی میلەتەکەشیان.

ئەم بڕیاری بەستنی گۆنگرەیە ،بەهێندەی گرنگی جاڕدان و سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی نوێ گرنگە بۆ یەك و یەکگرتوویی ناو یەکێتی و ئاشتکردنەوەی جەماوەرەکەی و بەهێزکردنەوەی متمانەی بنکەی ڕێکخستنەکان و جەماوەر و هێزی پێشمەرگەش بە حیزب و سەرکردایەتیە نوێکەی.کە کاری ئاوها گەورە و مەترسیدار و هەستیار هەر لە یەکێتی و سەرکردایەتیەکەی دەوەشێتەوە، هەرچۆن نەیارانی یەکێتی گەرەکیان بوو کە یەکێتی لەلانکەدا بخنکێنن و ڕێگەنەدەن گەورە و گەشەکردوو بالآتر بێت ئاوهاش و لە ئێستاشەوە نەیارانی یەکێتی دەکەونە خۆ لەماوەی ئەم مانگەدا کە یەکێتی و ڕیزەکانی و کادر و لایەنگرانی دڵسارد و دڕدۆنگ بکەن لەم هەنگاوە و بڕیارەی سەرکردایەتی.

گرنگە لەسەر سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و لیژنەی بالآی ئامادەکاری بۆکۆنگرە پشوودرێژانە و سنگفراوانە هەموو ڕەخنە و پێشنیازەکان ببیستن و کاریشیان لەسەربکەن و ئامادەسازییەکی شەفاف و بێگەرد و خاوێن چێ بکەن و ڕێگەنەدەن بچووکترین ڕەخنە و کەمترین ئەندام و کادر و سەرکردە زویربن ئەوەش تەنها بە ڕاسگۆیی و ئەمانەت دەبێت لەکارەکاندا دوور لە گیانی تۆڵەکردنەوە و وەلانان و پاکتاوکردن و بەپێی میکانیزمێکی حیزبی و پەیڕەوی دەبێت نەك لەسەر سۆز و تەکەتولی ناڕەوا و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت کەهەموو ئەو دیاردە قێزەونانە زیانی گەورەیان لە بەرنامە و پەیڕەو و جەستە و مێژوو و قوربانیدانەکانی یەکێتی گەیاندووە لە ڕابووردوو و لە ئێستاشدا.

ئەم کۆنگرەیە وەك دەوترێت هێندە لەناکاو بوە وبڕیارەکەی هێندە نهێنی بوە و ڕاگەیاندنەکەشی لەشاری کەرکوك و لە پێش دوو هەڵبژاردنی گەورە و گرنگی( ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق و پەڕلەمانی کوردستانەوەیە ) دۆست و نەیارانی یەکێتی تووشی شۆك و سەرگێژکردن کردوە چونکە ناتوانن هیچ پیلانێکی نەیارانە و دوژمنکارانە دژی بەستنی کۆنگرەکە دابڕێژن و سەریشی بخەن.بۆیە ڕەگەزی موباغەتە وغافڵگیری لای هەموان و بۆ هەموان دروستکردوە و هیچیان بۆ نەماوەتەوە تەنها ڕازیبوون بە بەستنی کۆنگرەو و قوبوڵکردنی ئەنجامەکانیشێتی.بە سەرۆك و سەرکردایەتی و وزەیەکی نوێی سەردەمیانەوە کە بەناچاری دەبێت بۆ لانی کەم بۆ چوار ساڵی ئایندە مامەڵەی جدی لەگەڵدا بکەن نەك وەکو دووساڵی ڕابووردوو بە دوودڵی و ترسەوە مامەڵەیان دەکرد لەکاتێکدا چاوەڕوانی دووکەرتبوون و دابەشبوون و نەمان و بچووکبونەوەی یەکێتیان دەکرد.بەلآم خۆڕاگری سەرۆك و سەرکردایەتی و ڕێکخستن و جەماوەرەکەی یەکێتی خەونی زڕی هەموانی لەگۆڕنا و کارگەیشتە ئەوەی کە یەکێتی بەیەکێتی و یەکویەکگرتووی

بمێنێتەوە و بەهێزیش بێت لەسەر ئاستی هەرێم و عێراق گوێی بۆبگیرێت سەرەڕای گەمارۆی ئابوری و پێنەدانی داهاتی ناوخۆیی و هەوڵدان بۆ لە قاڵبدانی یەکێتی بەتۆمەتی ناڕەوا لە ناوخۆی هەرێم و لەلایەن عێراق و وڵاتانی دەوروبەریشەوە بەچەندین ڕێگاو شێوازی نامرۆڤانە.

لەکۆتایدا دڵنیام لە ئێستادا کەشوهەوایەکی چەند بارگاوی هەیە لەناوخۆ و لەچواردەوری یەکێتی، بەڵام هەستیش بەو هەست و پەرۆشی و خەمخۆریەش دەکەم لەناو ڕیزەکانی یەکێتی و دەرەوەشیدا بۆ مانەوەی یەکێتی وەك حیزبێکی سیاسی گەورە و کاریگەر و بەهێز سەرەڕای هەموو ڕەخنەکان لێی لەپای هەوڵ و دڵسۆزی و پەرۆشیەکانی بۆ پاراستنی یەکڕیزی گەلەکەمان و پاراستنی سەروەری و مانەوەی قەوارەی هەرێم بەیەك و یەکگرتوویی کە زۆرجاران نەرمی زۆریشی نواندوە لەو پێناوەدا.بۆیە تەنها یەك ڕێگا هەیە لەبەردەم ئەم کۆنگرەیە ئەویش سەرکەوتن و سەرکەوتن و سەرکەوتنە و هیچی تر.

=========================================================

* ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا لە ڕێکەوتی٢٧/٩/٢٠٢٣دا بڵاوکراوەتەوە.

# نووسەر لەچەند دێڕێکدا



( نەوزادی موهەندیس )

●لەدایك بووی ساڵی ١٩٧٠ لەگوندی کەڵەکنی سەر بەناحیەی سەرچناری ئەو کاتەی سلێمانی .

●قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی لەگوندی کەڵەکن ساڵی ١٩٨١و ناوەندی ساڵی١٩٨٤و دواناوەندی ساڵی ١٩٨٧ لەشاری سلێمانی وزانکۆی تەکنەلۆژی لە ساڵی ١٩٩١لەشاری بەغداد تەواوکردوە.

● دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری کیمیاوی / پسپۆڕ لە نەوت وپترۆکیمیاویاتدا لەزانکۆی تەکنەلۆژی لەبەغداد ساڵی ١٩٩٠-١٩٩١.

- لەساڵی ١٩٩١-١٩٩٢ لە ڕێکخراوەکانی WHOوCARE وFAO کاری کردوە.
- لەساڵی ١٩٩٢- ١٩٩٤ لەکارگەی چیمەنتۆی سەرچنار کاریکردوە.
- لەساڵی ١٩٩٤-١٩٩٧ جێگری بەڕێوەبەری فەرمانگەی دابەشکردنی نەوتی سلێمانی و لێپرسراوی تەکنیکی بوە.
- لەساڵی ١٩٩٧-٢٠٠٠ بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی هێزی کار بوە.
- لەساڵی ٢٠٠٠-٢٠٠٨ بەڕێوەبەری کارگەی گەچی هونەری بازیان بوە.
- لەساڵی ٢٠٠٨-٢٠١٣ بەڕێوەبەری پڕۆژەی کارگەی بەردی مەڕمەڕی ماوەت بوە.
- لەساڵی ٢٠١٣ تا ٢٠١٩ بەڕێوەبەری کارگەی جگەرەی سلێمانی بوە.

- لە ساڵی ٢٠٢٠-٢٠٢١ بەڕێوەبەری بەشی کۆنترۆڵی جۆری بووە لە کارگەی چیمەنتۆی دەلتای کەرتی تایبەت.
- لە ساڵی ٢٠٢٢- تاکو ئێستا بە ناونیشانی ئەندازیاری کیمیاوی شارەزا لە بەڕێوەبەرایەتی فرۆشتنی چیمەنتۆی سلێمانی کاردەکات.
- سەرنوسەری گۆڤاری ئەندازیارانە لەساڵی ٢٠٠٢وە.
- **لەکتێبە بلاْوکراوەکانی وەرگێڕ:-**

١. ڕیفۆرم لەم قۆناغەی ئێستای کورددا بۆ ؟ ساڵی ٢٠٠٦

٢. کوردو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆڕانکاری گەورەو کتوپڕدا. ساڵی ٢٠٠٦

٣. کوردایەتی لەنێوان دروشم و واقیعدا .ساڵی ٢٠٠٧

٤. بیردۆزەی فەوزای دروستکەر.ساڵی ٢٠٠٧

٥.ڕێبازی سۆشیال دیموکرات و کۆمەڵگەی کوردەواری. ساڵی ٢٠٠٨

٦.کرۆنۆلۆژیای خەبات و تێکۆشانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. ساڵی ٢٠٠٨

٧. مێژووی هۆزی گەڵباخی لە سەرچاوە مێژووییەکانەوە .ساڵی ٢٠١٢

٨. دومۆزی مەلەك تاووس / لێکۆڵینەوەیەك لە ڕەگ و ڕیشەی ئاینی دێرینی کوردی.// وەرگێڕان ساڵی ٢٠١٢

٩. خێڵ و نەتەوە لە تەرازووی دەسەلاتی سیاسی کوردیدا.ساڵی ٢٠١٢

١٠. یەکەمین سەرکێشی عەقڵ/ لێکۆڵینەوەیەك لە ئەفسانە، سوریا،ولاتی دووڕووبار.// وەرگێڕان ساڵی٢٠١٣

١١.نیو سەدە لە مێژووی کارگەی جگەرە و پوختەکردن و ترشاندنی توتن لە شاری سلێمانی.ساڵی ٢٠١٣

١٢. دەسەلاتی ئیسلامیەکان لەنێوان ترس و ئومێددا. ساڵی ٢٠١٧

١٣. جەنگی دژە تیرۆر بەرەو کوێ ؟ ساڵی ٢٠١٨

١٤.**الکرد ثوار حقیقیون ام بندقیة للأیجار** ؟ بەزمانی عەرەبی. ساڵی ٢٠١٩

١٥. کەڵەکن گوندێکی دێرین و گەڕەکێکی نوێ لەشاری سلێمانی. ساڵی ٢٠٢٠

١٦.مێژووی گفتوگۆکانی کورد و حکومەتەکانی عێراق لە ١٠٠ساڵی ڕابووردوودا (١٩٢٠-٢٠٢٠). ساڵی ٢٠٢٠

١٧.پیشەسازی چیمەنتۆ بەڕێگای وشك./ وەرگێڕان ساڵی ٢٠٢١

١٨.گرنگی ڕۆڵی کۆنترۆڵی جۆری لە کارگەکانی پیشەسازی چیمەنتۆدا/ ساڵی ٢٠٢١

١٩.کۆنکرێت،سیفاتەکانی،جۆرەکانی،پشکنینەکانی./ وەرگێڕان ساڵی ٢٠٢١

٢٠.ئەریَ شەمەندۆفێرەکەی دەوڵەتی کوردی ڕاوەستاوە یان لە پێشڕەویدایە؟ ساڵی ٢٠٢١

٢١.تاکگەرایی وەك فەلسەفەیەکی سیاسی بۆبونیاتنانی تاکێکی ئازادی کوردی./ ساڵی ٢٠٢٢

٢٢.بیبلیۆگرافیای گۆڤاری ئەندازیاران ٢٠٠٢-٢٠٢٢/ساڵی٢٠٢٢

٢٣. ڕێبەری یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان ١٩٩٢-٢٠٢٢/ ساڵی ٢٠٢٢

٢٤. ............................................................/٢٠٢٢

٢٥. ڕۆڵی ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتیەکان لەگەشەی کۆمەڵگەی کوردەواریدا / ساڵی ٢٠٢٣

٢٦.دەروازەیەك بۆ سۆشیال دیموکراتی/بەهاکان،ئابوری کۆمەلاَیەتی،دەوڵەتی خۆشگوزەرانی / ٢٠٢٣

- خاوەنی دەیان بابەت و وتاری ( سیاسی و ئابوری وئیداری و زانستیە) لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان و سایتەکانی ئینتەرنێتدا بە زمانی کوردی و عەرەبی لەساڵی ١٩٩٦وە.

- خاوەنی سەدان چاوپێکەوتنی کەناڵە جیاوازە کوردی و عەرەبیەکانە وەك چاودێری سیاسی لەساڵی ٢٠١٤وە.

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

❊❊❊❊❊

❊❊

❊